

# زانست و فەلسەفە ڤیداییەکان




# زانست و فەلسەفە ڤیدایییەکان

نووسینی: هاوبیر کامەران
بابەت:فەلسەفەی ئایینی
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان
هەڵەچنی: سارا عەبدوڵڵا
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٥٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن:١٦٦٧ ی ٢٠٠٩
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٩
کوردستان – سلێمانی
www.serdam.org

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

# زانست و فەلسەفە ڤێداییەکان

## (لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی و لاهوتی و زانستیە لەسەر ڤیداو زانستە ڤیداییەکان)

نووسین و ئامادەکردنی

هاوبیر کامەران

سلێمانی ٢٠٠٩

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٥١٤)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

***ئازاد بەرزنجی***

پێشکەشە بە....
حەزرەتی هەق لە هەموو شوێنێک...

نە ئەقڵ، نە بیر، نە نەفس و ئیحساس
نە ئاسمان و نە زەوی و نە مادده منم
من ئەوم، من ئەوم، ڕۆحی پیرۆزم، من ئەوم
نە لەدایکبوون، نە مردن نە کاستم نییە
نە باوک نە دایک، من هیچم نییە
من ئەوم، من ئەوم، ڕۆحی پیرۆزم، من ئەوم
من لە کۆیلەبوون ناترسم، من ئازادم، ئازادیی ڕەها
من ئەوم، من ئەوم، ڕۆحی پیرۆزم، من ئەوم

(شری شانکارا چاریا)

# ناوەرۆک


پێشەکی.. ١٣

تێبینی... ١٨

بەشی یەکەم ١٩

بابەتی یەکەم: ڤیدا ٢١

باسی یەکەم: چوار ڤیداکە ٢٥

باسی دووەم: سەرچاوەی ڤیداکان ٢٧

باسی سێهەم: ڤیدا و مەکتەبە ڤیداییەکان ٣٧

باسی چوارەم: ڤیداکان لە چیی دەدوێن؟ ٤٠

باسی پێنجەم: تەمەنی ڤیدا ٤٤

باسی شەشەم: ناهاوزەمەنی و بەربڵاوی جوگرافی ٤٩

باسی حەوتەم: دابەشبوونی ڤیداکان ٥١

بابەتی دووەم: زانستەکانی ڤیدا ٥٧

باسی یەکەم: ڤیدا پێکهاتەی پراناڤایە ٥٨

باسی دووەم: ئەقڵ یان دین ٦١

باسی سێهەم: زانستە ڤیداییەکان ٦٦

باسی چوارەم: یۆگا ٧١

باسی پێنجەم: ئایورڤدا ٧٣

باسی شەشەم: جیۆتیش ٧٩

| | |
|---|---|
| باسی حەوتەم: گاندهاراڤیدا | ٨٣ |
| باسی هەشتەم: ستاپاتیا | ٩١ |
| باسی نۆیەم: دهانورڤیدا | ٩٩ |
| بابەتی سێهەم: شەش دارشاناهیندیەکە | ١٠٣ |
| باسی یەکەم: نیایادارشان | ١٠٦ |
| باسی دووەم: ڤایشیشیکا دارشان | ١٠٩ |
| باسی سێهەم: سانکهیا دارشان | ١١٢ |
| باسی چوارەم: یۆگا دارشان | ١١٣ |
| باسی پێنجەم: میمانسا دارشان | ١١٤ |
| باسی شەشەم: ڤیدانتا دارشان | ١١٥ |
| بابەتی چوارەم- باسی یەکەم: خوداوەند یان فریشتەکانی نێو ڤیدا | ١٢٢ |
| باسی دووەم: چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە ڤیدا | ١٤٦ |
| باسی سێهەم: گرنگی زانستە ڤیداییەکان لەمڕۆدا | ١٥١ |
| باسی چوارەم: مەبەستی ئێمە لە باسکردن و لێکۆڵینەوە لە زانستەکانی ڤیدا | ١٥٧ |
| باسی پێنجەم: ڤیداو قورئان | ١٦٥ |
| باسی شەشەم: لەبارەی یەکێتیی بوونەوە | ١٦٨ |
| باسی حەوتەم: پەیوەندیی نێوان خودا و مرۆڤ | ١٧٧ |
| باسی هەشتەم: دەربارەی دینەکان | ١٨١ |
| بەشی دووەم | ١٨٥ |

بابەتی یەکەم- باسی یەکەم: گرنگیی سانکهیا دارشان ١٨٧
باسی دووەم: بوون لە دیدگای سانکهیاوە ١٩٠
باسی سێهەم: ڕەگەزەکانی سانکهیا ١٩٤
باسی چوارەم: پوروشا ١٩٩
باسی پێنجەم: پڕاکریتی ٢٠٣
باسی شەشەم: ماهات ٢٠٥
باسی حەوتەم: ئاهەنکارە ٢٠٧
باسی هەشتەم: ماناس ٢٠٨
باسی نۆیەم: پانچاتانماترا ٢٠٩
باسی دەیەم: پانچاجنانەندریانی ٢١٠
باسی یانزەیەم: پانچا کارمەندریانی ٢١١
باسی دوانزەیەم: پانچا ماهابهوتانی ٢١٣

بابەتی دووەم: تری گۆنا ٢١٦
باسی یەکەم: ساتڤیک ٢١٨
باسی دووەم: ڕاجاسیک ٢٢٠
باسی سێهەم: تاماس ٢٢١

بابەتی سێهەم ٢٢٢
باسی یەکەم: چۆن دروستبوون ڕوودەدات؟ ٢٢٢
باسی دووەم: جیهانی گەورەو جیهانی بچووک ٢٢٧
بابەتی چوارەم: پەیوەندیی سانکهیا و یۆگا ٢٣٠

باسی یەکەم: پەیوەندیی سانکهیا و کوندالینی ٢٣١
باسی دووەم:پڕاناڤایوو ٢٣٩
١. پڕانا ٢٣٩
٢. ئاپانا ٢٤٠
٣. سامانا ٢٤٠
٤. ڤیانا ٢٤٢
٥. ئودانا ٢٤٢
باسی سێهەم: پڕاناڤایووە ناسەرەکییەکان ٢٤٤
باسی چوارەم: پڕانا لە تێکستەکاندا ٢٤٥
باسی پێنجەم: کانالەکان یان نادیەکان ٢٤٦
باسی شەشەم: چالاکبوونی ئایداو پینگالا ٢٥٣
باسی حەوتەم: کانالەکان و سیستمی دەماری لەش ٢٥٤

بابەتی پێنجەم: بەرگەکانی لەش (کۆشا) ٢٥٧
باسی یەکەم: بەرگی یەکەم ٢٥٩
باسی دووەم: بەرگی دووەم ٢٦١
باسی سێهەم: بەرگی سێهەم ٢٦٣
باسی چوارەم: بەرگی چوارەم ٢٦٤
باسی پێنجەم: بەرگی پێنجەم ٢٦٥
باسی شەشەم: بەرگی شەشەم ٢٦٦
باسی حەوتەم: بەرگی حەوتەم ٢٦٧
باسی هەشتەم: بەرگەکانی لەش و ڕەگەزەکان ٢٦٨

بابەتی شەشەم: چاکراکان ٢٧٢

باسی یەکەم: چاکرا لەمرۆڤدا ٢٧٧

باسی دووەم: مۆلادهارا ٢٧٩

باسی سێهەم: سوادهیستانا ٢٨٣

باسی چوارەم: کاتی جووڵاندنی سوادهیستانا ٢٨٦

باسی پێنجەم: مانی پورا ٢٨٩

باسی شەشەم: کەوتنەکاری مانی پورا ٢٩٣

باسی حەوتەم: ئاناهاتا ٢٩٤

باسی هەشتەم: نیشانەکانی گەشانەوەی ئاناهاتا ٢٩٩

باسی نۆیەم: ڤیشۆدهی ٣٠١

باسی دەیەم: تێکچوونی ڤیشۆدهی ٣٠٥

باسی یانزەیەم: ئاجنا چاکرا ٣٠٧

باسی دوانزەیەم: ساهسررا ٣٠٩

بابەتی حەوتەم: چەند ڕاهێنانێک بۆ بەهێزکردن و پاککردنەوەی چاکراکان ٣١١

باسی یەکەم: چاکرای یەکەم و دووەم و سێهەم ٣١٢

باسی دووەم: چاکرای چوارەم و پێنجەم و شەشەم ٣١٥

باسی سێهەم: چاکرای حەوتەم ٣١٧

بەشی سێهەم ٣١٩

بابەتی یەکەم- باسی یەکەم: یۆگاو چەند پێناسەیەک ٣٢١

باسی دووەم: یۆگای پاتانجالی ٣٢٨

باسی سێهەم: یۆگای بهاگاڤادگیتا ٣٣٦

باسی چوارەم: کارمایۆگا ٣٤٠

باسی پێنجەم: جنانایۆگا ٣٤٣

باسی شەشەم: گفتوگۆیەک دەربارەی... ٣٤٥

باسی حەوتەم: بهاکتی یۆگا ٣٥٦

باسی هەشتەم: یۆگاو ئایین ٣٥٩

باسی نۆیەم: پێناسەی هاتایۆگا ٣٦١

باسی دەیەم: هاتایۆگا لە چی پێکهاتووە؟ ٣٦٧

بەشی چوارەم ٣٨٣

بابەتی یەکەم: کلیلی ڤیدا ٣٨٥

باسی یەکەم: یەکتاپەرستی ٣٨٦

باسی دووەم: دهارما ٣٩٢

باسی سێهەم: کارما ٣٩٥

باسی چوارەم: دۆنایدۆن ٣٩٨

باسی پێنجەم: ئاڤاتار ٤٠٣

باسی شەشەم: نزا ٤٠٨

باسی حەوتەم: دوو تێسکتی گرنگ ٤١٠

فەرهەنگی زاراو سانسکرێتییەکان ٤٢٢

سەرچاوەکان ٤٣٥

# پێشەکی

ئەی ڕێبواران، لەدایکنەبوویەکی دروستنەبوویەکی پێکنەهاتوویەک هەیە.کە ئەگەر ئەی ڕێبواران ئەم لەدایکنەبووە دروست نەبووە، پێکنەهاتووە نەبووایە، ڕێگەی ڕزگابوون نەبوو لەوەی کە لە دایکبووە و دروست بووە و پێکهاتووە.

بوودا

کاتێک لەوێنەکێشێک دەڕوانیت کە تازە دەیەوێت بێتە نێو دونیای هونەرەوە، و دەیچوێنی بە کەسێکی وەکو (فلیپۆلیپی) یان (پێرۆدینۆی) ئیتاڵی، ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە شتێک هەیە لەوێنەکانی فلیپۆلیپی و پێرۆدینۆدا لەوێنەکانی ئەو تازە وێنەکێشەدا نییە. ئایا ئەو شتە ڕەنگێکی تایبەتە؟ ئایا فۆرمی وێنەکەیە یان گۆشەیەکی تایبەت بۆ ڕوانین کە هونەرمەندی ساوا نەیبینیوە؟ لە ڕاستیدا جیاوازیی نێوان تابلۆیەکی (سەرسورهێنەر)و تابلۆیەکی (ئاسایی) تەنها بوونی ئەو ئەزموونە قووڵەیە کە لە ناوەوە هونەرمەندێکی قووڵ هەیەتی و دایدەڕێژێتە سەر تەختێک و کەسێکی تازە لەو بوارەدا نیەتی. ئەمە کلیلی جادووی لەوحەی (مۆنالیزا)ی (لیناردۆ داڤێنشی) و لەوحەی (مادۆنا)ی (ڕەفائێل)یشە کە مرۆڤ حەیران دەکەن.

ڤیدا لە گرنگترینی ئەو گەنجینانە دەژمێردرێت کە ئێمەی مرۆڤ بە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەوە پەیمان پێ بردبێت. ئەم گەنجینەیەمان لە کونجە تاریکەکانی مێژووەوە بۆ بەجێماوەو پاشماوەی ئەو کەسانەشە کە ئەزموونی قووڵی حەقیقەتیان تام کردووەو لەو دەریا بێ بنەدا ساڵانێکی زۆر لەمەلەو گەڕاندا بوون بەدوای گەوهەری خۆشبەختیدا، تا دواجار دۆزیویانەتەوەو گەیاندوویانە بە نەوەکانی دوای خۆیان.

ڤیداکان زیاتر لە وێنەیەک دەچن کە هونەرمەندێکی ئیلاهی و ئاسمانی کە بە زمانی مرۆڤ دوابێت و بە چاوی مرۆڤ بینیبێتی، ڕەنگەکانی نەخشاندون

و وێنەی ئەو حەقیقەتەمان دێنێتەوە بەرچاو کە بەبێ یارمەتیی ڕۆحانەیەتی ڤیدا، تەنانەت ناتوانین لە ڕاستەهێڵێکیشی تێبگەین.

ڤیداناسەکان و ئەوانەی کاریان بە ڤیداکان کردووە بەتەواوی لەو بڕوایەدان کە ئێمەی مرۆڤی سەردەمی نوێ دەتوانین بە زانستی نوێ و بیری نوێ کار لەسەر ڕاستەهێڵەکانی ڤیدا بکەین و بەهۆیەوە بگەینە هاوسەنگی و شادی و سەرەنجامیش خۆناسی کە مەبەستی سەرەکی ئەو گەنجینە پڕ بایەخانەن. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندیی کۆنی کلتووری ئێمە و هیندۆسەکان لە ڕێگەی نەتەوەو تەنانەت عیرفان و تەسەوفی ئیسلامییەوە جارێکی تر ڕێخۆشکەرە بۆئەوەی ئێمە بتوانیت زیاتر لە هەرکەسێکی دیکە سوود لەو دەستکەوتە وەربگرین.

بەهۆی دێرینی ڤیداکانەوە[1]، سروشت لە ڤیدادا خاوەن گرنگییەکی تایبەتیە کە مرۆڤ دەتوانێت بەهۆیەوە دەرکی گەورەیی خۆی بکات و بگاتە کەماڵی هەتاهەتایی و ئەزەلی، ئەم سروشتەش هەم سروشتی دەرەکی واتە جیهانی گەورەو هەم سروشتی ناوەکی واتە جیهانی بچووکە کە هەمان مرۆڤە. هەربۆیە فەلسەفەی ڤیدا دەتوانین بە فەلسەفەیەکی سروشتی ناوبەرین.

ئەو بابەتانەی کە لەم کتێبەی بەردەستدا دەیبینی، بریتین لە لێکۆڵینەوەیەکی کورت و خێرا، بەڵام چڕو هەمەلایەنە بۆ تێگەیشتن...

یەکەم: لە ڤیداکان.

دووەم: لە فەلسەفەی ڤیداکان.

سێهەم: لە مەبەستی ڤیداکان و شێوەی خستنەڕووی زانستەکەی.

---

١ ئەو دانایانەی ڤیداکانیان نووسیوە مێژوویەکی کۆنیان هەیە و ئەوکاتیش مرۆڤ لە سروشتەوە نزیک بووە تاوەکو ئێستا، نزیکی لە سروشت تەنها تایبەتمەندییەکی گرنگە کە وا دەکەن ڤیداکان سپێشەڵ بن. سوامی شیڤاناندا یەکێکە لە شیکەرەوەکانی ڤیداو دەڵێت: «سەفەر بەشێوەی سروشتی باشترین سەفەرە، چارەسەری سروشتی باشترین چارەسەرە، ژیانی سروشتی باشترین شێوەی ژیانە، خواردنی سروشتی باشترین شێوەی خواردنە، لە هەموو ڕووەکانەوە ژیانێکی سروشتیت هەبێت، ئەوکات تەواو لەشساغ دەبیت و ژیانێکی درێژ و پڕ خۆشی بەسەر دەبەیت».

چوارەم: لەو ڕێگا تایبەتیانەی ڤیداکان دایدەنێن لەپێناو گەیشتن بە هاوسەنگی و کەماڵ.

بەهۆی ئەوەوە کە ڤیداکان لەگەڵ ئەوەدا کە تێکستێکی فەلسەفی قووڵن، بەڵام تێکستێکی ئایینیشن و باس لە خودا و ڕۆح و جیهانی ماددی دەکەن، منیش هەستاوم بە لێکدانەوەی بیروڕا ڤیداییەکان لە هەرسێ ڕووی فەلسەفی و لاهوتی و زانستیەوە. سەرەتا پاش باسکردنی ڤیدا و پێدانی چەند زانیارییەک لەسەر هەر چوار ڤیداکە و تەمەنی ڤیداکان و هتد.. باسم لە زانستە ڤیداییەکان کردووە. دواتر بەکورتی باسم لە دارشاناکانی ڤیدا کردووە، بەڵام لە کۆتاییدا باسی (سانکهیا)م کردووە کە یەکێکە لە دارشانا گرنگە ڤیداییەکان، چونکە لە ڕێگەی سانکهیاوە دەتوانین باشتر لە ڤیداکان بگەین. پاش سانکیها باسم لە کوندالینی و چاکراکان کردووە. بێگومان ئەمە بۆ یەکەم جارە کە لە کتێبێکی کوردیدا باس لە سانکهیا و کوندالینی بکرێت کە زانینی پێویستە بۆ ئێمە.

هەڵبژاردنی وەها بابەتێک کارێکی زۆر سەختە بۆ ئێمە لە کوردستان، ئەم سەختیەش لەبەر دوو هۆیە: یەکەم کاتێک باسی هەر شتێک دەکرێت بێجگە لە ئیسلام و قورئان و فەرمودە پیرۆزەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) زۆر کەس و لایەن موچڕکەیان پیا دێت وەک ئەوەی دیواری کەعبەت سووتاندبێت، نازانن کە قووڵبوونەوە بە بیروباوەڕی کەسانی ترو ئایینەکانی ترو ناسینیان بەشێکە لە ئایینی ئیسلام، ئەوەتا یەکێک لە فەیلەسووفە ئیسلامیەکان بەناوی دکتۆر (عەلی شەریعەتی) دەڵێت: «وەکو مامۆستایەکی سادە، هەرچی زیاتر لە مەزهەبە جیاوازەکان و مەکتەب و ڕێرەوە ئەخلاقییە جیاوازەکاندا ڕۆدەچم، ناسینی ئیسلامیانەم زیاتر دەبێت و زیاتر لە گرنگی دینەکەی خۆم تێدەگەم»، (س ٢٣، ل ٨٥). لە ڕاستیدا وەک (ئێرنست) دەڵێت: «گەورەیی هەر مەزهەبێک پەیوەندی هەیە بە توانای بیرکردنەوەو ئیحساسی پەیڕەوکارانیەوە«. دووەم هۆکار ئەوەیە کە ئێمە وەکو کتێبخانەی کوردی کتێبخانەیەکی زۆر لاوازمان هەیەو تەنانەت ئەو سەرچاوانەی پێویستن بە زمانەکانی دیکەی وەکو فارسی و عەرەبی و ئینگلیزیش لێرە دەست ناکەون.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش بۆ نووسین و لێکۆڵینەوە کە بێگومان ئاسان نییە، وەک لە دواتریشدا بەوردی باسی لێوە دەکەم دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، یەکەم ناساندنی ڤیداو فەلسەفەی ڤیداو زانستەکانییەتی وەک سەرچاوەیەکی مەعریفی

زۆر قووڵ و پڕبایەخ. دووەمیش ڕێگەخۆشکردنە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە یۆگاو ئایورڤیداو سانکهیا، بۆئەوەی ئەم باسە ببێتە سەرەتایەک بۆ زانستمەندان و بیرخوازەکانمان بۆ کردنەوەی دەرگایەک بە ڕووی زانستە ڤیداییەکاندا تا خەڵکی ئێمەش شارەزای ئەم ڕێگە چارەسەرە گرنگە زانستی و ڕۆحانیانە بن کە لە هەموو کات زیاتر پێویستمان پێیانە.

پاش ئامادەکردن و نووسین و چاپکردنی هەرسێ کتێبی (خاچ و گەیشتن بە خوداوەند لە فەلسەفەی یۆگادا)و (یۆگادارشان)و (ئەو لە نیگاهێکدا) و نووسینی کتێبی (لەبارەی یۆگاو ڕۆحانیەتەوە) کە ئەمەی کۆتایی هێشتا چاپ نەکراوە، خۆشحاڵم ئەم نووسینەش بکەوێتە بەردەستی بەرێزتان هەرچەند لە کەموکوڕی بەدەر نییە، بەڵام کوموکوڕی نیشانەی چالاکی و هەنگاونانە، بۆیە سوپاستان دەکەم بە هاوکاریتان لە ڕاستکردنەوەو گفتوگۆ لەبارەیانەوە تا بەردێک بخەینە سەر بەردێک بۆ بنیاتنانی مەعریفەیەکی زیاتر.

بۆ ئەم کارەی کە لەبەردەستتدایە زۆر سوپاسی خوداوەند دەکەم...

(هاوبیرە) موهەییا لەبەرامبەر بتی (ئەو)دا

بەو شیرکە دەکا وەحدەتی پڕ کەون و کەماڵی[2]

لە ڕاستیدا ئەگەر ویستی خوداوەندو یارمەتیی مامۆستاکانم نەبووایە، من هەرگیز نەمدەتوانی وەها لێکۆڵینەوەیەک گەرچی بچووکیش بێت لەبارەی ڤیداو زانستەکانییەوە ئامادە بکەم. سوپاسی خێزان و هاوڕێی بەڕێزیشم دکتۆرە (نیگا حسین) دەکەم کە سەرەڕای سەرقاڵی خۆی بە نامەی ماجستێرەکەیەوە، توانی ڕێگەم بۆ خۆش بکات و هاوکارم بێت لەپێناو کارکردن لەسەر ئەم ڕێگە دوورودرێژو پڕ نشێوە. داوای دوعا و ڕازیبوون لە خوداوەندگارانی ئەزیزم پەری دایکم و کامەرانی باوکم دەکەم کە هۆکاری دروستبوونی من بوون لەم ژیانەدا. سوپاسی هەموو ئازارو نەهامەتیەکانی ژیان دەکەم کە وەک مامۆستایەکی باش لە ژیانی ڕۆحی و ماددی مندا دەستیان هەبووەو هێندەی ڕووناکی و خۆشی دەلاقەیەکی باش بوون بۆ ڕوانینم لە وەحدانیەتی تاقانە یار.

ئەم نووسینە بۆ لێکۆڵەرو یۆگی و سالک و سۆفی و زانستخوازو خوێنەرو ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت بیرو دڵیان دەوڵەمەندتر بکەن بە شارەزابوون لە کلتووری کەسانی دیکەو شارەزاییەکەشیان دەکەنە قوربانی لەپێناو

٢ ئەم هۆنراوەیە لە (٢٠٠٤/٨/١٤) نووسیوە.

نەتەوەکەیاندا. ئەم نووسینە بۆ هەمووانە، بەتایبەت بۆ ئەوانەی بە شوێن دڵنیایی و زانیندا دەگەڕێن.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەم هۆنراوەیەی گەورە هۆنەری ئێرانی (حافزی شیرازی) بنێرمە خزمەتتان کە دەفەرموێت:

هر در که زدم صاحب ان خانه تویی تو
هر جا که شدم پرتوی کاشانه تویی تو

بە ئومێدی دەرکی ڕووناکی

هاوبیر کامەران
٢٠٠٧/٥/١٦

## تێبینی:

بۆئەوەی بتوانم زیاتر بەرچاو ڕوونی بدەم لەسەر ئەو نووسینانەی کە وەک سەرچاوە بەکارم هێناون، بە پێویستم زانی لە کۆتاییدا سەرچاوەکان بنووسم و لە پەراوێزەکانیشدا دیاریان بکەم. لە پەراوێزەکاندا وشەی (س) بە مانای سەرچاوە هاتووەو ژمارەی پاش (س)ەکە بە مانای ژمارەی سەرچاوەکەیەو (ل) و ژمارەی دوا لامەکە مانای ئەو لاپەڕەیەیە کە ئەو دێڕەی لێ وەرگیراوە، هەروەها (م) بە مانای موجەلەدی کتێبەکەیە.

بەهۆی ئەوەی زانستەکانی ڤیدا بەشێوەی نووسینی سانسکرێتی نووسراونەتەوە، منیش ناچارم لە هەندێک شوێندا وشەکان وەک خۆیان بەکار بهێنمەوە، لەبەرئەوەی هەندێک وشەی وەک (یۆگا، ئاتمان، پوروشا، پڕاکریتی، ئاکاشا، دۆشا، ڤاتا، کافا، پیتا و هتد...) بەرامبەرێکی تەواویان نییە لە کوردیداو منیش ناتوانم ئەو بەرامبەرانە دابتاشم بەهۆی ئەوەی زمانەوان نیم، لەبەرئەوە هەوڵم داوە هەرچۆنێک بێت ماناکان بدەم بەدەستەوەو لە کۆتایی کتێبەکەشدا فەرهەنگێکی سانسکرێتیم لە وشەکان دروست کردووە تا لە کاتی پێویستدا بگەڕێنەوە سەری، بەو ئومێدەی جێی سوودی تەواوی بەڕێزتان بێت.

# بەشی یەکەم

# بابەتی یەکەم

ئەی سەراپا میهرەبانی و ئەی خودای کەون و مەکان
ئەی هەناسەی سنگی یۆگی، ئەی قومی ئاوی ژیان
مەرهەمی ئەم قەلبە بێ نازەم خودا تەنها کە تۆی
بێرەوە ناو دڵ وەکو جاری یەکەم، ئەوەڵ ژووان [3]

## ڤیدا

ڕوون نییە کە ئایا مرۆڤ هەر لە سەرەتای بوونییەوە هۆشمەند بووە، یان وەک داروین و زانایانی گەشەسەندن دەڵێن پاش هەزاران ساڵ لەدوای گەشە، بووەتە کائینێکی وا کە بتوانێت بیر بکاتەوەو خۆی بگۆڕێت و دواتریش مێژووی گۆڕین و بیرکردنەوەی خۆی بنووسێتەوە. ڤیدا ئەوە دەسەلمێنێت کە لە زۆر کۆنەوە مرۆڤەکان نەک هەر بیریان کردۆتەوە، بەڵکو دەربارەی خوداو ناخی مرۆڤ و تەنانەت هەسارەو ئەستێرەکانیش دۆزینەوەی گەورەی وایان هێناوەتە بوون کە تا ئەمڕۆش لە ڕیزی دۆزینەوە گەورەکان ئەژمار دەکرێن. بێگومان تێکستێک کە هۆشمەندیی دێرینی مرۆڤ بخاتە ڕوو، شایەنی ڕێزو بەهەند وەرگرتنە، جا ئەو تێکستە هیندی بێت یان عەرەبی یان ئێرانی، گرنگ ئەوەیە لە مرۆڤ دەدوێت و بۆ مرۆڤ دەدوێت و ئێمەش مرۆڤین.

بەپێی فەلسەفەو بیروڕای هیندی، دەبێت هەر فەلسەفەیەک خاوەنی سێ شت بێت، یەکەم سامباندا (sambandha) واتە (نەزەریە)، دووەم ئابیدیا (Abhidheya) واتە (مومارەسەو عەمەل)، و سێهەم پڕایۆجنا (Prayojana) واتە (مەبەست).

ڤیدا (Veda) تێکستێکە خاوەنی هەرسێ سامبانداو ئابیدیاو پرایۆجنایە، و ئەمەش هەر لە سەرەتاوە گرنگی و سەنگینی ئەم نووسراوە ئیلاهییە

---

3 بەندە ئەم هۆنراوەیەی لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٨) نووسیوە.

مرۆییە دەخاتە بەرچاوی ئێمە، چونکە کە من ئەو فەلسەفانەی خاوەنی ئەو سێ کارەکتەرە گرنگە بن و ئەمەش فەلسەفەو ڕێگەو ئایینی ڤیدا لە زۆر لە فەلسەفەکانی دونیای تازە جیا دەکاتەوە.

لە ڕەچەڵەکەوە وشەی ڤیدا[٤] وشەیەکی سانسکرێتیەو بە مانای (زانین-Knowledge) دێت و ڕەگەکەی لە (ڤید)ەوە هاتووە کە مانای (بزانە) دەگەیەنێت، بۆیە ئەم ناوە نراوە، لەبەرئەوەی دەستی مرۆڤ دەگرن و تا مەنزڵی ناسینی خودا دەستبەرداری نابن. ڤیدا بەو تێکستانە دەوترێن کە هیندۆسەکان بە تێکستە زۆر پیرۆزەکان ناوزەدی دەکەن.

مەبەستی ئەم تێکستانە ئەوەیە تۆ بگەیەننە مەعریفەو ئاگاییەکی قووڵی وەها تا بەهۆیەوە بتوانی هەموو کارما[٥] (Karma)کانی ئەم ژیانەو ژیانەکانی پێشتریش[٦] بسوتێنی و بتوانیت بگەیتە ڕەهابوون و ئازادبوون[٧] لە هەموو ئەو سنوورو چوارچێوە زهنی و مادیانەی مرۆڤ بۆ خۆی دروست کردووەو لەهەمانکاتدا خۆی کردۆتە دیل و کۆیلەیان. یەکێک لە فەیلەسووفەکان دەربارەی

---

٤- Ved

٥- وشەی کارما بە مانای (کار) دێت و مەبەست هەم لە کار و هەم لە کاردانەوەی ئەو کارەشە کە دروست دەبێت لە سەرەنجامی ئەنجامدانی کارەکەوە. واتە هەر کارێک دەکەیت ئەگەر چاک بوو چاکە سەرەنجامەکەی دەبێت و ئەگەریش خراپ بوو خراپە کۆتاییەکەی دەبێت. مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

این جهان کوه است فعل ما ندا

سوی ما آید نداها را صدا

واتە ئەم جیهانە وەک کێو وایەو کردارەکانی ئێمەش وەک دەنگ، دەنگدانەوەی دەنگەکانیشمان بەرەو خۆمان دێنەوە. شری ڤیاسا دەڵێت: «بە چرای مەعریفە لەگەڵ ڕۆحدا ئەوی گەورە ببینە، پاش بینینی ئەو لە هەموو گوناهەکانت دادەماڵرێیت وەک چۆن مار لە کراژەکەی دێتە دەرەوە». بڕوانە (س١٧. م. ٣. ٢٣٥).

٦- یۆگییەکان و ڤیداییەکان پێیان وایە مرۆڤ چەند جارێک لەدایک دەبێت و دەمرێت تا بتوانێت تەواو پاک ببێتەوە لە گوناح و کارماو ئەم باوەڕەش بە دۆنایدۆن یان لەدایکبوونەوەی تازە و بەرگ گۆڕین (تناسخ) بەناوبانگە.

٧- مەعریفەو توانا یان هێزو زانین دوو دەرکەوتەی سەرەکیی کەسی ئایینین کە دەبێت لەپێناو ئازادبووندا بەکاربێن. مانای ئازادبوونیش لە ئایینێکەوە بۆ ئایینێکی ترو لە فەلسەفەیەکەوە بۆ فەلسەفەیەکی تر دەگۆڕێت.

ڤیدا دەڵێت: " لە بنچینەدا دیدگای هیندی ڕاگیرە لەسەر جۆرێک ئاگایی تایبەت و هەموو ئەحکام و مەزهەبی هیندی خەریکی ئەوەیە ئەم ئاگاییە لە مرۆڤدا پەرە پێ بدات، ئەم ئاگاییە ئەقڵی، هونەری، زانستی، تەکنیکی و تەنانەت ئاگایی ئایدۆلۆژی نییە، بەڵکو جۆرێک ڕۆشنبینی و دەروونناسی و خودئاگایی فەلسەفی مرۆییە، ئەم ئاگایی و دیدگایە پێی دەوترێت ڤیدا کە دەتوانرێت بە (زانینی پیرۆز)، ڕۆشنایی هەقیقی، عیرفان، حیکمەت و سۆفیا مانا بکرێت". س ٢٣، ل٣٥٥.

وشەی زانین دەلالەت ناکات لە زانینی زانیارییە گشتیەکان، یان فێربوونی فەلسەفەو ئیلاهیات، بەڵکو ئەم زانینە زانینی پیرۆزە کە لەناو خودی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت. سەرچاوەی ئەم بیروڕایەش ئەوەیە کە ئێمە (واتە مرۆڤ) تەنها ئەم لەشە مادییە نین، بەڵکو بوونەوەرێکی فراوانترین لەو بوونەوەرە بچووکەی زانایانی زانستخواز، واتە ئەوانەی تەنها باسی لەشی مادوی و ئەزموونە مادییەکانیان کردووە، باسیان کردووین. ئەگەر ئێمە هەموو بوونەوەر نەبین، ئەوا بوونەوەر هەموو ئێمەیە، هەربۆیە دەبێت ئەوە بزانین کە زانینەکەشمان زانینێکی هەتاهەتایی و بێ سنوورەو لە ناوەوەی خۆمانەوە هەڵدەقووڵێ بەرەو دەرەوە، بێ ئەوەی ناوەوەو دەرەوەیەک لەئارادا بێت، چونکە هەم ناوەوە دەرەوەیەو هەم دەرەوە ناوەوەیە. ڤیدا دەلالەت لەو زانینە ناوەکییە سەرتاپاگیرە دەکات کە خۆی لە خۆیدا پێناسەیەکە بۆ مرۆڤی باڵا یان (بوونی بچووک). ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە دکتۆر عەلی شەریعەتی دەڵێت: " ڤیدا مەعریفەی ڕاستەقینەیە"س ٢٣، ل٣٥٥.

هەندێک لە ئیندۆلۆژیستەکان زاراوەی (ئەفسانەی ڤیداکان) بەکاردێنن، ئێمە ناکرێت ئەفسانە بە مانای ئەفسانەو خورافە بەکاربهێنین، چونکە ئەو زەمەنەی ڤیدای تیا وتراوەو کۆکراوەتەوە، زەمەنێک بووە زمانی زانستی تەنها هێما بووە بۆئەوەی ئەو داناییەی بە ڕەنج پەیدا کراوە بدرێت بە کەسێک کە ڕەنج بدات بۆی. ڤیداکان بە شێوازی هێما نووسراون و ئەو کەسانە دەتوانن بیخوێننەوە کە بەڕاستی هێماکان دەناسن. ئەو هێمایانە ئەفسانە

نین، بەڵکو ڕەمزو سومبوولێکن کە پێویستیان بە تێکۆشانە تا مرۆڤ بتوانێت بیانخوێنێتەوە. ئەمە هۆکاری قورسی و ئاڵۆزی ڤیداکانە کە وایان کردووە بە ئەفسانە ناوببرێن.

تا نگردی اشنا زین پرده حرفی نشنوی
گوش نامحرم نباشد جای پیغام سروش[8]

---

٨- حافز دەڵێت: «تا نەبیتە دۆست و ئاشنا لەگەڵ خوداد لە ڕازو ڕەمزەکانی ئەم ناو پەردەیە حاڵی نابی، گوێی نامەحرەم نابێتە جێی پەیامی خودا».

# باسی یەکەم
# چوار ڤیداکە

ڤیدا مەبەست لەو تێکستگەلەیە کە ڕیشیەکان لە ڕێگەی شروتیەوە[٩] وەریان گرتووە و نووسیویانەتەوە. ئێستا چوار تێکست لەبەردەستدایە کە هەرچواریان بە ڤیدا بەناوبانگن. کەواتە ڤیداکان بەو چوار تێکستە مەعریفیە دەوترێن کە هیندۆکان[١٠] کاری لەسەر دەکەن و بەردەوام لە ئاشرام و پەرستگەو مەکتەب و بنکە ئایینییەکاندا دەیخوێنن و تەنانەت لەش وێنە زانستییەکانیش پیرۆز ڕایدەگرن و هەموو بەیانی و ئێوارانێک برەهمیەکان[١١] لە ئاشرامەکاندا[١٢] زەمزەمەی دەکەن.

ڤیداکان چوارن و بەپێی گرنگیان لە هیندۆیزمدا ڕیگ ڤیدا[١٣] (Rig Veda)، ساماڤیدا[١٤] (Sama Veda)، یاجورڤیدا (Yajur Veda) و ئاتەرڤەڤیدان[١٥] (AtharvaVeda).

خۆ ئەگەر ڤیداکان بەپێی دابەشکردنی مێژوویی پۆلێن بکەین، ئەوا بەهەمان پۆلێنی سەرەوە دابەشیان دەکەین، واتە سەرەتا ریگ ڤیدا لەلایەن ئاریەکانەوە نووسراو پاشان ساماڤیدا هاتوو دواتر یاجورڤیدا پەیدابوو، لە کۆتاییشدا ئاتەرڤەڤیدا هات کە دوایین ڤیدایە. دواتریش ئوپانیشادەکان دەرکەوتن کە وەکو ڤێدانتا ناوبران واتە تەواوکەری ڤیداکان.

---

٩- شروتی واتە سروش کە لە ئاگایی جیهانی یان خوداوە دادەبەزێتە سەر بەندە ڕاستەقینەکانی کە گەیشتوونەتە حەقیقەت.

١٠- بۆ یەکەم جار موسوڵمانەکان بە شوێنکەوتەکانی ڤیدایان گوت هیندۆس.

١١- برەهمیەکان پیاوانی ئایینی هیندۆسن کە بەرپرسن لە خوێندنەوەی ڤیداکان و وتنەوەی وانەکانی ڤیدا بە کەسانی تر.

١٢- ئاشرام واتە پەرستگە.

١٣- ریگ ڤیدا (١٠٢٨) پارچە هۆنراوەیە.

١٤- ساماڤیدا (١٥٤٥) پارچە هۆنراوەیە.

١٥- ئاتەرڤەڤیدا (٧٣٠) سروود و (٦٠٠٠) پارچە هۆنراوەیە.



# باسی دووەم

# سەرچاوەی ڤیداکان

لە ڕاستیدا ناتوانین بەتەواوی و بێگومان قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەین

# باسی دووەم
# سەرچاوەی ڤیداکان

لە ڕاستیدا ناتوانین بەتەواوی و بێگومان قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەین، چونکە کاتێک دەڵێم ڤیدا لە (کێ)وە هاتووە، دەکەوینە بەردەم کۆمەڵێک پێناسەی جیاواز بۆ وشەی (کێ). هەندێک بە شێوەیەکی هەندەکی قسە لەسەر وشەی کێ دەکەن، وەک ڕۆژئاواییەکان و هەندێکیش بە هەمەکی و بەگشتگیری و شێوەیەکی کەونی قسە لەسەر (کێ) دەکەن وەک هیندیەکان، هەندێک لەڕووی مێژووییەوە باسی لێوە دەکەن و هەندێکی دیکەش لەڕووی تێکستە ئایینی و ڕۆحیەکانەوە ئەم بابەتە لێک دەدەنەوە. لێرەدا ئەوەندەی بکرێت بەڕوونی باس لەم بابەتە دەکەم.

بەهەرحاڵ پێش هەموو شتێک ئەوە بزانین ئەم تێکستانە بە سانسکرێتی نووسراون کە نزیکیەکی زۆر گەورەی لەگەڵ زمانی ئاڤێستا هەیەو یەکێکە لە زمانە هیندۆئەوروپیەکان. ڤیداکان هێندە دێرینن کە نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی (٢٠٠٧) وەکو یەکێک لە تێکستە کۆنە دانسقە مێژووییەکان پۆلێنی کرد.

بەپێی بڕوای ڤیداییەکان، ڤیدا لەلایەن بڕەهماوە[١٦] (Brahma) دراوەتە ئەو کەسانەی کە لێی نزیک بوون و ئەوانیش داویانە بە موریدەکانی خۆیان. واتە ڤیدا لە خوداوەندەوە هاتوەتە خوار، بەڵام نەک بەو شێوەیەی کتێبە پیرۆزەکانی سێ ئایینە ئاسمانییەکانی ئیسلام و مەسیحیەت و یەهودیەتی پێ هاتووەتە خوارەوە، چونکە وەحی لای ئایینە ئاریەکان جیاوازە لە وەحی لای ئایینە سامیەکان. ڤیدا بەشێوەی شروتی (Shruti) واتە بە وەحیەکی ناوەکی دراوەتە داناکان[١٧]. هەربۆیە (ڤیشۆدهاناندا گیری) دەڵێت: "ڤیدا دروستکەرێکی

١٦- بڕەهما واتە خواوەندی باڵا. هەندێک پێی دەڵێن خالق. لە بهاگاڤادگیتادا هاتووە (ڤیداکان ڕاستەوخۆ لە ئاکشاراوە هاتوون) ئاکشارا واتە بڕەهما. بڕوانە (س ٢٠. فەسڵی ٣، ئایەتی ١٥).

١٧- بهاگەڤان ئۆشۆ دەڵێت: ڤیداکان سروودەکانی خواوەندن، ئەمە بەو مانایەیە کە ئەوان بیستراون، لە هیندستان زاراوەی شروتی بە مانای وشەی پیرۆز دێت، وشەیەک کە دابەزیوە. بڕوانە تفسیر اواهای شاهانە ساراها.

نییەو هیچ کەسێکیش دروستی نەکردووە [١٨]". واتە ئەوانەی ڤیداکانیان نووسیوە دروستکاری ڤیدا نین.

هەرچەند ڤیداکان لە بڕەهماوە هاتوون و دراون بە حەکیم و دانا ڕۆحانییەکان یان حەکیم و داناکان ئەویان کەشف کردووە لە ڕێگەی دەرکە ناوەکی و بینینە ڕۆحانییەکانیانەوە، بەڵام وردەوردە لەوانەبوو دووچاری لەناوچوون ببنەوە، بۆیە ڤیاسادێڤا ڤیداکانی لەم قەیرانە پاراست.

لێکۆڵەرەوە دینییەکانی هیندۆیزم واتە پاندیتەکان[١٩] پێیان وایە کە کریشنا دیڤاپیایانا[٢٠] ناسراو بە (ڤیاسا)[٢١] ی کوڕی پاراشارامۆنی[٢٢] و ساتیاڤاتی[٢٣] کۆکەرەوەی ڤیداکانەو هەرچوار ڤیداکەی لە سەرەتای زەمەنی داواپارا[٢٤] دا لەونبوون پاراستووەو داویەتی بە چوار شاگردو موریدە بەتواناکان کە ناویان (پیلا)و (ڤیاسامپایا)و (جیمینی)و (سومانتا)[٢٥] بوو.

دەربارەی گەورەیی ڤیاسا لە ماهابهاراتادا هاتووە: (سانجایا بە دەهریتاراشترای گوت "دەوڵەتی دونیات هەیەو لە بنەماڵەیەکی گەورەیت و ڕیازەتی نەفس و ناوی باشت هەیە، ڤیداکان دەزانی. بەپێی ئەم تایبەتمەندیانە خەڵکی تۆ لە جێی یایات دادەنێن و لە مەعریفەدا وەک ڤیاسا ناوت دەبەن"، (لێرەدا ڤیاسا

---

تالیف/ اوشن گوروجی. مترجم/ هما ارژنگان. چاپ اول، مجلد ٤، لا ١٦٣

١٨- کۆمەڵە وانەکانی سوامی ڤیشودهاناندا گیری، ڤۆلیۆمی ١ وانەی ٢.

١٩- Pandit

٢٠- Krishnadevaipayana

٢١- Vyasa

٢٢- Parashara Muni

٢٣- Satyavati

٢٤- Davapara هیندۆکان پێیان وایە زەمەنەکانی بوونی مرۆڤایەتی لەڕووی پلەی ئاگاییەوە دابەش دەبنە سەر چوار زەمەن و زەمەن بە زەمەن ئاگایی مرۆڤ کاڵترو بێ تواناتر دەبێتەوەو لە زەمەنی داڤاپارادا تەواو مرۆڤ لە خۆی دەکەوێتە گومان و خوا لە بوونی ئەودا دەمرێت. ڤیداکان لە زەمەنی داواپارادا کۆکرانەوە، تا لەم سەردەمەدا کە سەردەمی (کالی)ە بتوانن مرۆڤ لە نەهامەتی ڕزگار بکەن.

٢٥ – لە یەکێک لە پوڕاناکاندا هاتووە: ڤیشنۆ لە سەرەتای هەر خولێکی زەمەنی داڤاپارادا لە لەشی ڤیاسادا دەردەکەوێت و دیسان ڤیداکان بیر مرۆڤ دەخاتەوە.

وەک کەسایەتیەکی زۆر دانا ناوی براوە. ئەوەش بزانین کە سانجایای گێڕەرەوەی ماهابهاراتا موریدی ڤیاسا بووەو وتوویەتی کە ئەو بەهۆی ئامۆژگاریەکانی ڤیاساوە توانای ئەوەی بەدەست هێناوە لەش وێنێکی زۆر دوورەوە بە کوێری مەیدانی شەڕی کوروکشترا ببینێت (س١٧. م ٢.ل ٢٨٤).

هیندۆکان بەگشتی و بەتایبەت تەریقەی ڤایشیاڤا و بهاکتیەکان، ڤیاسا بە یەکێک لە دەرکەوتەکانی خودا، واتە ئاڤاتارەکان ناو دەبەن و پێیان وایە کە هەر ئاڤاتارەیەک بۆ کارێکی گرنگ دێتە سەر زەوی و ڤیاسادێڤا لەپێناو کۆکردنەوەو دابەشکردن و گەیاندنی ڤیداکاندا هات. بێگومان کە ڤیاسا تەنها ڤیداکانی کۆنەکردەوە، بەڵکو ئەرکی کۆکردنەوەی پوڕاناکانیشی گرتە ئەستۆ کە زیاد لە هەژدە پوڕانای حەماسی سەرەکی و هەژدە پوڕانای ناسەرەکی بوون.

لەوانەیە ڤیاسا کەسایەتیەکی مێژوویی بێت، یان ناوێکی دیکەی خودا بێت کە هەر خۆی ڤیداکانی پاراست. مەبەستمان لە پاراستنی ڤیدا بە مانا کارتۆنییەکەی نییە، بەڵکو مەبەستمان لە پاراستنی ڕێزو پراکتیزەکردنی ڤیداکانە لای مرۆڤ و مانا ناوەکیەکانییەتی، چونکە گەورەیی بوونی کتێبە پیرۆزەکان و هەموو فەلسەفەو ڕێگە پیرۆزەکانی دیکەش پەیوەستە بە بوونی مرۆڤەوە، و ئایا تا چەند ئەو مانا ناوەکیانە لای مرۆڤەکان وەکو خۆی بەکار دەهێنرێت.

بەپێی تیۆریەی زەمەنی هیندۆکان کە کاتناسە ڤیداییەکان تیۆری (زەمەنەکانی ئاگایی) پێدەڵێن، کات زۆر گرنگە و ڤیداکان پەیوەندیەکی زۆریان بە کاتەوە هەیە. ئەوان پێیان وایە کات دابەش دەکرێتە سەر چوار بەش و هەر بەشێک دابەش کراوەتە سەر بەشێکی سەرەکی و دوو بەشی لاوەکی. ئەم چارتەی خوارەوە لە ڕیگ ڤیدادا باسی نەکراوە کە کۆنترۆین ڤیدایە بەڵکو لە دوا ڕیگ ڤیدا پەیدا بوو، من بەکورتی بەوپێیەی لە مهابهاراتادا هاتووە کە هەندێک لە ئیندۆلۆژەکان بە کرۆکی ڤیداکان ناوی دەبەن و یەکێکە لە داستانە ڕۆحانییە میتۆلۆژیەکانی هیند، باسی دەکەم

کات (کالی) دەوری هەموو شتێکی داوەو ئەزەلی و ئەبەدیە. دوو جۆر کاتمان

هەیە (دێڤاکالی)[٢٦] و (جیڤاتما کالی)[٢٧]. دێڤا کالی واتە زەمەنی خودایی کە هەر (١) ساڵی خودایی (٣٦٠) ساڵی بەشەرییەو هەر ساڵێکی بەشەرییش (جیڤاتماکالی) (٣٦٥) ڕۆژە. ڤیداکان کاتیان دابەش کردۆتە سەر چوار بەش و زەمەن، هەر لە زەڕڕە (ئەتۆم)ێکەوە تا کاکێشانێک بەم چوار قۆناغەدا تێپەڕ دەبن، هەرچەند کاتی زەڕڕە تا کاکێشانێکی زەبەلاح جیاوازی هەیە لە خێرایی و بوونی بەردەوامیدا، هەربۆیە کاتی کەونی هەیەو هەموو ماددەو شتەکانی دیکەی بەسەردا دابەش دەبێت بە هێندەی قەبارەی خۆی. ڤیداکان زەمەنی ئاگایی ئێمە دابەش دەکەنە سەر ئەم چوار بەشە:

١. ساتیا یوگە.
٢. تریتا یوگە.
٣. داواپارا یوگە.
٤. کالی یوگە.

هەر چوار زەمەنەکە پێکەوە پێیان دەوترێت ماهایوگە[٢٨] واتە دەورێکی تەواو. هەر زەمەنێکیش لە زەمەنەکان سەرەتایەک واتە (سامدهیا)[٢٩] یەکی هەیە لەگەڵ کۆتاییەک، واتە (سامدهیاناس)[٣٠].

زەمەنی یەکەم (ساتیە) (٤٠٠٠) ساڵی (دێڤاکالی)ە، واتە ساڵی ئیلاهیە.
سامدهیاکەی (٤٠٠) سالە.
سامدهیاناسەکەی (٤٠٠) سالە.
زەمەنی دووەم (تریتا) (٣٠٠٠) ساڵی دێڤاکالیە.
سامدهیاکەی (٣٠٠) سالە
سامدهیاناسەکەی (٣٠٠) سالە.
زەمەنی دووەم (داواپارا) (٢٠٠٠) ساڵی دێڤا کالیە.

---

٢٦- Deva Kali
٢٧- Jivatma Kali
٢٨- Maha Yuga
٢٩- Samdhya
٣٠- Samdhyanas

سامدهیاکەی (٢٠٠) ساله
سامدهیاناسەکەی (٢٠٠) ساله.
زەمەنی چوارەم (کالی) (١٠٠٠) ساڵی دێڤاکالیه.
سامدهیاکەی (١٠٠) ساله
سامدهیاناسەکەی (١٠٠) ساله.
کەواته کۆی هەر (ماهایوگ)ێک (١٢٠٠٠) ساڵی دێڤا دەکات.
هەر ساڵێکی دێڤا بەرامبەره به (٣٦٠) ساڵی جیڤاتما. کەواته:
یەک ماهایوگه (١٢٠٠٠×٣٦٠ = ١٧٢٨٠٠٠) ساڵی مرۆییه.

به (٢٠٠) ماهایوگەش (١)کالپا پێکدێت که دەکاته (٨٦٤٠٠٠٠٠٠) ساڵ. یەک کالپا واته یەک شەوو ڕۆژی برەهما. بەم شێوەیه برەهما (١٠٠) ساڵ دەژی. مردنی برەهما واته لەناوچوونی بوونەوەرو هەرچی هەیەو نییه.

هەریەک لەم زەمەنانه تایبەتمەندیی خۆیان هەیەو ئەگەر بەو شێوەیه نەبوونایه، ئەوا ڤیداکان یان نەدەهاتن یان بەشێوەیەکی دیکه کەشف دەکران، واته تایبەتمەندی ئەو زەمەنانه پەیوەندی به مەعریفەو زانینی مرۆڤەکانەوه هەیه که خۆی له چالاکییەکانی ئاگایی ناسوتی و لاهوتیدا دەبینێتەوه.

١. ساتیا یوگه (Satya yuga): ساتیه حەقیقەتەو ساتیەیوگه زەمەنی حەقیقەته که به زەمەنی ئاڵتونیش ناوزەد کراوه. لەم زەمەنەدا که دینه سامیەکان به زەمەنی بەهەشتی ئادەم ناوی دەبەن، مرۆڤ لەگەڵ خوادا له یەکبوونێکی تەواودا بووەو جیاوازی نەبووه لەنێوان مرۆڤ و دەنگه ناوەکیەکانداو مرۆڤ و ئاگایی مرۆڤیی له یەکێتیەکی تەواودا بوون لەگەڵ ئاگایی و وجوودی کەونی و ئیلاهی، هەر بۆیه پەرستش و ڤیداکان بوونیان نەبووه.

٢. تریتایوگه (Tritha yuga): ئەم زەمەنه زەمەنی جیابوونەوەی مرۆڤ و خوایەو به دەرکردنی ئادەم له بەهەشت باس کراوه له ئیسلام و مەسیحیەت و یەهودیەتدا. مەولانای ڕۆمی به ڕۆژی فیراق باسی کردووه. ئەم فیراقه هیچ نییه جگه له فیراقی ڕۆحی و بێ ئاگابوونی ئاگایی مرۆیی له ئاگایی کەونی و جیهانی و کەڕبوون له ئاست ئەو دەنگه ناوەکیانەدا که ڕێگەی ڕاست و هاوسەنگی نیشانی مرۆڤ دەدەن بۆ گەیشتنەوه به ئارامی و بێ (کاتی)و

دەرچوون لە ناهاوسەنگی وجودی، لێرەوە پەرستش و قوربانی (یاجنا) هاتنە کایەوەو ڤیداکان لە ڕێگەی ڕیشی و پیاوە پیرۆزەکانەوە کە لەگەڵ ئاگایی گشتی یەکیان گرتبوو، هاتنە بوون و کەشفبوون.

٣. داڤاپارایوگە (Davapara yuga): زەمەنی مردنی خوا. داڤاپارا یوگە ئەو کاتەیە کە مرۆڤ بڕوای لەدەست دا بەرامبەر بە هێزی ڕەها و کەوتە ژێر یاساکانی ئەقڵ و نەفسی فەردی خۆیەوە. ئەگەر لە زەمەنی پێشتردا مرۆڤ ئەو پەیوەندییە قووڵەی لەدەست دابێت لەگەڵ خوادا، ئەوا لە زەمەنی داڤاپارادا بەتەواوی لەبیری دەچێتەوە کە ئایا ئەو ئەسڵەن پەیوەندیەکی هەبووە لەگەڵ زاتێکی وەهادا یان نا، یاخود ئایا خودا بوونی هەیە یان نا؟

لەم زەمەنەدا مرۆڤ بڕوا ناکات بەوەی مەڵبەندێک هەبێت تیایدا دەنگەکانی لێوە ببیستێت و مەرکەزی ئاگایی باڵا بێت. نیچە پەیامی ئەم زەمەنەی بە خودا مرد دا بە گوێی مرۆڤدا[٣١].

٤. کالی یوگە (Kali yuga): زەمەنی کالی یاخود زەمەنی مردنی مرۆڤ. لێرەدا ئیدی مرۆڤێک نامێنێت کە بتوانێت لەگەڵ ڕەهادا یەک بگرێتەوە. ئەم مرۆڤە بێ ئاگایە لەوەی کە ئەو ئاگاییەکی کەونییەو لە خۆی دوورکەوتۆتەوەو دەبێت بگەڕێتەوە بۆ لای خۆی و خۆی بناسێ تا هاوسەنگی و ئارامی دەست بکەوێت و ببێتەوە خاوەنی هەموو، هەربۆیە زۆرینەی دینە سامی و ئاریەکان لەم زەمەنەدا دەرکەوتن، بۆ نموونە دەرکەوتنی ئایینی تاو لە (٥٠٠) ساڵ بەر لە زایین کە دەکاتە (٢٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر، دەرکەوتنی ئایینی موسا لە (٢٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر، دەرکەوتنی ئایینی عیسا لە (٢٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر، دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام لە (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر، دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتی لە نزیکەی (٢٥٠٠) ساڵ لەمەوبەرو دەرکەوتنی ئایینی بوودا لە (٢٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر. هەروەها هاتنەوەی چەند ئاڤاتارێکی ڤیشنۆش هەر پەیوەندی بەم زەمەنەوە هەیە[٣٢] وەک بوودا و کریشنا.

---

٣١- بۆیە لێرەدا نموونەی نیچەم هێنایەوە وەک یەکێک لە فەیلەسووفە ڕۆژئاواییەکان، لەبەر ئەو سەرسامبوونەی نیچەیە بە ڤیداو ئوپانیشادەکان.

٣٢ - بۆ شارەزابوون لەسەر بابەتی ئاڤاتار بڕوانە بەشی چوارەم، باسی پێنجەم.

ئێمه ئەمڕۆ بەپێی لێکۆڵینەوە ڤیدابیەکان له زەمەنی کالیداین و ئەم زەمەنەش له نیوەشەوی (١٧ و١٨ ی فێبریوەری ٣١٠٢ پ. ز) دەستی پێ کردووه. هاتنی زۆرینەی پێغەمبەران پەیوەندی بەم زەمەنەوە هەیە، بڕوانه (ئیبراهیم و عیساو موساو زەکەریاو یەحیاو شیت و ئیلیاس و شوعەیب و سوله یمان و ئەیوب و داودو شانکاراچاریاو شری چایتانیاو مانی و زەردەشت و محمدو لوگ و سوقرات و ماهاڤیراو ڤیاسادێڤا)و سەدان پێغەمبەرو گوروو لەنێوان (٣٠٠٠ پ.ز بۆ٥٠٠) دوا زایین هاتون و خەڵکیان وەبیری خۆیان هێناوەتەوە. ئەو کەسانەی وەبیرهاتوونەتەوە تایبەتن و ناکەونه ژێر ئەم پۆلێنەوە، چونکه ئەوان لەژێر کاریگەریی کات و شوێن نامێنن و لەلایەن خوداوه دەستنیشان دەکرێن بۆ تازەکردنەوەی (دهارما –Dharma)[٣٣] و هێنانەوەی خەڵکی بەرەو زەمەنی ساتیه که زەمەنی ئاڵتونییه. وەنەبێت ئەو کەسانه لەگەڵ لەدایکبوونیاندا ئیلاهی بووبن، بەڵکو ئەوەی هاته چوارچێوەی کات و ناوو شوێنەوە، ئەوا پێویسته هەوڵ بدات بۆ زاڵبوون بەسەریاندا، ئەو کەسانەی به (ڕیشی) بەناوبانگ بوون کۆنترۆڵی ڕەگەزی کات و ناوو شوێنیان کردووه. دهارما له بیروڕای ڤیدایدا به یاسا ڕۆحانییه کەونییەکه باسی کراوه که نابێت دووچاری تێکچوون ببێتەوەو دەبێت بەردەوام ڕاگیر بمێنێتەوە. سوامی ڤیشۆدهانانداگیری دەڵێت: "دارما بریتیه له بنەمای هۆکارەکی بنەڕەتی ڕۆحانی... له مرۆڤدا دارما شەپۆلێکی کەونیمان پێشکەش دەکات که له ڕێگای سمیریتی (یادەوەری)یەوه کارما دەخاتەوە"، واته گوێگرتن له دارما دەبێته بنەمایەکی ڕۆحانی گەورە بۆ مرۆڤ و کۆتاییەکەشی بەوه دەبێت که مرۆڤ دەنگه ناوەکیەکان دەبیستێ و بەپێی ئەو دەنگانه دەجووڵێتەوە (وما ینطق عن الهوی ان هو الا وحی یوحی).

ڤیداکان له ڕێگەی ڕۆشنەکانەوە (واته ئەو کەسانەی گەیشتوون به دەنگی

٣٣ - سیبل شاتوک پێی وایه که دهارما یەکێکه له ناوەکانی ئایینی هیندۆیزم و هاومانای دەکاتەوە لەگەڵ هەردوو وشەی religion و وشەی morality که یەکەمیان به مانای ئایین دێت و دووەمیشیان هەم به مانای دین و هەم به مانای وەزیفەی کۆمەڵایەتی دێت که پێویسته هەرکەسێکی کار ڕاست ئەنجامی بدات. بڕوانه (س ٢٦. لا ٢٥). لێرەدا دهارما به مانای ئەو یاسایانه بەکارهاتووه که جێگیرو نەگۆڕن له بووندا و ئێمه به پەیڕەوکردنیان دەتوانین له هاوسەنگیدا بمێنینەوەو به لادانیش لێیان دەکەوینه گێژاوی ئازارو نەهامەتیەوە.

دارما و ئاگایی ناوەکی) هاتوون تا دهارما ڕابگرن و بۆ ئەم مەبەستەش ڤیاسا وەک یەکێک لەوان بە کۆکەرەوەی ڤیداکان دیاری کراوە. هەرچەند لەوانەیە چەند ڤیاسایەک هەبووبن، چونکە ئەگەر لەڕووی زانستی مێژووەوە بڕوانینە پەیدابوونی ڤیداکان، ئەوا بۆ باوەڕی کۆبوونەوەی ڤیدا لەسەر دەستی ڤیاسا دووچاری ناکۆکی دەبین، چونکە هاتنی ڤیداکان چەند سەد ساڵێک یان هەزاران ساڵی ویستوە تا بەم شێوە کامڵەی ئەمڕۆ پەیدا بووەو تەمەنی ڤیاساش هێندە درێژ نییە، ئیدی چۆن ڤیاسا توانی هەر چوار ڤیداکە کۆبکاتەوەو بڵاویان بکاتەوە؟! هەربۆیە لەوانەیە ڤیاسا وەک ناونیشانێکی ڕۆحانی سەردەمی کۆن سوودی لێ وەرگیرابێت[٣٤] هەروەک چۆن وشەی پراجاپاتی بۆ زۆر کەس بەکارهاتووە، بەو شێوەیەش چەندان کەس ڤیداکانیان کردبێتە تێکستێکی تەواو پرۆفیشنەڵ، لێرەوەیە کە هیندۆکان دەڵێن خودا خۆی ڤیاسایەو هەر جارەو لەژێر ناوی ڤیاسادا لە زەمەنی داواپارادا دێت و کارەکەی خۆی دەکات.

بەهەرحاڵ وا بڕوا دەکرێت کەشری ڤیاسا ڕیگ ڤیدای بەخشیبێتە پیلا (Pilla)و ساماڤیدای بەخشیبێتە جەیمینی (Jaiminye)و یاجورڤیدای بەخشیبێتە ڤیاسامپایا (Vyasampaya)و ئاتەرڤەڤیدایشی بەخشیبێتە سۆمانتا (Somantha). دانانی چوار کەس بۆ بڵاوکردنەوەی ڤیداکان بە مانای گەیاندنی ئەم زانینە ناوەکیەیە بە هەر چوار ڕووکارەکەی بووندا کە باکوورو باشوورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە، تا بتوانین بە هەموو لایەکدا ئەم زانینە بڵاو بکەینەوە. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە مانا ناوەکیەکەی ئەم چوار ئاراستەیە کە لەلایەن چوار موریدەوە پەیامەکان گەیەنراون دەلالەت لەوە دەکات کە مرۆڤ دەبێت بتوانێت تێبگات لە چوار ڕەمزو هێمای قووڵی ڤیدایی کە ئەمانەن:

**یەکەم** (یان چاک یان خراپ)، کە بابەتی باسی ئاتەرڤەڤیدایەو زیاتر باسی لەسەر دونیای ماددییەو ماددەش ماڵی چاک و خراپ و ئیشکردنی ئەوانە بەسەربەخۆیی.

---

٣٤ - لە تەریقەی هیندۆسیدا هەندێک وشە و ئاوەڵناوی وەک سوامی، ماهاراج، شری، بهاگەڤان، گورو، ئاناندا، پاراماهانس، ئاچاریا، شانکارا، جی، دێڤا، دێڤی، سانیاساو یۆگی بەکاردێن بۆ وەسفکردنی باری ڕۆحی کەسێک هەروەکو چۆن لە ئیسلامدا وشەی مەلا، حاجی، علاءالدین، شهاب الدین، حجت السلام، ایت الله، حچرت و جەناب و شێخ بەکاردێت.

**دووەم** (چاک و خراپ پێکەوە)، کە بابەتی یاجورڤیدان و دەلالەت لە ڕێگەیەک دەکات بۆ گونجاندنی چاک لەناو خراپ و خراپ لەناو چاکدا کە هەمان مەبەستی یاجورڤیدایە.

**سێهەم** (نە چاک و نە خراپ)، کە بابەتی ساماڤیدان و لێرەشدا مەبەست لەوەیە کە بۆ گەیشتن بە هاوسەنگی، دەبێت پەیوەستبوون فڕێبدرێت و مرۆڤ تەنها خۆی بداتە دەست ئەو شەپۆلە کەونییە کە لەژێر ناوی خوداوەنددا بوونی هەیەو بەمەش هارمۆنییەت بەدەست دێت. هەر بۆیە دەبینین کە ساما ڤیدا بە جوانترین و هاوسەنگترین شێوە داڕێژراوەو بە شێوازێکی زۆر هارمۆنیش دەخوێنرێتەوەو وشەی (ساما)ش بە مانای هاوسەنگ دێت.

**چوارەم** ئاراستەناردنی ریگ ڤیدایە لەسەر دەستی (پیلا) بۆ باکوور کە دەلالەت لە خودی خودا خۆی دەکات و ریگ ڤیداش تەنها ڤیدایەکە نزیکترین پەیوەندی تیادا لەگەڵ خوداوەند دەبینرێت، چونکە لە زەمەنی تریتایوگەدا نووسراوەو ڕیشیەکان ویستوسانە ڕاستەوخۆ خودا لە هەموو جێیەک ببینن و ئەویان لە هەواو ئاگرو ئاوو خاک و باران و هەورەبرووسکەو تیشکی ڕووناکی و خۆرو بەرەبەیان و شەوو مردن و ژیان و بەگەهەواو زۆر شتی تردا ستایش کردووە.



# باسی سێهەم
# ڤیدا و مەکتەبە ڤیداییەکان

ئێمە نامانەوێت لێرەدا باسی ئەو مەکتەبە نوێیانە بکەین کە لەسەر ڤیداکان دامەزراون، یان لێکدانەوەیان بۆ ڤیداکان کردووە یان ڕێرەوێکی فەلسەفیان لەسەر یەکێک لە تیۆرو زانست و مەفهومەکانی ڤیدا دروست کردووە، بۆ نموونە وەکو (ماهاتما گاندی[٣٥] و شانکاراچاریاو سوامی پرابهوپادا و ڤیڤەکاناداو کریشنامورتی و تاگورو هتد)... بەڵکو دەمانەوێت قسە لەسەر ئەو مەکتەبە ڤیداییە دێرینانە بکەین کە بوونە هۆی ڕێکخستنی هەر چوار سامهیتاکە لە مێژوویەکەوە کە هێشتا نووسینەوەی سامهیتاکانی ڤیدا نەهاتبوونە گۆڕێ و هیچ دەقێکی نووسراو بوونیان نەبوو.

ڕیگ ڤیدا کۆنترین و بەناوبانگترین و هەمەگیرترین ڤیدایە ( س ٢. ل ٢٥) و پێش کۆچی ئاریەکان بۆ هیندی گەورە نووسراوەو سەر بە مەکتەبی شاکلا (Shakla)یە.

(ڕۆبەرت هیوم) کە لێکۆڵەرەوەی مێژووی دینەکانە لە یەکێک لە باسەکانیدا دەڵێت: "ڕیگ ڤیدا کۆنترین کتێبی دینییە لەناو هەموو دینە زیندووەکانی جیهاندا". (س ٦، ل ٤٧، پەڕەگرافی دووەم).

ڤیداکان لەلایەن بنەماڵە ڕۆحانییەکانەوە کۆکرانەوەو (شاکلا) یەکێکە لەو بنەماڵانە کە ڕێرەوێکی فەلسەفی تایبەت بە خۆیان هەبوو. مەتنی پیرۆزو گەورەی (یۆگاڤاشیستا) یەکێکە لەو مەتنانەی کە هیندیەکان پێیان وایە سەر بە ڕیگ ڤیدایە، ئەمە بێجگە لە دەیان (ئوپانیشاد)ی دیکە کە دەگەڕێنەوە

---

٣٥ - بۆ شارەزابوون لە بیروڕای گاندی دەربارەی ڤیداو زانستە ڤیداییەکان بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

The Systems of Indian Philosophy
.By :V. R. Gandhi، B.A.، M.R.A.S
Barrister-at-Law . Edited By
Dr. K. K. Dixit. Research Officer
L. D. Institute of Indology

سەر ڕیگ ڤیدا.

ئەو ڕیشی و پیاوە پیرۆزانەی لە نووسینەوەی ڕیگ ڤیدا دەستی باڵایان هەبووە، بریتین لەم ڕیشیانەی خوارەوە:

ئانگیراس Angiras، ماندالای شەشی ڕیگ ڤیدای نووسیوە.

کانڤا kanva، ماندالای هەشتی نووسیوە.

ڤاشیستا Vashistha، ماندالای حەوتی نووسیوە.

ڤیشڤامیترا Vishva mitra، ماندالای سێی نووسیوە.

ئاتری Atri، ماندالای پێنجی نووسیوە.

بەرگوو Barghuu، چەند سوکتایەکی نووسیوە.

کاشیاپا Kashyapah، بەشێک لە ماندالای نۆی نووسیوە.

گرتساماد Grtsamad، ماندالای دووی نووسیوە.

ئاگاستیا Agastya، 316 سوترای نووسیوە.

بهاراتا Bharata، 170 سوترای نووسیوە.

پاش ڕیگ ڤیدا، لەڕووی مێژوویی و بابەتیەوە، هەروەها لەڕووی پیرۆزیەوە ساماڤیدا دێت کە سەر بە سێ مەکتەبی گرنگە ئەوانیش (جەیمینی)و (گۆوتوما)[٣٦]و (ڕانایانییە)[٣٧] ن. ئێستا لە هیند بە چەند جۆرێک ساماڤیدا دەبینرێت کە هۆی ئەوەیە کەمێک ئەم مەکتەبانە لە یەکتر جیاواز بوون لەڕووی دەربڕینەوە، بەڵام هێشتا ساماڤیدا خاوەنی هاوسەنگی زمانەوانی و مۆسیقی خۆیەتی.

یاجورڤیداش ئەو ڤیدایەیە کە ڕۆحانییەکان (ئەدڤاریوەکان)[٣٨] لە قوربانییەکاندا دەیخوێننەوە. ئەم تێکستەی ڤیدا پاش ساماڤیدا نووسراوەو کۆکراوەتەوە. یاجورڤیدا دوو بەشی هەیە کە بە یاجورڤیدای سپی و یاجورڤیدای ڕەش ناوزەد کراون. یاجورڤیدای سپی لەلایەن مەکتەبی (مادهیم دینا)[٣٩] و (کانڤە)[٤٠] وە

---

٣٦ - Gauthama

٣٧ - Ranayianya

٣٨ - Advaryus

٣٩- Madhim dina

٤٠ - kanava

کۆکراوەتەوەو نووسراوەتەوە. یاجورڤیدای ڕەشیش لەلایەن چوار مەکتەبەوە کۆکراوەتەوە کە مەکتەبی (کاتا)[٤١] و (کاپیشتالا)[٤٢] و (میتڕایانا)[٤٣] و (تایتریا)[٤٤]ن.

ئاتەرڤەڤیداش تازەترین ڤیدایەو پاش کۆچی ئاریەکان نووسراوەو تا ڕادەیەک لەژێر کاریگەری فەرهەنگ و فەلسەفەی تانتریکی سندیدایە[٤٥] و لە دوو مەکتەبەوە بەجێماوە کە (پەی پالاد)[٤٦] و (شۆونەکە)[٤٧]ن.

---

٤١ - Kathah

٤٢ - Kapishtalah

٤٣ - Mitrayana

٤٤ - بڕوانە (س١٣. م ٢. ل ٧٤٠-٧٤١).

٤٥ - فەلسەفەی تانترا پێش هاتنی ئاریەکان بۆ هیند بیروڕای تایبەتی سندییەکان بووە کە خاوەنی شارستانیەتی دۆڵی سند بوون. تانتراییەکان کەمتر گرنگیان بە سروشت دەدا و زیاتر باسیان لە گرنگیی مرۆڤ دەکرد و ئەویان دەکردە قیاس بۆ بوون. بڕوانە (س ٢. ل ٢٧-٣٠).

٤٦ - Paipalad

٤٧ - Shaunakah

# باسی چوارەم

کێیە ئەو زاتەی وەکو خوێنی دڵم ئامادەیە
ئەو شەرابە، ساقیە، یا خوێنی سووری بادەیە
جەننەتی وەسلە وەیا فیردەوسی هیجران و فیراق
ئەشقی پەنهانە وەیا دڵداری جوان و سادەیە [48]

## ڤیداکان لە چی دەدوێن؟

هەموو ڤیداکان لە دەوری یەک مەسەلە دەسوڕێنەوە ئەویش ئازادکردنی مرۆڤە، واتە مۆکشا (Mooksha)، بەڵام هەریەک لە ڤیداکان لە ڕوانگەیەکەوە مەسەلە کە باس دەکەن و چارەسەر دەکەن و لەهەمانکاتیشدا لە هەریەک لە ڤیداکاندا چەند پلەیەک لە قۆناغی چوون بەرەو ئازادبوون لێکدراوەتەوەو کێشەو گرفتەکانی باس کراوەو بەشێک لە چارەسەرەکەشی ڕوون کراوەتەوە. ئەو پلانەش کە ڤیداکانیان لەسەر نووسراوە، پەیوەستن بەوەی کە تا چ ئاستێک دووردەکەونەوە لە دێرینترین مێژوو کە تیایدا یەکەم ڤیدا، واتە ڕیگ ڤیدا دەستی پێ کرد. لەبەرئەوەی تا لە زەمەنی ساتیە دوور بکەوینەوە حەقیقەتی باڵا (خودا) زیاتر شوێنی خۆی بۆ حەقیقەتی ڕێژەیی (مرۆڤ) چۆڵ دەکات، تا ڕۆژێک کە مرۆڤیش ئەم شوێنە بە جلی بەریەوە پێشکەش بە تەکنەلۆژیاو بێ باوەڕی (تەنانەت بە خۆیشی) دەکات.

من لە داهاتوودا هەوڵ دەدەم بەگشتی و بەڕوونی باسی بابەتی هەڵبژێردراوی ڤیداکان بکەم.

سەرەتا لە سامهیتای ڕیگ ڤیداو، ڕیگ ڤیداوە دەست پێ دەکەم و پاشان دەچمە سەر باسی ڤیداکانی دیکە.

ڕیگ ڤیدا باس لە هێزە سروشتیەکان و خواکانی هیندۆی وەک ئاگنی (ئاگر)

---

٤٨ - ئەم هۆنراوەیە بەشێکە لە هۆنراوەیەکی درێژ کە لە بەرواری (٢٠٠٧/٩/٣)دا نووسیومە.

و سوریا (خۆر)و ئوشا (بەرەبەیان)و پوڕوشا (ڕۆح )و ڤیشڤاکارما (پێکهێنەر) و پاڕاماتمان (ڕۆحی گەورە)و ڕودرا (هەورەبروسکە)و هیرانیاگاربها (هێلکەی ئاڵتوونیی) ڤاروناو ئیندرا هتد... دەکات و گەلێک ستایش و دوعاو پاڕانەوەی تێدایە بۆ هێزە سروشتیەکان و خواکان[٤٩]، ئەمە سەرەڕای ئەوەی گەلێک بابەتی فەلسەفی تیایدا وروژێنراوە کە پەیوەستن بە بیرکردنەوە لە دروستبوون و مردن و ژیان و عیبادەت و پاداشت و سزاو دووبارە لەدایکبوونەوەو گەیشتن بە کەماڵ و حەقیقەت و حیکمەت و مەعریفەوە، بۆ نموونە لە ماندالای (١٠) ی ڕیگ ڤیدادا هاتووە[٥٠] :

(ڤیشڤاکارما پاڕاماتمانە،

ئەو زانایە بە هەموو شتێ.

دەمی و بازووەکانی و قاچەکانی لە هەموو شوێنێکن.

ئەو پاراماتمانە کە سێ جیهانەکەی دروست کردووە[٥١].

ئەو بەدەست و قاچی خۆی ئاسمان و زەوی لە یەک کاتدا دروست کردووە.

ئەو مەزنترین و تاکە خوداوەندە کە چاودێری بەڕێوەچوونی کارەکانی گەردوون دەکات.

ڤیشڤاکارما گەورەی هەموو مارووتەکانە،

ئەو خێرایە وەکو خێرایی بیرکردنەوە.

ئێمە بانگ لە ڤیشڤاکارما دەکەین بۆئەوەی بمانپارێزێت لە کاتی جێبەجێکردنی قوربانییەکاندا.

ڕەنگە قوربانییەکەمان لێ وەربگرێت و پارێزگاریمان پێ ببەخشێت، ئەوسەرچاوەی هەموو شادومانییەکەو سەرچاوەی هەموو کارێکی دادپەروەرانەیە).

بەگشتی وتاری ڕیگ ڤیدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

---

٤٩- لە پاشدا باسی وشەی خواکان دەکەین.

٥٠ - ڕیگ ڤیدا تەنها دە ماندالایەو ماندالای (١٠) بە گرنگترین ماندالای ڕیگ ڤیدا ناوزەد دەکرێت، چونکە سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێک مانترای گەورە لەخۆ دەگرێت خاوەنی ناوەڕۆکێکی فەلسەفیی قوڵیشە.

٥١ - هەمیشە دەست و قاچ لە ڤیداکان و تاڕادەیەکیش لە ئوپانیشادەکاندا بە مانای هێزو کار هاتووە.

پاش ئەوەی تێکستەکە دابەش کراوەتە سەر (١٠) ماندالا، هەر ماندالایەک دابەش دەبێتە سەر چەند بەشی بچووکی دیکە کە ناویان سوکتایە.

بە نموونە ماندالای یەک سەرەتا بە ستایشی ئاگنی (خودا لە شێوەی ئاگردا) دەست پێ دەکات. پاشان ستایشی ڤاروناو دواتر ستایشی ئاشڤینی و ئیندراو ڤیشڤادێڤاس و ڤایوو و ساڤیتری و برەهماو پوشاو ڕودراو هتد...

لە ماندالای دوودا پاش ئەوەی دیسان ستایشی ئاگنی و ڕودرا و ئیندرا و هەندێک ناوی دیکە کراوە، چەند سوترایەک تایبەتە بە ستایشی marووتەکان و سۆماو کاپینجالاو چاندڕا (مانگ)و ڤاریەکان و هتد...

ڕیگ ڤیدا یەکێکە لە دەوڵەمەندترین ڤیداکان لەڕووی ناوەڕۆک و زیاتر گرنگی بە سروشت و دەرکەوتەی خوا لە سروشتدا دەدات لەڕووی ڕۆحیەوە.

ئاتەرڤەڤیداش کە دوایین ڤیدایە زیاتر باسی تەلیسم و دوعاو هونەری شەڕ (دهانورڤیدا)و هونەری ژیان (ئایورڤیدا)و هونەری مۆسیقا (گاندهارڤاڤیدا) دەکات و مانتراکانی ئەم ڤیدایە بۆ لابردنی ڕقی خواکان و نەخۆشی و هەژاری و شەڕی ئاژەڵ و گیاندارو مرۆڤەکانی دەوروبەرمانە. بۆ نموونە هەندێک لە سوتراکان تایبەتن بە چارەسەری نەخۆشی و شێتی لە ڕێگەی گیاکان، یان کۆنترۆڵی شەیتانەکانەوە کە بە بایشاگیاکنی (Bhaishagykne) بەناوبانگە و ئەو ناوەش ناوی ماندالای یەکی ئاتەرڤەڤیدایە. ماندالای دووی ئاتەرڤەڤیدا لەژێر ناوی ئایوشیانی (Âyushyâni) دایەو تایبەتە بە درێژیی تەمەن و تەندروستی. ماندالای چوار تایبەتە بە ئافرەتەوە کە بە ستریکاتانی (Strikaratâni) ناودەبرێت. هەندێکی دیکە تایبەتن بە سەرلێشێواندنی دوژمنەوە لە مەیدانی جەنگدا کە دوعان بۆ خوداوەند (ڕودرا – Rudra) و خوداوەندی ئاگر (ئاگنی – Agni)و خوداوەندی هەورەبروسکە (ئیندرا – Indra).

ساماڤیدا بەپێچەوانەی ڕیگ ڤیداوە زیاتر کار لەسەر دونیای ماددی مرۆڤ دەکات تا دونیای ڕۆحی و جیهانی باڵا.

هەرچی ساماڤیدایە پێکدێت لە کۆمەڵێک مانتراو نزای زۆر بەهێزو تەنها گوێگرتن لێیان دەتوانێت وزەیەکی گەورە بداتە مرۆڤ، چونکە هەموو وشەو مانتراکانی بەشێوەیەک لەلایەن ڤیاساوە ڕێکخراون کە هێزێکی ڕۆحی زۆر

دەبەخشن. هەروەها باسی ستایشی زۆر لە خوداوەندەکان لەم ڤیدایەدا دەبینرێت و تاڕادەیەکیش تیایدا مرۆڤ خراوەتە بەر لێپرسراویەتێکی گەورە، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ جوانترین دەرکەوتەی خوداوەندە لەسەر زەوی.

یەکەم باس و نزای ساماڤیدا بە ستایشی ساڤیترا یان ساڤیتری دەست پێ دەکات و داوا دەکات زیاتر ڕومان تێبکات. ساڤیترا خودایە کاتێک خۆی لە ڕووناکیدا دەردەخات بۆ مرۆڤ.

یاجورڤیداش سێهەم ڤیدایەو لە دوو بەش پێکدێت، یاجورڤیدای ڕەش کە تایتریا (Taittiriya)ی ناوەو دووەمیان یاجورڤیدای سپیە کە پێی دەوترێت ڤاجاسانیا (Vajasaneyi). یاجورڤیدا لەلایەن شری ڤیاساوە دراوە بە ڤیاسامپایاو ئەویش یاجوری فێری (٢٧) موریدو قوتابیەکەی خۆی کردووەو لەو (٢٧) کەسەوە یاجورڤیدای سپی و ڕەش پەیدا بوو.

یاجورڤیدا وەک تێکەڵەیەک لە بیروڕای ئاری و هیندیەکانی دۆڵی (سند) دەردەکەوێت. تیایدا هەم مرۆڤ و هەم سروشت لە پلەیەکی زۆر گەورەدا خراونەتە ڕوو. واتە ئەگەر ڕیگ ڤیدا بەتەواوی باسی بوون و خودای کردبێت، ئەوا یاجورڤیدا باسی مرۆڤی جیهانی واتە (ڤیشڤانارا) دەکات و ڕێگەگەلێکیش فەرموو لێ دەکات کە بە گەیشتن بەو مرۆڤە خوداییە یان خودا مرۆییە کۆتایی پێ دێت، ئەمەش ڕێگەخۆشکردنە بۆ بەدەستهێنانی کەماڵ کە بە توانەوە لە تاقانەیاردا کۆتایی پێ دێت.

# باسی پێنجەم

خۆت وەرە ئەی یوسفم یا ڕاهی میسرم ڕێ بدە
ئەی زولە یخا تۆ، ئەسیرت من، هەزاران ساڵ لەلات
ڕوویی خۆت دەرخە وەکو خۆری چ خۆرێ وای لە تۆ
قەت نییە تەشبیهی جوانی تۆ و فیراقی سالە هات[٥٢]

## تەمەنی ڤیدا

پێش هەموو شتێک گرنگە بزانین ڤیداکان زادەی کەسانێکن کە لە ژیانێکی سروشتیدا ژیاون بەو مانایەی ئەوان گیرۆدەی دەستچنەکانی خۆیان نەبوون. واتە هاتنی ڤیداکان پێش شۆڕشی تەکنەلۆژی و شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی چەکی کۆکوژو دووربینی ئەلکترۆنی و گلۆپ و کارەبا بووە. هەربۆیە دیاریکردنی مێژووی ڤیدا خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە تەخمینکردن نەک زیاتر. ئەم مەتنە پیرۆزانە تەمەنێکی درێژیان هەیەو هەندێک لە زانایانی وەک (تیلاک) دەیگەڕێننەوە بۆ (٦٠٠٠)پێش زایین (س ٩، ل ١٩)، هۆوگۆ (Hougo) پێی وایە مێژووەکەیان (١٤٠٠)ی پێش زایینەو هەندێکی دیکەی وەک جاکوب (Jakob) دەیگەڕێننەوە بۆ (٤٥٠٠) ساڵ بەر لە لەدایکبوونی عیسای یەسوع. (ڕۆبەرت هیوم) مێژووی ڤیداکان بە زیاتر لە (١٥٠٠) ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسا باس دەکات[٥٣]. (بیبێک دێبرۆی)و (دیپاڤالی دێبرۆی)

---

٥٢ - ئەم هۆنراوەیەم لە (٢٠٠٩/١/١٣)دا نووسیوە، سەرەتاکەی بەم چەند دێڕە دەست پێ دەکات:

ئەی نەسیمی سوبحی ئومێد ئەی هەتاوی گشت وڵات
ئەی سەراپا میهر و خۆشی، ئەی وجودی کائینات
ئەی تەجەللی بوون و دەرکەوتەی بەهاری ئەم دڵەم
پێت بەخێر بۆ کۆشکی ڕۆحی تازە شادی کۆنە مات

٥٣ - بڕوانە (س ٦، ل ٤٣)

پێیان وایە ماوەی تەواوبوونی ڤیداکان لەنێوان ساڵانی (٤٠٠٠-١٠٠٠پ.ن) دایە[٥٤]، (ماکس مۆلێر) پێی وایە مێژووی ڕیگ ڤیدا کە کۆنترین ڤیدایە دەگەڕێتەوە بۆ (١٧٠٠ بۆ ١١٠٠) پێش زایین، بەڵام زۆرینەی لێکۆڵەرەوان بە (دێڤید فراولی) و (پرۆفیسۆر فیورشتاین)یشەوە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە ڤیداکان لە (٤٠٠٠ بۆ ٦٠٠٠) ساڵ پێش ئێستا تەواوبوون لە نووسینەوە.

لە ڕاستیدا دیاریکردنی مێژووی تێکستگەلێکی لەو جۆرە کە بەسەدان خورافەو بیروڕای ئایینی[٥٥] و مێژوویەکی دێرین دەورە دراوە کارێکی ئاسان نییەو پێم وابێت تاوەکو ئێستا ئەو کارە، واتە دیاریکردنی مێژووی ڤیداکان بەتەواوی ئەنجام نەدراوەو ژمارەکان تەنها تیۆریەک زیاتر نین.

بەهەرحاڵ لە بنچینەدا ئاریەکان کەسانی یەکەم بوون لە نووسەرەوەکانی ڤیدا، بەڵام پاش کۆچی ئاریەکان بۆ هیندی کۆن، بوومیەکانی دۆڵی سندیش کاریگەری خۆیانیان نواند لەسەر نووسینەوەی ڤیداکان و ئەو کاریگەریەش زیاتر لە یاجورڤیداو ئاتەرڤەڤیدادا دەرکەوت.

سوامی مادهاڤاناندا کە یەکێک لە لێکۆڵەرە ڤیداییەکانە لە کتێبی (ڕێگەی یۆگا)دا وەها لەسەر دۆڵی سند دەدوێت:

---

٥٤ - هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٠.

٥٥ - لێرەدا بە مەبەست خورافەو بیروڕای ئایینیم بە جودا باس کردووە. ئێمەی مرۆڤ کەیفمان بەوە دێت شتەکان بە زیادەوە باس بکەین، بۆ نموونە (١٠) خولەک لەڕێی کەسێک دەوەستێت و دەڵێیت لە بەیانییەوە لەڕێت وەستاوم، ئەم جۆرە زیادەڕەوییە کە لە عەرەبیدا بە (صیغة المبالغة) باس کراوە تەنها لەبەرئەوەیە بەرامبەر بخەینە باری سەرسوڕمانەوە، یان هەندێکجار خورافە دینییەکان مەبەستی بازرگانی و ناووناوبانگی لە پشتەوە بووە، هەربۆیە لەلای زۆرینەی کەسە ئایینیەکان بەهۆی بەرزی ئیمان و نەزانی خۆیانەوە دەکەونە ئەم موبالەغانەوە لەسەر بیروڕاکانیان و ئەو کەسانەی هەڵگری بیروڕاکانی ئەوانن وەک پێغەمبەرو پیاوچاک و کەسانی دانا. ئەوەتا کەسانێک ستایشی کەسێکیان کرد کە لە جەنگی دژە بێباوەڕدا لە پاڵ پێغەمبەری ئیسلامدا (ﷺ) جەنگابوو، بەڵام پاش کوژرانی ئەو کەسە پێغەمبەری ئیسلام پێی وتن کە ئەو لە دۆزەخدایە، چونکە بۆ دزی هاتووە نەک بۆ جیهاد. لەوانەیە ئەو کەسە ئێستا مەزاریان بۆ هەڵبەستبێت وەک ئەو هەموو مەزارەی لە کوردستان هەیەو خەڵکی بە کوێرانە ستایشیان دەکەن. ئایینی هیندۆیزم هەڵگری ڤیداکان خاوەنی زۆرترین خوڕافەن کە لە ڕاستیدا ئەم خوڕافانە دوورن لە ئایینی تەواوەوە.

( شارستانیەتی دۆڵی سند کە پاشماوەکانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دۆزرایەوەو پێشینەی دەگەڕێتەوە بۆ (٢٥٠٠) ساڵ پێش زایین. ئەم شارستانیەتە دێرینە بۆ یەکەمجار لە شوێنێک بەناوی (مۆهەنگۆدەرو) (گردی مردووەکان) لە دۆڵی (لەرکانا) لە پاکستانی ئەمڕۆ دۆزرایەوە. دواتر چەند بەشێکی تر لەم شارستانیەتە لە شوێنێک بەناوی (هاراپا) لە دەشتی (پەنجاب) دۆزرایەوە. ئەم شارستانیەتە لە ناوچەیەکی بەرفراواندا بڵاوبۆتەوەو دەشتی پەنجاب و سند تاکو ڕاجستانی باکوورو ناوچەی کەتیاوەری لە هیندی ڕۆژاوا لەخۆ گرتووە. دواتر پێشەنگی ئەم شارستانیەتە یان لە ئاوەدانی بن کێوەکانی بلوجستان دۆزیەوە کە ناسراوە بە کەلتوری نال (Nal)و کولی (Kulli). ئەم شارستانیەتە بەپێی نووسراوو کەلتوری شارنشینی شارستانیەتێکی درەخشان و پێشکەوتوو بووە. دانیشتووانی ئەم ناوچەیە لەگەڵ دانیشتووانی کەنارەکانی دیجلەو فوڕات لە ڕۆژاوای ئێران پەیوەندیی بازرگانیان هەبووەو ئیشی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریان کردووە. ئەوان زۆر لە کانزاکانی وەکو ئاڵتون و زیوو مس و قەلع و ڕەڤ و مومزعیان دەناسی)[٥٦].

هەروەها سوامی مادهاڤاناندا دەڵێت:

(هێندێک لە لێکۆڵەران وەکو (هۆڕنی) بەپێی لێکۆڵینەوەکانیان باوەڕیان بەوەیە ڕەچەڵەکی شارستانیەتی دۆڵی (سند) کاسیەکان بوون، واتا ئەو ڕەگەزە ئارياییەی کە دانیشتووانی کەنارەکانی دەریای خەزەر بوون. ئەو نەتەوەیە لەگەڵ کۆچکردنیان بۆ لای ڕۆژئاواو باشوور کەلە کۆتایی هەزارەی چوارەم و سەرەتای هەزارەی سێهەمی پێش زاییندا ڕوویداوە. لەلایەکەوە بۆ ئاسیای بچووک (تورکیا)و بەینەلنەهرەین تا کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی میدیترانەو لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ئێران و هیند تاکو دەشتی پەنجاب و دۆڵی سند کۆچیان کردووە)[٥٧].

بەو بەڵگەیەی کە ئاریەکان پێش کۆچی خۆیان ڤیدایان نووسیوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ڤیدا مێژوویەکی دێرینی هەیەو نووسەرانی ڤیداش بەڕاستی کەسانی داناو شارەزابوون لە مرۆڤ و نهێنییەکانی مرۆڤ و کەون و خوداوەندو

---

٥٦ - بڕوانە (س٢، ل ٢٣).

٥٧ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤

تەنانەت بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگەشدا، چ ئەوانەی کە لە مەنزڵی یەکەمی خۆیان ڤیدایان نووسیوەو چ ئەوانەش کە پاش هاتنیان بۆ دۆڵی سند بەشداریان لەم گەیاندنەدا کرد.

هەموو ڤیداکان بەشێوەی نووسینی خوایی یان (دیڤاناگاری–Divanagari) و بە زمانی ڕەسمیی هیند نووسراونەتەوە کە سانسکرێتیە و یەکێکە لە زمانە زۆر کامڵەکان و تاوەکو ئێستاش زمانی یاسایی و ئاییینی هیندو ڤیدایە. ئەم زمانە هێندە پیرۆز بووە کە تەنها پیاوانی ئاییینی بۆیان هەبووە شتی پێ بنووسن و ڤیداکانی پێ بخوێنن و کەسی دیکە نەیتوانیوە قسەی پێ بکات تا چەند سەدەیەک لەمەوبەر کە بوو بە زمانی ڕەسمیی هیندستانی گەورە. تێکستەکانی ڤیدا سنگ بە سنگ بەم زمانە پارێزراون و مورید لە مورشیدەوە وەریگرتووە، هۆکاری سەرەکی ئەم ئاسان گواستنەوەیەش ئەوەبووە کە ڤیداکان بەشێوەی هۆنراوە نووسراون و لەبەرکردنیان ئاسان بووە. بەهەرحاڵ ڤیداکان تەنها پاش چەند سەدەیەک یان زیاتر لە کامڵبوونیان نووسرانەوە. واتە شێوەی هاتنی ڤیداکان تا کاتی نووسینەوەیان بە شێوازی هونەری لە بیرنەکردن بووە کە پێی دەوترێت (Elaborate mnemonic systems).

ڤیداکان زۆر بابەت لەخۆ دەگرن، هەر لە باسکردنی دروستبوون و لەناوچوون تاوەکو باسی هەسارەکان و پەیوەندیی نێوانیان و کاریگەریان لەسەر مرۆڤ و ژیان، هەروەها هاتنەوەی جارێکی دیکەی مرۆڤ بۆ سەر ژیان و مەبەستەکانی ژیان و پێدانی خێرو صەدەقە (دینە–Dinah)کان و پاشان هونەرەکانی جەنگ و ئاشتی و تەنانەت قوربانی بۆ خواکان و هێزە سروشتیەکان و چۆنیەتی وتنەوەی مانتراکان و ئەنجامدانی تەلیسمە تایبەتەکان بۆ خۆپارێزی لە بەڵای ناوەختی دەوروبەرو گیاندارو هێزی جنۆکەو شەیتانەکان و هتد...

، بەڵام گرنگترین کۆباسی ڤیداکان بابەتی یەکێتیی بوون (وحدە الوجود)ە کە وا دێتە بەرچاو بنەمای هەموو فەلسەفە ڤیداییەکان بێت. بەپێچەوانەی زۆر کەسەوە کەوا هەست دەکەن بەو بەڵگەیەی ڤیداکان باس لە خواکان دەکەن، چەند خواپەرستی یان بتپەرستی ڕێنوێنی دەکەن. باسی گرنگ و سەرەکی ڤیداکان هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە خوداوەندی تاقانەو لەناوبردن و زاڵبوون

بەسەر ئەو کۆسپ و تەنگوچەڵەمەو ڕێگرانەدا کە دێنە سەر ڕێی ئەو سلوک و مەبەستە سەرەکیە کە بە ئازادی لە نەفسی تاکە کەسی کۆتایی دێت.

بەگشتی ڤیداکان دەوڵەمەندترین و کۆنترین تێکستی ڕۆحی و فەلسەفی و ئەخلاقی و زانستیی هیندین کە لەسەر زەوی بوونیان هەبێت، چونکە باس و خواسەکانی نێویان گشتگیرو فراوانەو بە زمانێکی تەواو (وێنەیی) ش باس کراون و لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە هەموو ڤیداکان بەشێوەی هۆنراوە نووسراونەتەوە کە مرۆڤ دەتوانێت چێژێکی تایبەتی لە خوێندنەوەیان وەربگرێت و بە خوێندنەوەیان سەرسام دەبێت بە سەلیقەی شاخ ئاسای ڕیشییە هیندیەکان کە ڕیگ ڤیدایان گەیاندە نەوەکانی دواخۆیان بەو هەموو وەزن و قافیەو ماناو ڕەمزو نهێنییەوە کە هێشتا مێژوو شتێکی دیکەی وای بەخۆیەوە نەبینوە.

# باسی شەشەم
# ناهاوزەمەنی و بەربڵاویی جوگرافی

ڤیداکان لەلایەن کەسێکی تایبەتەوە یان پێغەمبەرێکەوە نەنووسراون، بەڵکو زادەی سەدەگەلی جۆراوجۆرو شوێنگەلی جیاوازن و کەسانی جیاواز دەستیان هەبووە لە نووسینەوەو گەیاندنی ڤیداکاندا، بۆ نموونە تەنها لە نووسینەوەی ڕیگ ڤیدادا ئەم ڕیشیانەی خوارەوە بەشداربوون کە لە ڕیزی دانایان و فەیلەسووفانی ڕۆحانی ئەم سەردەمە جیاوازانە بوون:

"شری مادیوچاندا، میداتیتهی، هیرانیاستوپا، دیرگاتاما، ڤیشڤامیترا، ڤامادیڤا، گریتسامادا، ڤاسو شروتا، شرودا ڤیداتریا، شیاڤاشڤا، بۆومۆتری، بهارەدڤاجایا، ڤاشیستا، کاناڤا، شروتاباندو، ڤیپراباندا، گۆپیانا، پریامیدا، بهوڤانا، نارایانا، ئورڤاشی، پروڕەڤا، بیشاگ، شاچی، دیڤاموونی، دوراڤا ئەنگی ڕاسا، ڕیشبای، ئەنگی ڕاسا).

ئەمانە هەموویان کەسانی داناو عارفگەلێکی گەورەی سەردەمی ڤیداکان بوون. بەدەر لەمە شوێنی نووسینەوەی ڕیگ ڤیدا ئێرانی کۆنە، بەڵام شوێنی نووسینەوەی ئاتەرڤەڤیداو یاجورڤیدا هیندی کۆنە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە ڤیداکان وردەوردە کامڵ کراون[٥٨]، چونکە وەک لێکۆڵەرەوەو ڕۆحانییە هیندیەکان دەڵێن، ڤیداکان بە وەحی نەهاتوونەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەرێک، بەڵکو بەشێوەی (شروتی –Shruti) کە جۆرێکە لە موشاهەدەو لە ڕێگەی چاودێرییەوە (قووڵبوونەوە بە ناخدا –Dhyana)[٥٩] دراونەتە ئەو کەسانەی

٥٨ - لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم تێکستانە لە زەمەنی جیاواز و شوێنی جیاواز و لەسەر دەستی کەسانی جیاواز نووسراونەتەوە، بەڵام هەموویان تەواوکەری یەکترن و باس لە گەیشتن بە یەک مەبەست دەکەن وەک ئەوەی هەموویان پێکەوە ڤیداکانیان نووسیبێت.

٥٩ - دهیانا بە زمانی تەسەوف پێی دەوترێت موراقەبە. ئەو پلە ڕۆحیە زانایانی دەروونناس پێی دەڵێن پلەی نیوەبێداری، واتە کەسەکە نەخەوتووەو نەخەبەرە، یان باشترە بڵێم هەم خەوتووەو هەم خەبەرە. یۆگییەکان بەم پلەیە لە ئاگایی دەڵێن (سۆشۆپتی) و بە ڕێگەیەکی زۆر گەورەو پیرۆز باسی دەکەن و دەڵێن تەنها ڕێگەی گەیشتن بە خواوەند ڕێگەی دهیانایە کە هەموو دینەکان کاری بۆ دەکەن.

له خوداوەندەوە نزیک بوون و بە دانا یان فەیلەسووف یان خاوەن حیکمەت بەناوبانگ بوون. هەرچەند لە هیندی کۆن وشەی فەیلەسووف بەکارنەهێنراوەو ئەم وشەیە زادەی یۆنانەو هەر لە یۆنان و ئەوروپاش زیاتر ڕەواجی پەیدا کردووە، بەڵام وشەی فەیلەسووف بە واتا ئەفلاتوونییەکەی هەمان وشەی (ڕیشی) یان (حەکیم) دەگرێتەوە. ئەوەتا ئەفلاتوون لە جمهوریەکەیدا لەسەر زمانی سوقراتەوە دەڵێت:

"ئەوانەی بێ بەشن لە تێگەیشتنی وجودی ڕاستەقینە، ناتوانن یاسای ڕێکوپێکی و دادپەروەری و چاکە ببینن کە لە جیهاندا هەیە، چونکە ئەمانە نە لە ناوەوە هێزو توانایان بۆ پەیبردن بەو یاسایانە هەیەو نە دەتوانن حەقیقەتی ڕەها ببینن..."[٦٠].

هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا ڕاشکاوانە دەڵێت:

(فەیلەسووفەکان کەسانێکن کە وجودی ئەبەدی و نەگۆڕ دەناسن و ئەوانەی بێ توانان بەرامبەر ئەم دەرکە، و لە کەسرەت و گۆڕاندا سەرگەردانن، شایستەی ئەم ناونیشانە نین)[٦١].

واتە چ فەیلەسووف، چ داناو ڕۆحانی کەسانێکن کە دەتوانن خۆیان بۆ حەقیقەت بکەنەوە تا حەقیقەت لەوانەوە بێتە قسەو ببنە بێژەری ڤیدا یان حیکمەت.

٦٠ - بڕوانە ئەم سەرچاوە فارسییە: جمهوری افلاطون. مترجم/ فواد روحانی. چاپ نهم ١٣٨٣. ل ٣٣٦

٦١ - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٥.

# باسی حەوتەم
# دابەشبوونی ڤیداکان

هەروەک چۆن قورئان دابەش دەبێتە سەر چەند بەشێکی وەک بەشی یەکتاپەرستی و بەشی پەرستشەکان و بەشی کاروباری کۆمەڵایەتی، و هەندێک لە سورەتەکان زیاتر لەسەر سەرگوزشتەو گێڕانەوەی چیرۆکەکانی کۆن کار دەکەن. ئاوەهاش هەر ڤیدایەک لە ڤیداکان دابەش دەبنە سەر چوار بەش کە هەریەکەیان پەیامێک لە پەیامەکان دەگەیەنن بەشێوەی تایبەتی خۆیان، بەشەکانیش سامهیتاو برەهماناو ئارانیاکاو ئوپانیشادەکانن. لە خوارەوە بەکورتی باسی هەریەکیان دەکەم:

١. مانتراکان، یاخود Samhitas:

ئەم بەشەی ڤیدا دوعاو نزاو ستایشی هێزە سروشتیەکان و خوای تاقانەیە. سامهیتاکان لە شێوەی هۆنراوەی ڕێکوپێک و لەسەر بەحری تایبەتی شیعری داڕێژراون[٦٢].

هیندیەکان پێیان وایە هەموو کەس دەبێت تا تەمەنی (٢٥)ساڵی بە ڕێکوپێکی ئەم بەشەی ڤیداکان بخوێنێتەوەو کاری پێ بکات. لە نیزامی ڤیداییدا تەمەنی هەر مرۆڤێک دەکرێت بە چوار بەشەوە کە هەر بەشەو لە (٢٥) ساڵ پێکدێت و هەر بەشەو کارو ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەرکەکان لە سەرەتادا فێربوونەو پاشان کارکردنە بەو فێربوونە لەناو خەڵکداو کۆتا پلەش دوورکەوتنەوە لە خەڵک و دابڕانە بۆ خوداوەند. سامهیتاکانی ڤیدا کۆنترین بەشێکن کە لە ڤیداکان پێکهاتوون.

٢. برەهماناکان Brahmanas:

برەهماناکان لێکدانەوەی مانتراکان و دوعا پیرۆزەکانن. هەندێک دەڵێن

---

٦٢- لە قورئاندا هاتووە: -لة قورئاندا هاتووة: الم تر كيف ضرب الله مثلا كلمه طيبة كشجره طيبة اصلها ثابت و فرعها في السماء. واتە ئایا نابینی چۆن خودا وتەی چاکی وەک درەختێکی چاک داناوە کە ڕەگەکانی داچەسپاوەو لقەکانی لە ئاسماندایە.

پەیدابوونی بڕەهمانای ڤیداکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (١٠٠٠)ی پێش زایین[٦٣]. ئەم بەشەش زیاتر وەک بەڵگەهێنانەوەیە بۆ قەبووڵکردنی ئەم قوربانی و دوعاو نزایانە کە دەکرێت. ئەوەش بزانین هیندۆکان هەموو ڕۆژێک بەیانیان و ئێواران لەگەڵ خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابووندا مەراسیمی قوربانی بۆ ئاگنی واتە (Agni Boutha) دەگێڕن و مانتراو ویردەکانی تیادا دەڵێنەوە. برەهماناکانی ڤیدا زیاتر بۆ ئەو کەسانەیە کە تەمەنی (٢٥)یان تێپەڕاندووەو تەمەنیان بەرەو (٥٠) ساڵی دەچێت و پێیان دەوترێت (گریهاستا-Grihastha).

٣.ئارانیاکا Aranyakas:

ئارانیاکا شەرحی فەلسەفی ئەو قوربانی و دوعایانەیە کە لە بەشەکانی پیشتردا باس کراون. ئەم بەشەی ڤیدا تایبەتە بە کەسانی (ڤاناپڕاستی)، واتە ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی (٥٠ بۆ ٧٥) ساڵیدان و لە ئاستی ڕۆحی (Vanaprastha) دان و پێویستیان بەوەیە کە زیاتر لەڕووی فەلسەفی و ئۆنتۆلۆژییەوە لە بابەتەکان تێبگەن، چونکە ئەمان تێکەڵ بە خەڵکی دەبن و ڕێنوێنی خەڵک دەکەن.

٤. ئوپانیشادەکان Upanishads. ئوپانیشادەکان[٦٤] :

جەوهەری زانینی ڤیداکانیان تیادا باس کراوەو بە یەکێک لە هەرە سەرچاوە گرنگەکانی مەعریفەی هیندی دادەنرێن. ئوپانیشادەکان تایبەتن بەو کەسانەی لە پلەو مەقامی (سانیاسین)دان کە کۆتا مەقامی ڕۆحانییەتی ڤیدایی و هیندیە[٦٥]. هەرچەند ئوپانیشادەکان لە ئێستادا سەربەخۆ چاپ دەکرێن و دەخوێنرێنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەموویان بۆ ڕوونکردنەوەی ڤیداکان هاتوون. هەر ڤیدایەک لە ڤیداکان خاوەنی چەند دانە ئوپانیشادێکە کە مەتاڵیبەکانیان بەتەواوی تیادا ڕوون کراوەتەوەو باس لەوە کراوە کە مەبەست لە قوربانی و بوون و عیبادەت و هتد.. چیە، بۆ نموونە (ئایتریا ئوپانیشاد)و (کوشیتکی

٦٣ - بڕوانە (س ٢٦. ل ١٤).

٦٤- Upa واتە نزیک و Ne خوار و Shad دانیشتن. واتە دانیشتن لە نزیک گورووەوە.

٦٥ - مەبەست لەوە نییە خەڵکانی دیکە ناتوانن ئەم تێکستە ڕۆحیانە بخوێننەوە، بەڵکو مەبەست لەوەیە کە ئەگەر مرۆڤ نەگاتە پلەیەکی ڕۆحانی بەرز ناتوانێت تەنها بە خوێندنەوە بگاتە حەقیقەتی نووسراوە پیرۆزەکان.

ئوپانیشاد) سەر بە ڕیگ ڤیدان، (چاندوگیا ئوپانیشاد)سەر بە ساماڤیدایە، (کاتڤالی ئوپانیشاد)و (میتری ئوپانیشاد) سەر بە یاجورڤیدان و (جابال ئوپانیشاد)و (ماندوکیا ئوپانیشاد) تایبەتن بە ئاتەرڤەڤیدا. بەگشتی ژمارەی ئوپانیشادەکان (١٠٨) دانەن کە ئەمە ناوەکانیانەو بە ڕوانین لە ناوەکانیان دەتوانین بزانین باس لە چی دەکەن:

(ئیشۆپانیشاد، کینۆپانیشاد، کاتۆپانیشاد، پراسنۆپانیشاد، مونداکۆ، ماندوکیۆپانیشاد، تایتیریۆپانیشاد، ئایتیریۆپانیشاد، چاندوگیۆپانیشاد[٦٦]، برهاد ئارانیاکۆپانیشاد، برەهمائوپانیشاد[٦٧]، کایڤالیا[٦٨] ئوپانیشاد، جابال ئوپانیشاد، سڤیتاسڤاتا، هامسا، ئارونیا، گاربا، نارایانا[٦٩]، پاراماهامسا، ئامرتابیندۆ، نادابیندۆ، سیرۆ، ئاتەرڤەسیکۆ، مایتریانی، کۆوسیتاکی، برهاج جابال، نرسیمها تاپانی، کالاگنی، مایتریی، سوبال، کسوریکۆ، مانتریک، سارڤا سارە، نیرالامبۆ، سوکا ڕاهاسی، ڤاجرا شوسیک، تیجۆ بیندۆ، نادا بیندۆ پانیشاد، دهیانابیندۆ، برەهمابیندۆ، یۆگاتاتڤا[٧٠]، ئاتمابۆدهۆ، نارادا پارڤڕجاکا، تریسیکی، سیتۆ، یۆگاچاودامانی، نیرڤانا، ماندالا برەهمانا، داکشینامورتی، سارابهۆ، سکاندا، ماهانارایانا، ئەدڤایاتاراکا، ڕاماراهاسیا، ڕاماتاپانی، ڤاسۆدێڤا، مودگالان شاندیلیۆ، پینگالا، بهیکشو، ماهاد، شاریرا، یۆگاسیکهۆ، توریاتیتا، سانیاسا[٧١]، پاراماهامسا پاریڤراجاکا، مالیکا، ئاڤیاکتا،

---

٦٦- چاندۆگیا ئوپانیشاد یەکێکە لە ئوپانیشادە زۆر گەورەکان و گەلێک لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە.

٦٧ - برەهمۆپانیشاد باس لە برەهماو چۆنیەتی هێزو دەسەڵاتی ئەو دەکات و ڕێگەگەلێک بەیان دەکات بۆ ناسینی ئەو کە بەیەکبوون لەگەڵ ئەو کۆتاییان دێت.

٦٨- کایڤالیۆپانیشاد باس لە مەقامی یەکبوونی کایڤالیا دەکات کە یەکێکە لە مەقامەکانی یەکبوون لەگەڵ حەقیقەت و باس لەوە دەکات چۆن مرۆڤ دەتوانێت بگاتە حەقیقەت، لەم ئوپانیشادەدا باس لە یۆگا کراوە کە ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت.

٦٩- نارایانۆپانیشاد ستایشی نارایان واتە خودای خودایان و گەورەتر لە هەمووان دەکات و ئەو دەڵێت کە لە هەموو جێیەک هەر ئەو هەیەو بێ لەو کەس بوونی نییە.

٧٠ - یۆگاتاتڤۆپانیشاد باسی ڕەگەزەکان و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنیانە بە یۆگا کە زیاتر لە بابەتی سانکهیا یۆگاوە نزیکە.

٧١ - سانیاسۆپانیشاد باسی ڕێگەی ڕەندی و قەلەندەری دەکات بەپێی ئامۆژگاریی ڤیداکان بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت.

ئیکاکشارا، پورنا، سوریا، ئاکشی، ئادهاماتما، کوندیکا، ساڤیتری[٧٢]، ئاتما[٧٣]، پاشوپاتی، پارامبرەهما، ئاڤادهوتا، تری پوراتا، دێڤی،تری پورا، کاتهارودرا، بهاڤا، هاریدایا، یۆگاکوندالینی[٧٤]، بهاشما، رودراکشا، گانا، داراشانا، تاراسارا، ماهاڤاکا، پانجابرەهما، پراناگنی هۆترا، گۆبلاتاپانی، کریشنا، یاجناڤالکیا، ڤاراها، ساتیایانی، هایاگریڤا، داتاتریا، گارودایا، کالی، جابالی، سۆوباگیۆ، سرسڤاتی راهاسا، باڤرکۆ، موکتیکا، یاجناڤالکیۆپانیشاد).

هەندێک لە لێکۆلە ڕەوانی ڤیدا، ڤیداکان دابەش دەکەنە سەر تەنها دوو بەش، ئەوانیش کارماکاندا (Karma Kanda) و جناناکاندا (Jnana Kanada) ن و پێیان وایە ئوپانیشادەکان ناتوانرێن بەبەشی سەرەکی ڤیداکان دابنرێن، لەبەرئەوەی ئوپانیشادەکان زیاتر وەک شۆڕشێکی فەرهەنگی و ئایینی و فەلسەفی دەرکەوتن لەناو ڤیداکانداو بوونە هۆی پێکهێنانی (ئەدڤایتا ڤیدانتا Advaita Vedanta)کە فەلسەفەیەکی سەربەخۆی هیندیەو شانکاراچاریا (Shankara charya)ی لاو دامەزرێنەرو پەرەپێدەری بوو. بەپێی بیروڕای ماهاریشی ماهش یۆگی هەریەک لە ڤیداکان سێ بەشن ئەوانیش[٧٥] :

١. کارماکاندا واتە بەشی کارما. ئەم بەشەی ناو ڤیداکان باس لەوە دەکات دەبێت چی بکرێت و چی نەکرێت.

٢. ئوپاساناکاندا واتە نزیکبوونەوە لەبەرەکەتی خوا. مەبەست لەم بەشەی ئوپانیشادەکانە.

---

٧٢ – خۆرو هەتاوی بەرەبەیان و گەیشتن بە ڕووناکی جێی باسی ئەم ئوپانیشادەیە کە سەر بە ڕیگ ڤیدایە.

٧٣- ئاتما (ڕۆح) چیە و لەکوێوە هاتووە و هێزی ئەو تا کوێیەو چی دەکات، بابەتی ئاتمۆپانیشادە.

٧٤ – یۆگاکوندالینی باس لە چۆنیەتی بەئاگاهاتنەوەی مرۆڤ دەکات لە ناخی خۆی و شکاندنی بەربەستەکانی سەر ئەو ڕێگەیە.

٧٥- بڕوانە کتێبی: مدیتیشن (عرفان کهن). تالیف: مهاریشی ماهش یوگی، ترجمه: دکتر محمد رچا جمالیان. چاپ دوم ١٣٧٦، ل ٢١

٣. جناناکاندا واتە بەشی ئەپستمۆلۆژیاو ڕێگەی گەیشتن بەحەقیقەت لە ڕێگەی چاودێری قووڵ و قوربانی و سرودەکانەوە.

سوامی مادهاڤانانداندا (برزۆ قادری) لە پێشەکی وەرگێڕانی یەکێک لە ئوپانیشادەکاندا دەڵێت: "ئامۆژگارییە ڤیداییەکان دابەش دەکرێنە سەر چوار گروپ نووسراوەی سەرەکی، کە بریتین لە:

١. سامهیتا samhita

٢. برەهماناbrahmana

٣. ئارانیاکا aranyaka

٤. ئوپانیشاد upanishad

ئەم چوار گروپە نە تەنیا لەڕووی زەمەنییەوە بەدوای یەکتردا دەرکەوتوون، بەڵکو بەجۆرێک ئاکامی مەنتقیش دادەنرێن. لە ڕاستیدا دەرک و بینینی سەرەتایی ڕیشیەکان (Rishis) کە لە شیعرە خەیاڵیەکانی قۆناغی (سامهیتا) لەڕادەبەدەر تایبەت و هێمائامێز بووە لە کۆتاییدا لە زەمەنی ئوپانیشادی بە وتارێکی ژیرانەتر شایانی دەرک و شیکردنەوە بووە بۆ زهن و ئەقڵی مرۆڤەکان.

(سامهیتا) یەکەم بەشە لە ڕاهێنان و ئامۆژگارییە ڤیداییەکان و کۆنترینیانە و پێکدێت لە چوار کتێب بە ناوەکانی ڕیگ ڤیدا، یاجورڤیدا، ساماڤیداو ئاتارڤەڤیدا.

(برەهمانا)کان تەفسیرگەلێکی باسکراوو کامڵن لە مانتراکان و یاساکانی قوربانی ڤیدایی.

(ئارانیاکا)کان زیاتر پەیوەندیدارن بە شێوازی ژیانی مەعنەوی و سەربەستی و ڕەوشتبەرزی.

هەندێک کەس ئارانیاکاکان و ئوپانیشادەکان بە جیا لە یەکتر نازانن و لە ڕاستیدا ئارانیاکا بە دەستپێکەری فەلسەفەی ئوپانیشادی دادەنێن.

بەهەرحال ئوپانیشادەکان بە دەسکەوت و بەرهەمی کۆتایی ئەندێشەی ڤیدایی دادەنرێن و هەر لەبەرئەوەش ناوی (ڤیدانتا- Vedanta)، یاخود دوایین ڤیدایان پێ بەخشراوە.

هەندێک لە مامۆستایانی ڤیدایی (سامهیتا)و (برەهمانا)کان پەیوەندیدار بە کارماکاندا (Karma kanda)، یاخود ڕێورەسم و قوربانییەکان دەزانن.
ئارانیاکا بە ئوپاساناکاندا (Upasana kanda)، یاخود لایەنی پەرەستش و دواجار ئوپانیشادەکان بە جناناکاندا (Jnana kanda)، یاخود لایەنی زانست و زانایی دادەنێن[٧٦].

---

٧٦ - بڕوانە (کایڤالیا ئوپانیشاد). وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: برزۆ قادری. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: د. محمد احمد، پەراوێزی هاوبیر کامەران. ساڵی (٢٠٠٨)

# بابەتی دووەم
# زانستەکانی ڤیدا

وەک وتمان ئەو کەسانەی بێژەری ڤیدا بوون، ئەوانە بوون کە گەشتوونەتە حەقیقەتی ڕەهاو توانیویانە بگەنە یەکبوون لەگەڵ ئاگایی گشتی، واتە خوداوەنداو ڕاستەوخۆ لە خوداوەو بە هاوکاری نەوا کەونییەکان زانیارییەکان بگوازنەوە بۆ موریدەکانیان بەپێی ئەو سەردەم و کاتەی کە تیایدا ئامادەبوون.

بێگومان زانیارییەک کە لەسەردەستی وەها کەسانێک بڵاوبووبێتەوە جێگەی بایەخپێدان و لێکۆڵینەوەیە هەم لەڕووی فەلسەفی و زانستی و هەم لەڕووی عیرفانیشەوە. بەپێی ڕای زۆر لە فەیلەسووف و زاناو بیرمەندانی ڕۆژئاواش ڤیدا شایەنی ئەوەیە جێبەجێ بکرێت و لێکۆڵینەوەی قووڵی بۆ بکرێت تا لە مەبەست و مەغزاکانی بەتەواوی تێبگەین، چونکە ئەو بابەتانەی ڕیشی و یۆگی و ماهاتماکان باسیان کردووە بەرخوردارن لە دەیان جۆر زانیاریی گرنگ کە دابەش دەکرێن بەسەر چەند زانستێکی کۆکراوەدا، وەک زانستی یۆگاو ئایورڤیداو...

زانستەکانی ڤیدا فراوانن و بە گەلێک شێواز باس کراون، هەریەک لە فەیلەسووف و دانایانی هیند بەشێوەیەک باسی دەکەن و لێکۆڵینەوەی بۆ دەکەن، تەنانەت ڕۆژهەڵاتناسەکان لە باسکردن و لێکدانەوەی زانستە ڤیدایییەکاندا دابەش دەبنە سەر چەند کۆمەڵەیەک کە هەریەکەیان بەجۆرێک لێکی دەدەنەوەو پلەبەندی دەکەن، بەڵام من بەو جۆرەی ڕاستەوخۆ لە (سوامی مادهاڤاناندا)م بیستووە کە یەکێکە لە مامۆستایانی گەورەی یۆگاو لێکۆڵەرەوە ڤیدایییەکان، زانستە ڤیدایییەکان دابەش دەبنە سەر شەش زانست. سیانیان سەرەکین و سیانەکەی دیکەیان لاوەکین و پەیوەستن بەوانی یەکەمەوەو پێیان دەوترێت ڤیدا لاوەکیەکان (Upavida). وەنەبێت زانستە ڤیدایییەکان تەنها ئەم شەش زانستە بن، بەڵکو بەسەدان شێوەی زانین لە ڤیداکانەوە سەرچاوە دەگرێت وەک زانستی میتافیزیقیاو زانستی فەلسەفەو زانستی پزیشکی و زانستی کیمیاو زانستی گیاناسی و زانستی بیرکاری و زانستی فیزیاو تەنانەت زانستی دەمارناسی، دەرمانناسی، دەرامەتناسی و دەربارناسی (سیاسی).

# باسی یەکەم

سەرەتا وشە هەبوو

(عیسا)

## ڤیدا پێکهاتەی پڕاناڤایە

ڤیداکان و هیندۆسەکان پڕاناڤا (واتە ئۆم) بە یەکەمین شێوەی دەرکەوتنی خودا ئەژمار دەکەن بۆ مرۆڤ، واتە دەرکەوتنی ئاگایی باڵایە وەک ئاگایی فەردی (جیڤاتمان). لە (نەرسەنگە ئوپانیشاد)دا کە سەر بە (سامهیتای ئاتەرڤەڤیدا) یە هاتووە: (هەموو فریشتەکان بە پڕاجاپاتیان گوت باسی ئاتمامان بۆ بکە کە ناوەڕۆکی ئۆمەو لە هەر تیوارێک تیوارترە)، پڕاجاپاتی ڕازی بوو گوتی: «سەرەتای ئەم هەموو جیهانە ئۆمە، هەرچی دەبێت و هەرچی بووەو هەرچیش لە داهاتوودا دەبێت هەر ئۆمە..»[٧٧].

پڕاناڤا ئەو دەنگە نەبیستراوەیە کە هەموو وشەکان و شتەکانی لێ دروست بووە. ئەو لەرینەوە یەکەمینەیە کە ئێمەو کەون و بوونەوەری لێ پێکهاتووین. پڕاناڤا یەکەمین شێوازێکی بوونە کە بوونەکانی دیکەی لێوە دێت. ڤیدا دەرکەوتەی ئۆمە لە دونیای زاکیرەو دەماغی فسیۆلۆژیدا کە لە شێوەی وشە دەردەبڕێت. لە (ئاپنکهت دهیاناباند ئوپانیشاد) دەڵێت: «تۆوی هەموو وشەکان ئاکاراو ئوکاراو مکارایە»[٧٨]. ئاکارا واتە بڕگەی یەکەمی ئۆم و ئوکرا، واتە بڕگەی دووەمی ئۆم و مکارا، واتە بڕگەی سێهەم کە (م)ە. لە هەمان ئوپانیشادا کە سەر بە ئاتەرڤەڤیدایە هاتووە: ( پڕاناڤا بکەرە کەوان و جیڤاتما (زهن و ئاگایی) بکەرە تیرو برەهمن بکەرە نیشانە)[٧٩]. هەروەها ڕاستەوخۆ وتراوە کە ئۆم دەتوانێت وەکو هۆکاری چون بەرەو خودا کەڵکی لێ وەربگیرێت، چونکە

---

٧٧- ئاپنکهت نرسنگە ئوپانیشاد کۆتا ئوپانیشادە کە محمد داراشکۆهی مورشیدی نەقشبەندی و قادرییەکان لە هندستان وەری گێڕاوەتە سەر زمانی فارسی. بڕوانە (س ١٣، م٢، ل ٤٦٩).

٧٨ - (س ١٣، م٢، ل ٤٣٧).

٧٩ - (س ١٣، م٢، ل ٤٣٨).

خودا خۆی ئۆمه. له (ئاپنکهت ئەمریت ناد ئوپانیشاد) دا هاتووه: (ڕێگەی گەیشتن بە داواکراو[٨٠] ئەمەیە کە.. ئۆم بکەرە گالیسکەو بچۆرە سەری و ڤیشنۆ بکەرە گالیسکەوانی و بەرەو برەهما لۆکا برۆ [٨١])[٨٢].

پێشتر وتمان ڤیدا دەرکەوتەی ئۆمە لە دونیای زاکیرەو دەماغی فسیۆلۆژیدا کە لە شێوەی وشە دەردەبڕێ، ئەم وشانە دەگۆڕدرێن بەپێی گۆڕانی نەتەوەو کەسێتی و تەنانەت زانستی ماددی کەسەکە، بۆ نموونە پێغەمبەری ئیسلام (محمد) بەشێوەیەکی تایبەت گوێبیستی دەنگی یەکەمینە (واتە دەنگی ئۆم) و لە مێشکی ئەودا بەشێوەیەکی تایبەتی دەبێتە وشەو دەردەبڕێن. ئەوەتا قورئان بە عەرەبی هاتووەو باسی دارخورماو حوشترو ئاوی زمزم و نموونە ماتریاڵە عەرەبیەکانی تیادایە، قورئان شێوەیەکی دەرکەوتنی پڕاناڤا. ڤیداش بە سانسکرێتی هاتووەو باسی فیل و مارو ڕووباری گانگاو نموونە ماتریاڵە هیندیەکانی تیادایە، ڤیداش شێوەیەکی دیکەی پڕاناڤایە. هەروەها ئاڤێستا بە ئاڤێستایی هاتووەو زیاتر نموونەکان باسی کێوو موڵک و ماڵداری و ئاگرو ئازایەتی و وازهێنان لە شەڕو نموونە کوردی و ئێرانییەکانی تیادایە، بەڵام گرنگ لێرەدا ئەوەیە هەموو ڤیداکان و ماندالاکانی ڤیداو سەمهیتاکان لە دەوری یەک بابەت کۆدەبنەوە بێئەوەی دژایەتیان هەبێ لەگەڵ یەکتردا، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەکی زۆر هەبووە لەنێوان مەعریفەو زانین و زمانی ڕیشیەکاندا لە زەمانێکەوە بۆ زەمانێکی دیکە. بۆ نموونە ئەو ڕیشیانەی ڕیگ ڤیدایان نووسیوە جیاواز بوون لەو ڕیشیانەی ساماڤیدایان نووسیووەو تەنانەت خودی ساماڤیدا دابەش بووەتە سەر چەندان مەکتەبی جیاواز وەک پێشتر باسمان کرد، بەڵام هێشتا زۆرینەی سوتراکانی ڕیگ ڤیدا لە سامادا دووبارە بووەتەوەو هەموو ساماڤیداش لە دەوری یەک مەسەلە سەما دەکات وەک ئەوەی ڕیشییەکان ئاگاداری دڵی یەکتر بووبن لە کاتێکدا سروشیان بۆ هاتووە.

ئەگەر بەوردی بیروڕای ڤیدا بخوێنیتەوە دەربارەی دروستبوونی بوونەوەر (Srishti)و لەناوچوونی بوونەوەر (Pralaya) بەتایبەت لە ئوپانیشادەکاندا،

---

٨٠ – داواکراو واتە گەیشتن بە برەهمەن کە خودای تاک و تەنهایە.

٨١ - برەهما لۆکا واتە جیهانی برەهما کە مەبەست لێی مەقامی ڕوبیەتە.

٨٢ – (س ١٣، م ٢، ل ٤٥٠).

ئەوا بەڕوونی ڕستەی هەرچی هەیەو هەرچی دەبێت و هەرچیش بووە هەر پڕاناڤایە دەبینی. واتە کاتێک حەقیقەت بۆ مرۆڤ دەردەکەوێت، ئەوا بەپێی مەعریفەو زمان و تێگەیشتن و توانای کەسەکە دەردەکەوێت و ئەمەش هۆکاری جیاوازیی دینەکان و بیرورا ڕۆحانییەکانە کە بە ڕووکەش جیاواز دەردەکەون، بەڵام هەموویان دەچنەوە سەر یەک مەڵبەندو مەنزڵ و مەئوا.

# باسی دووەم

(ئایین بێ زانست کوێرەو زانست بێ ئایین شەل)
شری ڕاماکریشنا

## ئەقڵ یان دڵ

بە ڕووکەش دونیا دابەش بۆتە سەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە یەکەمیان بە دڵ و دووەمیان بە ئەقڵ دەڕوانێتە دونیاو بابەتەکان. یەکەمیان ڕێگەی پەرستش و دووەمیان ڕێگەی فەلسەفەو ڕەخنە بەڕێی دەکات و خۆی پێ نمایش دەکات. ئایا ئەمە ڕاستە بۆ بیروباوەڕو ناوەڕۆکی ڤیداکان؟ لەوانەیە بۆ عەرەبستانی سعودی و ئایینە سامیەکان تاڕادەیەک ئەمە ڕاست بێت، بەڵام دەتوانرێت هیندستان کە دەرکەوتەی ڤیدایە لە دەرەوەی پۆلێنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دابنرێت. هیندستان و ڤیداکان نە بەتەواوی ستایشی ئەقڵ و نە بەیەکجاری ستایشی پەرستشی کوێرانە دەکەن، نە لەگەڵ ئەوەدان مرۆڤ تا دەمرێت بەگومانەوە بژی و نە لایەنگری ئەوەشن دەروێشانە شوێن یەکێک لە دینەکان بکەویت و ڕێنماییەکانی ئەنجام بدەیت و بە قسەی وتووان وەک مەڕ شوێن شوانەکەت بکەویت. (کارل گوستاڤ یۆنگ)ی گەورە دەروونناس و لێکۆڵەرەوەی هێما دەروونییەکان و دۆزەرەوەی (ناخودئاگایی گشتی) دەڵێت: "ئێمە مانای دەروون لە کاریگەری و هەستە دەرەکیەکانەوە هەڵدەهێنجین و تەنانەت ناوەڕۆکی بوونەوەرەکانیش لە ڕووکاری دەرەوەیانەوە سەیر دەکەین، بەپێی ئەو بنچینەیەی کە (هیچ شتێک دەرکی ئەقڵانی تێی ناگات ئەگەر دەرکی هەستەکی دەرکی نەکات، بەڵام وا دەردەکەوێت لە هیند ئەم بنچینەیە باو نییە"[٨٣]. یۆنگ لێرەدا مەبەستی لەوەیە کە ڕۆژئاواییەکان هەموو شتێک بە تەرازووی ئەقڵ پێوانە دەکەن، لە هیندستان لەگەڵ ئەوەی کە ئەقڵ پێگەی خۆی لەدەست نەداوە، بەڵام ڕوانینێکی ناوەکیش هەیە کە ئەودیوی بوارە هەستەکی و دونیاییەکان دەخوێنێتەوە[٨٤].

---

٨٣- (س ١٩، ل٢٢٧).

٨٤ – تاڕادەیەک ئەو کێشانەی لەنێوان زانایانی زانستی کەلامی ئیسلامی و عارفە مەزاجییەکاندا

یەکێک لە هەرەگرنگترین خەسڵەتەکانی ڤیدا ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەدا تێکستێکی ئاینییەو دڵی مرۆڤ بە حەقیقەتەوە دەبەستێتەوە، بەڵام هیچ کات دژی ئەقڵ ناوەستێت. بیروڕای ڤیدا وایە کە مرۆڤ ناتوانێت تەنها بە ئەقڵ بگاتە حەقیقەت، بەڵام ئەقڵ پێویستە بۆ تێگەیشتن لە تێکستەکان. ئەقڵ هۆکارێکە بۆئەوەی مرۆڤ دەرکی دهارما (یاسای کەونی) بکات و بزانێت چی باشەو چی خراپە. زانینی سەرەتایی باش و خراپ مرۆڤ هان دەدات و دەیبات بەرەو زانینێکی قووڵ کە زانینی خوداوەند (برەهمەن)ە. برەهمەن بە ئەقڵ پەی پێ نابرێت، بەڵام مرۆڤی بێ ئەقڵیش هەرگیز تێی ناگات و پێی ناگات. ئەمە وای کردووە فەلسەفەش لە کلتوورو شارستانیەتی ڤیداییدا پەرە بسێنێت و شانبەشانی برەهمیە ئایینیەکان پیاوانی پاندیت و کەسانی فەیلەسووفیش بێنەکایەوە. شانکاراچاریا نموونەیەکە لەو کەسانەی کە لەپاڵ ئایینی بوونیدا فەیلەسووفێکی گەورەش بووە. فەیلەسووفە ڤیداییەکان لێکۆڵینەوەی گەردوونی و کەونیان ئەنجام داوە، لێکۆڵینەوەیان لەبارەی دەروون و ناخی مرۆڤەوە کردووە تا بتوانن بگەنە حەقیقەت، بەڵام ئەوان تەنها ڕێگەی ئەقڵی بە سەرکەوتوو نازانن بۆ ئەو مەبەستە، بەڵکو زۆرجار ڕێگەی سادانا واتە ڕاهێنانی ڕۆحی بۆ فراوانبوونی مەودای ئەقڵ و گەیشتن بە ئەقڵی کەونی دەگرنە بەر تا بتوانن بەهۆی بەدەستهێنانی هێزی کەونییەوە لەو نهێنیە بگەن کە پێی دەوترێت مرۆڤ. گۆوتاماسیدارتا بوودا یەکێکە لەو کەسانەی ڕەگەزی ئەقڵ و سادانای لە ئایینی ڤیداییدا زیندوو کردەوەوەو مانایەکی دیکەی بە قوربانییەکانی ڤیدا داو کردی بە ڕێگەیەک بۆ دەرکی باشتری ئەو نهێنییە شاراوانەی کە تەنها فەیلەسووفە ڕۆحانییەکانی وەکو (شری ئۆرۆبیندۆ و کریشناناندا و شیڤاناندا و دیڤید هێنری تۆرۆ) تێی دەگەن.

قوربانی (یاجنا) ڕەگەزی زاڵی نێو ڤیدایە لەنێو پەرستشەکاندا. هەر کەسێکی ڤیدایی بەلایەنی کەمەوە دەبێت شتێکی هەبێت کە بیکاتە قوربانی بۆ خوداکەی

---

یان لەنێوان فەیلەسووفە ئیسلامییەکان و کەسانی وەکو غەزالیدا ڕوویداوە لە مێژووی ئیسلامیدا، لەنێو هیندۆسەکاندا نابینرێت، چونکە ڤیدا کە بنەمای ئایینی هیندۆیزمە پشتیووانی هەم لە ئەقڵ و هەم لە دڵ دەکات. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەگەر چاوپۆشی لە هەندێک خیلافاتی هەندەکی بکەین لەنێوان فەیلەسووفە ڤیداییەکاندا.

خۆی. یان ماڵ و سەروەت[٨٥]، یان هێزو توانای جەستەیی[٨٦]، یان گوڵ و دیاری[٨٧]، یان هەناسەو پڕانا[٨٨]، یان کارو ئیش[٨٩]، یان زانین[٩٠]، یان خۆشەویستی [٩١] و یان هەموو ژیان[٩٢]، بەڵام هیچ کام لەم قوربانیانە گیرا نابێت ئەگەر قوربانیدەر نەزانێت بۆچی قوربانی دەکات و چۆن قوربانی دەکات و چی قوربانی دەکات. ئەم قوربانیانە تەنها بەدڵ ناکرێن و تەنها پێویستیان بە خۆشەویستی نییە، بەڵکو دەبێت مرۆڤ بتوانێت پەیامی ئەم قوربانیانە لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکار بهێنێت و کاری پێ بکات. هەربۆیە کەسانی وەکو (باباجی، یۆگاناندا، لە هێری ماهاسی، ساتچیداناندا، کریشناناندا، ساتیاناندا ساراسڤاتی، تریلانگا سوامی، بوودا، کریشنا، ڤیاسا، شانکارا، ئۆشۆ، ئۆرۆبیندۆ، ئاچاریا پرابهوپادا، شری شیام سوندار گۆسوامی) لەپاڵ پەرستش و هەوڵدان بۆ خۆشەویستیی خودا، کاریان بۆ تێگەیاندنی موریدانی خۆیان کردووە تا بتوانن لە فەلسەفەو

٨٥- هەر ڤیداییەک دەتوانێت لە ڕێگەی ئەنجامدانی قوربانی ئاگنیەوە کە قوربانیکردنی گۆشت و خۆراکە لەگەڵ شەرابی سۆماو شیر، پارەو ماڵ سەرف بکات یاخود ئەو پارەو ماڵە بداتە کردنەوەی ئاشرام (مەعبەد)ێک کە پەرستشی یەکێک لە خوداکانی هیندی تیادا بکرێت. کردنەوەی مەکتەب و مەشروعی ئاوو خەستەخانە لە ڕیزبەندی ئەو قوربانیانەن.

٨٦- هێزو توانای جەستەیی ئەوەیە کە لە ڕێگەی هاتایۆگاوە کەسەکە لەشی قوربانی دەکات، بۆ نموونە ئاساناکان دەکات، یان ڕۆژووی خۆراک و ڕۆژووی قسە دەکات و خۆی لە شتە بەتامەکانی ژیان دەگرێتەوە کە نەفس حەزی پێ دەکات و ئەو بەلای دونیادا ڕادەکێشن.

٨٧ - مەبەست لە گوڵ و دیاری ئەو پێشکەشکردنانەیە کە لە کاتی نوێژەکاندا دەبرێنە بەردەمی پەیکەرەکان و خواکانی هیندۆیزم و لە شێوەی مەراسیمی پوجادا پێشکەش دەکرێن.

٨٨ - گیتا دەڵێت هەندێک لە ڕێگەی قوربانیکردنی پڕاناوە دەگەنە حەقیقەت. واتە ئەو کەسانە لە ڕێگەی ڕاهێنانەکانی پڕانایامای یۆگاوە ئەو کارە دەکەن و ڕۆحی مرۆیی لە ڕۆحی کەونیدا دەتوێننەوە.

٨٩ - کارمایۆگا ڕێگەی قوربانیکردنی کارە، تیایدا هەرچی ئیشێک دەکەیت پێشکەشی خودای دەکەیت بێ ئەوەی هیچی لێ داوا بکەیت. نە لە خودا پاداشتت دەوێت نە لە خەڵک.

٩٠ - دەگەڕێیت بە شوێن خوداداو لە ڕێگەی سادانای ڕۆحییەوە زانینی برەهمەن بەدەست دێنیت، بەمە گوناحەکانت پاک دەبنەوە وەک زێڕی ناو تێزاب. ئەم ڕێگەیە بە گیانا یۆگا بەناوبانگە.

٩١ - هەموو ڤیداکان پشتگیریی بهاکتی واتە خۆشەویستیی ئیلاهی دەکەن و دەڵێن بێ ئەو خۆشەویستییە هیچ کەس ناگاتە حەقیقەت.

٩٢ - سانیاس (قەلەندەر)ەکان هەموو ژیانی خۆیان دەکەنە قوربانی بۆ خوداو دەگەڕێن و پەیامەکانی ئەو بە خەڵکی دەڵێنەوە.

مەنهەجی ڕۆحی و عیرفانی و فەلسەفی ڤیداکان زیاتر تێبگەن. ئەم کارەشیان لە ڕێگەی نووسینی هەزاران پەرتووک و سەرچاوەی گرنگەوە کردووە کە ئەمڕۆ لەبەردەستی ئێمەدا وەکو گەنجینەیەکی زۆر گەورە ماونەتەوە.

ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە یۆگا کە زیاتر وەک فەلسەفەیەکی کرداری دەردەکەوێت، لە ڕاستیدا نوێنەری ڕۆحانییەت و ئەقڵانییەتی هیندییە پێکەوە. یۆنگ دەڵێت: "گرنگترین کاری مەزهەبی هیندی یۆگایە"[٩٣]، یۆگا هەم ڕێگەیەکی ئەقڵانییە بۆ پرسیارکردن لە ماناو هۆکاری بوونی بوونەوەرو مرۆڤ، هەم ڕێگەیەکی ڕۆحانی و ناوەکیە بۆ گەیشتن بەو سەرچاوەیەی بوونەوەرو مرۆڤی لێوە هاتووە کە هەمان خودایە. یۆنگ لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت:

"ئایینی بوودا کە بەرهەمی ڤیداکانە بەرهەم و ڕۆح و زهنەکەی ناو دەبرێت بە یۆگا، هەرکەس بیەوێت لە هونەرو فەلسەفەو ئەخلاقیاتی هیند لە ناوەڕۆکەوە تێبگات، چ بیەوێت و چ نەیەوێت ناچارە ئاشنای ئەو ڕۆح و زهنە ببێت، ئێمە لە ڕۆژئاوا بێجگە لە هەندێک ڕاهێنانی زۆر کەمی یەسوعی، هیچ شتێکمان پێ نەگەیاندووە کە بەرامبەرو شایەنی بەراورد بێت لەگەڵ یۆگا[٩٤]، بۆیە بە هەموو ئەو کەسانەی کە گوێی بیستنیان هەیە دەڵێم لێکۆڵینەوە لەسەر یۆگا بکەن، چونکە زۆر شتی لێوە فێر دەبن، بەڵام ئەنجامی نەدەن، چونکە ئێمە ئەوروپایین و وەها دروست بووین کە ناتوانین بە ڕاستی و تەواوی یۆگا ئەنجام بدەین[٩٥]".

لێرەدا قسە لەسەر ئەوە نییە کە تا چەند یۆنگ لەم چەند ڕستەیەدا ڕاستی پێکاوە دەربارەی ئەنجامنەدانی یۆگا لەلایەن ئەوروپیەکانەوە، بەڵام دەروونناسێکی وەکو یۆنگ کە لێکۆڵەری دەروون بووەو شارەزای ئەو هەموو گرێ و گوڵە دەروونییە بووە کە ئەوروپیەکانی تیا بوون، پێی وایە یۆگا هێندە شاکارێکی گەورەو گرنگە کە نابێت ئەوروپیەکان بە ناتەواوی و ئەقڵبینانەوە ئەنجامی بدەن، بەڵکو پێویستی بە ڕوانینێکی دوولایەنەی دەروونی — دەرەکی هەیە کە خۆی لە ئەقڵ و دڵدا دەبینێتەوە.

---

٩٣ – بڕوانە (س ١٩، ل ٢٥).

٩٤ – هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٩- ٤٠

٩٥ – هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٦١



# باسی سێهەم
# زانستە ڤیداییەکان

وەک وتمان ڤیدا لەگەڵ ئەوەدا کە تێکستێکی ئایینییە[96]، بەڵام لەڕووی زانستی و فەلسەفیەوە خاوەنی گرنگییەکی زۆر تایبەتیە بەشێوەیەک ئەمڕۆ هەم لە ناوەندە فکرییەکان و هەم لە ناوەندە زانستیەکاندا زانایانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووەو توانیویەتی لە زانکۆو پەیمانگا زانستی و فەلسەفیەکاندا جێی خۆی بکاتەوە. بە نموونە پرۆفیسۆر (شری شیام سوندار گۆسوامی)[97] و پرۆفیسۆر (وین کیلبەر)و پرۆفیسۆر (گیۆرگ فیورشتاین)و دکتۆر (چاراک) و (دیڤید فراولی)[98]و (سوامی کریشناناندا)و (سوامی چیداناندا ساراسواتی) و (پاراماهانزا نیرانجاناناندا ساراسڤاتی)و دکتۆر (بریهاسپاتی دیڤاتریگۆنا)و دکتۆر (بالراج ماهاریشی)و دکتۆر (جایا ڕامانوجا ڕاجو)و (ڕیچارد ئاڤیرباخ)[99] و دکتۆر (ستیوارت ڕۆتێنبەرگ)و (تۆنی نادیر)[100]و (دکتۆر باری چاڕلز) و بە دەیان و سەدانی دیکەش لەو کەسانە بوون کە لەڕووی زانستی و فەلسەفیەوە پەرەیان بە زانستە ڤیداییەکان دا، هەروەها (ماهاریشی ماهش یۆگی-Maharishi Mahish Yogi) یەکێک بوو لەوانەی کە زانستە ڤیداییەکانی لە ئەمریکاو ڕۆژئاوا بڵاو کردەوەو توانی بەشێوەیەکی بەربڵاو پەرە بە زانستی نێو ڤیداکان بدات. زانکۆی یۆگای بیهار کە لەسەر دەستی هەردوو یۆگی گەورە (سوامی ساتیاناندا ماهاراج و پاراماهانزا نیرانجاناناندا) دامەزرا لە

---

٩٦ - شری شیام سوندار گۆسوامی یەکێک لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی هیندو ئەوروپایە کە کاری لەسەر یۆگاو لەهەمانکاتدا دۆزینەوەی یۆگای ناو ڤیدا کردووە.

٩٧ - مەبەستم لە ئایینی مەزهەبی نییە، بەڵکو وشەی ئایین بەو مانایە بەکاردەهێنم کە ڕێگەیەکە خاوەنی هەر سێ بوعدی شەریعەت و تەریقەت و حەقیقەتەو بە سودە لەپێناو گەیاندنی مرۆڤەکان بە هاوسەنگی و یەکبوون لەگەڵ حەقیقەتە.

٩٨ - دیڤید فراولی لێکۆڵەرەوەی ئایورڤیدایە.

٩٩ - دکتۆر ڕیچارد لەو کەسانە بوو کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ یەکەم جار پەرەیاندا بەو زانستەی ماهاریشی کاری لەسەر دەکرد ئەویش زانستی ڤیدا و ئایورڤیدا بوو.

١٠٠- دکتۆر تونی نادیر لێکۆڵەرەوەی پەیوەندییەکانی نێوان فیسۆلۆژیاو ئەدەبیاتی ڤیداییە.

هیند، و زانکۆی ماهاریشی (University Maharishi) له ئه‌مریکا توانیویانه تاڕاده‌یه‌ک زانسته ڤیداییه‌کان زیندوو بکه‌نه‌وه‌و له‌گه‌ڵ زانستی هاوچه‌رخدا یه‌کی بخه‌نه‌وه.

به‌پێی لێکۆڵینه‌وه‌ی داناو ڕیشی و پاندیته هیندۆسه‌کان، زانسته‌کانی ڤیدا دابه‌ش ده‌بنه سه‌ر شه‌ش به‌شی گرنگ، ئه‌وانیش (یۆگاو ئایورڤیداو جیۆتیش و گاندارڤاو ستاپاتیاو دهانورڤیدا)ن که هه‌ریه‌ک له لایه‌نی خۆیه‌وه یارمه‌تی مرۆڤ ده‌دات بۆ بڕینی مه‌قامه ڕۆحانییه‌کان و سه‌رکه‌وتن به‌سه‌ر که‌موکورتیه‌کانی ژیانداو ڕۆشتن به‌ره‌و که‌ماڵ و به‌جێهێشتنی ئه‌و مرۆڤه ڕه‌قه‌ی که په‌یوه‌ندیی به سروشته‌که‌ی خۆیه‌وه نه‌ماوه‌و نامۆیه به خۆی و حه‌قیقه‌تی خۆی...

١. یۆگا. زانستی یه‌کبوون له‌گه‌ڵ هێزی باڵا.
٢. ئایورڤیدا. زانستی هاوسه‌نگیی جه‌سته‌یی و وزه‌ی له‌ش.
٣. جیۆتیش. ئه‌ستێره‌ناسی ڤیدایی.
٤. گاندارڤا. زانستی مۆسیقا.
٥. ستاپاتیا. زانستی هه‌نده‌سه‌و بیناسازی ڤیدایی.
٦. دهانورڤیدا. زانستی به‌رگری و تیره‌ندازی.

هه‌ندێکی دیکه‌ش له لێکۆڵه‌ره‌وان پێیان وایه زانسته ڤیداییه ناسه‌ره‌کیه‌کان چوارن و به ئوپاڤیدا (Upa Veda) ناوی ده‌به‌ن، ئه‌مانه ئه‌و که‌سانه‌ن که زیاتر له ڕوویه‌کی کۆمه‌ڵایه‌تی و مرۆییه‌وه سه‌یری بابه‌ته‌که ده‌که‌ن، به ڕای ئه‌م فه‌یله‌سووفانه ئوپاڤیدا ئه‌م زانستانه‌ی خواره‌وه ده‌گرێته‌وه:

١. ئایورڤیدا.
٢. دهانورڤیدا.
٣. گاندارڤاڤیدا.
٤. ئارتا شاسترا Arthasastra واته زانستی به‌ڕێوه‌بردن و دروستکردنی ده‌وڵه‌ت که یاسا ڕۆحانییه‌کانی مانوو (Manu)ش له‌خۆ ده‌گرێت. یاساکانی مانوو ئه‌و یاسایانه‌ن که باسی شه‌ریعه‌ت و کارما ده‌که‌ن و چینه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌ش دابه‌ش ده‌که‌نه سه‌ر چوار کاستی:

١. **برەهمی** (Brahmi).
٢. **کشاتری** (Kshatrya).
٣. **ڤایشیاڤا** (Vaishyava).
٤. **شودرا** [١٠١] (Shudra).

ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە زۆرینەی پاندیت و دانا هیندیەکان باس لە ڤیدانگا (Vidanga) دەکەن کە کۆمەڵێک زانستن بۆ تێگەیشتن لە ڤیداکان.

زانستەکانی ڤیدانگا زۆر پێویستن بۆ یارمەتیدانی تێگەیشتن لە ئوپاڤیدا کە لەسەرەوە باس کرا. زانستەکانی ڤیدانگا دابەش دەکرێنە سەر شەش بەش، ئەوانیش: (شیکشا، چاندا، ڤیاکارانا، نیرۆکتا، جیۆتیشا و کالپا).

١. شیکشا (Shiksha): زانستی فۆنەتیکە. لەم زانستەدا مورید فێر دەکرێت بتوانێت بە سانسکرێتی کە زمانی سەرەکی و بنچینەیی ڤیداکانە ڤیدا بخوێنێتەوەو خەڵکی فێر بکات، شیکشا هاوشێوەی زانستی تەجویدە لە زانستی ئیسلامیدا.

٢. چاندا (Chanda): زانستی کێش و سەروا یاخود عروز. پاش ئەوەی فێرخواز فێر بوو، بەتەواوی ڤیداکان بخوێنێتەوە، ئەوکات دەست دەداتە فێربوونی

---

١٠١- یەکێک لەو گلەیی و ڕەخنانەی لە بیروڕای ڤیدایی گیراون ئەوەیە کە بیروڕای هیندۆسی بڕوای بە دابەشکردنی کۆمەڵگەو تەنانەت مرۆڤایەتی هەیە بەسەر چوار چینی پیاوی ئایینی (برەهمی) و پیاوی جەنگی (کشاتری) و پیاوی بازرگان و هونەرپیشە (ڤایشیاڤا)و بەندەو نۆکەرەکان (شودرا). لە ڕاستیدا من تاوەکو ئێستا نازانم کە ئایا سەرچاوەی ئەم بیروڕایە خودی ڤیداکانن یاخود ئەو نووسراوانەن کە پاشان بە ناوی ڤیداوە کاریان پێ کرا، وەک نووسینەکانی مانوو کە هەندێ بیروڕا هەن لەبارەی ئەوەوە کە سەرچاوەی کاستەکان هەمان نووسینەکانی مانوو بن. هەرچەند بەئاشکرا لە بهاگاڤادگیتادا کە گرنگترین ئوپانیشادەو بە (گیتۆپانیشاد) بەناوبانگە بیروڕای کاست و چینەکانی کۆمەڵگە بەتەواوی ڕەت کراوەتەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت پەیڕەوکارانی ڤیدا تا دەرچوونی بەریتانیای گەورەش لە هیند بڕوایان بەم تیۆریە هەبووە کە ئەوەی خێزانەکەی برەهمی بێت دەبێت خۆیشی برەهمی بێت و ئەوەشی شودرا بێت ناتوانێت مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ برەهمیەک بکات و دەبێت خزمەتکاریی خۆی ئەنجام بدات. ماهاریشی ماهش یۆگی و هەندێک لە ڤیداییەکانی دیکە لە پیاوانی فیکری ڤیدایی لە بیروڕاکانیدا بڕوایان بەم یاسایە هەبووە، بەڵام یۆگی و ئایورڤیدییەکان بە هیچ شێوەیەک بڕوایان بەم جیاکردنەوانە نییە.

تەواوی کێش و سەروا مۆسیقیەکان تا بتوانێت خوێندنەوەکە بەشێوەیەکی مۆسیقی بڕوات بەڕێوەو زۆر لە موریدەکان لێرەدا فێری لێدانی ئامێرێکی مۆسیقی دەبن.
٣. ڤیاکارانا (Vyakarana): زانستی دەستووری زمان. ئەم یاسایانە هەوڵ دەن وشەی گونجاو بەپێی یاسای گونجاو لە شوێنی گونجاودا دابنێن، هەرچەندە وشە زۆر لەوە گەورەترە کە بتوانرێت بە یاسا کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڤیداکان هەوڵ بدەن پیتە تاک و دووانی و سیانییەکان و هتد.. بە ڕێکوپێکی بگونجێنن تا بەکورتترین وشەو ڕستە مانایەکی زۆرو چڕ بدات. دەستووری زمان لە ئایینی هیندۆیزمدا زۆر پیرۆزەو لە زۆر شوێنی ئوپانیشادەکاندا باسی ئەوە کراوە کە خودا وشەیە و وشە خودایە.
٤. نیرۆکتا (Nirukta): زانستی لێکدانەوەی وشە ئالۆزەکانی ڤیدا. لەبەر ئاڵۆزی زانستی ڤیاکاراناو قووڵی ئەو بابەتانەی کە ڤیداکان دەربارەیان دەدوێن وەک مەسەلەی ڕۆح و خوداو گیان و هەناسەو بوون، زۆر زەحمەتە بتوانین هەروا بە خوێندنەوەی ڤیدا بزانین چی دەڵێت. هەربۆیە ئەو کەسانەی بە دیراسەو لێکۆڵینەوەی دەیان ساڵە یاخود لەپاڵ گورودا ژیاون و دەزانن مانای ئەو وشانە چین کە گرانە باسکردنیان هەروا بەخێرایی، ئەو کەسانە دەبنە هۆکارێک بۆ لێکدانەوەی ئەو وشانە و ئەمەش پێی دەوترێت (نیرۆکتا).
٥. جیۆتیشا (Jyotisha): زانستی ئەستێرەناسی. کاتێک زانیمان چۆن ڤیداکان بخوێنینەوەو بەتەواوی تێی گەیشتین، ئەوا کار دێتە سەر جێبەجێکردنی مەتالیبەکانی ناو ڤیدا. لێرەوە جیۆتیش واتە زانستی ئەستێرەناسی ڤیدایی دێت و کات و شوێنی گونجاو بۆ ئێمە دیاری دەکات تا باشترین سوود لەو مانتراو سلۆکایانە وەربگرین کە دەیانڵێینەو کاریان پێ دەکەین.
٦. کالپا (Kalpa): زانستی بنەبڕکردنی ئازار لە ڕێگەی یۆگاو ئایورڤیداوە، یاخود وەک پاندیتەکان دەڵێن لە ڕێگەی ئادابی مەراسیمی مەزهەبی و سلوکە ڤیدایییەکانەوە. ئێستاش کاتی ئەوەیە فێرخوازی ڤیدایی لە شوێن و کاتی گونجاودا کار بەو فەلسەفەو زانینە بکات کە هەڵگریەتی و ئەو زانستەش یۆگاو ئایورڤیدایەو دەبێتە هۆی ڕزگاربوونی ئەو لە کۆت و بەندەکانی بوون و کارماو

لەدایکبوونەوەی دووبارە کە مەبەستی سەرەکی ڤیداکانە. لێرەدا ڤیدا سێهەم ئەرکی فەلسەفی خۆی کە گەیشتنە بە مەبەست، ئەنجام دەدات تا فەلسەفەکە تەنها جۆرێک لە نەزەریەو عەمەلکردن نەبێت.

کەواتە لە سەرەتادا بەپێی ئەم نەخشەیەی سەرەوە پێویستمان بە تێگەیشتنی ناوەڕۆکی ڤیداکانە وەک نەزەریەو پاشانیش پێویستمان بە دیاریکردنی گرفتەکان هەیە لە ڕێگەی جیۆتیشەوەو دواتر لە ڕێگەی یۆگاو ئایورڤیداوە چارەسەری گرفتەکان دەکەین و دەچینە بواری کردارەوەو ئەمەش بۆ فێرخوازی ڤیدایی بە چەندان ساڵ کاتی دەوێت تا دەیگەیەنێتە مەعریفەیەکی وەها کە لە ناوەوە مەعریفەی ئیلاهی خۆی دەردەکەوێت و کەسەکە ڕووناک دەبێتەوە بە نوری حەقیقەت. ئەو حەقیقەتەی کە هەموو زانین و کەماڵ و تەواوییەک، هەموو خۆشی و سرورو کرانەوەیەک، هەموو هێزو تواناو بێدەنگییەک لەودایە نەک لە غیابی ئەودا.

# باسی چوارەم

(ئەوانەی زانان ژیریی بەدەست دێنن، ئەوان وردگەری لەسەر مێشکیان دەکەن و ڕێگەی یۆگا دەگرنەبەر. ئەوان کۆنترۆڵی زیرەکیان دەکەن و هەڵدەستن بە کردنی کاری ڕاست)[١٠٢].

## یۆگا

لە دێرەکانی مێژووەوە میراتێکمان بۆ بەجێماوە کە دەتوانێت ژیانی ئێمە بەتەواوی بگۆڕێت و ببێتە چارەسەری کێشە زاتی و تەنانەت کۆمەڵایەتیەکانیشمان. ئەو میراتەش هیندی و ئاریەکان یۆگایان پێ وتووە. یۆگا (योग) ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی زهنەو تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە (٥٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر. (کارل گوستاڤ یۆنگ)ی گەورە فەیلەسووف و دەروونناسی ئەوروپی دەڵێت: "گرنگترین کاری ڕۆحانی هیندی یۆگایە، واتە فەنابوونە لەو حاڵەتەدا کە ئێمە پێی دەڵێین ناخودئاگایی[١٠٣]".

یۆگا (Yoga) ئەو ڕێگەیەیە کە مرۆڤی کلاسیک[١٠٤] دۆزیویانەتەوە بۆ تەختکردنی ڕێگەو ئاسانکردنی سەفەرەکەی لە دەرەوە بەرەو ناوەوەی خۆی کە شوێنگەی حەقیقەت و ڕاستەقینەو خواو ڕۆحانییەت و پیرۆزی و هەتاهەتایی و بەهەشت بووە. یۆگا ڕێگەیەکی عیرفانی (Mysticism) عەمەلی تاکناس (Monotheist) بووە یۆگیەکان کاری لەسەر دەکەن و پێیان وایە ڕێگەیەکە مرۆڤ لێوەی دەتوانێت بگات بە حەقیقەت (Truth).

---

١٠٢ - ئەدهیای پێنجی یاجورڤیدا.

١٠٣ - بڕوانە (س ١٩، ل ٢٥). کارل گوستاڤ یۆنگ هاوشانی فرۆید یەکێک بوو لە گەورە دەروونناسە ئەوروپییەکان. یۆنگ دۆزەرەوەی ناخودئاگایی مرۆڤە لە ئەوروپادا. فرۆید دەربارەی یۆنگ دەڵێت: یۆنگ دوێنێ فەیلەسووف بوو ئەمڕۆ خەریکە دەبێتە پێغەمبەر.

١٠٤ مەبەستم لەمرۆڤی کلاسیک ئەو مرۆڤانەن کەنەکەوتونەتە ژێر کاریگەری تەکنەلۆژیاو بەمانای وشە مرۆڤ بوون نەک ئالەت.



# باسی پێنجەم

(هەموو گیاکان لە نەخۆشی ڕزگارمان دەکەن)

(ڕیگ ڤیدا –مەندالای ٥) ١٠٥

## ئایورڤیدا

لە پاش ئیلاهیات و فەلسەفە و عیرفان، یەکێک لە تەمەندرێژترین و مرۆڤپەروەرترین زانستەکان کە پەیوەندی بە ڤیداکانەوە هەیە زانستی پزیشکیە (Medical Sience)[١٠٦]. هەڵبەت زانستی پزیشکی بەو مانایە نا کە ئەمڕۆ بەکار دەهێنرێت تەنها بۆ چارەسەری نیشانەکانی نەخۆشی، بەڵکو زانستی پزیشکی ئەو زانستەیە کە دەکۆڵێتەوە لە ڕێگەچارەی ئەو گرفتانەی دێنە بەردەم مرۆڤ و ئەو خاودەکەنەوە لە بڕینی ئەو ڕێگەیەی کە دەیگەیەنێت بە شادی هەتاهەتایی و خۆشی ناوەکی و سەرتاسەری، ئەو خۆشیەی کە لە قووڵترین بەشی مرۆڤایەتیمانەوە سەرچاوە دەگرێت.

سر من از ناله من دور نیست

لیک چشم و گوش را ان نور نیست

گەر سەرنج بدەیت لە داستانە کۆنەکان، هەر لە چیرۆکەکانی بەر ئاگردان و تەنانەت چیرۆکی منداڵان و ئەو چیرۆکانەش کە بەهای جیهانیان هەیە، دەبینی لە هەموویاندا بەجۆرێک لە جۆرەکان باسی پزیشکێک کراوە کە لە کاتی گرفتەکاندا دەرکەوتووە، جا چ گرفتەکان ماددی و جەستەیی بن یان مەعنەوی و ڕۆحی. لە چیرۆکی گەلگامێش و ڕامایانا (Ramayana) و ماهابهاراتادا (Mahabharata) ئەم پزیشکانە بە ڕوونی بەرچاو دەکەون. پزیشکەکانی ناو ماهابهاراتا و ڕامایانا نەک هەر تەنیا کەسایەتیەکی ئاسایی نین، بەڵکو لە هێزی ئیلاهی بەرخوردارن و کەسانێکن بە حەکیم (Rishi) یان

١٠٥- بڕوانە (س ٩، ل ١٦٥).

١٠٦ – کاتێک ڤیشنۆ لەسەر شێوەی کورما واتە کیسەڵ دەردەکەوێت و دێتە ناو تۆفانەوە تا شتە گرانبەهاکان بدۆزێتەوەو بپارێزیت لە تیاچون،١٤ لەوان دەپارێزێت و دەیداتە خواوەندەکان. یەکێک لەو گەوهەرە پڕ قیمەتانە (دهانڤانتری-Dhanvantri) ە، دانڤانتری واتە پزیشکی خواوەند.

فەیلەسووف بەناوبانگن، چونکە لە ڕاستیدا لە سەردەمی کلاسیکدا (دیسان بە مانا ڕۆحیەکەی) زانستی پزیشکی بەشێکی گرنگی فەلسەفە بووە. خۆ ئەگەر زانستی پزیشکی هاوشێوەی کارو مەبەستی ئەم زانستە پزیشکیەی ئەمڕۆ نەبێت بێگومان فەلسەفەش هاوشێوەی فەلسەفەی هاوچەرخ نییە کە تەنها ڕێگەیەکە بۆ پرسیارکردن لە کێشە کۆمەڵایەتییە دووبارەکان و هیچی تر. فەلسەفە لەلای مرۆڤی کلاسیکی ڕێگەیەک بووە بۆ گەیشتنی مرۆڤ بە حەقیقەتی خۆی، کەواتە زانستی پزیشکیش ڕێگەیەک بووە بۆ چارەسەری ئەو گرفتانەی دێنە سەر ڕێگەی (سالک) لەمیانەی ئەو گەشتە دوورودرێژەیدا کە وا دەردەکەوێت بە ژیان دەست پێ بکات و بە مردن کۆتایی بێت.

ئایورڤیدا ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی جەستەو وزەی جەستەیەو لە تێکستی پیرۆزی (ئاتەرڤەڤیدا)و (شاسترا سامهیتا –Shastra Samhita)و (چاراکا سامهیتا –Charaka Samhita)دا بەڕوونی باسی کراوە، ئەمە بەدەر لەوەی لە تێکستەکانی دیکەشدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەبارەیەوە باس و خواس کراوە.

ڤیداکان و بەتایبەت ئاتەرڤەڤیدا بەڕوونی باسی ئەوەیان کردووە کە مرۆڤ چۆن بتوانێت بگات بە حەقیقەت. هەروەها ئەو ڕێگرانەشیان شی کردۆتەوەو چارەسەر کردووە کە دێنە سەر ڕێگەی خۆناسین. جیۆتیش و یۆگاو ئایورڤیدا سێ زانستن کە باس لەو ڕێگرانە دەکەن و چارەسەری تەواو دەدەن بەدەستەوە تا بتوانین بەئاسانی بگەینە هەیقەت و خۆناسین. ئایورڤیدا زانستێکە بۆ پاراستنی تەندروستی و هاوسەنگکردنەوەی ئەو شتەی پێی دەوترێت لەشی ماددی کە یەکێکە لە ڕێگرە زۆر گەورەکانی سەر ڕێی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی خۆی، چونکە کاتێک لەش دووچاری ناهاوسەنگی و نەخۆشی دەبێتەوە، ئیدی کار دەکاتە سەر دڵ و دەروون و بیرکردنەوەو هۆش. بەشێوەیەک کە دەتوانێت بەتەواوی کۆتایی بە ژیان بێنێت و مردن فەرموو لێ بکات. بێگومان مردنیش گەیشتنی مرۆڤ بە حەقیقەت دوادەخات و درێژە بە سامسارا دەدات.

ئایور[107] (ژیان)و ڤیدا [108] (زانست) واتە زانستی ژیان. ئایورڤیدا بۆ ئەوەیە

١٠٧- Auyr

١٠٨- Veda

ئێمە بتوانین بە تەندروستی و تەمەنێکی زۆرەوە بژین و دۆشاکانمان هەمیشە لە هاوسەنگی و تەواویدا بن، چونکە بێ هاوسەنگی دۆشاکان تەندروستی بەدەست نایەت.

دۆشاکان[١٠٩] سێ کەیفیەتن کە لە هەر مرۆڤێکدا یەک یان دووان یان هەرسێکیان زاڵن. بۆ نموونە کەسانێک هەن تیایاندا (ڤاتا دۆشا[١١٠] یان کافا دۆشا[١١١] یان پیتادۆشا[١١٢]) زاڵە. کەسانێک هەن (کافا و پیتا) یان (پیتا و ڤاتا) یان (ڤاتا و کافا) زاڵە تیایاندا. کەسانێکیش هەن (کافا و پیتا و ڤاتا) تیایاندا لە دەرکەوتنندان. ئێمە لەم کتێبەدا بە دووروودرێژی ناتوانین باسی ئایورڤیدا بکەین، چونکە لە کتێبێکی سەربەخۆی دیکەدا بەناوی (زانستی ژیان، ئایورڤیدا) کە هێشتا چاپ نەکراوە باسی ئەم زانستەم بە دووروودرێژی کردووە. پشتیوان بە ئیشڤارا لە زەمەنێکی نزیکدا چاپ و بڵاوی دەکەینەوەو ئەوەندەی بکرێت هەموو لایەنەکانی ئەم زانستەی تیادا بە باشی باس دەکەین.

دەبێت ئەوە بزانین کە ئایورڤیدا یەکێکە لە زانستە زۆر وردو گرنگ و سەرسوڕهێنەکان کە زۆر شت لەسەر مرۆڤ دەدات بەدەستەوەو ڕێگەگەلێکیش بۆ چارەسەری گرفت و نەخۆشیەکان باس دەکات کە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەتوانین بەکاریان بهێنین بەبێ هیچ زەرەرو زیانێک.

ئەم زانستە لە ڤیداکاندا بەتایبەت لە ساماڤیداو یاجورڤیداو بەتایبەتتریش لە ئاتەرڤەڤیدادا باسی کراوەو گەلێک مەتنی گرنگی وەکو (چاراکا سامهیتا)ش چوونەتە قووڵایی ئەم زانستەوە.

ئەمڕۆ لە هیندستان بەشێوەیەکی بەربڵاو ئەم زانستە لە خەستەخانەو مۆڵگەکانی ئایورڤیدادا کاری پێ دەکرێت و نەخۆشیی بێ شوماری پێ چارەسە دەکرێت کە لەناو ئەو نەخۆشیانەدا شێرپەنجەو ئایدزو شەلەل و سەدان نەخۆشی دیکە هەیە. نەک هەر لە هیندستان، بەڵکو لە ئەمریکاو ئەوروپاش ئایورڤیدا بە باشی ناسراو نەخۆشخانەی تایبەت بە خۆی هەیە کە بەبێ دەرمانی کیمیاوی

---

١٠٩- Doshas

١١٠- Vatta

١١١ - Kafa

١١٢- Pita

خەڵکی چارەسەر دەکەن. بە سەدان پەیمانگای هیندی و ئەوروپی دەبینی بۆ فێربوونی ئایورڤیداو چارەسەری نەخۆشی. لە زانکۆکاندا دەتوانیت نامەی دکتۆرا لەم بارەیەوە بخوێنیت و لێکۆڵینەوە بکەیت. ئەمڕۆ ئاڤیدیا (پزیشکە) کانی ئایورڤیدا لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکان دەبینیت کە بە سێ پەنجەی دەست، دەستی ڕاستی نەخۆشەکەیان گرتووەو بە سەدان نیشانەی ناهاوسەنگی نەخۆشەکە دیاری دەکەن و لەهەمانکاتدا چارەسەرو دەرمانی تایبەتی گیایی پێ دەدەن. ئەم دەرمانە گیاییانە لە هەر چوار سامهیتاکەی ڤیدادا بە گرنگی باسیان کراوە. بڕوانە چەند ئایەتێک لە ڕیگ ڤیدا لەو بارەیەوە:

ئەی گیاکان ئێوە وەکو دایکمان وان.
ئێوە لە سەدان شوێنی جیاجیادا بەدی دەکرێن،
هەزاران چڵ و پۆپتان هەیە،
ئەو کارانە زۆرن کە ئێوە لە تواناتاندا هەیە جێبەجێی بکەن،
ئێوە لە هەموو نەخۆشییەک چارەسەرمان دەکەن[١١٣].

ژمارە و ناوی ئەو گیایانەش زۆرن کە باسیان کراوە، لەوانە (ئەشڤاڤاتی، سۆماڤاتی، ئۆدۆجاسا، ئورجایانتی، گیای بڕەهماو هتد...)، بەڵام لە هەموویان گرنگتر گیای (سۆما)یە کە تەنانەت لە قوربانییەکانیشدا بەکاردەهێنرێت و گیایەکی زۆر پیرۆزە.

ئایورڤیدا زانستێکە کە لەلایەن ڕیشی و پیاوە پیرۆزەکانی هیندەوە بۆمان بەجێماوەو ئەمڕۆ هەمووان دەتوانین کاری پێ بکەین.

لە ڕاستیدا ئایورڤیدا یەکێکە لە کامڵترین و وردترین زانستە ڤیداییەکان کە دەربارەی لەش دەدوێت. تەمەنی ئەم زانستە دەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی ڤیداکان، تەنانەت کەسێکی وەکو (سوامی مادهاڤاناندا) پێی وایە کە تەمەنی ئایورڤیدا دەگەڕێتەوە بۆ پێش (٨٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر.

ئایورڤیدا لە سێ ڕووکارەوە چارەسەری مرۆڤ دەکات:

---

١١٣- بڕوانە (س ٩، ل ١٦٣).

١.	یوکتا ڤیاپاشرایا (Yukta Vyapashraya) چارەسەری لە ڕووکاری ماددی، واتە خودئاگاییەوە. ئەم بەشە دەکۆڵێتەوە لە ئاناتۆمی و فسیۆلۆژی مرۆڤ.

٢.	ساتڤا ڤاججایا (Sattva Vajjaya) چارەسەر لە ڕووکاری ئیحساسییەوە، واتە لە ڕووکاری نیوەئاگاییەوە. ئەم بەشە هاوکارە لەگەڵ یۆگاو ڕاهێنانە دەروونییەکان بۆ هاوسەنگکردنەوەی حاڵەتە دەروونی و ئیحساسییەکان.

٣.	دیڤیا چیکیتسا (Diviya Chikitsa) چارەسەر لە ڕووکاری ناخودئاگاییەوە یان لە ڕووکاری مەعنەوییەوە. دیڤیاچیکیتساش دەکۆڵێتەوە لە شێوازەکانی چاودێری و تێڕامان و شێوازەکانی پەرستش، بۆئەوەی مرۆڤ لە ئاگایی باڵا نزیک بکاتەوە کە هەمان خودایەو دوورکەوتنەوە لێی مایەی دروستبوونی نەخۆشی و ئازارە.

بەشەکانی ئایورڤیدا زۆرن، بەڵام بەگشتی لە ئایورڤیدادا ئەم بەشانە کاریان لەسەر دەکرێت:

١) پزیشکی گشتی (Kaya Chikitsa)

٢) نەشتەرگەری (Shalya Tantra)

٣) گوێ و قورگ و لوت (Shalakya Tantra)

٤) نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوون (Kaumarabhritya)

٥) ژەهرناسی (Agada Tantra)

٦) دەروونناسی (Bhuta Vidya)

٧) بەهێزکردنی هێزی گەنجی و لاوی (Rasayana)

٨) سێکسناسی، بەهێزکردنی هێزی جنسی (Vajikarana)



# باسی شەشەم

(فیساگۆرس پێی وایە هەر ئەستێرەیەک لە جێگۆڕکێ و جووڵەیەدا، لەرینەوەیەک پێک دێنێت و ئەو لەرینەوەیەش هاوسەنگی دەداتە بوونەوەر)

(ئۆشۆ)

## جیۆتیش

جیۆتیش لە دوو وشە پێکهاتووە، (جیۆت –Jyot) واتە تیشک و (تیشا –Tish) واتە ڕووناکی یان نوور، وشەکە پێکەوە مانای تیشکی نوورو زانین دەگەیەنێت، هەر بۆیە جیۆتیش بە (زانستی ڕووناکی) بەناوبانگەو بە ئینگلیزی (زانستی فەلەکناسیAstronomy) پێ دەوترێت. ئەم ڕێگەیە ڕێگەو زانستی کۆنترۆڵی هێزی هەسارەکان و هێزەکانی دەرەوەی مرۆڤە لەپێناو باشتر بەڕێکردنی کاتەکانی ژیان. دەتوانین بڵێین جیۆتیش زانستی ئەستێرەناسی ڤیداییە کە باس لە تالعی مرۆڤ و چارتە تایبەتییە فەلەکیەکان دەکات، بۆ نموونە بە زانستی (جاتاکا – Jataka) تالعی زەمەنی مرۆڤ دەردەکات و کەسەکە لە گونجاوی شوێنی نیشتەجێبوون ئاگادار دەکاتەوە. یاخود لەڕووی (نیمیتا – Nimita)وە باس لە گرنگی کار دەکات بۆ هەر کەسێک و بە زانستی (موهورتا -Mohurta)ش باس لە باشترین کات دەکات کە کارەکانی تیادا ئەنجام بدرێت. کەواتە (جاتاکاو نیمیتاو موهورتا) کە سێ زانستی تایبەتی جیۆتیشن، یارمەتی مرۆڤ دەدەن تا بتوانێت باشترین شوێن و کات و کار بۆ خۆی هەڵبژێرێت کە بە باشترین شێوە لەگەڵیدا دەگونجێت (واتە لەگەڵ ویست و تواناو هێزی ڕۆحی و ماددیی کەسەکەدا دەگونجێت).

بەگشتی جیۆتیش ئەو کاتانە بۆ مرۆڤ دیاری دەکات کە باشترین کاتن بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارو بازرگانی و خێزانداری و ئەنجامدانی نوێژو پەرستش و چاودێرییە قووڵەکان. هەر لەبەرئەمەیە کە سوامی مادهاڤاناندا (برزۆقادری) دەڵێت: «یۆگاو جیۆتیش و ئایورڤیدا لەو پێناوەدان کە مرۆڤ بتوانێت

هوشیارانە لە کاتە هەموارو ناهەموارەکاندا ژیان بەسەربەرێت»[114]. تەنانەت لە کۆندا جیۆتیشەکان کاتی شەڕەکانیان دیاری کردووەو بەپێی ئەم زانستە قووڵە سەرکردەکانیان دەستنیشان کردووەو سەرەنجامی سەرکردەکانیشیان دیاری کردووە. ئەوەتا لە ماهابهاراتادا کاتێک باس لە مردنی دوریودهانا دەکرێت کە یەکێکە لە سەرکردەکان، دەوترێت: (هەربۆیە دوریودهانا هەر لەوێدا لە کەنار (کوڕەت برەما)دا کەوت و ڕۆحی سپارد، جیۆتیشەکان لە تالیعەکەیدا نووسیبویان کە هەرکات شادی و غەمی پێکەوە پێگەیشت، ئەوکات دەمرێت)[115].

جیۆتیش لە کۆندا دابەش کراوەتە سەر دوو بەش:

گانیتا Ganitta کە تایبەتە بە لێکدانەوەو حساباتی زۆر وردو تاقەتپڕوکێن دەربارەی هەسارەی زەوی و هێڵەکانی پانی و درێژی و قوتبەکان.

سامهیتا[116] کە تایبەتە بە لێکدانەوەی چارتە جیهانییەکان و لێکدانەوەی چارتە فەردیەکان[117].

هۆی سەرهەڵدانی جیۆتیش دەگەڕێتەوە بۆ پێویستیەکانی مرۆڤ بە زانین دەربارەی دەوروبەری، ئەم پێویستیەش لەوەوە هاتووە کە مرۆڤ ویستویەتی بزانێت هۆی چیە هەندێک کات و لە هەندێک شوێن باشتر دەتوانێت کارێک بکات و هەمان کار لە هەندێک کات و شوێنی دیکەدا ناتوانێت بەو باشیە ئەنجام بدات. یان بۆچی هەندێک (بە زاراوە بازاڕیەکە) خاوەنی شانسن و هەندێکی دیکە بە بەدبەختی ژیان دەگوزەرێنن! ئەمانەو زۆر پرسیاری دیکەش دەربارەی هەسارەکان و پەیوەندیان و ئەو هێزانەی لە دەوروبەرمان هاتوچۆ دەکەن و دێن و دەچن و بەزۆرو بە کەم کاریگەری دەخەنە سەر ژیانی ئێمە، وایان کردووە ئەم زانستە لەلایەن ڕۆحانییەکانەوە بەگشتی و ڕۆحانییەکانی هیندەوە بەتایبەتی بخرێتە بەر باس و خەڵکی لێ وەئاگا بهێنرێتەوە. هەندێک

---

١١٤ - بڕوانە (س ٣، ل ١٠ و ١١).

١١٥ _ دەفتەری دەیەم (سوپتی کاپارڤا) ی ماهابهاراتا. بڕوانە (س ١٧. م ٢. ل ٤٨٨-٤٨٩).

١١٦ - Samhita

١١٧- بۆ نموونە لە سەنهیتادا باس لە هەندێک تالعی وەک (مین) دەکرێت کە هەرکەس خاوەنی بێت خاوەنی جازبیەتێکی بەهێزو ڕاگیرە.

له عارفە ئیسلامیەکان و عارفە مەسیحیەکان و تەنانەت یەهودیەکانیش باسیان لە کاریگەری هەسارەکان کردووە لەسەر مرۆڤ، چینییەکان و هیندییەکان بە بەربڵاوترو فراوانتر توانیان ئەو کارە بکەن و وەک زانستێک بیناسێنن، هەرچەند مەبەستی ئەم زانستە تەنها شتێک زانستی نەبوو، بەڵکو لەپێناو پێگەیشتنی ڕۆحانی مرۆڤەکاندا بوو.

مێژووی جیۆتیش دەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی ڤیداکان لە ئێرانی کۆن کە دەکاتە نزیکەی (٤٠٠٠ بۆ ٦٠٠٠) ساڵ پێش زایین. باسەکانی جیۆتیش زیاتر لە (تایتریا سامهیتا Taitirya Samhita)ی یاجورڤیدادا باسی کراوەو پاشانیش لە (ئاتەرڤەڤیدا)دا درێژە بە باسەکان درا.

لە کۆی زانستە جیۆتیشە ڤیداییەکان سێ مەکتەبی سەربەخۆمان هەیە کە لەبارەی ئەم زانستەوە دەدوێن، ئەوانیش:

١. پاراشارا - Parashara

٢. جیمینی - Jimini

٣. تایکا - Taikah

وەک سوامی مادهاڤاناندا دەڵێت پاراشارا کۆنترین مەکتەبی ڤیداییە کە لەبارەی جیۆتیشەوە دوابێت[١١٨]. ئەم مەکتەبە لەسەر دەستی پاراشاراشاکتی (Parasharashakti) دامەزراوە کە کوڕی ڕیشی ڤاشیستا (Vashistha)یە، ڤاشیستا یەکێکە لە نووسەرەوەکانی ڕیگ ڤیدا کە کۆنترین ڤیدایە. پاراشاراشاکتی لە (٦٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر کتێبێکی بەناوبانگی لەبارەی جیۆتیشەوە نووسی بەناوی (بریهات پاراشارا هورا شاسترا)[١١٩]، ئەم کتێبە تاوەکو ئێستاش یەکێکە لە کتێبە بەناوبانگەکانی ئەم زانستە. ئەمڕۆ جیۆتیش یارمەتیدەری خەڵکێکی زۆرە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان بەتایبەتی یارمەتی بازرگانەکان دەدات لە هەڵبژاردنی کات و شوێنی سەفەرو مامەڵەکانیان[١٢٠].

---

١١٨- (س ٣. ل ١٦)

١١٩- Brihath Parasharahura Shastra

١٢٠ - کاتێک زانستێکی ڕۆحی بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت ئەوا مەبەستە ڕۆحیەکەی دەگۆڕێتە مەبەستێکی لاوەکی ماددی کە لەپێناوی ئیگۆدا بێت.


Ra Sa
12
1
Ve
As
10
9
Mo
11
Su Ma Me
2
8
5
3
4
Ju
7
6
Ke

# باسی حەوتەم

(پێش ئەوەی ژێی ئامێرەکەت
هاوسەنگ بکەیت خۆت هاوسەنگ بکە)
حەزرەتی عینایەت خان

## گاندارڤاڤیدا
Gandarva Veda

هونەر (کالا-Kala) لە هیندستاندا بەتایبەت و لە عیرفاندا بەگشتی گرنگیەکی زۆری پێ دراوە، بەجۆرێک بەدرێژایی مێژوو عارفێک یان یۆگیەک یان سۆفییەکی کامڵ نادۆزیتەوە هونەرمەند نەبێت و گرنگی بە هونەر نەدابێت[١٢١]. کاتێک دەڵێم هونەر مەبەستم لە مۆسیقاو وێنەو پەیکەرتاشی و تەنانەت نەخشەکێشان و دروستکردنی بیناو باڵەخانەشە. کاتێک باسی حەزرەتی عینایەت خان، ڕاڤی شانکار، لیۆناردۆ داڤینشی، ڕەفەییل، پێرۆدینۆ، فیلۆپۆلیپی، سوهرابی سوپهر، مۆزارت، بتهۆڤن و چەندان وێنەکێش و مۆسیقی و هونەرمەندی ڕاستەقینەی دیکە دەبیستم، لە ڕاستیدا لە ڕێزو خۆشەویستی زیاتر ناتوانم شتێکیان بۆ دەرببڕم، لەبەرئەوەی هونەرمەندەکان بەشێوەیەکی دیکەو لە ڕووکارێکی دیکەوە تێکەڵ بەم جیهانە دەبن و دەتوانن دەرکی بکەن. ئەوان دڵیان زیندووە، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بەڕاستی ئەو کەسەی خەریکی هونەرە هونەرمەند بێت، بەداخەوە زۆرینەی ئەوانەی خەریکی مۆسیقاو هونەرن، ئەوانەن کە خۆیان بە هونەرەوە هەڵواسیوەو لەسەر سفرەی هونەر بەزۆر دانیشتوون، یاخود دەیانەوێت بەجۆرێک لە جۆرەکان دەربکەون. هونەرمەندی ڕاستەقینە کەسێکە دەتوانێت بگاتە حەقیقەتی باڵا لە ڕێگەی پەیبردن بە نهێنیەکانەوە.

١٢١ - لەناو سۆفییەکاندا کەسانی وەک حەزرەت عینایەت خان دەبینی کە یەکێکە لە مۆسیقییە بەناوبانگەکانی هیندستان و خاوەنی چەندان دانراوی بەپێزی مۆسیقییە. لەناو یۆگیەکاندا کە گرنگیان بە هونەر داوە دەتوانم ناوی ئەم سوامیانە بهێنم کە هەریەکەو گرنگیان بە چەند ئامێرێکی مۆسیقی داوەو هەندێکیشیان وێنەکێش و هۆنەریش بوون لەهەمانکاتدا: شری کریشنا، سوامی مادهاڤاناندا، سوامی شیڤاناندا ماهاراج، پاراماهانزا یۆگاناندا، سوامی بودهاناندا، سوامی نادابرەهماناندا، سوامی ساتیاناندا ساراسواتی، ڕاڤی شانکار، ب. ک. س. ئینگار و هتد...

کەواتە هونەر پەیبردنە بە دیوە شاراوەکان و نەزانراوە سەرەکیەکە، هەربۆیە لە هیندستاندا بەتایبەتی هونەر کارێکی پیرۆزە نەک پیشەیەکی تایبەتی بۆ خۆژیاندن[١٢٢]. ئەمە تەنها هەر لە هیندستان ڕاست نییە، بەڵکو ئەگەر بڕوانیتە مێژووی یۆنان و ئێرانی کۆن و تەنانەت مێژووی جوولەکە، دەبینی هونەر بەگشتی و بەتایبەتی مۆسیقا یەکێک بووە لە بەهرە پیرۆزەکانی مرۆڤ و لەو ڕێگایانە هاتۆتە ئەژمار کە خەڵکیان لە ڕێگەوە چارەسەر کردووە، هەم لەڕووی ڕۆحی و هەم لەڕووی جەستەیی و دەروونیشەوە. ئەمڕۆ پاش ڕێنسانسیش زانست پەی بەوە بردووە کە مۆسیقاو هونەر دەتوانن کاریگەر بن لە چارەسەری گرفتە دەروونی و جەستەیی و ڕۆحیەکاندا. بۆ ئەم مەبەستەش وەک مەککلاند (١٩٧٩) لە یەکێک لە لێکۆڵینەوەکانیدا باسی دەکات دەرکەوت کە لە ڕێگەی موزیکەوە میتابۆلیزم و دەردانی ئەنزیمەکان و لێدانی دڵ و پەستانی خوێن و ژمارەی هەناسە دەتوانرێت بخرێتە ژێر کاریگەرییەکی بەهێزەوە. هەروەها کۆک (١٩٨٦) ئەوەی سەلماند کە مۆسیقای هێمن کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی پێویستی ئێمە بە ئۆکسجین هەیەو موزیکی خێرا ئەم پێویستیە زیاد دەکات. موزیک شتێکی کەونییەو تەنانەت کاریگەری لەسەر پێگەیشتنی گیاو درەختیش هەیە. دکتۆر (هاری شارما) لەسەر لێکۆڵینەوەیەکی ئۆونزو ئێرین رایش (Owens and Ehrenreich) کە لە ساڵی (١٩٩١) ئەنجام دراوە دەڵێت: (مۆسیقا دەتوانێت پێویستی ئێمە بۆ دەرمانی ئازارشکێن لە (٣٠ ٪) کەم بکاتەوە )[١٢٣].

لە ساماڤیدادا وتراوە: "ئاوازەکان دەڵێم و بەرز دەبمەوە بۆ لات" (مەبەستی بەرزبوونەوەیە بۆ لای خوا)[١٢٤]. هەروەها لە دەفتەری شەشی ساماڤیداو لە مەندالای (١٣)دا بە سێ سلۆکا (پارچە هۆنراوە)ی دوورودرێژ باس لە (ڤیینا) کراوە کە یەکێک لە ئامێرە مۆسیقییە هیندیەکانەو بە چەکێکی کاریگەری گاندارڤاڤیدا ناوی براوە. ئەمەش مانای وایە مۆسیقا نەک هەر لە ڤیداکاندا

١٢٢- لەبەرئەوەی هونەر زادەی ناسکبوونەوەی ڕۆحە کە پەیوەندی بە کارمای ژیانەکانی پێشووەوە هەیە.

١٢٣- (س ٢٢، ل ٣٠٣).

١٢٤- HYMNS OF THE SAMAVEDA
Translated with a Popular Commentary
Ralph T.H. Griffith١٨٩٥

گرنگی پێ دەدرێت، بەڵکو وەک هۆکارێکی دەستی خوداوەند ناوزەد کراوەو بەکاردێت لەپێناو پێگەیشتنی ڕۆحی مرۆڤدا.

گاندارڤا زانستی موزیک و هونەرە لە ڤیداکاندا، یاخود زانستی خوێندنەوەی ڤیداکان و مانتراکانی نێو ڤیدایە. ساراسواتی (Saraswati) خوداوەندی مۆسیقاو زانین و زانستەو هێماو سومبولی زانستی گاندارڤایە لەنێو ڤیدادا. هەروەها گاندارڤا یەکێکە لە ناوەکانی (ڕۆح)ە، دوا دەرچوون لە لەش و پێش هاتنەوە لەشێکی دیکەو ئەمەش مانای وایە کە مۆسیقا هونەرێکی ڕۆحیە تا هونەرێکی ماددی و دەلالەت لەو ئاڵوگۆڕە ڕۆحانییە دەکات کە لە کاتی مردن و لەدایکبوونەوەدا ڕوودەدات.

هەمووان دەزانین کتێبە پیرۆزەکان بە دەنگی تایبەتی دەخوێنرێنەوە تا دڵگیر و کاریگەر بن. لە ڤیدادا بەو کەسانەی سرودە مەزهەبیەکان بە دەنگ و ئاوازەوە دەخوێننەوە دەوترێت گایانا (Gayana) یان گاتری (Gatri) واتە ئەو کەسەی هەمیشە لە ستایشکردنی خودادایە. گایانا لە (گاد Gad)ەوە هاتووە کە بە مانای نەقڵکردن و گواستنەوە دێت. سەرچاوەی وشەی گادا (Gada) یش هەمان گادە، گادا بە مانای ڕستەیەک دێت کە لە پیرۆزێکەوە هاتبێت. واتە خوێنەری ئایینی کەسێکە کە بەشێوەیەکی مەوزون لە ڕێگەی ڕستە ئیلاهیەکانەوە بەرەکاتی ئیلاهی دادەبەزێنێت بۆ خەڵک و دەوروبەری خۆی. ئەمەش نیشانەی گەورەیی مۆسیقی و کەسی ئاوازدانەرە لە ڤیدادا.



**وێنەی ساراسڤاتی خوداوەندی مۆسیقا و هونەر**

ڤیداکان بەشێوەی هۆنراوە نووسراون و هەندێک دەڵێن لە کۆندا ژمارەی دێڕە شیعریەکانی ڤیدا (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دێڕ هۆنراوە بووە. ئەم هۆنراوانە بە کێش و سەروای تایبەتی نووسراون و خوێنراونەتەوە وەک کێش و سەروای جایاتی[١٢٥] و گایاتری (Gayatri)[١٢٦] و ئەنشتوپە[١٢٧] و تریشتوپا[١٢٨] و پاموکتی[١٢٩] و ماهاپاموکتی[١٣٠] و ئەشنیکا[١٣١] و پڕاستارا پاموکتی[١٣٢] و هتد...

ماندالاکانی[١٣٣] ڤیدا یان لەسەر یەکێک لەم کێش و سەروایانە نووسراونەتەوە یان لەسەر یەکگرتنی دووان لەم بەحری کێش و سەروایانە نووسراونەتەوەو لە کیرتان (Kirtan)ەکاندا وتراونەتەوە[١٣٤]. ئێستاش هەندێکجار ڤیداکان بە ئاوازی کانداتالا (Kanda tala)و کانداپڕاستارا (Kanda prastara)و کاندارچینی (Kandacini)و کانداماترا (Kandamatra) دەخوێنرێنەوە کە کۆمەڵێک ئاوازی ڤیداییین.

ئەمە بەدەر لەوەی هەندێک مانترای ڤیدایی هەن بە ئاوازی تایبەتی دەخوێندرێنەوەو تایبەتن بە ڕۆژو پێیان دەوترێت ڤارامانترا (Vara Mantra) و هەندێکی دیکە هەن تایبەتن بە شەوو بە ڕیتومانترا (Ritu Mantra) بەناوبانگن. زانستی مانترا (Mantra)کان [١٣٥] کە لە ڤیداکانەوە سەرچاوەیان

١٢٥ - Jayati

١٢٦- گایاتری پیرۆزترین کێش و سەروای هیندییەو بە مانای مەوزون دێت. گایاتری لە (٢٤) پارچە پێکهاتووە کە باس لە گەورەیی ساڤیترا دەکات. ساڤیترا ژنی بڕەهمای بێژەری ڤیداکانە و ساڤیتری بە دایکی ڤیداکان ناودەبرێت. بڕوانە (س ١٣، ل ٥٠١-٥٠٢، ٥٥٨، م

١٢٧- Anushtupa

١٢٨- Trishtupa

١٢٩- Pamookti

١٣٠- Mahapamookti

١٣١- Ashnika

١٣٢ - Prarastapamookti

١٣٣ - Mandala ماندالا بە مانای بازنە دێت. مەبەست لەو وێنانەیە کە باس لە خواوەندەکان دەکەن و لە هەندێک تێکستی هیندی وەک یاجورڤیدادا بە تەلیسمی خواکان ناوی هاتووە.

١٣٤ - کیرتان واتە وتنی گۆرانییە ڕۆحانییەکان کە هۆنراوەکانیان لە مانتراکانی ڤیدا پێکدێن.

١٣٥ - مانترا واتە وشەی پیرۆز. ئەم مانترایانە دابەش دەبنە سەر دوو شێوە: یان (مانتران) وەک مانترای گایاتری و مانایان هەیە، یان (بیجا مانتران) و وشەگەلێکن کە مانایان نییە و تەنها وتنەوەیان کارێکی زۆر گەورە دەکاتە سەر بێژەرەکەو دەیخاتە حاڵەتی تایبەتی ڕۆحانییەوە، بۆ

گرتووه یەکێکن لە زانست و ڕێگە تایبەتیەکانی سلوکی هیندی کە وا دەکات یۆگی یان سالک بەزوویی بگاتە خوداوەند. مانترای ئۆم گەورەترین مانتراکانی نێو ڤیدایەو هەموو ڤیداکان تەنها دەرکەوتەیەکی ئەم ماترایەن نەک شتێکی دیکە، وەک پێشتریش باسمان کرد تەنانەت بوون دەرکەوتەی ئومە. سالکە هیندیەکان ڕۆژانە بە هەزاران جار بە ئاوازو شێوازی تایبەت دەیڵێنەوە.
بەپێی زانستە ڤیداییەکان زهنی مرۆڤ بە پێنج شێوە خۆی دەنوێنێت:

١. مۆدها Moodha زهنی زۆر زۆر پەرێشان و بێ قەرار.

٢. کشپتا Kshipta زهنی پەرێشان کە ناتوانێت لەسەر هیچ بابەتێک ڕاگیر بێت و هەمیشە لە پەرێشانی و دوودڵیدا دەژی.

٣. ڤیکشیپتا Vikshipta زهنێک کە کەم تا زۆر وردگەرە، بەڵام کەمێک پەرێشانی تیادا ماوەو قەلەقی ئەوەیە (ئاخۆ کامیان باشترە).

٤. ئیکاگرا Ekagra زهنی وردگەرو ڕاگیر. مرۆڤ بەم زهنەوە دەتوانێت بەرەو حەقیقەت هەنگاو هەڵبێنێت و تێبگات لە شتەکان وەک خۆیان.

٥. نیرۆدها Nirodha زهنی ئازاد. بەم دەرکەوتەیەی زهن دەوترێت (تری گۆناتیتا-Tri Gonatitah) واتە ئەو زهنەی ئازاد بووە لە سێ گۆناکە. (لە پاشاندا باسی گۆناکان بەوردی دەکەین).

مانتراکان ڕێگەیەکن بۆ تێپەڕاندنی زهنی مۆدها بۆ ئیکاگراو دواجاریش گەیاندنی بە نیرۆدها (ئازادبوون). ئەمڕۆ لە یۆگادارشاندا ڕێگەی مانترایۆگا هەیە. لە مانترایۆگادا یۆگی لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی مانتراکان و ویردە ڤیداییەکانەوە دەتوانێت بگاتە حەقیقەت و دەرکی بارە تیوارەکانی ئاگایی بکات[١٣٦]، نموونەی (گایاتری مانترا) یەکێکە لە مانترا گرنگە ڤیداییەکان:

ئۆم بهور بوڤەسڤەها  تات سەڤیتۆر ڤەرینییەم

بەرگهۆ دیڤەسیا دیمەهی  دیۆیۆنا پڕاچۆدایات

(ستایش بۆ خوداوەند ساڤیتری کە هەر ئەو شایستەی ستایشە، بەڵکو بە

---

نموونە وەک بیجامانترای ئۆم کە یەکێکە لە ناوە گەورەکانی خواوەند.

١٣٦ – (تسبح لە السموات السبع و الارض و من فیهن وان من شیء الا یسبح بحمدة ولکن لاتفقهون تسبیحهم انە کان حلیما غفورا) (الاسراء٤٤ )

نوورو ڕووناکی خۆی ڕێنوێنیمان بکات بۆ جیاکردنەوەی هەق و ناهەق).

ئەمڕۆ ئایورڤیدیەکان و یۆگیەکان و زانایانی پزیشکیش سوود لەم ڕێگەیە وەردەگرن، چونکە وەک ڤیداکان دەڵێن مۆسیقا هاوسەنگی کەون ڕادەگرێت، یان هاوسەنگی کەونی بەجۆرێک لە جۆرەکان بەشێوەی مۆسیقا دەردەکەوێت و فیزیای نوێ ئەمڕۆ دان بەم ڕاستیەدا دەنێت و دەڵێت بوونەوەر جۆرە مۆسیقایەکە.

خولاسەی وتەو مەتڵەب لە هۆنراوەیەکی (ئەوحەدەدینی کرمانی)ەوە دەگەیەنم کە دەڵێت:

عمری است که من حدیث وی می شنوم
و اوازەو عشق و دف و نی می شنوم
با من به زبان حال هر موجودی
او می گوید ولی ز نی می شنوم[137]

واتە: تەمەنێکە کە وتەکانی ئەو دەبیستم، هەروەها ئاوازی عەشق و دەف و نەی دەبیستم. لەگەڵ من بە زوبانی حاڵ هەموو بوونەوەرێک. ئەو قسە دەکات، بەڵام من نەی دەبیستم.

---

١٣٧ - اوحدالدین کرمانی و حرکتی اوحدیه.
دکتر میکاییل بایرام. ترجمه: منصورة حسینی، داود وفایی
چاپ اول، نشر مرکز، ١٣٧٩. ل ٩٠



هێما و نووسینی دیڤاناگاری وشەی ئۆم

# باسی هەشتەم
# ستاپاتیا (ڤاستوو)
# Vastuu

کاتێک برەهما دونیای دروست کردو وزەی شاکتی[138] هاتە سەر وێنەی مادەو شکڵی جیهانی ماددی بەخۆ گرت، وزەیەکی شێواو پەیدا بوو لەناو شوێن (ئاکاشام)و زەمان (کالی)دا کە بە (ڤاستوو پوروشا)[139] بەناوبانگ بوو. ڤاستو پوروشا بەهیچ کۆنترۆڵ نەدەکرا، ناچار برەهماو شیڤاو هەموو خوداوەندەکانی دیکە هاتن دەستیان کرد بە خوێندنی مانتراو ویردە ئاییینییەکان. لە کۆتاییدا برەهما خۆی دا بەسەر ئەم هێزەداو لە ناوەڕاستی (شوێن)دا ئەوی کۆنترۆڵ کردو خۆی لەسەری دانیشت. ڤاستوو بەهۆی مانتراکانی برەهماوە بوو بە یەکێک لە موریدەکانی برەهماو پێی وت کە چۆن خزمەتی برەهما بکات، برەهما پێی دەڵێت لەمەودوا تۆ ببە بە نوێنەری ئێمە لە ماڵ و شوێنەکاندا. ڤاستوو دەڵێت: "من لە زەمەنی ساتیە یوگەو تریتا یوگەو داواپارا یوگەدا ئەم کارە دەکەم، چونکە خەڵکی بەپێی یاساکانی ڤیداو دارما ماڵەکانیان دروست دەکەن، بەڵام لە سەردەمی (کالی)دا ناتوانم، چونکە خەڵکی بەبێ گوێدانە یاساکان ماڵ دروست دەکەن". برەهما پێی دەڵێت لەو کاتانەدا تۆ دەتوانی خەڵکی ناو ئەو ماڵانە بکوژیت و لەناوبەریت. مەبەست لەم چیرۆکەی ناو ڤیداکان ئەوەیە کە خودا هێزی خۆی لەناو شوێن و زەمەندا حەشار داوە کە ئەگەر بەوریایی مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت لەبری سوود زیانێکی زۆر دەگەیەنێت.

مێژوونووسانی وەکو جیمز فرگسۆن و دکتۆر هاڤڵ و سێر کانینگ هام (Sir Cunningham) تەمەنی ئەم زانستە دەگێڕنەوە (٦٠٠٠ بۆ ٣٠٠٠) ساڵ پێش زایین[140].

ڤاستوو زانستی هەڵبژاردنی شوێن و چۆنیەتی دروستکردنی بیناو ئاشرام (پەرستگە – Ashram)کانە، واتە ڤاستوو زانستی بیناسازیی ڤیدایە.

---

١٣٨ – شاکتی واتە وزە، لە ئەفسانەکاندا شاکتی ژنی شیڤایە.

١٣٩ - VastuPurusha

١٤٠ - (K.V.v.r.anjaneyulu ،B ،Sc ،M.a Ph.D.LIT).

برگردان/ ژالە زهد ابادی. ل ١.

گەر سەرنج لە ئاشرامە ڤیداییەکان و تەنانەت ئاشرامە بوودابییەکان بدەین لە هیندو نیپاڵ و تبت و ئەفغان و پاکستان، دەبینین ئەم زانستە زۆر پێشکەوتووەو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هیندیەکان داناوە. ڤاستوو پەیوەندیەکی بەهێزی بە زانستی بیئە (Ecology)وە هەیە کە ئەمڕۆ لە ئەمریکاو ئەوروپا گرنگیەکی زۆری پێ دەدرێت.

بیروڕای ژینگە یان جوگرافیای بوون، تەنها بیروڕایەکی ئایینی یان فەلسەفی نێو ڤیداکان نییەو بەس، بەڵکو زانست ئەمڕۆ بەشێوەیەکی تەواو چڕوپڕ سەلماندویەتی کە هەڵبژاردنی شوێن بەشێکی گەورەی سەرکەوتنی ئەنجامدانی هەر کارێکە. (سوامی ب. ب. ڤیشنۆ) لە یەکێک لە باسەکانیدا دەڵێت: «بۆ ماوەیەکی زۆر زانایان بڕوایان وابوو کە ژیان لە شۆربایەکی کیمیایی دروست بووەو هیچ مەبەستێکی سەرەکی لە پشتەوە نییە کە ڕێنوێنی بکات بۆ ئامانجێک، بەڵام ئێستا ئیدی دەرکەوتووە کە ئەمە ڕاست نییە».




وێنەی ماندالایەکی ڤیدایی
کە باس لە هەموو هێزەکانی نێو زەوی دەکات

(جەیمس واتسۆن) یەکێک بوو لەو فیزیکناسانەی بەشێوەیەکی زانستی ڕوونی کردەوە کە یاسایەکی گرنگ و مەبەستێکی سەرەکی هەیە لە پشت دیاردەکانەوە، بە شوێن و زەمانیشەوەو دواتر ئەم تیۆریە لە میکانیکی کوانتۆمدا بەتەواوی سەلمێنرا.

زانستی فیزیای ئەتۆمی و فیزیای کوانتۆم پێیان وایە جیهان هەموو پێکەوە گرێدراوەو هەرەج و مەرەجمان نییە لە بووندا، ئەمە هەمان ڕاوبۆچوونی فیزیاناسی گەورە (ماکسوێڵ)و (ئیروین شرودنجیر)ە کە بە باوکی میکانیکی کوانتۆمی دادەنرێن لە فیزیای تازەداو خاوەنی خەڵاتی نۆبڵن. زانست دەڵێت هەموو جووڵانەوەیەک هۆکاری جووڵەیەکی دیکەیەو سەرەنجامی جووڵەیەکی دیکەشە. واتە وەک تیۆری ڕێژەیی (نیسبی) ئەنیشتاین پێداگری لەسەر دەکات، پەیوەندییەکی زۆر گەورە هەیە لەنێوان زەڕڕەیەک و زەڕڕەیەکی دیکەدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی شوێن.

(ڕۆسەر فورد) لە (١٩١١)دا توانی بنچینەی تیۆریەک دابنێت کە دواتر فیزیکدانی کالیفۆرنی بەناوبانگ (هێنری ستیپ) پەرەی پێ دا، ستیپ دەڵێت: «زەڕڕە بوونێکی سەربەخۆو ئاشکرای نییە، بەڵکو لە خودی خۆیدا کۆمەڵێکە لە پەیوەندی کە گرێدراوە بە شتەکانی دیکەوە«. کەواتە شوێن و پێکهاتنی جوگرافی شوێن گرنگیەکی زۆری هەیە لە کاتێکدا ئەو شوێنەی کە تۆ تیایدا نیشتەجێی پەیوەندییەکی تەواوی هەیە بە تۆو ناخی تۆوە. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە مێشکی مرۆڤ خاوەنی بلورە ئۆکسیدی موگناتیسیە کە دەکەوێتە ژێر کاریگەی هێزی کەهرۆموگناتیسی ئەو زەویەوە کە تیایدا نیشتەجێیەو ئەمەش کاریگەری دەخاتە سەر ئەقڵی ئەو کەسە. (دەبڵیو بینفیڵد)و (جۆن ئیکلیس) کە دووانن لە گەورەترین (Neuroscientists) واتە زانایانی دەمارناس لە باسەکانیاندا باس لە جیاوازیی دەماغ و ئەقڵ دەکەن و پێیان وایە لەگەڵ بوونی ئەم جیاوازیەشدا، بەڵام هێشتا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوانیاندا کاتێک ئەم دووانە دێنە مەیدانی شوێنەوە.

ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە زەوی وەک هەر شتێکی دیکە خاوەنی مەبەستێکە کە دەیەوێت پێی بگات و ئەو مەبەستەش کەمالە، چونکە زەوی

خاوەنی بوونی خۆیەتی.
لەم دواییانەدا هەردوو زانای فیزیکناس (ڕۆبەرت جان)و (بریندادون) ئەم مەسەلەیەیان بە تیۆرێک لەژێر ناوی (مەبەستی کەونی) خستە ڕوو کە هەر شتێک بە گەردەکانی زەویشەوە بەرەو مەبەستێکی دیاریکراو دەکشێن.
ڤاستوو کار لەسەر هاوسەنگی هەر پێنج ڕەگەزەکە دەکات (بۆشایی، هەوا، ئاگر، ئاو، خاک) کە بوونی ماددیان پێک هێناوە. ڤاستوو بەشێوەیەکی ڕۆحانی پێمان دەڵێت چۆن دەست بدەینە هەڵبژاردنی شوێن و دروستکردنی ئەو ماڵەی تیایدا دەژین بۆئەوەی زۆرترین وزەی موسبەتمان دەست بکەوێت و تیایدا بحەوێینەوە، بۆ نموونە پێمان دەڵێت دەبێت ژووری خەو ڕووی لە باکوور بێت یان باشوور، ژووری دانیشتن و ژووری عیبادەت دەبێت ڕوویان لەکوێ بێت و باخ و حەوشەی ماڵ بکەونە کوێوەی ماڵ. ڤاستوو دەڵێت نابێت لە ماڵ و شوێنی نیشتەجێبووندا دۆشاکان هەبن بەتایبەتی ئانداکا دۆشا[١٤١] و ڕودیرا دۆشا[١٤٢] و کوبجا دۆشا[١٤٣] و ساکهاپالیکادۆشا[١٤٤]، چونکە هەریەک لەو بابەتانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە پێگەیشتنی جەستەیی و ڕۆحی ئێمەوە هەیە[١٤٥]. واتە ئەگەر یۆگا زانستی کۆنترۆڵی زهن و ئایورڤیدا زانستی کۆنترۆڵی لەش و جیۆتیش زانستی کۆنترۆڵی هێزو وزەی هەسارەکان و زەمەن و گاندارڤا زانستی کۆنترۆڵی لەرینەوە کەونییەکان بێت، ئەوا ستاپاتیا زانستی کۆنترۆڵی ڕووکارەکان و شوێنی نیشتەجێبوونە.
نەخشە تایبەتییە ڤیداییەکان ئەمڕۆ باس و خواسی زۆریان لەسەرە لەلایەن یۆگی و ڕیشیە هیندیەکانەوەو لە ئەوروپاش بەهەمان شێوە.
(ئید ڤیسوانات Ed Vesvanath) لە یەکێک لە کتێبە بەناوبانگەکانیدا کە

---

١٤١ - ئانداکا واتە نەبوونی چەنجەرە لە ماڵدا.
١٤٢ - بوونی دەرگای ناهاوسەنگ.
١٤٣ - بوونی دەرگای بچووک لە ماڵدا.
١٤٤ -نەبوونی پایە.
١٤٥ – ئۆلریخ (Ulrich) ١٩٨٤ لە لێکۆڵینەوەیەکدا باسی ئەوەی کرد ئەو کەسانەی پەنجەرەی ماڵەکانیان دەکەونە سەر باخ کەمتر دەکەونە خەستەخانەکانەوەو خێراتریش لە پاش نەشتەرگەریی چاک دەبنەوە. بڕوانە (س٢٢، ل ١١٣).

یەکێک لە پڕفرۆشترین کتێبەکانی ئەمریکا بووە دەربارەی چەند دەستەواژەیەکی زانستی ڤاستوو دەڵێت:

(وشەی geometry ئینگلیزی لە وشەی gyaamiti ی سانسکرێتیەوە هاتووە کە مانای ئەندازە (هەندەسە) دەگەیەنێت و وشەی (trigonometry یش لە وشەی (trikonamit)ی سانسکرێتیەوە هاتووە کە مانای زانستی سێگۆشە دەگەیەنێت و ئەمەش مانای وایە کە (Euclid) دامەزرێنەری هەندەسە نییە لە (٣٠٠ پ. ن) (وەک زانایانی ڕۆژئاوایی بۆی دەچن)، بەڵکو زانستی هەندەسەو حساباتی زەمینی یەکێک لە سەدان زانستەکانی ڤیدایەو هەزاران ساڵ پێش ئیکلیدیسە)

هەر هەمان لێکۆڵەر درێژە بە لێکۆڵینەوەکانی دەدات لەبارەی زانستی ڤاستووەوەو پێی وایە کە سوریا سیدانتا (Surya Siddhanta) لە (٢٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر لەڕووی بیروڕای ڤیداییەوە باسی زانستی گۆشەو (تری کۆنامیتی) کردووەو لە (١٦٠٠)ی زایینیدا نووسینەکانی کراونەتە ئینگلیزی. هەروەها دەیڤید ئۆسبۆرن (David Osborn) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بەناوی (Scientific verification of vedic knowledge)دا گرنگی هەندەسەو میعماری ڤیدایی باس دەکات و دەڵێت: "تەنانەت یۆنانییەکانیش زۆر شت لە هیندیەکانەوە فێر بوون".

ئەگەر ئێمە لە شوێنەوارەکانی شاری دڤاراکا[١٤٦]ی هیندی بکۆڵینەوە کە کەوتوونەتە ژێر ئاو، دەبینین گەلێک ڕووکاری گرنگی بیناسازی و هەندەسییان تیادا بووە کە نیشانەی گرنگی ستاپاتیان لای هیندیەکان. نەک هەر شوێنەوارەکانی دڤاراکا، بەڵکو شوێنەوارەکانی مۆهەنگۆداروو و هاراپاو کۆشکەکانی ئەکبەرو قەڵاکانی (گۆلکۆندا)و (جادپور)و (لالکویلا)و (دەوڵەت ئاباد) نموونەی زانستی ڤاستوون. هەر بۆیە (فرانسۆ ڤۆڵتێر)[١٤٧] دەڵێت: "فیساگۆرس چووە بۆ گانگا بۆ فێربوونی هەندەسە"، واتە فیساگۆرس چووەتە ناو هیندو مەبەستی چوونەکەشی بۆ فێربوونی هەندەسە بووە. دکتۆر (ئەبراهام سیدینبیرگ)یش لە کتێبی مێژووی بیرکاریدا پاڵپشتی هەمان بیروبۆچوونی ڤۆڵتێر دەکات.

---

١٤٦- Dvaraka

١٤٧- Francois voltaire

ئەو نەخشەو سێگۆشەو (ماندالا – Mandala)و (یانترا – Yantra)یانەی لە ڤیداکاندا باس کراون، وەنەبێت تەنها جۆرە نەخشەیەکی فیزیایی بن، بەڵکو تیۆری ئەم نەخشانە لە فەلسەفەی دروستبوونی کەون و وجودەوە هاتوون و هەمیشە لە نەخشەکاندا (برەهما – Brahma)کە دروستکاری بوونەوەو سەری لە باکوورەو قاچی لە باشوورەو دەکەوێتە ناوەڕاستی نەخشە ڕۆحانییەکەوەو ئەمەش مانای وایە ئێمە دەبێت لەسەر بنچینەیەکی ڕۆحانی تەنانەت جێگەی حەوانەوەشمان دروست بکەین و هەموو ژیانمان وەک پەرستشی لێبێت. ئەم زانستە لە هەندێک کتێبی زۆر کۆنی ئاری و هیندیدا باسی کراوە، بۆ نموونە کتێبی (ماناسارا سیلپا شاسترا Manasara Silpa Shastra) کە ماناسارای عارف نووسیویەتی و کتێبی (مایاماتام Mayamatam)کە (مایا) نووسیویەتی. هەروەها لە زۆر تێکستی ڤیدایی دیکەدا باسی وردەکاری ئەم زاستە کراوە وەک تێکستەکانی (ڤاستوو ڤیدیا)و (هارا سامهیتا)و (گاگاسامهیتا)و (ماناراسا)و (ڤاشیستا سامهیتا)و (شوکرانیتی)و (ناراداسامهیتا).

ئاریەکان تێکستی ڤیشواشکارانا ڤاسوو شاسترایان[١٤٨] نووسیوە کە ئامۆژگاری و فەلسەفەکەی ناوی هاوشێوەی زانستی فینگ شو (Feng Shui)ی چینییە کە باسی هەردوو جۆرەکەی وزە (Prana)و هاوسەنگکردنەوەی دەکات لە ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوون و ئاشرامەکاندا. گریها ڕاکشا (Griha Raksha) یەکێکە لەو مانتراو نەشیدە ئیلاهیانەی بۆ پاککردنەوەی ماڵ لە وزەی خراپ و هێزی شەیتانی بەکاردەهێنرێت بۆ ئەم هاوسەنگکردنەوەیە.

بەهەرحاڵ ماوەتەوە سەر ئەوەی پێش نمایشکردنی یەکێک لە ماندالا ڤیداییەکان باسی ئەوە بکەم کە بەپێی نەخشەی ڤیدایی ماڵ دەبێت لە ناوەڕاستی زەویەکەدا بکرێت و باخ و سەوزایی لەبەردەمی ماڵدا هەبێت، هەروەها دەبێت بەرزونزمی لەناو ماڵدا نەبێت. نابێت داڵانی زۆر دوورودرێژ لە ماڵدا هەبێت، ناشبێت سەقفی ژوور زۆر بەرز یان زۆر نزم بێت. دەبێت دیواری لای ڕاست پێش دیواری لای چەپ دەست بە دروستکردنی بکرێت و بناغەی خانوو نابێت کەسێک بیکات کە کێشەو نەخۆشی هەبووبێت، یان بڕوای بە خودا یان ڕۆح نەبێت.

١٤٨- Viswaskarama Vaastu Shastra

ماڵ یان پەرستگەش زۆرجار لەسەر یەکێک لە ماندالاو نەخشەکان دروست دەکرێن کە ئەمەی خوارەوە باسی یەکێکە لە ماندالا گرنگە ڤیداییەکان بەبێ لێکدانەوە:

هەر ماندالایەک باکوور، باشوور، ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات، باکووری ڕۆژئاوا، باکووری ڕۆژهەڵات، باشووری ڕۆژئاواو باشووری ڕۆژهەڵاتی هەیە.

لە باکوور کوبێرا (Kubera) نیشتەجێیە[١٤٩].

لە باشوور یاما نیشتەجێیە[١٥٠].

لە ڕۆژئاوا ئادیتیا نیشتەجێیە[١٥١].

لە ڕۆژهەڵات ڤارونا نیشتەجێیە[١٥٢].

لە باکووری ڕۆژئاوا ڤایو نیشتەجێیە[١٥٣].

لە باکووری ڕۆژهەڵات ئیشڤاڕاشیڤا نیشتەجێیە[١٥٤].

لە باشووری ڕۆژئاوا پیترو نیشتەجێیە.

لە باشووری ڕۆژهەڵات ئاگنی نیشتەجێیە[١٥٥].

لە ناوەڕاستی ماندالاکەدا برەهما نیشتەجێیە کە سەری لە باکووری ڕۆژهەڵاتەو قاچی لە باشووری ڕۆژئاوایە.

---

١٤٩- کۆبێرا فریشتەی سەروەت و سامانە.

١٥٠ - یاما فریشتەی مردنە.

١٥١- فریشتەی خۆر.

١٥٢- ڤارونا فریشتەی بارانە.

١٥٣ - ڤایو فریشتەی هەوایە.

١٥٤ - ئیشڤارا واتە خاوەن، شیڤا واتە (نهدم) کاولکەر.

١٥٥ - فریشتەی ئاگر.



**وێنەی ماندالایەک، برەهما دەکەوێتە ناوەڕاستیەوە**

# باسی نۆیەم
# دهانورڤیدا
# Dhanur Veda

ئەوەی دەبێ ببێت، دەبێ ببێت، ئێمە نە دەتوانین بکەین و نە دەتوانین نەیکەین. کەواتە ئەوەی ڕوودەدات دەبوو ڕووبدات و ئەوەشی کە ڕووی نەداوە نەدەبوو ڕووبدات.

ڤیدا لەو بڕوایەدایە ئێمە دەرکەوتەی (ئەو)ین، واتە ئێمە هەموو ناوو سیفەتەکانی خودا لەخۆ دەگرین، ئەگەرچی بە هەندەکیش بێت. سۆزو میهرەبانی لەبەرامبەر تۆڵەو هێزدا دوو تایبەتمەندیی خودان کە هەمان تایبەتمەندی لە ئێمەشدا ڕەنگ دەداتەوە. کەواتە شەڕو کۆشش بۆ نەهێشتنی خراپە بەشێکە لە ئەرکی ئایینی، هەربۆیە چینێک لە کۆمەڵگە ئەم ئەرکە دەگرنە ئەستۆ کە پێیان دەوترێت (کشاتریا) واتە چینی جەنگاوەران کە ئەرکی پاراستنی خەڵکیان لەسەر شانە لە دەست کەسانی خراپ و ستەمکار.

ئاریەکان کە بێژەرو کۆکەرەوەی ڤیداکانن، هەمیشە بە کەسانی نەجیب ناسراون. لە زمانی سانسکرێتیدا نەجیب ئەو کەسانەن کە ڕازی نابن مافیان بخورێت و هەقی لێقەوماوان دەسێنن. بێگومان هەمیشە ئەمە بە ئاشتی نەکراوەو شەڕ بەشێک بووە لەو مافسەندنانە. ئاریەکان کەسانی ئازاو دلێرو شەڕکەر بوون. بێگومان فەلسەفەکەشیان بێبەری نییە لە ڕێنمایی تایبەت بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت ئەو کارە بکەن و خۆیان تەرخان بکەن بۆ جەنگ دژی داگیرکەرو خەڵکانی خراپ.

دهانورڤیدا زانست و هونەری جەنگی ڤیدایە کە (ڤالمیکی–Valmiki) لە (ڕامایانا)و (ڤیاسا–Vyasa) لە تێکستی (ماهابهاراتا)دا بەڕوونی باسیان کردووەو لە ڤیداکاندا گەلێک دوعاو مانتراو یاساو ڕێسای تایبەتی بۆ دانراوە کە بە (دهانوردهارما) ناوزەد کراوە، واتە قانوونی جەنگ. ئەم یاسایانە بۆ ئەوەیە تا لە کاتی جەنگدا کەمترین زیان بە جەنگاوەر بگات و زۆرترین سەرکەوتن بەدەست بێت و دوژمن بشکێنرت، بۆ نموونە لە سەمهیتای یەکی یاجورڤیدادا دەڵێت: "ئەی زانایان.. ئازا ئەوەیە کە ژیانی خۆی دەبەخشێت لە جەنگی

نێوان دوو دوژمنی بەهێزدا، بەڵام ئازاتر ئەوەیە کە ژیانی خۆی لەپێناوی خاکی نیشتمانی دایکدا دەبەخشێت. سەرەڕای بەهێزیەکەی، وەکو کەسێک کە نیشتمانی دایکی ڕزگار دەکات بۆ چاندراما، بەڵکو ئەوانەی پاککراوەن بێنە نزیک ئێمە. با ئەوانە بکوژن کە بێزراون". جێی سەرنجیشە زۆرینەی مانتراکانی نێو ڤیدا کە تایبەتن بە شەڕو شکاندنی دوژمنەوە بۆ پێش دەستپێکردنی شەڕن نەک دوای شەڕ[١٥٦]، واتە لەپێناوی ئەوەدان شەڕەکە ڕوونەدات و دوژمن یان واز لە دژایەتی بێنێت یان خوا هێزی شەڕی لێ بسەنێتەوە. (ڤیشنۆپوڕانا – Vishnu Purana)و هەندێک لە پوڕاناکانی دیکە کە تایبەتن بە زەمەنی حەماسی هیندەوە بەوردی باسی زانستی دهانوریان کردووەو بە یەکێک لە هەشتا زانستە تایبەتیەکەی زانین ناوی دەبەن.

(ئاگنی پوڕانا – Agni Purana) باسی جۆری شەڕکەرەکان دەکات لە مەیدانی جەنگداو دابەشیان دەکاتە سەر شەش بەشی پیادە، ئەسپسوار، فیلسوار، زۆرانباز، گالیسکەسوارو پاڵپشت. ئەمانە هەموویان دەبێت بەرخوردار بن لە مانترا تایبەتیەکانی شەڕو زانستەکانی شەڕیان لە مەیدانی جەنگ و شوێنە تایبەتیەکانی نەبەرددا بەتەواوی لەلایەن مامۆستای ڕۆحانییەوە خوێندبێت و پراکتیزە کردبێت. مامۆستا ڕۆحانییەکەش یەکێکە لەو کەسە زۆر شارەزایانەی سەر بە چینی کشاتریاکانەو دەبێت گەشتبێتە حەقیقەتی ژیان و توانیبێتی لە جەنگدا باڵادەستی بەدەست بهێنێت. ئەم شەڕکردنە لەپێناو بەدەستهێنانی ناوو ناوبانگ و خاک و پارەدا نییە، بەڵکو لەپێناو ڕاگرتنی دارما (Darma)ی کەونیدایە. لەم زانستەدا باس لە چەندەها جۆر چەکی وەک تیروکەوان (ئاکارشنادهانورا)[١٥٧] و مورچانا کالی (Murchana Kali)[١٥٨] نان‌دی ئاسترا (Nandiastra)[١٥٩] و ناگائاسترا (Naga astra)[١٦٠] و

---

١٥٦- هەندێکجاریش مانترا لەناو جەنگدا دەخوێنرێن وەک مانترای (ساتارودری) کە تایبەتە بە کاتی جەنگ. بڕوانە (س١٧. م ٢. ل ٢٠٩).

١٥٧- Akarshna Dhanur

١٥٨ - واتە تیری مەرگ. بڕوانە (س١٦، ل ٦٣٤).

١٥٩ - نانداياترا واتە چەکی خۆشی. بڕوانە (س ١٦، ل ٦٣٦)

١٦٠- ناگاسترا واتە چەکی شێوە مار.

مۆراشالا (Morashala)و تۆمارا (Tomara)[161] کراوە کە بەکاردەبرێن لە شەڕەکاندا. هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی ئەم چەکانەشدا ڕێ نەدراوە هەموو کەسێک بکوژرێت و لە هەموو کاتێکیشدا شەڕ بکرێت و هەموو کەسێکیش بەکاریان بهێنێت. لە دەفتەری حەوتەمی ماهابهاراتادا کە بە (درۆناپارڤا) بەناوبانگە هاتووە:

(لە چەندین باردا کوشتنی دوژمن ڕەوا نییە..

یەکەم: کاتێک مەست بێت.

دووەم: کاتێک لە گالیسکە کەوتبێتە خوارەوە.

سێهەم: کاتێک پەنای هێنابێت بۆمان.

چوارەم: کاتێک تۆقابێت[162].

(دهانور)کەمان و (دهانورڤیدا) واتە زانستی تیرهاویشتن. لەم زانستەدا پێوستە کشاتریاکان و ئەگەریش پێویست بوو شودراکان خۆیان فێری ئەوە بکەن چۆن تەرکیز کۆبکەنەوەو هێزی خوایی بەدەست بهێنن بۆ شکاندنی دوژمن. وەنەبێت تەنها شەڕکەرەکان دەبێت ئەم کارە بکەن، بەڵکو دەبێت (گاناپاتێ)[163] کانیش هەمان کار ئەنجام بدەن تا سەرکردەگەلی بەتواناو لێهاتوو بن. لە (ڕیگ ڤیداو ئاتەرڤەڤیداو ڤیشنۆپورڕاناو ئاگنی پورڕاناو ماهابهاراتاو ڕامایانا)و چەند تێکستێکی دیکەی هیندیدا باسی دهانورڤیدا کراوە، بەڵام مۆڵگەی یەکەمی ئەم زانستە ئاتەرڤەڤیدایە.

---

١٦١- ئەم چەکە لە دەفتەری نۆهەمی ماهابهاراتادا باس کراوەو وتراوە دوریودهانا (یەکێکە لە سەرکردەکانی کورڤان) بەم چەکە بریندار کراوە (س١٧، م ٢، ل ٤٥٠).

١٦٢ - بڕوانە (س١٧، م ٢، ل ٢٤٩).

١٦٣- گاناپاتێ واتە سەرکردە یان سەرۆکی جمهوری.



**وێنەی کالی**

# بابەتی سێهەم
# شەش دارشانا هیندیەکە

ڤیدا پاش کامڵبوونی، بووە هۆی دامەزراندنی شەش دارشانای[١٦٤] گرنگ کە بە دارشانای (ئاستیکا)[١٦٥] بەناوبانگن، واتە ئەو دارشانایانەی بڕوایان بە (ئاتمان)[١٦٦] و (پاراماتمان)[١٦٧] هەیەو دەتوانین گونجاوتر بڵێین ئەو دارشانایانەی بڕوایان بە بوونی بنچینەیەکی دیکە هەیە کە ماددەی لێوە هاتووە. ئەم ئاستیکایانە بەشێکی گەورەی بیروڕای هیندی ڤیدایی ڕێک دەخەن و کۆنترۆڵ دەکەن و پێک دەهێنن، تەنانەت کاریگەرییەکی گەورەیان بەسەر فەلسەفەی یۆنانی[١٦٨] و ئیسلامی[١٦٩] و مەسیحیشەوە هەیە و لەم دواییانەشدا قوتابخانە فەلسەفییە

---

١٦٤ - بەپێی وتەی (شری شیام سوندار گۆسوامی) دارشانا واتە ڕێگەی ڕوانین، یاخود ڕوانگە کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەڕوانێتە شتەکان بەبێ خۆگرێدان بە فەلسەفەیەکی تایبەت یان دینێکی تایبەتەوە.

١٦٥ - Astika

١٦٦ - ئاتمان Atman واتە ڕۆحی باڵای مرۆڤ، ئەم ڕۆحە دەرکەوتەی خوایە لە مرۆڤدا. واتە خوا کە دێتە سەر شێوەی مرۆڤ پێی دەوترێت ئاتمان. بە ناسینی ئاتمان دەگەینە ناسینی پاراماتمان.

١٦٧ - پاڕاماتمان Paramatman واتە ئاتمانی گەورە، مەبەست لە خواوەندی بێ سنورە. پاڕاماتمان هەمان ئاتمانە، بەڵام لە شێوەی بێسنوری خۆیدا. لە ڤیداکاندا بە خواوەندی تاقانە دەوترێت پاڕاماتمان.

١٦٨ - هەندێک لە فەیلەسووفە یۆنانییەکان سەردانی هیندیان کردووە و بیروڕای هیندیان وەرگرتووەو تەنانەت بە زەقی هەندێکیان بڕوایان بە یەکێتی بوون و دۆنایدۆن و تەناسوخ هەبووەو باسیان لە چوار ڕەگەزە پێکهێنەرەکەی کەون کردووە کە ئەمانەی باس کران لە نیشانە دیارەکانی فەلسەفە ڤیداییەکانن. وا بڕوا دەکرێت کە پلاتۆن لە سەفەرە دوورودرێژەکەیدا سەردانی هیندی کردووەو بەشێکی لە فەلسەفەی ئەدڤایتای هیندی وەرگرتووە.

١٦٩ - محمد داراشکوە یەکێکە لە بەناوبانگترین ئەو کەسانەی کە مەڵبەندی یەکبوونی دارشانای هیندییەکانی ڤیداو ئایینی ئیسلامە. محمد داراشکوە کە کوڕی یەکێک لە ئیمپراتۆرەکانی هیندستان بووە وەرگێڕی زۆرینەی ئوپانیشادەکانە بۆ سەر زمانی فارسی، شایەنی باسە داراشکوە نووسەری چەند کتێبێکی گرنگە لەوانە (مجمع البحرین) کە باس لە بیروڕا ڤیداییەکانی ناو ڤیدا دەکات و بەراوردیان دەکات بە زاراوە و بیروڕا ئیسلامییەکان. کاریگەریی دارشاناکان لە زۆر بیروڕای

ڕۆژئاواییەکانیش بەتایبەت فەلسەفەی هیگڵ و شۆبنهاوەرو فریدریک نیچەو شلینگ و سپێنوزاو تۆرۆو فیورشتاین تاڕادەیەک کەوتنە ژێر ئەم کاریگەریەوە. ئەم ڕاستیەش لە زۆر نووسینی خودی ڕۆژئاواییەکاندا باسی کراوە.
(سامی ڤیشۆدهاناندا گیری) لە یەکێک لە نووسینەکانیدا دەڵێت: "لە هیندستان شەش سیستمی فەلسەفی هەیە کە ڤێدانتا دارشان و سانکیاو یۆگاو سیستمی نیایای گاوتاماو سیستمی ڤایشیشیکای کاناداو سیستمی کارما میمانسای ڤاتسیانایە".

کەواتە دارشاناکانی هیند پێکدێن لە نیایادارشان و ڤایشیشیکادارشان و سانکهیادارشان و یۆگادارشان و پورڤا میمانسادارشان (یان کارما میمانسا) و ڤیدانتادارشان[١٧٠]. هەرچەند ڤیشۆدهاناندا گیری باس لە دارشانای حەوتەم دەکات کە دەیڤی میمیانسا Daivi Mimansa یە، بەڵام ئێمە لێرەدا باس لەو دارشانایە ناکەین لەبەرئەوەی بابەتەکە ئاڵۆز نەکەین. باسکردنی ئەم دارشانایانە لەو ڕووەوە پەیوەندیان بە باسەکەی ئێمەوە هەیە کە دوو شت بزانین، یەکەمیان ئەوەیە ڤیداکان تەنها تێکستگەلی ئایینی نین تەنها باس لە قوربانی و مەراسیمە عیبادییەکان بکەن، بەڵکو نووسراوگەلێکی وەهان کە دەتوانن یارمەتیمان بدەن لە تێگەیشتنی ڕاستییە جیهانییەکاندا بەشێوەیەکی کرداری و لەهەمانکاتدا فەلسەفی. وەنەبێت ڕووکارە فەلسەفیەکەش تەنها فەلسەفەیەکی عیرفانی وەکو یۆگا بێت، بەڵکو ڤیدا لە ڕوانگەی ژیربێژی و ماتریالیشەوە خاوەن بەهایەکی گەورەیە. مەبەستی دووەمیشمان ئەوەیە بزانین هەموو زانست و فەلسەفە ڤیداییەکان بۆ کامڵکردنی مرۆڤن و هاوشانی شکاندنی ئەو وەهمەی مرۆڤ بە دەوری خۆیدا کێشاویەتی. سەرەنجامی دارشاناکان بۆ گەیشتنی مرۆڤە بە حەقیقەتی خۆی نەک شتێکی دیکە، ئەم گەیشتنەوەیەش یەکێکە لە مەبەستەکانی هەموو عیرفان بەگشتی، ئەوەتا حەزرەتی مەولانای ڕۆمی دەڵێت:
آنچە از دریا، بە دریا می رود

---

ئیسلامیدا و لای زۆر فەیلەسووف و عارفی ئیسلامی دەبینی لەوانە ئیبن عەرەبی و مەنصوری حەللاج و سوهرەوەردی و هتد..

١٧٠ - (س١٣، ل ٦٥ بۆ ٨٤)

از همانجا کامد آنجا می رود

واتە هەر شتێک لە دەریاوەیە بەرەو دەریا دەڕوات، لە هەر کوێوە بێت بەرەو ئەوێ دەچێتەوە. هەروەها لە (نەی نامە)ی مەسنەوی مەعنەویدا دەڵێت:

هر کسی کو دور ماند از اصل خویش
باز جوید روزگار وصل خویش

واتە گەر کەسێک دوورکەوتەوە لە ئەسڵی خۆی، دیسان دەگەڕێتەوە سەر ئەسڵی خۆی.

# باسی یەکەم
# نیایادارشان

نیایادارشان[١٧١] یەکێکە لە شەش دارشاناکەو لە هەموویان زیاتر کار لەسەر قیاسی مەنتیقی و بەڵگەهێنانەوەی لۆجیکی و جەوهەرو عەرزو بابەتە مەنتقیەکان دەکات و دەچێتە وردەکاریی دروستبوونەوە وەک چۆن فەلسەفەی ئەرستۆ لە یۆنان هەمان کار دەکات.

هەندێک وا بڕوا دێنن کە نیایادارشان لە سەرەنجامی زانستی (نیرۆکتە)وە دروست بووبێت کە لێکۆڵینەوەیە لە وشەو مەفاهیمە ڤیداییەکانی نێو ڤیداکان. نیایا واتە ئەو ڕێگەیەی ڕێبەری بیر دەکات بۆ تێگەیشتن[١٧٢] و مانای ئەم ناوەش بەرچاوڕوونی ئەوەمان پێ دەدات کە نیایا دەیەوێت لە ڕووکاری شتە بینراوو نەبینراوەکانەوە بمانگەیەنێتە باوەڕێک کە بەئاسانی قەبووڵی بکەین ئێمە کامڵین و دەتوانین کامڵ ببینەوە[١٧٣]. ئەم ڕێگەیە لەلایەن ڕیشیی (ئاکشاپادا گۆوتاما Akshapada goutama)وە ڕێکخراوەو بڵاوکراوەتەوەو لە مەتنی (نیایەسوترا Nyaya Sutra)دا قسەی لەسەر ئەم بابەتە کردووە. گۆوتاما بە ئەرستۆی هیند بەناوبانگە. تێسکتی نیایەسوترا لەلایەن ڤاتسیایانا[١٧٤] و ئۆدیۆتاراکا[١٧٥] و ڤاکاسپاتییەوە[١٧٦] تەفسیر کراوە[١٧٧].

مێژووی ئەم ڕێگەیە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە (٢٠) سەدە لەمەوبەرو هەندێک

---

١٧١ - Nyaya Darshan

١٧٢ - نیایا زۆر مانای هەیە لەوانە شێوەی یەکەمی، ڕێگە، یاسا، بنچینە، مەنتق، بورهان، دادپەروەری، شەرع، قیاس.

١٧٣ - هەڵبەت وەک نیایا دەڵێت تەنها مەسەلەکە مەنتیق نییە، بەڵکو کارکردنە لەسەر ئەو ڕێگایانەی کە مەنتیقی مرۆڤ فراوان دەکەن بۆ نموونە وەک فراوانکردنی بیر لە ڕێگەی مانترا ڤیداییەکانەوە.

١٧٤ - Vatsyayana

١٧٥ - Udyotaraka

١٧٦ - Vakaspati

١٧٧ - بڕوانە (س ١٣. م ٢. ل ٥٩٦-٥٩٧).

مێژووی نیایاسوترا دەگەڕێننەوە بۆ (٣) سەدە پێش هاتنی عیسای یەسوع[178].

نیایەدارشان چوار هۆکار باس دەکات لە تێگەیشتنی تەواو لە مەسەلەیەک، واتە بەبێ ڕاستی و تەواوی ئەم چوار هۆکارەی زانین ناتوانین شتەکان بزانین وەک خۆیان، ئەوانیش:

١. زانەر (پڕەماتری- Pramatri).

٢. زانراو (پڕامیا- Prameya).

٣. سەرەنجام (پڕامیتی- Pramiti).

٤. هۆکاری زانین (پڕامانا- Pramana).

مەبەستی نیایادارشان سەلماندنی بابەتێکی فەلسەفی یان جەدەل و موناقەشەی لۆجیکی نییە، بەڵکو مەبەستی سەرەکیی نیایا گەیشتنە بە ئازادیی ڕەها (مۆکشا). ئازادبوون لە مردن و لەدایکبوونەوەی بەردەوام (سامسارا- Samsara). نیایا دەڵێت: "سەرچاوەی ئازارەکانی ئێمە لەدایکبوون و مردنە[179] و سەرچاوەی لەدایکبوون و مردنیش بوونی بەردەوامی کارمایەو بوونی کارماش پەیوەندی بە وابەستەبوون (ئاڤایراگیا)وە هەیەو ئامادەیی هەمیشەیی وابەستەییش لە ئێمەدا پەیوەندی بە نەزانی (ئاڤیدیا)ی ئێمەوە هەیە"[180]. کەواتە نیایا ڕێگەیەکە بۆ تێگەیشتنی تەواو لە شتەکان و یەکبوون لەگەڵ زانین و زانراودا بۆ کۆتاییهێنان بە وابەستەیی و کارماو لەدایکبوونەوەی دووبارەو لە کۆتاییشدا گەیشتن بە کەماڵی ڕەها، یان ئازادیی ڕەها (موکشا- Mooksha)[181].

---

١٧٨ - بڕوانە (س ١٣. م ١. ل ٦٦).

١٧٩- مانای لەدایکبوون و مردنی بەردەوام ئەوەیە کە ئێمە بە لەدایکبوونەوەی دووبارە و بەردەوام دەبینە دیلی پڕاکریتی و ئەگەر ئەمە بەردەوام بێت ئەوا ئێمە هەرگیز ناتوانین هەناسەیەکی ئارامی هەڵبمژین و دەست لە ئەژنۆ درێژتر. دەرچوون لە بازنەی سامسارا (لەدایکبوون و مردن) مانای دەرچوونە لە کاریگەرییەکانی کارما و زاڵبوونە بەسەر ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی مرۆڤدا.

١٨٠- ڤیداکان دەڵێن گرفتی یەکەم نەزانیەو هەموو گرفتەکانی دوای ئەو لەمەوە دەست پێ دەکەن وەک چۆن مرۆڤەکان لە خاکەوە سەرهەڵدەدەن.

١٨١ - بڕوانە (س ١. ج ٢. ل ٤٤٥). لە ڕاستیدا مەبەستی هەموو دارشانا هیندییەکان گەیشتنە بە ئازادی (قد افلح من تزکی). ئەو ئازادیەی لێرەدا باس کراوە ئازادیی سیاسی یان ئایینی نییە، بەڵکو ئازادبوونی مرۆڤە لە هەموو کۆت و بەندە ماددی و ڕۆحییەکان و ئازادبوونی ئەوە لە هەموو وێنەکانی ناخودئاگایی کە وا دەکەن ئەم مرۆڤە ببێتە دیلی ناوو فۆڕمە دەرەکییەکان.



# باسی دووەم

هر کجا رفتم تو بودی بی تو جان را می دهم
ای تو جان را تالبی دیدار هردم می کنی[١٨٢]

## ڤایشیشیکا دارشان
## Vaishishika Darshan

ڤیداکان وەک هەر تێکستێکی دیکەی ڕۆحی خاوەنی ئاڵۆزی زۆرن، هەر بۆیە گەلێک لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ دەکرێت و ئەم لێکدانەوانەش دەبنە سەروبەندی دروستبوونی ڕێگەگەلی جۆراوجۆر کە لە ڕاستیدا ئەم ڕێگایانە زیاتر وەک کامڵبوون و فراوانبوونی ئەو تێکستانەو لەلایەکی دیکەشەوە بوونی ڕەگەزی مرۆیی لەو تێکستانەدا دەردەکەون.

دارشانای ڤایشیشیکا بەپێچەوانەی دارشانای ئەدڤایتاوە بڕوای بەوە هەیە کە خودا ڕاستەقینەی ڕەهاو بوونی ڕەهای هەیەو جیهانیش ڕاستەقینەیە، بەڵام ڕاستەقینەیەکی ناجێگیرو فانی[١٨٣]. لەگەڵ ئەوەشدا پێداگری لەسەر ئەو حەقیقەتە دەکات کە جیهانی دەرەکی هەیەو ئینکار ناکرێت، مرۆڤ پێویستە هەستی پێ بکات و تێی بگات پاشان بەسەریدا زاڵ ببێت و لە کۆتا هەوڵیشدا لێی بگوزەرێت و بگاتە ئازادبوون لەو واقیعە فانییە.

ئەم بیروڕایە لە فەلسەفەی ئیسلامیشدا هاتووە، لە قورئاندا هاتووە (کل شیْ هالک الا وجه) هەموو شتێک (واتە دونیای ماددی) لەناوچووە تەنها خودا نەبێت، واتە دەبێت پێشتر بووبێت تا لەناوبچێت.

دەربارەی خوداوەند فەلسەفەی ڤایشیشیکا پێی وایە کە هەمیشە خوداوەند وەک (نیرگۆنابرەهمەن) دەردەکەوێت، چونکە لەژێر کاریگەریی گۆناو ڕەگەزە سروشتیەکانی پێکهێنەری بووندایە، بەڵام کاتێک خوا بەم شێوەیە دەرکەوت،

---

١٨٢ - واتە چوومە هەر شوێنێک هەر تۆ بوویت، بێ تۆ گیان دەدەم، ئەی ئەو کەسەی گیان دەکەیتە داواکاریی هەمیشەیی. ئەم هۆنراوەیەم لە (٢٠٠٨/٨/١) نووسیوە.

١٨٣ - ئەدڤایتا پێی وایە جیهان ڕاستەقینە نییە.

ئەوا ناکرێت بڵێین دەرکەوتەی خوا بوونی نییە، چونکە لە خواوە هاتووە. ڤایشیشیکا دارشان زیاتر باس لە تیۆری ئەتۆم دەکات و ئەم بڕوایەشی لە تێکستی بەناوبانگی (ڤایشیشیکا سوترادا) باس کردووە.

(کانادا – Kanadah) یەکێکە لە دامەزرێنەرە زۆر بەتواناو بەرچاوەکانی مەکتەبی ڤایشیشکا دارشان. ئەوەی لەم دارشانایەدا باس کراوە لە سانکهیاو یۆگاو نیایاشدا وەرگیراوەو قبووڵ کراوە. بەتایبەت مەسەلەی ئازارو ڕزگاربوون لە ئازار کە تەنانەت لە بودیزمیشدا دووبارە کراوەتەوە. مێژووی ئەم دارشانایەش دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی گۆتامابوودا لە هیندستان، واتە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەردەمی مەراسیمی قوربانی[١٨٤] (یاگیا). دەتوانم بەکورتی باسی ئەو ڕەگەزانە بکەم کە ڤایشیشیکا وەکو کەیفیەتی بوون باسی لێوە کردوون و پێی وایە ناسین و زاڵبوون بەسەریاندا مانای گەیشتنە بە ئازادیی ڕەها لە کۆت و بەندی دونیای ماددی و گەیشتنە بە وکشا:

١. ڕەنگ (Rupa).
٢. چێژ (Rasa).
٣. بۆن (Gandha).
٤. بەرکەوتن (Sparsha).
٥. ژمارە (Samkya).
٦. ڕوو (Parimani).
٧. پراتاتڤام (Pratatvam).
٨. پەیوەندی (Samyogah).
٩. پچڕان (Vibhaga).
١٠. پێشکەوتن و دواکەوتن (Paratvaparatve).
١١. دانایی و ناسین (Budhi).
١٢. خۆشی (Sukha).

١٨٤ - مەبەستم لە سەردەمی قوربانییەکان سەردەمی ئەو قوربانیانەیە کە لە ڤیداکاندا باس کرابوون و پاشان وردەوردە گۆڕان بە مەراسیمی دوورودرێژ و پڕ مەرج و زیاتر لەوەی مەبەستێکی ئایینی لە پشتەوە بێت، ببووە مایەی دەوڵەمەندبوونی برەهمییەکان و کەسانی ئایینی و لەو هەموو مەراسیمە ڕۆحانییە تەنها قوربانی (یاگیا)کردن و پێشکەشکردنی خۆراک بۆ بتەکان مابووەوە. ئەم سەردەمە لە سەردەمی پەیدابوونی (گۆتاما بودا)دا هاتە کزی، هەرچەند کۆتایی نەهات.

١٣. ناخۆشی (Duhkha).

١٤. حەز (Iccha).

١٥. ڕق (Dvesha).

١٦. هەوڵ و ئیرادە (Prayata)

١٧. وێنەکانی ناو زهن (Samaskara).

(هەروەک چۆن مرۆڤ بەرگی کۆن دادەکەنێت و بەرگی تازە لەبەر دەکات، ئاوەهاش ڕۆح جەستەی پواو بەجێدێڵێت و دەچێتە لەشی تازەوە)

(فەسڵی دوو- بگاڤادگیتا)

# باسی سێهەم

## سانکهیا دارشان
## Samkhya Darshan

یۆگا ڕێگەیەکە مرۆڤ بەرەو یەکبوون ڕێنوێنی دەکات، هەربۆیە پاتانجالی بنەماپێدەری یۆگا بەتەواوی سانکهیای وەرگرتووە، چونکە سانکهیا بنچینە تیۆریەکەی یۆگایە. وشەی سانکهیا یەکێکە لە ناوەکانی شیڤاو بە مانای ژمارەی تاک و کۆ دێت، چونکە سانکهیا لە ڕێگەی ژماردنی ڕەگەزەکانەوە ئێمە بە ئاتمان ئاشنا دەکات و ڕای وایە بوون لە (٢٤) ڕەگەز پێکهاتووەو سەرچاوەی هەموو ئەمانەش ئاگایی ڕەها (پوروشا)[١٨٥]یە. شری کاپیلا[١٨٦] دامەزرێنەرو نووسەرەوەی سانکهیا دارشانەو لە نووسراوی (سانکیاکاریکا)[١٨٧] دا بەوردی باسی بوون و سێ ڕەنجەکەو ڕێگاکانی ئازادبوون لەو ڕەنج و ئازارانە دەکات. (بڕوانە بەشی دووەم).

---

١٨٥ - Purusa

١٨٦ - Kapila

١٨٧ - Samkhya Karika

# باسی چوارەم

## یۆگادارشان
## Yoga Darshan

هەرچەند ئەو هونەرو سلوکەی لە یۆگادا هەیە لە زۆر شوێنی دیکەش دۆزراونەتەوەو مێژوو دەڵێت بەتایبەت لەناو صینی و یابانی (ئاینی تاو) و مەغۆلەکان و میسری و هیندیەسوورەکاندا کاریان پێ کراوە و خۆشم تاڕادەیەک ئەم ڕاستیەم لە هەندێک بیروڕاو وێنەی ئەو قەبیلە تایبەتیانەی هیندییە سوورەکاندا بۆ ڕوون بۆتەوە، بەڵام پاتانجالی بە کۆکەرەوەی یۆگا بەشێوەیەکی زانستی و سیستماتیک ناوزەد دەکرێت. هەروەها بوودابیە ناتەکان (Nath) لە پارێزەرانی یۆگابوون بەدرێژایی مێژوو. سەرەڕای ئەوەی کە زۆر گۆڕانکاری هاتووە بەسەر ئەم زانستە عیرفانییە ڕۆحیەدا، بەڵام خۆشبەختانە تاوەکو ئێستا تەنها ڕێگەیەکی گرنگی ڕۆحیە کە لەگەڵ فراونبوون و گۆڕانکاریی زانستیدا هێشتا ناوەڕۆک و پەیامەکەی خۆی ون نەکردووە) جۆن مارشاڵ (هەندێک نموونەی پەیکەرسازی دۆزییەوە کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی یۆگا دێرینترە لە تەنانەت ڤیداکانیش، بەڵام پەیوەندیی یۆگاو ڤیداکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆو پتەوەو ڤیداکان لەژێر ناوی (تاپاس- Tapas)و سامیامادا باسیان لە یۆگا کردووە. (بڕوانە بەشی سێهەم).

# باسی پێنجەم

## میمانسا
## Mimansa Darshan

دارشانای میمانسا دوو بەشە، (پورڤامیمانسا)[188] کە باس لە دهارما (Dharma)و ڕێگەکانی ڕاگرتنی دارما دەکات و (ئوتارامیمانسا)[189] کە باس لە مەعریفەی برەهمەن[190] واتە خوای بێ کۆتایی دەکات. ئەم باسکردنەشی هەروا سەرپێیی نییەو وەک وشەی میمانسا دەیخاتە ڕوو، باسکردن و گەڕانەکە تەواو وردو بەرچاوە، هەربۆیە میمانسا واتە گەڕان و لێکۆڵینەوەی زۆر ورد.

جۆری یەکەم واتە (پورڤامیمانسا) لەسەر بنچینەی (برەهمانا)ی ڤیداکان دروست بووەو (ئوتارامیمانسا)ش لەسەر بنچینەی ئوپانیشادەکانی ڤیدا دروست بووە کە ژمارەیان زیاتر لە (١٠٨) ئوپانیشادە[191].

جیمینی[192] ئەو کەسە بوو کە دەقی (میمانساسوترا)[193]ی لە سەدەی دووەم و سێهەمی پێش زاییندا نووسیوە. میمانسا دەربارەی ڤیداکان دەڵێت: "ڤیداکان ئەبەدی و هەتاهەتایین و هیچ کەسێک نەینووسیون، بەڵکو چەند کەسێک گوێبیستی بوون و بۆ ئێمەیان وتۆتەوە".

(تەنها بێدەنگی زمانی دەرک و شهودە)

(ساتیاسای بابا)

---

Purva Mimansa – ١٨٨

Utthara Mimansa - ١٨٩

Brahman Vidya -١٩٠

١٩١ -ڕەهماناکان بەشێکن لە ڤیداکان و زیاتر گرنگی بە باسە دینیەکان دەدەن و بینینیان بینینێکی ئایینە، ئوپانیشادەکانیش زیاتر بینینێکی فەلسەفیانەیان هەیە بۆ مەسەلەکان.

jimini -١٩٢

Mimansa Sutra - ١٩٣

# باسی شەشەم

(ما خلقكم ولا بعثكم الا كنفس واحدە)[194]

## ڤیدانتادارشان
## Vidanta Darshan

ڤیدانتا بەناوبانگترین فەلسەفەی هیندیە کە ڕۆژئاواییەکان باسوخواسی فەلسەفی و ڕەخنەگرانەی زۆریان دەربارەی کردووە، چونکە وا دێتە بەرچاو زیاتر لە جەدەلەوە نزیک بێت تا لە بیروڕایەکی عیرفانییەوە.

ڤیدانتا بە مانای تەواوکەری ڤیداکان دێت و لە ئوپانیشادەکانەوە پەرەی سەندوە. یەکەم تێکستی ئەم دارشانایە لەلایەن (بادارایانا –Badarayana) نووسراوە لەژێر ناوی (Vedanta Sutra)دا.

فەیلەسووف و عارفی گەورەی هیندی (شری شانکاراچاریا)[195] بە دامەزرێنەری ڤیدانتا دادەنرێت، لەبەرئەوە کۆنی ئەم دارشانایە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەها ساڵ پێش ئێستا. شانکاراچاریا لەگەڵ ئەوەدا کە دامەزرێنەری ڤیدانتایە لەهەمانکاتدا توانی بە تەمەنێکی کەمەوە (١٠) ڕێگەی سانیاسەکان یەک بخات و ڕێگەی داسنامی سامپرادایا (Dasnami Sampradaya) دابمەزرێنێ و چوار گەورە موریدی خۆی بە ناوەکانی (سوریشڤاراچاریا، هاستامالاکا، پادمەپادا، تۆتاکاچاریا) بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی بنێرێت بۆ هەر چوار ئاراستەی باکوورو باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای هیندستان. ئادی شانکاراچاریا بە خاڵی یەکگرتنی فەلسەفەی ڤیداو تانترا لەقەڵەم دەدرێت[196]. شری شانکاراچاریا لە تەمەنی (٦ بۆ ٧) ساڵی خوێندنی ئەدەبیاتی سانسکرێتی تەواو کردووەو گەڕاوە بە شوێن گورودا، تا لە پاش جێهێشتنی سەدان مامۆستاو گورو گەیشت بە شری

١٩٤ - (القران- سورە لقمان-٢٨). دروستمان نەکردوون، زیندووتان ناکەینەوە تەنها وەک یەک نەفس نەبێت.

١٩٥ - Shri Shankaracharya

١٩٦ -بڕوانە (س ٢. ل ٨٣).

(گۆڤێنداپادۆ)[197] کە (١٠٠٠) ساڵ لە (سامادهی)دا چاوەڕێی کرد تا مەعریفەی ڤیدایی بدات بە شانکاراچاریا و ئەویش بڵاوی بکاتەوە. (گۆڤێنداپادۆ) موریدی گۆودەپادا (Gaudapada) بووە کە بە وتەی شانکاراچاریا لە فریشتەکان زیاتر توانی ڤیداکان بپارێزێت. گۆڤێنداپادۆ یەکێکە لە کەسایەتیە تەواو ئەفسانەییەکان کە دەوترێت (١٠٠٠) ساڵ لە باری سامادهی واتە (فنافی الله) دا ماوەتەوە لە ئەشکەوتێکداو چاوەڕێی کردووە شانکاراچاریا لەدایک ببێت تا ڤیدانتای پێ بدات، واتە ئەو دارشانا ڤیداییەی کە ڤیداکانی لە تیاچوون پاراست. ئەو پەیامەی شانکاراچاریا گەیاندی دێرینییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٤٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر[198].

وتمان ئەدڤایتا لە پەیدابوونی ئوپانیشادەکانەوە پەرەی سەند، هۆکاری سەرهەڵدانی ئوپانیشادەکانیش ئەوە بوو کە برهمیەکان واتە پیاوانی ئایینی هیندۆسی و ئەوانەی ڤیداکانیان کردبووە مایەی خۆژیاندن و دەرکردنی برسیەتی، زانستی ڕاستەقینەی ناو ڤیداکانیان سپاردە فەرامۆشی و تەنها شتێک کە لەو هەموو فەلسەفە قووڵ و زانستە ڕۆحانییە مابووەوە چەند قوربانییەک بوو کە زیاتر لە قەسابخانە دەچوو تا لە پەرستش و عیبادەت و هەوڵدان بۆ تەکامول[199]. بە سەدان بڕەهمی[200] و کەسی ڕۆحانی بەشداریان لەم قوربانیانەدا دەکرد کە بە (یاگیا-Yagya) بەناوبانگ بوون و یاگیاکانیش تێچوونێکی ماددی زۆریان هەبوو بەشێوەیەک کە هەژارەکان نەیاندەتوانی بەشداری قوربانییەکان بکەن.

١٩٧- Govenda Pado

١٩٨ - گۆودەپادای مامۆستای مامۆستای شانکارا لە سەدەی پێنجەمی پێش زایینداژیاوە، واتە شانکارا پاش سەدەی پێنجەمی پێش میلاد ژیاوە. هەندێک لە مێژوونووسەکان شانکاراچاریا دەگێڕنەوە بۆ ٧٨٨ی زایین. بڕوانە (س ١. م ٢. ل ٧٧٤، ٧٨١).

١٩٩- بۆ نموونە لە یەکێک لە ئوپانیشادەکاندا بە ناوی بریهادارانیاکا ئوپانیشاددا باس لەوە کراوە کە مەبەست چیە لە تاملکردن بە ئەسپەوە. تاملکردن بە ئەسپەوە کە لە یاجورڤیدا باسی کراوە لە پێش هاتنی ئوپانیشادەکاندا ببووە قوربانیکردنی ئەسپ. بریهادارانیاکا ئوپانیشاد باس لەوە دەکات کە مەبەست لە وەسفی دەمی ئەسپ و دانی ئەسپ و قاچەکانی ئەسپ و حیلەی ئەسپ و کاتی قوربانیکردنی ئەسپ و هتد. چیەو بێگومانیش مەبەست لە قوربانیکردنی ئەسپ نییە، بەڵکو مەبەست لە قوربانیکردنی هەموو کاتەکانی ژیانە بۆ خودا.

٢٠٠ - ڕەهمی Brahmi ئەو پیاوە ئایینیانەن کە قوربانییەکان بەڕێوە دەبەن و هەڵدەستن بە بەڕێوەبردنی کارە ئایینیەکان.

ئوپانیشادەکان کە هەریەکیان پاشکۆو تەواوکەری یەکێک لە ڤیداکان بوون، هاتن و مانا ناوەکیەکەی ڤیداکانیان زیندوو کردەوەو بە برهمیەکانیان گوت مەبەست لە قوربانیکردن بۆ ئاگنی قوربانیکردنی گیای سۆما و شیرو شەراب نییە، بەڵکو مەبەست لەو قوربانیکردنە قوربانیکردنی پڕانایە بۆ ئاپانا[٢٠١]، واتە قوربانیکردنی شیڤایە بۆ شاکتی (بەکارهێنانی هێزی ئاگایی لە ژیانی ماددیدا)[٢٠٢]. ئوپانیشادەکان تاڕادەیەک تێکەڵەیەکن لە فەلسەفەی تانترای بومیەکانی هیندو فەلسەفەی ڤیداکان، ئەمەش بەهۆی هاتنی ئاریەکان بۆ دۆڵی سندو سەرەنجڕاکێشی تانتراوە بوو.

نزیکەی (١٠٨) ئوپانیشاد هەن کە هەریەکەو بە چەند سوترایەکی کەم فەلسەفەی ئوپانیشادەکان دەگەیەنن. ئوپانیشادەکان لەلایەن (شانکارا چاریا) و (ڕامانوجا)[٢٠٣]و (مادهاڤا)[٢٠٤] وە تەفسیر کراون و دوای ئەوانیش بە سەدان لێکدانەوەی دیکەیان بۆ کرا. ڤیدانتا دەڵێت: "تەنها ڕێگری سەر ڕێی مرۆڤ نەفس (ئیگۆ)یەو زانینی ئیلاهی دەتوانێت لەناوی بەرێت". هەر بۆیە ڤیدانتا دارشان لە یۆگادا بە (جنانایۆگا)[٢٠٥] دەناسرێت[٢٠٦]، چونکە کاتێک نەفس لەنێودا نەما ئیدی مەعریفە (جنانا) خۆی دەردەخات و دانایی لەوێوە دەست پێ دەکات و حەقیقەت ئاشکرا دەبێت. حەقیقەتیش ئەوەیە کە هەموو شتەکان

---

٢٠١- بڕوانە کتێبی پیرۆزی بهاگاڤادگیتا کە دەدوێت دەربارەی قوربانیکردنی ئاپاناو پڕانا دەڵێت: «هەندێکی دیکە دەیانەوێت لە ڕێگەی وەستاندنی هەناسەوە بکەونە جەزبەو خەلسەوە، بەم شێوەیە بە پێشکەشکردنی هەوای ڕۆشت و بە هەوای هاتوو بەپێچەوانەشەوە تەمرین دەکەن، سەرەنجام کاری هەناسە دەوەستێنن و دەکەونە باری جەلسەوە». بڕوانە (س ٢٠. فەسڵی ٤، ئایەتی ٢٩).

٢٠٢ - هەرچەند سومبولی شیڤاو شاکتی دوو سومبولی ناو فەلسەفەی تانتران، بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی ئوپانیشادەکان تێکەڵبوونی فەلسەفەی ڤیداو تانترا بەئاشکرا بەدی دەکرا.

٢٠٣ - Ramanuja

٢٠٤ - Madhava

٢٠٥ - جنانایۆگا واتە یۆگای مەعریفە.

٢٠٦ - جنانایۆگا لە ڕێگەی ناسینی خودەوە مرۆڤ پاک دەکاتەوەو دەیگەیەنێتە حەقیقەت. کریشنا لە فەسڵی ٧ی بهاگاڤادگیتادا دەڵێت: «نەزانان ئەوانەن کە بەتەواوی من ناناسن» و لە هەمان فەسڵدا دەڵێت: «من هیچ کات بۆ نەزانەکان دەرناکەوم».

وەهم (مایا –Maya)[٢٠٧]ن تەنها خودی حەقیقەتی (برەهمەن –Brahman) نەبێت. ئەدڤایتا دەڵێت دونیا وەهمە[٢٠٨] و ئێمە دەبێت بە زاڵبوون بەسەر وەهمدا بگەین بە حەقیقەت. زاڵبوون بەسەر وەهمدا سەرەتا لە ناسینی وەهمەوە دەست پێ دەکات، ئەم ناسینەش تەنها ناسینی مەنتیقی نییە، چونکە وەک ئادی شانکاراچاریا دەڵێت: "زیرەکی تەنها یەکێکە لە ڕێگەکان بۆ دەرک (بەڵکو ئەم ناسینە دەبێت لە ڕێگەی ڕۆچوون و بەئاگابوون بە نەفس و دواتر خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکانەوە بێت تا کەسەکە بگاتە مەقامی (ئاسامپرجناتا سامادهی) کە یەکێک لە ناوە بەناوبانگەکانی ئەم مەقامەی (ئەدڤایتا)یە، هەربۆیە هەندێک بە ڤیدانتا دارشان دەڵێن (ئادڤایتا ڤیدانتا) واتە ڤیدانتای نادوانێتی و وەحدەت"[٢٠٩].

وەنەبێت ئەم فەلسەفە گرنگەو پەیامەکەی تەنها لە هیند کاریگەر بوبێت، بەڵکو تەنانەت ڕۆژئاواییەکان لەژێر کاریگەریی ئەم فەلسەفەیەدان. ئەم کاریگەریش دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی (ماستەر ئیکهارت) تا ئەمڕۆش، بەڵام لە ئیکهارتدا بەتەواوی دەرکەوت. ئیکهارت دەڵێت: "دروستکراوەکان (عدم)ی تەواون، ناڵێم نین و خراپن بەڵکو دەڵێم (عدم)ی تەواون"[٢١٠].

ئیکهارت دەربارەی جیاوازیی نەفسی خواو نەفسی مرۆڤ دەڵێت (نەفس ئیلاهیە، هەر بۆیە دەتوانێت بەرزبێتەوە بۆ لای خوداوەند، لەنێوان نەفس و خوادا بۆشاییەکی ناکۆتا نییە کە تەنها بە پەرجوویەک پڕ بکرێتەوە)[٢١١]. عارفە یەهودیەکان یاخود ئەهلی قوبالای یەهودی کەمتر ئەم بیرەیان قەبوڵ

٢٠٧ - مایا واتە سەراب یاخود وەهم، شتێک کە نییە و وا دەردەکەوێت هەبێت وەک سەرابی ئاو لە بیاباندا. مایا زیاتر لە خەیاڵێک دەچێت، هەرچەند ئەم خەیاڵە هەیە، بەڵام خەیاڵێکە نەک زیاتر، هەربۆیە من ناوم ناوە خەیاڵێکی ڕاستەقینە. بڕوانە کتێبی (ئەو لە نیگاهێکدا)، نووسینی یۆگی هاوبیر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم (٢٠٠٧)، ل٣٥.

٢٠٨ - لە قورئاندا هەمان بیروبۆچوون دەبینین کە دەڵێت: «کل شیء هالک الا وجه». واتە هەموو شتێک لەناوچوو و فەوتاوە تەنها خودا نەبێت.

٢٠٩ - ئەدڤایتا واتە نادوانێتی، بەپێی ئەدڤایتا ڤیدانتا تەنها برەهمەن هەیەو شتەکانی دیکە هەموو وەهمن.

٢١٠ - (س ٢١. ل ٢١٢ )

٢١١ - (س ٢١. ل ٢١٣ ) واتە هەموو شوێنێک هەر خودایە چ ناو نەفس و چ نەفس و چ خودا خۆی.

کردووه، چونکە ئاستەمە قەبوڵکردنی بیری نەبوونی بوون لای ئەوەی کە بە بوون پەروەردە کرابێت. لەنێو عارفە موسوڵمانەکانیشدا گەورە عارف و گەورە هۆنەری ئێرانی حەزرەتی عومەری (خەییام)ی نەیشابوریمان هەیە کە ئەدڤایتا یۆگیە هەروەکو چۆن مەولانای خوداوەندگارمان حەزرەتی ڕۆمی هەمان ڕێگەی گرتۆتە بەر کە ڕێگەی مەعریفەی ئیلاهی بووە. هەرچەند ئەم لافە زۆر گەورەیە، بەڵام ئەگەر شارەزای فەلسەفەی ئەدڤایتا ببیت دەزانیت کە خەییام بڕوای وایە (عدم) خەیاڵێکی جوانە، بەڵام ڕاستی حەقیقەتە نەک نەبوون (عدم).

خەیام دەڵێت:

ئەم خەڵکە لە کارگای خودا دێتە دەرێ
هەر کاری ئەویشە سیس دەبێ و هەڵدەوەرێ
ئەی خودایە کە باش بوو لە پای چی نەتهێشت
گەر پوچ و چروکە چی کردویە بەرێ[212]

هەروەها دەڵێت:

گەردوون وەکو منداڵ لەبەر بێ کاری[213]
خستینییە دەرێ وەک مت و مۆر بۆ یاری
تاوێکی لەبەردەستی ئەوا دێین و دەچین
دەخرێینەوە سندوقی نەمان یەکجاری[214]

شری گۆداپادای گەورە ئادڤایتا یۆگی دەربارەی ئەوەی <u>کە حەقیقەت لە</u>

٢١٢ - لێرەدا حەزرەتی مەولانای نەیشابوری مەسەلەیەکی گرنگ و حەساس دەوروژێنێت، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە کە لەش چیەو کاری چیە، لەش تەنها وەسیلەیەکەو هیچی تر، خودا ئەوی وەک حەقیقەت خەڵق نەکردووە، ئەو سەرابێکەو پاش ماوەیەک هەڵدەوەرێت، گەر نا چۆن خودا لەناوی دەبات. گەر بشڵێین بۆ هەیە، ئەوا هەر خۆی دەڵێت کە خودا دروستی کردووەو مەبەستێکی لێی هەیەو پاش مەبەستەکەش ئیدی هۆکارەکە پێویستیەکەی نامێنێت و کارەکەی تەواو دەبێت.

٢١٣ - گەردوون خودایە، بێ کاری مەبەست لەوەیە کە خودا کارناکات و بێبەرییە لەوەی چاک یان خراپ بکات. ئەو تەنها وجودە و ئێمەین کە کار دەکەین. بڕوانە پێناسەی پورِوشا لە سانکهیادا کە مەبەست گەردوونی ناو ئەم هۆنراوەیە.

٢١٤ - ئەم بیروباوەڕە هەمان بیروڕای سانکهیا و ڤێدانتایە کە ڕۆژێک هیچ نامێنێت وەک هیچ نییە و هیچ نەبووە.

هەموو شوێنێک هەیەو دوورکەوتنەوە لە ئەو بوونی نییە تا گەیشتنەوە بە ئەو هەبێت دەڵێت: "نە لەناوچوون هەیەو نە پەیدابوون، نە کەس دیلەو نە کەس لە کۆششدایە و نە کەس خوازیاری ئازادیەو نە کەسیش پێی گەیشتوە. ئەمە واقعیەتی ڕەهایە". شانکاراچاریاش لە هەمان ڕووکارەوە دەدوێت و لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

نە ئەقڵ، نە بیر، نە نەفس و ئیحساس
نە ئاسمان و نە زەوی و نە مادده منم
من ئەوم، من ئەوم، ڕۆحی پیرۆزم، من ئەوم
نە لەدایکبوون، نە مردن نە کاستم نییە
نە باوک نە دایک، من هیچم نییە
من ئەوم، من ئەوم، ڕۆحی پیرۆزم، من ئەوم
من لە کۆیلەبوون ناترسم، من ئازادم، ئازادی ڕەها
من ئەوم، من ئەوم، ڕۆحی پیرۆزم، من ئەوم

ماوەتەوە بڵێم دارشانای ئەدڤایتا ئەگەر هەمان بودیزم نەبێت ئەوا زۆر نزیکە لە ڕێنماییەکانی بووداوە، هەردووک ڤێدانتاو بودیزم وەسف بۆ بوونی خودا ڕەت دەکەنەوەو ڕێگەکەیان لەسەر نەفیکردنەوە دامەزراوە نەک لەسەر ئیسپات، هەربۆیە هەندێک کات وشەی (شۆنیا) واتە بەتاڵ بەکاردێنن بۆ وەسفی (تتتا) واتە حەقیقەت. هەندێکجاریش دەڵێن (نێتی نێتی نێتی) واتە نە ئەم نە ئەو نە ئەم نە ئەو. لە تێکستی (بێداری ئیمان لە ماهایانە)ی (ئەشڤە گۆوشە) ی بوودایی کە دەقێکی بەناوبانگی بوودایيە کاتێک باسی حەقیقەت دەکرێت دەوترێت: 'دەبێت بزانرێت کە حەقیقەت نە (نیشانەی هەیە)و نە (نیشانەی نییە)و نە (نە نیشانەی هەیە)و نە (نە نیشانەی نییە)و لە یەک کاتیشدا (هەردووکیانە)و (هیچیشیان نییە)'[٢١٥]. واتە ڕاستی ناتوانرێت وەسف بکرێت و بە پێوەرەکانی جیهانی دووانەیی قسەی لەسەر بکرێت. هەموو جیهانیش

---

٢١٥ - بڕوانە ئەم سەرچاوەیە: بیداری ایمان در مهایانە.
تالیف: ئاشڤەگوشە.
ترجمە و تحقیق : ع. پاشایی
نشر نگاە معاصر. بەشی سێهەم، ئایەتی ژمارە ٣٠. لا ٦٣-٦٤.

دەرکەوتەی ڕاستیە، کەواتە ناتوانرێت وەسفی شتێک بکرێت کە سەرەتاکەی وەسف ناکرێت. هەربۆیە جیهان بوونی نییە و تەنها وەهمی جیهان بوونی هەیە. و ئەویش بە نەمانی ئیگۆ نامێنێت.



ئادی شانکاراچاریا

# بابەتی چوارەم
# باسی یەکەم

کاتێک هەورەکان نووستون، کێ خەبەریان دەکاتەوە؟
ئەوەی کە لە دڵدایە، ئەوەی لە سروشتدایە
ئەوەی لە دەماغدایە، لە ئەستێرەکان، لە هێزی پیاو و لە جوانی ژندایە، ئەوەی کە لە پێکەنینی منداڵ و لە شەرمی کچدایە.
(شری ئۆروبیندۆ)

## خوداوەند یان فریشتەکانی نێو ڤیدا

کاتێک باس لە ڤیدا دەکرێت، ڕاستەوخۆ پرسیارێک دێتە ئاراوە کە ئایا ڤیداکان بڕوایان بە یەک خوایی هەیە یان ئایینی ڤیدایی ئایینێکی فرەخواییە؟ (ئەگەر ڕاست بێت و بە ئایین ناوی بەرین)؟ بێگومان پرسیارێکی بەجێیە، چونکە هێندە وشەی ژنە خوداوەند (دیڤی–Devi) و خوداوەند (دیڤا–Diva) و خاوەند (ئیشڤارا–Ishvara )و چەندان ناوی دیکە دێتە بەرچاو کە مرۆڤ گومان دەبات بەوەی لە ڤیداکاندا بیروڕای یەکتاپەرستی باڵادەست بێت. ئێستا با بزانین ڕاستی ئەم بابەتە چۆنەو سوودی بڕوای خوای یەکتا چیە لە ڤیدادا.

سەردەمی ڤیداکان سەردەمێکی زۆر کۆنەو وەک باسمان کرد (٤٠٠٠) بۆ (٦٠٠٠) ساڵ پێش زایینە. ئەودەم مرۆڤەکان و بەتایبەت ئارییەکان کە نووسەرەوەی ڤیداکانن گەلێک ڕێزی سروشتیان گرتووەو پێیان وابووە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی ناسین و ڕێکەوتن و تێگەیشتن و یەکبوون لەگەڵ سروشت بگات بە خوداوەند. ئەم بیروڕایەش لە بیروڕای (یەکێتیی بوون–panthesim) ەوە هاتووەو تەنانەت خودی بیروڕای یەکێتیی بوونە.

ئاریەکان پێیان وایە خوداوەند لە جیهانی ماددی و مەعنەویدا دەردەکەوێت و هەموو شتەکانی لە خۆی دروست کردووەو هەموو شتێک لەوەوە هاتووە.

سوکتای (٩٠)ی ماندالای (١٠)ی ڕیگ ڤیدا دەڵێت:
پوڕوشا (واتە الله یان ڕۆحی ئیلاهی) یەکەمین خوداوەندە کە
هەزاران سەری هەیە،
هەزاران چاوو هەزاران قاچ.
ئەو دەوری زەوی دەدات بە هەر چوار ئِاراستەکەدا.
یەکێک لە شێوەکانی پوروشا دە پەنجەی هەیە[٢١٦].
ئەوە پوروشایە کە ڕابردوو داهاتووە، ئەوە پوروشایە کە ئێستایە[٢١٧].
پوروشا بە خۆراک گەشە دەکات (مەبەست خۆراکی ئەو قوربانیانەیە کە دەکرێت لەپێناو خوادا).
ئەو گەورەی نەمری و پیرۆزی یەزدانییە.
شێوەی پوروشا کراوە بە چوار چارەکەوە،
چوار یەکی شێوەکەی بەردەوام لەدایک دەبێتەوە بەشێوەی بوونەوەری زیندوو،
ئەوە کە بە هەر چوار ئاراستەدا بوونەوەری دروستکرد،
بوونەوەر کەلەسەر خۆراک دەژین و بوونەوەریش کە لەسەر خۆراک ناژین[٢١٨].

هەروەها لە تێکستی (شات ڕودری ئوپانیشاد) کە سەر بە سامهیتای یاجورڤیدایە و تایبەتە بە ستایشی (ڕودرا) یان (ڕودری) وەک دەرکەوتەی خودای ڕەها، هاتووە[٢١٩]:

---

٢١٦ - لە ئیسلامدا هەمان بیروڕا هەیە، لە قورئاندا دەوترێت ئێمە مرۆڤمان کردووە بە جێنشینی خۆمان، لە ڕۆحی خۆمان کردووە بە بەریدا و هەموو شتەکانمان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی ئەوەوە و ئەو لە مەلەکەکانیش گەورەترە. لە سورەتی ئەلبەقەرەو ئەنعام و نوردا ئەم ڕاستییانە بە ڕوونی باسیان کراوە. واتە مرۆڤ خوا نییە، بەڵام دەرکەوتەی خوایە و ئەم دووانەش لە وجوددا جیاوازییەکی زۆریان هەیە.

٢١٧- ٢١٩- لە قورئاندا خواوەند بە دوو ناو باسی کراوە ئەوانیش (الاول و الاخر) واتە (سەرەتا و کۆتایی)ن.

٢١٨- بڕوانە (س ٩. ل ١٥٤-١٥٥).

٢١٩ - شات ڕودری واتە سەد ناوەکەی ڕودرا کە خودای هەموو جیهانە. بڕوانە (س ١٢، م ٢، ل ٤٢٦-٤٢٧)

بۆ تۆ کە خاوەنی هەموو ڕوکارەکانی نەمەسکار نەمەسکار[٢٢٠].
بۆ تۆ کە ڕۆحیت لە هەموو شوێنێک نەمەسکار نەمەسکار.
بۆ تۆ کە پێدەری خۆراکیت بۆ هەمووان نەمەسکار نەمەسکار.
بۆ تۆ کە ڕەنگت وەکو ئاگرە نەمەسکار نەمەسکار.
بۆ تۆ کە لەناوبەری نەزانیت نەمەسکار نەمەسکار.
بۆ تۆ کە خاوەنی جیهانیت نەمەسکار نەمەسکار.
بۆ تۆ کە ڕودرایت نەمەسکار نەمەسکار.
بۆ تۆ کە بۆ ڕێنوێنی کردنمان ترسێنەری هەمووانی نەمەسکار نەمەسکار.
بۆ تۆ کە وەکیلی هەمووانی نەمەسکار نەمەسکار.
بۆ تۆ کە خاوەنی وشکانی و تەڕانیت نەمەسکار نەمەسکار.
بۆ تۆ کە لە هەموو شوێنێکیت و هیچ شوێنێک نییە پێی نەگەییت نەمەسکار نەمەسکار.
بۆ تۆ کە دەوری هەموو شتێکت داوە نەمەسکار نەمەسکار.
بۆ تۆ کە هەموو نەتەوەکانیت نەمەسکار نەمەسکار.
بۆ تۆ کە سیاسەتکاریت نەمەسکار نەمەسکار.
بۆ تۆ کە سەرەتای هەموو دەنگەکانیت نەمەسکار نەمەسکار.
بۆ تۆ کە دەرکەوتەترینی دەرکەوتەکانی نەمەسکار نەمەسکار.
بۆ تۆ کە دەریایت نەمەسکار نەمەسکار.
کە ڕوکاری دەریایت نەمەسکار نەمەسکار.
کە قووڵایی دەریایت نەمەسکار نەمەسکار.
کە ئاوی دەریایت نەمەسکار نەمەسکار.
کە بەردەکانی ناو دەریایت نەمەسکار نەمەسکار.

واتە خوداوەند لە خۆی بوونەوەرەکانی دروست کردووەو ئێمە دەرکەوتە (تجلی) خوداوەندین[٢٢١]. هەر لە ڕیگ ڤیدادا ڕونتر ئەم باسە دەوروژێنرێت و

---

٢٢٠ - نەمەسکار واتە ستایش و تەوازوع و سڵاو.

٢٢١ - بیروڕای یەکێتی بوون تەنها لای هیندۆکان و لەنێو ڤیدادا نییە، بەڵکو موسوڵمانەکان بەگشتی و بەتایبەتیش سۆفییەکان بڕوایەکی پتەویان بەم فەلسەفەیە هەیە کە هەمووان دەرکەوتەی خوداین. قورئان دەفەرموێت: فانما تولوا فثم وجة الله ان الله واسع علیم. واتە ڕوو بکەیتە هەر

دەڵێت: (لە دەمی پوروشاوە بڕەهمەن (Brahman)ە زاناکان لەدایک بوون[٢٢٢]،
لە قۆڵەکانییەوە کشاتریا (Kshatarya) بەجەرگەکان لەدایک بوون[٢٢٣]،
لە ڕانەکانییەوە ڤایشیا (Vaishya)کان لەدایک بوون[٢٢٤] و لە پێیەکانییەوە شودڕا (Shudra)کان لەدایک بوون)[٢٢٥].
واتە هەر چوار چینەکەی کۆمەڵگە بەبێ جیاواز دەرکەوتەی خوداوەندن و لەوەوە هاتوون. لە سەمهیتای یەکی یاجورڤیدادا هاتووە:

(ئەی شوێنکەوتووان! ئێوە خاوەنی سێ کامادێنەکەن.
یەکەمیان ژیانێکی درێژی پڕ لە خۆشیە،
دووەمیان هێزە بۆ بەجێگەیاندنی سەرجەم کارەکان،
سێیەمیان ئەو وزەیەیە کە ژیان دەداتە هەموو شتێک.
ئەی شوێنکەوتووان! ئێوە هەموو بەشەکانی ئیندران و هەروەها بۆ ئێوەشە کە من گوشراوی سۆما دەبەخشم.
ئەی ڤیشنۆ! تکایە قوربانییەکانی سروتەکان بپارێزە.

شوێنێک خوا دەبینیت، خودا فراوان و زانایە. وتەی (اناالحق)ی مەنسوری حەللاج نموونەیەکی بەرچاوی فەلسەفەی یەکێتی بوونە لە ئیسلامدا.

٢٢٢ - بڕەهمەنەکان پیاوە ئایینیەکانن و ئەوان بانگەواز بۆ ڕاستەقینە دەکەن، بۆیە دەوترێت خوا ئەوانی لە دەمی خۆی دروست کرد. ئەم وتەیە هاومانای یەکێک لە وتە بەناوبانگەکانی پێغەمبەری ئیسلامە کە لەسەر زمانی خواوەندەوە دەیگێڕێتەوەو دەفەرموێت (ئەی بەندەکەم ملکەچم بەو کار بە ڕێنوێنیەکانم بکە دەتکەمە کەسێکی ڕەببانی و دەمی تۆ دەبێتە دەمی من و دەستی تۆ دەبێتە دەستی من و....).

٢٢٣- کشاتریاکان پیاوانی بەجەرگ و ئەوانەن کە پارێزگاری لە ڕاستەقینە دەکەن لەناو خەڵکدا. ئەمانە بازوویان بەهێزە بۆیە وتراوە خوا ئەوانی لە قۆڵەکانی خۆیەوە دروست کرد. لە یەکێک لە ئایەتەکانی قورئاندا خوا دەفەرموێت (وما رميت اذ رميت ولكن الله رمى)، واتە: ئەی پێغەمبەر لەو شەڕەدا کە سەرکەوتن تۆ تیرەکەت هەڵنەدا، بەڵکو خوا تیرەکەی هەڵداو سەرکەوت. ئەمە مانای ئەوەیە بازووی ئێمە بازووی خوایە.

٢٢٤ - لە فەلسەفەی کوندالینی یۆگادا ڕان مانای کارەو پەیوەندی بە چاکرای مانی پوراوە هەیە کە بەرپرسە لە ئیرادەو ئیشکردن و هەوڵدان.

٢٢٥ – ڤیداکان دەڵێن تەنانەت شودراکانیش کە خزمەتکارو بەندەکانن و دەرکەوتەی خواوەندن و ڕێزیان وەک ڕێزی خواوەندەو کەسانی سوکتر نین لە پیاوە ئایینیەکان، چونکە ئەمان خزمەتی هەمووان دەکەن و ئەوەش کە خزمەت دەکات تەنها خوا خۆیەتی.

ئەی شوێنکەوتووان! ئێوە هێزی لەناوبردنتان هەیە.
تاوانبارو پیاوکوژەکان لەناوبەرن،
ئەوانە لەناوبەرن کە ئازارمان بۆ دێنن.
ئەوانە لەناوبەرن کە خۆزگە بە سەرکەوتن بەسەریاندا دەخوازین.
ئێوە ئەوانەن کە توانای بانگکردنی خوداوەندانتان هەیە بۆ قوربانییە باشترینەکان.
ئێوە ئەوانەن کە توانای بەخشینی واتای گواستنەوەتان هەیە بۆ ئەوان. ئێوە ئەوانەن کە دەتوانن خوداوەندان پوخت و تەواو بکەن).

لێرەدا زۆر بە ڕوونی ستایشی خوداوەند دەکرێت لەناو جەستەی مرۆڤداو لە هەندێک شوێنی هەمان ڤیداشدا باس لەوە دەکرێت کە خوداوەند لەناو مرۆڤدایەو (سوریا)[٢٢٦] لە چاوەکانیداو (چاندراما)[٢٢٧] لە مێشکیدا و (ڤایوو)[٢٢٨] لە لوتیدا و (پریتیڤی)[٢٢٩] لە قاچیدا و (ئەنتاریکشا) لە ناوکی مرۆڤدایە[٢٣٠]. هەروەها ئاگنی کە یەکێکە لە خوداوەندە باڵادەستەکانی ناو ڤیدا وەک هێمای ئەقڵی کەونی باسی کراوە.

لە هەر چوار ڤیداکەدا باس لەوە دەکرێت کە هەموو سروشت لە خوداوەندەوە دروست بووە[٢٣١]، ئاو (ئاپاس–Apas)، ئاگر (ئاگنی–Agni)، با (ڤایوو–Vayu)،

٢٢٦ - سوریا خۆرەو لای میترايیەکان بە میترا بەناوبانگ بووەو زەردەشتییەکان میهریان پێ وتووە. واتە ئەو هێزو ڕووناکیەکەی کە مرۆڤ پێی دەبینێت هێزی خوایەو دەرکەوتەی ئەوە. مەبەست لە سوریا لە ڤیداکاندا حزوری خوایە لە هەموو شتێکدا.

٢٢٧ - چاندراما واتە مانگ و مەبەست لەو هێزە خامۆشەیە کە مێشک کارەکانی خۆی پێ دەکات. هەندێک پێی دەڵێن هێزی مەنفی مرۆڤ یان وزەی سارد و زیاتر پەیوەندی بە پاراسەمپەساوییەوە هەیە.

٢٢٨- ڤایوو واتە فریشتەی هەوا. لە فسیۆلۆژیای ڕۆحی ڤیداکاندا لە میتۆلۆژیای کوندالینی یۆگادا لوت مەڵبەندی هەڵمژینی (پراناڤایوو)ە. پرانا ڤایوو واتە ئەو هێزەی کە مرۆڤ چالاکییە جەستەیی و بیرییەکانی خۆی پێ ئەنجام دەدات و زانست پێی دەڵێن (وزە).

٢٢٩ - پریتیڤی واتە خاک یان فریشتەی خاک و ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی قاچەکانیەوە پەیوەندی پێوەی هەیە.

٢٣٠ - ئانتەریکشا واتە مەڵبەندی ناوەک.

٢٣١ - فەلسەفەی ئەفلاتوونی نوێ لەلایەن ئامۆنیاس ساکا (١٧٥-٢٤٢ م)ەوە دامەزرێنراو دواتر

بۆشایی (ئاکاشا –Akasha)، خاک (پریتیڤی –Prithivi)، هەورەبروسکە (ئیندرا–Indra)، ئاسمان (ڤاڕونا–Varuna)، خۆر (سوریا–Surya)، ڕووباری ساراسڤاتی (Sarasvati)، گەردەلوول (ڕودرا –Rudra)، بەرەبەیان (ئوشا –Usha)و هتد... بەتایبەت دیاردە ئاسمانییەکانی وەکو خودی ئاسمان و باران و هەورەبروسکەو هەتاوو و ڕووناکی و مانگ و بەرگەهەوا[٢٣٢].

ئەمانە هەموو لە خوداوەند دروست بوون و دەرکەوتەی ئەون، هیچیان خوا نین[٢٣٣]، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت بە ڕێزگرتن لەمانەو یەکبوون لەگەڵ هێوڵای ئەمانەدا بگات بە خوداوەندو بزانێت کە ئەگەر خودا نەبێت ئەمانە ناتوانن هەبن. هەمان باوەڕ بنەمای ئایینە سامیەکانیشە هەرچەند بە ناڕوونی یان هەندێکجار بە شاراوەیی ئەم باسە ورووژێنرابێت، ئەوەتا لە ئیسلامدا هاتووە: قل سيروا في الارض فانظر كيف بدوا الخلق (واتە بگەرێ بەسەر زەویدا بزانە و بڕوانە چۆن بوونەوەر دروست بووە). مانای ئەم ئایەتە ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی ڕوانین لە بوونەوەرەوە بگاتە ناسینی خوداوەند.

ئەوەی کە زۆر گرنگە لێرەدا بەلامەوەو دەمەوێت باسی بکەم ئەوەیە کە ئەو هەموو خوداوەندەی یان فریشتەیەی لە ڤیداکان و ئایینی هیندۆسیدا باسیان کراوە، هەموویان لەناو مرۆڤدا هەن و هەریەک لەوان هێماو سومبولێکن بۆ یەکێک لە بارەکانی ئاگایی، شێوازەکانی وزە، بارە دەوورنییەکان، مەقامە ڕۆحانییەکان، یان تەنانەت ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ، واتە هێماناسی ڤیدایی مانایەکی گەورە پەیدا دەکات لەم باسەدا، چونکە ئەم فریشتەو خوداوەندانە

---

لە ڕێگەی یەکێک لە موریدەکانیەوە بە ناوی (پلۆتینۆس) درێژەی پێ دراو فراوان کرا. ئەم فەلسەفەیەش بەهەمان شێوەی ڤیدا باس لەوە دەکات کە جیهان دەرکەوتەی خودایەو مرۆڤ یەکێکە لە دەرکەوتەکانی خودا لێرە. گالی نیوس و ئیمپراتۆری ئەوکاتی ڕۆم و خێزانەکەی لەسەر ئەم ڕێڕەوە دەرۆشتن.

٢٣٢- ئاسمان نەک هەر لەلای هیندییە کۆنەکان پیرۆز بووە، بەڵکو هەموو نەتەوەو دینە کۆنەکانی دیکەش شایەتی پیرۆزی ئاسمانیان داوە، چونکە هێمای گەورەترین و فراوانترینە لە دیدگای مرۆڤەوە. بڕوانە (س ١٢، ل ٥٧).

٢٣٣ – هەربۆیە ناکرێت بە هەر بتێک و هەر شتێک بڵێین خودا. لە (ماها نارایانا ئوپانیشاددا) هاتووە: ئەو(واتە خواوەند) شێوەیەکی تایبەتی نییە کە بەو شێوەیە بیبینی، کەس ناتوانێت بە چاو بیبینێ. بڕوانە (س ١٣.م ١. ل ٣٦١).

یان ئەم کەسایەتیە لە مرۆڤ باڵاترانە بەشێوەیەکی وا باسیان کراوە کە هەمووان نەتوانن بەئاسانی تێی بگەن. ئەوەتا لە ڕیگ ڤیدادا هاتووە:

(ڕاستی یەکێکە (پاڕاماتمان)،
کەسانی زانا گوزارش لەمە دەکەن بە چەند ناوێک،
هەندێک ناوی دەهێنن بە ئیندرا،
هەندێک بە میترا،
هەندێک بە ڤارونا و
هەندێکی دیکە بە ئاگنی،
هەروەها مەبەست لێی (یاما) و (ماتاریشڤانا)یە،
هەندێکجار دەناسرێت بە گاروتمانی باڵ ئاڵتونی).

واتە خوداوەند کاتێک دەردەکەوێت بە چەند ناوێک دەردەکەوێت و ئەو ناوانەش ئەو ناوانەن کە خۆمان ڕۆژانە بەکاریان دێنین، هەربۆیە نزیکبوونەوە لە سروشت نزیکبوونەوەیە لە خوداوەند.

با بزانین مەبەست چیە لە ئاگنی و ئیندرا و گانیشا و نارادا و کالی و دورگاو ئەو ناوانەی دی کە ئێمە گومانبار دەکەن بە چەند خودای (Polytheism) لە کاتێکدا وەک باسمان کرد فەلسەفەی ڤیدا لەسەر یەکێتیی بوون (Pantheisme) دەڕوات بەڕێوە.

بەپێی بیروڕای مامۆستاکانم و کەسانی وەکو (شری ئۆرۆبیندۆ و شری ڕاماکریشنا)و مێژووناسانی گەورەی وەکو (ژان هربر)و (فریتیون شوئۆن)و (میرچا ئیلیادە) کە دەستی باڵایان هەبووە لە تەفسیری هێماکانی ڤیدادا لە خوارەوە هەندێک لەو ناوانە باس دەکەم:

شیڤا: هێمایە بۆ ئاگایی. هەروەها هێمایەکیشە بۆ لەناوبردن و کۆتایی شەیتانەکان لەلایەن ڕۆحی خوداوە. دالاپیکولا دەڵێت: شیڤا مەقامی مامۆستایەکی گەورەی یۆگایە کە پشتی کردۆتە دونیاو بۆ کاتێکی زۆر غەرقی چاودێری بووە[٢٣٤].

برەهما: هێمایە بۆ دروستکردن و وەچەخستنەوەو هێمایەکیشە بۆ ڕوکاری خالقبوونی خودا.

---

٢٣٤ - بڕوانە (س ٢١، ل ١٣)

ڤیشنۆ: هێما مانەوەیە، ڕاگیربوونە، هەروەها هێمایە بۆ ویستی پاراستنی بوون لەلایەن خوداوە[٢٣٥].

شاکتی: ڕەمزی وزە و هێزە.

پارڤاتی: هێمای یەکەم موریدە، واتە بوونی ویستی فێربوونی ڕێگەی سلوکە لە مرۆڤدا بۆ پێشکەوتن لە ڕۆحانییەتدا.

کریشنا: هێمای ڕۆحی مرۆڤە. ڕۆحێکی پاک کە ئالودە نەبووە بە هیچ ڕەنگێکەوە.

ڕادا: هێمایە بۆ نەفسێک کە خوی گرتووە بە ڕۆحانییەتەوە، واتە ئیگۆیەک کە لە زەت لە پاکبوونەوەو بێدەنگی خۆی دەبینێت.

سیتا: هێمایە بۆ ونبوون، بەڵام لەناونەچوونی هێزویستی ڕۆحیی.

ئیندرا: هێمایە بۆ هێزی تورەیی مرۆڤ کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری و لەناوبردن. هەروەها هێمایە بۆ زهنی بە ڕۆشنایی گەیشتوو.

ئاگنی: هێمای وزەیە، هێمای ئیرادەی بەرزە[٢٣٦].

سەرەمان: هێمایە بۆ بینینی ناوەکی و شهود.

گانیشا: هێمای هێزی باوەڕە.

نارادا: هێمای تاکرەوی و تاکخوازییە.

هانومان: هێمای تێکەڵبوونی هێزی پیاوەتی و ئازایەتیە بە هێزی ئیلاهی و خاکەرایی.

ڕاما: هێمای هیدایەت و باوەڕ دەدات.

پانییەکان: هێمایە بۆ دوژمنی ڕۆحانییەت.

لاکشمی: سومبولی زاڵبوونی خەلسەو ئەشقە بەسەر زانیندا.

ساراسڤاتی: هێمای دۆزینەوەی خۆشی (ئاناندا)یە لە ڕێگەی زانینەوە.

کالی: هێمای حەزێکی زۆرە بۆ ڕۆحانییەت.

ماروتەکان: هێمای هێزی ئیلاهین کە پەیامەکەی یارمەتی مرۆڤە بۆ دەرهێنانی لە دونیای ماددی.

---

٢٣٥-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٣٦- وشەی ئاگنی وشەیەکی هیندۆئەوروپیە. بە لاتینی Ignis ەو لە نزیکەی (٢٠٠) شوێنی ڕیگ ڤیدادا باسی کراوە.

دیڤا: هێزی خودا لە ئاسمانەکان. لە یۆنانیدا وشەی (Di) بە مانای خودا دێت و بەتایبەت بۆ ئەو خودایانە بەکاردێن کە هێزەکەیان لە ئاسمانەوە سەرچاوە دەگرێت[٢٣٧].
ساڤیتری: هێمای ڕووناکی دەروونی و وەرگرتنی هیدایەتی ڕۆحیە.
ئاسوراکان: هەستە شەیتانییەکانی مرۆڤن.
ناندی: هێمایە بۆ شادومانی[٢٣٨].
دایتیا: هەستی دژ بە ڕۆحانییەت. لە ڤیداکاندا ئەو شەیتانانەن کە دژی خواکانن.
دانوا: ئەمیش هێمایە بۆ نەبوونی حەز بۆ چوون بەرەو خودا.
میترا: هێمایە بۆ ڕاستگۆیی و پاراستنی پەیمان[٢٣٩].
ڤارونا: هێمای پاکیە لە ڕیگ ڤیدادا، و هێمای هەستی شەیتانییە لە یاجورڤیدادا.
ڕودراکان: هەستە ناوەکیەکانی مرۆڤن کە بە نەمانیان مرۆڤ دەمرێت[٢٤٠].

ئێستا با بزانین خاڵی گرنگ چیە لەم هێماناسیەدا:
یەکەم: ئەم ناوانەی سەرەوە کە هەریەکەو وەک خودایەکی جیاواز دێنە بەرچاوو خاوەنی داستانی تایبەتی خۆیانن، هیچ نین جگە لە هێماو سومبولەکان کە باس کراون بۆ ناسینی خودی مرۆڤ و وەسفکردنی هێزو ئیرادەو ڕێنمایی ئیلاهی. بەشێوەیەک کە شری ئۆرۆبیندۆ کاتێک باسیان دەکات دەڵێت: ”خودا دەروونییەکانمان“. هەروەها (Birendrakishore Roy Chowdhury) دەڵێت: ”دەتوانرێت هەموو بنچینە کەونییەکان لە مرۆڤدا ببینرێت“. ئەمە هەمان ڕای (کۆمارا سوامی) و زۆر لە لێکۆڵەرە ڤیدابیەکانی دیکەیە. کەواتە ئەو خودایانە خودا دەروونی و ناوەکیەکانی خۆمانن.

٢٣٧-بڕوانە (س ٢١، ل ٥٩).
٢٣٨- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.
٢٣٩- میترا یەکێکە لە خواوەندە زەردەشتییەکان و تەنانەت پێش زەردەشتییەکانیش پەرستراوە. وشەی میترا وشەیەکی هیندۆئێرانیەو لە زمانەوانیدا بە مانای پەیمان دێت.
٢٤٠- وشەی ڕودرا بە مانای شتێک دێت کە گریان و شین دروست دەکات، چونکە کاتێک مرۆڤ دەمرێت دەوروبەر بۆی دەگرین. بڕوانە ئەم سەر چاوەیە (س ١، لا ٧٣-٧٤، م ١).

دووەم: کە زۆر گرنگە بیڵێم ئەوەیە ئەم خودایانە نەک هەیە خودا دەروونییەکانی ئێمەن، بەڵکو ئەوان بە شەیتانەکان و خوداکان و هێزە پیرۆزەکان و ناپیرۆزەکانەوە جیهانی ئێمە پێکدێنن و بەشێکن لە کامڵبوونی ئێمە. شیڤا مەقامێکەو مانای بەشێک و پلەیەکە لە کامڵبوونی ئێمەیەو کریشنا پلەیەکی ترو مەقامێکی ترەو هتد... بۆیە کاتێک مرۆڤێک دەگاتە حەقیقەتی باڵا لە هیندۆیزمدا لە هەموو خوداکان گەورەترە[٢٤١]. هەریەک لەم مەقامانە هۆکاری هاتنی مەقامێکی دیکەن و مەیدانی دارمای ناوەکی ئێمە بەبێ هەرکام لەم خودایانە کەموکوڕو نوقسانە. دەبینی (هیرانیاکاشیپوو)[٢٤٢] دوژمنی شیڤایە، بەڵام کوڕەزاکەی کە ناوی (بالە)[٢٤٣] یەکێکە لە دۆستەکانی شیڤا. ڤیبیشانا[٢٤٤] دۆستی ڕامایە و ڕاڤانای[٢٤٥] برای دوژمنی ڕامایە. ئەمە مانای وایە تەنانەت ئەوەندە ئەم هێمایانە ناوەکین و پێویستن کە دۆست و دوژمنەکان پێکەوە دەژین، ئەوان هێزی خۆیان لە یەکتر وەردەگرن، شیڤا لە تری پورو[٢٤٦] ئیندرا لە ڤالا[٢٤٧] و کالی لە شیڤا[٢٤٨] هێزی خۆیان وەردەگرن. ئەگەر سەرنج بدەیتە ناوی خوداکانی هیندو ڤیدا دەبینی هەندێکیان بە ناوی هێزە شەڕەکانەوە ناونراون وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

---

٢٤١- هەمان سەرچاوە، ل ٧٣.

٢٤٢- Hiranyakashipu.

٢٤٣-Bal.

٢٤٤- Vibhishyana.

٢٤٥- Ravana.

٢٤٦- Tripur. گەر سەرنج بدەیتە پەیکەرەکانی شیڤا دەبینی شیڤا لەسەر جەستەی تری پور وەستاوە کە نیشانەی ئەوەیە شیڤا لە تری مورتی گەورەترو باڵاترە.

٢٤٧ - Vala هەروەها ئیندرا لەسەر لەشی ڤارا خەنجەر گیر دەکات و لەسەروو لەشی ئەوەوەیە.

٢٤٨ - بەناوبانگترین و ترسناکترین پەیکەری هیندی کە هەندێکجار مرۆڤ حەز ناکات بیبینێت و دەڵێت چۆن خودایەک بەو شێوەیە ناشرینە، پەیکەری کالیە کە بە دانی خوێناوییەوە شمشێری خوێناوی بەدەستەوەیەو سەری شیڤای بڕیوەو لەسەر جەستەکەی وەستاوە و ملوانکەی لە کەللەی سەری مرۆڤ لەملدایە. یۆنگی دەروونناس زۆری باسی ئەم پەیکەرە کردووەو بە ترسە دەروونییەکان لەقەڵەمی داوە.

به ئیندرا دەوترێت (ڤریتراهان)[٢٤٩] واتە ئەو کەسەی ڤریترای شەیتانی کوشت.
به کریشنا دەوترێت (مادهوسوودانا)[٢٥٠] واتە ئەو کەسەی مادهوی کوشت.
به ڤیشنۆ دەوترێت (موراری[٢٥١]) واتە ئەو کەسەی موراى کوشت.
به گاڕودا[٢٥٢] دەوترێت (سورێندراجیل)[٢٥٣] واتە ئەو کەسەی سەرکەوت بەسەر سورێندرادا کە هەمان ئیندرایە[٢٥٤].

ئەوان بەناوی دوژمنەکانیانەوە ناو دەنرێن، چونکە تا دوژمنەکەت کە بەسەریدا زاڵ بوویت بەهێزتر بێت، ئەوا نیشانەی بەهێزتربوونی تۆیە. کەواتە ئەوان تەواوکەری یەکترن.

ئەو ناوانە هەرچەند هێمان بۆ دەسەڵاتی خوداو ئەو هەموو هێزو توانایەی کە ئەو هەیەتی، لەهەمان کاتیشدا ئاماژەن بۆ بوونی ئەو هێزو توانایانە لەناو مرۆڤدا، چونکە خودا لەناو مرۆڤدا دەردەکەوێت. لە (گۆپالا تاپانی ئوپانیشاد) داهاتووە: (لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو یەکتای بێ هاوتایە، بەڵام لە دڵانی بێ شوماردا ئامادەیە)[٢٥٥]. واتە هەمیشەییەو لە هەموو شوێن و شتێکدا بوونی هەیە بە چاک و خراپەوە. هەروەها لە سمریتی شاسترادا هاتووە: (ڤیشنۆ یەکێک زیاتر نییە، بەڵام لە دڵی هەمواندا ئامادەیە، هەروەکو چۆن خۆر یەکێکەو لە زۆر شوێن دەردەکەوێت)[٢٥٦] ئەمەش مانای وایە هەموو شتێک دەرکەوتەی (ئەو)ەو ئێمە تیشکێکین لە (ئەو) و بە ئەو دەبینرێین کە ئەگەر ئەو نەبێت ئێمە نابینرێین و وجودمان نابێت. لە (پوروشا سوکتا) دا هاتووە: (هەرچیەک

---

٢٤٩- vritrahan.
٢٥٠- Madhusudana.
٢٥١ - Murari.
٢٥٢- Garudha.
٢٥٣- Surindrajil.
٢٥٤- لێرەدا دەبینیت گارودای باڵ ئاڵتوونی و ئیندرا هەردووکیان لە خواکانی ناو ڤیدان، بەڵام یەکیان لە یەکیان باڵاترو بەهێزترو سەرووترە.
٢٥٥ – گۆپالا تاپانی ئوپانیشاد فەسڵی ١، ئایەتی ٢١.
٢٥٦-بڕوانە (س ٢٠. فەسڵی ٦).

هەیەو هەرچیەک بووە و هەرچیەک دەبێت پوروشایە)[٢٥٧] واتە ئێمە هەمیشەو بۆ هەتاهەتایە ڕۆحی خوداین بەبێئەوەی جیاوازی هەبێت لەنێوان کەس لە ئێمەدا. هەروەها لە بڕەهما سامهیتادا هاتووە:

éçvaraù paramaù kåñëaù
sac-cid-änanda-vigrahaù
anädir ädir govindaù
sarva-käraëa-käraëam

واتە: (ئیشڤارا کە ناسراوە بە خودای گەورە، لەشێکی ڕۆحیی شادی هەتاهەتایی هەیە، ئەو بنەچەی هەموو شتێکە، بنچینەی نییەو هۆکاری هەموو هۆکارەکانە).

٢٥٧-(س١٣. ل ٣٤٧ ).



**وێنەی کالی لەسەر جەستەی شیڤا**

بڕوانە لە بەڵگەکانی پێشوودا (پوروشاو ڤیشنۆو پاراماتمان و ئیشڤارا) وەک یەک زاتی باڵا باسیان کراوە کە لەسەروو هەموو شتێکەوەن و یەکتاو تاقانەن و هەرسێکیشیان تەنها یەک ناون بە تایبەتمەندیی جیاوازەوە.

پێم وابێت ئەم بیروڕایەی نێو ڤیداکان هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ تەفسیرەکەی (محمد غەزالی) بۆ ئایەتی (نور) لە سورەتی نوری قورئانی پیرۆزدا[٢٥٨] کە پێی وایە ئێمە دەرکەوتەی نوری خواین و نوری خوا وەک ئێمە وایە.

ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە کاتێک ڤیداکان دەڵێن خوداوەندی خۆر یان مانگ یان ئاگر، لە هەندێک شوێندا مەبەستیان لە فریشتەی خۆر یان مانگ و ئاگرە، یاخود بە زمانێکی دیکە مەبەستیان لە مەئموری خۆرو مانگ و ئاگرە و ئەمەش بەڕوونی لە یاجورڤیدادا باس کراوە، فریشتەکان هیچ نین تەنها دەسەڵاتی خوا نەبێت بۆ ڕاپەراندنی کارەکان لە دەرکەوتەیەکی دیکەدا. هەرگیز خودا ڕاستەوخۆ کار ناکات، بەڵکو لە ڕێگەی فریشتەکانەوە هەندێک کاری تایبەتی دەکات، هەروەکو چۆن لە ڕێگەی کڕیارێکەوە لە بازاڕێکدا ڕۆژی فرۆشیارێک دەدات و خۆی ڕاستەوخۆ دانابەزێت پارە بدات بە فرۆشیار، یان وەکو چۆن لە ڕێگەی دایکەوە منداڵ گەورە دەکات و خۆی ڕاستەوخۆ ئەو کارە ناکات. ئێمەو هەموو شتەکانی دەوروبەر دەستی خوداین بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان، فریشتەکانیش بەهەمان شێوە. لە یاجورڤیدادا باس لە سێ جۆر خوداوەند (فریشتە) دەکات کە مەبەستی هەمان دیاردە سروشتیەکانە، ئەوانیش خوداوەندەکانی ئاسمان[٢٥٩] (Duloka devatas)و خوداوەندەکانی بەرگەگاز (Antariksha devatas)و خوداوەندەکانی زەوی[٢٦٠] (Prithivi devatas). واتە مەبەست لە وشەی خوداوەند هەمان دیاردە سروشتیەکانن یان هەندێکجار فریشتەو مەئمورە سروشتیەکانن وەک چۆن لە ئیسلامدا مەئموری مردن (ئیزرائیل)و باران (ئیسرافیل)و وەحی (جوبرائیل)و ڕزق و نووسینی چاک و خراپ و سزا و پاداشت هەیە. کەواتە ڤیداکان باس لە یەک خوداوەند دەکەن، بەڵام لەژێر ناوی جیاوازدا بۆ دەرخستنی تایبەتمەندییە جیاوازەکانی خوداوەند.

---

٢٥٨- بڕوانە کتێبی مشکاە الانواری غەزالی.

٢٥٩ - وەک سوریا واتە فریشتەی خۆر.

٢٦٠- وەک پریتیڤی واتە فریشتەی خاک.



**وێنەی ئاگنی فریشتەی خۆر**

هەندێک لە برا ڕۆشنبیرە عەرەبەکانمان باس لە سیانەیی بڕەهما، ڤیشنۆ، شیڤا دەکەن[٢٦١] بەمەبەستی هێنانەوەی بەڵگە لەسەر بوونی چەند خودایی نێو ڤیدا، لەوانەشە هەندێک بپرسن ئایا بوونی هەرسێ (برەهما –Brahma) و (ڤیشنۆ –Vishnu) و (شیڤا –Shiva) لە عەقیدەی هیندۆسیدا (کە ڤیدا بنچینەکەیەتی) بەرابەر نین بە عەقیدەی سێ خوایی ڕۆمیەکان و تەسلیسی مەسیحیەکان (باوک، کوڕ، ڕۆحی پیرۆز)؟ لە وەڵامدا دەڵێم نەخێر، چونکە بڕەهما (بەدیهێنەر)و ڤیشنۆ (پارێزەر)و شیڤا (ڕوخێنەر – لەناوبەر) سێ ناوی خوداوەندن لە ڤیدادا. هەر هەمان خوداوەندی تاقانە بە (پوروشا)و (پاڕاماتمان)و (ڤیشڤاکارما) و هتد.. ناوی هاتووە وەک چۆن لە ئیسلامدا خودا بە ناوی جۆراوجۆری وەک (الله، الرحمن، الکریم، القاهر، الاول، الظاهر، الباطن، المظل) ناوی هاتووە. ئەمە لە کاتێکدا هەندێکجار خوا بەبێ شکڵ و ناوو سیفەت باسی کراوە، بۆ نموونە لە هەندێک شوێنی ماهابهاراتا و ڕامایاناو تەنانەت لەناو ڤیداکانیشدا بەتایبەت لە سەمهیتای ڕیگ ڤیدادا پێی دەوترێت (نیراکارا –Nirakara) واتە بێ شکڵ و بێ ناو. یاخود بە خوداوەند دەوترێت (نیرگۆنا –Nirguna)کە ئەمیش بە مانای بێ ناونیشان و بێ وەسف دێت.

بەکورتی خودا لە بووندا لە ڕێگەی پڕاناڤاوە، واتە ئۆمەوە دەرکەوتووە و ئەو دەرکەوتەیەش لە سێ جۆر وزەدایە کە پێیان دەوترێت:

یەکەم: باهیرانگا شاکتی (Bahiranga Shakti) واتە وزەیەکی دەرەکی خودایی. ئەم وزەیە لە دونیای ماددیدا کار دەکات و وەک ماددەو وزەی ماددی دەردەکەوێت و هەمیشە لە گۆڕاندایە.

دووەم: تاتاستا شاکتی (Tatastha Shakti) واتە وزەیەکی ناوەکی و ئەمیش قابیلی گۆڕانە.

سێهەم: ئانتارانگا شاکتی (Antaranga Shakti) واتە وزەیەکی نهێنی و ناوەکی

٢٦١- بڕوانە ئەم سەرچاوەیە کە بەداخەوە دەمارگیری ئایینی نەیهێشتووە وەک خۆی نووسەر باسی ڤیدا و یۆگا بکات:
مقارنه الادیان (ادیان الهند الکری).
تالیف: الدکتور احمد شبلی.
مکتبة النهظة المصریة
الطبعة التاسعة ١٩٩٠

خودا کە سەرچاوەی هەموو وزەکانی دیکەیە بۆ تەجەلی و بەهیچ شێوەیەک ناگۆڕێت. بوون لەم سێ جۆر وزەیەی خودا پێکهاتووە کە خودا خۆی لە ڕێگەیانەوە دەردەخات، هەر بۆیە لە (ماندوکیا ئوپانیشاد)دا کە یەکێک لە گرنگترین ئوپانیشادەکانی ڤیدایە وتراوە:

(Esha yonih sarvasya prabhavapyayau)

واتە: (ئەو مندالّدانی هەموو شتێکە). یۆنی (yonih) کە لە سوتراکەدا هاتووە بە مانای مندالّدان دێت، شوێنێک کە شتێک دروست دەکات و لە خۆیدا هەلّیدەگرێت و پارێزگاری لێ دەکات.

هەر لە ماندوکیا ئوپانیشاددا هاتووە:

(Prabhavapyayau hi Bhutanam)

واتە: (هەموو شتێک لەوەوە هاتووە و بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە)[٢٦٢].

کەواتە ڤیدا بڕوای بە یەک خوداوەند هەیەو ئەو خوداوەندەش لەناو هەموو شتێکدایەو ئەم بیروڕایەش بنچینەی دروستبوونی یۆگا و ئایورڤیدا و هەموو زانستە ڤیداییەکانی دیکەشە.

پوڕانا (Poorana)کان کە هەژدە پوڕانای سەرەکی و چەند پوڕانایەکی لاوەکین و سەرەنجامی پەیدابوونی ڤیداکانن و وەک ڤیدای پێنجەم ناوزەد دەکرێن. پوڕاناکان زیاتر لە سەدەی سێهەمی پێش میلاد تا سەدەی سێهەمی میلادی دەرکەوتن و کامڵ بوون. دەتوانرێت زۆر بە ڕوونی بیروڕای یەکتاپەرستی ڤیداکان تیایاندا بەدی بکرێت بەشێوەیەک کە هیچ گومانێک نەمێنێتەوە لەسەر یەکتاپەرستیی ڤیدایی.

نەک هەر پوراناکان بەڵکو ئێستاش و لە سەردەمی هاوچەرخدا هیندۆکان گرنگی زۆر بە بیروڕای یەکتاپەرستی دەدەن، بڕوانە ئەم نزایەی (سوامی شیڤاناندا ماهاراج) کە یەکێکە لە گورە بەرزەکانی یۆگاو خاوەنی چەندین ئاشرام و قوتابخانەی یۆگاو کلینیکی ئایورڤیدایە لە هەموو جیهاندا و بە سەدان موریدی ڕۆشنی هەیە. ئەم نزایە لە زۆر ڕووەوە دەرخەری ئەوەیە کە چۆن ڤیداییەکان و برەهمیەکان لە خودا دەڕوانن...

---

٢٦٢ - انا لله وانا اليه راجعون.



**وێنەی دروستکراوی هێمائامێزی خودا لە کاتی خۆدەرخستنیدا بۆ یەکێک لە موریدەکانی شیڤاناندا.**

ماهاراج لە نزایەکدا دەڵێت:
ئەی خوداوەندی گەورە، ئەی دروستکاری جیهانی بوون
تۆ پارێزەری بوونەوەریت.
تۆ لەناو گیاو گوڵەکاندا
خۆر و ئەستێرەکاندا... مەوجودیت
سەلام و درود لەسەر تۆ.
ئەی لەناوبەری بازنەی ژیان و مردن،
ئەی بەخشەری خۆشی و لە ناونەچوون
ئەی خوداوەندی شیرینی و خۆشەویستی،
ئایا مومکینە من لە ئازاری مەرگ ئازاد بکەیت؟
ئایا مومکینە سروشتی لەناونەچووی خۆم هەرگیز فەرامۆش نەکەم؟
ئایە مومکینە هەموو مرۆڤەکان یەکسان ببینم؟
ئایە مومکینە بگەم بە پلەی بەرزی یەکبوون لەگەڵ تۆ؟
ئایە مومکینە ئازاد بم لە ناپاکی و گوناه؟
ئایە مومکینە سروشتی ڕاستەقینە و بنچینەیی خۆم دیسان بناسم؟
چاکەت لەسەر، ئەی دروستکاری یەکتاو بەرز کە لەنێو دڵی هەموو بوونەوەرێکدا هەیت،
کە لە ئاگر و ئاو،
لە تازە نەمام و درەخت و گیاکاندا،
لە بەردو قوڕ و ئاسن،
و لە تەواوی جیهانی بووندا پێگەت هەیە.
گوڵ و هەنگ و هەنگوین،
پیاو و ژن، دەریا و شەپۆل،
پیرۆز و گوناهبار، مەست و هوشیار..
هەموو پڕ پڕن لە تۆ.
ئەی خوداوەندی گەورە،
تۆ نوری ئیلاهیت، تۆ نوری زانینیت،

تۆ لە ناوبەری نەزانی و تاریکیت،
تۆ بەرزترین گورویت،
تۆ لەودیو تەسەور و پێناسەوەیت،
تۆ لەودیو سنور و یاریەکانەوەیت،
تۆ ڕۆحی بەرزترینیت،
تۆ (خودی گەورەی) جیهانی بوونیت،
ئەی خوداوەندی گەورە
تۆ سەرچاوەی ڕووناکیت،
تۆ بێ ئەندام و کار، بێبەری لە عەیب و هەلە،
تۆ بێ سەرەتا و کۆتا، دوور لە بوون و مردنیت،
تۆ باوک، دایک، برا، هاوڕێ، گورو، خزم و هەموو کەس و پەناهی ئێمەیت.
تۆ دەرکەوتەی ئاشتی، ئارامی، خۆشی، زانست، هێز، توانا و جوانیت.
ئای... ئەی خوداوەندی بەسۆز و میهرەبان،
ئایا مومکینە بە پەنابردن بۆ ڕەحمەتی نەبڕاوەی تۆ،
بگەین بە ڕۆشنبینی و
لەگەڵیدا بیری خودایمان هەبێت!
خۆمان بەشێوەی نوری ئیلاهی ببینین!
لەگەڵ (ئاتما بهاڤا) خزمەتی مرۆڤایەتی بکەین!
لە تەماع، شەهوەت، خۆبینی، حەسوودی و ڕق ئازاد ببین!
لە هەموو بوونەوەرێکدا، زاتی ڕاگیری و ئیلاهی و خودی گەورە ببینین!
بە دەرکی پاک، بگەین بە پلەی ڕۆشنبینی و یەکبوون لەگەڵ تۆ!
ئەی تیشکدەرترینی ڕۆشناییەکان
ئایە مومکینە
ڕێنیشاندەرمان بیت!
زهنی ئێمە لە ناپاکیەکان پاک ڕابگریت؟

ڤیدا نەک هەر باس لە خوداوەندی تاقانە دەکات، بەڵکو پێش فەلسەفەی یۆنانی کە بە یەکەمین پێگەی فەلسەفە باس کراوە ئەو ڕاستیانە دەسەلمێنێت کە ئەم جیهانە پیرۆزە، چونکە لە پیرۆزەوە هاتووە، مرۆڤ گەورەترین دەرکەوتەی هەقە، چونکە گەورەترین ئیرادەی هەق لەودا دەردەکەوێت. ڤیدا پێش (زینۆن) و (بنائینۆس) و (کرسپۆسن) باس لە ڕەگەزەکانی بوون دەکات و دەیباتەوە سەر خوداوەندو ئەوان پیرۆز دەخاتە بەردەم مرۆڤ. هەروەها پێش (ئەپیقۆرس) دەڵێت هەموو شتێک لە خوداوەند پێکهاتووە. ڤیدا پێش ئەرستۆ دەڵێت نەفس (واتە پوروشا) یەکەم پلەو خاڵی دەستپێکردنی بوونەو پێش ئەفلاتوونیش دەڵێت ئەم نەفسە خۆی خۆی دەجووڵێنێت و پێویستی بە کەسی دیکە نییە بۆ جووڵاندنی. گەر ڕێنماییەکانی ئەفلاتوون بخوێنیتەوە کە بەناوی سوقراتەوە باسیان دەکات دەبینی ئەو وەک سامهیتا ڤیداییەک یان ئوپانیشادییەک هەندێکجارو هەندێکجاریش وەک عارفێکی گەورە قسە دەکات، هەر لە ڕێنماییە ئەخلاقیەکانەوە تا باسکردنی میتافیزیقیا و ڕۆح و خودا.

لە ڕاستیدا ئەمەش مانای دانایی ئەو کەسانەیە کە نزیکەی (٣٥٠٠) ساڵ بەر لە گەشەکردن و دەرکەوتنی فەلسەفە لە یۆنان، توانیویانە لە هیندستان و مەنزڵی کۆنی ئاریەکان باس و خواس لەسەر وەها بابەتێک بکەن و لەهەمانکاتیشدا ڕێڕەوێکی وای لەسەر دابمەزرێنن کە هەمووان بتوانن لە ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتیاندا سوودی لێ ببینن و پەیڕەوی بکەن، چونکە ئەگەر ئەم فەلسەفەیە تەنها تیۆرێکی ئەقڵی بێت و لە کرداردا ئەزموون نەکرێت، بێگومان زیانی زۆرترە لە سوودی، وەها فەلسەفەیەکی نائەزموون کراو لەلای مرۆڤێکی تەمبەڵی بێ کردار بێگومان دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکە دڵ بە هەندێک بنەما خۆش بکات کە تەنها دڵ خۆشکردن پێیان سوود ناگەیەنێت و ئەو گیرۆدەی تیۆرییە قووڵەکان دەبێت و ئەم تیۆریانەش هەندێک نهێنیان تێدایە کە تەنها بە سلکو و ڕاهێنانی ڕۆحی و بە پێگەیشتن لەو بوارەدا ئاشکرا دەبن. ئایە کاتێک بەڵگەی بەشی حەوتەمی بهاگاڤادگیتا دەخوێنیتەوە کە دەڵێت: «تامی ئاو منم، ڕووناکی مانگ و خۆر منم، لە ڤیداکاندا وشەی ئوم منم، دەنگی بۆشایی منم، بۆنی خۆشی خاک منم، بڵێسەی ئاگر منم، زوهدی زاهیدان منم». چی

لەلای تۆ دروست دەبێت کاتێک نەتوانی بە کرداری ئەزموونی خودا بکەیت لەناو هەموو سروشت و کەسەکانی دەوروبەرتدا، هەربۆیە زانایانی ڤیدایی دەیانەوێت ئەو حەقیقەتە بە ئێمە بڵێن کە خودا هەم لە ئاسمان و هەم لەسەر زەوی بوونی هەیە و خودا تەنها تایبەتمەند نییە بە ئاسمانەکانەوە[٢٦٣].

هەرچەند بابەتەکە درێژ دەبێتەوە، بەڵام دەمەوێت وەکو نموونەیەک هەندێک لەو (١٠٨) ناوەی شیڤا بە سانسکرێتی و مانای هەندێکیان بنووسم کە لە ئایینی هیندۆسیدا وتراوەتەوە. ئەم ناوانە تەنها وەسفی خودان لەسەر شێوەی شیڤا:

OM SHIVAYA NAMAHA[٢٦٤]
OM MAHESHVARAYA NAMAHA[٢٦٥]
OM SHAMBHAVE NAMAHA[٢٦٦]
OM PINAKINE NAMAHA[267]
OM SHASHISHEKHARAYA NAMAHA
OM VAMADEVAYA NAMAHA
OM VIRUPAKSHAYA NAMAHA
OM BHAKTAVATSALAYA NAMAHA
OM BHAVAYA NAMAHA
OM SARVAYA NAMAHA[268]
OM MRIGAPANAYAE NAMAHA
OM PRAJAPATAYE NAMAHA
OM JAGADVYAPINE NAMAHA
OM AHIRBUDHNYAYA NAMAHA[٢٦٩]
OM DIGAMBARAYA NAMAHA[٢٧٠]

---

٢٦٣- قورئاندا هەمان ڕاستی هاتووە کاتێک لە (زخرف ٨٤)دا دەفەرموێت: (هو الذی في السماء اله و في الارض اله) واتە ئەو لە ئاسمان خودایە و لەسەر زەوی خودایە.

٢٦٤ - ستایش و پەرستش بۆ خودای شانس و ئیقباڵ

٢٦٥- ستایش و پەرستش بۆ شیڤا کە خودای گەورەیە.

٢٦٦- سوجدە بۆ ئەو خودایەی کە مایەی بوونی خۆشبەختی ئێمەیە.

٢٦٧- سوجدە بۆ پارێزەری دهارما.

٢٦٨--کڕنوش بۆ ئەو خودایە کە هەموانە.

٢٦٩- ستایش و کڕنوش بۆ ئەو خودایەی کە لە خەوتنی ماری کوندالینیدا خۆی حەشار داوە.

٢٧٠ -ستایش و کڕنوش بۆ شیڤا کە بە عەباکەی دونیای داپۆشیوە.

OM ASHTAMURTAYE NAMAHA
OM ANEKATMANE NAMAHA
OM SATVIKAYA NAMAHA[٢٧١]
OM SHUDDHA VIGRAHAYA NAMAHA
OM SHASHVATAYA NAMAHA[٢٧٢]
OM KHANDAPARASHAVE NAMAHA
OM AJAYA NAMAHA
OM PAPAVIMOCHAKAYA NAMAHA
OM MRIDAYA NAMAHA
OM PASHUPATAYE NAMAHA[٢٧٣]
OM DAKSHADHVARAHARAYA NAMAHA
OM HARAYA NAMAHA
OM BHAGANETRABHIDE NAMAHA
OM AVYAKTAYA NAMAHA
OM SAHASRAKSHAYA NAMAHA[274]
OM SAHASRAPADE NAMAHA[٢٧٥]
OM TARAKAYA NAMAHA[٢٧٦]
OM PARAMESHVARAYA NAMAHA[٢٧٧]

---

٢٧١- ستایش و کرنوش بۆ خودای پاک و روناک.
٢٧٢- ستایش و کڕنوش بۆ شیڤا کە سەرەتاو کۆتاییە.
٢٧٣- ستایش و کڕنوش بۆ ئەو خودایەی کە سەروەری گیاندارانە.
٢٧٤ - ستایش و کڕنوش بۆ ئەو خودایەی کەبەوێنەی جیاواز خۆی دردەخات.
٢٧٥ - ستایش و کڕنوش بۆ ئەو خودایەی کەلە هەموو شوێنێک هەیەو هەنگاو دەنێت.
٢٧٦- ستایش و کڕنوش بۆ ئەو خودایەی کە ڕزگارکاری گەورەی مرۆڤایەتیە.
٢٧٧- ستایش و کڕنوش بۆ خوداوەندی گەورە.



# باسی دووەم

هەموو شتێک (ئۆم)ە [٢٧٨]

(ماندوکیا ئوپانیشاد)

## چۆنیەتیی سوودوەرگرتن لە ڤیدا

بۆ فێربوونی هەریەک لە زانستە ڤیداییەکان مرۆڤ پێویستی بە شارەزابوون هەیە لە هەندێک وشەی ڤیدایی کە هیندی و ئاریەکان بەکاریان هێناوە. ئەمەش بەبێ تێگەیشتن لە کلتوورو زانینی ئاریەکان مەحاڵە. کەواتە ئێمە پێویستمان بە ناسینی خەتی ئەساسی ئیشکردنی ئاری و هیندیەکانە، ئەو هێڵە بنچینەییەش یەکێتیی بوون (وەحدە الوجود)ە. هەرچەند ئێمە باسی خودامان کرد لە مرۆڤدا، بەڵام باشترە ئەم باسە بەهێزتر بکەین و زۆرتر لەسەری بدوێین.

بیروڕا ڤیداییەکان بە هەر چوار سامهیتا ڤیداکەو ئوپانیشادەکان و پوڕاناکانەوە پێیان وایە خوداوەند سەرچاوەی هەموو شتەکانەو ئەو لە دەرەوەو ناوەوەی هەموو شتەکاندایەو هیچ شتێک بەبێ ئەو ناتوانێت هەبێت. ئەمە وەنەبێت تەنها ڕاڤیداکان بێت، بەڵکو بەدرێژایی مێژوو فەیلەسووف و ڕۆحانی و کەسانێکی وەها بوون کە وەها بیروڕایەکیان وتووەتەوە. ئەوەتا (ئیبن سینا)ی فەیلەسووفی ئیسلامی کاتێک باسی خودا دەکات پێی وایە کە (هەموو شتێ چ ماددە و چ بێجگە لە ماددە لەوەوە دێت). هەروەها (ماستەر ئیکهارت)ی عارفی مەسیحی دەڵێت: "من لەناو خودادام و بەو دەژیم و لەودا دەگۆڕێم". ئۆگستین دەڵێت: "بۆ ناسینی خودا بەسە کە بچینەوە ناو خۆمان". هەروەها (شۆبنهاوەرو مەین دی بیران و بردیایف و جان سکۆت و ئەفلاتوون و سوقرات) و بەدەیان فەیلەسووفی دیکەش بیروڕای یەکخوایی ڤیداکان پشت ئەستور دەکەن.

---

Sarvam Omkara eva -٢٧٨

بەهەرحاڵ بێینەوە سەر یەکێتیی بوونی ڤیدا، لە سەمهیتای پێنجی یاجورڤیدادا هاتووە:

(ڤیشنۆ ئەم گەردوونەی هەڵگرتووە و
شوێنپێی یەکەمی زەویە،
شوێنپێی دووەمی بەرگە هەوایە و
شوێنپێی سێیەمی ئاسمانە.
ڤیشنۆ[٢٧٩] لە هەموو شوێنێکە و دەوری گەردوونی داوە.
قوربانییەکان پێشکەش بە خودای گەورە دەکرێت کە ڤیشنۆیە).

لێرەدا ڤیشنۆ بە مانای خودای تاقانەی پارێزەر دێت.

لە تێکستی (بهاگاڤادگیتا)دا کە یەکێکە لە پاشکۆ بەناوبانگەکانی ڤیداکان و یەکێکە لە (ئوپانیشاد)ەکان و بە (گیتۆئوپانیشاد) ناسراوە. کریشنا[٢٨٠] دەڵێت: ”من سەرەتاو کۆتایی و ناوەڕاستم“.

هەروەها لە ئیشاباش ئوپانیشددا هاتووە: ’ئەو (واتە خودا) لەناو هەموو شتێکدایە و دوور لە هەموو شتێکە، نزیکەو هەروەها دوور‘ [٢٨١].

دیسان لە بهاگاڤادگیتادا هاتووە: ’هیچ گیاندارو بێ گیانێک ناتوانێت بێ من هەبێت‘[٢٨٢].

---

٢٧٩ - ڤیشنۆ یەکێکە لەخواوەندەکانی نێو ڤیداو بەپارێزەری بوون ناوزەدکراوە. هەرچەند لەهەندێ شوێندا بۆ دەلالەت کردن لەخوای تاقانەش بەکاردەبرێت. لە ڤیشنۆپوراناادا گەلێ وەسفی ڤیشنۆ کراوەو باسی١٠ دەرکەوتەی ڤیشنۆ کراوە. ڤیشنۆپورانا دەڵێت کاتێک ژیان و نەزم و جەوهەری ڕۆحانیەت بەرەو لەناوچوون دەڕوات، ئەوا خودی ڤیشنۆ لەیەکێک لەشێوەکاندا دێتەوە سەر زەوی و دین لە لەناوچون دەپارێزێت. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ١ لاپەرە (٢٦١ بۆ ٢٧٤).

٢٨٠- کریشنا هەشتەم دەرکەوتەی ڤیشنۆیە لە کۆی ١٠دەرکەوتەکەی ڤیشنۆ. گوروی ڕۆحیی ئەرجونایەو بێژەری بهاگاڤادگیتایە. کریشنا لە مەیدانی شەڕی کوروکشترادا یۆگای لەڕێگەی بهاگاڤادگیتاوە بەخشیەوە ئەرجونای موریدی. یەکێک لە مەزهەبە هیندۆکان کە (والابهاچاری) یە پەرستشی ڤیشنۆ دەکەن لەگرنگترین دەرکەوتەیدا کە کریشنایە.

٢٨١-- Hindu Scriptures،New York، Everymans Library، e.P.dutton and Co. Inc، 1943، p.207

٢٨٢- ( س ٢٠، ل ١٣٩. ف ١٠ ).

لە ماندوکیا ئوپانیشاددا دەڵێت: "تەنها (ئەو) وەکو ڕۆح و حەقیقەت دەناسرێت".

یەکێتیی بوون پیرۆزی دەداتە هەموو شتێک و مرۆڤیش دەکاتە باڵا مرۆڤ و دەرکەوتەی حەقیقەت، واتە دەرکەوتەی خوداوەند.

شانکاراچاریا[٢٨٣] لەسەر بنچینەی ڤیداکان و ئوپانیشادەکان فەلسەفەیەکی نوێی داڕشت کە پێی وترا (ئەدڤایتا ڤیدانتا) واتە نادوانیێتی و ڕەتی دوانیێتی (Dualistic)ی دایەوە، ئەم فەلسەفەیە جارێکی دیکە بووە بناغەیەکی زۆر باشی یەکێتیی بوونی هیندی و تەنانەت کاری لە هەندێک بیروڕای ئیسلامیش کرد لە هیندستان و دەرەوەی هیندستان. ئەدڤایتا ڤیدانتا لە دوو وشە پێکدێت، ئەوانیش (ئەدڤایتا) واتە نادوانیێتی و (ڤیدانتا) واتە زانینی کۆتایی. وشەکە پێکەوە بە مانای حیکمەتی (نادوانیێتی دێت).

ڤیداکان پێیان وایە هەتا مرۆڤ لە سنوری دوانیێتی و دوالیزمیدا بمێنێتەوە ناتوانێت بگات بە حیکمەت[٢٨٤]، یاخود هەرگیز نەگەیشتۆتە زانایی ڕاستەقینە و زانینی ناوەکی، چونکە زانینی ناوەکی زانینە بەوەی ئێمە هەموومان لە یەک ڕەچەڵەک و بنچینەوە هاتووین. ئەو ڕەچەڵەک و بنەچەیەش خوداوەندە کە پێی دەوترێت ئەسڵی (لم یلد ولم یولد)، واتە ئێمە لە خوداوەندەوە هاتووین، بەڵام نەک وەک لەدایکبوون و مردن، بەڵکو وەک بوون لەناو شتێکداو بە شتێک و بۆ شتێک. ئێمە دەرکەوتەی خوداین، چونکە کاتێک دڵۆپێک دەچێتە دەریاوە

٢٨٣- شانکاراچاریا تەفسیری زۆر تێکستی گەورەی هیندی کرد لەوانە ڤیداکان و زۆرینەی ئوپانیشادەکان و برەمهاسوترا و بهاگاڤادگیتا. بیروڕاکانی شانکارا زیاتر لە مەتنی (گودپادکاریکا) و (ڤیدانتاسوترا)دا ڕەنگی داوەتەوە. شانکاراچاریا تەنها ٣٢ ساڵ لە لەشی ماددیدا ژیاو شۆڕشێکی ڕۆحی گەورەی لە هیند بەرپاکرد..

٢٨٤- ئیمام خومەینی کە عارفێکی گەورەی ئیسلامە دەفەرموێت ( کەسرەت پەردەی ئێمەیە لەبەرامبەر هەقدا+ کثرت برای ما حجاب است از وجه حق). کەسرەت واتە دوانیێتی و جیابوونەوەی «من» و «تۆ»و «ئەو» و دروست بوونی خالق و مەخلوق و تالیب و مەتلوب. بروانە ئەم سەرچاوەیە:

شرح چهل حدیث. امام خمینی. موسسه تنقیم و نشر اثار امام خمینی.

چاپ یازدهم. ل ٥٩٢

دەبێتە دەریا، دڵۆپ لە دەریادا دەتوێتەوەو دەریاش بە هاتنەوەی دڵۆپ شادومان دەبێت و دەوری دەدات و لە خۆیدا دەیتوێنێتەوە[٢٨٥]. ئیدی نە دڵۆپ دەمێنێت و نە دەریا، یان هەم دڵۆپ دەمێنێت بۆ هەتاهەتایە و هەم دەریا.

یەکێتیی بوون نەک هەر سەرچاوەی هەموو ڤیداکان و باوەڕە ڤیداییەکانە، بەڵکو جەوهەری هەموو دینەکان لە یەکێتیی بوون دروست بووە[٢٨٦] و ئەمڕۆش لە زانستی نوێدا بەتەواوی و بەتایبەت لە دواهاتنی (ئەلبێرت ئەنیشتاین) یەکێتیی بوون لە شێوەی تیۆری کوانتۆمدا بڕوای پێ هێنراوەو بەتایبەت زانایانی فیزیا باس لەوە دەکەن کە ئێمە لە یەک وەحدەتی هەتاهەتاییدا دەژین و هیچ لە هیچ جودانییە. فەیلەسووفە یۆنانییەکانیش ئەمەیان بە ڕاشکاوانە باس کردووەو چەند ڕێرەوی فەلسەفی گرنگ و بەناوبانگیان لەسەر پێکهێناوە[٢٨٧].

ئەگەر ئێمە بەتەواوی لەم بڕوایە (واتە یەکێتیی بوون) نەگەین لە ڕاستیدا ناتوانین لە بیروڕاکانی ڤیدا تێبگەین و گرفتی زۆرمان بۆ دروست دەبێت.

هەربۆیە مەرجی یەکەمی تێگەیشتن لە زانستە ڤیداییەکان تێگەیشتن و دەرکی (یەکبوونی گشتی)یە. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ سوودوەرگرتنی تەواو لە زانستە ڤیداییەکان دەبێت ئێمە بۆ نموونە لە پاڵ شارەزاییماندا لەسەر

٢٨٥ - وەک پێشتر ئاماژەم پێدا لە ئیسلامدا ئەم بڕوایە گرنگیەکی تایبەتی پێدراوە. لە حەدیسێکی قودسیدا پێغەمبەری ئیسلام دەفەرموێت کە خودا دەفەرموێت: « وانه ليتقرب الى بالنافله حتى احبه، فاذا احببه كنت اذا سمعه الذى يسمع به و بصره الذى يبصر به و لسانه الذى ينطق به و يده التى يبطش بها». واتە کاتێک بەندەیەکم لێم نزیکبویەوە خۆشم دەوێت، کاتێک خۆشمویست دەبمە ئەو گوێچکەیەی پێی دەبیستێ، وە دەبمە ئەو چاوەی پێی دەبینێ و دەبمە ئەو زمانەی قسەی پێدەکات و دەبمە ئەو دەستەی خۆی پێ تێر دەکات (بڕوانە سەرچاوەی پەراوێزی پێشوو لاپەرە ٥٨١ ).

٢٨٦ - بودا دەڵێت: « ئەی ڕێبواران، لەدایک نەبوویەکی دروست نەبوویەکی پێک نەهاتوویەک هەیە، کە ئەگەر ئەی ڕێبواران ئەم لەدایک نەبووە دروست نەبووە پێکنەهاتووە نەبوایە ڕێگەی ڕزگابوون نەبوو لەوەی کە لەدایک بووە و دروست بووەو پێکهاتووە «. (س ٢٤. ل ١٧٤).

محمود شبستری کە یەکێکە لە عارف و هۆنەرە موسوڵمانەکان دەڵێت:

«جناب حضرت حق را دوئى نيست

درآن حضرت من و ما و تويى نيست.»

جەنابی خودا دوەمی نیە و لەودا من و ئێمەو تۆ نیە. (س٢٤. ل ١٠٥)

٢٨٧- بڕوانە کتێبی خاچ و گەیشتن بەخواوەند لە فەلسەفەی یۆگادا. لە نوسینی یۆگی هاوبیر کامەران. بڵاوکردنەوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٥.

یۆگا بڕوانینە ئایورڤیداش، یاخود بۆ تێگەیشتنی تەواو لەسەر یۆگا دەبێت سانکهیا دەرک بکەین و شارەزای جیۆتیش بین، چونکە پەیوەستیەکی زۆر توند هەیە لەنێوان زانستەکانی ڤیدادا و هەموویان تەواوکەری یەکترن.

هەوڵ دەدەم لە بەشەکانی داهاتوودا بە وردتر باس لە بابەتی یەکێتیی بوون بکەم لە ڤیداکاندا لە ڕێگەی باسکردنی سانکهیاو ڕوانینی یۆگاو ئایورڤیداوە.

# باسی سێهەم
# گرنگی زانستە ڤیداییەکان لەمڕۆدا

یەکێک لە ئاییناس و فەیلەسووفە ئیسلامیەکان بەناوی دکتۆر (علی شەریعەتی)ەوە دەڵێت:

(کاتێک لە جمهوریەتی ئەفلاتوونەوە بەرەو ڤیدا و ئوپانیشادەکان دێین خۆمان لە ئاسماندا دەبینینەوە، هەست دەکەین لە قوتابخانەیەکی سەرەتاییەوە بەرەو خولێکی گەورەی لێکۆڵینەوە لە میتافیزیقیا دەچین، و ئێستاش هەمان هەستم هەیە. کاتێک گوێ لە قسەکانی (کامۆ) و (سارتەر) دەگرم و پاشان دەچمە خزمەت وتەکانی (تاگور)[288] و (ڕاداکریشنان)[289]، وا هەست دەکەم لای قوتابیەکەوە هاتوومەتە خزمەت مامۆستایەکی گەورە)[290].

ڤیداکان بەهۆی ناوەڕۆکیانەوە بوونەتە ئاوێکی سازگار لە بیابانی ماددیەت، بوونەتە چەپکەگوڵێکی تەڕو تازە لەنێو دڕکە زەردەی مەزهەبی تەقلیدیی ئەمڕۆدا، هەر بۆیە لە هەموو جیهاندا ڕووی زانست و مەعریفەو عیرفان بەرەو هیندو ڤیداکانە. دکتۆر شەریعەتی لە یەکێک لە وتارەکانیدا لە ئێران دەڵێت: «کاتێک لە ئەوروپا دەمخوێند، لەوێ کە ماددە هۆکارێکی زۆر بەهێز بوو، دەبوو بە کاردانەوەیەکی بەهێزتر بەرپەرچی بدەمەوە، ئەوەبوو کاتەکانی خۆمم بە مەسنەوی و (شرح تعرف) و (ئوپانیشادەکان) و (نووسراوە ڤیداییەکان) پڕ دەکردەوە، بێجگە لە فەرهەنگی ئیسلامی، هیندو مەکتەبەکانی هیند یەکێک بوون لەو هۆکارانەی هێزیان پێ دەدام تا لەبەرامبەر ماددیەتی ڕووت و فەلسەفی ڕۆژئاوا بەرگری بکەم»[291]. گرنگی ئەم وتانە دەربارەی هیندو نووسراوە هیندیەکان ئەوەیە کە وتەی زاناو فەیلەسووفێکی ئیسلامین لە وڵاتێکی وەکو

٢٨٨- ڕابیندرانات تاگور یەکێکە لە هۆنەرە گەورە هیندۆسەکان کە هیندیەو هۆنراوەکانی لە هۆنراوە گەورە جیهانیەکان دەژمێردرێن.

٢٨٩- ڕاداکریشنان سەرەک کۆماری پێشووتری هیندەو یەکێکە لە فەیلەسووفە ڤیداییەکان و خاوەن چەندان کتێبی بەناوبانگە دەربارەی ڤیداو فەلسەفە ڤیداییەکان و هیندو مێژووی هیند.

٢٩٠- بڕوانە (س ٢٣، ل ٢٤٧).

٢٩١ - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥١.

ئێران و بۆ کەسانێکی ئایینداڕو خوێنگەرمی وەکو لاوو خوێندەواری ئێرانی لە ساڵەکانی پێش شۆڕشی ئیسلامی ئێران کە قسەکردن لەبارەی عیرفانی ئیسلامی و هیندی وەک تاوان قسەی لەسەر دەکرا. کەواتە بێ بایەخ نییە لێکۆڵینەوەیەکی وەها لەسەر ڤیداو زانستەکانی.

کاتێک دەکۆڵیتەوە لە تەمەنی هیندیەکان و تەندروستیان، دەبینی لە تەندروستی و تەمەنێکی درێژو بیرێکی ساف و داهێنەرانە بەرخوردارن. لەشی ساغ و تەمەنی درێژو قووڵبوونەوە بۆ ناو خود وای کردووە هیند ببێتە یەکێک لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکان لەڕووی زانست و زانیاریەوە[٢٩٢] و لەڕووی کلتووریشەوە هیندستان خاوەنی کۆنترین و کامڵترین و سەرنجڕاکێشترین کلتوورو شارستانییەتە، بۆچی؟

ڤیدا بەرەنجامی کۆششی ئەو کەسانە بووە کە ویستویانە وەک مرۆڤێکی سروشتی[٢٩٣] بژین دوور لە هەر دەستێوەردانێکی ناسروشتیانە. بەشێک لە کلتووری هیندی پێی دەوترێت (ساهاجا-Sahaja) واتە کلتوورێکی سروشتی کە پەیوەندیەکی تەواوی بە (تانتراو ڤیدا)وە هەیە. ئەم کلتوورە سروشتیە وای کردووە ڤیداکان بێنە بوون. ڤیداکانیش کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر دانیشتووانی هیند بەتایبەت و پاشانیش ئێران و چین و یابان و لەم دواییانەشدا ڕۆژئاوا بووە. ئەمڕۆ ڕۆژئاوا لەژێر فشارێکی زۆری کاریگەری فەلسەفەو زانستی پزیشکی ڤیداکاندایە، بەڵام دیسان بۆچی؟ تەکنەلۆژیا مرۆڤی سروشتی لە ناوبردوە. ئەو مرۆڤەی من مەبەستمە و لەبارەیەوە دەدوێم (مرۆڤی نەرم) ە، واتە ئەو مرۆڤەی کە بەڕاستی لەشی ماددی خۆی بەکاردەهێنێت و لەبری بیرکردنەوە بە ئامێرو تەکنەلۆژیا بە مێشک و بوونی خۆی بیر دەکاتەوەو خۆی لا گرنگترە لە دەستکەوتەکانی خۆی وەک چۆن عیسا دەڵێت (بێ ئەقڵیە کەسێک جلەکانی لە لەشی لا گرنگتر بێت).

ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ دەیبینین ئەوەیە کە مرۆڤی ڕەق[٢٩٤] هەموو ژیانی خۆی

---

٢٩٢ - هیندییەکان خاوەنی زۆرترین داهێنانن لە بواری ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای پەیوەندیدا.

٢٩٣ - مرۆڤی سروشتی لە ڤیدادا بە ساهاجاتمان (Sahajatman) ناوزەد کراوە، واتە ڕۆحی سروشتی کە مەبەست لەو مرۆڤەیە کە نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری داهێنراوەکانی دەستی خۆیەوە.

٢٩٤ - واتە ئەو مرۆڤەی کە بووەتە ئامێرێکی تەکنەلۆژی و هێز و توانای تەنها لە ڕێگەی

تەرخان کردووە بۆ گەیشتن بە ئاسوودەیی و ئارامی و خۆشبەختی. هەڵبەت گەیشتن بەم مەبەستە سەرەکیە مەبەستی هەموو کەسێکە، بەڵام ئایا ئێمە دەبێت لە چ ڕێگەیەکەوە بەو ئاواتە چەندین هەزار ساڵەیەمان بگەین؟ ئایا مرۆڤی خاوەن خود کە بە ناتەکنەلۆژی ناویان دەبەین ئاسوودەتر ژیاون یان مرۆڤی ڕەقی سەردەم؟ ئایا مرۆڤی نەرمی لادێکان باشتر دەژین یان مرۆڤی ڕەقی شارەکان لە کاتێکدا تەنانەت هەوای پاکیان تیادا دەست ناکەوێت کە یەکێک لە هەرە سەرەکیترین و سەرەتاییترین مافەکانی ژیانی ئێمەیە؟ ئایا ئەو هەموو بازرگانە گەورە دەوڵەمەندانە لەڕووی دەروونییەوە ئارامترن کە ژیانیان لەپێناو سەرمایەدا داناوە یان ئەوانەی سەرقاڵی بەدەستهێنانی سەرمایەن لەپێناوی ژیاندا؟ کێ خۆشبەختە؟ ئەوەی دەیەوێت خۆشبەختی لە ئاسن و هەڵای تەکنەلۆژیادا بدۆزێتەوە کە خۆی دروستی کردون یان ئەوانەی لە مرۆڤی نەرمدا دەیدۆزنەوە کە خودا دروستی کردووە.. ئەمانە و بە سەدان پرسیاری دیکەش کە تەنانەت ئێستا فەیلەسووفە ڕۆژئاواییەکان لە خۆیانی دەکەن وایان کردووە ئێمەی مرۆڤ دیسان ڕوو بکەینەوە ئەو ڕێگایانەی کە ئێمە دەبەنەوە سەر مەڵبەندی بوونی خۆمان، مەڵبەندێک کە سەرچاوەی هەموو ئاسوودەیی و ئارامی و خۆشبەختیەکە.

مەڵبەندی بوونی ئێمە ئەو شوێنەیە کە سەرچاوەی هەموو جۆرە خۆشیەکی هەتاهەتایی و ئاسوودەییەکی ناوەکیە. هەم ئەو شتانەی ئێمەی نیمانە لەوێ لە دەستڕەسی ئێمەدان. گەورە هۆنەری مرۆڤایەتی مەولانای ڕۆمی دەفەرموێت:

ز وصال تو خمارم سر مخلوق ندارم

چو تو را صید و شکارم چه کنم تیروکمان را [٢٩٥]

کەسێک کە بگاتە مەقسەدە ڕۆحانییەکەی ئیدی چی لەو هۆکارانە بکات کە

تەکنەلۆژیاوە لەگەڕدایە نەک لە ڕێگەی خودی خۆیەوە.

٢٩٥ - واتە لە گەیشتن بە تۆدا مەستم و تاقەتی دروستکراوەکانم نییە، چونکە تازە تۆم ڕاو کردووە چی لە تیروکەوان بکەم.

کلیات شمس تبریزی. کلیات شمس تبریزی. مولاناجلال الدین محمد بلخی. تصحیح و طبع: شادروان بدیع الزمان فروزانفر. مقدمة از: دکتر اردوان بیاتی: شادروان بدیع الزمان فروزانفر. مقدمه از: دکتر اردوان بیاتی. چاپ اول ١٣٨٠. انتشارات دوستان. غزل ١٦٢. ل ٥٢

پێی گەیشتووە. لەش و ماددەو بیر و خەیاڵ تەنها هۆکارێکن و کاتێک دێت کە مرۆڤ غەرقی مەرکەزی خۆی دەبێت.

ئەوانەی پەی بەم مەرکەزە دەبەن دەتوانن هاوسەنگی لە ژیانی ماددیدا بەدەست بێنن، هەم دەتوانن ڕۆحانی بژین و هەم دەتوانن بەشێوەیەکی زۆرباش و تەندروست لە ژیانی ماددیدا بژین. هەمووان دەتوانین بگەڕێین بە شوێن خودی ڕاستەقینەی خۆمانداو دەشتوانین باشتر بژین و ئەو مەبەستەی کە بۆی هاتووین بە ئەنجامی بگەیەنین. فێربوونی زانستە ڤیدایییەکان یارمەتیی ئێمەی مرۆڤ دەدەن لە دوودڵی و نامۆبوونی مرۆڤی ڕەق ڕزگارمان ببێت و بتوانین وەک مرۆڤێکی نەرم درێژە بەو ژیانە پیرۆزە بدەین کە هەموو شتێک تیایدا بەڕێزو بەنرخە. ئەگەر بەم شێوەیە بیر بکەینەوە[٢٩٦]، ئەوا دەتوانین سروشتێکی جوان و تازە پێشکەش بە مرۆڤ بکەین کە هەرە سەرەکیترین پێوستیەکانی ئێمەیە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت یان گەیشتن بە لەشساغی لە ژیاندا[٢٩٧].

زانستە ڤیدایییەکان بەتایبەت یۆگا و ئایورڤیدا لەم پێناوەدا یارمەتی ئێمە دەدەن تا بتوانین مرۆڤ بین و بگەینەوە ئەو مرۆڤە باڵایەی کە پێش سەدان ساڵەو بەتایبەت دوای پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا لەدەستمان داوە، بەپێی ئەو هەموو ئەزموونەی یۆگی و ئایورڤیدیکیەکانیش ئەمە کارێکی مەحاڵ نییە، بەڵکو لە توانای هەر کەسێکدایە.

هەمووان دەتوانین ببینە پزیشکی جەستەیی و ڕۆحی خۆمان بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی کە هەر لەناو خۆمانەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام ئایا بیروڕای پانتیزم (یەکێتیی بوون) کە بنچینەی ڤیداکانە چۆن یارمەتیی ئێمە دەدات لە کامڵکردنی ژیاندا. پانتیزم پێت دەڵێت ئێمە لە پەیوەندیەکی بەردەوامداین و هێندە تێکئاڵاوین کە جیاکردنەوەمان ئاستەمە و تەنانەت ئێمە یەک وەحدەتین. ئەم بڕوا زهنییە ئەگەر لە ئێمەدا پەروەردە بکرێت ئازارەکانی ژیانی ئێمە کەم

٢٩٦ - واتە بەشێوەی بیرکردنەوەی ڤیداکان کە پێمان دەڵێن ڕێز لە سروشت بگرە، چونکە ڕێگەیەکە بۆ گەیشتنی تۆ بە حەقیقەت.

٢٩٧ - گەیشتن بە حەقیقەت ئەم سەری ژیان و گەیشتن بە لەشساغی ئەوسەری ژیانە. واتە کەسانێک هەن کە تەنها بۆ گەیشتن بە حەقیقەت کاردەکەن و هەشن کەسانێک کە تەنها دەیانەوێت بگەنە لەشساغی و هیچی تر. زانستە ڤیدایییەکان و بەتایبەت یۆگا و ئایورڤیدا ڕێگەی نێوانە دەگرن.

دەکاتەوە تاڕادەی فەنابوون و لەناوچوون و ئێمە دەگەیەنێتە ئاسوودەیی. هەروەها وامان لێدەکات بە یەک چاو بڕوانینە بوونەوەرو جیاوازی نەکەین لەنێوان شتەکان و کەسەکانداو ئەم بارەش کە یۆگی و ڤیدایی و عارفە ئیسلامیەکانیش هەوڵی بۆ دەدەن وا لە مرۆڤ دەکات دووچاری پەیوەستبوون نەبێتەوەو ئەوەشی لە دەردی پەیوەستبوون ڕزگاری ببێت، ئەوا لە زۆر ئازار ڕزگاری بووە. (شری کریشنا) لە بهاگاڤادگیتادا دەڵێت: «ئەگەرچی کەسی گەیشتوو بە کەماڵ دەبینێت و دەبیستێت و لەمس دەکات و دەخوات و دەخەوێت و هەناسە دەدات و قسە دەکات، بەڵام دەزانێت کە ئەوە هەستەکانی ئەون کە بەر شتەکان دەکەون، ئەوەی خۆی ئازاد بکات لە بەندی پەیوەستبوون و هەرچی بکات بیداتە پاڵ خودا، ئەوا لە تێوەگلان پارێزراو دەبێت وەک چۆن گوڵی (لوتوس) پارێزراوە لە زیانی ئاو».

حافزی گەورە هۆنەری ئێرانیش دەڵێت:

غلام همت انم که زیر چرخ کبود
ز هرچه رنگ تعلق بژیرد ازاد است

واتە: بەندەی کەسێکم کە لەناو چەرخی ڕۆژگاردا لە ئالودەبوون بە ڕەنگی هەر پەیوەست بوونێکەوە ئازادە.

فەلسەفەی یەکێتیی بوون تەنها بیروڕایەکی ئایینی نییە، هەروەکو چۆن تەنها فەلسەفەیەکی لاهوتی ڕووت نییە کە زانایانی کەلام و مەنتق بڕوایان پێی هەبێت و کاری لەسەر بکەن، بەڵکو یەکێتیی بوون لەگەڵ ئەوەدا کە بنەمای یەک خواپەرستی پشت ئەستوور دەکات و ئێمەو ئەو بە یەک لەناو یەکدا دەخاتەڕوو، لەهەمانکاتیشدا فەلسەفەیەک و ڕاستیەکی زانستیە کە لەم دوایانەدا زانایانی فەلەک و کیمیاناسەکان بە تیۆریەکانی خۆیان ئەم فەلسەفەیەیان پشت ئەستور کرد.

خۆشبەختانە نەک هەر زانایانی فیزیک پێیان وایە بۆ تێگەیشتن لە بوون و دروستبوون بڕوابوون بەم فەلسەفەیەو کارکردن پێی دەتوانێت یارمەتیەکی زۆر گەورەی مرۆڤ بدات، بەڵکو دەروونناسە بەناوبانگەکانی ڕۆژئاوا تەنانەت

دەروونناسە موسوڵمان و مەسیحیەکانیش پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەگەر مرۆڤێک لەگەڵ یەکێتیی بوون و فەلسەفەی (هەموو شتێک یەکە)دا بژین، ئەوا زۆر لە گرێ و گۆڵە دەروونییەکان دەکرێنەوەو مرۆڤ دەتوانێت ئەو مەقامانە ببڕێ کە سەرکەوتن پیایاندا مایەی سەرفرازی و گەیشتنە بە مرۆڤی باڵا واتە سوپەرمان. لەم بارەیەشەوە پێموابێت نموونەی وەک گاندی و (بوودا و کریشناو ئیکهارت و شری ئۆرۆبیندۆ) و سەدانی دیکە لەبەردەستدایە.



**وێنەی شیڤا و شاکتی**

# باسی چوارەم
# مەبەستی ئێمە لە باسکردن و لێکۆڵینەوە
# لە زانستەکانی ڤیدا

لەگەڵ خۆشەویستی و ڕێزم بۆ هەمووان، دەستی خۆشەویستی دەنێمە سەر سنگ بۆ ئەوانەی ئەم ڕەخنانە دەیانگرێتەوە.

دەبێت کاردانەوەت چی بێت کاتێک لە نەتەوەیەک دەڕوانیت کە لەژێر لێشاوی کاریگەری ڕۆژئاوادایەو ئەو کاریگەریەش فشارێکی گەورەی دروست کردووە لەسەری! نەتەوەیەک کە سەرتاپا خۆخواردنەوە بووەو ئێستا لەپڕدا کەوتۆتە بەردەم سەیلی کرانەوەیەک کە تەنانەت خۆیشی نە ئەوەیە توانای بەرگری هەبێت و نە ئەوەیە بیەوێت بەرگری بکات و لەهەمانکاتیشدا دەزانێت کە ئەو کرانەوەیە بۆ نەتەوەیەکی وەک ئەو نابێت کە بە ئەزموون پێی نەگەیشتووەو پلە پلە بەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیەدا نەڕۆشتووەو ناشزانێت بۆچی کەوتۆتە ئەو سنورە ئاگراویەوە. ئێمە کە تا ئێستاش بڕوامان بە تفی پیرەژنێک هەیە بۆ شفای نەخۆشیەک و دەچینە سەر شەخسەکان و بەرد بە کێلی قەبرەکانەوە دەنێین بۆ چارەسەری شێتەکانمان... ئێمە کە تا ئێستاش ناتوانین ئەنفال و کیمیاباران لەبیر بەرینەوەو هەموو گیانمان پەیوەست بوونە بە ڕابردووەوە بێئەوەی هیچمان بۆ ئێستا پێ بێت و دەشمانەوێت داهاتوویەکی باش چاوەڕێمان بکات لە کاتێکدا کە نەمانتوانیوە لە مەبەستی کرانەوەمان بگەین بەرەو ڕووی ئەو هەموو مۆدێلاتەی ئەوروپا، ئەوا چۆن دەتوانین تێبگەین لە مەبەستەکانی تەکنەلۆژیاو ژیانی مرۆڤی ڕەق. وەها نەتەوەیەکی وەک نەتەوەی کوردی باشوور لە وەها بارێکدا بێگومان خاوەنی نەخۆشی و گیروگرفتی ڕۆحی و جەستەیی و دەروونی خۆیەتی و بەداخەوەش کە بەردەوام لە زیادبووندان. من دژی پێشکەوتنی ڕۆژئاوا نیم، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیبینین لە ڕۆشنبیری و کلتوورو پێشکەوتن جۆرێک لە لاساییکردنەوەی کوێرانەی ئەوروپاو ئەمریکایە نەک هیچ شتێکی دیکە و لاساییەکەشمان بەپێی بەرنامەیەک نییە.

فەلسەفە ڤیداییەکان دەتوانن ئەوە وەبیر ئێمە بێننەوە کە ئەو نەخۆشیەی دەمانەوێت چارەسەری بکەین بەهۆی نزیکبوونەوەمان لە کلتوورێکی دیکە، لەناو خۆماندایە و ئەگەر بمانەوێت بە لاساییکردنەوەی ئەوروپا چارەسەری کرانەوەو ئازادیی تاکەکەسیمان بکەین، ئەوا کارێکی ئاقڵانە ناکەین[٢٩٨]، چونکە یەکەم خودی لاساییکردنەوە کارێکی بێ سوودە و نیشانەی پێشکەوتنی ئێمە نییە. دووەمیش ئێمە لاسایی کەسانێک دەکەینەوە کە کلتووریان جیاوازە لە کلتووری ئێمە و تەنانەت وجودیشان بەهەمان شێوە، ئەوان نەتەوەی بیرو بیرکردنەوەن لە کاتێکدا ئێمە نەتەوەی سۆزو عاتیفەین و دوو ڕێگەی جیاوازیشمان هەیە. سێهەمیش وەک (ماهاریشی ماهش یۆگی) دەڵێت: «ئازادی (مەبەستی من ئازادی فەردیە) بۆ کەسێک باشە کە بزانێت چۆنی بەکاردێنێت»[٢٩٩]. کەواتە... بەڕای من کۆمەڵێک گرفت هەیە لە ئێمەداو من بەکورتی باسیان دەکەم تا بزانین بۆچی دەست دەدەینە نووسینی وەها بابەتێک و کارکردن لەسەری بەو شێوە وردە:

١. ئێمە وەک ڕۆژهەڵاتی کاریگەرین بە مەزهەب و ئەم کاریگەریەشمان لە کۆندا نیشانەیەکی باش بوو، بەڵام ئیدی ئێستا نیشانەیەکی باش نییە، لەبەرئەوەی نەمانتوانیوە مەزهەب وەک خۆی ببینین. ئێمە نەک هەر نەمانتوانیوە هەق بدەینە دینەکان، بەڵکو دینەکانمان بەشێوەیەک شێواندوە کە جیاکردنەوەی دینە سەرەتاییەکە لەو دینەی کە ئێستا ئامادەیە لامان کارێکی مەحاڵە. پاشانیش پارچەپارچەکردنی دین یەکێکە لە نەخۆشیەکانی ئێمە، ئەمە دیوێکی ئیجابی هەیە کە نیشانەی پێشکەوتنی ڕۆشنبیری ئێمەیە و دیوێکی سلبیشی هەیە کە دروستبوونی نەهامەتیە بەهۆی ئەو ڕۆشنبیرییە کەموکورتەوە. پاشانیش هەمیشە ویستومانە بە شوێن پارچەیەکی ئەو دینە لەتوپەتەدا ڕابکەین و دژی پارچەیەکی دیکە بین، دەبینی لەناو ئێمەی ڕۆژهەڵاتیدا کە دەتوانم بڵێم نزیکەی هەموو دینەکان لەناو ئێمەوە سەریان هەڵداوە بە سەدان دین هەیە

---

٢٩٨ - ئێمە نامانەوێت ئەو کارەی کردمان بۆ فەلسەفە ئەوروپییەکان بە هەمان شێوە بۆ فەلسەفە ڤیداییەکانیش دووبارەی بکەینەوەو بکەوینەوە لاساییکردنەوەی هیندییەکان، ئێمە دەتوانین جیهانبینی خۆمان بە تێگەیشتن لە شەرق و غەرب بنیات بنێین.

٢٩٩- بڕوانە ئەو سەرچاوەیەی لە پەراوێزی (٢٨)دا ئاماژەی پێدراوە، ل٣٠.

و لەوانەشە هەر دینێک سەدان مەزهەبی لێ کەوتبێتەوە، ئەم مەزهەبانە کە هەموویان باس لە سەلاحی کۆمەڵگەو خەڵک دەکەن نەیانتوانیوە کارێکی وەها بکەن خۆشەویستی بڵاوبێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە زیاتر کارێکیان کردووە کوشتن پەرەبسێنێت. بەبێ جیاوازی هەموو دینەکانی ناو ڕۆژهەڵات بەجۆرێک لە جۆرەکان ستایشی مردن دەکەن و خەڵکی هان دەدەن بۆ بڕواهێنان بەوەی کە جەستە هیچ نییەو ڕۆح هەموو شتێکەو دەبێت لەژێر ئەم فەلسەفەیەدا کوشتن ببێتە هەقی مەشروعی دوژمن.

کوشتن بووەتە یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی پیاوە دینییەکانی ئێمە بە موسوڵمان و مەسیحی و یەهودی و تەنانەت هیندۆسیشەوە، بۆچی؟ تەنها لەبەرئەوەی وەحشێک لەناو ئێمەی مرۆڤدا وجودی هەیەو دینەکان[٣٠٠] دەیانەوێت سەرکوتی بکەن و بێگومانیش هیچ کام لە دینەکان لەو کارەدا سەرکەوتوو نەبوون.

ئەو وەحشەی ناو ئێمە دەبێت ڕام بکرێت، وابزانم ئەم ڕامکردنە یەکێکە لە مەبەستەکانی هەموو ڕێگە عیرفانییەکان بە تەسەوف و یۆگاشەوە، هەربۆیە هیچ سۆفیەک یان یۆگیەکی ڕاستەقینە نابینی خەڵکی هان بدات بۆ شۆڕش و شەڕو کاولکاری. ئێمە مەزهەبمان وەک موڵکایەتی وەرگرتووەو دەڵێین ئەمە مەزهەبی منە و ئەمە مەزهەبی تۆیە، وەک چۆن دەڵێین ئەمە ژنی منەو ئەمە ژنی تۆیە یان ئەمە ماڵی منە و ئەمە ماڵی تۆیە. دەمانەوێت موڵکداری مەزهەب بین و ئەمەش خۆپەرستی ئێمەی زیاد کردووە، چونکە لە ڕاستیدا دەبێت مەزهەب خاوەنی ئێمە بێت نەک ئێمە خاوەنی خواو مەزهەب بین.

ئەو خۆپەرستیەی وەرگرتنی هەڵەی مەزهەب دروستی کردووە وای کردووە زیاتر خۆمان بخۆینەوەو کەمتر بکرێینەوە بۆ دەرەوەی خۆمان.

نەناسین و نائاشنایی ئێمە بە کلتوورو دین و مەزهەب و فەلسەفەی کەسانی دیکەی وەک وەسیحیەت و هیندۆیزم و بودیزم سەرەنجامی ئەو هۆکارەی سەرەوەیە. داخران و خۆ کڵۆمکردن بەسەر دەرەوەدا چەند ئاژاوەیەک بەرهەم دەهێنێت، یەکێک لەوان ئاژاوەی نەزانییە. هەر نەتەوەیەکیش ئەم نەزانییە تیایدا بڵاو بوویەوە، ئەوا هەموو ئاژاوەکانی دیکەش بەڕێوە دەبن و یەکەیەکە

٣٠٠ - واتە ئەو دینانەی کە خۆمان و بە تێگەیشتنی خۆمان وەریان دەگرین.

لە کاتی گونجاودا دەردەکەون و نەتەوەکە بەرەو فەوتان دەبەن وەک چۆن ئیمپراتۆریەتی فارس بەم هۆیەوە تیاچوو. لەوەش خراپتر لە هەندێک کۆمەڵگەی وەک کۆمەڵگەی کوردیدا فەخر بەو نەزانییەوە دەکرێت و بە ناوی ئیمانەوە نەزانی شەرعیەتی پێ دەدرێت. هەرگیز ئایین و عیرفان لەگەڵ نەزانیدا نین، بەڵکو ئەوان هاتوون بۆ چارەسەری نەزانی.

٢. وەک لە خاڵی پێشتردا باس کرا ئێمە بە هەڵە کاریگەرین بە مەزهەب و ئەم کاریگەریەشمان خراپ بەکارهێناوە. ئێستاو گەنجی کوردی بەهۆی لێشاوی تەکنەلۆژیاوە دەیەوێت چارەسەری ئەم نەزانییەی خۆیی و کۆمەڵگەکەی بکات (جا بەئاگا یان بێ ئاگا) تا ئەویش وەک ئەو کەسانەی کە ئەم پێیان کاریگەرە (مەبەستم جیهانی غەربە) دانا و زانا بێت[٣٠١]، بەڵام نازانێت چۆن و بۆ ئەم مەبەستە کەس نییە پێی بڵێ چی بکات و چی نەکات. ئەم مەسەلەیە دوو رووی هەیە، رووکارێکی سلبی و رووکارێکی ئیجابی، رووە ئیجابیەکە ئەوەیە کە گەنج بڕوای بە خۆی هەیەو دەیەوێت بگۆڕێت، چونکە بەئاگا یان بێ ئاگا بێزارە لەو نەزانییەی کە ئەمی داخستووە بەسەر دونیای دەرەوەدا، رووە سلبیەکەشی ئەوەیە کە چینێک یان دووان یان زیاتر لە کۆمەڵگەو لەوانەشە هەموو مێژوو کلتووری نەتەوەکە تیابچێت و ببێتە قوربانی، هەربۆیە وەک هەمیشە وتراوە کە خوێندنەوە دەرمانی هەموو ئازارەکانی ئێمەیە، بەڵام ئایا خوێندنەوە تەنها خوێندنەوەی رۆژنامە سیاسییە پڕ کێشەو کێشە خولقێنەکانە یان خوێندنەوەی گۆڤارە سێکسی و لەزەتبەخشەکان؟ ئایا خوێندنەوە تەنها خوێندنەوەی رۆمانەکانی فڵانە رۆماننووسی رۆژئاوایی یان هۆنەری فارسی یان شانۆنامەیەکی بیانییە و نمایشکردنییەتی. ئایا بەسە بۆئەوەی ئێمە بە خوێندنەوەی رۆژانەکانی فەیلەسووفە رۆژئاواییەکان و کتێبە شەرعیەکان ببینە رۆشنبیر. ئایا بەرهەمهاتنی بۆمبی ناوەکی جێدەستی وەها رۆشنبیرانێک نەبوو؟

رۆشنبیریی تەنها بە خوێندنەوەی زانستە دەرەکیەکان بەدەست نایەت،

---

٣٠١- وەک ئەوەی مۆدێلات و بازرگانی و ئەنتەرنێت و بەڕێوەبردنی جەنگەکان و سەرکەوتن لە بردنەوەی جەنگدا دانایی بێت.

چونکە ئەوە ڕوویەکی مەسەلەکەیە. لە فەلسەفەی یۆگادا کە فەلسەفەیەکی ڤیداییە یاساکانی (نیاما)[302]مان هەیە[303]. نیاما پێنج ڕێنماییە و لەناویاندا سڤادهیایا[304] چوارەم ڕێنماییە کە بە مانای (خۆخوێندنەوە) دێت. سۆفیەکان پێی دەڵێن (موتالاکردنی نەفس). خۆخوێندنەوە چەند بەشێکە:

ا. خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی بۆ خۆناسی بەسوودن نەک لەزەتبەخشن و مایەی کات بەسەربردنن، بۆ نموونە وەک دیراسەکردنی بیروڕای زاناو فەیلەسووف و کەسانی شارەزا لەڕووی زانستی پزیشکی و فیزیایی و کیمیایی و ئەستێرەناسی و هەندەسی و هتد.. کە بەداخەوە کەم گەنج دەبینی کتێبێکی فیزیا یان ئەستێرەناسی و فەلسەفە بخوێنێتەوە و سوودی هەبێت بۆ ژیانی ڕۆژانەی.

ب. خوێندنەوەی پەڕاوە پیرۆزەکانی وەک ڤیدا، ئینجیل، قورئان، گیتا، تەوارت، ئاڤێستا، جیلوەو مەسحەفی ڕەش، سەبەتەکانی بووداو هەر تێکستێکی دیکەی ئایینی کە بەها بەرزەکانت وەیاد دێننەوە و ئەو ڕێگایانەت نیشان دەدەن کە تۆ لە حەقیقەتی خۆت و ڕووناکی ناو خۆت نزیک دەکەنەوە تا ڕووناک بیتەوەو ببیتە ڕۆشنبیر[305].

ت. خوێندنەوەی خود لە ڕێگەی چاودێریکردنی خودەوە. چاودێریکردن بەو مانایەی کە ئێمە بتوانین ڕێگە عیرفانییەکان بەکار بێنین بۆ ڕۆشنبیربوون. ڕێگەگەلێک کە بە هەزاران ساڵە ئەزموون کراون و لە مەحەک دراون. چاودێریکردنی خود دەتوانێت یارمەتیی ئێمە بدات تا بزانین چین ئەو دەرمانانەی کە ئێستاو

٣٠٢- Niyama.

٣٠٣ - بڕوانە بەشی سێهەم.

٣٠٤ - Svadhyayah.

٣٠٥ - کەسانێک دەناسم خۆیان بە ڕۆشنبیر لەقەڵەم دەدەن و تاوەکو ئێستاش ناتوانن ڕێزی خێزانەکانیان بگرن و لە ژنەکانیان دەدەن یان جگەرە دەکێشن لە کاتێکدا دەزانن کە جگەرەکێشان زەرەرگەیاندنە بە لەش و دەروون و ئیرادە. ئایە ڕۆشنبیرە ئەو کەسەی کە بە دەستی خۆی ماڵی خۆی کاول دەکات و دەبێتە هۆی لەناوبردنی تەندروستیی خۆی. ئێمە دەبێت تێبگەین لەوەی کە تەنها بە خوێندنەوە یان نووسینی چەند کتێبێک نابینە ڕۆشنبیر. ڕۆشنبیر کەسێکە ئەزموونی ڕۆشنایی کردبێت و ئەو ئەزموونە بۆ ئێمە بگوێزێتەوە. هیچ کەسێکی دانا پارە ناداتە کڕینی گڵۆپێک تەنها لەبەرئەوەی گڵۆپە ئەگەر دڵنیا نەبێت لەوەی کە ئەو گڵۆپە توانای ڕووناکی هەیە. بوداو موحەممەدو عیساو سوقرات و شانکاراو کریشناو گاندی و سوهرەوەردی و مەولانا ڕۆشنبیر بوون.

لەم بارە سیاسی و کلتووری و ئایینییەدا بۆ ئێمە بەسوودن و دەتوانن کەمێک لە ئازارەکانمان کەم بکەنەوە. لە کلتووری ئێمەدا شتگەلێ جوان و شتگەلێ بێزراو هەن و نابێت ئێمە هەموو کلتووری خۆمان بەلاوە بنێین بۆ کلتوورێکی دیکەو دینێکی دیکەو فەلسەفەیەکی دیکەو ژیانێکی دیکە، تەنها پێویستمان بەوەیە تێبگەین لەوەی کە ئێمە خەریکی چین و بەئاگاییەوە کار بکەین، بەڵام دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ڕۆشنبیر کەسێکە.. یەکەم، چاک و خراپ جیا بکاتەوە، دووەم خۆی بە ئەزموون ئەو دەرکەی کردبێت نەک کەسێک پێی وتبێت، سێهەم توانای کردنی چاک و نەکردنی خراپی هەبێت لە ژیانی خۆیدا، چوارەم بتوانێت بە ڕێگەیەکی تەواو گونجاو بۆ ئەو سەردەمەو ئەو کاتە ئەو زانینە بگەیەنێت و بگوازێتەوە بۆ خەڵکی، پێنجەم ئەو زانینە تەنها زانینێکی ماددی و سنوردار نەبێت، بەڵکو زانستێکی کامڵ و تەواو بێت و لە ناسینی مرۆڤەوە هاتبێت لەڕووی جەستەیی و دەروونی و ڕۆحیەوە.

ئەم نووسینەی بەردەستت لە چەند ڕوویەکەوە یارمەتیدەری تۆیە. یەکەم تۆ بەرەو کلتوورو فەلسەفەو ڕێگەیەکی نەبیستراو دەکاتەوە. دووەم پێت دەڵێت زۆر نەخۆشی لە وجودی حەلنەکراوی ئێمەدا بە شاراوەیی هەن. سێهەمیش ڕێگەیەکت نیشان دەدات تا بتوانیت بە کرداری سوودی لێ ببینیت وەک ڕێگەی یۆگاو سانکهیاو کوندالینی و ئایورڤیدا بۆ سارێژی دەردو ئازارەکان[٣٠٦] و چوونە ناو ئارامی و شانتی دەروونیی، (شری ئۆرۆبیندو) دەڵێت: «ئەوانەی گەشتوونەتە ئارامی ناوەکی، هەمیشە تێدەگەن کە هێزە کاریگەرەکانی جیهان لە مەڵبەندی نەبڕاوی ئەو بێدەنگیەوە سەرچاوە دەگرن»[٣٠٧]. ئەو کەسانەشی

---

٣٠٦- زەحمەتە تەنها من بتوانم ئەم کارە بکەم بەبێ یارمەتیی لێکۆڵەرە ڕووناکەکان، بەڵام دەمەوێت لەجێی خۆمەوە خزمەتێک بکەم. هەروەها دڵنیاشم ئەو هەموو گرفتەی ئێمە هەروا بەئاسانی چارەسەر ناکرێن و دەبێت زۆر کێشە ڕووبەڕوومان ببێتەوەو تامی ئازارەکان بە لێوی خۆمان بکەین و لە داهاتوودا گەنج و پیرەکانمان گیرۆدەی سەدان مۆدێلی ناشرینی وەک کێشانی حەشیش و گەڕان بە شوێن عا..... بن، ئەمە سەرەڕای چەندان جۆر نەخۆشی تازەو باوی ئەوروپی و ئەمریکی، بەڵام ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ چەندانساڵی دیکە.

٣٠٧- بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

که خۆیان یۆگا دەکەن لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە باشتر بنەماکانی یۆگا دەناسن و دەتوانن وەک ئەوەی کە هەیە یۆگا بکەن نەک وەک ئەوەی کە دەبینرێت. ئەوەی کە دەبینرێت بە ئاییني ڤیداو یۆگاشەوە ئەمڕۆ تەنانەت لە هیندیش دووچاری هەندێک شێواندن بۆتەوە. ڤیدا دەڵێت گیاندارەکان پیرۆزن و نابێت ئازار بدرێن، هەروەها باسی مانگاکەی شیڤا کراوە کە مانای میهرەبانی و بەخشینی بێ داواکاریە لەلایەن شیڤاوە. لە هیندستان خەڵکانێک دەبینی بەبێ بیرکردنەوە لەم بنەما ڕۆحانیانە کاتێک کەسێک دەبینن مانگایەک سەردەبڕدرێت، دەکەونە لێدانی کەسەکە، نازانن مرۆڤیش پیرۆزە. ئەوان پێیان وایە مانگا دەرکەوتەی خودایە. ئەگەر کەسێک خودا لە خۆیدا نەدۆزێتەوە چۆن دەتوانێت لە مانگادا بیدۆزێتەوە، خۆ ئەگەر خودای لە خۆیدا دۆزیەوە، ئەوا لە هەموو شتێکی دیکەدا دەیدۆزێتەوە بێ جیاوازی لەنێوان مانگاو سەگ و باز و کۆتردا. فەلسەفەی ڤیدا پیرۆزە و هۆیەکە بۆ ئارامبوونەوەو گەیشتن بە پێگەیشتنی تەواوی ڕۆحی و لەهەمانکاتدا بەدەستهێنانی ئارامی و ئاشتی دەرەکیش. ئەم بنەمایەش لە ڤیداکاندا باسی کراوە نەک لە هیندۆیزمدا، منیش لێرەدا هەر باسم لە ڤیداکان و زانست و فەلسەفە ڤیداییەکان کردووە نەک ئاییني هیندۆیزم.

---

Shri Aurobindo ،The Life Divine،New York ،The Greystone Prees. 1949.d، .28

شری ئۆرۆبیندو یەکێکە لە گەورە عارفەکانی هیندو یۆگییەکی بەناوبانگی جیهانەو کتێبەکانی بۆ زۆر زمانی زیندووی دونیا وەرگێڕدراون. ئۆرۆبیندۆ لە ساڵی (١٩٥٠)دا گیانی سپاردووە.



# باسی پێنجەم

قاش وجود این همه صورت که بپرداخت
تا نقش ببینی و مصور بپرستی [308]

سعدی

## ڤیدا و قورئان

لێرەدا نامەوێت بەراورد بکەم لەنێوان ئەو دوو نووسراوەدا کە بێژەری هەریەکیان بانگەشەی ئەوە دەکات کە کتێبەکەی ئەو لەلایەن خوداوە نێردراوە، هەم ڕیشی و پیاوە پیرۆزە هیندۆکان پێیان وایە ڤیدا ئیلاهیەو هەم پێغەمبەری ئیسلامیش هەمان بۆچوونی هەیە کە قورئان تێکستێکی ئیلاهیەو بەتەواوی لەلایەن خوداوە نێردراوە. من دەمەوێت لەم باسەدا ئەگەرچی بەکورتیش بێت تیشکێک بخەمە سەر ئەو لێکچوونە زۆر گەورەیەی کە لەنێوان ناوەڕۆکی ئەم دوو تێکستەدا هەیە، هەم لەڕووی فەلسەفی و هەم لەڕووی عیرفانییەوە لە هەندێک بابەتی تایبەتی وەک یەکێتیی بوون و یەکێتی ئایینەکان و پەیوەندیی نێوان خوداو مرۆڤ. ئەمەش بە سوودوەرگرتن لە خوێندنەوەو ئەزموونی چەندان ساڵەی خۆم هەم وەک سۆفیەک و هەم وەک یۆگیەک.

سەرەتا بە وتەیەکی (سوامی شیڤانادا ماهاراج) دەست پێ دەکەم کە یەکێکە لە پیاوە پیرۆزەکانی هیندۆو یەکێکە لە شارەزایانی گەورەی ڤیدایی و بە مورشیدێکی بەناوبانگی یۆگا و ڤیدانتاش دەناسرێت. سوامی شیڤانادا دەربارەی کەسێتیی پیغەمبەری ئیسلام و قورئان و خودی ئیسلام چەند نووسینێکی بەپێزی هەیە کە ئەمە چەند پەرەگرافێکی کورتە لەو نووسینە، من سەرەتا بە کورتەباسێکی کەسێتیی پێغەمبەری ئیسلام دەست پێ دەکەم، سوامی شیڤانادا ماهاراج دەڵێت: «محمد بە پێغەمبەری ئیسلام ناسراوە و لە هۆزێکی بەڕێزی قورەیش لەدایک بووە لە مەککە.... ئەم پێغەمبەرە ژیانێکی زۆر سادە و هەژارانەی بەسەربردوە و دیواری خانووەکەی لە ~~قور دروستکرابوو،~~

308 - وێنەکێشی بوون ئەو هەموو وێنەی دروست کردووە تا وێنە ببینی و وێنەکێش بپەرستی.

سەقفەکەشی لە پوش و گەڵای خورما. زۆربەی جار بە تاریکی دەمایەوە لەبەر نەبوونی سووتەمەنی بۆ چراکەی، هەروەها کات هەبووە تەنانەت ئاردیشی نەبووە تاوەکو نانی لێ دروست بکات. محمد نەخوێندەوار بوو، بەڵام هەر لە تەمەنی منداڵییەوە توانایەکی باشی تێڕامانی هەبووە، کاتێک گەورەش بوو خاوەنی ناوبانگێکی باش بوو بەهۆی دەستپاکی و ڕاستگۆییەوە، محمد بەردەوام دەچووە ئەشکەوتێکەوە لە بیابانێکدا کە (٣) میل لە مەککە دوور بوو و تیایدا چەند مانگێکی بە نوێژکردن و چاودێریەوە دەگوزەراند. تا ڕۆژێک فریشتەیەک دەرکەوت بۆ پێغەمبەرو.. کاتێک محمد گەڕایەوە بۆ ماڵ پڕ بوو لە گەورەیی ئیلاهی».

هەوەها شیڤانادا دەڵێت: «ئەو زۆر بەئارامیەوە ئەشکەنجەو سوکایەتیپێکردنی کەسە بێ بەزەییەکانی وەردەگرت، بەهۆی تایبەتمەندی خۆیی و بەهۆی هێزی ئایەتەکانی قورئان دڵی خەڵکی بەند دەکرد.. ماوەیەک پێغەمبەر خزمەتی کۆیلەیەکی نەخۆشی دەکرد، کۆیلەکە ڕۆژێک پرسی، ئایا گەورەکەم تۆی ناردووە تا خزمەتم بکەیت؟ ئەویش وەڵامی دایەوە بەڵێ گەورەی هەموو گەورەکان منی ناردوە تا خزمەتی تۆ بکەم». دواتر (شیڤانادا) دەربارەی ئیسلام دەڵێت: «ئیسلام واتە ملکەچبوونی تەواو بۆ ویستەکانی خودا».

ئەمەی سەرەوە کە خوێندتەوە دەتوانین بڵێین هەمان بیروڕای شری بهاگەڤان (ئۆشۆ)یە کە دەربارەی کەسێتیی پێغەمبەری ئیسلام دەریدەبڕێت. ساتیاسای بابا و سوامی مادهاڤانادا و شری سوامی ساتیاناندا و نیرنجاناناندا[٣٠٩] و زۆرینەی ڤیداییەکانی دیکەش ڕێزێکی زۆریان بۆ ئیسلام و خودای ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام و کتێبی پیرۆزی ئیسلام هەیە کە قورئانە، لەبەرئەوەی لێکچوونێکی وەها گەورە هەیە لەنێوان ڤیداو قورئاندا کە هەندێک جار وا گومان دەبرێت چۆن موسوڵمانەکان دەتوانن ئاشرام و پەرستگەی هیندۆکان بسوتێنن

---

٣٠٩- ژنە عارفی گەورەی هیندۆس (ئاناندا مایی ما) کاتێک بەلای قەبرسانەکانی موسوڵمانەکاندا دەڕۆشت نوێژی دەکردو قورئانی بۆ دەخوێندن. ڕاماکریشنا دەڵێت جوانترین پەرستش پەرستشی موسوڵمانەکانە. ساتیاناندا دەڵێت لە زۆر جلوبەرگدا ئارامیم دیوە، بەڵام ئەو ئارامیەی لە بەرگی دەروێشانی ئیسلامیدا دیومە بێ وێنەیە.

و هیندۆکانیش دەتوانن قورئان پارچەپارچە بکەن ئەگەر تەنها یەک دێڕیش لە کتێبە پیرۆزەکانی خۆیان تێگەیشتبن. من لە خوارەوە بەکورتی و هەندێک نموونە باسی ئەوە دەکەم کە ئەو بیروڕاو خاڵە هاوبەشانە چین کە لەم دوو کتێبە نەک لەم دوو ئایینەدا هاتوون (واتە ئایینی هیندۆو ئایینی ئیسلام)، چونکە بەڕای من ئایین ڕووکاری ڕاستەقینە نییە، بەڵکو کتێبە پیرۆزەکان ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئایینن، ئایین زیاتر وەک تەفسیری تێکستەکانەو هەر کەسەش بەپێی لێکدانەوەی خۆی ئەم تەفسیرەی کردووە، هەربۆیە لەبری ئیسلامێک سەدان ئیسلام و لەبری ئایینێکی هیندۆسی هەزاران ئایینی هیندۆسی دەبینی..



تێکەڵبوون و یەکبوونی مورید و موراد لە تەسەوفدا

# باسی شەشەم

فەرموتە عەزابم هەیە ترسو لی بی
لەم گوفتە دەبی ئەوی بترسی کی بی
تۆ ڕەحمەتی لەکوی بی عەزاب بی کارە
ئەو جێیە کە بی تۆیە دەبی لەکوی بی

خەییام

## لەبارەی یەکێتیی بوونەوە

بەپێی لێکۆڵینەوە وردو چڕە مێژووییەکان یەکێتیی بوون مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیەو هەندێک دەڵێن مێژووی یەکێتیی بوون هێندەی کۆنی ئایینەو هەندێکی دیکەش پێیان وایە ئایین لە یەکێتیی بوونەوە سەری هەڵداوەو کۆمەڵێکی دیکەش پێیان وایە پاش ماوەیەکی زۆر لە دروستبوونی ئایینی یەکێتیی بوون کەوتە نێو دینەوە. بەهەرحاڵ دەبێت بزانین ئەم فەلسەفەیە لە زۆرینەی دینەکاندا پەسەندەو کراوە بە بنەمایەکی فەلسەفی و کاری لەسەر بنیات نراوە. لە هیندۆیزم زیاد لە هەموو ئایینەکانی دیکە باسی لەم فەلسەفەو ڕوانگە ڕۆحانییە گشتگیرە کردووە.

لە ئیسلامیشدا دیارترین دەرکەوتنی یەکێتیی بوون ناگەڕێتەوە بۆ سۆفیەکان وەک هەندێک لە لێکۆڵەرەوان دەیلێن، بەڵکو قورئان پڕە لەو ئایەتانەی کە باس لەو بابەتە دەکات و سۆفیەکان ئەوانە بوون کە باسیان لەو نهێنییەی ناو قورئان کردووە[٣١٠]. بەپێی ئەو خوێندنەوەو لێکۆڵینەوانەی بەندە کردوونی لەسەر ئەم بابەتە لە ئیسلامدا لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا گەشتوومەتە ڕایەکی پتەو لەو بارەیەوە کە یەکێتیی بوون لە قورئاندا پەسەندەو لە زۆر شوێندا باس کراوەو پەردەی لەسەر لابراوە، هەرچەند لەوانەیە هەندێک شێوازێکی یەکێتیی

٣١٠- بۆ شارەزابوون لەسەر بیروڕای سۆفییەکان دەربارەی یەکێتی بوون و فەلسەفەی یەکبوونی خوداو مرۆڤ یان توانەوەی مرۆڤ لەودا دەتوانیت سەرنج لەم کتێبانە بدەین:

بوون و هەندێکی تر شێوازێکی تر بە یەکێتیی بوونی قورئانی ناوبەرن، بەڵام ئەوە ڕاستیە کە خودا باسی خۆی و دەرکەوتەکانی خۆی کردووە لە مرۆڤدا. یەکێک لە ئایەتەکانی قورئان دەفەرموێت: (ولله المشرق والمغرب فاینما تولوا فثم وجه الله ان الله واسع علیم)[311]. واتە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هی خودایە و ڕوودەکەیتە کوێ خودا لەوێیە، خودا زاناو فراوانە).

لە ڕاستیدا ئێمە لە منداڵیەوە فێر کراوین کە خودا لە ئاسمانەو لەسەر کورسی عەرش چاوەڕێی ئەوەیە قیامەت بێت و دادگاییمان بکات. ئەم بیروڕایە لە بتپەرستیەک زیاتر هیچی تر نییە، چونکە ئێمە نابینایانە خۆمان شێوە بۆ خودا دروست دەکەین، بتەکانی کەعبە دەشکێنین و بتی نوێ لە جێگەیان دەتاشین.

(نیکلسۆن) لە کتێبی (تەسەوفی ئیسلامی و پەیوەندیی مرۆڤ و خودا)[312]دا باس لەوە دەکات کە لە قورئاندا خودا بە دوو شێوە باس کراوە. شێوەیەک وەک شێوەی مرۆڤە و خاوەنی کەسێتیی تایبەتی خۆیەتی و هەندێکجار بەهێزو توڕەیەو هەندێکجار بەخشندەو لێبوردەیەو هەندێکجار هیدایەتمان دەدات و هەندێکجار هیدایەتمان دەداتە دەست خۆمان و، جارجارێکیش هەڕەشە دەکات و لەوانەشە دڵگران ببێت یان پێبکەنێت.

گەر سێ کەس بوەستن چوارەمیان خودایەو گەر پێنج کەس بن شەشەمیان خودایە[313]. هەندێکجار خودا لەناو ئاگرێک و لە دارێکدا دەرکەوتووە بۆ موسا، هەندێکجاری دیکە لە هەورو هەورەبروسکەدا خۆی پیشانی موسا داوە. پێغەمبەری ئیسلام لە ئیسرادا دەچێتە لای و تەنها پەردەیەک دەمێنێتەوە لەنێوانیاندا و هەندێکجاریش لە خەودا دەیبینێ وەکو گەنجێک و ناوچەوانی ماچ دەکات.

---

٣١١- القران الکریم. سوره البقره، ایه ١١٥.

٣١٢- بڕوانە تصوف اسلامی و رابطه انسان و خدا.

رینولد ا. نیکلسون

ترجمە: دکتر محمد رضا شفیعی کدکنی ١٣٨٢.

٣١٣- ئەم دێرە ئاماژەیە بۆ یەکێک لە ئایەتەکانی قورئان کە دەفەرموێت: «ما یکون من نجوی ثلثة الا وهو رابعهم ولا خمسة الا وهو سادسهم ولا ادنی من ذلک ولا اکثر الا وهو معهم این ما کانوا» المجادلة ٧ .

روی گشادەی صنم، طاقت خلق می بری

چون پس پردە می روی، پردە صبر می دری[314]

حافز دەڵێت:

یعنی همە جا عکس رخ یار توان دید [315]

ئەمانە وەسفگەلێکی مرۆییانەن کە بە خودا دراون و لەم جۆرە وەسفانەش زۆر بەئاسانی دەدۆزیتەوە لە ڤیداکاندا کە خودا بە برەهما و ڤیشنۆو شیڤا و هەندێکجار بە پوروشا یان پاڕاماتمان و ئوشاو ئاگنی و ڤاروونا و ئیندرا ناودەبات، جارێک وەک ڕۆح و جارێک وەک کەسێتیەکی مێژوویی بەهێز وەسفی خودا دەکات، بۆ نموونە وەک کەسێتیی شیڤا، ڤیشنۆ، کریشنا، ڕاما، سیتا، هانومان و برەهما و ماروتەکان.

شێوازی دووەمی باسکردنی خودا لە قورئاندا بەشێوەی ناکەسێتی و نامرۆییە. واتە بەشێوەیەک باس کراوە کە ئەو فراوانە و لە دڵی هەمووانداپە و نزیکترە لێمانەوە لە شاڕەگی دڵی خۆمان. لێرەوە دەگەینە بڕوایەک ئەویش ئەوەیە کە کاتێک لە سیفەتەکانی خودا ورد دەبیتەوەو ئەو سیفەتانە لە خۆتدا جێبەجێ دەکەیت و لەودا دەتوێیتەوە، ئیدی من و تۆیی نامێنێت و خودا هەم دەبێتە خودا لە ئاسمان و هەم دەبێتە خودا لەسەر زەوی (هو الذي في السماء اله و في الارض اله)[316].

نموونەی ئەم نەمانی من و تۆییە واتە نەمانی پەردەیە لەنێوان (خالق و مەخلوق)دا، لەنێوان (عاشق و مەعشوق)دا ئەو ئایەتەیە کە خودا دەربارەی پێغەمبەری ئیسلام دەفەرموێت: (وما رميت اذ رميت ولكن الله رمى)[317]، واتە: تۆ نەبوویت تیرەکەت هەڵدا ئەوە خودا بوو تیرەکەی هەڵدا. لێرەدا دەبینین لەگەڵ ئەوەدا کە محمد (د.خ) تیرەکەی هاویشت، بەڵام خودا دەڵێت من بووم. کوا پێغەمبەر، کوا خودا...؟

---

٣١٤- ڕووی خۆت پیشان دە ئەی بتەکەم، ئارامی دروستکراوەکان دەبەیت، کاتێکیش دەچیتە پشتی پەردەوە پەردەی خۆڕاگرییمان دەدڕێنی. ئەم هۆنراوەیەی سەعدی ژمارە (٥٥٢)ی کلیاتی سەعدیە، کە بهاءالدين خرمشاهی ڕێکی خستووە. لاپەڕە ٥٦٣.

٣١٥- واتە دەتوانرێت لە هەموو شوێنێک وێنەی ڕووی یار ببینرێت.

٣١٦-- زخرف ٨٤

٣١٧- انفال ١٧

له حەدیسێکی قودسیدا خودا دەفەرموێت: (وانه لیتقرب الی بالنافله حتی احبه، فاذا احببه کنت اذا سمعه الذی یسمع به و بصره الذی یبصربه و لسانه الذی ینطق به و یده التی یبطش بها...)
واتە: کاتێک کەسێک بە نافیلەکان[318] لێم نزیک دەبێتەوە خۆشم دەوێت و کاتێکیش خۆشم ویست دەبمە گوێی کە پێی دەبیستێ و دەبمە چاوی کە پێی دەبینێ و دەبمە زمانی کە پێی دەدوێ و دەبمە دەستی کە خۆی پێ تێر دەکات.

کاتێک سەرنج لە ناوەکانی خودا دەدەیت لە قورئاندا دەبینی وەک چۆن لە (بهاگاڤادگیتا)دا هاتووە کە (من سەرەتاو کۆتاییم) ئاوەهاش لە قورئاندا وتراوە (هو الاول والاخر و الظاهر و الباطن و هو بکل شیء علیم)[319]. لێرەدا دەبینیت دوو جۆر سیفەت لەپاڵ یەکتردا کۆکراونەتەوە کە تایبەتمەندییە دژبەیەکەکانن، ئەم تایبەتمەندیانە لە بیری مرۆڤدا ناگونجێن و دەلالەت لە شتێکی هەرە باڵا دەکەن کە کۆکەرەوەی دژەکانەو ئەمیش تەنها سیفەتێکە کە خودای پێ دەناسرێت. ئەم شێوە باسکردنە لە تاوی لاوتزۆ و تری پیتاکای بوودا و ماهایانای بوودایشدا هاتووە.

خودا لە قورئاندا بە فراوان و بێ سنوور باسی کراوە، دەفەرموێت: (ان ربکم احاط بالناس)[320]. هەروەها دەفەرموێت: (وکان الله بکل شیء محیطا)[321]. خودای قورئان خودایەکە لەناو مرۆڤدا خۆی دەردەخات و تەجەللی دەکات، ئەو (الظاهر والباطن)ە واتە دەرکەوتەو شاراوەشە. بڕوانە چیرۆکی میتۆلۆژی و سومبولێکی موسا لە قورئاندا، دەبینی هەردوو سیفەتەکەی خودای تیادا باس کراوە. لەلایەک خودا لە درەختەکەدا بۆ موسا دەردەکەوێت و دەفەرموێت: (وانی انا ربک فاخلع نعلیک انک بالوادی المقدس طوی)[322]، دەنگێک لە درەختەکەوە هات و وتی: «.. من خودای تۆم و نەعلەکانت داکەنەو تۆ لە

۳۱۸-- نافیلە واتە ئەو شتانەن کە فەرز نین، بەڵام خوا پێی خۆشە بیانکەیت و تایبەتە بەو کەسانەی کە دەیانەوێت خێراتر لە خواوەند نزیک ببنەوە.
۳۱۹- واتە ئەو سەرەتاو کۆتاییە، ئەو دەرکەوتەو شاراوەیە و بە هەموو شتێک زانایە. الحدید ۳.
۳۲۰- خودا دەوری خەڵکی گرتووە، خودا بە دەوری خەڵکەوەیە. الاسراء ٦.
۳۲۱- خودا دەوری هەموو شتێکی داوە. النساء ١٢٦.
۳۲۲- القران. طه. ١٢.

وادی پیرۆزدایت». لێرەدا خودا لە درەختێکەوە تەجەللی دەکات. لەلایەکی دیکەشەوە کاتێک موسا داوا لە خودا دەکات و دەڵێت: (رب ارنی انظر الیک)[٣٢٣]، خودا پێی دەفەرموێت: (لن ترانی)[٣٢٤]. خودا خۆی پیشانی موسا نەدا تا پێی بڵێت کە من بینراو نیم و جەستەی ماددیم نییە تا بتوانن بەهۆیەوە من ببینن و کۆمەڵێکیشی لە یەهودیەکان سزا دا لەسەر ئەوەی داوایان دەکرد ئەو ببینن.

دیسان دەمەوێت بڵێم خوداو مرۆڤی بە خودا گەیشتوو یان لە خودادا تواوەیەکن و ویست و بوونیان دەبێتە یەک ویست و بوون، هەربۆیە خودا دەفەرموێت: (ولقد کرمنا بنی ادم وحملنهم فی البر والبحر)[٣٢٥]. وەها مرۆڤێک کە خودا لە ڕۆحی خۆی کرد بە بەریداو ڕێیدا هەموو فریشتەکان کڕنوشی بۆ بەرن (واذ قلنا للملئکه اسجدو الادم..)[٣٢٦] مرۆڤێک کە خودا پێی وتووە (یابن ادم خلقت الاشیاو لاجلک و خلقتک لاجلی)[٣٢٧]، واتە: ئەی نەوەی ئادەم هەموو شتەکانم لەبەر تۆ دروست کردووەو تۆشم لەبەر خۆم دروست کردووە، چونکە لە مرۆڤدا خودا دەبینرێتەوە. (وفی انفسکم افلا تبصرون).

قورئان بڕوای وایە مرۆڤ دەرکەوتەی خودایە لەسەر زەوی و خەلیفەو جێنشینی ئەوە (انی جاعل فی الارض خلیفه).

خودا لە بەهەشتدا بە خەڵکی دەفەرموێت: (من الحی القیوم الذی لایموت الی الحی القیوم الذی لا یموت، اما بعد، فانی اقول للشیء کن فیکون، وقد جعلتک تقول للشیء کن فیکون)[٣٢٨]

واتە: لە نەمری ڕاگیرەوە بۆ نەمری ڕاگیر، بە هەر شتێک بڵێم ببە، دەبێت، وام لە تۆش کردووە بە هەر شتێک بڵێی ببە، دەبێت.

عەلی کوڕی مامی پێغەمبەری ئیسلام دەفەرموێت: (من زانینی خودام، من

---

٣٢٣- الاعراف ١٤٣. خودایە خۆتم پیشان بدە.

٣٢٤- تۆ نامبینی، یاخود ناتوانی بمبینی. هەمان سورەت و ئایەتی پێشوو.

٣٢٥- الاسراء ٧٠. واتە ڕێزمان لە مرۆڤ گرت و لە وشکانی و تەڕیدا زاڵمان کرد.

٣٢٦- طه ١١٦. بە فریشتەکانمان وت کڕنووش بەرن بۆ ئادەم.

٣٢٧- ئەمە حەدیسێکی قودسییە. بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:
شرح چهل حدیث. امام خمینی. ضاث یازدهم. مؤسسهء تنظیم و نشر اثار امام خمینی. ل ٤٦

٣٢٨- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٤٧.

دڵی بەئاگای خودام، و زمانی بگۆی خودام و چاوی خودام و لەشی خودام و دەستی خودام)[329].

پێغەمبەری ئیسلام دەڵێت: (ما رایت شیئا الا ورایت الله معه و فیه و قبله و بعده)[330]، واتە هیچ شتێکم نەبینیوە مەگەر ئەوەی خودام بینیوە لەگەڵیداو تیایداو لە پێش و لەدوایدا. جەنابی (نەصیری توسی) بەوردی لە لێکدانەوەی ئەم حەدیسەدا باس لەوە دەکات کە ئەگەر سالک غەرق بوو لە هەقدا ئەوکات دەبینێت کە هەموو هێزەکان غەرقی (هەق)ن و هەموو داناییەکان غەرقی (هەق)ن و... بەمەش سالک دەبێتە گوێ و چاوو دەمی خودا و ڕەوشتی ڕەوشتی خودا دەبێت (پس عارف متخلق به اخلاق الله می شود).

هەروەها پێغەمبەری ئیسلام دەفەرموێت: (عرفت ربی بربی)، واتە: خودام بە خودا ناسی. ئەوەی خودای ناسی هەر خودا بوو، ئەوەشی ناسرا هەر خودا بوو، چونکە بێجگە لەو کەس بوونی نییە.

ئیبن عەرەبی دەڵێت:

عرفت الرب بالرب     بلا نقص و لا عیب
فذاته ذاته حق     بلا شک و لا ریب

دیسان دەگەڕێمەوە سەر چیرۆکی هێمائامێزی موسا. لە سورەتی ئەشکەوتدا (الکهف)دا پێغەمبەر موسا کەسێک بەناوی (خضر) دەبینێت کە یەکێکە لە پیاوە پیرۆزەکان و گەشتووەتە (لقاو)ی خوداو یەکبوون لەگەڵیداو زانستی (من لدن)ی فێر کراوە کە هەمان مەعریفەی ئیلاهی (جنانا)ی هیندۆسەکانە. پاش هاوڕێیەتیکردنی خزرو ئەنجامدانی سێ کاری سەرسورهێنەر لەلایەن خزرەوە، موسا دەربارەی ئەو کارانە پرسیاری لێ دەکات کە خزر کردوویەتی و لەسەروو تێگەیشتنی موساوە بوون. خزر سێ وەڵام دەداتەوە کە وەڵامی سێ پرسیارەکەن. لە وەڵامی یەکەمدا دەڵێت: (فاردت)[331] واتە: ویستم ئەو کارە بکەم.. لە وەڵامی دووەمدا دەڵێت (فاردنا)[332] واتە: ویستمان ئەو کارە بکەین..

---

٣٢٩- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٥٩٦.
٣٣٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٣٣١- کهف ٧٩
٣٣٢- کهف ٨١.

و له وەڵامی سێهەمدا دەڵێت: (فاراد ربک)[٣٣٣] واتە: خواکەت ویستی ئەو کارە بکەین، ئەمە لە کاتێکدایە کە هەر سێ کارەکە خزر ئەنجامی دەدات. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە یەک ئیرادەیە، هەم ئیرادەی خوداو هەم ئیرادەی مرۆڤ دەرکەوتەی یەک ئیرادەو ویستن، هەر بۆیە لە هەندێک شوێنی قورئاندا خودا بۆ دروستکردنی مرۆڤ دەفەرموێت: (ولقد خلقنا) واتە: ئێمە دروستمان کرد، یاخود (انا انزلنا) واتە: ئێمە ناردمانە خوارەوە. ئەم سیغەیەش سیغەی کۆیە کە خودا قسەی پێ دەکات[٣٣٤].

هیچ ئیرادەیەک نییە لەسەروو ئیرادەی خوداوە، تەنانەت هیچ ئیرادەیەک نییە بێجگە لە ئیرادەی خودا. ئەگەر ئێمە وەها بیر بکەینەوە مانای وایە کاتێک کەسێک گوناهێک دەکات ئەوا گوناهەکە خودا پێی کردووە، چونکە بێجگە لە خودا کەس ئیرادەی نییەو وەک خۆی دەفەرموێت: (یعذب من یشاء و یغفر لمن یشاء)[٣٣٥] یان دەفەرموێت: (یغفر لمن یشاء و یعذب من یشاء)[٣٣٦] واتە: خۆی دەتوانێت سزای کێ بدات و لە کێ خۆش ببێت. هەروەها بە ڕاشکاوانە دەڵێت (وما تشاؤن الا ان یشاء الله رب العالمین)[٣٣٧] واتە: ئێوە ناتوانن ویستی هیچ شتێک بکەن تا خودا ویستی نەکات، کەواتە خودا ویستی خراپەی کردووە.

لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت (یریدون ان یفرقوا بین الله ورسله)[٣٣٨] واتە: دەیانەوێت جیاوازی بکەن لەنێوان خوداو پێغەمبەرەکانیدا. لێرەدا وشەی (یریدون) دەبینی کە مانای وایە کافرو مونافیقەکان دەیانەوێت ئەو کارە بکەن. هەروەها لە ئایەتێکی دیکەدا بەهەمان شێوە کارەکان و ویستەکان دەداتەوە دەست مرۆڤ و دەفەرموێت: (ان احسنتم احسنتم لانفسکم وان اساتم فلها)[٣٣٩]

---

٣٣٣- کهف ٨٢

٣٣٤- لە دروستکردنی مرۆڤدا دایک و باوک و خاک و ئاووهەوا و گەرمی و خۆراک و هێز و ڕۆح و ئاگایی بەشداری دەکەن، خودا بە هەموو ئەمانە دەڵێت ئێمە.

٣٣٥- المائده ٣٩.

٣٣٦- طه ١١٦. بە فریشتەکانمان وت کڕنووش بەرن بۆ ئادەم.

٣٣٧ - التکویر ٢٩.

٣٣٨- النساء ١٥٠.

٣٣٩- الاسراء ٧.

واتە: ئەگەر چاکەتان کرد بۆ خۆتانەو خراپەشتان کرد هەر بۆ خۆتانە، کەواتە مرۆڤە کە خراپە دەکات و ئەو ئیرادەی بەسەر ئیشەکانی خۆیدا هەیە.

ئایەتی سێهەم هەیە کە نیوەی کارەکە دەداتە دەست مرۆڤ و نیوەی دەداتە دەست خودا و دەفەرموێت (ما اصابک من حسنه فمن الله وما اصابک من سیئه فمن نفسک)[٣٤٠] واتە: ئەوەی چاکەت پێگەیشت لە خوداوەیەو ئەگەر خراپەشت پێگەیشت لە خۆتەوەیە.

لە کۆی ئەم ئایەتانە تێدەگەین کە خودا ستەم لە کەس ناکات، بەڵکو ئیرادەو ویستی خودا هەمان ئیرادەو ویستە کە ئێمە بەکاری دەهێنین و ئێمە خەلیفەی ویستی خوداین لەسەر زەوی و ئەو لە ئێمەوە کار دەکات و زەوی لە ڕێگەی ئێمەوە ئاوەدان دەکاتەوە.

کاتێک ئێمە جیهانی (مەحسوسات) و پاشان جیهانی (میسال)مان بەجێهێشت و گەیشتینە دونیای (معقول) یان (عالەمی ئەقڵ)و ئەو عالەمەی کە ڕۆح تیایدا موجەڕڕەدە وەک فەیلەسووفانی ئیسلامی دەڵێن، ئەوکات دەگەینە ئەو ئەزموونەی کە بزانین خودا لە هەموو شوێنێک وجودی هەیە بەتایبەت لە دڵی خۆماندا، دڵی ئێمە هیچ نییە جگە لە جلوەگای خودا وەک خۆی دەفەرموێت: (لا یسعنی ارضی و لا سمائی، بل یسعنی قلب عبدی المؤمن)[٣٤١].

لێرەدا دەمەوێت نموونەیەکی زۆر ڕوو و ئاشکراو گەورەو پڕ ماناو دڵبزوێن و ئەقڵپەرێشانکەر بێنمەوە کە غەوسیەی حەزرەتی گەیلانییە.

قوتبی زەمان حەزرەتی شێخ عبدالقادری گەیلانی لە غەوسیەدا کە لە ڕێگەی کەشفی باتنی و ئیلهامی قەلبیەوە بۆی هاتووە دەفەرموێت: (سوپاس بۆ خودای لابەری خەم، سەڵات و سەلام لەسەر باشترین دروستکراوی، غەوسی گەورەی تۆقیو لە غەیری خودای خوگر بە خوداوە، گوتی.. خودا گوتی ئەی غەوسی گەورە، وتم بەڵێ ئەی خودای غەوس، گوتی.. لە هیچ شتێکدا دەرنەکەوتووم هێندەی دەرکەوتنم لە مرۆڤدا.

پاشان پرسیم ئەی خودایە جێگەت هەیە. پێی وتم ئەی غەوسی گەورە من دروستکاری شوێنم خۆم شوێنم نییە.

---

٣٤٠- نساء ٧٩.

٣٤١- ال عمران ١٢٩.

پاشان پرسیم خواردن و خواردنەوەت هەیە، پێی وتم ئەی غەوسی گەورە خواردن و خواردنەوەی هەژار خواردن و خواردنەوەمە.
پاشان پرسیم ئەی خودایە فریشتەت لە چیی دروست کردووە؟ فەرمووی ئەی غەوسی گەورە فریشتەم لە نوری مرۆڤ و مرۆڤم لە نوری خۆم دروست کردووە.
پاشان پێی وتم ئەی غەوسی گەورە مرۆڤ نهێنیی منەو منیش نهێنیی مرۆڤم)[342].

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت بۆچی خودا دەفەرموێت مرۆڤ ئازارم دەدات کە دەڵێت ئاخ ڕۆژگار !! ئاخ ڕۆژگار، من ڕۆژگارم (یؤذینی ابن ادم بسب الدهر، وانا الدهر)[343].

گرنگی باسەکە لێرەوە دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە خاوەنی زەوین. دەبێت ئەوە بزانین مرۆڤ خاوەنی ڕێزێکی بێ پایانەو ئەو (گشتە)، هەر بۆیە وتراوە (وفیک انطوی العالم الاکبر) واتە: هەموو جیهان لە تۆدایە. ئەمە گەورەترین خاڵی هاوبەشی نێوان قورئان و ڤیدایە کە تەمەنیان جیاوازیی هەزاران ساڵی هەیەو ڤیدا بە کۆنترین تێکستی ئایینی و فەلسەفی و قورئان بە تازەترین تێکستی ئایینی ئاسمانی دەناسرێت، بەڵام هەڵگری هەمان بیروڕان دەربارەی خوداو گەورەیی و ئیرادەی ئەو لەنێو ناخی مرۆڤدا و هەموویان کەینونیەتی ئێمە ئاشکرا دەکەن.

زانستە ڤیداییەکان لەپێناو پاراستنی کەینونیەت و پیرۆزی و گەیشتنن بەو کەماڵەی کە مرۆڤ تیایدا لەدایک دەبێت و بەبێ ئاگاییەوە لێی دەمرێت. هەموو هەوڵی عارفانی وەکو (سوهرەوەردی و غەزالی و حەللاج و ئیبن عرەبی و مەولاناو و شەمسی تەبریزی و ئیبن سینا و مەلا صەدرا) و چەندان عارف و فەیلەسووفی دیکەش لەپێناو ئەوەدا بووە ئەو پیرۆزی و گەورەییەی ناخی خۆمان وەبیر بهێننەوەو ئەوەش بە ئێمە بڵێن کە خودا لە هەموو جێیەک هەیەو سروشت دەرکەوتەی خودایە وەک چۆن لە دارێکدا خودا بۆ موسا دەرکەوت.

٣٤٢- بروانە (س ٨، ل ٣-٥).
٣٤٣- وحده الوجود من الغزالی الی ابن عربی. تالیف: الدکتور محمد الراشد. الاوائل ٢٠٠٦، ل ٦٦

# باسی حەوتەم

تو پادشاه و من از بندگان درگاهم
به غیر از تو ز تو چیزی دیگر نمی خواهم
(حسین مەنصوری حەللاج –٤٥١)

## پەیوەندیی نێوان خودا و مرۆڤ

حەقیقەت دەرکەوتەی یەک شتە، ئەویش دەرکەوتەی خۆیەتی کە جارێک وەک خوداو جارێک وەک مرۆڤ دەردەکەوێت. واتە جارێک وەک جیهانی گەورەو جارێک وەک جیهانی بچووک دەردەکەوێت، خوداو مرۆڤ هەر هەمان ئاگایین لە دوو وێنەی جیاوازدا، بەڵام خودا بەبێ سنوری و ڕەهایی، و مرۆڤ لەم چوارچێوە ماددیەدا کە ئەگەر دەرچوو لێی ئەوا ئەمیش دەگاتە ڕەهایی و بێ سنوری. قورئان چەند شێوازێکی پەرستشی داناوە تا خەڵکی پەیڕەوی لێ بکەن و بتوانن بەهۆی ئەوانەو چەند ڕاهێنانێکی ڕۆحی تایبەتەوە کە تەنها لە پێغەمبەر وەرگیراون مرۆڤ بتوانێت بگاتە حەقیقەت و یەقین. خودا دەفەرموێت: (واعبد ربک حتی یاتیک الیقین) واتە: خودا بپەرستە هەتا دەگەیتە یەقین و ئەم یەقینەش ئەوەیە کە خودا لە هەموو جێیەک هەیە (لا تحزن ان الله معنا).

لە ڕاستیدا مەبەستی ئەم عیبادەتە دەگۆڕێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە. هەندێک لە ترسدا خودا دەپەرستن هەروەک چۆن هەندێک لە هیندۆسەکانیش هەمان بۆچوونیان هەیە کە ئەگەر خودا پەرستش نەکەیت، ئەوا لە ڕێگە (کارما)وە بەردەوام دێیتەوە ژیان و ژیانیش پڕە لە ئازارو کەواتە ئازار بەردەوام دەبێت. جۆری دووەمی پەرستن، پەرستنە لەپێناوی تەماعدا، واتە بۆ بەهەشت یان بۆ ئازارنەچەشتن و ئەم دوو جۆرەش بە (واعبدوا الله خوفا و طمعا) لە قورئاندا باسی کراوە. جۆری سێهەمیش کە حەزرەتی (شێخ عبدالقادری گەیلانی) بە تەنها شێوازی ڕاستی پەرستنی دەزانێت تەنها لەپێناو خودادایە. یەکێک لە ئیمامەکانی ئەهلی شیعە دەفەرموێت: (العباده ثلاثه. قوم عبدوا الله

عزوجل خوفا، فتلك عباده العبيد، و قوم عبدوا الله تبارك وتعالى طلب ثواب، فتلك عباده الاجراو، و قوم عبدوا الله عزوجل حبا له، فتلك عباده الاحرار، وهى افضل العباده)[٣٤٤].

واتە: (پەرستش سێ جۆرە، هەندێک خودای گەورە دەپەرستن لە ترسا، ئەمە پەرستشی بەندەکانە. هەندێکی دیکە خودای گەورە دەپەرستن بۆ پاداشت، ئەمە پەرستشی لەزەتخوازانە. و هەندێک خودای گەورە دەپەرستن لە خۆشەویستیدا، ئەمە پەرستشی ئازادەکانە و باشترین پەرستشە).

پەرستشی ئازادەکان ئەو پەرستشەیە کە بۆ ڕاگرتنی مرۆڤە لە هاوسەنگی و کامڵیدا نەک بۆ بەدەستهێنانی بەهەشت یان لە ترسی دۆزەخ.

کاتێک مرۆڤ خودای خۆش دەوێت، کەواتە دەبێت عاشقی مرۆڤیش بێت و سوکایەتی پێ نەکات. لە (اصول کافی)دا هاتووە (حرمه النبی و المؤمن اعظم من حرمه البیت) واتە: ڕێزی پێغەمبەرو باوەڕداران لە ڕێزو گەورەیی کەعبە زیاترە. پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خودا پەیوەندیەکی عاشقانەیە، کاتێکیش دوو عاشق و مەعشوق هەموو ئاگاییان لە یەکدا دەتوێتەوە ئەوکات سنور نامێنێت و دەگەن بە یەکتر (فمن کان یرجوا لقاو ربه فلیعمل عملا صالحا ولا یشرک بعباد ربه احدا) (کهف ١١٠). واتە ئەوەی (لقاو) واتە ژووان و یەکگرتنی دەوێت لەگەڵ خودا کاری چاک بکات و دووانەیی بۆ خودا دانەنێت لە پەرستشدا. گەر ئێمە لە ڕێگەی کاری چاکەوە ڕێزی مرۆڤ نەگرین کە دەرکەوتەی خودایە چۆن دەتوانین ڕێزی خودای پەنهان بگرین و پاشانیش ئەگەر بڕوامان بە نادووانێتی نەبێت ناتوانین بگەینە تاقانەیی خودا.

نەمانی سنور واتە نەمانی نەزانی. کەواتە وەک شەهیدی گەورە (حسەینی کوڕی عەلی کوڕی مامی پێغەمبەری ئیسلام) دەڵێت: (یاایها الناس ان الله عزوجل ذکره ماخلق العباد الا لیعرفوه)[٣٤٥]. واتە: ئەی خەڵکینە خودا فەرمویەتی بەندەکانی دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوەنە بێ کە بیناسن).

کەواتە پەیوەندیی نێوان خوداو مرۆڤ لەگەڵ ئەوەدا کە لەسەر بنەمای خۆشەویستیە، بەڵام بنەمایەکی مەعریفیشی هەیەو بەڕەهابوونی سنورەکانی

---

٣٤٤- وسائل الشیعە، مجلد١، ص ٤٥. هەروەها اصول کافی، مجلد ٣، ل ١٣١

٣٤٥- چهل حدیث. لاپەڕە (٣٤).

مەعریفەی مرۆڤیش کۆتایی پێ دێت، گەیشتنیش بەم مەعریفەیە بەبێ کردارێک کە تەنها لەپێناو خودی خودادا بێت نەگونجاوە. هەر سێ ڕێگەی خۆشەویستی و زانین و کار ئەو سێ ڕێگەیەن کە لە بهاگاڤادگیتادا باس کراون و بە (بهاکتی یۆگا) و (جنانە یۆگا)و (کارما یۆگا) ناوزەد کراون و لە بەشی یۆگادا باسیان دەکەین، بەڵام خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە لای هەندێک لە عارفانی ئیسلامی ئەگەر هەموویان نەبن، دونیا بوونی نییەو فیراق بوونی نییەو گەیشتن بە خودا بوونی نییە.

حافزی شیرازی لە شاکارێکیدا دەڵێت:

سالها دل طلب جام جم از ما می کرد
وانچە خود داشت ز بیگانە تمنا می کرد
بیدلی در همە احوال خدا با او بود
او نمیدیدش و از دور خدایا می کرد[٣٤٦]

ڤیداکان بەهەمان شێوە کۆمەڵێک ئەرکیان لەسەر شانی مرۆڤ داناوە تا مرۆڤ بتوانێت لە ڕێگەی ئەنجامدانیانەوە وردەوردە هاوسەنگی لەدەستچوو بۆ خۆی بگەڕێنێتەوەو لەو ڕێگەیەوە بگاتەوە مەعریفەی ڕۆحانی و بگاتەوە حەقیقەتی ڕەهاو جارێکی دیکە خۆی بناسێتەوەو لە نەزانی و وەهم ڕزگاری ببێت و کۆتایی ئەم ڕزگاربوونەش گەیشتنە بە خودی حەقیقەت لە ناوەوەو دەرەوەی مرۆڤ و سروشت.

بێگومان بە بیروڕای ڤیداو قورئانیش ئەوەی لە دژی ئەم ڕێنماییانە بجووڵێتەوە یان بێ ڕێزی بکات بە حەقیقەت لەناو مرۆڤ و دەرەوەی مرۆڤدا، ئەوا ناگاتە حەقیقەت[٣٤٧] و زیاترو زیاتر ئالودەی وەهم دەبێت. قورئان دەفەرموێت (ونفس وما سواها، فالهمها فجورها وتقوها)[٣٤٨] و پاشانیش دەفەرموێت (قد افلح من زکها)[٣٤٩]. کاتێک مرۆڤ دەگاتە تەزکیە و پاکبوونەوە کە بەتەواوی تێبگات لە

٣٤٦- سالآنێک دڵ داوای جامی جەمی لە ئێمە دەکرد، ئەوەی خۆی هەیبوو لە بێگانەی داوا دەکرد، بێ دڵێک لە هەموو بارەکاندا خودای لەگەڵ بوو کەچی نەیدەبینی و هەر هاواری خودای بوو.

٣٤٧- ئەمە بەو مانایە نییە کە هەرگیز ناگاتە حەقیقەت، چونکە دانایانی ڤیدا پێیان وایە کە هەمووان بمانەوێت و نەمانەوێت دەگەینە حەقیقەت، بەڵام لەم نێوەندەدا کات حوکمڕانە.

٣٤٨- الشمس ٧-٨. سوێند بە نەفس کە خاوەنی دەرچوون و گوێڕایەڵییەکانی خۆیەتی.

٣٤٩- الشمس ٩. واتە ڕزگاری بوو ئەو کەسەی پاکبوویەوە.

ڕێزی بوون و گەیشتبێتە ئەو هاوسەنگیە لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەو ڕێنماییانەوە کە باس کراون. هەر کەس لە چاک چاک و لە خراپ خراپ دەچێنێتەوە.

یار من باش انکه با ما روزی یاری داشتی
امدی رفتی و گویی کاری با ما داشتی
پیر ما امد اشارت داد بی جاه و زمان
تو خدایی، نور او را از ازل تو داشتی[٣٥٠]

---

٣٥٠- ئەم دوو دێڕ هۆنراوەیە بەشێکە لەو هۆنراوەیەی کە لە (٢٠٠٨/٩/١٢) نووسیومە لەژێر ناوی (یار من باش).

# باسی هەشتەم

هر در که زدم صاحب ان خانه تویی تو
هرجا که شدم پرتوی کاشانه تویی تو

حافزی شیرازی

## دەربارەی دینەکان

لە ڕیگ ڤیدادا هاتووە (حەقیقەت یەکێکە، بەڵام بەزۆر شێواز دەربڕاوە). هەر دەربڕینێک واتە دینێک لە دینەکان و بینینێک لە بینینەکان و دەرکێک لە دەرکەکان. بەپێی بیروڕای ڤیداو یۆگا دەشێ کەسێک ببێتە پێغەمبەر، وە دەشێ هەر پێغەمبەرێک لە خوداوە ئیلهام وەربگرێت، بەڵام کاتێک وەحی هات، ئەوا ئەو ئیلهامە بە زمانی گفتوگۆی ئەو پێغەمبەرەو لەژێر کاریگەریی کلتووری ئەو پێغەمبەرەدا بێت ئەگەرچی بە ڕووکار وا دیار بێت کە ئەو پێغەمبەرە ویستبێتی ئەو کلتوورە بگۆڕێت.

حافز دەڵێت:

در بتکده رهبانم و در صومعه زاهد
گه معتکف دیرم و گه ساکن مسجد

واتە لە بتخانەدا ڕەهبانم و لە خانەقادا زاهید، جارێک خەڵوەتچی دێرم و جارێک نیشتەجێی مزگەوت[٣٥١].

قورئان کتێبێکی ئاسمانییە کە باسی لە هەریەک لە پێغەمبەرەکانی دیکە کردووەو بە کەسانی هۆشیارو ڕووناک ناوی بردوون، یەکێک لە بناغەکانی بڕوای ئیماندار لە ئیسلامدا ئەوەیە کە موسوڵمان بڕوای بە هەموو پێغەمبەرەکان هەبێت بەبێ جیاوازی (ئاگاداری ئەم ڕستەیە بە (بەبێ جیاوازی). یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی قورئان ئەوەیە کە هەروەکو ڤیدا ڕێدەدات هەرکەسەو بە بڕوای خۆی و تێگەیشتنی خۆی ئایینی خۆی دەستنیشان بکات و ڕێگەی داوە

---

٣٥١- ئەم دێڕە هۆنراوەیە باس لە خودی مرۆڤ دەکات کە لەسەر ڕێگەی جیاواز پەرستشی خودا دەکات، جارێک بتپەرستی بتخانەیەو جارێک زاهیدی گۆشەگیرەو جارێک موغی زەردەشتی دێرێکەو جارێکیش نیشتەجێی مزگەوتە. ئەمانە هەموو بەرەو خودا دەڕۆن و دێن.

هەمووان پێکەوە مومارەسەی ئایینی خۆیان بکەن بەبێئەوەی هیچ ئایینزایەک بۆی هەبێت دەست بخاتە ئیشوکاری ئایینێکی دیکەوە. خودا دەفەرموێت (تسبح له السموات السبع و الارض و من فیهن وان من شیء الا یسبح بحمده ولکن لاتفقهون تسبیحهم انه کان حلیما غفورا)[٣٥٢]، واتە: (حەوت ئاسمانەکەو زەوی و ئەوەی لەناویاندان تەسبیحاتی خودا دەکەن و هیچ شتێک نییە خودا بە گەورە ڕانەگرێت، بەڵام ئێوە تێیان ناگەن). ئەمە مانای وایە هەر شتێک لە شتەکان ئەم کارە دەکەن و خودای خۆیان دەپەرستن و ئیدی ئێمە چۆن دەتوانین بڵێین تەنها ئێمە بڕوادارین و دەچینە بەهەشت. ئیسلام و ڤیدا لەوەدا یەک بڕوان بەرامبەر ئەوەی کە هەمووان لەسەر هەر دینێک بین دەچینەوە ناو خوداو بەرەو لای ئەو دەڕۆین (ان الذین امنوا والذین هادوا والنصری والصبئین من آمن بالله والیوم آخر وعمل صالحا فلهم اجرهم عند ربهم ولاخوف علیهم ولاهم یحزنون)[٣٥٣] واتە: (ئەوانەی بڕوایان هێناوە (واتە موسوڵمانەکان) و یەهودیەکان و مەسیحی و سابیئەکان، هەرکەسێک بڕوا بە خوداو ڕۆژی دوایی بێنێت و کاری چاک بکات پاداشتی لای خودایەو ترس و خەمیان نییە). هەروەها قورئان دەفەرموێت (انا لله وانا الیه راجعون). هەمووان دەگەینەوە لای خودا، بەڵام هەریەک بەشێوەیەک و لە ڕێگەیەکەوە. گرنگ ئەوەیە ئەو ڕێگەیەی ئێمە لەسەری دەڕۆین خۆپەرستیمان بکوژێت و منێتی لە ئێمەدا ون بکات تا بتوانین هەموو کاتێک و هەموو دەمێک هەست بە خودا بکەین لەناو هەموو شتێکدا. دەبێت من نەمێنم تا خودا دەربکەوێت.

حەزرەتی مەحوی دەڵێت:

وتی مەحوی من و تۆ ئافتاب و سایە تیمسالین
جەنابی من کە دەرکەوتم ئەبێ تەشریفی تۆ بڕوا

کەبیری شاعیرو عارفی گەورەی هیندی دەڵێت:

کاتێک تۆم دۆزیەوە خۆمم لەدەست دا، ئیدی کەسێک نییە کە بڵێ چۆن تۆی دۆزیەوە.

---

٣٥٢- الاسراء ٤٤.

٣٥٣- البقره ٦٢ هەروەها بڕوانە هەمان سورەت ئایەتی ٧٩ بۆ ٨٢.

واتە یا تۆ دەبیت یان خودا، دین ڕێگەیەکە بۆ نەمانی تۆ، ئەمە دینی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتیە، جا ئەو دینە کڕنوشبردن و سوجدەبردنی شێوازی ئیسلامی بێت یان تێڕامانی شێوازی هیندۆسی و دوعای مەسیحی. هەر شتێک خودای بیرخستیەوەو تۆی لەبیر بردەوەو بیری تۆی لە بیری ئەودا تواندەوەو وای کرد لە ژیانی ڕۆژانەدا پێتەوە دیار بێت کە میهرەبانی و خۆشەویستیی ئیلاهی زاڵ بووە بەسەرتدا بە خۆشویستنی خەڵک، ئەوە دینی ڕاستەقینەیە.
مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

مذهب عاشق ز مذهبها جداست
عاشقان را مذهب و ملت خداست [٣٥٤]

هەروەها خەییامی نەیشابوری دەڵێت:

سەرکۆنەکەران دەڵێن کە مەستی بادەم
من گوێچکە بە وان و تەوس و توانجان نادەم
سەرخۆشم و مەیخانە پەرستم بۆچی
هەربۆیە کە خۆ لە خۆپەرستی لادەم

بەپێی پێناسی ڤیدایی بۆ ئایین دەبێت ئایین خاوەنی کتێبی پیرۆز و شەریعەت و خوایەکی تایبەت بێت کە هەموو دینیەکان لە هەموو کارو کاتێکدا بگەڕێنەوە سەری. ئەو شەریعەت و کتێبە پیرۆزەش دەبێت ڕەگەزی قوربانیدانی تیادا بێت لە مرۆڤەوە بۆ خودا. واتە دەبێت ئایین قوربانیدانی مرۆڤ بێت بۆ خودا و لەپێناوی خودادا، بەڵام...
دەبێت قوربانی لە ناوەوەی مرۆڤ بێت نەک دەرەوە، واتە گەر کەسێک هەموو دونیای کردە قوربانی بۆ خودا، بەڵام لە دڵەوە پاک نەبوو بڕوای یەقینی بە خوداو هێزی خودا نەبوو، ئەوە قوربانییەکەی وەرناگیرێت و هیچ سوودێکی

٣٥٤ -مەزهەبی عاشقەکان لە مەزهەبەکان جیاوازە، عاشقان مەزهەب و نەتەوەی خودان.

نابێت. دەبێت کات و کارو هێزو تواناو بیرو خێرو چاکەمان لەپێناو خودادا بێت نەک لەپێناو پارەو سەروەت و ناوو و شوێندا. پارەو سەروەت، ناووناوبانگ خراپ نین ئەگەر لەپێناو بەرزکردنەوەو دەرخستنی ئیگۆدا نەبێت، خۆ ئەگەر ئیگۆ لە پشت تەنانەت عیبادەت و پەرستنیشەوە بوو، ئەوا دەگۆڕێت بە کاری شەیتانی و نارۆحانی. واتە دین ئەو شتەیە کە تۆ لە خودا نزیک دەکاتەوە. چاکە و خزمەتی مرۆڤەکان و دەوروبەر لە هەموو شتێک زیاتر مرۆڤ لە خودا نزیک دەکاتەوە، چونکە ئیگۆ لە مرۆڤدا سەرکوت دەکات. کەواتە وەک سوامی ڤیڤەکاناندا و ڕاماکریشنا و بهاکتی یۆگیەکانی هیندو کریشنایی و ڤیشنۆییەکان دەڵێن مرۆڤ شایەنی هەموو چاکەیەکەو خزمەتی مرۆڤ خزمەتکردنی خودایە بەشێوەیەکی واقیعی. ئەمەیە دینی سەرەکی ئەم سەدەیە. ئیدی نوێژەبارانە مرۆڤایەتی ڕزگار ناکات، حەجکردن ئازاری برسیەکانی هیندو ئەفریقیا کەم ناکاتەوە، ڕیشهێشتنەوە لەشی منداڵێکی ڕووتی سەرمابردەڵە گەرم ناکاتەوە کە باوکی کوژراوەو دایکی بەجێی هێشتوە. دینی ئەمڕۆ چاکەیە لەگەڵ مرۆڤ و لەگەڵیشیدا لەناوبردنی ئیگۆیە لە ڕێگەی نوێژو ڕۆژوو قوربانییە ترادشنییەکان و دروستکردنی مزگەوت و کلێسا و هتد.....

# بەشی دووەم

# بابەتی یەکەم
# باسی یەکەم
# گرنگی سانکهیا دارشان

هەروەکو چۆن لە پێشتردا ئاماژەم پێ داوە سانکهیادارشان یەکێکە لە دارشانە ڤیداییە گرنگەکان و دەکەوێتە ناو پۆلێنی ئەو دارشانایانەوە کە بڕوایان بە بوونی ڕۆح هەیەو پێیان وایە سەرچاوەی هەموو شتەکان یەک شتە. دارشانای سانکهیا بەتەواوی بڕوای بە یەکێتیی بوون هەیە و کۆزمۆلۆجیاکەی سانکهیا لەسەر بنەمای پوروشا ناسی دامەزراوە، پوروشا واتە ڕۆحی کەونی و جیهانی کە سەرەتای هەموو شتێکە.

سانکهیا بڕوای بە بوونی خودایەکی دروستکار نییە بەو شێوەیەی هەندێک بڕوایان پێیەتی و پێیان وایە خودا ئەم کەونەی لە نەبوونەوە دروست کردووەو خۆی بەڕێوەی دەبات، بەڵکو سانکهیا بە فەلسەفەی (نیریشڤارا)[٣٥٥] بەناوبانگە.

(پاتانجالی) لە (یۆگاسوترا)دا بەتەواوی فەلسەفەی سانکهیای قەبوڵەو تەنها ئەسڵی ئیشڤارا (خودا)ی بۆ زیاد دەکات. ئێمەش لێرەدا بۆ باسەکەمان دەربارەی یۆگاو ڕوونکردنەوەی مەبەستە سەرەکیەکە بەباشمان زانی سانکهیا بەوردی باس بکەین، هۆکاری باسی سانکیاش دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵ، یەکەم، ئەم دارشانایە دارشانایەکی گرنگی ڤیداییە. دووەم بنەمای یۆگا دارشانیشە کە دیسان یەکێکە لە دارشانا گرنگەکان. سوامی مادهاڤاناندا دەڵێت: «فەلسەفەو بوونناسی کە بنچینەی یەکەمی ئەم دوو زانستەن (مەبەستی یۆگاو ئایورڤیدایە) لە مەعریفەی ڤیداییدا بە سانکهیا ناوزەد کراوەو بنچینەی بیرو فەلسەفەو بوونناسی یۆگاو ئایورڤیداش هەمان سانکهیایە»[٣٥٦]. هەروەها (سوامی ڤیڤەکاناندا) کە موریدی (ڕاماکریشنایە) و یەکێکە لە یۆگییە گەورەکانی جیهان

---

٣٥٥- Ner بێ، Ishvara خودا.

٣٥٦- سەرچاوەی چوارەم لە ڕیزبەندی سەرچاوەکاندا.

له شەرحی سوترای (١٦)ی فەسڵی یەکەمی یۆگاسوترادا دەڵێت: «سەرەتا دەبێت تێبگەین پوروشا یا (خود) چیەو گۆناکان کامانەن»[٣٥٧]. هەروەها له شەرحی سوترای (٢٣ و ٢٤)دا دەڵێت: «له فەلسەفەی سانکیادا که بنچینەی یۆگاشه، خودا شوێنێکی دیاری نییه، بەڵام ئیشڤارای یۆگیەکانیش هەمان ئیشڤارای ڤیداکان نییه که دروستکاره»[٣٥٨]. کەواته سانکهیاو یۆگا تێکەڵ و ئاوێزانن و بۆ تێگەیشتن له یەکیان ناسینی ئەویتریان مەرجه.

باسمان کرد وشەی سانکها یەکێکه له ناوەکانی شیڤاو شیڤاش له ئاتەرڤەڤیدادا بەئاگایی گشتی ناوزەد کراوه. هەروەها سانکهیا به مانای ژمارەی تاک و کۆ دێت و ئەم ناوەشی لەسەر ئەو بنچینەیەوه پێ براوه که سانکهیا له ڕێگەی ژماردنی ڕەگەزەکانەوه ئێمه به ئاتمان، واته ڕۆحی باڵای مرۆڤ ئاشنا دەکات و پێی وایه بوون له (٢٥) ڕەگەز پێکهاتووەو سەرچاوەی هەموو ئەمانەش ئاگایی ڕەها (پوروشا)یه[٣٥٩].

(شری کاپیلا)[٣٦٠] که هەندێک پێیان وایه هاوسەردەمی گۆتامابوودا بووه و هەندێکی دیکه مێژووەکەی دەبەنەوه پێش پەیدابوونی بوودا، دامەزرێنەرو نووسەرەوەی سانکهیادارشانەو له نووسراوی (سانکیا کاریکا)[٣٦١]دا بەوردی باسی بوون و سێ ڕەنجەکەو ڕێگەکانی ئازادبوون لەو ڕەنج و ئازارانه دەکات تا مرۆڤ بتوانێت بگاتەوه بەئاگایی گشتی و ئازادی ڕەها.

من دەمەوێت ڕاستەخۆ بچمه سەر باسی سانکهیا دەربارەی بوون و چۆنییەتی پێکهاتن، لەبەرئەوەی ئێمه بزانین مەبەست چیه کاتێک باسی ڕۆح دەکەین و مەبەستمان له پڕاناو پڕاکریتی و شاکتی و ماهات و ئەو زاراوانەی دیکه چیه که بەزۆری له بابەتی یۆگا و ئایورڤیداداو سانکهیاو بەگشتی له زانسته ڤیداییەکاندا دێنه بەردەممان و پێوستمان دەبێت بزانین چۆن بەرەو ڕوویان ببینەوەو بەتەواوی له فەلسەفەکه تێبگەین، لەبەرئەوەی ئێمه باسی ئازادبوون

---

٣٥٧- بڕوانه (س ١٤، ل ١٧٢).

٣٥٨-هەمان سەرچاوە، ل ١٧٤.

Purusa-٣٥٩

Kapila -٣٦٠

Samkhya Karika -٣٦١

(موکشا) دەکەین و دەشبێت بزانین ئازادبوون لە چی و بەرەو چی، کە لەم پێناوەدا فەلسەفەی سانکهیا بەتەواوی یارمەتیدەرمانە.

سانکهیا چەندان سەدە لە پێش زانستەوەیە، تەنانەت ئەو تیۆرانەی لەناو سانکهیادا کە پێشتر زانست دژیان دەوەستا ئەمڕۆ پاڵپشتی دەکات. سانکهیا باس لەوە دەکات کە هەموو بوونەوەر یەکسانن، هەموو بوونەوەر تێکەڵن، هەموو بوونەوەر یەک سەرچاوەو یەک مەبەستیان هەیە. زانستی فیزیا کە بە نیوتن و ئەنیشتاین ڕازاوەتەوە تەنها بە تیۆریەکانی ئەوانەوە خۆی گیرۆدە نەکردو هەنگاوی زیاتری نا. (ئەلبێرت ئەنیشتاین[٣٦٢] و ناتان ڕۆسین[٣٦٣] و بۆریس پۆدۆلسکی[٣٦٤] و دەیڤد بۆهم[٣٦٥]) بەتەواوی لەگەڵ ئەوەدا بوون کە تیۆری کوانتۆم (Quantum Theory) ڕاستەو جیهان پێکهاتووە لە یەک یەکەی جیانەکراوە. پاش ئەوەی لەساڵی (١٩٦٤) (جۆن ئێس) باسی ئەم تیۆرەی کرد، لە ساڵی (١٩٧٢) (بێڵ) هات و بەتەواوی ئەم نەزەریەی سەلماند کە پێی دەوترێت تیۆری کوانتۆم. تیۆری کوانتۆم پێی وایە بوونەوەر یەک پارچەیەو لە یەک سەرچاوەوە هاتووە. هەروەها پێی وایە ئاگایی کەونی[٣٦٦] و ئاگایی مرۆیی[٣٦٧] یەک ئاگایین و هەر زانیاریەک لە هەر شوێنێک هەبێت لەناو مرۆڤیشدا دەدۆزرێتەوە. (جاک سارفاتی) سەلماندی کە زانیاریەکان بەردەوام لە هاتوچۆدان لەناو کەوندا بەبێئەوەی پێویستیان بە مەوداو کات و هێز هەبێت بۆ گواستنەوە. وەنەبێت تەنها ئەوان بڕوایان بەم تیۆرە هەبووبێت، بەڵکو پرۆفیسۆر (هێنری ستاپ)و (بێرنارد دیسپاگنات)و (هێربێرت نیس) بڕوایان بەم تیۆریە هەبووەو بە زانستی کاریان لەسەر کردووە. (هێربیرت نیس) دەڵێت: "ئێمە وەحدانییەتی کەونمان سەلماند".

---

Albert Einstein -٣٦٢

Nathan Rosen -٣٦٣

Boris Podolsky - ٣٦٤

Daivd Bohm -٣٦٥

٣٦٦ - پاڕائاتمان یان بەپێی فەلسەفەی سانکهیا ماهات.

٣٦٧- ئاتمان، بەپێی ساکهیا بودهی.

# باسی دووەم
# بوون لە دیدگای سانکهیاوە

سەرەتا پێش ئەوەی باس لە دروستبوونی بوون بکەین لە سانکهیادا پێویستە ئەوە بزانین کە هەموو بوون دەرکەوتەی خوداوەندە. لە تێکستە ڤیدایی و سانسکرێتیەکاندا خوداوەند بە دوو جۆر وەسف کراوەو وتراوە کە ئەو هەم (ساگونا برەهمەن)[٣٦٨]ەو هەم (نیرگونا برەهمەن)[٣٦٩]ە.

ساگونا (Saguna) واتە جۆر یاخود (Qualities)و برەهمەن (Brahamn) واتە خوداوەند. ماناکە پێکەوە دەبێتە خوا لە سیفەتی جۆرێتیدا. واتە کاتێک خوا بە ناوو سیفەت و تایبەتمەندێتی و جۆرێتی دەردەکەوێت، پێی دەوترێت ساگونابرەهمەن و ئێمە هەمووان دەرکەوتەی ئەو برەهمەنەین.

سوامی مادهاڤاناندا (بررزۆ قادری) دەڵێت: "هەموو بوون شتێک نییە بێجگە لە دەرکەوتەی برەهمەن". هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: "برەهمەن باڵاترین سەرچاوەی بوون و ئاگایی یەکەمی پاکی جیهانییە". لە (پەنکهوت کەیڤالیا ئوپانیشاد)[٣٧٠] داهاتووە:

(هەم ئەوە برەهما[٣٧١]،
هەم ئەوە ماهادێڤا[٣٧٢]،
هەم ئەوە باقی،
هەم ئەوە ڤیشنۆ،
هەم ئەوە پڕانا[٣٧٣]،
هەم ئەوە زەمان،

---

٣٦٨- Saguna Brahman

٣٦٩ - Nirguna Brahman

٣٧٠- ئەم ئوپانیشادە سەر بە ئاتەرڤەڤیدایە. بڕوانە (س١٣.ل ٣٤٣)

٣٧١- خوێنەری بەڕێز دەبێت بەئاگابیت بەرامبەر جیاوازی نێوان برەهما و برەهمی و برەهمەن. برەهما بەمانای دروستکار (الخالق) دێت، برەهمی واتە پیاوی ئایینی و برەهمەن واتە خوداوەندی یەکتاو گەورە.

٣٧٢- ماها- گەورە، دێڤا—خودا لە تایبەتمەندێتیی نێردا (واتە بە لەفزی نێر).

٣٧٣-پڕانا ئەو هێزەیە کە لەناو شاکتیدا یان لەناو پڕاکریتیدا خوداوەندی پێ دەرکەوتووە.

هەم ئەوە ئاگر،
هەم ئەوە مانگ،
هەم ئەوە هەرچی دەبێت و
هەم ئەوە هەرچی کە دەبێت ببێت و
هەم ئەوە (هەمیشە)،
هەرکەسێک ئەو بناسێت لەناو ناچێت و
دەگات بەئازادی)

هەروەها کریشنا لە گیتادا دەڵێت: "ئەسڵی هەموو شتێ منم و پەیدابوون هەمووی لەمنەوە بووە"[٣٧٤].

نیر (Nir) لە زمانی سانسکرێتیدا بە مانای (نە) بەکاردێت، گۆنا (Guna) بە هەرسێ ڕەگەزی ڕووناکی (ساتڤیک) و لیڵی (ڕاجاس) و تاریکی (تاماس) دەوترێت کە لە بەرزونزمی ئەوان بوون دروست بووە، بڕەهمەنیش بە مانای خوداوەند دێت. کەواتە نیرگونابڕەهمەن واتە بوونی بێ جۆرێتی بڕەهمەن، یان بوونی ڕەهای بڕەهمەن کە ناکەوێتە ژێر هیچ وێنەو ناوێکەوە. هەرکاتیش بڕەهمەن لەژێر ناو (ناما)و وێنە (ڕوپا) دەرچوو، ئەوە پێی دەوترێت بڕەهمەنی موتلەق (The Absolute Without Qualities).

کاتێک سانکهیا باس لەوە دەکات کە بوونەوەر لە خوداوەندەوە هاتووەو قسە لەسەر ئەم پەیدابوونە دەکات، ئەوە تەنها دەیەوێت قسە لەسەر ساگونابڕەهمەن بکات. هیچ کام لە تێکستە ڤیداییەکان باسیان لە نیرگونابڕەهمەن نەکردووە، چونکە ناتوانرێت ئەو کارە بکرێت و بە وشەی ناڕەها باس لە ڕەها بکرێت. لە بهاگاڤادگیتادا هاتووە: (نە فریشتەکانی ئاسمانەکان دەتوانن ڕێگە بە جەوهەری زاتی من بەرن و نە دانا گەورەکانیش، چونکە فریشتەو داناکان هەموویان لە من پەیدابوون)[٣٧٥] واتە: باسی ئێمە لەسەر ئەوە نییە خوا چیەو چۆن هەیە، بەڵکو لەسەر ئەوەیە کە چۆن ئێمە لە خواوە هەین و هاتووین و دەرکەوتووین. ئێستا زانیمان کە بڕەهمەن بە دوو شێواز باس کراوە یەکەمیان خودایەک کە هەموو شتەکان و کەپرەت و جۆراوجۆریەکان لەوەوە هاتوون و

٣٧٤- (س ٢٠، ل ١٣٥)
٣٧٥- (س ٢٠، ل ١٣٤)

دووەمیان خودایەک کە تەنهاو ڕەهاو بێبەریە لە هەموو وێنەو ڕەنگەکان.

بهاگاڤادگیتا یەکێکە لە سەرچاوە زۆر گرنگ و بەپێزەکانی فەلسەفەی سانکهیاو بەشی دووەمی ئەم تێکستە بەناوی (مەکتەبی سانکهیا)وەیە. شری کریشنا لەم نێوەندەدا لە ڕێگەی باسکردنی سانکهیاوە دەیەوێت لە موریدە دڵسۆزەکەی بگەیەنێت کە جیهان چیەو چۆن دەتوانێت ئازاد بێت لێی؟!



شری گریشنا لەگەڵ ئەرجونادا

شری کریشنا له بهاگاڤادگیتادا دەڵێت:[٣٧٦]
"هیچ کات نەبووە من نەبووبم یان تۆ نەبووبیت یان ئەم پادشایانە نەبووبن،
لە ئایندەشدا هیچ کاتێک نابێت ئێمە نەبین.
ئەوەی نییە هەرگیز نەبووەو ئەوەی هەیە هەمیشە هەبووە،
ئەوانەی گەیشتوون بە حەقیقەت باش لەمە تێدەگەن...
وە دڵنیابە لەوەی ئەو حەقیقەتەی هەموو شتێکی گرتۆتەوە لەناو ناچێت و
کەس ناتوانێت ئەو نەگۆڕاوە بگۆڕێت..
لەش دەمرێت، بەڵام ڕۆح لەناو نەچوو، نەگۆڕ و بێ سنورە...
کەواتە بجەنگە، ڕۆح نەدەکوژرێت و نە دەکوژێت.
ڕۆح نە لەدایک دەبێت و نە دەمرێت و
کاتێک هەیە ئیدی لەناو ناچێت...
ڕۆح سەرەتای نییەو هەتاهەتایی و قەدیمە..."[٣٧٧]

ئەگەر وردبیتەوە لەو کورتەباسە بەپێزەی شری کریشنا کە لەبەرامبەر موریدی دڵسۆزیدا بەیانی دەکات، دەبینی باسی سەرەکی لەسەر جیاکردنەوەی لەش و ڕۆحە، ئەو باسی خودا ناکات[٣٧٨]، بەڵکو باسی ڕۆح دەکات. ئایا ئەمە دژی ئەو یەکبوونەیە کە سانکهیاو یۆگا و زانستە ڤیداییەکانی دیکە باسی دەکەن؟ یاخود ئایا ئەمە هەمان ئایدیالیستیەکەی ڕۆژئاوا نییە؟ بێگومان نەخێر، چونکە ڤیداکان و بەتایبەت بهاگاڤادگیتا کە بە ناوەڕۆکی تەواوی ڤیداکان دادەنرێت لەو بڕوایەدان شتێک نییە بەناوی لەش ئەگەر ڕۆح نەبێت و شتێکیش لە مەیدانی کاردا نییە بە ناوی ڕۆح ئەگەر لەش نەبێت و ئەو دووانە دەرکەوتەی یەک حەقیقەتن. من لێرەدا باسی ئەوە دەکەم کە ئایا سەرەتای دروستبوون چیەو چۆنە لە ڤیداکانداو بەتایبەت لەڕووی دارشانای سانکهیاوە؟ چونکە سانکهیا سەرەتا باسی خۆی بەم بابەتە دەست پێ دەکات کە ئایا لەشی ئێمە لەکوێوە هاتووەو پەیوەندی بە ڕۆح و کەسێتیی ڕاستەقینەی ئێمەوە چیە؟

---

٣٧٦- بڕوانە (س ٢٠. فەسڵی ٢. ل ٦٩-٧٠).
٣٧٧- بڕوانە (س٢٠، ل ٧٠-٧١)
٣٧٨- فەلسەفەی سانکیا باسی خودا ناکات، بەڵکو زیاتر باسی ڕۆح دەکات.S

# باسی سێهەم
# ڕەگەزەکانی سانکهیا

سانکهیا دارشان پێی وایە بوون (Being) لە (٢٥) ڕەگەز پێکهاتووە کە ڕەگەزی یەکەمیان پوروشایە. هەندێکی دیکە پێیان وایە سانکهیا باسی لە (٢٤) ڕەگەز کردووە کە ڕەگەزی یەکەمیان پڕاکریتیەو پوروشا بە جیاواز لە ڕەگەزەکان دادەنێن و دەڵێن ئەو گەورەترە لە هەر ڕەگەزو پێکهاتەیەکی تر. گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە سانکهیا باسی پوروشاو (٢٤) ڕەگەزی دیکەی کردووە کە دابەش دەبنە سەر چوار کۆمەڵە:

١. پوروشا (Purusha)کە نە لەدایک بووەو نە لێی لەدایک دەبێت.
٢. پراکریتی (Prakriti)کە لەدایک نەبووەو پێکنەهاتووە، بەڵام پێکدێنێت.
٣. ئەڤیکرتی (Avikrtih)کە پێکهاتووەو پێکدێنێت.
٤. ڤیکرا (Vikra)کە پێکهاتووە، بەڵام پێکناهێنێت.

لێرەدا دەمەوێت سەرنجتان ڕاکێشم بۆ بیروڕای یەکێک لە فەیلەسووفە ڕۆژئاواییەکان لەسەر بوون، جان سکۆت (Jean Scot) پێی وایە بوون دابەش دەبێتە سەر چوار کۆمەڵە:

١. دروستکاری دروست نەکراو کە خودایە لە پراکریتیدا.
٢. دروستکاری دروستکراو کە مەبەست لێی ئەڤیکرتیە.
٣. دروستکراوی نادروستکەر کە هەمان ڤیکرایە، بە وتەی (جان سکۆت) هەمان بوونەوەرەکانن.
٤. نادروستکاری نادروستکەر کە هەمان خودایە لە مەقامی پوروشادا.

ئەمە هەمان دابەشکردنە کە لە سانکهیادا کراوە، هەربۆیە جان سکۆت دەڵێت: "خودا لەگەڵ دروستکردنی بوونەوەردا خۆی دەرخست، چونکە بەو نەبێت دەرناکەوێت".

بەهەرحاڵ بەگشتی ئەو ڕەگەزانەی سانکهیا باسی کردوون بە ڕیز ئەمانەی خوارەوەن:

پوروشا (Purusha)

١. پراكريتی (Prakriti) سروشت، یان هیۆلای یەكەم.

٢. ماهات (Mahat) ئەقڵی كەونی.

٣. ئاهەمكارا (Ahamkara) ئیگۆ یان منی جیهانی.

٤. ماناس (Manas) هەستی هاوبەش یان زهن.

٥. شابدا (shabda) هێزی بیستن.

٦. سپارشا (Sparsha) هێزی بەركەوتن.

٧. ڕوپا (Rupa) هێزی بینین.

٨. ڕاسا (Rasa) هێزی چەشتن.

٩. گاندها (Gamdha) هێزی بۆنكردن.

١٠. سراتڕا (Sratra) گوێ.

١١. تڤاك (Tvac) پێست.

١٢. چاكشو (Chakshu) چاو.

١٣. ڕاسانا (Rasana) زمان.

١٤. گرانا (Grana) لوت.

١٥. شابدا (Shabdha) دەنگەژێ.

١٦. پانی (pani) دەست.

١٧. پادە (pada) پێ.

١٨. پڕاستا (Prastha) ئەندامی زاووزێ.

١٩. پایوو (Payu) كۆم.

٢٠. ئاكاشا (Akasha) فەزا.

٢١. ڤایوو (Vayu) هەوا.

٢٢. ئاگنی (Agni) ئاگر.

٢٣. ئاپاس (Apas) ئاو.

٢٤. پریتیڤی (Prithivi) خاك.

هەروەها دەتوانین ئەم ڕەگەزانەی پێشتر باسمان كردن بەپێی پێكهاتن و

هێزی دروستکردن تیایاندا بەم شێوەیەی خوارەوەش باسیان بکەین:
پوروشا (Purusha)
١. پراکریتی (Prakriti)
٢. ماهات (Mahat)
٣. ئاهەمکارا (Ahamkara)
٤. ماناس (Manas)
(٥-٩ ) پانچا تانماترا (Pancha Tanmatra). پانجا واتە پێنج و تانماترا واتە بوونی تیوار (یان بوونی یەکەمینی شتێک لە ناسکیدا) کە مەبەست ئەو هێزەیە کە هەستەکان دەخاتە کار، پانچا تانماترا پێکدێن لە:
شابدا (shabda)
سپارشا (Sparsha)
ڕوپا (Rupa)
ڕاسا (Rasa)
گاندها (Gandha)

١٠-١٤ ) پانچا جناندریانی (Pancha jnandriyani) پانچا-پێنج، جنانا-زانین، ئیندریا-هەست. پێنج جناندریانی ئەو پێنج هەستەن کە دەبنە هۆی وەرگرتنی زانیاری لە دەرەوە بۆ ناوەوەی ئێمە کە پێکدێن لە گوێ و پێست و چاوو زمان و لوت واتە:
سڕاترا (Sratra)
تڤاک (Tvac)
چاکشو (Chakshu)
ڕاسانا (Rasana)
گرانا (Grana)
١٥-١٩) پانچاکارمەندریانی (pancha Karmandriyan) کارمەندریانی واتە (ئەندامی کار) و مەبەست لەو شوێنانەیە لە جەستەدا کە زیاتر وەک ئەندامی کار دەناسرێن، ئەوانیش (دەنگەژێ و دەستەکان و قاچەکان و کۆئەندامی

زاووزێ و کۆم)ن و بە سانسکرێتی پێیان دەوترێ:
شابدا (Shabdha)
پانی (pani)
پادە (pada)
پڕاستا (Prastha)
پایوو (Payu)
(٢٠-٢٤) پانچا ماهابهوتانی (Pancha Maha Bhutani). ماها واتە گەورە، بهوتانی واتە ڕەگەزە دروستکارەکان یان ڕەگەزە چڕەکان، ماهابهوتانی پێکدێت لە :
ئاکاشا (Akasha)
ڤایوو (Vayu)
ئاگنی (Agni)
ئاپاس (Apas)
پریتیڤی (Prithivi).

لەبەر گرنگی باسەکە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی دروستبوون لە سانکهیاداو چۆنییەتی چارەسەری کێشەکانی نێو دروستبوون، لە خوارەوە بەکورتی باس لە هەریەک لەم ڕەگەزانە دەکەم...


Prakriti and its Evolutes
Purusha
(consciousness)
Prakriti (unmanifest, primordial "matter")
Mahat or Buddhi (first principle of individuation, intelligence, discrimination)
Ahamkara (ego, allowing of self-identity)
(sattvic) (illumined, lightness)
(rajasic) (impelling)
(tamasic) (stable, solid)
Mind
5 Cognitive Senses (jnanendriyas) (hearing, touching, seeing, tasting, smelling)
5 Active Instruments (karmendriyas) (speaking, holding, moving, procreating, eliminating)
5 Subtle Elements (tanmatras)
5 gross Elements (bhutas) (earth, water, fire, air, space)
Chart adapted/modified from Yoga Sutras commentary of U. Arya.
SwamiJ.com

# باسی چوارەم

## پوروشا
## Purusha

واژەی پوروشا بە مانای (کەس) یان کەسێتی دێت. پوروشا بە زۆر مانا بەکارهاتووە لە تێکستە ڤیدابیەکاندا. بۆ نموونە لە ڕیگ ڤیداو بهاگاڤادگیتادا دوو جۆر پوروشا باس کراوە. یەکەمیان (ئاتمەن) واتە ڕۆحی مرۆڤ و دووەمیان (پاڕامەتمان) واتە ڕۆحی خودا کە سانکهیا ڕۆحی کەونی پێدەڵێت. لە (ئوپانیشادەکان)یشدا پوروشا جارێک وەک (برەهمەن) خودای بێ خوداو کەسی بێ ڕەنگ و ناو بەکارهاتووەو جارێکیش وەک (ئاتمەن) بەکارهاتووە کە هەمان خودای ناو مرۆڤە، واتە پوروشا هەم ڕۆحی مرۆڤەو هەم ڕۆحی کەونە (واتە خودایە)و هەردوو ڕۆحی کەون و ڕۆحی مرۆڤ پێکەوە دەبەستێتەوە. لە ڤیداکانداو لە فەلسەفەی (تانترای بومی هیندی)شدا دەوترێت کە مرۆڤ جیهانی بچووکەو کەونیش مرۆڤی بچووکە.

بۆ یەکەمجار پوروشا لە (ڕیگ ڤیدادا)و لە (مەندالای دەیەم)دا وەک پوروشای مرۆیی باسی کراوە. واتە وتراوە پوروشا دە پەنجەی هەیە و لەم پێناسەیەشدا مەبەستی لە جیهانی بچووکە کە مرۆڤە.

لە یەکێک لە سەتسەنگەکاندا سوامی مادهاڤاناندا وتی: "پوروشا ئاگایی پاک و ڕۆحی بوونەوەرە". پوروشا ئەو ئاگاییەیە کە هەموو شتێک لەو پێکهاتووە بێئەوەی ئەو لە هیچ پێکهاتبێت. فیزیکناسی بەناوبانگ نیلز بۆر (١٨٨٥-١٩٦٢) لە یەکێک لە دانپێدانانە زانستیانەکانیدا دەڵێت: "پاش ئەوەی دژایەتیەکی زۆری ئایدیالیستەکانم کرد دەربارەی ئەوەی کە گوایە ڕۆحێک بوونی هەبێت، بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی زانستی لەو بڕوایەدام شتێک هەیە لە بووندا کە پێی دەوترێت ئاگایی. ئەم ئاگاییە ماددە نییەو هەرگیزیش ماددە ناتوانێت ئیشی ئەو ئاگاییە بکات". میکانیکی کوانتۆم کە ڕێخۆشکەرە بۆئەوەی مرۆڤ زیاتر بچێتە بنجوبناوانی بوونەوەو نزیک بێتەوە لە ئاگایی کەونی لە سەرەتادا لە ڕێگەی دۆزینەوەکانی (دیبرۆڵی)یەوە سەری هەڵداو مقۆمقۆی دروست بوو. دواتر (تارتاکۆفسکی) کە زانایەکی ڕووسی بوو، هەروەها (جێرمەر)و (داڤیشۆن) کە هەردووکیان خاوەنی خەڵاتی گەورەی فیزیا بوون بە تاقیکردنەوە هەندێک

لە وردەکاریەکانی ئەم تیۆریەیان سەلماند. (دیبرۆڵی) باسی ئەوەی کرد کە بێجگە لە شەپۆلە کەهرۆموگناتیسیەکان و شەپۆلە میکانیکەکان شەپۆلی تر هەیە کە پێی دەوترێت شەپۆلی مادده. واتە مادده توانای درێژبوونەوەی هەیە بۆ ناکۆتا. ئەم توانایە لە ئاگاییەکی تەواوەوە دێت. هەربۆیە زانایانی دواتر کەوتنە سەر ئەو ڕایەی کە بڵێ شتێک هەیە لە بووندا پێی دەوترێت ئاگایی و بوونی مەعریفی کە نازانرێت سەرچاوەکەی چیەو کوێیە.
ئەو ئاگاییەی کە ئێستا زانست خەریکە لە ڕێگەی میکانیکی کوانتۆمەوە پەی پێ دەبات هیچ نییە بێجگە لە پوروشا.

هەموو شتەکان لە پوروشا پێکهاتوون، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە پوروشا پەیوەستە بە شتەکانەوە تەنها لەبەرئەوەی شتەکان لەو پێکهاتوون، بەڵکو پوروشا بێبەریە لە پەیوەستبوون بە شتەکانەوە. بەهەرحاڵ تاوەکو بابەتەکە ئاسانتر بکەمەوە لە خوارەوە بە خاڵ باسی تایبەتمەندیەکانی پوروشا دەکەم:

١. پوروشا پێکنەهاتووەو لە هیچەوە دروست نەبووە، چونکە هیچ بوونەوەرێک یان زاتێک نییە بتوانێت ئەو دروست بکات.[٣٧٩]

٢. ڕەهایە لە هەموو جۆرە پەیوەستبوونێک بە شتەکانی دەرەوە.

٣. هەموو شتەکان واتە پڕاکریتی و هەموو ڕەگەزەکانی دیکە لە پوروشاوە پێکهاتوون.

٤. پوروشا (ساکشیترام)ە[٣٨٠] واتە شاهیدو گەواهە بەسەر هەموو شتەکانەوە.[٣٨١]

٥. کار ناکات و بێبەریە لە کارماو دەستتێوەردانەوە لە کاری پڕاکریتی. واتە پوروشا وەک خۆی و لە مەقامی پوروشادا بوونی دروست نەکردووە، بەڵکو لە مەقامی پڕاکریتیدا بوونی دروست کردووە.[٣٨٢]

---

٣٧٩- لە قورئاندا هاتووە «فمن یخلق کمن لایخلق افلا تذکرون» (سورەتی نحل-١٧) واتە: ئایە ئەوەی دروست دەکات وەکو ئەوە وایە کە دروست ناکات، بۆ بیر ناکەنەوە.

٣٨٠- Sakshitram

٣٨١- «واللە یعلم ما تسرون وما تعلنون» (نحل- ١٩) خوا ئاگادارە بەوەی دەیشارنەوەو ئاشکراشی دەکەن.

٣٨٢- هەندێک ڕەخنەیان لە سانکهیا ئەوەیە کە سانکهیا بڕوای بەوە نییە خودا خالق بێت. سوامی مادهاڤاناندا دەربارەی ئەم ڕەخنەیە دەڵێت: خودا لە بڕوای ئێمەدا کەسێکە کە دروست دەکات،

٦. بێبەریە لە هەموو ناوو وێنەیەک و هیچ وێنەیەکی نییە تا ئەوی پێ بناسرێتەوە.
٧. پوروشا بێ ڕەگەزەو ناکەوێتە نێو هیچ کام لە یاساکانی وزەی پڕاکریتیەوە، چونکە لەسەروو پڕاکریتیەوەیە.
٨. پوروشا لەزەتبەرە لە شتەکان و لەبەر ئەم شتەکان وجودیان هەیە.
٩. بەبێ پوروشا هیچ شتێک ناتوانێت هەبێت.
١٠. پوروشا مایەی زیندوێتیی شتەکانە.
١١. هەموو شتەکان دەبەستێتەوە پێکەوە.
١٢. زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا.
١٣. هیچ شتێک لە دەرەوەی ئەو نییە.
١٤. دەوری هەموو شتێکی داوەو سەرچاوەی هەموو شتێکە.
١٥. پوروشا کایڤالیامە[٣٨٣] واتە موجەرەدەو لە خۆیدا بۆ خۆیەتی.

لە تێکستەکانی وەکو ڕیگ ڤیداو ساماڤیداو ئاتەرڤەڤیداو بهاگاڤادگیتا و برەهماسامهیتاو پوروشاسامهیتادا وەسفی زۆری پوروشا هاتووە، بەتایبەت لە پوروشا سوکتا کە تایبەتە بە باسکردنی پوروشا. لەم تێکستەدا کە سەر بە سامهیتای ڕیگ ڤیدایە دەڵێت:

Om sahasra shirsha purushaha
sahasrakshas sahasrapat
sa bhumim vishvato vritva
atyatishthad dhashangulam

واتە: (پوروشا هەزار سەری هەیە، هەزار چاوو هەزار قاچی هەیە. دەوری هەموو جیهانی داوە). وشەی هەزار (sahsra) بە مانای بێ کۆتا دێت لەم سوکتایەداو مانای وایە پوروشا لە هەموو شوێنێک هەیەو نەک هەر لە هەموو شوێنێک هەیەو لەناو شتەکاندایە، بەڵکو لە دەرەوەی شتەکانیشدایەو دەوری ئەوانی داوە.

واتە خالقە. سانکیا باسی لەم بابەتە نەکردووە، بەڵام پاتانجالی باوکی یۆگا ئەسڵی ئیشڤارای بە سانکیا زیاد کردووەو ئینجا سانکهیای وەرگرتووە، بەڵام هەڵەی ئێمە لەوەدایە مەقامی خالقیەت بە بەرزترین مەقام بزانین، ئایا ئەگەر خودا شتی دروست نەکردایە خودا نەدەبوو؟ سانکیا باسی بێ کۆتایی (خودا)ی کردووە نەک باسی سیفەتی خالقی ئەو.

٣٨٣- Kaivalyam.

پوروشا بێ کۆتاو فراوانە و تەنانەت هیچ وەسفێک وەسفی فراوانی ئەوی پێ ناکرێت، هەربۆیە لە پوروشا سوکتادا هاتووە:

etavanasya mahima

ato jyayagamshcha purushaha

padosya vishva bhutani

tripadasya mritam divi

واتە: (پوروشا لەوەش گەورەترە کە باس دەکرێت و هەموو بوونەوەری لە یەک لەسەر چواری وزەی خۆی دروست کردووە).

# باسی پێنجەم
# پڕاکریتی

(پڕا)[٣٨٤]یەکەم، (کریتی)[٣٨٥] کار، پڕاکریتی واتە کاری یەکەم. پڕاکریتی ڕیشەی بێ ڕیشەی جیهانی بینراوو نەبینراوە. لە فەلسەفەی ئیسلامیدا پێی دەوترێت هیۆلای یەکەم. هەموو بوونێک دەگرێتەوە بێجگە لە پوروشا. پڕاکریتی دروست نابێت، بەڵکو لە پوروشاوە دەردەکەوێت و بەهۆی ئەوەوە دەجووڵێت، هەربۆیە ناکرێت بڵێین تازەیە، بەڵکو وێنەو ناو تازەن کە لە پڕاکریتیەوە دێن. پڕاکریتی دروست نابێت، بەڵام دروست دەکات و هەموو ڕەگەزەکانی دواتر کە سانکهیا باسی کردوون لەمەوە سەرچاوە دەگرن. ئەم بوونە لە ڕێگەی تێکچوونی هاوسەنگی سێ گۆناکەوە دەردەکەوێت کە تاماس و ڕاجاس و ساتڤیکن. هەموو بوونیش لەم سێ گۆنایە دروست بووە، هەربۆیە پڕاکریتی بە دایکی بوون و پوروشا بە باوکی بوون ناودەبرێت. ئەگەر باوک نەبێت دایک بە تەنها ناتوانێت هیچ دروست بکات و ئەو کاتە شتێک نابێت بەناوی دایک. هەربۆیە لە هەندێک سەرچاوەدا بە ڕۆح وتراوە سروشت، چونکە سروشت کە پڕاکریتی پێکهێنەریەتی لە خودا (پوروشا)وە هاتووە. بەڵگەش بۆ بوونی پڕاکریتی ئەوەیە شتەکان سەرەتاو کۆتایی و ناوەڕاستیان هەیەو هیچ شتێک هەتاهەتایە بە دەرکەوتوویی نامێنێتەوە، بەڵکو سەرەتا دەردەکەون، پاشان دەژین و لە کۆتاییدا تەجەللی لەدەست دەدەن و دەبنەوە دەرنەکەوتە.

پڕاکریتی مەڵبەندو دەرکەوتەی هێزە، ئەو هێزەی کە لە هەندێک تێکستی ڤیداییدا بە (شاکتی)[٣٨٦] یان (ئادی شاکتی) و هەندێکجار بە (کوندالینی)[٣٨٧]

---

٣٨٤- Pra.

٣٨٥- Kriti.

٣٨٦-Shakti.

٣٨٧- Kundalini.

و (ماکوندالینی) ناوی هاتووە. شاکتی سەرچاوەی هەموو شتێکە بێئەوەی خۆی دروست بووبێت و لەناوبچێت. هەرچەند وەک (مایا)[٣٨٨] واتە وەهم خۆی نیشان دەدات، بەڵام ئەم وەهمە دەرخەری حەقیقەتێکی زۆر گرنگە کە بە خود ناوزەد دەکرێت، هەربۆیە تەنها خەیاڵێک کە بوونی هەیە مایایە و شێوازێکە لەو شێوازانەی کە خودا خۆی لە ڕێگەیەوە نمایش دەکات.

٣٨٨- Maya.

# باسی شەشەم
# ماهات

ماهات واتە ئەقڵی کەونی و بودهی واتە ئەقڵ تاکەکەسی. هەرچەند هەندێک کەس هەردوو وشەکە پێکەوە بەکاردێنن، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر جیاوازن. موحەمەدیەکان ئەم ڕەگەزەی نێو سانکهیا بە حەقیقەتی موحەمەدی دەدەن لەقەڵەم و پێیان وایە هەر هەبووە و دروست نەبووە. هەروەها ماهات هەمان لۆگۆسە.

ماهات ئەقڵی کەونی خودایە کاتێک وەک سروشت و بۆ سروشت دەردەکەوێت. ئەقڵێکە هەموو شتەکان پێکەوە گرێ دەدات و بێ ئەو هیچ شتێک ناتوانێت هەبێت. لەم ئەقڵە کەونییەوە ئاهەمکارا دەردەکەوێت و دێتە کایەوە کە بە مانای هەستی منێتی دێت. واتە تاوەکو ئەقڵێکی مەبەستدار نەبێت و خاوەن وجودێکی هۆشمەند نەبێت (من) ناتوانێت دەربکەوێت. کاتێک ئەم ئەقڵە باڵادەست دەبێت بەسەر مندا و باری ساتڤیک لە گوناکاندا باڵادەست دەبێت، ئەوکات مرۆڤ زانستێک بەدەست دەهێنێت کە بە (ریتامبهاراپڕاجنیا)[٣٨٩] بەناوبانگەو تیایدا یەکبوونێکی وجودی لە بوونی مرۆڤدا دێتەکایەوە. بەگشتی ماهات کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە لەوانە:

ئەدهیاڤاسایە (Adhyavasaya) واتە (تەصدیقکردن)ی بوونی شتەکان. بەهۆی ئەم تایبەتمەندیەی ماهاتەوەیە هەموو شتێک و هەموو کەسێک و تەنانەت هەموو گەردێک دەزانێت کە هەیە.

دووەم تایبەتمەندیی فەزیلەت (دهارما - Dharma)ە. (مەبەست لەو یاسا گشتییە کەونیانەیە کە مرۆڤ بە ئەنجامدانیان لە پوروشا نزیک دەبێتەوە، چونکە کاتێک دهارما ڕاگیرابێت لەلایەن دەرکەوتەیەکەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو ئاوێنەیەی تۆ پوروشای تیا دەبینێت پاک و بێگەردە. لە نموونەی ئەو کارانە خۆشەویستی و بەخشین و هەوڵدان و فێربوونە.

---

٣٨٩- Rithambharaprajnya.

سێهەم خەواسی ماهات مەعریفەیە کە هیندیەکان (جنانە)ی پێ دەڵێن. مەعریفەش دوو بەشی هەیە مەعریفەی دەرەکی و مەعریفەی ناوەکی. بە نزیکبوونەوە لە ماهات مرۆڤ دەتوانێت هەردووکیان بەدەست بهێنێت، سەرەتا زانست و مەعریفە ماددییە دەرەکیەکان لە ڕێگەی هەستەکان و زهنەوەو دواتریش مەعریفەی ناوەکی لە ڕێگەی (بودهی)[390] واتە ئەقڵی تاکەکەسیەوە بەدەست دێت. هەرچەند پەیوەستبوون بێ بوونی ماهات بوونی نییە، بەڵام یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ماهات ناپەیوەستبوونە. ناپەیوەستبوون (ڤایراگیا –Vairagya) یەکێکە لە گرنگترین سیفەتەکانی ئەقڵی کەونی، هەربۆیە ئەوانەی کە نزیک دەبنەوە لە ئەقڵی کەونی و دەگەنە مەقامێک کە تیایدا بتوانن یەک بگرن لەگەڵ ئەم ئەقڵە گشتیەدا ئیدی شتە سنوردارەکان مانایەکی دیکە لەخۆ دەگرن و ژیان دەبێت جۆرە یاریەکی ڕۆحانی کە هیندیەکان پێی دەڵێن لیلادیڤا (Lela Deva) واتە یاری خودایی. چوارەم تایبەتمەندیی ماهات حوکمڕانییە (Aishvaryam)، ئایشڤاڕام لە ئیشڤاڕاوە هاتووە. ئیشڤاڕا یەکێکە لە ناوەکانی خوداو بە مانای فەرمانڕەوا دێت، فەرمانڕەوایەک کە کەس ناتوانێت بەر بە دەسەڵاتی بگرێت. ئەقڵی گشتی فەرمانڕەوایە بەسەر هەموو سنورو تایبەتمەندی و بوون و نەبوونەکانی بووندا.

---

٣٩٠- Buddhi.

# باسی حەوتەم
# ئاهەنکارا

ئاهەم (من)، کارا (کار) ئەو دوو وشە لێکدراون کە وشەی ئاهەنکارایان پێکهێناوەو بەتەواوی مانای منێتی یان هەستی (من کردم) دێت. ئاهەمکارا پەیوەستبوونی ئاگایی کەونییە بە سنورێکی تایبەتەوەو سەرچاوەی نەزانی و ئازارو لەزەت و نەهامەتی و خۆشیی و ناخۆشیە.

هەموو بوون بۆئەوەی دروست ببێت پێویستی بەوەیە هەستێکی تیادا بێت حەز بە بوون و دروستبوون و تەکامول بکات، ئەم هەستە یارمەتیی ئێمەو هەموو گیانداران و تەنانەن هەموو گەردو گەردیلەکان و ئەلکترۆنەکان دەدات تا بتوانن بمێننەوە. ئەگەر ئاهەنکارا نەبێت هەموو بوون لەبەر یەک هەڵدەوەشێت و هەموو شتێک لەناو دەچێت.

ئەگەر ماهات ساتڤیک بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئاهەنکارا ڕاجاسەو بوون بەرەو پێگەیشتن هەڵدەنێت. کاتێک ئاهەنکارا لە بوونی مرۆڤدا دەردەکەوێت. زهن دەکەوێتە کارو بەمەش زهن دەبێت تاماس و باری تاماسی و ساتڤیکی و ڕاجاسی لە مرۆڤدا کامڵ دەبێت و دەکەوێتە کار.

# باسی هەشتەم

# ماناس

زهن کە لە فەلسەفەی ئیسلامیدا (حس مشترک)ی پێ دەوترێت، بە سانسکرێتی ماناس[٣٩١] ەو مەبەست لە نزیکترین دەرکەوتەی ئاهەنکارایەو مەبەستیش لێی ئەو مەڵبەندەیە کە هەموو زانینەکانی هەستەکانی تیاکۆدەبێتەوەو کۆتا تێکەڵبوون ڕوودەدات و بیروباوەڕی کەسەکەی لێوە دێتە بەرهەم، بۆ نموونە کەسێک بە چاوو گوڵێک دەبینێت و بە گوێ ناوەکەی دەبیستێت و بەدەست لەمسی دەکات و بە لوت بۆنی دەکات و بە زمانی تامی دەکات، ئەوکات زهن دەگاتە ڕایەکی کۆتایی کە ئەمە گوڵە.

ئێمەی مرۆڤ سێ لەشمان هەیە:

١. لەشی ئاسمانی karana Shrira کە لەگەڵ هاتنەکایەی ئاهەمکارا دروست دەبێت و مەڵبەندێکە بۆ کاری ئاهەمکارەو زۆر کاریگەرە لەسەر لەشی سوکشما.

٢. لەشی تیوار (شفاف) کە ناوی سوکشما (Sukshma)یەو لە زهن و تانماتراکان پێکدێت و کاریگەریەکانی شتەکانی دەرەوە دروستی دەکەن.

٣. لەشی فیزیکی (jada Shrira) پانجاماهابهوتانی و کارمەندریاو جنانەندریاکان پێکیدەهێنن و زهن کاریگەرییەکی زۆری دەخاتە سەر. کەواتە زهن کە یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکان دەتوانێت بەئاسانی لەش و یاساکانی لەش دەستکاری بکات و بگۆڕێت.

زهن لەلایەن (مانانا) واتە کاریگەریەکانی دەرەوەوە دروست دەبێت و یادەوەری دروست دەکات و ساماسکاراکان لەوێدا هەڵدەگیرێن و دەگوێزرێنەوە بۆ ژیانە یەک لە دوایەکەکانی مرۆڤ. لەش دەمرێت، بەڵام ساماسکاراکان کە (ڤیڤەتهاناساماسکارا)[٣٩٢] و (نیرودهاساماسکارا)[٣٩٣]ن لە زهندان نامرن و دەگوێزرێنەوە.

---

٣٩١- Manas لە هەندێک سەرچاوەی ئوپانیشادەکاندا (چیتا)ی پێ دەوترێت.

٣٩٢- ئەم جۆرە ساماسکارایانە پەیوەندییان بە لەزەتی ماددی و دەرەکییەوە هەیە.

٣٩٣- نیرۆدها ساماسکارا ئەو وێنەو بیرو کارماو حاڵەتانەی ناو زهنن کە پەیوەندییان بە لەزەتی ڕۆحانییەت و ناوەکییەوە هەیە لە مرۆڤدا.

# باسی نۆیەم
# پانجاتانماترا

پانجا واتە پێنج و تانماترا بە مانای ڕەگەزی تیوار، کەواتە ڕەگەزی پێنجەم تا نۆیەمی پلەبەندیەکەی سانکهیا پێکدێت لە پێنج ڕەگەزە تیوارەکە کە بنچینەی ڕەگەزەکانی دیکەی دوای خۆیانن.

(شابدا) هێزی بیستن، (سپاڕشا) هێزی بەرکەوتن، (ڕوپا) هێزی بینین، (ڕاسا) هێزی چێژ، (گاندا) هێزی بۆن، ئەمانە پێنج بوونی تیواری بیستن و بەرکەوتن و بینین و چێژو بۆنن. بۆ ئەم تانماترایانە نە چاو نە گوێ نە دەم نە دەست نە لوت بوونیان نابێت، بەڵکو هەستە مادديەکان کە کارمەندریایان پێ دەوترێت هەن بۆئەوەی ئەم تانماترایانە کاری خۆیان بکەن. کەواتە بیستن پێش گوێ هەیەو بینین پێش چاو هەیە، هەربۆیە زۆر کەس دەبینن بێ چاو و دەبیستن بێ گوێ.

حاڵەتی بیستن بێ چاوو بینین بێ گوێ و تەجروبەکردنی شتەکان بێئەوەی هەستە مادديەکان بەکاربێن بەئاسانی لە حاڵەتی خەواندنی موگناتیسیدا بەرچاو دەکەوێت کە ساڵی (١٩٠٠) لە ئەوروپا دکتۆر (مسمرم) بەشێوەیەکی زانستی تاقیکردنەوەی لەسەر کردو کردی بە زانستێکی تەجروبەکراوی ئەکادیمی. ئەمە بۆمان دەردەخات کە لەشی ماددی مانای بوونی مرۆڤ نییە، بەڵکو بەدەنی فیزیکی ئێمە هۆیەکە بۆ کارکردن و بەکارهێنانی تانماتراکان.[٣٩٤]

---

٣٩٤- گەلێک جار یۆگیەکان توانیویانە شتگەلێ بزانن بێ بەکارهێنانی چاوو گوێ و هەستە مادیەکان. زۆر جار ئەوان دەتوانن تەنانەت ژیانی پێشوتری کەسێک بخوێننەوەو کارماکانی هەڵسەنگێنن.

# باسی دەیەم
# پانچا جنانەندریانی

(Pancha jnanadriyani) واتە پێنج هەستەکە. ئەم پێنج هەستە کە سڕاترا (Sratra) گوێ، تڤاک (Tvac) پێست، چاکشوو (Chakshu) چاو، ڕاسانا (Rasana) زمان و گرانا (Grana) لوتن دەرگای وەرگرتنی زانیارین لە دەرەوەی لەش بۆ ناوەوەی مێشک. زهنی ئێمە کە بە هەستی شەشەم بەناوبانگە لەم پێنج هەستە خۆی بنیات دەنێت و هەموو زانیاریەکانی ناو ئاگایی بێداری لە زانیاریەکانی ئەم پێنج هەستە پێکهاتوون. ئەم پێنج هەستە هێندە بۆ وەرگرتنی ناوو ڕەنگ و فۆرمی دەرەکی گرنگن کە ماوتسی تۆنگ پێی وایە بێجگە لە زانیاریەکانی ئەوان هیچی تر ڕاست نییە. هەندێک لە زانایانی دەروونناس هەموو زانیاریەکی دیکە بێجگە لە زانیارییە وەرگیراوەکانی دەستی هەستەکان، بە وەهم و جۆرێک نەخۆشیی دەروون دەدەن لە قەڵەم. واتە هەموو عارف و یۆگی و ڕیشی و پیاوە داناکانی ئەهلی تەسەوف لە جۆرێک نەخۆش زیاتر هیچی تر نین.[٣٩٥]

ئەم هەستانە زانیاریەکان بۆ زهن وەردەگرن، بەڵام ئەو زانیاریانەی هەستەکان وەریدەگرن تەنها پەیوەندن بەم شێوە لەرینەوەیەی بوون کە بە دونیای فیزیک بەناوبانگە. هەموو یەکێک لە هەستەکان لەرینەوەی تایبەتیی خۆیان هەیە بۆ وەرگرتنی زانیاری لێی. بۆ نموونە چاو لەسەروو لەرینەوەی خۆیەوە هیچی تر نابینێت و گوێ لەسەروو لەرینەوەی خۆیەوە هیچی تر نابیستێت. واتە هێزی هەستەکان لە ڕێگەی شێوازی ئەندامی هەستەکانەوە کاری خۆی دەکات و خۆدەردەخات. ئەگەر شێوازی هەستە دەمارەکان جیاواز بوونایە، ئەوا ئەو زانیاریەی وەریان دەگرت جیاواز دەبوو، بۆیە بینینی مرۆڤ جیاوازە لە بینینی دۆلفین و ئەسپ و مانگا و مێش.

---

٣٩٥- بەڵام پاش یۆنگ ئەم ڕایە قلْپ بویەوەو دەرکەوت کە زانیاری تر هەن لە پشت زانیاریە هەستەکیەکانەوە.

# باسی یانزەیەم
# پانچاکارمەندریانی

کارمەندریانی واتە (ئەندامی کار)و مەبەست لەو شوێنانەیە لە جەستەدا کە زیاتر وەک ئەندامی کار دەناسرێن، ئەوانیش (دەنگەژێ و دەستەکان و قاچەکان و کۆئەندامی زاووزێ و کۆم)ن و بە سانسکرێتی پێیان دەوترێت:
شابدا (Shabdha)
پانی (pani)
پادە (pada)
پڕاستا (Prastha)
پایوو (Payu)
جنانەندریانی ئەو ئەندامانەن کە پەیوەندیەکی زۆریان بە هەستەکان و ئەندامە هەستەوەرەکانەوە هەیە. پەیوەندیەکەش بەم شێوەیەیە:
شابدا – دەنگەژێ پەیوەندی بە سڕاتراوە هەیە کە گوێیە و شابدا بێ گوێ سوودی نییەو بێ توانایە لە گەیاندن.
پانی – دەست پەیوەندیی بە تڤاکەوە هەیە کە پێستەو تەجەللی هەستی بەرکەوتنە، دەست بەبێ هەستی بەرکەوتن هیچ توانایەکی نییەو بێ هێزە.
پادە – کاتێک مرۆڤ چاوی دابخات ناتوانێت بەئاسانی بەڕێدا بڕوات و ئەوکات قاچی هیچ توانایەکی نابێت و کاری خۆی ناکات. کەواتە پادە (قاچ) پەیوستە بە چاکشو (چاو)ەوە.
پڕاستا – ئەندامی زاووزێ پەیوەندی بە زمانەوەیە کە ڕاسانایە. زمان هۆکاری خواردن و تامە و ئەگەر مرۆڤیش تام و خواردنی نەبێت بێگومان سێکسیشی نابێت، هەربۆیە یۆگیەکان پێمان دەڵێن دەبێت بە لێو بەلەزەتەوە نان بخۆین تا بەباشترین شێوە بتوانین سوود لەو وزەیە وەربگرین کە پاشان بۆ کاری زایندەیی بەکاردێت.

پایوو — کۆم پەیوەستە بە لوتەوە. ئەوانەی لە حاڵەتی مردندان یەکەمجار بۆنیان نامێنێت و پاشان تام و دواتر چاویان و ئینجا هێزی بەرکەوتن و کۆتا شوێن گوێکانیان لەکار دەکەوێت. ئەوانەی دووچاری تێکچوونی هێزو کۆم دەبن و ئەوانەی گرفتی ڕیخۆڵەیان بۆ دروست دەبێت لەو کەسانەن کە یان دووچاری تێکچوونی لوت و بۆن بوون، یان توشی دەبن. لوت پەیوەستە بە کۆمەوە.

# باسی دوانزەیەم
# پانچا ماهابهوتانی

ماهابهوتانی واتە ڕەگەزەدروستکارەکان یان ڕەگەزە چڕەکان، یان ڕەگەزە گەورەکان. ئەم ڕەگەزانە بوونی ماددیان پێکهێناوە، بەشێوەیەک کە پانچاتانماتراو پانچاجنانەندریا و پانچاکارمەندریاکان بەبێ پانچا ماهابهوتانی ناتوانن دەربکەون و کار بکەن، هەربۆیە ڕەگەزەکان ڕێگەو شوێنی دەرکەوتنی هێزەکانی دیکەن هەر لە پوروشاوە تا پڕاکریتی و ماهات و ئاهەنکارەو ماناس و (پانچاتانماتراو پانچاجنانەندریا و پانچاکارمەندریا). ڕەگەزەکان ئەمانەن:

ئاکاشا (Akasha) واتە فەزا. ئاکاشا یەکەمجار پێش هەموو ڕەگەزەکانی دیکە دەرکەوتووە. ئاکاشا دۆخی پێنجەمی ماددەیە کە بە دۆخی ئێکس (X) بەناوبانگە، واتە ئەو دۆخە ونەی پاش ماوەیەکی زۆر دۆزرایەوە و گەلێ تیوارە.

شایەنی باسە فەیلەسووفانی یۆنان و بابلیەکانیش باسی ئەم دۆخەیان نەکردووەو بۆ یەکەمجار سانکهیا لێی دواوە. سوامی مادهاڤانادا دەربارەی ئەم ڕەگەزە دەڵێت: "پەیوەستە بە هەستی بیستنەوە و بەرپرسی تەوازن و ئارامیە، ئاکاشا لە تەواوی دەمارەکان و خانەکان و خوێنهێنەرو خوێنبەرەکاندا بوونی هەیەو بە نەمانی ئاکاشا هەموو ئەندامەکان لەناودەچن".

ڤایوو (Vayu) واتە هەوا. هەوا پێش ڕەگەزەکانی دواتر دەرکەوتووە. ڤایوو دۆخی پلازمای ماددەیە. کۆنترۆڵی زهن و هەناسەو سوڕی خوێن و قسەو جووڵەی خواردن دەکات.

ئاگنی (Agni) ئاگنی واتە ئاگرو بە دۆخێکی گەرمی ماددە دەوترێت کە گەرم و هەڵمیە، واتە بە ماددە دەوترێت لە دۆخی هەڵمیدا. ئاگنی لە لەشدا بەرپرسی میتابۆلیزم و بینین و بیرکردنەوەو کارکردنە هەروەکو چۆن کۆنترۆڵی سوڕی کارەبایی لەش دەکات.

ئاپاس (Apas) ئاو، مەبەست لە هەموو شلیەکە، مەبەست لە ماددەیە لە دۆخی شلیدا. لە لەشدا بەشێوەی ئاوو و خوێن و میز و لیک و عەرەق و زراوو لینف دەردەکەوێت.

پریتیڤی (Prithivi) واتە خاک. مەبەست لە پریتیڤی بوونە بەشێوەی خاک، یان بوونە بەشێوە ڕەقی لەمس کراوە. ڕەگەزی خاک لە بووندا بەرچاوترین و دیارترین ڕەگەزە کە بەئاسانی هەستی پێ دەکرێت. پریتیڤی لە لەشدا پەیوەستە بە پەیکەری لەشەوە.

هەریەک لەم ڕەگەزانە پەیوەستن یەکێک لە پانجاتانماتراکان و پانچاجنانەندریانەکان و پانچاکارمەندیاکانەوە کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاکاشا | ← | شابدا | ← | سرۆترا | ← | شابدا |
| ئەزا | | هێزی بیستن | | گوێ | | دەنگوزی |
| ڤایو | ← | سپارشا | ← | تڤاک | ← | پانی |
| هەوا | | هێزی بەرکەوتن | | پێست | | دەست |
| ئاگنی | ← | روپا | ← | چاکشو | ← | پادە |
| ئاگر | | هێزی بینین | | چاو | | پێ |
| ئاپاس | ← | راسا | ← | راسانا | ← | پوراستا |
| ئاو | | هێزی چەشتن | | زمان | | کۆئەندامی زاووزێ |
| پریتڤی | ← | گاندها | ← | گرانا | ← | پایوو |
| خاک | | هێزی بۆنکردن | | لوت | | کۆم |

تانماترای خاک (پریتیڤی) هێزی بۆنکردن (گاندها)یەو بۆن لە خاکدا ڕەگەزی زاڵە، هەروەها ئەندامی هەستەوەری پەیوەند بە خاکەوە لوت (گرانا) یە کە لە ڕێگەیەوە هەست بە بۆن دەکرێت و ئەندامی کار (کارمەندریا) یشی کۆم (پایوو)ە. لێرەدا دەبێت ئەوە بزانین کە کاتێک ڕەگەزی خاک لە لەشدا تێک دەچێت، ئەوا ئەندامی هەستەوەر(جنانەندریا) بەتەواوی کاری خۆی ناکات و بەو هۆیەشەوە ئەندامی کار ناتوانێت هەستێت بە ئەرکی خۆی و مرۆڤ دووچاری گرفت دەبێتەوە لە کۆمدا. ئەو گرفتەش لەوانەیە بەهۆی تێکچوونی حەزی مرۆڤەوە بێت بۆ خواردن، چونکە بە تێکچوونی هەستی بۆن مرۆڤ بەشێک لە ئیشتیهای لەدەست دەدات بۆ خواردن.

تانماترای ئاو (ئاپاس) بە سانسکرێتی و لە سانکهیادا پێی دەوترێت ڕاسا واتە هێزی چەشتن و جنانەندریاکەی زمان (ڕاسانا)یە. لێرەدا مەبەست لەوەیە زمان هۆکاری هەستەکی چەشتنە کە بەبێ ڕەگەزی ئاو و بوونی دۆخی شلّی ئەم چەشتنە ڕوونادات. کارمەندریای پەیوەست بە ڕاساناوە کۆئەندامی زاووزێیە. واتە ئەگەر ئاو نەبێت و شلەمەنی بوونی نەبێت، ئەوا کۆئەندامی زاووزێ کە کاری زیادبوونە لە ڕێگەی مەنی (ڤیریا)وە ناتوانێت کاری خۆی بکات. کەواتە زیادبوونی ڕەگەزی ئاو کاری لەسەر ئەندامی زاووزێ هەیە.

بەهەرحاڵ، ئێستا دەبێت ئەوە بزانین هەموو دونیای ماددی لە پێکەوەبوون و ئاوێزانبوونی ئەم پێنج ڕەگەزە دروست بوون و ئەم پێنج عونسورە تایبەتمەندیی تایبەتی خۆیان هەیە کە لە خوارەوە بەکورتی باسیان دەکەم:

پریتیڤی- دەبێتە هۆی ڕاگیربوون و چەسپاوی و ماددیەت و فۆرم.

ئاپاس- ڕۆیشتن، نەرمی، شێداری، شلّی، مەیل و حەز.

ئاگنی- سوتان، گەرمی، نور، سوکی، سەرکەوتن بەرەو سەر.

ڤایوو- لەرینەوە، جێگۆڕکێ، ساردی، هەست.

ئاکاشا- بەتاڵی، فەزا، نەبوون.

# بابەتی دووەم
# تری گۆنا

ساتڤیک[396] (ڕووناکی) و ڕاجاس[397] (لێڵی) و تاماس[398] (تاریکی) ئەو سێ کەیفیەتەن کە لە سانکهیا و یۆگادا بە تری گۆنا[399] بەناوبانگن.

(تری) واتە سێ، (گۆنا) بە مانای کۆت و بەند دێت. مەبەست لەم ناوە ئەوەیە کە کاتێک وزەی ئاگایی جیهانی (پوروشا) ویستی دروست بوون ڕووبدات خۆی دەرخست لە ڕێگەی سێ قفڵ و بەندو کۆتە وزەییەکەوە کە ساتڤا[400] و ڕاجاس و تاماسن. لەم سێ گۆنایە و پێکەوەبوون و دەرکەوتنیان جیهانی بوون دروست دەبێت. ئەگەر ئەم سێ گۆنایە نەبن جیهان بوونی نابێت. کریشنا لە بهاگاڤادگیتادا دەڵێت من خۆمم لە ڕێگەی سێ گۆناکەوە دەرخستووە. هەروەها دەڵێت: "سروشتی ماددی (پڕاکریتی) لە سێ کەیفیەت (گۆنا) دروست بووە، ساتڤیک، ڕاجاس و تاماس. ئەی چەکداری گەورە ئەرجونا، کاتێک کە بوونەوەری زیندوو (دهینام) پەیوەندی دروست کرد لەگەڵ وێنەی ماددی، ئەوا بەهۆی ئەم سێ گۆنایەوە کۆت دەکرێت".

بەکورتی کاتێک پوروشا دەیەوێت هەبێت لە ڕێگەی دەرخستنی گۆناکانەوە خۆی دەردەخات، و دەرکەوتنی ئەوانیش واتە دەرکەوتنی پڕاکریتی، پڕاکریتی لە ڕێگەی ئەم سێ گۆنایەوە دەرکەوتووە.[401]

زاناو نووسەری گەورە (ئەبو ڕەیحانی) بیرونی لە تەفسیری یەکێک لە ئایەتەکانی سانکهیادا دەڵێت: "ماددەی ڕەها (کە مەبەستی پڕاکریتیە) پێی دەوترێت (ئاڤیاکتا) واتە دروست نەبوو. ئەم ماددەیە سێ گۆنای هەیە کە

---

٣٩٦- Satvic.

٣٩٧-Rajas.

٣٩٨- Tamas.

٣٩٩- Tri Gona.

٤٠٠- یان ساتڤیک.

٤٠١- بهاگاوادگیتا همان گونه که هست. ا.چ. بهاکتی ودانتا سوامی پرابهوپادا. مترجمان: فرهاد سیاهپوش، بزرگ مهر گل بیدی، الهه فرمانی. پاییز ١٣٧٩. ف ١٤، ٦٣٥

ساتڤا و ڕاجاس و تاماسن. بیستومە بوودا پێیان دەڵێت سێ گەوهەرەکە"[٤٠٢].
تری گۆنا دروست نەبوون، بەڵکو هەموویان لەناو ساتڤیکدا لە هاوسەنگیدا بوون، وەکو دەریایەک کە تەواو ئارام و هێمنە، بەڵام کاتێک ئەم دەریایە شەپۆلیدا، ئەوا سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێت. هەروەها سەرەتا ساتڤیک هەبوو بێئەوەی هیچ ڕەنگ و فۆرم و شێوەیەک بوونی هەبێت، کە ساتڤیک لە هاوسەنگی لایدا ڕاجاس پەیدابوو و لەویشەوە تاماس. بوون پێکدێت لە کێشمەکێشم و بێنەوبەردەی ئەم سێ گۆنایە کە هیچ نین جگە لە دەرکەوتەی پوروشا.
ئەگەر کەسێک بگاتە پوروشا و یەکبوون ڕووبدات لەگەڵیدا، ئەوا لەژێر کاریگەری گۆناکاندا نامێنێت. ڤیدا و زانستەکانی بەتایبەت یۆگا و سانکهیا لەم پێناوەدا کاردەکەن کە مرۆڤ بگەیەننە ئەو پلە باڵایەی کە ئەم پادشای بوون بێت نەک بوون لە ڕێگەی ئەم سێ گۆنایەوە پادشای ئەو بێت. پاتانجالی لە بەشی چوارەمی یۆگاسوترا ئایەتی (٧)دا دەڵێت:
"ئیشوکارەکانی کەسێک کە ڕووناک بووەتەوە نە ڕەشە و نە سپی، بەڵام کرداری خەڵکی تر سیانییە"[٤٠٣].
بۆ بەئاسانی تێگەیشتن لەم سێ گۆنایە دەست دەدەمە شیکردنەوەی هەریەک لە گۆناکان بەشێوەیەکی ورد.

---

٤٠٢-بڕوانە (س ١٤، ل ٧٤).
٤٠٣-کەسی ڕووناک کەسێکە گەیشتبێتە سامادهی یان موکشا. ڕەش و سپی مەبەستی لە تاماس و ساتڤیکە. سیانەیی مەبەستی لە سێ گۆناکەیە. بڕوانە (س ١٤، ل ١٥٠ ).

# باسی یەکەم
# ساتڤیک

ساتڤیک واتە ڕووناک، پاک، هاوسەنگ، کەیفیەتێک کە تیایدا هەموو شتێک باشە.

لە تێکستی ڤیدادا باس لە برەهما و ڤیشنۆ و شیڤا دەکرێت و هەندێک بە سێ خواکەی نێو ڤیدا ناوی دەبەن. لە ڕاستیدا (برەهما) کە بە مانای خالقی بوونەوەر دێت، بەرابەرە بە ساتڤیک لە سانکیادا. کە ئەگەر ساتڤیک یان برەهما نەبووایە هیچ شتێک بوونی نەدەبوو، یان ئەگەر ئەو نەیویستایە هیچ نەدەهاتە بوون، هەربۆیە سانکیا پێی وایە خالقێک بوونی نییە، بەڵکو کاتێک ساتڤیک دەلەرێتەوەو دەجووڵێت، شتەکان دەردەکەون و ماهات و ئاهەنکاراو ماناس و پانجاتانماترا و هتد... یەک بەدوای یەکدا دێن.

ساتڤیک جەوهەری ڕووناکیەو ڕووناکی بەخشە، بۆ نموونە ڕەگەزی ساتڤیک لە ئاگردا باڵادەستە، هەربۆیە ئاگر گەرم و سوک و ڕووناکەو بەرەو سەر دەڕوات.

ساتڤیک دەرکەوتەی هوشیاری کەونییە، واتە ماهات لەسەر شێوەی ساتڤیک دەردەکەوێت و خۆی نمایش دەکات. هەر شتێک ڕووناک و باش و پاک و خێربەخش و دروستکەر بێت پێی دەوترێت ساتڤیک یان گۆنای ساتڤیکی تیا زاڵە وەکو ئاگرو بەهارو منداڵ و پێکەنین و دروستبوون.

کاتێک لەشی مرۆڤ لە هاوسەنگیدا بوو، هەستی سوکی و دڵخۆشی و کامڵی و پیرۆزی تیا بەرقەرار بوو، ئەوا پێی دەوترێت ئەو لەشە گۆنای ساتڤیک تیایدا باڵادەستە. کریشنا بە ئەرجونا دەڵێت: ”گۆنای ساتڤیک کە پاکترین و ڕوونترینە لەناو سێ گۆناکەدا، مرۆڤ لە هەموو کاردانەوەکانی تاوان ڕزگار دەکات، کەسانێک کە لەم بارەدان بەهۆی خۆشبەختی و زانینەوە کۆت دەکرێن“.

هەروەها دەڵێت: ”ئەو کاتەی دەرگاکانی لەش بە نوری زانین ڕووناک بوونەوە

دەتوانرێت ئەزموونی ساتڤیک بکرێت".

کردارێک کە لەپێناوی سوودی گشتی و خۆشەویستی کەونیدا ئەنجام درابێت پێی دەوترێت ساتڤیک، واتە هەر کردەوەیەک بێبەری بوو لە خۆپەرستی (ئاسمیتا) و ئەنانییەت، ئەوا ساتڤیکە. لە ڤیداکان و گیتادا وتراوە کە هەر کردارێک بۆ خودا بوو ساتڤیکە، ئەمە مانای وایە هەر کردارێک تەریب بوو بە نەفس لە دەرەوەی ساتڤیکە.

لەناو خواردنەکاندا ئەگەر سەیری ساتڤیک بکەین دەبینین هەر خواردنێک لە پاش خواردنی مرۆڤ هەستی بە شادی و سوکی و هێز و وزە کرد، ئەوا ئەو خواردنە یان ئەو خواردنەوەیە ساتڤیکە. خواردنی ساتڤیک لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت و ئەم مەسەلەیە لە ئایورڤیدادا بەدرێژی باسی کراوە. گرنگ ئەوەیە خواردنی ساتیڤیک هاوسەنگی لەش تێک نادات، بەپێچەوانەوە هاوسەنگی لەش ڕادەگرێت و هێزی پێ دەبەخشێت. لەسەر ئاستی چاکراکانیش هەموو چاکرا کەونییەکان کاتێک ساتڤیکن کە لەگەڵ سوڕانەوەی زەویدا بێنەوەو بەپێچەوانەی ئەوەوە هەنگاو نەنێن، بەڵام بەگشتی لە ئەجرامە سەماویەکان و تالعە مرۆییەکاندا خۆر کە بە سانسکرێتی (Surya)یە و مانگ (Moon) واتە چاندرا (Chandra) و موشتەری (Jupiter) کە بە سانسکرێتی گورو (Guru) ە گۆناکەیان ساتڤیکە.

لەنێو چاکراکانی لەشی مرۆڤیشدا لە نۆ چاکرای یەکەم بەرەو سەر کە (ئاناهاتا و ئاجناو ساهسراران ساتڤیک)ن، واتە ئەگەر لە خوارەوە چاکراکان بژمێرین، ئەوا )ئاتال و ڤیتالا و سوتالا و تاتالا و ڕاساتالا و ماهاتالا و پاتالاو مۆلادهارا و سوادهیستانا و مانی پورا ساتڤیک) نین.

# باسی دووەم
# ڕاجاسیک

گۆنای ڕاجاس یان ڕاجاسیک جووڵێنەرەو لە تەسەوفی ئیسلامی و هەندێکجاریش لە گیتادا بە شەهوەت ناوی براوە. وەک چۆن هەور لەنێوان ئەرزو ئاسماندایە ڕاجاسیش لەنێوان ساتڤیک و تاماسدایە. وەک ئاوێکی لێڵە نە زۆر ڕوونە و نە زۆر لیتەیە.

تایبەتمەندیەکانی ڕاجاس ئەمانەن: هەڵچوون و داچوون، جووڵەو ئەملاولاکردن، لەرینەوە، هاندان، چالاکی و وزە.

کریشنا دەڵێت: "ڕاجاس لە ئارەزوو حەزی زۆرەوە سەرچاوە دەگرێت"[٤٠٤].

کردەوەی ڕاجاسی ئەوەیە کەسێک لە کارێکەوە دەچێت بۆ کارێکی تر، بیرۆکەی کارێکی بۆ دێت و ئەنجامی دەدات، بەڵام بە نیوەناچڵی. هەروەها کاتێک کارێک دەکات چاوەڕێیە کەسێک پاداشتی بداتەوە، واتە لەپێناو پاداشتدا کار دەکات. کەسی ڕاجاسی زوو هەڵدەچن و توڕە دەبن.

نموونەی خواردنی ڕاجاس وەک بەهارات و لیمۆی ترش و شەراب و ئەو خواردنانەی کە وا لە مرۆڤ دەکەن بیری بڵاوو پڕ چالاکی بێت.

لەنێو وەرزەکاندا هاوین کە پڕە لە وزە، بەڵام وزەیەکی هیلاککەر بە ڕاجاس ناو دەبرێت.

لەنێو چاکرا کەونییەکانیشدا عەتارد (Mercury) کە بە سانسکرێتی بوودا (Budha)یە و زوهرە (Venus) کە بە سانسکرێتی شوکرا (Shukra)یە گۆناکەیان ڕاجاسە.

لەناو چاکرا مرۆییەکانیشدا چاکرای سوادهیستانا کە پەیوەندی بە سێکسەوە هەیە گۆناکەی ڕاجاسە.

کەسانی ڕاجاسی توڕە و هەڵەشە و حەزپەرستن و زۆر تێکەڵ بە خەڵکی دەبن و قسە زۆر دەکەن.

---

٤٠٤ - بهاگاوادگیتا همان گونه که هست. ا.چ. بهاکتی و دانتا سوامی پرابهوپادا. مترجمان: فرهاد سیاهپوش، بزرگ مهر گل بیدی، الهه فرمانی. پاییز ١٣٧٩. ف ١٤، ل ٦٣٧

# باسی سێهەم
# تاماس

تاماس ڕەگەزی تاریکی و خەم و قورسی و ناهاوسەنگی و مردن و بێ جووڵەیی و ڕق و حەزنەکردنە. تاماس بەتەواوی دژی ساتڤیکە.

مادده و خاک ڕەگەزی پەیوەنداری تاماسە بەپێچەوانەی ئاکاشاوە کە ڕەگەزی پەیوەنداری ساتڤیکە.

ئەگەر برەهما ساتڤیک و ڤیشنۆ ڕاجاس بن، ئەوا تاماس شیڤایەو و شیڤاش خوداوەندی کاولکاری و لەناوبردنە. مانای وانییە خودا تاریک و خراپە، بەڵکو هێزی لەناوبردنیش هەر هیچزی خودایە.

خۆراکە تاماسیەکان بەگشتی و زۆرینەی کات گۆشت و خۆراکی گەنیوو میوەی خراپ و شتی زۆر تاڵ و زۆر ترشن.

لە کرداردا کەسێک کە گۆنای تاماس باڵی کێشاوە بەسەریدا زۆر تەمبەڵ و بێ حەواسەو بەکوردی تاقەتی هەناسەدانیشی نییە. کەسانی زۆر بەخیل و ناچالاک و لێنەهاتوون.

لە چاکرا کەونییەکاندا زوحەل (Saturn) کە بە سانسکرێتی شانی (Shani) یە گۆناکەی تاماسە، هەروەها مەریخ (Mangala) گۆناکەی تاماسە. لەنێو چاکرا مرۆییەکانیشدا مۆلادهارا کە یەکەم چاکرایە گۆناکەی تاماسە.

دەربارەی زاڵبوونی گۆناکان لە بووندا سوامی شیڤاناندا دەڵێت: "کاتێک ڕاجاس باڵا دەبێت، ساتڤیک و تاماس لاوەکی دەبن، وە کاتێک ساتڤیک باڵا دەبێت ڕاجاس و تاماس لاوەکی دەبن، وە کاتێک تاماس باڵا دەبێت ساتڤیک و ڕاجاس لاوەکی دەبن".

لە سەرەتاوە تەنها ساتڤیک هەبووە، چونکە تاماس لە ڕاجاس و ڕاجاس لە ساتڤیکدا حەشار درابوو، بەڵام دواتر بۆ دروستبوون ساتڤیک کەوتە جۆش و ڕاجاس دەرکەوت و ڕاجاس خاوبوویەوەو بێ هێز بوو تا لە کۆتاییدا تاماس دەرکەوت. ئێمە دەبێت کۆنترۆڵی ڕاجاس و تاماس بکەین و خۆمان لە ساتڤیکدا بهێڵینەوە.

# بابەتی سێهەم
# باسی یەکەم
# چۆن دروست بوون ڕوودەدات؟

بۆئەوەی لەوە تێبگەین فەلسەفەی سانکیا کە بنچینەکەی لە ڤیداوە هەڵقووڵاوە، چۆن دەڕوانێتە کرداری دروستبوون پێویستی بە خێرایی بچینەوە بەسەر ڕەگەزەکاندا.

سەرەتا تەنها ئاگاییەکی ڕووت و بێ هیچ پێشینەو پاشینەیەک هەیە و هەبووە کە بە پوروشا ناوزەد کراوە. پاشان پوروشا دەیەوێت دەربکەوێت. پوروشا بە خۆی لە خۆی بۆ خۆی لەناو خۆی، بێئەوەی هیچ لە خۆی بگۆڕێت و بێجگە لەو هیچ بوونی هەبێت، لە ڕێگەی لەرینەوەیەکەوە وایکرد پڕاکریتی دەربکەوێت. دەرکەوتنی پراکریتی واتە دروستبوونی ڕاجاس و تاماس و ساتڤیک. پاشان تری گۆنا بووە هۆی پێکهێنانی ماهات و ئاهەنکاراو ماناس. ئەم پێکهێنانەش بەشێوەیەک بوو کە ساتڤیک (ماهاتی) دروست کردو ڕاجاس (ئاهەنکارا) و تاماس (ماناسی) دروست کرد.

سەرەتا لەبەرئەوەی تەنها ساتڤیک هەبوو، کەواتە سەرەتا تەنها ماهات هەبوو. ماهات ئەقڵی کەونییە. ئەقڵی کەونی ویستی خۆی بهێڵێتەوەو دەرکەوێت و بگات بە نەمری. هەستی مانەوەو پاراستنی سنورەکان وای کرد ڕاجاس باڵادەست ببێت و ئاهەنکارا واتە هەستی منێتی دروست ببێت. گۆنای زاڵی نێو ئاهەنکارا ڕاجاسە، واتە شتێک لە شەڕدایە بۆ مانەوە، شەڕ بۆ مانەوە تاماسی بەرهەم هێنا کە بووە مایەی دەرکەوتنی زهن (ماناس). بیروڕای نەکوشتن و ئازارنەگەیاندن (ئاهیمسای یۆگا) پەیوەندی بەم خاڵەوە هەیە، هەموو شتێک هەوڵ بۆ مانەوە دەدات، ئەگەر ئەم هەوڵە زیاد لە بڕی پێویست بوو، ئەوا زیانبەخشەو ڕاجاس پێکدێنێت.

لەلایەکی دیکەوە ئاهەنکارە دەیویست لە پێنج ڕێگەوە خۆی بپارێزێت، یەکەم ڕێگە هێزی بیستن بوو. هێزی بیستن واتە ئەوەی کە ئاهەنکاراو ماهات

دەیانویست بۆ مانەوەی خۆیان لەرینەوەکانی دیکە بخوێننەوە. هێزی بیستن پەیدا بوو. هێزی بیستن لەبەرئەوەی سنوردارتر بوو لە ماهات و لە ئاهەنكارا، لەگەڵ بەشێک لە تاماس یەکی گرت. واتە ڕەگەزی تاماسی زیاتر تیا باڵادەست بوو، بەهۆی ئەم باڵادەستیەی تاماس لەناو هێزی بیستن (شابدا)دا هێزی بەرکەوتن (سپارشا) دروست بوو. بەهەمان میکانیزمی پێشتر و زاڵبوونی یەکەیەک ڕەگەزی تاماس لەناو هێزی بەرکەوتندا، هێزی بینین (ڕوپا) دروست بوو. بە یەکگرتنی وەحدەیەکی دیکەی تاماس لەگەڵ بینین هێزی چێژ (ڕاسا) دروست بوو، کەواتە هێزی چێژ پێکدێت لە هێزی بیستن بەکۆ لەگەڵ سێ یەکە تاماس. دواتر بە زاڵبوونی زیاتری تاماس لە هێزی چێژدا هێزی بۆن (گاندها) هاتەکایەوە.

ئێستا ئێمە هێزی بیستن و بەرکەوتن و بینین و چەشتن و بۆنکردنمان بۆ دروست بوو، ماوەتەوە پێنج ئەندام دروست ببێت بۆ کارکردنی ئەمانە. گوێ (سراترا) دروست بوو تا بیستن کار بکات. پێست (تڤاک) دروست بوو تا بەرکەوتن کار بکات. چاو (چاکشو) دروست بوو تا بینین کار بکات. زمان (ڕاسانا) دروست بوو تا چەشتن کار بکات و گرانا واتە لوت دروست بوو تا بۆن کار بکات، بەڵام پێش ئەوەی چاوو گوێ و لوت و زمان دروست ببن دەبوو شتێک هەبێت تا بۆن بکرێت و تام بکرێت و ببینرێت و لەمس بکرێت. هەربۆیە هێزی بیستن واتە (شابداتانماترا) لەگەڵ زەڕەتێک لە تاماس یەکی گرت و ئاکاشا پێکهات. ئاکاشا واتە فەزا، فەزاش ئەو شوێنەیە کە تیایدا شەپۆل و لەرینەوە هەن، تیایدا دەنگ هەیەو پێویستە شتێک ببیستێت. کەواتە گوێ هەیە بۆ بیستنی دەنگەکانی ناو ئاکاشا لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە.

پاشان بە یەکبوونی هێزی بیستن و هێزی بەرکەوتن (واتە شابداتانماترا و سپارشاتانماترا) ڤایوو (هەوا) پێکهات. هەوا بە چڕبوونەوەی گۆنای تاماس پەیدابوو کە لە یەکگرتنی هێزی بیستن و بەرکەوتن پێکهات. واتە جووڵەی زۆر ناسک و لەرینەوە کەونییەکان کە تەنها بیستن هەستی پێ دەکردن، خاو بووەوەو تەمبەڵی تاماسی دایگرتن و ئەمەش وای کرد بەردەست بکەون و هەستی لەمس هەستیان پێ بکات، کەواتە پێست هەیە تا هەست بە لەرینەوەی

تەمبەڵی هەوا بکات. هەوا چڕترە لە فەزا (ئاکاشا).
بەیەکبووی هێزی بیستن و بەرکەوتن و بینین کە سێ وەحدە تاماسیان تیایە ئاگر پێکدێنن.
ئاگر لە هەوا تەمەڵترو چڕترە.
ئاگر ڕووناکیەو مایەی بینینی شتەکانە، کەواتە چاو ڕێگەیەکە بۆ بەکارهێنانی هەستی بینین لەپێناوی بینینی ڕووناکیدا.
هەستی بیستن و بەرکەوتن و بینین و چەشتن بوونە هۆی پێکهێنانی ئاو (ئاپاس). ئاو لە چوار یەکە تاماس پێکهاتووەو خێراییەکەی کەمترە لە ئاگرو چڕترە لە ئاگر. بەپێچەوانەشەوە چونکە ئاگر یەکەیەک ساتڤیکی زیاترە لە ئاوو خێراییەکەی زیاترو چڕیەکەی کەمترەو لەهەمانکاتیشدا سوکترە.
خاک لە یەکبوونی هەر پێنج هێزی بیستن و بەرکەوتن و بینین و تام و بۆنەوە پەیدا بووە، بۆیە خاک (پریتیڤی) لە ئاکاشا و ڤایوو ئاگنی و ئاپاسیش قورسترو چڕترە.
ئێستا بێینە سەر باسکردنی کارمەندریاکان و پەیوەندیی ئەوان بەم زنجیرە دروستبوونەوە.
شابدا کە دەنگەژێیە پێویستی بە فەزا هەبوو تا بتوانێت کار بکات. ئێستا هەموو شوێنێک لە جیهان و بووندا بەبێ بۆشاییەک ناتوانێت دەنگی تیا بەرهەم بهێنرێت و تەنانەت قورگی ئێمە وا گونجاوە کە وەک سندوقێکی بەتاڵ وابێت بۆ بەرهەمهێنانی دەنگ و ئاراستەکردنی لەرینەوە دەنگیەکان. زانستی تازە پێی وایە مەودای ئەم بۆشاییە کە زۆر کەمە دەگاتە یەک لە (١٠) تریلیۆن بەشی سانتیمەترێک.
پانی (دەست) کە ئەندامی کاری پێستەو بۆ بەرکەوتن بەکاردێت پێویستی بە هەوا هەبوو تا بتوانێت بەرکەوتن بناسێتەوە، هەربۆیە لەشی ئێمە وا گونجاوە کە لە ڕێگەی جووڵەیەکی کارەباییەوە (جووڵە واتە هەوا) شتەکان بناسێتەوە.
زانستی پزیشکی لە دەمارناسیدا بەوردی باسی کاری دەمارەکانی کردووە کە چۆن لە ڕێگەی ساینەپسەکان (واتە سەرەتاو کۆتایی دەمارەکان)و ئەوانیش لە ڕێگەی کارلێکە کیمیاویەکانەوە بەشێوەی کارەبایی هەستەکان دەگوازنەوە.

گرنگی بینین و چاو لەوەدایە کە دەبێت مرۆڤ پێشی خۆی ببینێت و بزانێت چۆن و چی لە دەوروبەری هەیەو ئاراستەی ڕۆشتنی خۆی دیاری بکات، پێ (پادە) هۆکارێکە بۆ ئەنجامدانی فەرمانی بیستن و چاو بۆ ڕۆشتن بە ئاراستەدا. لەڕووی کەونییەوە (پێ) واتە لەشێکی ماددی تەواو کە بتوانێت بگەڕێت.

کۆئەندامی زاووزێ بۆ ئەوەیە کە پاش پیربوونی ئەو لەشە ماددیە لەشێکی تر بەرهەم بهێنێت، لەپێناوی ئەوەدا کە بمێنێتەوە (ئەمە مانای بوونی ڕەگەزی ئاهەنکارایە). کۆئەندامی زاووزێ سەرەنجامی یەکگرتنی تام و هێزی ئەو خواردنانەیە کە زمان و هەستی چەشتنی پێ تێر دەکرێت بەمەبەستی دروستکردنی لەشێکی تر.

کاتێک تاماس کە گۆنای خاکە زیادبوو لە لەشدا کۆم (پایوو) هەڵدەسێت بە کردنە دەرەوەی ئەو پاشەڕۆ تاماسیەی کە بە مانەوەی لەش دەخاتە بەر مەترسی.

لەشی ماددی کەون دروست بووە تا خۆی بپارێزێت و بمێنێتەوە لە ڕێگەی ناسینەوەی لەرینەوە کەونییەکان و سوتاندنی هەندێکیان و شلکردنەوەی هەندێکی تریان بۆئەوەی بەئاسانی بەکاربهێنرێن و خۆیان پێ نوێ بکاتە تا خۆی لە مردن پێ بپارێزێت. هەروەها لەشی ماددی مرۆڤیش بەهەمان شێوەی کەون، دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو ڕەگەزانەوە کە باسمان کردن خۆی بپارێزێت و لەرینەوە دەنگی و تامەکان بناسێتەوەو هەندێک لە خۆراکەکان لە ڕێگەی میتابۆلیسمەوە بسوتێنێت و بیانکاتە سائیلێکی وا کە بتوانرێت لە لەشدا بگۆڕێتە خانە و هێزی ئەلکتریکی و موگناتیسی کە هۆکاری مانەوەی بەردەوامیی لەشن.

بەپێی ئەم بابەتەی سەرەوە هەموو شتێک لە بووندا و بە بوونیشەوە هەوڵدەدەن بۆ مانەوە، ئەمە کاری ئاهەنکارەیە کە ماهات پیلان بۆ داڕێژەریەتی. ماهات هیچ نییە مەگەر ئاوێنەی پورشا نەبێت، چونکە ماهات نزیکترینە لە پوروشاوە[٤٠٥]. کەواتە خودا دەیەوێت وەک گەوهەرێک دەرکەوێت و بمێنێتەوە. ڤیدا دەڵێت: "ئەم جیهانە یاری خودایەو خودا لەزەت لەم یاریە دەبینێ". وەنەبێت وردەکاریی تەواوی ئەم کەونە ماددیە زانرابێت، تەنانەت تاوەکو ئێستا

٤٠٥- بۆیە بایەزید دەڵێت ئەی خودایە من ئاوێنەی تۆم.

زانستی فیزیا نەیتوانیوە پێناسەیەکی تەواو بدات بەدەستەوە بۆ بارستەو قەبارەی ئەو شتەی کە ئێمە پێی دەڵێین بچووکترین بەشی مادده کە زۆرینەی تیۆریەکانی دەچنەوە سەر، چجای ئەو هەموو لێکچوونە کەونییەی کە لەنێوان ڕەگەزەکاندا هەیە.

بەهەرحاڵ ڤیدا و سانکهیا دەرگا دەکەنەوە بۆ زانستێک کە بە زانستی ڕۆح کۆتایی پێ دێت، ئەو ڕۆحەش پوروشایە.

# باسی دووەم
# جیهانی گەورەو جیهانی بچووک

هەرچەند سانکهیا بڕوای بەوە نییە کە خودایەک ئەم جیهانەی دروست کردبێت کە پاشتر بەڕوونی ڕوونی دەکەینەوە، بەڵام سەرچاوەی ئەم فەلسەفەیە (واتە سانکهیا) دەگەڕێتەوە بۆ ڤیداکان.

ڤیداکان باس لە دوو زات دەکەن، زاتی یەکەم پوروشایەو زاتی دووەمیش هەر پوروشایە. پوروشا بە مانای کەس دێت، کەواتە ئێمە دوو کەسمان هەیە کە لە خوارەوە بەکورتی تایبەتمەندی ئەم دووانە باس دەکەین کە بە پوروشای گەورەو پوروشای بچووک ناوم بردون:

| پوروشای گەورە | پوروشای بچووک |
|---|---|
| سەرتاپا ئاگاییە. | سەرتاپا ئەقڵە |
| پێکنەهاتووەو پێکدێنێت. | پێکهاتووە و پێکدێنێ |
| پەیوەست نییە بە هیچەوە. | پەیوەستە بە پوروشای گەورەوە |
| واجب الوجودە واتە بەبێ ئەو هیچ بوونی نابێت و نییە. | هەیە بۆ دەرەوەی خۆی. |
| هەموو شتێک لەم پێکهاتووە | ئەم لە هەموو شتێک پێکهاتووە |
| پێویستی بە هیچ نییەو لەناو خۆیدا کامڵ و تەواوە. | پێویستی بە پوروشای گەورە هەیە |

## ئێستا با بزانین مەبەستمان لەم تایبەتمەندیانە چیە؟

**یەکەم:** هەرچەند یەک پوروشا هەیە لە بووندا، بەڵام چونکە ئەم پوروشایە دەرکەوت کەواتە شتێکی دیکە پێکهات کە پێی وترا پوروشای بچووک. پوروشا بچووک هیچ نییە تەنها وێنەدانەوەی پوروشای گەورە نەبێت. پوروشای گەورە ئەو پوروشایەیە کە پێشترو لە بابەتی پوروشادا باسمان کرد، پوروشای

بچووکیش پێکدێت لە ماهات و هەموو ئەو شتانەی کە لە ماهات پێکهاتوون.
ئەوانەی گەشتوونەتە کامڵبوون باسیان لەوە کردووە کە ماهات وەک ئاوێنە وایە بەتەواوی تایبەتمەندیەکانی پوروشای گەورە وێنە دەداتەوە، بەڵام وەکو خۆی نەک وەک پوروشای گەورە. ماهات بە مانای مرۆڤ دێت، چونکە مرۆڤ ماناو وێنەی تەواوی ماهاتە، هەربۆیە لە سانکیهاو یۆگاشدا مرۆڤ بە جیهانی بچووک باسی دەکرێت و کەون و بوونەوەر لە چوارچێوەی ئاگاییدا بە جیهانی گەورە ناوزەد دەکرێت.[٤٠٦] (عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب) دەربارەی جیهانی گەورەو جیهانی بچووک دەڵێت.

اتحسب انک جرم صغیر وفیک انطوی العالم الاکبر

واتە: ئایا خۆت بە بەشێکی بچووک دەزانیت لە کاتێکدا هەموو جیهانی گەورە لەناو تۆدایە. لێرەدا دەبێت ئەوە بزانین کە پوروشای گەورە خۆ لە ئاوێنەی پوروشای بچووکدا نمایش دەکات و ئەو پوروشا بچووکەش مرۆڤە.
مرۆڤ پێکهاتووە لە هەموو ڕەگەزەکان بێجگە لە پوروشای گەورە، هەر لە ماهاتەوە تا پانجاماهابهوتانی (ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی مادده). ئەو کاتەی کە پوروشای گەورە لەودا دەرکەوت دوو ئەگەر هەیە: یان ئیدی ئەو وەک مرۆڤ نەماوەتەوەو تواوەتەوەو لەناوچووە بە لەش و ئەقڵ و بوونەوە. یان ئەوەیە کە پوروشای گەورە لە ڕێگەی وێنەدانەوەوە لەودا دەرکەوتووەو ئەم هێشتا ماوە، بەڵام گەیشتۆتە ئەو حەقیقەتەی کە ئەو ئاوێنەی پوروشای گەورەیە. گەیشتن بەم حەقیقەتە گەیشتە بە چڵەپۆپەی مەعریفەی ماهات. ئەمەیە مەبەستی ئەو دێڕە هۆنراوەیەی خواجە حافزی شیرازی کە دەڵێت بێ دڵێک لە هەموو بارەکاندا خودای لەگەڵ بوو کەچی نەیدەبینی و لە دوورەوە ئەی خودا ئەی خودای بوو.

**دووەم:** پوروشای گەورە پێکنەهاتووە، بەڵام هەموو شتەکان پێکدەهێنێت. بێگومان لە ڕێگەی خەڵقکردنەوە نا، بەڵکو لە ڕێگەی دەرکەوتنی خۆیەوە، کاتێک ئەو دەرکەوت ئیدی هەموو شتەکانی تر دەردەکەوتن، بەڵام پوروشای بچووک یان مرۆڤ پێکهاتووەو دەرکەوتووە، هەرچەند دەتوانێت پێکبهێنێت.

٤٠٦- بڕوانە (س ٧، ل ٨).

عیسا نموونەیەکە لە پورروشای بچووک. یەسوع خودا دروستی کردبوو لە خوا تەجەللی کردبوو، بەڵام بەبێ ئیزنی خودا نەیدەتوانی باڵندە لە قوڕ دروست بکات و ڕۆح بکات بە بەریداو مردوو زیندوو بکاتەوە (و احی الموتی باڎنی).

سێهەم: پورروشای گەورە پەیوەست نییە بە هیچەوەو بە مردنی مرۆڤ پورروشای گەورە نامرێت و هەر هەیە، بەڵام بە کشانەوەی تەجەللی پورروشای گەورە پورروشای بچووک نامێنێت و بوونەکەی پەیوەستە بە بوونی پورروشای گەورەوە.

چوارەم: پورروشای گەورە دەبێت هەبێت تا بوون هەبێت، دەبێت هەبێت تا پورروشای بچووک هەبێت، بەڵام پورروشای بچووک نەشبێت پورروشای گەورەو ئاگایی هەر بوونی هەیە.

پێنجەم: هەموو شتێک لە پورروشای گەورە پێکهاتووە، بەڵام پورروشای بچووک لە هەموو شتێک پێکهاتووە. مەبەستمان لەوەیە کە پورروشای بچووک کۆی هەموو زانین و دیاردە ماددی و ڕۆحانییەکانە، کۆی هەموو ئەو زانین و شتە وەرگیراوانەیە کە تانماتراکان لە ڕێگەی جنانەندریاکانەوە وەریدەگرن و کامڵی دەکەن. ئەگەر مرۆڤ هەستەکان و هێزی هەستەکان و ئەندامەکانی کارو ئاهەنکارەو ماناسی نەبێت ئیدی ئەو نییە و پورروشای بچووکیش نییە.

شەشەم: پورروشای گەورە پێویستی بە هیچ نییە و هەمیشە کامڵ و تەواوە، بەڵام پورروشای بچووک هەرچەند وێنەدانەوەی ئەوە، بەڵام پێویستی ئەوەیە بگاتەوە ئەو زانینەی کە ئەو کامڵ و تەواوە. پورروشای بچووک دەبێت لە پورروشای گەورەدا بتوێتەوەو حەل ببێت تا کامڵ ببێت.

خوێنەری بەڕێز ئاگادار بە لەوەی کە لە ڤیداکاندا نەک لە سانکهیادا پورروشای گەورە بە خوداو پورروشای بچووک بە مرۆڤ ناوی هاتووە. لە سانکهیادا یەک پورروشا هەیە کە سیفەتی پورروشای گەورەی هەیە لە پورروشای بچووکدا.

ڤیدا دەڵێت: «دوو باڵندە بەسەر درەختەکەوەن، یەکیان دەخوات و یەکیان ناخوات».

# بابەتی چوارەم
# پەیوەندیی سانکهیاو یۆگا

پاتانجالی لە یۆگاسوترادا کە بە کۆکەرەوە تەواوی یۆگا دارشان ناوزەد دەکرێت بەتەواوی بڕوای بە سانکهیا هەیەو ئەم فەلسەفەیە قەبووڵ دەکات و کاری پێدەکات، بەشێوەیەک کە یۆگا زیاتر ڕووکاری کرداری سانکهیایە، هەربۆیە کاتێک لە (خورشید بابا)م پرسی پەیوەندیی نێوان یۆگاو سانکهیا چیە فەرموویان: «سانکهیا سلکە و یۆگا سلوک».

کاتێک مرۆڤ زانی چۆن دروست بووەو تری گۆنا چۆن کاردەکات و مەبەست چیە لە دروستبوون، ئەوکات هەوڵدەدات کاربکات لە ڕێگەی یۆگاوە. کارکردنی یۆگا بۆئەوەیە مرۆڤ بتوانێت تێبگات لەوەی ئەو بەشە لە بوونێکی گشتی و ڕەها و دەتوانێت بگاتەوە ئەو بوونە ڕەهایە کە پوروشایە. هەروەها لە ڕێگەی یۆگاوە دەتوانین ببینە ساتڤیک و بەمەش لە ئەقڵی ماهات نزیک ببینەوە و بگەینەوە هاوسەنگیی کەونی کە بەرەو پوروشا دەمانجووڵێنێت.

یۆگا تەنها زیادەیەکی خستۆتە سەر سانکهیا ئەویش بوونی ئیشڤارایە. سانکهیا هەرگیز باسی لە سیفەتی خالقبوونی خودا نەکردووە، یۆگا پێی وایە لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕۆحێکی کەونی سەرتاپاگیر هەیە، بەڵام خودایەک هەیە کە لە نادەرکەوتەییدا خاوەنی هەموو ئەم شتانەیە بە پوروشاو پراکریتیشەوە، ئەو خودایەش (ئیشڤارا ـIshvara) یە. ئیشڤارا واتە خاوەن. یۆگا لەژێر ناوی (ئۆم)دا باس لە ئیشڤارا دەکات و پێی وایە کە پوروشا خودایە، بەڵام خودایەک کاتێک ناوی دێتە نێو ناوان. دەربارەی ڕووکاری کرداری یۆگاش بێگومان ئەم دارشانایە لەڕێی سانکیاوە ئازارەکان دیاری دەکات و لە ڕێگەی (ئاساناو پانایاماو پراتیاهاراو دهارەناو دهیانەو سەمادهی)ەوە چارەسەری ئازارو نەهامەتیەکان دەکات و مرۆڤ ساتڤیک دەکات و ئەو پاک دەکاتەوە.

(بۆ زیاتر شارەزابوون لە بابەتی خوداو یۆگا بڕوانە بەشی یۆگا)[٤٠٧].

٤٠٧- هەروەها بڕوانە خاچ و گەیشتن بە خواوەند لە فەلسەفەی یۆگادا، لە نووسینی یۆگی هاوبیر کامەران. چاپی دەزگای سەردەم.

# باسی یەکەم
# پەیوەندیی سانکهیا و کوندالینی

لە ڕاستیدا ئەوەی لەم بەشەدا باسی دەکەم لەژێر ناوی پەیوەندیی سانکهیا و کوندالینی زیاتر باسێکی وردو زانستی و ڕۆحانیانەیە لەمەڕ سیستمی ئاڵۆزی وزەو پڕاناو مۆڵگەکانی چالاکی و هاتوچۆی پرانا. ئەم باسە زۆر ئاڵۆزو تایبەتەو مەرج نییە هەموو کەسێک بیخوێنێتەوەو پێویستی پێی هەبێت، بەڵام خوێندنەوەی زەرەر نادات و مرۆڤ شارەزای ئەو سیستمە سەیروسەمەرەو گرنگە دەکات. ئەم باسە زیاتر بۆ کەسانی یۆگی و لێکۆڵەرانی یۆگاو ئایورڤیداو کوندالینی پێویستە[٤٠٨]. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە خۆدزینەوە لە باسکردنی ئەم بابەتە گرنگە دەبووە کەموکوڕیی لە باسکردنی زانستە ڤیداییەکاندا. پەیوەندیی کوندالینیش بە سانکیاوە زیاتر لەڕووی کردارەوەیە، کەسێک سانکهیا نەزانێت ناتوانێت لە سیستمی کوندالینی تێبگات.

لایا یۆگا یان کوندالینی یۆگا یەکێکە لە چوار بەشەکەی ماهایۆگا. ماهایۆگا یۆگای گەورەیە کە هەر چوار بەشی هاتایۆگاو و راجایۆگا و مانترایۆگا و لایایۆگا کۆدەکاتەوە. لایایۆگا یەکێکە لە کۆنترین بەشەکانی یۆگا کە پێش هاتنی ئاریەکان بۆ هیند لە دۆڵی سند پراکتیزە کراوە لەژێر ناوی تانترادا، هەربۆیە ئێمە باس لە نیزامی کوندالینی دەکەین کە تانترا لە ڕێگەی لایایۆگاوە مەبەستەکەی خۆی پێ دەخاتە ڕوو.[٤٠٩]

تانترا (Tantra) لە دۆڵی سندو هیندی کۆندا یەکێک لە ڕێگە (Darshana)

---

٤٠٨- لە ڕاستیدا زۆرینەی ئەو فێرخوازانەی لەژێر دەستی بەندە یۆگا پراکتیزە دەکەن و دەخوێنن، داوای ئەوە دەکەن لەبارەی ئەم بابەتەوە شارەزا بن، منیش بۆ یارمەتیی ئەوان و خوێنەرانی ئەم نووسینە ئەم بەشە دەنووسم، ئەم فەسڵە دەکەمە دیاری بۆ هاوڕێ و شاگردەکانی یۆگا.

٤٠٩- بۆ زیاتر شارەزابوون لەسەر لایایۆگا و کوندالینی دەتوانیت ئەم کتێبەی شیام سوندار گۆسوامی بخوێنیتەوە کە زۆر بە وردەکارییەوە باسی لایایۆگای کردووە:

Laya Yoga An Advansed Method Of Concentration.
by Shyam Sundar Goswami.
Foreword by، Acharyya Karunmamoya Saraswati. Routledge & Kegan Paul، London، Boston and Henley. First published in ١٩٨٠

گرنگەکانی ژیان بووە کە خەڵکی پەیڕەویان کردووەو کاریان لەسەر کردووە.
مەبەستی تانترا ناساندنەوەی مرۆڤە بە خۆی. لە تانترادا مرۆڤ سەرەکیترین بوونەو بە (جیهانی بچووک) ناوزەد دەکرێت لە کاتێکدا هەموو (بوون) بە جیهانی گەورە ناودەبرێت و مرۆڤ وەک دەرکەوتەی خودا ناوزەد کراوە کە دەتوانێت خۆی بناسێتەوە.

کوندالینی یۆگا (Kundalini) کار لەسەر بەگەڕخستنەوەی هێزە وەستاوەکانی نێو مرۆڤ دەکات تا بتوانێت لە ژیاندا هاوسەنگی بەدەست بهێنێتەوەو بەهۆی ئەو هاوسەنگیەشەوە بگاتە خودناسی و لەوێشەوە بە خواناسی و بزانێت کە خودو خودا یەک سەرچاوەو بنەڕەت و حەقیقەتن. هەرچەند لە تانترادا بەڕوونی باسی خوداوەند نەکراوە، بەڵام یۆگیەکان تانترا لەبەر گەیشتن بە خوداوەند ئەنجام دەدەن و سەرەنجامی خۆناسینیش بێ گومان خواناسینە.

تانترا پێی وایە پاڕاماشیڤا سەرچاوەی هەموو بوونە. پاڕاماشیڤا کاتێک دەیەوێت دەربکەوێت لە ڕێگەی (ئادی شاکتی)یەوە دەردەکەوێت. شیڤا خودایە وەک ئاگایی کەونی کە لەسەروو هەموو شتێکەوەیە و هێمایە بۆ هێزی نێرینەو وجودی ڕۆحی هەرەگەورە کە لە سانکهیادا بە پوروشا بەناوبانگە. ئادی شاکتی یان دایکە شاکتی دەرکەوتەی هێزی مێینەیەو خودای هێز و وزەو بوون و دەرکەوتەی وزەو ماددەیە کە لە سانکهیادا بە پڕاکریتی ناودەبرێت. یەکبوونی دووبارەی شیڤاو شاکتی مانای گەیشتنە بە سامادهی یان موکشا، واتە سەرەنجامی یەکبوونی ئاگایی و هێز سەرەتای گەیشتنە بە بەرهەمی سادانا و ڕاهێنانە ڕۆحیەکانی تانترا کە ئازادبوونە لە هەموو سنورو هێڵ و چوارچێوە فکری و زهنی و ڕۆحیەکان و ئازادبوونە لە کاریگەری گوناکان.

وشەی تانترا بە مانای فراوانبوونی ئاگایی دێت و کۆتا پێشکەوتنی تانترا یەکبوونی ئاگایی تاک و ئاگایی جیهانییە.

تانترا بڕوای بە دابەشکردنەکەی سانکهیادارشان هەیەو تەنها هەندێک زیادە دەخاتە سەر باسەکانی کاپیلا (Kapila)ی فەیلەسووفی ڕۆحانی، بەڵام هەمان (٢٥) ڕەگەزەکەی سانکهیا وەرگیراون و کاریان لەسەر دەکرێت. ئەوانەی کوندالینی دەخوێنن و کاری پێدەکەن دەبێت سەرەتا ئاگادارییەکی زۆر باشیان

له سانکهیا هەبێت و مرۆڤیان بەوردی تاووتوێ کردبێت، ئەوجا دەتوانن سیستمەکانی نێو مرۆڤ دەرک بکەن، بەکورتی وەک شری سوامی مادهاڤاناندا دەڵێت: "هەرکەسێک بیەوێت فەلسەفەی یۆگا بەڕاستی تێبگات دەبێت دیدگای سانکهیا دەربارەی بوون و دروستبوون بزانێت".

وشەی کوندا[410] (Kunda) مانای دۆڵ دەگەیەنێت. لە کۆندا (کوندا) جێگەی سووتاندنی مردووەکان بووە، هەروا کوندالینیش شوێنی کۆبوونەوەی وزەیە، هەربۆیە ئەم ناوەی بەسەردا براوە. پاشان کوندا بووە بە کوندال (Kundal) کە مانای بازنە دەگەیەنێت و جێگەی کۆبوونەوەی وزەی کوندالینیش لەسەر شێوازی بازنەییە.

شاکتی لە مرۆڤدا بە دوو شێوە کار دەکات، یەکەم وەک خودی ئەو هێزەی کە ئێمە ڕۆژانە لە خەوتن و خواردن و ڕۆیشتن و بیرکردنەوەدا بەکاری دەهێنین و دووەم وەک کوندالینی. کوندالینی واتە ماری نووستو کە مەبەست لەو هێزە نووستوە بەکارنەهێنراوەیە کە ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی بڕینی مەقامە ڕۆحانییەکان و نزیکبوونەوە لە خوداوە بەدەستی بهێنین، بڕینی ئەم مەقامانەش واتە پاککردنەوەی یەک بە یەکی ئەم چاکرایانە.

چاکراکان لەناو لەشدا دیار نین و شتێکی ماددی نین، بەڵام هەریەک لە چاکراکان کاریگەرییان لەسەر شوێنێکی لەش زیاترە وەک لە شوێنەکانی تری لەش، هەربۆیە دەوترێت هەر چاکرایەک کاشترامێکی هەیە. کاشترام شوێنێکە کاری چاکراکەی تیا چڕدەبێتەوە. بۆ نموونە چاکرای ئاجنا لەژێر مێشکەڕژێنەوە زیاتر کاردەکات و چاکرای ئاناهاتا لە سایمەس گلاندو چاکرای مانی پورا لە ئەدریناڵەوە کاردەکات.

لە لەشدا ناوچەیەک هەیە کە لە زانستی پزیشکیدا پێی دەڵێن (Coccyx) و دەتوانین لە ڕێگەی (Coccygeal Nerve)ەوە کاریگەری بخەینە سەری، وا گومان دەبرێت کە سەرچاوەی وزەی کوندالینی کەوتبێتە ئەو ناوچەیەوە. لەبەرامبەر (Coccyx)دا لە لەشی هەسارەییماندا ناوچەیەکمان هەیە

٤١٠- بڕوانە ئەم سەرچاوەیە: کندالینی یوگا (اسرار تن ادمی).
سوامی ساتیاناندا. برگردان جلال موسوی نسب.
انتشارات فراروان. چاپ سوم ١٣٨٠، ل ٤٤.

بە (Cauda Equina) بەناوبانگەو هەندێک دەڵێن ئەمە کوندایە. لە یۆگادا مەفهومی کوندالینی بۆ ماری نێو چاکرای یەکەم[٤١١] بەکارهاتووە، هۆکاری ناونانی ئەم هێزە بە مار دەگەڕێتەوە بۆ پێناسەی مار لەو سەردەمەدا کە ئەم واژانە دروست بوون. وەک لە میتۆلۆژیای دینە سامیەکاندا باسی کراوە مار نە خێرەو نە شەڕ. مار هێزێکە بە دەست خوداوە بۆ دەرکردنی ئادەم لە بەهەشت و دروستبوونی ژیان و عیبادەتی خوا لەسەر زەوی. واتە هەم هۆکاری فیراق و هەم هۆکاری ویساڵە.

کوندالینی جێگەی کۆبوونەوەی وزەی ئیلاهی و حەیوانی و ئینسانی مرۆڤە لە مرۆڤدا و مۆڵگەی کارکردنی ئەو وزەیەشە لە هەر شتێکداو هەر کەسێکدا، بەڵام وزە چییە؟

بەو پێیەی کە تا ئێستا زانست پەی پێ بردووە لەلایەن دۆزینەوەکانی (نیوتن) و (ئەنیشتاین) و (ماکسوێل) و (ستیڤن هاوکینگ) و (هاینزبێرگ) و چەندانی دیکەوە وزە کائینێکی زیندوی بچووکە خاوەن هۆش و ئامانج و بوونی خۆیەتی. نە لەناو دەچێت و نە دروست دەبێت، بەڵکو لە شێوەدا دەگۆڕێت و بەپێی کرداری چڕبوونەوە دەچێتە سەر شێوەی ماددە یان تیشک یان دەنگ یان شەپۆل.

لە تێکستەکانی یۆگادا بچووکترین بەشی وزە کە (١٠٠) ترلیۆن جار بچووکترە لە وزەیەکی ناسراو پێی دەوترێت پڕاناشاکتی (PranaShakti). پڕانا شاکتی دەرکەوتەی پڕاکریتیە. پڕاکریتیش دەرکەوتەی پوروشایە کە ڕۆحی جیهانییە، هەربۆیە پڕانا یان وزە ئیلاهیترین بوون (الوجود)ە. کاتێکیش دەڵێین وزە خاوەن هۆش و ئامانج و بوونی خۆیەتی هەر مەبەستمان ئەوەیە کە وزە لە پوروشا (ڕۆح )وە هاتووەو ڕۆحیش خاوەن هۆشە. کەواتە بوونی وزە لە لەشداو هەروەها ئاراستەو خێرایی و کەمی و زۆریەکەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر مێشک و بیرکردنەوەی مرۆڤ هەیە. وزە لە فەرهەنگەکاندا بە زۆر ناو باس کراوە لەوانە: لە چین بە (شی Shi) بەناوبانگە. لە تبت (گالاما Galama)

---

٤١١- لە فەلسەفەی یۆگا و تانترادا ماری کوندالینی بە سێ دەورونیو بە دەوری شیڤالینگادا خۆی ئاڵاندووە. هەرکات کوندالینی جووڵا مانای وایە ماری کندالینی خەبەری دەبێتەوەو بەرەو سەرەوە دەڕوات. شیڤالینگا هێمایەکە بۆ دەزگای نێرینەی شیڤا.

یەو لە دوورگەی پۆلنزی (مانا Mana)یەو لای پاراسلوس (مونیاMunya ) یەو لای فیساغۆرس (ئاگری مەرکەزی)یەو لای بوقرات (گەرمای دەروونی) یەو لای برۆنەر (وزەی جیهانی ژیان)ەو لای (ئیمەن) بە هێزی شاراوەی (X) بەناوبانگەو لە ئیسلامدا بە (ڕۆح ) هاتووەو لە مەسیحیەتدا بە (نور) باسی کراوەو (ولهلم ڕایش) پێی وتووە (هێزی ئەرگۆن). کیمیاناسەکان لە هەندێک سەرچاوەی کیمیاییدا پێیان وتووە (Vital Fluid) و ڕایش باخ بە هێزی ئۆدیک (Odik Energy) ناوی بردووە. چە چینگ چانگ بە (Vital Energy) ناوزەدی دەکات، ڕوسیەکان لە عیرفانی خۆیاندا (Bio Plasmic)یان ناوناوە. ژاپۆنییەکان پێش هەزارەها ساڵ لەمەوبەر بە (کی __Ki) لێی دواون.

وزە لە یۆگادا بە (پڕانا__ Prana) ناوی هاتووەو لە ڤیداکان و بڕەهماسوترا و پورڕاناکان و ئوپانیشادەکاندا باس کراوەو لەو ڕێگەیەوە هێزی خوداوەند ناسێنراوەو وتراوە کە هەموو مرۆڤێک خاوەنی وزەیەکی گەمارۆدراوە کە دەبێت ئازادی بکات و لەگەڵ وزەی خوداوەندا یان وزەی ڕەهادا تێکەڵی بکاتەوە تا بتوانێت بەهرەمەند بێت لە هێزی ڕەها.

وزە دەتوانێت بەزۆر شێوە دەربکەوێت، لەوانە وزەی گەرمی و وزەی میکانیکی و وزەی کارەبایی و وزەی مات و وزەی تیشکدەرو وزەی ڕووناکی و وزەی ڕادیۆیی، بەڵام لە ڕاستیدا چوار شێوەی سەرەکی هەیە کە (هێزی کێشکردن) و (هێزی ئەلکتریکی)و (هێزی لاواز)و (هێزی بەهێزن). هەر وزەیەک لە سێ کوارک پێکهاتووە کە ئەوانیش بە کوارکی بێ کۆتا کۆتاییان پێدێت. هەر کۆمەڵێکیش لەم وزەیە بە (فۆتۆن) ناو دەبرێن، فۆتۆنی وزەی تیشکدەری وەکو (X) لە زیاترین فۆتۆن بەهرەمەندە کە زیاترین کاریگەری هەیە لەسەر ماددەو ئەو کاریگەریەش دەوەستێتەوە سەر سێ بنەمای کاریگەر کە لە کوندالینی یۆگادا کاری لەسەر دەکرێت:

یەکەم: بڕی وزەکە.

دووەم: جۆری ماددەکە.

سێهەم: ماوەی کاریگەریەکە.

ماددە سێهەم دەرکەوتەی وزەیە لە پاش دەنگ و تیشک، لە ماددەدا

ئەلکترۆن و نیوترۆن و پرۆتۆن هەیە کە هەرسێکیان لە وزە پێکهاتوون. هەموو شتێک لە باری لەرینەوەدایە لەبەرئەوەی وزە بەردەوام لە ڕێگەی لەرینەوەوە کاردەکات و شێوەی خۆی دەگۆڕێت. هەربۆیە ئەم تیۆرە ناونرا بە تیۆری (تار). کوندالینیش بەهەمان شێوازی (تردد) واتە لەرینەوە کاردەکات و کاری لێ دەکرێت.

ستیڤن هاوکینگ یەکێک بوو لەوانەی ئەوەی سەلماند ژیان لە لەرینەوەیەک زیاتر هیچی دیکە نییەو ئەو لەرینەوانەن کە شێوازی بیرکردنەوەو کردارو تەنانەت بارە دەروونییەکانی ئێمە دەگۆڕن.

کاتێک وزەی لەش بەشێوەیەکی هەڵە یان بەبێ ئاگاداری کەسەکە دەجووڵێت، ئەوا ناتوانرێت ئیدارەو کۆنترۆڵ بکرێت و بەمەش دەوترێت کالی کوندالینی. یۆنگ لە زۆر شوێندا باسی لەم جۆرە جووڵانەی کوندالینی کردووەو پێی وایە زۆر ترسناکە بەتایبەت بۆ ڕۆژئاواییەکان. ئەگەر کوندالینی بەشێوەی ڕاهێنانی ڕۆحی یۆگا جووڵا یان بە هەر هۆیەک جووڵاو کەسی خاوەن بەهرە لەمە بەئاگا بوو توانی کۆنترۆڵی بکات، ئەوا جۆری جووڵانەکە بە دوورگا کوندالینی ناوزەد دەکرێت.

دوو بڕوا هەیە لەسەر دیاریکردنی شوێنی کوندالینی. یەکەمیان دەڵێت کوندالینی لە چاکرای (مولاداهارا)دایە و بەرەو سوادهیستاناو مانی پوراو ئاناهاتا دەکەوێتە ڕێ. ڕای دووەم ئەوەیە کە کوندالینی لە چاکرای مانی پورادایە و لەوێوە ڕێڕەوی خۆی دەست پێ دەکات، بەڵام بەگشتی لەبەر دوو هۆکار ڕای یەکەمیان بە پەسەند وەردەگیرێت، هۆکاری یەکەم ئەوەیە کە یەکەم گلاندێکی بەهێزو پوکاوە لە لەشدا گلاندی مولاداهارایە و دووەمیش ئەوەیە کە تبتیەکانی خاوەن ڕای دووەم لەبەر کاریگەریی زۆری مانی پورا لەم پێناوەدا کەمێک زیادەڕەویان کردووە.

زانایان و گورووەکانی یۆگا لەبارەی چۆنییەتی جووڵاندنی وزەی کوندالینییەوە دوو بۆچوون دەڵێن، یەکێکیان ئەوەیە کە وزەی کوندالینی لە چاکرای یەکەمەوە دەست پێ دەکات وردەوردە بە مولاداهارادا بەرز دەبێتەوەو بەرەو سەرووتر دەڕوات. دەوترێت کە ئەم وزەیە لە شێوەی مارێکدایە و بچێتە هەر شوێنێک

تەواو گەرم دەبێت و ئەمەش نیشانەی چالاکبوونی وزەیە لەو ناوچانەدا. دووەم ڕا ئەوەیە کە کوندالینی لەنێو هەموو لەشدا بەپێی میکانیزمێکی تایبەت کە نزیکە لە میکانیزمی کارکردنی دەمارەکان (Nerve)ەوە کاردەکات و دەجووڵێت، بەڵام ڕاستترین ئەوەیە کە وزەی کوندالینی لە هەموو لەشدا هەیە و کارەکانی هەموو لەش بەڕێوە دەبات، بەڵام وەک وزەی تەواوی کوندالینی لە سۆشۆمناوە دەجووڵێت و ئەمەیە کە بە جووڵاندن و گەشانەوەی کوندالینی ناوی دەبرێت.

بۆ جووڵاندنی کوندالینی لە یۆگادا بە دوو شێوە دەست پێ دەکرێت. شێوەی یەکەم لە مولاداهاراوە دەست پێ دەکەین و شێوەی دووەمیان ئەوەیە کە لە ئاجناچاکراوە دەست پێ دەکەین. واتە یاخود پلە پلە بەرز دەبینەوە بۆ بڕینی مەقامە ئیلاهیەکان یاخود مەقامە ئیلاهیەکان بەجارێ دادەبەزنە سەر ئێمە و بە یەک لەحزە ڕووناک دەبینەوە.




**وێنەی چاکارکانی مرۆڤ**

# باسی دووەم

# پڕانا ڤایوو

پڕانا (Prana) وزەیەو لە سەرچاوەکانی یۆگادا بەهێزی ژیان و وزەی ژیان هاتووە. پڕانا وزەی خودایەو وردترین بەشی کوارکی نێو وزەیەو لە لەشدا بەنێو چاکراو کانالەکاندا تێپەڕ دەبێت و دەگەڕێت. زانستی کوانتۆم پشتیوانی ئەو بڕوایە دەکات کە پڕانا بە وزە ناوزەد بکرێت. پڕاناڤایوو بە هەموو جۆرەکانی پڕانا دەوترێت کە لە لەشی مرۆڤ و بووندا هەن. پڕانا دەرکەوتەی شاکتیە لەنێو پڕاکریتیدا، واتە شاکتی لە ڕێگەی (پڕاناڤایوو)ەوە دەردەکەوێت. پڕاناش لە (١٠) فۆڕمدا خۆی نیشان دەدات کە ئەمانەن: پڕانا، ئاپانا، سامانا، ئودانا، ڤیانا، دیڤاداتا، نادا، کورما، کریکارا و دهانانجایا. لەم دە جۆرەی پڕانا، پێنجەکەی سەرەتا پڕانا گەورەکانن و کارە سەرەکیەکان دەگرنە ئەستۆ و ئەوانی دیکە پڕانا بچووکەکانن و کارە ناسەرەکیەکان دەگرنە ئەستۆ. وەنەبێت پێنج پڕانا بچووکەکە لەوان کەمتر بن، بەڵکو تەنها مەبەست لە پڕانای بچووک ئەوەیە کە ئەوان ڕاستەوخۆ کارناکەن و پەیوەستن بەوانی دیکەوە. لە خوارەوە کاری هەریەکیان باس دەکەین لەگەڵ جێگەو ئاراستەکەیاندا بەو شێوەیەی کە لە کوندالینی یۆگادا باس کراوە.

## ١. پڕانا (prana)

پڕانا کە بە پیتی (p) بچووک دەنووسرێت، یەکێکە لە پڕانا ڤایووەکان و تێکچوونی لە لەشدا زۆر بەخێرایی دەتوانێت کاری هەموو ڤایووەکانی دیکە تێک بدات. پڕانا زیاتر لە ناوچەی دڵ و سنگ و سیەکاندایە و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ئاناهاتاچاکراوە هەیە کە چاکرای چوارەمە. کاتێک پڕانا کەم بوو ئاناهاتا دووچاری کێشە دەبێت وەک چۆن دەبینی کەسێک کە توڕە دەبێت ئازاری خەڵک دەدات، توڕەبوون پڕانا کەم دەکاتەوەو دڵ دادەخات.

ئاراستەی پڕانا بۆ سەرەوەیەو هێزێکی سوکە. مەبەستیش لەوە ئەوەیە کە زۆربوونی پڕانا مانای هاوسەنگیەو کاتێک مرۆڤ هاوسەنگ و ساتڤیک بوو، ئەوا ئاگایی ئەو بەرزدەبێتەوە بۆ چینە بەرزەکانی ئاگایی.

کاری پڕانا کۆنترۆڵی سییەکان و هەناسەدان و دروستکردنی حەز بۆ خواردنە. هەروەها یارمەتی هەرسبوونی خۆراکیش دەدات و لە لەشدا ئاو دەگۆڕێت بۆ شیرینی. لە هەموو ئەم فرمانانەش گرنگتر کۆنترۆڵی گلاندەکانە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بیرکردنەوەو دەروونی مرۆڤ، ئەمە بەدەر لەوەی کە پڕانا هۆکاری گەشەکردنی ئاگایی مرۆڤە.

ڕاهێنانەکانی هاتایۆگا بەتایبەت ئاساناکان و خوێندنەوەی ڤیدا بەتایبەت ساماڤیدا دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە پڕانایەکی زۆر وەربگرین، کاتێک پڕانامان وەرگرت دەتوانین ئاپانا بجوولێنین و بەو هۆیەشەوە ئودانا دەبێتە هۆی خەبەرکردنەوەی هێزی کوندالینی. بە جووڵاندنی کوندالینی و گەیشتنی بە ساهسرارا ئێمە ڕووناک دەبینەوە. پڕانا لەو کاتانەدا زۆرە لە کەوندا کە ئەجرامی سەماوی دەگۆڕێن و خۆرهەڵاتن یان خۆر ئاوابوون ڕوودەدات بەتایبەت لە خۆرهەڵاتندا. هەروەها لە شوێنی سەوزو کراوەدا زۆرە.

## ٢. ئاپانا (Apana)

ئاپانا هێزی بەرابەری پڕانایە و تایبەتە بە دەرکردنی هێزو وزەی زیادەی لەش. زیاتر لە ناوچەی ناوک تا کۆمدایە، چونکە ئەو ناوچەیە مەڵبەندی ڕیخۆڵە ئەستورەیە کە ئاپانا بەرپرسە لێی. واتە دەکەوێتە ناوچەی چاکرای یەکەمەوە کە مۆلادهارا چاکرایەو کارەکانی ئەم چاکرایە لە ڕێگەی ئەم ڤایووەوەیە. ئاراستەی ئاپانا بۆ خوارەوەیەو ڕەگەزەکەی خاکە، مانای وایە بەرەو خواردن و خواردنەوە مەیل هەیە و ئەوەش بەرەو چینە نزمەکانی ئاگاییمان دەبات. ئاپانا لێپرسراوی کردنەدەرەوەی پاشەڕۆیە لە کۆمەوەو دروستکردنی بەرگریە بۆ مولاداهارا. لە کاتی خۆرئاوابووندا ئاپانا زۆرە.

## ٣. سامانا (Samana)

سامانا بە هێزی ناوەند دەژمێردرێت، چونکە دەکەوێتە نێوان ئاپانا و پڕاناوە. واتە لەنێوان دڵ و ناوکدایە و ڤایووی مانی پورا چاکرایە کە چاکرای سێهەمە. ئاراستەی سامانا بە ئاسۆیی بۆ هەردوو لایە، واتە بۆ لای ڕاست و چەپ. مانای وایە نە سەر بە زەویەو نە سەر بە ئاسمانە، چونکە ئەو خواردنەی کە سامانا لە ڕێگەی ڕیخۆڵەباریکەو گەدەوە هەرسی دەکات بۆ ژیانی دونیایی و ژیانی

ڕۆحانیش بەسوودە. کاتێک سامانا کەم یان زۆر بوو هەرس تێکدەچێت.

سامانا بە پلەی یەکەم جێگەی یەکبوونی ئاپاناو پڕانایە و ئەمە یەکەم کاریشیەتی کە زۆر گرنگ و پڕ بایەخە بۆ جووڵاندنی کوندالینی، چونکە بەبێ یەکبوونی ئاپاناو پڕانا لە ساماناداا سۆشۆمنا ڕووناک نابێتەوەو خەبەربوونەوەی ماری کوندالینی ڕوونادات. کاری دووەمی سامانا هاوسەنگکردنی جەستەیە. هەروەها کاریگەرییەکی زۆری لەسەر جگەر و گەدەو زراوو ڕیخۆڵە هەیە.

پاتانجالی دەڵێت: "بە کۆنترۆڵی ساماناڤایوو لەش نورانی دەبێت"[٤١٢]، واتە هێزی ئاگنی (میتابۆلیزمی) لەش زیاد دەکات.



٤١٢- بڕوانە (س١٤ بەشی سێهەم، ئایەتی ٤١).

٤. **ڤیانا** (Vyana)

ڤیانا لە سەرتاپای لەشدا هەیەو بەرەوخوار دەڕوات و بەرپرسە لە سیستمی دەماری و سوڕی خوێن لە دەمارەکانداو ئەم کارەشی بە مردن لەشی ماددی دەوەستێت. لە (اپنکهت امریت نادوپانیشاد)[٤١٣]دا وتراوە کە ژمارەی جووڵەی پرانا (٢١٦٠٠) جارە لە شەوو ڕۆژێکدا، هەروەها ژمارەی جووڵەی ئاپانا و سامانا و ڤیانا و ئوداناش هەریەکیان (٢١٦٠٠) جارە لە شەوو ڕۆژێکدا کە ئەم ڕێژەیە نزیکە لە ڕێژەی هەناسەدانی مرۆڤەوە لە شەوو ڕۆژێکدا.

٥. **ئودانا** (Udana)

بەشێوەی لولپێچ دەڕوات و لەسەروو دەست و قاچەکاندایە و بەرەو سەر دەڕوات. فرمانی هێشتنەوەی هێزی جومگەکان و کردنەدەرەوەی ڕۆحە لە کاتی مردن، هەروەها فرمانی سوکبوونی لەشە. ئودانا وا دەکات هێزی ڕاکێشانی زەوی لەسەر مرۆڤ نەمێنێت.

ئەو کەسانەی خەو بە بەرزبوونەوەو فڕینەوە دەبینن، ئودانایان لەژێر کاریگەریدایەو ئەگەر ئەم حاڵەتە بەردەوام بوو، پێویستە چارەسەر بکرێن لەلایەن ئایورڤیدیکێکەوە یان مامۆستایەکی شارەزای یۆگاوە.

---

٤١٣- بروانە اپنکهت ئەمریت ناوپانیشاد ئایەتی ٣٤.



# باسی سێهەم
# پڕانا ڤایووە ناسەرەکیەکان

پڕانا بچووکەکانیش پێکدێن لەمانەی خوارەوە:

١. دیڤاداتا (Devadata) بەرپرسە لە خەو و شوێنەکەی دەکەوێتە نزیک ئاجنا چاکراوە، واتە نزیک سەلەمەس و هایپۆسەلەمەس لەناو سەردا.

٢. نادا (Nada) بەرپرسە لە میتابولیزمی لەش و دەکەوێتە نزیک مانی پورا چاکراوە.

٣. کریکارا (Krekara) بەرپرسە لە برسیبوون و تونیبوون، شوێنەکەی نزیک پیتیوتەری گلاندە لەنێوان هەردوو نیوەگۆی مێشکدا.

٤. کورما (Kurma) بەرپرسە لە گرژبوونی ماسولکەکانی لەش بە ماسولکەی دڵیشەوە.

٥. دهانانجایا (Dhanan jaya) بەرپرسە لە ڕێکوپێککردنی تەغزیەی لەش.

# باسی چوارەم

# پڕانا لە تێکستەکاندا

لە زۆر شارستانییەت و فەلسەفەو ڕێگەی ڕۆحی و ئاییندا باسی پڕانا کراوە، بەڵام لەژێر ناوی جیاوازدا. شری کریشنا (Krishna) لە بهاگاڤادگیتا (Bhagavad gita)دا باسی لە پڕانایاما (Pranayama) کردووە کە لە ڕێگەیەوە پڕانا کۆنترۆڵ دەکرێت. هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە کۆنترۆڵی پڕاناو هێشتنەوەی لەنێوان برۆکاندا دەبێتە هۆی دەرکەوتنی مەعریفەی ئیلاهی (Vedya) و گەیشتن بە خوداوەند (Samaddhi).

هەروەها پاتانجالی (Patanjali) لە یۆگاسوترا (Yoga Sutra)دا بە دوورودرێژی باسی لە پڕانایاماو پڕانا کردووەو بە چوارەم پلەی ئاشتانگایۆگا ناوزەدی دەکات و بە ڕێگەیەکی دەزانێت بۆ گەیشتن بە تەرکیزێکی زۆر قووڵ کە پێی دەڵێت (نیربی کالپاسامادهی).

شری (شانکاراچاریا Shankaracharya)ی پیری مەعنەوی و دامەزرێنەری ڤێدانتا (Vedantha) بەردەوام جەخت لەسەر پڕانایاما دەکاتەوە کە ڕێگەیەکە بۆ لابردنی پەردەکانی ئاگایی (jnana Kosha) و زاڵبوون بەسەر وەهم (مایا Maya) داو زانینی ئەوەی کە تەنها برەهمن ڕاستەقینەیە (Brahma Satyam).

سوامی سوات ماراما Swami Swatmarama لە (هاتایۆگا پڕادیپیکا Hathayoga Pradipika)دا بەڕوونی باس لە هاتایۆگا دەکات پێی وایە کە بەسەرکەوتن و ڕاگیربوون لە ئاسانادا دەتوانین دەست بدەینە پڕانایاما و بەهۆی پڕانیاماشەوە دەتوانین ئاپاناو پڕانا بجووڵێنین و هەردووک لە سامانادا بدەین لە یەک و ئەمەش ئێمە دەخاتە باری سامادهیەوە کە لە هاتایۆگادا پێی دەوترێت (ئونمانی ئاڤاستا).

بوسوندا (Bhusonda) و ماتیسندرا (Matsindarnath) و زۆر لە یۆگیەکانی دیکەش لە ئوپانیشادەکانی ڤیدادا باسیان لەوە کردووە کە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی کۆنترۆڵ و ناسینی پڕاناوە بیر بوەستێنێت و بەو هۆیەشەوە بچێتە باری دهیانا (Dhyana)وەو تیایدا دەرکی ڕاستەقینەو ناڕاستەقینە بکات.

# باسی پێنجەم
# کانالەکان یان نادیەکان

نادیەکان یان کانالەکان ئەو ڕێرەوانەن لە لەشی پڕانیکدا کە وزەی پڕانا پیایانا تێپەڕ دەبێت. لەشی پرانیک لەشی دووەمی مرۆڤە و لە دە جۆرەکەی پڕانا پێکهاتووە. دەتوانرێت دەنگ و ڕەنگ و نوری ئەو کانالانە ببینرێت و ببیسترێت و هەستیان پێ بکرێت، هەروەک چۆن دەتوانرێت کاریان لێ بکرێت و چالاک یان ناچالاک بکرێن. دەمارەکانی لەش لە ڕێگەی بەریەککەوتنی ساینەپسەکانەوە بابەتە هاتوو ڕۆشتووەکان بە یەکتر دەگەیەنن. ئەم بەریەککەوتنە لەنێو کانالەکانی لەشی پڕانیکدا ڕوودەدات بەهۆی ئەو هێزە کارەباییەوە کە لە دەمارەکاندا هەیە.

ئەگەر یەکێک لەم کانالانە زیاتر لەرینەوەی کارەبایی تیادا ڕووبدات، ئەوا پەیوەندی لەگەڵ کانالی لێپرسراویدا دەبەستێت و بەخێرایی مێشک لەو گۆڕانکاریە ئاگادار دەکەنەوەو مێشکیش هەڵدەستێت بە کارکردن لەسەر ئەو شوێنانەی کە دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی ئەو کانالە بەرپرسەوە، بۆ نموونە ئەگەر دەستەکان و شانەکان تەواو ئارام بن، کانالی پەیوەنددار بەدەستەوە لەژێر کۆنترۆڵی دڵدایەو ئەویش پەیوەندیی بە کانالی ئایداوە هەیەو بەمجۆرە ئایدا کاریگەری لەناو پاراسەمپەساویدا دروست دەکات. پاراسەمپەساویش مێشک ئاگادار دەکاتەوەو مێشکیش بەزوویی دڵ و سوڕی خوێن و گەدەو شوێنە تایبەتیەکانی پاراسەمپەساوی هێمن و خاو دەکاتەوە، هەربۆیە پێویستە لە کاتی هەر ئیشوکارێکی ژیانی ڕۆژانەدا بزانیت کام لەم کانالانە چالاک دەکەیت تا بتوانیت ئەو کارە یان ئەو چالاکیە جەستەیی یان فکریە بە باشترین شێوە ئەنجام بدەیت.

مەبەست لەم باسکردنە ئەوەیە بزانین لە کوندالینیدا کە زانستێکی ڤیدایی و لە هەمانکاتیشدا تانتراییە بڕوا وایە لەش پەیوەندیەکی زۆری هەیە لەگەڵ خوداوەندو گەیشتن پێی. ئەگەر لەش بەتەواوی هاوسەنگ نەبێت لەشی پڕاناش ناهاوسەنگ دەبێت و بە ناهاوسەنگی پڕاناش لە لەشدا ئاگایی مرۆڤ ناهاوسەنگ دەبێت و ئێمە ناتوانین دەرکی ڕاستی بکەین وەک خۆی.

بەهەرحاڵ نادیەکان ژمارەیان (٧٢٠٠٠) هەفتاو دوو هەزارە (ئەم ژمارەیە یەکسانە بە ژمارەی دەمارەکانی لەش) کە ئەمانەی خوارەوە گرنگەکانیانن:
سۆشۆمنا (Soshomna): کاناڵی سەرەکیەو لە ئاجناچاکراوە کە چاکرای مەعریفەیە درێژ دەبێتەوە تا کۆم (Anus) واتە تا چاکرای مولاداهارا کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە لەشەوە هەیە. بەپێی ئەم بڕوایەی سەرەوە دونیای ماددی و دونیای ڕۆحانی ناو مرۆڤ ڕاستەوخۆ لە پەیوەندیدان، بە جووڵاندنی ئەم کاناڵە هەردوو ناوچەی (پاریتاڵ ـ Paretal) و (سێکپیتاڵ) لە مێشکدا زۆر زیاد لە ڕادەی خۆیان چالاک دەبن. ئەم کاناڵە هەندێکجار پێی دەوترێت میرودانیدا (Mirudanda)، واتە بڕبڕەی پشت و مەبەست لێی ڕووی دەرەوەی سۆشۆمنایە کە بڕبڕەکانی پشت دەگرێتەوەو سۆشۆمنا دەکەوێتە ناویەوە.
ئەگەر شوێنی سۆشۆمنا باس بکەین لە لەشی ماددیدا، ئەوا لە زانستی پزیشکیدا دابەش دەبێتە سەر سێ بەش کە ئەمانەن: یەکەم دۆرا ماتەر(Dura Mater) کە لەناویدا ئەراکنۆیدماتەر(Arachnoid Mater) هەیەو لەناو ئەویشدا (Pai Mater) هەیەو بە هەرسێکیان (و ئەو کاناڵانەی دواتریش کە باسیان دەکەم) سۆشۆمنا پێک دێت.
لەناو سۆشۆمنادا کاناڵی ڤاجرا (Vajra) هەیە کە بە مانای هەورەبروسکە دێت و کاناڵێکی دەرەکیەو کاری ئەو لە ناوچەیەکدایە کە لە زانستی پزیشکیدا بە (Whit Mater) ناوزەد دەکرێت. ڤاجرا کاناڵ ڕەنگی سوورەو گۆناکەی ڕاجاسە.
هەروەها کاناڵی چیترا (Cetra) هەیە کە کاناڵێکی ناوەکیە و ڕەنگەکەی لە ڕەنگی مانگ دەچێت و گۆناکەی ساتڤیکەو لە زاراوە پزیشکیەکاندا بە (Grey Mater) دەناسرێتەوە. لەناو چیترادا کاناڵێکی دیکە بە ناوی برەهمانادی (Brahma Nade)وە دەدۆزیتەوە، گرنگیەکەی هەر لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت. برەهما واتە خوداوەندی بەدیهێنەرو وا دەکات شتەکان بژین و کاناڵی برەهماش ئەو شلەیەیە کە لە ناوەڕاستی بڕبڕەدا هەیە و پزیشکەکان پێی دەڵێن سپاینەڵ نادی یان (C.S.F)، برەهما نادی یان سپاینەڵ نادی ناوجەرگەی سۆشۆمنایەو[414]

٤١٤- دەبێت ئەوە بزانین کە ئیشوکارەکانی ئەم کاناڵانە دەکەونە سەر ئەو شوێنانەی کە لەڕووی زانستی پزیشکییەوە باسمان کردن، نابێت وا بزانین کە سۆشۆمنا هەمان سپاینەڵ نادیە لە لەشدا و شوێنێکە کە دەبینرێت، بەڵکو کاری سۆشۆمنا زیاتر لەو مۆڵگەیەدا خۆی دەردەخات.

دەبێت بەو ڕەنگەی کە هەیە ببینرێت و کاری لەسەر بکرێت. سۆشۆمنا کاتێک کە چالاک کرا مرۆڤ دەتوانێت وردگەرییەکی قووڵی هەبێت، گەرچی سۆشۆمنا هەندێک کات خۆبەخۆ لە چالاکبوونێکی کاتیدایە، بەڵام کاتەکەی تەنها چەند چرکەیەکە.

چالاکبوونی سۆشۆمنا بە هاوسەنگی ئایداو پینگالا دێتە دەست و بێ ئەم هاوسەنگیە گەشانەوەی سۆشۆمنا کارێکی مەحاڵە. هەرکات ئەم کاناڵە جووڵا و گەشایەوە لە کاتی ڕاهێنانە ڕۆحیەکانی تانترا و یۆگادا بە وێنەی گڵۆپێکی شیری دەردەکەوێت و گەرمایەکی زۆر لە بڕبڕەکانی پشتدا هەستی پێ دەکرێت و مرۆڤ هەست دەکات کە مێشک و کاسەی سەری بەتاڵەو هیچی تیادا نییە و دەبێتە خاوەنی وردگەرییەکی زۆرباش و هەناسەی دەوەستێت.

ئایدا (Ida): ئەم کاناڵە دووەم کاناڵە لەڕووی گرنگیەوە. ئایدا بە ڕووباری (گانگا)ش ناودەبرێت کە ڕووبارێکی پیرۆزی هیندەو هیندیەکان بە ڕووباری شیڤا ناوی دەبەن.

ئایدا کاناڵی لای چەپی لەشە. ئەم کاناڵە پەیوەستە بە مانگەوە، واتە هێزێکی ساردی وەک مانگی هەیەو یۆگیەکان بە مانگ ناوی دەبەن. هۆکاری ناونانی بە مانگ ئەوەیە کە وزەو کاریگەری ئەم کاناڵە ساردە بەپێچەوانەی پینگالاوە کە هێمایە بۆ خۆر. ئایدا لەلای چەپی لوتەوە کاری لێ دەکرێت و پەیوەستە بە لای ڕاستی مێشکەوە و هەندێک بە تۆڕە دەماری پاڕاسەمپەساوی دادەنێن کە پەیوەندیی بە کارە بایۆلۆژیەکانی لەش و مێشکەوە هەیە. ئایدا کۆنترۆڵی لای ڕاستی مێشک دەکات کە پەیوەندیی بە کارە ڕۆحانییەکانەوە هەیە، چونکە مەڵبەندی ماناس شاکتییە (ManasShakte)، هەربۆیە بە کەوتنەکاری ئایدا مرۆڤ دەتوانێت هۆنراوە یان چیرۆک یان ئاوازێکی مۆزیکی بنووسێت، یاخود پێشبینی بکات وەک چۆن (لیۆناردۆ داڤینشی) لە ساڵی (١٤٩٠)دا وێنەی ئۆتۆمبێل و فڕۆکەی کێشاوە بە چەند سەدەیەک پێش پەیدابوونیان.

هەروەها کاتێک ئایدا لە کاردا بێت مرۆڤ ناتوانێت کاری قورس ئەنجام بدات، چونکە سروشتی ئایدا سروشتێکی پڕ خەمۆکی و کەئابەیەو مرۆڤ لەو شتانە دوور دەخاتەوە کە حەزیان پێ ناکات. کاتی چالاکبوونی کاناڵی ئایدا بێدەنگی

باڵ بەسەر مرۆڤدا دەکێشێت و کەسەکە حەز بە قسەکردن ناکات، چونکە مەڵبەندی وتن لەلای چەپی مێشکدایە. (تۆماس هور) دەڵێ: "نیوەی ڕاستی مێشک (واتە ئایدا) کە دەزانێت قسە ناکات و ئەوەی کە نازانێت قسە دەکات". ئەوانەی باری سۆزداری و عاشقیان هەیە ئەم کانالە یان چالاکە. (هواردگاردنر) لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەو کەسانەی کۆڵیەوە کە ئایدایان ناچالاک بووەو دووچاری سستی بوون، ڕووانی ئەوان تەنها وەک ڕۆبۆتێک وان، چونکە کارەکانیان بەدەرە لە ئاگایی و عەشق. ڕەنگی ئەم کانالە شینە کە مانای چالاکییە ڕۆحیەکانی ناو مێشکە. ئایدا تایبەتە بە پلەی ئاگایی (Supar ego)وە.



ئایدا لەنێو چاکراکاندا بەتایبەت لە چاکرای سوادهیستاناو ئاناهاتاو ئاجناچاکرادا کار دەکات و زۆر چالاکە و لە چاکرای مولادهاراو مانی پوراو ڤیشۆدهیدا کەمێک لاوازتر کار دەکات، هەربۆیە لە کاتی کاری سێکسیدا مرۆڤ و بەتایبەت ئافرەتان چاویان دادەخەن (سوادهیستانا)و دەچنەوە ناو خۆیان. لە کاتی چالاکبوونی دڵدا (ئاناهاتا) مرۆڤ دەگری و عاشق دەبێت، لە کاتی جووڵاندنی ئاجنادا کە چاکرای مەعریفەیە بێدەنگی و مەعریفە زاڵ دەبێت، بەڵام لە چاکرای مانی پورادا کە هێزی پینگالای تیادایە مرۆڤ حەزی زیاتری بە ئیشوکارو جووڵەو تێکەڵبوون بە خەڵک هەیە.

پینگالا (Pingala): پینگالا بە ڕووباری یامونا ناوزەد دەکرێت. کانالی لای ڕاستی لەشەو پەیوەستە بە خۆرەوە. پینگالا لەلای ڕاستی لوتەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و بەو شێوەیەش دەتوانین لای چەپی مێشک چالاکتر بکەین. ئەم کاناڵە مەڵبەندی پڕاناشاکتی (Prana Shakte)ە چونکە خاوەن وزەیەکی زۆر گەورەیە بۆ کارو چالاکی، لە کاتێکدا یۆگی کانالی ئایدا چالاک دەکات ناتوانێت هەموو کارێک بکات، هەربۆیە ئەم نادیە بە چالاکبوونی وا دەکات کەسەکە بتوانێت کاری قورس بکات. پینگالا سیستمی دەماری سەمپەساویە لە لەشدا کە کارە فسیۆلۆژیەکان دەبات بەڕێوەو بەمەش تایبەت دەبێت بە ئۆرگانە ناوەکیەکانی لەشەوە کە لە فەلسەفەی یۆگادا بە (کارمەندریا۔ Karmandrya) بەناوبانگن. ڕەنگی ئەم کاناڵە بە زەرد بینراو، چونکە پینگالا کانالی هێزی جەستەییە و پڕانا شاکتی تیادا باڵادەستەو پڕانا شاکتیش وزەیەکی گەرم و بەهێزە. ئەوەتا مرۆڤ لە کاتی ئیشکردنی قورسدا ئارەق دەکاتەوە کە نیشانەی ئەوەیە پینگالا چالاکەو هێزی پڕانا شاکتی لە کاردایە.

پینگالا پەیوەستە بە کارە مەنتیقی و زانستیەکانەوە. ئەم کاناڵە دەمانبات بۆ لای ئەو شتانەی حەزمان لێیەتی. حەزەکانی پینگالا زیاتر لە یاسای کات و شوێندا دەسوڕێنەوەو تاقیکردنەوەکانیان لەم بەشەی مێشکدا کە پەیوەستە بە پینگالاوە تاقیکردنەوەی زەمانی و مەکانین، هەربۆیە بە کانالی (Ego) ناسراوە. ئەم کاناڵە زیاتر لە چاکرای یەکەم و سێهەم و پێنجەمدا کار دەکات و چالاکیی خۆی بەیان دەکات.


< SAHASRARA CHAKRA
< AJNA CHAKRA
< VISHUDDHA CHAKRA
< ANAHATA CHAKRA
< MANIPURA CHAKRA
< SWADHISHTHANA CHAKRA
< MULADHARA CHAKRA
COPYRIGHT SIRIUS

## شێوازی چالاکبوونی ئایدا و پینگالا:

### ئایدا :

١. له کاتی خوێندنەوەی بابەتێکی ئەدەبی یان هۆنراوەیەکدا.

٢. کاتی نووسینی هۆنراوه.

٣. کاتی گریان.

٤. بیرکەوتنەوەی مردن.

٥. خۆشەویستی کەسێک یان شتێک بەتایبەتی ئەگەر هەست و شعورێکی ڕۆحانیانەی لەگەڵدا بێت.

٦. ڕقێکی بێ دەسەڵاتانه.

٧. کاتی ئارامییەکی زۆری جەستەیی و دەروونی.

٨. دانیشتن و پاڵکەوتنی زۆر.

٩. هەناسەدان به لای ڕاستی لوت.

١٠. تەرکیزکردنه سەر چیدئاکاشا، یاخود نێوان برۆکان.

١١. بوونی سەرمای زۆرو بەردەوام، وەک بەفربارینی زۆر.

١٢. بوونی ئازار له یەکێک له ئەندامەکانی جەستەدا.

### پینگالا:

١. خوێندنەوەی هاوکێشەیەکی بیرکاری یان حسابکردنی پارەو حسابات.

٢. کێشانی نەخشەی هەندەسی.

٣. پێکەنین.

٤. دەستکەوتنی خەڵات.

٥. ڕقلێبوونەوه له کەسێک که بتوانی تۆڵەی لێ بکەیتەوه.

٦. کارکردنی جەستەیی قورس.

٧. جووڵاندنی زۆری ناوچەی ورگ.

٨. هەناسەدان به لای چەپی لوت.

٩. تەرکیزکردنه سەر ئاگر یان هەر ڕووناکیەکی تر.

١٠. لەشساغ زۆر.

# باسی شەشەم
# چالاکبوونی ئایداو پینگالا

بەپێی یۆگاو زانستی هاوچەرخ لە شەوو ڕۆژێکدا دوازدە کاتژمێر ئایدا (پاراسەمپەساوی) و دوازدە کاتژمێر پینگالا (سەمپەساوی) چالاکیی باڵادەستیان هەیە. دکتۆر (ڕیمۆند)و دکتۆر (ڕوزین ئارمیتاژ) لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەریان خست کە هەر لە ماوەی (٨٠-٩٠) خولەک جارێک چالاکبوونی فراوان و باڵادەست لە ئایداوە دەگۆڕێت بۆ پینگالاو بەپێچەوانەشەوە، بەڵام ئێمە دەمانەوێت لە ڕێگەی یۆگاوە چالاکبوونی هەردوو کاناڵەکە هاوسەنگ بکەین، واتە ئەو کاتەی کە ئایدا چالاکە پینگالاش چالاک بێت و ئەو کاتەشی کە پینگالا چالاکە ئایدا چالاک بێت. لێرەوەیە کە سۆشۆمنا دەکەوێتە کار، چونکە سۆشۆمنا واتە هاوسەنگکارکردنی ئایداو پینگالا. ئەمە لە کاتێکدا کە دابنیشین بۆ چاودێری و دوعا و تێڕامان، بەڵام لە کاتەکانی دیکەدا دەبێت بەپێی ئەو هەلومەرجە یەکێک لە کاناڵەکان بکەیتەوە، بۆ نموونە لە کاتی ئیشکردنی زۆری جەستەیی دەبێت پینگالاو لە کاتی نووسین و خوێندنەوە دەبێت ئایدا چالاک بێت.

ئایداو پینگالا هیچ نین جگە لە هێزی دەمارەکانی لەشی تۆو تیجاکانیان[٤١٥]، هەربۆیە ئایداو پینگالا لە هاتایۆگاو کوندالینی یۆگادا گرنگی زۆری پێ دەدرێت، چونکە لەشی تۆ لەو دوو کاناڵەو کاناڵەکانی دیکە پێکهاتووە، هەربۆیە پێویستە لە ڕوانگەی زانستی سەردەمیشەوە لەم بابەتە بگەیت ئەگەر لە ڕێگەی یۆگاوە بۆت ئاسان نییە.

---

٤١٥ - Tija واتە لەرینەوەی پڕانا کە مەبەست وزەی کەهرۆموگناتیسی دەمارەکانی لەشە.

# باسی حەوتەم
# کەنالەکان و سیستمی دەماری لەش

پێش هەموو شتێک ئەوە بزانە کە هەر دەمارێکی لەشی تۆ دوو تایبەتمەندیی گرنگی هەیە. ئەم دوو تایبەتمەندیە یارمەتیی زانین و هەست و ئاگایی قووڵی مرۆڤ دەدەن، ئەوانیش یەکەم توانای وروژان (التهیج–Excitability) و دووەم توانای گەیاندن (الایصال– Conductivity)ن، واتە هەر دەمارێک دەتوانێت هەست بە هەر کاریگەرییەک بکات کە کاری تێدەکات و لەهەمانکاتیشدا وەڵامی بداتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێت هەر زانیاریەک بگەیەنێت کە هەستی پێ دەکات بە کەم و زۆرەوە. کەواتە تۆ دەتوانیت کاریگەریت هەبێت لەسەر هەموو دەمارەکان و هێزی کەهرۆموگناتیسی لەشی خۆت.

سیستمی دەماری تۆ دەکرێت بە سێ بەشەوە کە ئەمانەن:

١. سیستمی دەماری خۆیی (A.N.S): ناوی ئەم سیستمە (Autonomic Nrvous System)ە کە (Involuntary.N.S)یشی پێدەڵێن و بە مانای دەزگای دەماری خۆنەویست دێت، چونکە جووڵە خۆنەویستەکانی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکات. ئەم دەزگایە دابەش دەبێتە سەر دوو بەش کە ئەمانەن:

یەکەم–دەزگای دەماری پاراسەمپەساوی (Prasympathetic.N.S) و دووەم – دەزگای دەماری سەمپەساوی (Sympath etic). ئەم دوو دەزگایە بۆ تەواوکردنی کارەکانی لەش لە دژی یەکتر کاردەکەن، بۆ نموونە سەمپەساوی لێدانی دڵ خێرا دەکات، بەڵام پاراسەمپەساوی هێواشی دەکاتەوە، هەرچەند ئەمە لەش وێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت. سەمپەساوی دڵ خێرا دەکات، بەڵام دەزگای هەرس خاو دەکاتەوەو بەپێچەوانەشەوە پاراسەمپەساوی دڵ هێمن دەکاتەوە، بەڵام دەزگای هەرس خێرا دەکات. ئەمەش مانای کارکردنی جیاوازی هەر چاکرایەکە لە شوێنێک لە شوێنەکانی لەشدا. بۆ نموونە چاکرای مانی پورا کە دەکەوێتە سەر گلاندی ئەدرینالٚ کاری جیاوازی لە چاکرای ئاناهاتا هەیە کە دەکەوێتە سەر گلاندی سایمەس. لە یۆگادا سەمپەساوی

بە پینگالا ناوبراوەو ئایدا بە پاراسەمپەساوی. ئەم سیستمە ئەگەر لە ڕێگەی ڕاهێنانەکانی پرانایاماوە کاری لێ کرا، ئەوا کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە لەشدا ڕوودەدات، هەندێک لەوانە: گرژبوونی هەستەکان، گرژبوونی تەواوی لەش، سوکبوونی لەش و هەستکردن بە ڕۆشتنی زەوی لەژێر پێدا.

٢. دەرکە کۆئەندامی دەمار (P.N.S): ئەم دەزگایەش بە دوو جۆر کار دەکات، جۆرێکیان لەناو مێشکدایەو ئایدا پێوەی تایبەتەو جۆری دووەمیان لەناو ئۆرگانەکانی لەشدایەو بە پینگالا دەناسرێت.

٣. ناوەندە کۆئەندامی دەمار (C.N.S): ئەم بەشە لە دەمارەکان کۆنترۆڵی هەردوو سیستمی (A.N.S) و (P.N.S) دەکات. هەروەها کاری مێشک و دڕکەپەتک لێرەدا تەواو چالاکەو لە یۆگادا بە سۆشۆمنا دەناسرێت.

کەواتە ئێستا زانیمان کانالەکانی لەشی پرانیکی مرۆڤ هاوشێوەی دەمارەکانی لەشن و دەتوانن هەر جۆرە کاریگەرییەکی ناوەکی و دەرەکی کاریان لێ بکات و ئەوانیش کاریگەریەکە بە هەموو لەشدا بڵاو دەکەنەوە لە ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆو ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆوە. ڕێگە ڕاستەوخۆکە بەهۆی گەیەنەری (Synapse) وەیەو ڕێگە ناڕاستەوخۆکەش لە ڕێگەی فرەکانس و لەرینەوەوەیە. ئەم ئیرتعاش و فرەکانسە (واتە پرانا) دەبێتە هۆی گوێزانەوەی زانیاری و هەستەکان لە ماوەیەکی کەمتر لەو ماوەیەی کە ساینەپسەکان دەیبردن بۆ گوێزانەوەی هەستێک کە (٠،١)ی چرکەیەکە. ئەگەر بێت و تەنێک بەر لەش بکەوێت، ئەوا دەمارەکان بەهۆی بەریەککەوتنیانەوە بەخێرایی هەواڵەکە دەگوێزنەوە، بەڵام زۆر خێراتر لەو گوێزانەوەیە لە ڕێگەی تیجاکانەوە هەواڵەکە دەڕوات کە ئیرتعاشی دەمارەکانن. ئەگەر کارتێکەرێکی وا خێرا بەر لەش بکەوێت کە خێراییەکەی لە کاتی گەیاندنی هەواڵەکە خێراتر بێت، ئەوا هەواڵەکە ناگوێزرێتەوە لە ڕێگەی ساینەپس و دەمارە ماددیەکانەوە، بەڵام لە ڕێگەی تیجای دەمارەکانەوە بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر هەواڵەکە دەگات بە هەموو لەش، چونکە تەنها تیشکە یان وێنەکانی تیشکن کە دەتوانن بەو خێراییە بەر لەش بکەون و تیشکیش دەبێتە هۆی تێکدانی ئیرتعاشی لەش، هەر بۆیە ئەم تێکچوونە بەئاسانی لەلایەن لەشی پرانایکەوە هەستی پێدەکرێت. لە یۆگادا

زانستی هاله (Ura)مان هەیە کە تایبەتە بە لەرینەوەی ئەم دەمارانەوە کە ئایداو پینگالاو سۆشۆمنا پێکدەهێنن. ئەمانە کاناڵە گرنگەکانی لەش بوون و لەوان بەدەر چەند کانالێکی دیکەشمان هەیە کە ئەمانەن:

١. گاندهاری (Gandhari)

٢. هاستی جیهڤا (Hastajhihva)

٣. پوشا (Pusha)

٤. ئاشڤینی (Ashvini)

٥. شورا (Shurah)

٦. کوهو (Kuhu)

٧. ساراسواتی (SAraswati)

٨. ڤارونی ( Varuni)

٩. ئالامبوشا (Alambusha)

١٠. ڤیشڤادهارا (Vishvadhara)

١١. شانگ هینی (Shanghini)

هەموو ئەم کانالانە کە هۆکاری گوێزانەوەی پرانان بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی لەشی پرانیک و لەشی ماددی بەشن لە پڕانای کەونی. پرانای تاکە کەسی و پرانای کەونی دەرکەوتەی شاکتین کە ئەویش دەرکەوتەی شیڤایە. هەرکات شاکتی گەشتە دوا ئاستی بەرزی و کرانەوەی خۆی، ئەوا لەگەڵ شیڤا یەک دەگرێت و یەکبوونی تەواو لە یۆگیدا ڕوودەدات. یۆگیەکان بەم یەکگرتنە دەڵێن ڕووناکبوونەوە. ئەوەی ڕووناک نەبێتە ناگاتە حەقیقەت.

باشترە بزانین ئەو بەرگانە چین کە پرانا کار دەکەن تیایاندا و هەندێک ڕووکاری شاراوەی مرۆڤ بخەینە بەر باس. ئەو ڕووکارە شاراوانەش ڕووکاری بەرگەکانی مرۆڤن کە لە خوارەوە بەکورتی باسیان دەکەم.

# بابەتی پێنجەم
# بەرگەکانی لەش

## کۆشا [٤١٦]

مرۆڤ تەنها ئەو بەرگە ماددیە نییە کە بەدی دەکرێت، بەڵکو لە شەش بەرگی دیکەش پێکهاتووە کە سەرتاپا بەرگەکانی لەش پێکدێنن و لە ئیسلامدا بە ناسوت و لاهوت و جەبەروت و هتد... ناویان هاتووە، من لێرەدا بەکورتی باسیان دەکەم.

بەرگەکان پێیان دەوترێت کۆشا (Kosha). کۆشا بە مانای ڕوپۆش دێت، چونکە ئەم بەرگانە ئەو ڕوپۆشانەن کە ئاگایی ئێمەی مرۆڤیان داپۆشیوە لەبەرامبەر حەقیقەتی خۆمان. ئێمە دەبێت یەکەیەکە بچینە پشتیانەوە و بیانبڕین و تێیان بگەین و ئەو بارە دەروونی و ڕۆحانیەی کە بۆمان دروست دەکەن بەجێبهێڵین، چونکە هەریەک لەوان جیهانێکی تایبەتی ئێمەن و گرفت و ڕێگری تایبەتیان هەیە.

ئەم بەرگانە دانە لە دانە تیوارترن و زاڵبوون بەسەریاندا زەحمەتتر دەبێت. ئەوان هەریەکەیان جیهانێکی تایبەتن بۆ ئێمە کە تا بەرەو ناسکتریان بڕۆین کێشەکانیان ناسکترو نهێنیتر دەبێت.

زانستی ڤیدا و تانترا یۆگا کە زانستێکی قووڵ و گرنگی مرۆڤایەتیە بەوردی لەبارەی کۆشاکان و لۆکاکانەوە دواوەو منیش لێرەدا بەو پێیەی پێم گەشتووە و تێی گەشتووم باسی دەکەم، هەرچەند باسکردنی ئەمانە ئازایەتی دەوێت، چونکە قسەکردنە لەسەر لایەنێکی زۆر شاراوەی مرۆڤ، بەهەرحاڵ ئەوەندەی بکرێت شیان دەکەینەوە..

---

٤١٦- Kosha


Chakra Coronário
Chakra Frontal
Chakra Laringeo
Chakra Cardíaco
Chakra do Plexo Solar
Chakra Umbilical
Chakra Básico

# باسی یەکەم
# بەرگی یەکەم
## ئانامایاکۆشا Anamayakosha

ئانامایا کۆشا[٤١٧] (یاخود Estol Shrira) بەرگی یەکەمی لەشەو بە بەرگی فیزیکی ناسراوەو لە گۆشت و ماسولکەو دەمارو چەوری و لیمف و ماددەی کیمیاییتر پێکهاتووەو تا ماوەیەک دەتوانێت درێژە بە ژیان بدات کە پزیشکەکانی ئایورڤیدا بە (٣٠) ساڵ لەقەڵەمی دەدەن.

ئەم بەرگە لە حەوت ساڵی یەکەمی ژیاندا بەتەواوی گەشە دەکات و ئەگەر لەم ماوەیەدا لە گەشە دوابکەوێت بەئاستەم دەتوانێت خۆی بگرێتەوە لە ساڵەکانی دواتری تەمەنیدا.

ئەم بەرگە پەیوەندی بە زهنی ناخودئاگا و چاکرای یەکەمەوە هەیە. دەتوانین لە ڕێگەی ڕاهێنانەکانی ئاسانەو پرۆگرامی خۆراکیەوە زاڵ ببین بەسەر ئەم بەرگەی لەش و کەموکوڕیەکانیدا، بەڵام هەرگیز ناتوانین ئەم لەشە بگەیەنینە کەماڵ و تەواوی. ئایورڤیدا و هاتایۆگا توانایەکی زۆر باشیان هەیە بۆ هێشتنەوەی ئەم لەشە بە تەندروستی و بەهێزی.

تاتڤا (ڕەگەز- عنصر)ی ئەم بەرگەی لەش خاکە (Prethivi)، چونکە چاکراکەی مۆلاداهارایە و ڕەگەزی مۆلاداهاراش خاکە. واتە ئەم لەشە زیاتر بە خواردنی خاک و ئەو شتانە زیاد دەکات و دەمێنێتەوە کە لە خاکن و بۆ خاکن. سروشتەکەی سروشتێکی قورسەو زیاتر لە تاماسەوە نزیکە تاساتڤیک، چونکە خاک چڕبوونەوەی وزەیەو وزەش تا چەند چڕ ببێتەوە ئەوەندە زیاتر قورس دەبێت.

شێوەی ئانامایاکۆشا لە میتۆلۆژیای ڤیدایی و لە زانستی ڕەگەزەکانی بووندا (چوارگۆشەیە) کە مانای چوارچێوەو دیوارو سنوربەندییە.

بیجامانتراکەی (لام)ەو تانمانتراکەی (بۆن)ە. دەتوانرێت لە لەشدا لە پەنجەکانی قاچەوە تا ئەژنۆکان هەستی پێ بکرێت، لەبەرئەوەی مەڵبەندەکەی

---

٤١٧- ئانامایاکۆشا واتە لەشی خۆراکی.

له زانستی کوندالینیدا لەو مۆڵگەیەدایە.

دەتوانرێت بە تەرکیزکردنە سەرسەری لوت ئەم بەرگەی لەش کۆنترۆڵ بکەیت یان هەر هیچ نەبێت هەستەوەر بکەین، واتە بە کۆنترۆڵکردنی بۆن و ئەندامی کاری بۆن دەتوانین دەستکاری پێکهاتە و پێگەیشتنی لەش بکەین[٤١٨].

ڕووکاری (ئاراستە- ڕووی) ئەم بەرگە ڕۆژهەڵاتە. مانای ئەم دێڕەش ئەوەیە کە لەش بە خۆرو وزەی گەرمی خۆرو ئەوەی بە خۆر دەڕوێت گەشە دەکات. لۆکا[٤١٩] (Loka)ی ئەم بەرگە پێی دەوترێت (بهو ـ Bhu) کە بە مانای سەتحی فیزیکی دێت.

---

٤١٨- بڕوانە منداڵ بۆنی زۆر بەهێزە، ئەگەر کەسێک بۆنی زۆری لە خۆی دابێت ئەوا منداڵەکە ڕەنگی تێکدەچێت و نەخۆش دەکەوێت، بەمە دەڵێن بۆن بردوویەتی یان بەبۆن کەوتووە، واتە بۆن کاریگەریی خستۆتە سەر جەستەی ماددی.

٤١٩- لۆکاکان سەتحەکانی ئاگایین کە هەریەکیان لەگەڵ یەکێک لە بەرگەکانی لەشدا پەیوەندییان هەیە، هەریەک ئەم لۆکایانە دەتوانرێت لە ڕێگەی یەکێک لە ڕەگەزەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێت. بۆ نموونە بهولۆکا لە ڕێگەی ڕەگەزی خاکەوەو سوارلۆکا لە ڕێگەی ڕەگەزی ئاگرەوە، هەربۆیە لە هەندێک سلۆکای ڤیداییدا وتراوە کە شوێنی ئاگنی سوارلۆکایە، واتە مەڵبەندی ئاگر بەرگی سێهەمە. جیاوازیی نێوان لۆکاو کۆشا لەوەدایە کۆشا سەتحەکانی بوونن، بەڵام لۆکا سەتحەکانی هاتوچۆو کاری ئاگایین.

# باسی دووەم

# بەرگی دووەم

## Pranamayakosha پڕانایاماکۆشا

ئەم بەرگە لە پڕانا پێکهاتووەو هەردوو ئاناماياکۆشا و مانومایاکۆشا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. واتە هەردوو لەش و دەروون پێکەوە گرێ دەدات. ئەم بەرگە دەتوانرێت بە ڕاهێنانی پڕانایاما کاری لەسەر بکرێت بەتايبەت بە ڕاهێنانی کاپالابهاتی و ئوجایی کە وا دەکەن بیر پاک و سەر ئارام ببێتەوە و مرۆڤ پەی بە هاڵاوێک لە مەلەکوتی ئیلاهی بەرێت و بتوانێت بگاتە هاوسەنگی لە ژیاندا.

لۆکای ئەم بەرگەی لەش بووڤار (Bhuvar)ە. سروشتی ئەم بەرگەی لەش و بووڤار سروشتێکی ساردە، چونکە ڕەگەزی بووڤار ئاپاس (ئاو)ەو ئاپاسیش سروشتەکەی سەرمایە.

پرانایاماکۆشا لە تەمەنی حەوتساڵیەوە دەست بە گەشەکردن دەکات تا چواردە ساڵ. لە پرانایاماکۆشادا پێگەیشتنی جنسی بە کامڵی دەردەکەوێت. واتە دووانەیی دروست دەبێت و کەسەکە هەست بە خۆی و کەسانی دیکە دەکات بە جیاوازی و ڕق بە جیا دەبینێت و خۆشەویستی بە جیا. هەرچەند ئەقڵ ناتوانێت بەئاشکراو ڕاشکاوانەو بە دیاری و ڕوونی و بڕوا بەوە بکات کە شتێک هەیە بەناوی عەشق یان ڕقەوە (ئەمەش فێڵەکانی ئەقڵە).

تانمانترای پرانامایاکۆشا چەشتنە، چونکە چەشتن تانماترای چاکرای سوادهیستانایەو ئەم چاکرایەش پەیوەندیی بە پرانایاماکۆشاوە هەیە. کاتێک تۆ پرانایاماکۆشات کەوتە ژێر کۆنترۆڵی خۆتەوە، ئەوا بەسەر مەعریفەی ئەقڵ (بودهی)دا زاڵ دەبێت و لە فێڵەکانی دەگەیت و دەتوانیت ساماسکاراکان بێنیتەوە بەرچاوی خۆت و کار بکەیت بۆ پاکبوونەوەیان (هەرکات ئەم بەرگە کۆنترۆڵ کرا سوادهیستانا دەجووڵێت و بە جووڵاندنی ئەم چاکرایەش مرۆڤی یۆگی ساماسکارەکانی دێنەوە بەرچاو)[٤٢٠]. لەماندالاکانی تانترادا دەوترێت بەرگی

---

٤٢٠ - بڕوانە بابەتی شەشەم باسی چوارەم.

پرانا لە شێوەی مانگێکدا دەردەکەوێت.

پراناياماكۆشا لە دە جۆرەکەی پڕانا پێکدێت کە ئەمانەن: (پڕانا، ئاپانا، سامانا، ڤیانا، ئودانا، کریکارا، نادا، کورما، دهانانجایا، دیڤاداتا).

یۆگی دەتوانێت لە ڕێگەی بەرگی پڕاناوە کۆنترۆڵی هەموو گلاندەکانی لەش بکات لەبەرئەوەی پڕانا (مەبەست لەو پڕانایەیە کە یەکێکە لە پڕانا گەورەکان) وزەی زاڵی نێو چاکرای سوادهیستانایەو ئەویش بەرپرسە لە کاری گلاندەکان.

# باسی سێهەم
# بەرگی سێهەم
## مانومایا کۆشا Manomayakosha

ئەم بەرگە بە ڕووپۆشی فکری ناسراوە و پەیوەستە بە زهنی نیوە هوشیارەوە. ئەم کۆشایەش هەر لە ڕێگەی ڕاهێنانی هەناسەو وردگەری مودرا (Mudra)و بەتایبەت بانداهاکانە (Bandha)وە دەتوانرێت کاری لێ بکرێت.

ئەم کۆشایە سروشتێکی گەرمی هەیە، بۆیە ئەو کەسانەی کە لە جووڵاندنی ئەم بەرگەدان، واتە ئەم بەرگەیان چالاکە سروشتێکی توندو گەرمیان هەیە و هەمیشە هەوڵ بۆ موناقەشە و گفتوگۆ دەدەن و هەوڵیش دەدەن بەئاسانی نەگەنە ڕاستەقینە. ڕەگەزی کۆشاکە ئاگرە و ماندالاکەی سێگۆشەیەکە و چاکرای پەیوەندار پێوەی چاکڕای مانی پورایەو مانتراکەی ڕامە (Ram)و تانمانتراکەی بینینە.

هەمیشە ڕووەکەی ڕوو لە باکوورە، واتە کەسانێک کە لە بەکارهێنانی ئەم بەرگەدا بن دەیانەوێت سەرکردایەتی خەڵک بکەن و لەسەروو خەڵکەوە بن.

لۆکاکەی سوارلۆکا (Swar)یە کە بەهۆی ئاگرەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. هەندێکجار سوارلۆکا بە سوکشما (Sukshma)ش ناو دەبرێت. لۆکای سوار یان سوکشما لە چواردە ساڵیەوە تا بیست و یەک ساڵی گەشە دەکات. لەم ماوەیەدا چەکەرەی زانین تەواو گەشە دەکات، مرۆڤ دەزانێت کە چاک هەیەو خراپ هەیە و هەردووکیشیان یەک بابەتن و لە یەکتر جیاواز نین. لە یۆگادا بەم بەرگە دەوترێت بەرگی جازبیەت. مانومایاکۆشا بەرگی فکریی ئێمەیە.

# باسی چوارەم

# بەرگی چوارەم

## ڤیگیانامایاکۆشا Vigyanamayakosha

بەرگی چوارەمەو پەیوەستە بە نیوەئاگایی و ناخودئاگای مرۆڤەوە و تایبەتە بە دەرکی ڕاستەوخۆوە. واتە دەتوانین بڵێین ئەم بەرگە بەرگی ئاگایی باڵایە. ڤیگیانامایاکۆشا دەتوانرێت لە ڕێگەی ڕاهێنانەکانی تراتاکاوە پاک و خەبەر بکرێتەوە. ئەگەر تا بەرگی سێهەم وەرزش و زانین و فەلسەفە دەوریان هەبێت، ئەوا لەم بەرگەدا مرۆڤ دەتوانێت کار لەسەر شهودی دەروونی بکات.

ڕەگەزی ئەم بەرگە هەوا (ڤایو)یە. چۆنییەتیەکەی چۆنییەتیەکی جووڵاوە، چونکە سروشتی هەوا جووڵەیە. چاکرای پەیوەندار بە ڤیگیانامایاکۆشاوە، ئاناهاتا چاکرایە کە ئەویش ڕەگەزەکەی هەوایە. لۆکای ئەم بەرگە ماها (Maha) لۆکایە کە لە بیست و یەکساڵییەوە گەشە دەکات.

ماهالۆکا بە ڕووکاری پیرۆزو مۆڵگەی سیدهیەکان ناسراوەو تیایدا یۆگی دەتوانێت کە سیدهی (کاری خەوارق -کەرامات) ئەنجام بدات و سوودێکی زۆریش لە هەوا ببینێت.

هەرکەس بە گەیشتنی بەم لۆکایە کە هەندێکجار بە (ماناس لۆکا) ناودەبرێت خاوەن بیرکردنەوەی پاک بێت، ئەوا لە دیڤاس (Divas) دەژمێردرێت، واتە کەسێکی پاک دەبێت، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە بوو، ئەوا بە پڕتاس ئاماژە دەکرێت.

کەسانێک لە بەرگی ڤیگیانامایاکۆشادا بن بەئاسانی دەتوانن بچنە باری چاودێری (Dhyana)ەوە.

# باسی پێنجەم
# بەرگی پێنجەم
## ئاناندامایاکۆشا Anandamayakosha

ئەم بەرگە بەرگی خۆشیی پێ دەوترێت و یۆگییەکان دەڵێن تیادا مرۆڤ ئەزموونی خۆشییەکی قووڵی ناوەکی دەکات کە لەوانەیە بیانخاتە جەزبەو خەلسەی ڕۆحانییەوە.

ئەم بەرگە پەیوەندی بە چاکرای ڤیشۆدهیەوەیە کە چاکرای چوارەمە. ڕەگەزەکەی ئاکاشا (Akasha)یە واتە فەزا. ڕەنگی ئەم ڕەگەزە ڕەشەو شێوەکەی دەتوانرێت بەشێوەی بازنەیەکی ڕەشی پەڵەپەڵە بهێنرێتە بەرچاو. بەرگی ئاناندامایاکۆشا لە (٣٥) ساڵیدا لە گەشەی خۆی تەواو دەبێت. ئەوانەی دەگەنە ئەم بەرگ ئەوا دەگەنە ڕەهابوون (موکشا). محمدو کریشنا و بوودا و عیسا و بودی دارما و ئیبراهیم لەم بەرگەدا گەیشتن بە ڕۆشنبینی، چونکە ئاکاشا تاتڤا مۆڵگەی بینینی دەروونییە.

یۆگی لێرەدا بەئاگاییەوە کار دەکات و وەک مرۆڤە بێ ئاگاکان نابێت، چونکە ئیحساسی من و تۆی نامێنێت و خۆپەستی لەناودەچێت. بەو کەسانەی ئەم بەرگەیان گەشاوەتەوەو لەم بەرگەداو لەم سەتحەی ئاگاییدا کاردەکەن دەوترێت (تیرتانکارا - Tertankara) واتە کەسێک کە ناتوانێت کەسێکی دیکە بە هەلەوەو بە خەوتوویی بەجێ بهێڵێت. ئۆشۆ (OSHO) دەڵێت: "تیرتانکاراکان سەبری ئەیوبیان هەیە، چونکە خۆیان گەشتوونەتە ئەوبەری دەریاو کەچی لەڕێی خەڵکی دەوەستن تا ئەوانیش ڕزگار بکەن).

لۆکای ئاناندامایاکۆشا جانالۆکا (Janaloka)یە کە لە ڕێگەی ئاکاشاوە کۆنترۆڵ دەکرێت. ئەو کەسانە دەکەونە ئەم بەرگەوە هەرگیز بێ تاقەت نابن، ئەوان تێدەگەن کە چ خۆشی و چ ناخۆشی ڕێگەیەکن بۆ گەیشتن بە پوروشا. ئەوان شتەکان لە دڵدا هەڵناگرن تەنها خوداوەند نەبێت.

خستنەکاری ئاناندامایاکۆشا پەیوەستە بە جووڵاندنی بەرگەکانی دیکەی لەشەوە. سادانایەکی تایبەت بە خستنەکاری ئەم بەرگەوە نییە.

# باسی شەشەم
# بەرگی شەشەم
## بڕەهما کۆشا Brahmakosha

بەرگی بڕەهما لە (٤٢) ساڵیدا گەشەی تەواو دەبێت. یۆگی ناتوانێت باس لە بارە ڕۆحیەکانی خۆی بکات، زمان ناتوانێت ببێتە بڵندگۆی ڕاستی، بەڵکو تەنها دەتوانێت ببێتە بڵندگۆی ڕێگەیەک بۆ لای ڕاستی. بەم بەرگەدا مرۆڤ دەگاتە یەکبوون لەگەڵ خواوەن. ئەگەر لە یۆگیەک بپرسی کێ هەیە؟ دەڵێت خوا. هەربۆیە بەم بەرگە دەوترێت (ئادڤایتا ـAdvaita) کە مانای یەکپارچەیی دەگەیەنێت. هەروەها بەم یەکبوونە یۆگی دەگاتە ئازادیی تەواو، بۆیە بە سەتحی ئاگایی ئەو دەوترێت تاپو(Tapo) لۆکا کە بە مانای دەروونی ئازاد دێت. لۆکای تاپۆ بە ڕۆشنایی ئاجناچاکرا کۆنترۆڵ دەکرێت. لەم بەرگەدا ئەوە دەرک دەکرێت کە وزەی مرۆڤ پەیوەستە بە هەسارەکانەوەو هەمووان یەکین و شتێک هەیە پێی دەوترێت وەحدەتی کەونی یان یەکبوونی جیهانی.

# باسی حەوتەم
# بەرگی حەوتەم
## سامادهی کۆشا Samaddhi Kosa

سامادهی کۆشا بەرگی حەوتەمی لەشە و یەکبوونی تەواوی ئاگایی تاک لەگەڵ ئاگایی گشتی لێرەدا ڕوودەدات.

لە بەرگی شەشەمدا یەکبوونەکە لەگەڵ ناوو سیفەتی خوداوەنددا بوو، بەڵام لێرەدا لەگەڵ خودی خوداوەنددایە واتە لەگەڵ (SAT)[421]دا، هەربۆیە لۆکای پەیوەست بە سامادی کۆشاوە (ساتیالۆکاSatya Loka)یە. یۆگیەکان دەڵێن ئەم بەرگە بەهۆی شری(شیڤاو شاکتی)یەوە کۆنترۆڵ دەکرێت نەک بەهۆی مرۆڤەوە. بەم بەرگە دەوترێت بەرگی مەرگ، مرۆڤ کاتێک لەگەڵ خوداوەندی گەورە بوو بە یەک لەودا دەتوێتەوەو ڕزگاری دەبێت لە هەموو هەلە ڕوانینەکان و چاک و خراپەکانی پێشتری، بۆیە وەک وایە ئەو کەسە مردبێت و کەسێکی نوێ لەدایکبووبێت. شتێکی وا لەبارەی ئەم بەرگەوە نازانرێت تەنها ئەوەندە دەزانرێت کە ڕەنگی بەرگەکە زەردە (زەردێکی تۆخ)[422].

---

٤٢١- سات واتە حەقیقەت.

٤٢٢- ڕەنگی زەرد لە هێماناسی ڤیداییدا ڕەنگی گۆڕانی کۆتاییە.

# باسی هەشتەم
# بەرگەکانی لەش و ڕەگەزەکان

ئەوەی ئەمڕۆ لە جیهاندا جێگەی قسەوباسە مەسەلەی ژن و پیاوە. بەپێی بیروڕای زۆرینە ژن و پیاو دوو ڕەگەزی بەرامبەر یەکترن کە دەبێت یەکتر تەواو بکەن و مافیان وەکو یەکتر بێت و وەکو یەکتر سەیریان بکرێت. ڤیداو یۆگاو تانترا بەجۆرێکی دیکە باس لەم مەسەلەیە دەکەن و پێیان وایە ئێمە وەکو مرۆڤ لە یەک کاتدا هەم ژنین و هەم پیاو. دەبێت ئێمە ژنێتیی و پیاوێتیی خۆمان لەناو خۆماندا بدۆزینەوە.

ئەم دۆزینەوەیە بە تێگەیشتن و کارکردن دەبێت لەسەر بەرگەکان، چونکە هەر بەرگێک تا بەرگی چوارەم خاوەنی ڕەگەزێکە لەو دوو ڕەگەزە. ئەمە تا بەرگی چوارەم، بەڵام بەرگی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم بێ ڕەگەزن، واتە نە نێرن نە مێ. بەرگەکانی ناوەوەی مرۆڤ یەکسانن، چونکە ئێمەی مرۆڤ لە یەک نەفس دروست بووین. ئەم بابەتە زۆر گرنگە لەبەرئەوەی ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو مرۆڤەی پێگەیشتووە نە ژنە و نە پیاوە، بەڵکو تەنیا مرۆڤە، هەربۆیە سەرەتا لە هیندۆیزمدا ژن و پیاو لە ماف و کارو پیشەدا جیاوازن، بەڵام هەر هێندەی کە لەڕووی ڕۆحیەوە پێگەیشتن، ئیدی بەهیچ شێوازێک ڕەگەز ڕێگر نییە و ناوی لەناو ناواند هەڵدەگیرێت، بۆ نموونە لە قوربانی و نوێژەکانی بەیانیان و ئێوارانداا ئافرەت و پیاو بەرامبەر یەکتر دەوەستن و نابێت تێکەڵی یەکتر ببن، بەڵام کاتێک ئافرەت یان پیاو گەشتنە مەقامێک ڕۆحانی دەتوانێت بە هەموو شێوەیەک ڕەگەزی بەرامبەر لە باوەش بگرێت و تەنانەت ماچ بکات بێ ئەوە کارمای لەسەر کۆببێتەوە، لەم نموونە ڕۆحانیانەش کە هەزاران موریدی پیاویان بووە، ژنانی وەک (ئاناندامایی ما) و (گورومایی) و (شری ماتاجی) و پیاوانی وەک (ساتیاسای بابا) و (پایلۆت بابا) و (پاراماهانسا ساتیاناندا) دەبینرێن. بەهەرحاڵ بێینەوە سەر بابەتی کۆشاکان لە پیاوو ئافرەتدا. بەگشتی ئەگەر کەسێک پیاو بێت، ئەوا بەرگەکانی لەشی بەپێی یۆگا و ڤیداکان بەم شێوەیەیە:

ئاناماياکۆشا = پیاو.

پڕاناماياكۆشا= ژن.
مانوماياكۆشا= پياو.
ڤيگياناماياكۆشا= ژن.
ئەگەر كەسێک ژن بێت بەرگەكانی بەم شێوەیەیە:
ئاناماياكۆشا= ژن.
پڕانایاماكۆشا= پياو
مانوماياكۆشا= ژن.
ڤيگياناماياكۆشا= پياو.
وردبوونەوە:

بەرگی یەكەمی ئافرەت ئاناماياكۆشایە كە پێی دەڵێن بەرگی جەستەیی. ئەم بەرگە خاوو ناسكەو بەئاسانی كاری لێ دەكرێت. لەڕووی ماسولكەییەوە بە برشت نییە وەكو لەشی پياو. زیاتر لە بەرگی پياوان بە مادده سڕكەرە كحولیەكان كاری لێ دەكرێت، هەربۆیە لە یۆگادا دەوترێت ئافرەتان دەبێت بەتەواوی لە بەكارهێنانی هەموو جۆرە ماددەیەكی سڕكەر دوور بكەونەوە.

بەرگی دووەمی ئافرەتان كە پڕانایاما كۆشایە بەرگێكی پياوانەیەو تەواو ئاقڵەو بەمەش دەردەكەوێت كە ئافرەتان لە پياوان ئاقڵترن و باشتر ئەقڵی بەڕێوەبردنیان هەیە، بۆیە دەڵێن لە پشت هەر پياوێكی بەناوبانگەوە ئافرەتێک هەیە. ئافرەت (وەک سیفەتی لەشی دەرەوەی پياو كە بەهێزی و خۆڕاگریە) خۆڕاگرن لە مەسەلە جنسیەكانداو دەتوانن بۆ ماوەیەكی زۆر سێكس نەكەن، لەبەرئەوەی بەڵگەی ئەقڵی بۆ خۆیان دەهێننەوە و خۆراگری چاكرای سوادهیستانایان زیاترە.

بەرگی سێهەمی ئافرەتان (مانوماياكۆشا) ژنانەیەو وا لە ئافرەتەكە دەكات هەوڵ نەدات بۆ سەركردایەتی خەڵک و خۆبەگەورەگرتن. ئافرەتان بەپێی ئەم بەرگە سروشتێكی تەسلیمیان هەیە هەم لە كاری سێكسی و هەم لە كاری كۆمەڵایەتیدا. هەروەها ئافرەتان زووترو باشتر كاتێک بڕوایان هێنا تەسلیم دەبن و خۆیان دەدەنە دەست خواو و ناتوانن بەگژ خەڵكیدا بچنەوەو زۆرترن كاتەكانیان لەناو خەڵكیدا بەسەربەرن، چونكە بەئاسانی كاریان لێ دەكرێت

و دەگۆڕێن، هەربۆیە دوورەپەرێزی سوودێکی زیاتری بۆ ئافرەتان هەیە. دەبینین لە دینەکاندا کەمتر کارەکان بە ئافرەتان سپێردراوە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیە. هەروەها کاتێک دەوترێت ئافرەتان کەمتر دەبنە سەرکردەو ئەوە وەک رەخنەیەک ئاراستەی پیاوان یان تەنانەت خودی ئافرەتانیش دەکرێت، لە ڕاستیدا ئەوە سروشتی ئافرەتەو پێویست ناکات وەک شتێکی کەم یان سەیروسەمەرە سەیر بکرێت.

بەرگی چوارەمی ئافرەتان ڤیگیاناماياکۆشایە کە بەرگێکی پیاوانەی ژنانەو پەیوەستە بە چاکرای دڵ (ئاناهاتا چاکرا)وە، هەربۆیە ژنان دەتوانن باشتر لە پیاوان عاشق بن. لە ڤیدادا وا ئامۆژگاری دەکرێت کە ئەو ئافرەتانەی لەم بەرگەدان نابێت تێکەڵ بە کەسانێک ببن کە خراپن، چونکە دەتوانن بەئاسانی کاریان لێ بکەن بەهۆی ئەوەوە کە چاکرای ئاناهاتا یان باشتر لە کاردایە، بەڵام بەداخەوە کەمترین ڕێژەی ئافرەتان کەم تێکەڵ دەبن، لەبەرئەوەی سروشتی ئەم بەرگە جووڵەیەو ڕەگەزەکەشی هەوایەو هەواش سروشتی جووڵەیە. بڕوانە ئافرەت لە بابەتی عەشق و دڵداریدا هەمیشە مەعشوق بووەو پیاو هەوڵی داوە پێی بگات، پیاو دەبێت بێتە سەر چۆک بۆ ئافرەت لە مەسەلەی خۆشەویستیدا، چونکە ئافرەت لەم بەرگەدا بەهێز و زاڵە. ئافرەت زیاتر دەتوانێت منداڵەکانی خۆی خۆش بوێت، ژن کەمتر دەتوانێت بکوژێت و کوژەر بێت.

ئافرەتان بەهۆی ئەم بەرگەوە لە تەمەنی (٢١) ساڵییەوە زیاتر دەتوانن کاری خۆیان بۆ یەکلا ببێتەوەو هەست بە جیاوازیی کەسەکان بکەن و دەشتوانن زیاتر لە پیاوان سوود لە ڕاهێنانی تەرکیزو بیرکۆیی وەربگرن.

پیاوان:

بەرگی یەکەمی پیاو کە جەستەی مادديە پیاوانەیەو بەهێزو بەبرشتەو توانای کاری قورسی جەستەیی هەیە.

بەرگی دووەمی پیاو ژنانەیە. کاتێک پیاو هاوسەنگی لەدەست دا بەئاسانی ناتوانێت بیدۆزێتەوە، بەڵام ئەمە بۆ ژن ئاسانترە. ئەمەش نیشانەی لاوازی پیاوە لەم ڕووەوە.

بەرگی سێهەمی پیاو دیسان پیاوانەیە. دەبینی پیاوان هەوڵی سەرکردایەتی و لێپرسراوێتی دەدەن و شەڕ لەسەر کورسی و دەسەڵات دەکەن، ئەمە تایبەتمەندیی بەرگی سێهەمە لە پیاودا کە سەرچاوەی پێشکەوتن و کاولبوونە لە یەک کاتدا.

بەرگی چوارەمی پیاو دیسان ژنانەیە و بەرگێکی لاوازەو بەئاسانی دیل دەکرێت. دڵی پیاو لاوازەو بەرگەی خۆشەویستی ئافرەت ناگرێت. پیاو درەنگتر خۆی تەسلیمی خودا دەکات. یەکەم کەس بڕوای بە پێغەمبەری ئیسلام هێنا نە مامی بوو نە ئامۆزاکانی و نە کەسی تر، بەڵکو تەنیا ژنەکەی بوو کە بڕوای پێکردو بوو بە ئیماندار. لە فەلسەفەی میتۆلۆژی یۆگاشدا دەوترێت یەکەم موریدی هاتایۆگا (پارڤاتی) بوو کە خێزانی شیڤایە. پیاوان کەمتر دڵیان بەهێزە وەک ژنان.

کەواتە زانینی ئەم بەرگانە ئەوە بۆ ئێمە دەسەلمێنێت کە ژن و پیاو خاوەنی بوونی تایبەتی خۆیانن. وەنەبێت لە ئاستە بەرزەکانی مرۆڤدا، بەڵکو تەنیا لە ئاستە نزمەکاندا. شەڕی نێوان ژن و پیاویش لە مرۆدا تەنیا لە ئاستێکی نزمدایەو ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز هەرگیز ئەو شەڕە ئاوقای خۆی ناکات.

# بابەتی شەشەم

# چاکراکان

دەمەوێت لە خوارەوە بەکورتی و خێرایی باسی هەندێک لە چاکراکانی مرۆڤ بکەم تا بزانین مەبەست چیە لە نیزامی کوندالینی و چاکراو چاکراکان چۆن کاردەکەن و پەیوەندیان بە فەلسەفەی سانکهیاوە چیە.

ئێمە لە پێشتردا باسمان لە شەش کۆشا یان ڕووپۆش کرد کە مرۆڤیان لێ پێکهاتووە. شوێنی کارکردنی ئەم بەرگانە سێ شوێنە کە ئەمانیش بە سێ لەش ناودەبرێن.

١. لەشی جەستەیی (ستولاشریرا)[٤٢٣].

٢. لەشی تیوار (سوکشماشریرا)[٤٢٤].

٣. لەشی هۆکاری (کاراناشریرا)[٤٢٥].

لەشی جەستەیی ئەم لەشە بینراوەی مرۆڤە کە بە لەشی فیزیک ناودەبرێت. لەشی دووەم سوکشما ئەو لەشەیە کە هەموو چاکراکانی لە خۆی گرتووە. سوکشما دەکەوێتە نێوان لەشی ستولا و لەشی کاراناوە، هەربۆیە هەر گۆڕانکارییەک لەم لەشەدا ڕووبدات کاریگەری هەیە لەسەر هەردوو ڕووکارەکەی تری بوونی مرۆڤ.

بەپێی بیروڕای یۆگاو سانکهیا لەناو لەشی تیوار (سوکشما)دا بیست و یەک چاکرا هەیە. حەوت دانەیان چاکرا ئاژەڵیەکانیان پێ دەوترێت. بە سانسکرێتی بە (پاتال)[٤٢٦] بەناوبانگن و تایبەتن بە کارە ڕەمەکیەکانی مرۆڤەوە، ئەم حەوت چاکرایە ئەمانەن:

ئاتالا (Atala)

---

٤٢٣- ستولا واتە ڕەق، مەبەست لە ماددەی لەشە کە بە ماددەی ڕەق ناودەبرێت.

٤٢٤- سوکشما واتە ناسک، تیوار، شفاف و مەبەست لەو لەشەیە کە نابینرێت و لە لەشی ماددی ناسکترە.

٤٢٥- کارانا واتە ئەو شتەی کار دەکات. مەبەست لە زاتی مرۆڤە نەک لەشی مرۆڤ، چونکە لەشی مرۆڤ کار ناکات، بەڵکو جێبەجێ دەکات و ئەوەی کارمای لەسەر کۆدەبێتەوەو کار دەکات بەرگی کارانایە.

٤٢٦- Patal پاتال واتە ڕەمەک، غەریزە.

(Vitala) ڤیتالا

(Sutala) سوتالا

(tatala) تالاتالا

(Mahatala) ماهاتالا

(patala) پاتالا

(Rasatala) ڕاساتالا




حەوت چاکرای دیکەی ناو لەشی تیوار ئەمانەی خوارەوەن کە کارکردنیان لە حەوتەکەی پێشوو فراوانترەو لەڕووی کاریگەریشەوە کاریگەرن لەسەر لەشی پێشوو دوای خۆیان.

(moladhara) مۆلادهارا

(svadhistana) سوادهیستانا

(Manipura) مانی پورا

(Anahata) ئاناهاتا

(Vishudhi) ڤیشۆدهی

(Ajna) ئاجنا

(Sahsrara) شاهسرارا

لەسەروو ئەم چاکرایانەشەوە حەوت چاکرای دیکەمان هەیە کە بە لۆکا[٤٢٧] ناو دەبرێت. حەوت لۆکاکە چاکرای ئیلاهی مرۆڤن و هێمان بۆ پلە ڕۆحیە بەرزەکانی مرۆڤ لە ئاگایی ئیلاهیدا. لۆکاکان ئەمانەن:

بهولۆکا (Bhuloka)

بهووا لۆکا (Bhwualoa)

سواەلۆکا (Svahloka)

ماهالۆکا (Mahaloka)

جانا لۆکا (Janahloka)

تاپالۆکا (Patahloka)

ساتیالۆکا (Satyaloka)[٤٢٨]

وشەی چاکرا[٤٢٩] بە مانای بازنە دێت. ئەم بازنەیە بازنەیەکی چالاکی وزەییە لە شوێنە دیاریکراوەکانی لەشدا کە یۆگیەکان لە چاودێری (دهیانە)و تێڕامان و شهوددا بینیویانەو دەرکیان کردووە. چاکراکان سەرجەم چالاکییە فسیۆلۆژی و سایکۆلۆژیەکانی لەش بەڕێوە دەبەن. سوامی ڤیڤەکانەندا[٤٣٠] دەڵێت: "وزە لە سیستمی چاکراکانەوە پەیدا دەبێت و هەموو پەیوەندیەکانیشی لەگەڵ هایپۆسەلەمەس و(سیستمی لیمبیک)دایە(بێگومان کانالەکانیش دەکەونە سیستمی چاکراکانەوە، چونکە هەریەکە لە ئایداو پینگالاو سۆشۆمنا بەناو چاکراکاندا دەڕۆن).

بەپێی زانستی جیۆتیش کە پێشتر کەمێکمان باس کرد نەک هەر مرۆڤ، بەڵکو زەوی و ئاسمانەکانیش چاکرایان هەیە و لە زانستی ڕەگەزناسی (تاتوا شودهی)[٤٣١] یۆگادا کاریان لەسەر دەکرێت. لە ئەستێرەناسی ڤیداییدا باس

٤٢٧- پێشتر باسی لۆکامان کرد. لۆکا تەنها کاتێک کۆنترۆڵ دەکرێت کە مرۆڤ گەیشتبێتە سەتحە زۆر بەرزەکانی ئاگایی خودایی.

٤٢٨- ساتیالۆکا واتە جیهان حەقیقەت، مەبەست لەو مەقامەیە کە مرۆڤ تیایدا بەتەواوی دەگاتە حەقیقەت.

٤٢٩- Chakra

٤٣٠- Swami Vivakananda

٤٣١- Tatva Shuddhi

له (گراها)کان دەکرێت کە مەبەست لە چاکراکانی لەشی کەونە و ژمارەیان حەوت دانەیە. دەوترێت لەگەڵ حەوت ئاسمانەکەدا لە پەیوەندیدان و حەوت بەرگەکەی لەش چالاک دەکەن. ئەمەش بیروڕایەکی زانستیە کە هەموو ئاسمانەکان کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ هەیەو تەنانەت گەرمی و هەیەجانی خۆر کە مۆلاداهارای کەونە کار لە خڕۆکە سورەکانی لەشی مرۆڤ دەکات و گەورەیان دەکات.

ئەمەی خوارەوە ناوو گۆنا و ڕەگەزی چاکراکانی کەونن:

١. خۆر (Sun) بە سانسکرێتی سوریا (Surya) ی پێدەڵێن. گۆناکەی ساتڤیکەو ڕەگەزەکەی ئاگرە.

٢. مانگ (Moon) بە سانسکرێتی چاندرا (Chandra)یە. گۆناکەی ساتڤیکە و ڕەگەزەکەی ئاوە.

٣. مەریخ (Mars) بە سانکرێتی مانگالا (Mangala)یە. گۆناکەی تاماسەو ڕەگەزەکەی ئاگرە.

٤. عەتارد (Mercury) بە سانسکرێتی بوودا (Budha)یە. گۆناکەی ڕاجاسە و ڕەگەزەکەی خاکە.

٥. موشتەری (Jupiter) بە سانسکرێتی گورو (Guru)ە. گۆناکەی ساتڤیکەو ڕەگەزەکەی فەزایە.

٦. زوهرە (Venus) بە سانسکرێتی شوکرا (Shukra)یە. گۆناکەی ڕاجاسەو ڕەگەزەکەی ئاوە.

٧. زوحەل (Saturn) بە سانسکرێتی شانی (Shani)یە. گۆناکەی تاماسە و ڕەگەزەکەی هەوایە.



# باسی یەکەم
# چاکرا لە مرۆڤدا

لە مرۆڤدا حەوت چاکرا بوونیان هەیەو کاریان لەسەر دەکرێت بەشێوەیەکی بنچینەیی، بەڵام تەواوی چاکراکان بەپێی هەندێک ڕێنمایی دەڵێت (٢١) چاکرای ناسەرەکی و حەوت چاکرای سەرەکی، هەندێکی دیکە دەڵێن چاکراکان ژمارەیان (١٠٨) چاکرایەو حەوت لەوانە سەرەکیەکانن. هەروەها لە هەندێک سەرچاوەدا باس لە سێ چاکرا لەسەروو ساهسراراوە کراوە بە ڕەنگی وەنەوشەیی و ڕەش و خاکی، بەڵام ئەم سێ چاکرایە تەنها ڕووکاری بەدیکراوی هالە (Ura)و هێزی ئەلکترۆموگناتیسی لەشن. بەپێی ئەو سیستمی کوندالینییەی کە پاڕاماهانسا ساتیاناندا ساراسڤاتی باسی دەکات، هەر چاکرایەک لە مرۆڤدا خاوەن شەش تایبەتمەندیی خۆیانن کە ئەمانەن:

١. بوونی ڕەنگ.
٢. بوونی پەڕ.
٣. بوونی یانترا.
٤. بوونی بیجا مانترا.
٥. بوونی هەسارەی پەیوەنددار.
٦. بوونی سومبولی ئاژەڵی کە هێمای بوونی غەریزیە.
٧. هێمای خوایی کە سومبولی هۆشی باڵایە تیاماندا.

هەر چاکرایەک خاوەن (کاشترام–Kashtram)ی تایبەتی خۆیەتی بێجگە لە هەردوو چاکرای مولاداهاراو ساهسرارا کە کاشترامیان نییە. کاشترامیش شوێن و مەڵبەندی کاری ئەو چاکرایەیە لە لەشی مادديدا. هەروەها سێ گرێ لەسەر چاکراکان هەن بەناوی ڕوودراگرانتی[٤٣٢] و ڤیشنۆگرانتی[٤٣٣] و برەهما گرانتی[٤٣٤]. زۆر گرنگە ئەوە بزانین جووڵاندنی چاکرا بە چ مانایەک بەکاردەهێنین. چاکراکان

٤٣٢- Rudra Granti
٤٣٣- Vishno Granti
٤٣٤- Brahma Granti

هەموو دەجووڵێن و کارەکانی لەشمان بەڕێوە دەبەن، بەڵام وەک پێویست ناتوانن کارەکانیان ئەنجام بدەن بەهۆی ئەوەوە کە ئێمە بە خۆراکی نادروست و هەناسەی نادروست و بیروباوەڕی نادروستەوە ڕێگرین لەوان تا کارەکانیان بکەن، کوندالینی یۆگا زانست و فەلسەفەی تەواو بەکارهێنانی وزەی تەواوی هەموو چاکراکانە. لەبەرئەمە جووڵاندن بە مانای پاکبوونەوەو هاوسەنگبوون و کارکردنی تەواوی وزەی ناو چاکراکە بەکاردەبرێت.

# باسی دووەم
# مولاداهارا چاکرا

(Mooladahara) یەکەم چاکرایە لە لەشی پڕانیکداو یەکێکە لە چاکرا زۆر زۆر گرنگەکانی لەش و داهاتووی زۆرینەی چاکراکانی پێوە بەستراوەتەوە. کاشترامی ئەم چاکرایە گلاندێکی بچووکی پێ نەگەیشتووەو بە یۆگا دەکەوێتە کارو چالاکیی تەواوی خۆی. لەم چاکرایەدا شیوالینگایەک هەیە کە ماری کوندالینی بە سێ دەورو نیو پیادا ئالاوەو بە جوولاندنی چاکراکە خەبەری دەبێتەوە.

لێرەدا دەمەوێت هەندێک باسی مار بکەم کە وەک هێماو سومبولێکی گرنگ لە هیندۆیزم و یۆگا و تەنانەت ئوپانیشادەکانیشدا قسەی لەسەر دەکرێت. مار هێمایە بۆ هێزی وەستاوی شاکتی لە مرۆڤدا. مار ئەو گیاندارەیە کە ژەهرێکی خراپ و کوژەری هەیە وەک هێزی چاکراکان ئەگەر پێوەی وابەستە بیت، ئەوا دەتکوژێت و دووچاری خۆبەشتزانین و خۆبەگەورەزانین دەبیتەوە، ئەگەریش بتوانیت بەکاری بهێنیت بۆ پێگەیشتنی ڕۆحی، ئەوا وەک ئەو ژەهرە وایە کە دەکرێتە دەرمان بۆ نەخۆشییە ترسناکەکان.

مار نە چاکەو نە خراپ، بەڵکو دەمێنێتەوە سەر ئەوەی ئایا تۆ چۆن بەکاری دەهێنیت. نەک هەر کوندالینی یۆگا باسی ماری کردووە، بەڵکو بڕوانە...

(Tamoul)یەکان کاتێک مار دەبینن دەستەکانیان دەخەنە سەر حاڵەتی سڵاوو مانترای ئاتەرڤەڤیدا دەخوێنن و سڵاوی لێ دەکەن. (Earaja)کان ئەفسانەی زۆریان لەسەر مارو گەورەییەکەی هەیە. دەربارەی هێزو توانای (هەرقل) وتراو تەمەنی دە مانگان بووە ماری کوشتووە. بومیەکانی ئەمریکا مار وەک یەکێک لە گیاندارە پیرۆزەکان ناو دەبەن. یەزیدیەکان لەسەر دەرگای پەرستگاکانیان وێنەو پەیکەری مار ماچ دەکەن جا دەچنە پەرستگەوە. یۆنانییەکان پێیان وایە هێزی شفا لە ماردایە[٤٣٥]. لە ئەفسانەی (Sologe)دا وتراوە کە مارەکان کۆدەبنەوە تا ساڵانە ئەڵماسێکی گەورە دروست بکەن کە

---

٤٣٥ -- اطاق ابی...
سهراب سپهری. ویراستار: پیروز سیار. تهران ١٣٦٨ لا ١٢

ژیان و مردنی مرۆڤی پێوە وابەستەیە. دراڤیدیەکانی هیند ئەگەر ئافرەتێک مندالّی نەبێت پێیان وایە لە ژیانی پێشوویدا ماری کوشتووە. لە مەسیحیەت و یەهودیەتدا وەک هۆکاری هاتنەخوارەوەی ئادەم و حەوا بۆ زەوی باسی کراوە. هیندیەکان ڕێوڕەسمی (پراداکشینا)یان هەیە کە بردنی مۆز و شیرو هێلکەیە بۆ ماری کوبراو هەندێک لە ڕاهێنانەکانی یۆگاش بەناوی مار (ماکار) و کوبرا (بهوجانگا) و تولەمار (سارپا)وە ناونراون بۆ دەرخستنی بەهێزی مار. لە کوردەواریدا ماری ئاشقەوماشقە بە هێمای وەفا دادەنرێن. کیمیاگەرەکان ماری ئاشقەوماشقەیان بە گۆگرد و جیوە داوە لەقەڵەم.

لە کوندالینی دا وتراوە مار بە سێ دەورو نیو بە دەوری شیڤالینگادا خۆی پێچ داوە. شیڤالینگا واتەی دەزگای نێرینەی شیڤا. ئەو شتەی ئێمە بە شەرمەوە باسی دەکەین (زەکەری پیاو) لە هیندستان وەک هێمای دروست بوون و باڵابوون باسی دەکرێت و ڕێزی دەگیرێت و لە پەرتسشگاکاندا ستایش دەکرێت. مار ئەو هێزەیە کە لە ڕێگەی هێز یان هۆکاری دروستبوون و زیادبوونەوە خۆی بەرەو سەر دەبات. سێ دەورو نیو مانای سێ شێوازەکەی ئاگاییە کە خەو، بێداری و نیوەخەو، و پاشان نیوە دەوری کۆتایی (سوپەرئاگایی-سامادهی)یە کە مرۆڤ دەتوانێت بە بێداربوونەوەی کوندالینی پێی بگات.

لە مولاداهارادا وزەیەکی زۆری شاکتی هەیە کە بە خوداوەندی مێینەی کەون هێما کراوە، ئەم وزەیە بەرز دەبێتەوە بەرەو شیڤا لە چاکرای ساهسراراداو لەگەڵیدا یەک دەگرێت.

مولا (Moola) واتە ئەسڵ، بنچینە.

شوێنی مۆلاداهارا لە پیاواندا دەکەوێتە نێوان کۆم (Anus)و وەتەوە بە دوو سانتیمەترو نیو بۆ ناوەوە. لە ژناندا دەکەوێتە سەرەتای ڕەحمەوە.

ئەم چاکرایە لە شێوەی گوڵێکی لوتوسی چوار پەڕەیی دایەو ڕەنگی سوورە. لە ناوەڕاستیدا چوارگۆشەیەک هەیەو هێمای ڕەگەزی خاکە. لەسەر هەر پەڕەیەک پیتێکی سانسکرێتی لەسەرە کە (یام، شام، هام و سام)ن و بە ڕەنگی زەرد نووسراون. لەناو ئەم چوارگۆشەیەدا هەشت گۆشەیەک هەیە کە ڕەنگی زەردەو لەلایەن فیلێکەوە پارێزگاری لێ دەکرێت کە حەوت لوتی هەیە.

حەوت لوتەکە حەوت بەرگەکەی لەشن.

سێگۆشەیەکی هەڵەوگێڕ لەسەر پشتی فیلەکە هەیەو مانای شاکتی دەگەیەنێت و لەناویشیدا شیڤالینگام هەیەو ڕەنگی خۆڵەمێشییە.

تانماترای ئەم چاکرایە بۆنە، چونکە ڕەگەزی مۆلادهارا خاکەو تانماترای خاکیش بۆنە.

لە مولاداهارادا وزەی ئاپانا باڵادەستە، هەربۆیە لە کاتی تێکچوونی کاری مولاداهارادا ناوچەی کۆم و هەندێکجاریش توخمدان و هێلکەدان دووچاری نەخۆشی دەبنەوە. یان ئەو کاتانەی ئاپانا کەم دەبێتەوە مرۆڤ هەست بە قورسی لەش و بەدەن دەکات و بەپێچەوانەشەوە کاتێک ئاپانا زۆر بوو مرۆڤ هەست بە سوکی لەش دەکات.

مانترای چاکرای یەکەم لام (Lam)ەو ئاوازەکەی بە (٦m) دەخوێنرێتەوە لە مۆسیقای کلاسیکیدا.

کارمەندریای چاکراکە کۆمەو ئەندامە هەستەوەریشی (گیاناندریا) پێکدێت لە لوت، چونکە تانماتراکەی بۆنە.

ئانامایا کۆشا، واتە لەشی خۆراکی کۆشای ئەم چاکرایەیە. لە تانترادا بە کۆشای مولاداهارا دەڵێن بهولۆکا (Bhu Loka)، واتە لەشی فیزیکی.

شوێنی زهنی مۆلاداهارا ئاهەنکارەیە، واتە خۆپەرستی و خۆپەسەندی.

هەسارەی پەیوەندداری مولاداهارا مەریخە کە گۆناکەی تاماسە.

ئاژەڵی پەیوەنددار بە چاکرای یەکەمەوە فیلە. لە هیندستان فیل هێمایە بۆ هێزو توانا. خوداوەندی باڵادەست (برەهما) و (داکینی)یە. داکینی کۆنترۆڵکاری سوڕی خوێنە. دەبینی لە کاتی کەمخوێنی لە لەشدا لەش لاواز و ڕەنگپەڕیوو بێ هێز دەبێت و تەنانەت توانای سێکسیشی کەم دەبێتەوە کە لێرەدا هێمایە بۆ برەهما.

مۆلادهارا کۆنترۆڵی دەمارەکانی لەش (Nerve) و پێست و ئێسک و ستونی بڕبڕەی پشت و ڕیخۆڵە ئەستورە دەکات.



**وێنەی چاکرای مۆلادهارا**

# باسی سێهەم

# سوادهیستانا چاکرا

سوادهیستانا چاکرای دووەمە لە لەشداو یەکێکە لە مۆڵگە گرنگەکانی کۆبوونەوەی وزە لە لەشدا. وا باوەڕ دەکرێت پێش مولاداهارا جێگەی ماری کندالینی بووبێت. سوا (Swa) بە مانای ماڵویست دێت و لە ڕیشەی (Om sown)ەوە هاتووە، ئەدهیستانا (Adhistana) بە مانای شوێن دێت. وشەکە واتە خۆشوێنی.

سوادهیستانا لە شێوەی گوڵێکی لوتوسی شەش پەڕەیی پرتەقاڵی تۆخدایە. هەرچەند خودی چاکراکە بە ڕەنگی ڕەش ئەزموون دەکرێت. لەسەر هەر پەڕێک لە پەڕەکان مانترایەک هەیە ئەم مانترایانە نووسراون: (دام، بهام، مام، یام، دام، بهام ). لەناو ئەم گوڵە شەش پەڕەییەدا مانگێک هەیە مانای ڕەگەزی ئاوە. ئاو هێمایە بۆ (مەنی) کە هۆکاری وەچەخستنەوەیە و سوادهیستانا لێی بەرپرسە.

مانگەکە بە دوو بازنە دروست کراوە، هێمای دوو یانتران[٤٣٦] و دەکەونە ناو گوڵێکی لوتوسی هەشت پەڕەییەوە کە دەلالەت لە هەشت ڕەگەزە پێکهێنەرەکەی مرۆڤ دەکات. ئەم هەشت ڕەگەزەش بۆشایی (ئاکاشا) و ئاگر (ئاگنی)و هەوا (ڤایوو)و ئاو (ئاپاس)و خاک (پریتیڤی)و ئاوەز (بودهی)و دەروون (ماناس)و خۆپەرستین (ئاهەنکارە). بازنە بچووکەکەی مانگەکە نیشانەی نائاگاییە کە لە کارمادا خۆی دەنوێنێت، هەر لەبەرئەمەیە کاتێک سوادهیستانا جووڵا، مرۆڤ ساماسکاراکانی وەبیر دێنەوە.

شوێنی سوادهیستانا کۆتا بڕبڕەی پشتە و ڕەگەزەکەی ئاو (ئاپاس)ەو و تانمانتراکەی چەشتنە.

ئۆرگانی هەستەکی ئەم چاکرایە زمانەو مانتراکەی یام (Yam)ە. ئەم مانترایە بە ڕەنگی ڕەش دەردەکەوێت. ڕەنگی ڕەش هێمای جیهانی ماددیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە زمانەوە. زمان ئەرکی ئەوەیە خواردن بچێژێت تا

---

٤٣٦- ئەو دو یانترایە هێمان بۆ (X) و (Y) کە کرۆمۆسۆمی سێکسی پێکدێنن لە مرۆڤدا.

لەشی ماددی بتوانێت درێژە بە ڕەمەکی سێکسی خۆی بدات کە سوادهیستانا لێی بەرپرسە.

وزەی ناو چاکراکە ڤیانایە کە بەرپرسە لە سوڕی خوێن لە لەشدا، هەربۆیە لە کاتی کاری سێکسیدا کە کاتی چالاکبوونی سوادهیستانایە سوڕی خوێن خێرا دەبێت.

پرانامایا کۆشا بەرگی دووەمی لەشە کە پەیوەندیی بە سوادهیستاناوە هەیە، لەبەرئەوەی ڤیانا لە زۆرینەی شوێنەکانی لەشدا هەیە.

خوای پەیوەندداری ئەم چاکرایە ڤیشنۆ (لەشی شینەو چوار دەستی هەیە) و ڕاکینی (خوای سەوزییەو لە شێوەی گوڵی لوتوسی شیندایە)یە، هەربۆیە سیستمی سەوزەخۆری بەکاردێت بۆ جووڵاندنی سوادهیستاناو بەهێزبوونی هێزی سێکسی.

ئاژەڵی پەیوەندار تولەمارەو ئەمەش نیشانەی تیژی و کاریگەری وزەی ئەم چاکرایەیە.

چاکرای دووەم کۆنترۆڵکاری سیستمی جنسی، واتە هێلکەدان و توخمدانە، هەروەها ئەندامی زاووزێ و گورچیلەکان و چاکرای مولاداهاراش کۆنترۆڵ دەکات.



**وێنەی چاکرای سوادهیستانا**

# باسی چوارەم
# کاتی جووڵاندنی سوادهیستانا

هەر چاکرایەک لە کاتی گەشانەوەیدا هەندێک گرفت بۆ یۆگی دروست دەکات کە هەندێکیان گرفت نین، بەڵام لەبەرئەوەی هێشتا مرۆڤ بە کەوتنەکاری ئەو هەموو وزەیە ڕانەهاتووە بەلایەوە سەیرەو دەبێتە هۆی تێکدانی وردگەری کەسەکە. کاتێک سوادهیستانا دەجووڵێت پێش هەموو شتێک ساماسکاراکان دێنەوە یادی مرۆڤ لە کاتی ڕاهێنانەکانی ترکیزو چاودێریدا. ساماسکاراکان ئەو زانیاریی و کارمایانەن کە لە لەشی پرانیکدا هەڵگیراون. لە فەلسەفەی کلاسیکیی یۆگادا وتراوە کەسەکە کردارە باش و خراپەکانی ژیانی پێشووی دەکەوێتەوە بیری. هەندێک لەو زانیاری و کارمایانە لە ڕێگەی (DNA)ەوە بۆمان دێنەوە. ئەمەش هەمان حاڵەتی دەروونیی جەستەییە کە پێشتر لە باوانەوە بۆمان گوێزراونەتەوەو دەبنە هۆی ئەوەی ئێمە وا لێ بکەن خۆمان بە تاوانبار بزانین. لە ڕاستیدا ئێمە تاوانبار نین. لە کاتێکدا تاوانبارین ئەگەر زانیاریمان دەربارەی ساماسکاراکان هەبوو کارمان بۆ چاکبوونیان نەکرد، بەڵام یۆگی دەبێت لەم کاتەدا واز لە هەموو ڕابردوو بهێنێت و خۆی بە تاوانبار نەزانێت و کار لەسەر لەناوبردنی ساماسکاراکان بکات و بەس. لە تەسەوفی ئیسلامیشدا وتراوە کە دووەم (لە تیفە) کە هەمان سوادهیستانا چاکرای کوندالینی یۆگایە، ناوی لە تیفەی (لوامە)یە، واتە ئەو نەفسەی کە بەردەوام خەریکی لۆمەکردنی خاوەنەکەیەتی و هەستی تاوانباربوون دەداتە مرۆڤ.

وتراوە سوادهیستانا کلیلی گەشانەوەی (بیندۆ) چاکرایە، چونکە زۆرینەی ئەو وزەیەی بیندۆ لە مانی پورادا دەسوتێت و لەناودەچێت بەهۆی سوادهیستاناوەیەو ئەگەر ئەم چاکرایە وزەی تەواوی خۆی دەست کەوت، چیدی پێویستی بە وزەی بیندۆ نابێت.

هەروەها لە کاتی جووڵاندن و خەبەربوونەوەی ماری کوندالینی لەم چاکرایەدا چاکرای ئاجناش دەکەوێتە ژێر کاریگەری، چونکە کاتێک بیندۆ هێزی خۆی بۆ گەڕایەوە، ئەوا کاردەکاتە سەر چاکرای ئاجنا، ئەویش بەهێز دەبێت و چالاک

دەبێت و لێرەوەش زانیاریی تلوع دەکات و مرۆڤ دەبێتە زانا[٤٣٧].

چوارەم گۆڕانکاری لە گەشانەوەی ئەم چاکرایەدا ئەوەیە کە یۆگی بە جوولاندنی ئەم چاکرایە دەزانێت چی دەوێت و خەڵکیش چیان دەوێت. واتە هەرکەسێک بێتە لای یۆگیەک، ئەوا بەئاسانی یۆگیەکە دەزانێت کەسەکە چی دەوێت لە ناخەوە.

کۆنترۆڵی حەزە سێکسیەکانیش هەر بە گەشانەوەی ئەم چاکرایە دەبێت و یۆگی بەسەر حەزی جنسیدا زاڵ دەبێت و دەچێتە بڕەهماچاریەی تەواوەوە.

سروشتی ئەم چاکرایە سروشتێکی ساکنە، هەربۆیە کەسەکە لەو ماوەیەدا حەزی زۆری لە خەوتن و پاڵکەوتنە و دەبێت کارێک بکات کە لە ڕاهێنانەکانی خۆی دوانەکەوێت. ئەمبارە بەهۆی ئەوەوە ڕوودەدات کە یۆگی وزەیەکی وای دەست دەکەوێت هەست دەکات ئیتر بەسە، هەندێکجار مرۆڤ نازانێت هێشتا هەتاهەتایە شت ماوە بۆ زانین و دەرککردن.

بە گەشانەوەی سوادهیستانا یۆگی لە کاتی مومارەسەی جنسیدا لەگەڵ خێزانەکەیدا دەگاتە ئەوجی لەزەتە. وەنەبێت هەرکەسێکی دیکە نەگاتە ئەو لەزەتە، بەڵام یۆگی دەگاتە باڵاترین حاڵەتی ئەو لەزەتە ئیلاهیەی کە لەو کارەدایە، بۆیە لە فەلسەفەی تانترادا وتراوە گیا ڕۆحی خێزانە، چونکە گیاخۆری و ڕووەکخۆری دەبنە هۆی گەشانەوەی سوادهیستانا و سوادهیستاناش دەتگەیەنێتە ئەو ڕۆحەی لە خێزانەکەتەوە بۆت دەگوێزرێتەوەو پێکدێ لە وزەی ئەلکتریکی ئەو. ئەم چاکرایە دوو بەشی هەیە و چاکراکە لە بەشی دواوەو بەشی پێشەوە پێکهاتووەو ناوەڕاستی هەردووکیان و هاوسەنگیان دەبێتە هۆی تەواو گەشانەوەی چاکراکە. بەشی پێشەوەی چاکراکە تایبەتە بە حاڵەتی عیشق بۆ جنسی بەرامبەر، واتە حاڵەتێکی عاتیفیەو لقی دواوەی چاکراکەش تایبەتە بە دەرکی قوەتی جنسیەوە لەگەڵ قوەتی جنسی لە کەسەکەدا. بە هاوسەنگبوونیان حەز بۆ یەکبوون دێتە ئاراوەو یۆگی تێدەگات کە جنس خۆی

---

٤٣٧- واتە مرۆڤ لە سەرەتادا هەموو شتێکی زانیوەو تەنیا پێویستی بەوەیە بیری بکەوێتەوە. کریشنا لە گیتادا باسی ئەمەی کردووەو لە قورئانیشدا لە سورەتی (البقرە) باس کراوە کە خودا هەموو ناوەکانی فێری ئادەم کرد.

لە خۆیدا ڕێگەیەکە بۆ یەکبوون، هەربۆیە وەک تاوانێک ئەنجامی نادات، بەڵکو وەک کارێک لەپێناو حەقیقەتدا ئەنجامی دەدات، بۆیە لە زەتێکی زۆر لەو کارە وەردەگرێت.

بە جووڵاندنی سوادهیستانا یۆگی پلەیەکی دیکە لە خوداوەند نزیک دەبێتەوە بەوەی کە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان دەگات، لە زمانی هێمائامێزی ڤیداییدا وتراوە (مارا_Mara) دەکەوێتە ترساندن و دروستکردنی هەڵچوونی دەروونی بۆ کەسەکە، واتە شەیتان کەسەکە دەترسێنێت، ئەمە مانای وەبیرکەوتنەوەی هەندێک لە ساماسکاراکانە کە هەندێکجار دەبێتە هۆی ترس و شەهوەت.

کاتێکیش چاکرای سوادهیستانا ڕوو لە کزی دەکات و ناهاوسەنگ کار دەکات ئەم نیشانانەی خوارەوە سەر هەڵدەدەن:

١. لەدەستدانی کۆنترۆڵی میز یاخود میزەچرکێ.

٢. زیادبوونی پەستانی خوێن.

٣. تێکچوونی ڕەنگی پێست.

٤. گرفتی بواری جنسی لە کاتی هاوسەرگیریدا.

٥. پیاوان مەنیان نارژێت و حەزیان بۆ سێکس نامێنێت.

٦. تێکچوونی کاری ئاسایی گورچیلەو میزەڵدان.

٧. گۆڕینی سروشتی ئافرەت لە کاتی مومارەسەی سێکسیدا لە تەسلیمبوونەوە بۆ پەلاماردان و بوونە پەلاماردەر.

# باسی پێنجەم
# مانی پورا چاکرا

مانی پورا لە دوو وشە پێکهاتووە، مانی (Mani) واتە جواهیرات و پورا (Pura) واتە شار، وشەکە بە مانای شاری جەواهیرات دێت. لە تبت بەم چاکرایە دەوترێت مانی پادمە (Mani Padma) کە بە مانای لوتوسی ئاڵتوونی دێت. لە ژاپۆن پێی دەوترێت (هارا_Hara) و بە مانای ناوەکیترین شت دێت. لە وڵاتی چین بە (گەرمادەری سێ ڕوو) بەناوبانگە کە مەبەست لەو سێگۆشەیەیە کە هێمای چاکراکەیە. لە ئێرانیش بە (تۆڕی هەتاوی-شبکە خورشیدی) ناوزەد کراوە.

لە کوندالینی یۆگادا ئەم چاکرایە جێگەی ماری کوندالینییە لەبەرئەوەی لێرەدا مرۆڤ بە خاوەنی ماری کوندالینی دەزانرێت، چونکە لە چاکرای مولاداهاراو سوادهیستانادا ماری کوندالینی ئەگەری گەڕانەوەی هەیە، بەڵام کە گەیشتە مانی پورا ئیدی ناگەڕێتەوە. مانای وایە لە مانی پورادا مرۆڤ هێزو ئیرادەیەکی وای دەست دەکەوێت کە لەسەر سلوک بەردەوامی پێ دەدات، بەهەرحاڵ دەبێت ئەوە بزانین کە جووڵاندنی کوندالینی شاکتی لە مولاداهارادا پەیوەستە بە مانی پوراوە، چونکە شوێنی هێزو وزەو ئیرادەیە.

مانی پورا لە شێوەی گوڵێکی لوتوسی (١٠) پەڕەییدایە. پەڕەکان ڕەنگیان زەردەو خاوەنی ئەم مانترایانەن: دام[٤٣٨]، دهام[٤٣٩]، نام[٤٤٠]، تهام[٤٤١]، دهام[٤٤٢]، تام[٤٤٣]، دام[٤٤٤]، پهام[٤٤٥].

لەناو وێنەی خەیاڵیی ئەم چاکرایەدا سێگۆشەیەکی هەڵەوگێڕاو هەیە بە

---

٤٣٨- dam.

٤٣٩- Dham.

٤٤٠- Nam.

٤٤١- Tham.

٤٤٢- Dham.

٤٤٣- Tam.

٤٤٤- Dam.

٤٤٥- Pham.

ڕەنگی سووری ئاگری کە هێمای ئاگری هەمیشە داگیرساوی چاکراکەیە کە هەمان هێزو وزەی ئەم چاکرایەیە. لە سوچی سەرەوەی سێگۆشەکەدا مانترای چاکراکە هەیە بە ڕێنووسی سانسکرێتی و لەژێر ئەم مانترایەشدا سومبولی بەرانێک هەیە[٤٤٦].

مانی پورا دەکەوێتە نێوان دوانزەهەمین بڕبڕەی سنگ و یەکەمین بڕبڕەی کەمەرەوە لە ستونی بڕبڕەکانی پشتداو کاشترامەکەی دەکەوێتە سەر ناوک و بەشێکیش لە ئەدرینالْ یان سەر هەموو ئادرینالْ.

مانتراکەی ڕام (Ram)ە و ڕامیش ناوی یەکێک لە هەرەبەهێزترین خواکانی نێو ڤیدایە.

ڕەگەزی مانی پورا ئاگرە، چونکە ئەم چاکرایە بەرپرسە لە میتابۆلیزمی لەشی ماددی. مادام ڕەگەزەکەی ئاگرە کەواتە تانمانتراکەی بینینە.

ئۆرگانی هەستەکی (جنانەندریانی)ی مانی پورا چاوە، لەبەرئەوەی ڕەگەزەکەی ئاگرەو ئاگریش سەرەتا وەک وزە هەبووەو پاشانیش وەک نور دەردەکەوێت و لە ڕێگەی چاوەوە دەبینرێت.

ئۆرگانی کار (کارمەندریا)ی مانی پورا قاچە، چونکە بە ڕووناکی چاو قاچ ڕێ دەردەکات.

لۆکای پەیوەنددار بەم چاکرایەوە سولاهالۆکا، واتە سەتحی بەهەشتیە. لەبەرئەوەی ئاگر ڕەگەزی ئەم چاکرایەیە، کەواتە گۆنای باڵادەست تیایدا دەبێتە ڕاجاسە.

پڕانا ڤایووی چاکرای سێ، سامانایە کە دەکەوێتە ناوک و دەوروبەریەوە، پەیوەندیی بە هەرسی خواردنەوە هەیە لە لەشدا.

دوو فریشتە پەیوەنددارە بە مانی پوراوە، یەکەمیان ڕودرا (Rudra)یە کە فریشتەی باران و تۆفانە، فریشتەیەکە بێ ڕەنگەو هەندێکجار بە ڕەنگی خۆلەمێشی دەردەکەوێت و سێ چاوی هەیە، مۆڵگەی ڕودرا لە بیندۆ دایە. دووەم (لاکینی_Lakhine)یە، ئەم ژنە خوداوەندە تایبەتە بە شانسەوەو ژنێکی بەخشندەیەو چوار دەستی هەیە، لەشی تیشک دەداتەوەو جلەکانی

٤٤٦- بەران هێمای بەهێزی و وزەو ئازاریەتییە. هێزی ئەم چاکرایەش پەیوەندی بە ئازایەتی و هەستە دەروونییەکان و ترسەوە هەیە.

زەردن و ئاڵتوونی زۆری پێوەیە. لاکینی هەمیشە لە خواردنەوەی نیکتار سەرمەستە. هۆکاری سەرمەستی لاکینی لە مانی پورادا ئەوەیە کە مانی پورا شوێنی سوتانی نیکتارە. ئەمەشە هۆکاری پیربوونی مرۆڤەکان، هەربۆیە ڕازی بە گەنجی مانەوەی یۆگیەکان ئەوەیە کە نیکتار دەگێڕنەوە بۆ ساهسرارا تا لە مانی پورادا نەسوتێت. نیکتار شەرابی ڕۆحانی مرۆڤ، ئەو هێزە ناسکەیە کە لە خۆرو خاک و ئاوو خۆراکەوە وەردەگیرێت.

چاکرای سێ کۆنترۆڵی هەناسەو ورگ و گەدەو دوانزەگرێ و زراو و جگەر دەکات. واتە کاتێک ئەم ئەندامانە کەوتنە گرفتەوە بزانە گرفتەکە لە مانی پورادایەو دەتوانیت لە ڕێگەی گلاندی سەر گورچیلەو پرۆگرامی خۆراکەوە چارەسەریان بکەیت. پرۆگرامی خۆراک پەیوەندی بە میتابۆلیزمەوە هەیەو گلاندی ئەدریناڵیش گلاندی تایبەت بەم چاکرایەیە.



**وێنەی چاکاری مانی پورا**

# باسی شەشەم

# کەوتنەکاری مانی پورا

١. بە کەوتنەکاری تەواوی ئەم چاکرایە نیکتار دەگەڕێتەوە بۆ جێگەی سەرەکیی خۆی کە بیندۆیەو بەمەش بیندۆ کامڵ دەبێت.

٢. یۆگی لە نەخۆشی ڕزگاری دەبێت.

٣. هەرکات کوندالینی گەشتە مانی پورا ئیدی ناگەڕێتەوە بۆ مولاداهارا.

٤. جووڵاندنی مانی پورا مانای بەئینسانیبوونی کەسەکەیە، چونکە دوو چاکرای یەکەم تایبەتن بە جیهانی ئاژەڵیی مرۆڤەوە.

٥. هەموو کردەوەو قسەو بیرکردنەوەیەکی کەسەکە دەکەوێتە ژێر دەستی ئەقڵی کەونییەوە.

٦. نەمانی کاریگەریی ئاگر لەسەر مرۆڤ، چونکە ئاگری مانی پورا لە هەموو ئاگرێکی دیکە بەهێزترە.

٧. بە گەشانەوەی ئەم چاکرایە مرۆڤ زۆر کەم بێتاقەت دەبێت و هەمیشە دڵخۆش دەبێت.

٨. مرۆڤ بەهۆی ئەو هەموو ئازایەتیەوە کە هەیەتی دەکەوێتە بەرگری لەخۆکردن هەم لە ناوەوەو هەم لە دەرەوە، واتە هەم لەبەرامبەر هەستە ئەهریمەنییەکانی و هەم بەرامبەر زوڵم و ستەمی دەرەکی.

٩. ئاشکراکردنی ئاڵتوون و گەوهەری ناو خاک (ئەمە یەکێکە لە سیدهیەکان) وەک چۆن شری سوامی شیڤاناندا ساراسواتی دەیتوانی بزانێت لەکوێدا ئاڵتون و کانزای بەنرخ هەیە لەژێر زەویدا.

١٠. بە جووڵاندنی ئەم چاکرایە مرۆڤی یۆگی دەتوانێت چارەسەری نەخۆشی شەکرە بکات، چونکە دوورگەکانی لانگەرهانز لە لەشدا ڕێک دەبنەوەو ئەنسۆلینی پێویست دەردەدەن و ئەنسۆلینەکەش دەبێتە هۆی سەرفکردنی شەکری لەش.

**وردگەری:**

بۆ وردگەری لەسەر ئەم چاکرایە پێویستە خۆرێک لەناو سێگۆشەیەکدا بهێنیتە بەرچاوی خۆت. ئەم سێگۆشەیە لەناو گوڵێکی لوتوسی دە پەڕەییدایە، دەبێت بە ڕەنگی سووری ئاگری تەسەوری بکەیت.

# باسی حەوتەم
# ئاناهاتا چاکرا

ئاناهاتا چاکرای چوارەمەو یەکێکە لە چاکرا زۆر گرنگەکانی لەشی پڕانیکی مرۆڤ. وشەکە بە مانای (نەشکاو) دێت. ئەم چاکرایە بە (هاریدایائاکاشا_ Haridaya Akasha) لە هەندێک سەرچاوەدا ناوی هاتووە کە بە مانای بۆشایی و فەزای دڵ دێت.

ئاناهاتا چاکرا چاکرای دڵەو مەسیحیەکان گەلێک گرنگی پێ دەدەن. یۆگیەکان دەڵێن منداڵان ئەم چاکرایەیان زیاتر لە پێگەیشتووەکان لە کاردایە، هەربۆیە ڕقیان لە هیچ کەسێک نییە، بەڵام کاتێک گەورە دەبن وردەوردە لە ڕێگەی دایک و باوک و کۆمەڵگەوە ڕق و حەسوودی زاڵ دەبێت بەسەریانداو ئەم چاکرایەیان دەپوکێتەوە. هەندێک پێیان وایە کە زانایانی زانستی پزیشکی بەم چاکرایە دەڵێن (سایمەس گلاند) کە لە منداڵیدا لە کاردایەو لە گەورەییدا دەپوکێتەوە. خۆ ئەگەر ئەم چاکرایە بەشێوەیەک لە شێوەکان سایمەس گلاند نەبێت، ئەوا ئەم گلاندە لەژێر کاریگەریی ئاناهاتادایە.

شوێنی ئاناهاتا دەکەوێتە سەر ستونی بڕبڕەی پشت، واتە ناو سۆشۆمنا لەبەرامبەر کۆلەی سنگ.

یۆگیەکان و ڤیدایییەکان وەها باس لە وێنەی چاکرای ئاناهاتا دەکەن کە لە شێوەی گوڵێکی لوتوسی دوانزە پەڕەییدا دەبینرێت. ئەم دوانزە پەڕەیە هێما بن بۆ دوازدە (ئادیتیا) کە بەهۆی خۆشەویستیەوە بوونە کەسانی پیرۆزی نێو ڤیداکان.

ڕەنگی پەڕەکان سووری کاڵن، بەڵام هەندێک وەک سوامی ساتیاناندا ساراسڤاتی دەڵێن ئەم چاکرایە بە ڕەنگی شین یان سەوز دەردەکەوێت.

لەسەر پەڕەکانی ئەم چاکرایە ئەم بیجا مانترایانە هەن: کام[٤٤٧]، کاهام[٤٤٨]،

---

٤٤٧- Kam.

٤٤٨- Kaham.

گهام[٤٤٩]، ئانگا[٤٥٠]، چام[٤٥١]، چاهام[٤٥٢]، جام[٤٥٣]، جاهام[٤٥٤]، نیام[٤٥٥]، تام[٤٥٦]، تهام[٤٥٧] ,[٤٥٨] لەناو گوڵەکەدا لە شێوەی ئەستێرەیەکی شەش سوچدا دوو سێگۆشەی هەڵەوگێڕاو هەیە کە هێمای ڕەگەزی هەوایە. ئەم دوو سێگۆشەیە نیشانەی یەکبوونی شیڤاو شاکتین (سێگۆشەکەی خوارەوە کە لوتکەکەی لە سەرەوەیە هێمایە بۆ شیڤا و ئەوی دیکە هێمایە بۆ شاکتی).

لەناو ئەم دوو سێگۆشەیەدا سێگۆشەیەکی هەڵەوگێڕاو هەیەو هێمایە بۆ ڕۆح. لەسەروو سێگۆشە بچووکەکە مانترای یام هەیە و لە خوار سێگۆشەکەش ئاژەڵی پەیوەنددار هەیە. هەندێک دەڵێن لەپاڵ سێگۆشە بچووکەکەدا شیڤالینگایێکی دیکە هەیە بەناوی (بالالینگا)و هێمایەکی سێگۆشەییەو وەکو خۆر زەردەو بەردەوام تیشک دەداتەوە.

کاشترامی ئاناهاتا چاکرا دڵە، هەربۆیە عاشقان زیاتر باسی دڵیان دەکەن، چونکە خۆشەویستی کە لە ئاناهاتاوە کۆنترۆڵ دەکرێت لە دڵدا کاری ماددی خۆی دەکات.

(بزنە کێویی ڕەش) هێمایەکە بۆ ئەم چاکرایە کە مانای چالاکی و خێرایی چاکراکەیە.

بیجا مانترای چاکرای چوارەم (یام — Yam)ە بە ڕەنگی خاکی دەردەکەوێت، ئەمەش جادووی وتنەوەی مانترا و زیکری (یاالله)مان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دڵی مرۆڤ هەیە.

---

٤٤٩- Gham.

٤٥٠ - Anga.

٤٥١- Cham.

٤٥٢- Chaham.

٤٥٣- Jam.

٤٥٤- Jaham.

٤٥٥-Nyam

٤٥٦- Tam.

٤٥٧- Tham.

٤٥٨- بڕوانە ئەم سەرچاوەیە: کندالینی یوگا (اسرار تن ادمی).
سوامی ساتیاناندا. برگردان جلال موسوی نسب.
انتشارات فراروان. چاپ سوم ١٣٨٠، ل ٢٢٥.

(دیڤا)[٤٥٩] و (ڤایشڤا)[٤٦٠] و (ئیشا)[٤٦١] و (ڕاکینی)[٤٦٢] خوداوەندی پەیوەندداری چاکراکەن کە لە (کەسایەتی)دا خۆیان دەردەخەن. هەروەها هێزی شری کاکینی[٤٦٣] هەیە کە تایبەتە بە چارەسەرکردنەوە. واتە ئەوانەی ئاناهاتایان کرابێتەوە یان هێزێکی زۆری هەبێت و لە مەقامی خۆشەویستیی ئیلاهیدا بن، ئەوا کەسایەتیەکی بەهێزیان دەبێت و بەرخورداریش دەبن لە هێزی شفا لە ڕێگەی بیرو دەستەوە.

گۆنای زاڵ ڕاجاسە، چونکە پەیوەندی بە ڤیشنۆ گرانتیەوە[٤٦٤] هەیە کە گرێیەکە لەسەر ئەم چاکرایە. ڤیشنۆگرانتی پەیوەندی بە ئیحساسات و کۆت و بەندو هەست و سۆزەوە هەیە، هەربۆیە ئەوانەی یەکەمجار لە ڕێگەی خۆشەویستیەوە یارمەتیی خەڵک دەدەن لەوانەیە لەدواییدا حەزکردن لە گەورەبوون و زۆر تێکەڵ بوون پێیان وا بکات ئەو لە خۆشەویستیەکە لابدات.

لەشی پەیوەنددار ماهالۆکاو مانومایاکۆشایە. ڤاییوی زاڵی ناو چاکراکە پڕانایە، چونکە کاری پڕانا لە ناوچەی دڵدایە. تانمانتراکەی لەمسکردنە، چونکە ئەندامی هەستەوەر پێستەو لەمەوە ئەوە دەردەکەوێت کە سێکس لە عەشقدا کە پەیوەندیی بە دڵەوە هەیە هەروا سێکسێکی ئاسایی نییە، لەبەرئەوەی تانماتراکەی هێزی لەمسە، ئەندامی هەستەوەر(گیاناندریا) پێستە، چونکە پێست پەیوەندی بە دەستەکانەوە هەیە. ئەندامی کار دەستەکان (Pani)ە، هەربۆیە لە ڕێگەی هاریدا مودراو شێلانی دەستەوە دڵ هێمن دەبێتەوە.

ڕەگەزی ئاناهاتا هەوایە (Vayu)و هەر ئەمەشە هۆکاری ڕاجاس بوونەکەی. ئەوەش بزانین کە هەسارەی پەیوەندداری چاکراکە ڤینۆسە کە لای یۆنانییەکان خوداوەندی خۆشەویستیەو گۆناکەشی ڕاجاسە.

ئەو گلاندەی کە پەیوەندی بە ئاناهاتاچاکراوە هەیە سایمەس گلاندە و

٤٥٩- Deva.

٤٦٠- Vaishva.

٤٦١- Isha.

٤٦٢- Rakini.

٤٦٣- Shri Kakini.

کاکینی ڕەنگی زەردەو سێ چاوی هەیە چوار دەستی هەیەو زۆر چالاکە.

٤٦٤- Vishnu Granti.

سایمەسیش پەیوەندی بە (Immune)ەوە هەیە کە دەزگای بەرگریەو مرۆڤ بە گەنجی دەهێڵێتەوە، چونکە هێزەکەی پڕانایەو پڕاناش ئەم کارانە دەکات و وا دەکات لەش بە گەنجی بمێنێتەوە:

١. کۆنترۆڵی گلاندەکان.

٢. گۆڕینی ئاو بۆ شیرینی.

٣. یارمەتیدانی میتابۆلیزمی خۆراک.

لە خوار ئەم چاکرایەوە گوڵێکی لوتوسی ڕەنگ سووری بچووکتر هەیە کە لەناویدا درەختێک هەیەو پێی دەڵێن (کالپاروریکشا)[٤٦٥]، یاخود (کالپارو). ئەم درەختە هێمای ئارەزووەکانی مرۆڤە. هەندێک کەس لە پیاوە گەورەکانی یۆگا لەسەروو ئەم درەختەوە لوتوسێکی ڕەنگ شینیان بینیوە کە مانای ئازادبوونی خێرایە لە ئارەزووە دونیاییەکان.

ئاناهاتا چاکرایەکی زۆر گرنگەو وردگەری لەسەری دەبێتە هۆی زۆر گۆڕانکاری گەورە لە مرۆڤدا. وردگەری لەسەر دڵ و چاکرای ئاناهاتا بە (هاریدادریشتی) ناسراوەو بە چەند جۆرێک دەکرێت، یەکێک لەوانە ئەمەی خوارەوەیە کە نابێت لە خۆوە بێ سەرپەرشتی مامۆستایەکی بڕواپێکراوی یۆگا کە خۆی ئەو ڕاهێنانەی کردبێت کەس دەست بداتە کردنی ئەو کارە..

لە لوتوس[٤٦٦] یان لە سیدهاسانادا دابنیشەو چاو دابخەو گوڵێکی لوتوسی دوانزە پەڕەیی بهێنەرە بەرچاوی خۆت کە دوو سێگۆشەی هەڵەوگێڕاوەی لەناودا بێت و مۆمێکیش بە ڕەنگی پرتەقاڵی لە ناوەڕاستیاندا بێت کە بە هەر چوار لادا تیشک دەداتەوە. لە کۆتایی تیشکی مۆمەکەدا لە خوارەوە مانترای یام هەبێت. ئەم وێنەیە دەبێت لەسەر دڵ وێنا بکرێت. کاتێک ئەم ڕاهێنانە ئەنجام دەدرێت وردەوردە دەنگە ناوەکیەکان دەکەونە کار وەک ئەوەی کە هەمیشە بووبن، بەڵام مرۆڤ لێیان بێ ئاگا بووبێت، کەواتە ئاناهاتا چاکرا مەڵبەندی هەموو دەنگەکانی مرۆڤەو مۆڵگەی هەموو مانتراکانیشە، هەربۆیە دەبێت یۆگی بگاتە پلەیەک کە دەنگی مانترا تایبەتیەکەی خۆی لە دڵیەوە

٤٦٥- Kalparuriksha.

٤٦٦-بڕوانە (س ١٠، ل ١٥٥).

ببیستێت. ئەم جۆرە بیستنە لە ئیسلامدا بە بیستنی قەلبی ناوی هاتووەو ئەم پلە لە مانترا لە تەسەوفدا بە (زیکری قەلبی) ناسراوە.




وێنەی هێمایی ئاناهاتاچاکار

# باسی هەشتەم
# نیشانەکانی گەشانەوەی ئاناهاتا

١. پەیدابوونی قورسی سنگ و ئازارێکی کەم لە سینەدا.
٢. تێکچوونی لێدانی دڵ بۆ ماوەیەک.
٣. هەناسە قورسی.
٤. بیستنی دەنگی مۆسیقی یان وەک دەنگی هەنگ لە دڵەوە.
٥. پەیدابوونی توانای وێنەکێشان و مۆسیکلێدان و هۆنراوەوتن.
٦. عاشقبوونی تەواوو شێتانە دوور لە هەر پەیوەستبوونێکی تەقلیدی. ئەوە بزانە کە تەنانەت خۆشەویستیی نێوان دایک و کۆرپە خۆشەویستییەکی تەواو عاشقانە نییە.
٧. هەرکەس ئاناهاتای لە کاردا بوو، هەموو کەسێکی خۆش دەوێت.
٨. زیاد لە ڕادە حەساس دەبێت هەر کاریگەرییەکیش لەسەری بە گریان دەریدەبڕێت.
٩. دەتوانێت شفای خەڵک بدات، چونکە هەموو کەسێکی خۆش دەوێت.
١٠. وابەستەنەبوون بە دونیاوە وا لە مرۆڤ دەکات هەمیشە دڵی خۆش بێت.
١١. دەرککردنی جوانی و ناسکی بوون و ئەو نەزمەی خوداوەند بۆ کەونی داناوە.
١٢. بوونی ئاگایی تەواو لەسەر شتەکان و وەک کەسێکی تەواو بەئاگا دەبینرێت، چونکە ئەم چاکرایە چاکرایەکی ئیلاهیە.
١٣. بەهۆی بوونی خاڵی یازدەو دوازدەوە لە کەسەکەدا بڕوای تەواوی بە خوداوەند پەیدا دەبێت و دەگاتە یەقینێکی تەواو لەبەرامبەر بوونی خوادا.
١٤. ئەم کەسە دەتوانێت وەک یۆگیەکی تەواو بژی لەنێو چینە جیاوازەکانی خەڵکدا بێ بینینی جیاوازی لەناویاندا.



**وێنەی چاکرای ئاناهاتا**

# باسی نۆیەم
# ڤیشۆدهی چاکرا



ڤیشۆدهی واتە پاککردنەوە یان تەسفیەکردن، ئەم ناوەش لەوەوە هاتووە کە ڤیشۆدهی کار لەسەر لابردنی دژەکان دەکات. کاتێک (نیکتار) لە چاکرای بیندۆوە دەڕژێت دێتە چاکرای لالانا (Lalana)وە کە لەنێوان ڤیشودهی و بیندۆدایە. لەم چاکرایەشەوە دێتە ناو چاکرای ڤیشۆدهی و لەمیشەوە دادەبەزێتە ناو مانی پورا چاکرا. ئینگلیزەکان بە نیکتار دەڵێن (Amarit) کە بە مانای شەرابی فەنانەبوو یان ئاوی ژیان دێت. لە ڤیداکاندا بە (سۆما_ Soma) ناوی براوەو لە تانتراشدا پێی دەوترێت (ماد_ Mad) و مانای شەرابی خواکان دەگەیەنێت. ئەم نیکتارە گرنگە لە ڕێگەی کورما نادیە (Kurma Nadi)وە لە لالاناوە دەڕژێتە ڤیشۆدهیەوەو لەناو کورما نادیدا پڕانای ئودانا هەیە. لە ڤیشۆدهیدا هەردوو جۆرەکەی نیکتار هەن (واتە هەم جۆرە شەرابە لەزەتبەخشەکەی و هەم جۆرە ژەهرەکەی)، بەڵام لە لالانا چاکرادا تەنها نیکتار بە یەک شێوە

هەیەو ئەو شێوەیەش دابەش نەبووە. ئەم نیکتارە دەڕژێتە ناو مانی پوراوەو گەشانەوەی ڤیشۆدهی ئەم پرۆژەی دابەزینەی نیکتار دەوەستێنێت و تەنانەت بەرەو بیندۆ دەیگێڕێتەوەو بەمەش مرۆڤ لە پیربوون دەپارێزرێت.

شوێنی ڤیشۆدهی دەکەوێتە سەر ستوونی بڕگەکانی پشت لەنێوان ئاجناو ئاناهاتادا بەرامبەر ئەو شوێنەی بە سێوی ئادەم، واتە گلاندی سایرۆیدو پاراسایرۆید ناودەبرێت.

شێوەکەی: ئەم چاکرایە لەسەر شێوەی گوڵێکی لوتوسی (١٦) پەڕەییدایە کە ڕەنگی پەڕەکانی خاکی یان ئەرخەوانییەو لەسەر هەر پەڕێک بیجا مانترایەک هەیە کە ئەمانەی خوارەوەن:

١. لەرم LRM
٢. لاریم LARIM
٣. ڕییم REEM
٤. ڕیم RIM
٥. ئۆوم Oom
٦. ئوم UM
٧. ئییم Eem
٨. ئیم EM
٩. ئام Aam
١٠. ئەم AM
١١. ئاە AH
١٢. ئەم AM
١٣. ئەڤم AVM
١٤. ئۆم OM
١٥. ئەیم AIM
١٦. ئیم EM [٤٦٧]

---

٤٦٧- بڕوانە ئەم سەرچاوەیە: کندالینی یوگا (اسرار تن ادمی).
سوامی ساتیاناندا. برگردان جلال موسوی نسب.
انتشارات فراروان. چاپ سوم ١٣٨٠، ل ٢٤١

لەناو گوڵەکەدا بازنەیەکی سپی وەک مانگی تەواو هەیە کە مانای (ئاکاشا) یەو لەناو ئەم بازنەیەشدا وێنەی فیلێکی سپی هەیە کە دیسان هێمایە بۆ ئاکاشا. ئەم فیلە حەوت لوتی هەیە کە مانای بەرگەکانی لەشن و مانای حەوت چاکراکەو حەوت ڕەگەزەکەی بوونیشن.

مانترای ڤیشۆدهی (هام- HAM)ە. ئەم مانترایە بە ڕەنگی سپی دەردەکەوێت و هێمای پاکی چاکراکەیە. بەم مانترایە دەوترێت چەکەرەی دەنگ. ڕەگەزی ئەم چاکرایە ئاکاشا واتە فەزایەو وزەکەی ئودانایە.

تانمانترای ئەم چاکرایە دەنگە (شابدا - Shabah)، هەربۆیە لە هەموو ئایینەکاندا خوێندنەوەی پەڕاوە پیرۆزەکان لە شێوەی (کرتان- Krtan)، واتە ئاوازی ئایینیدایە، ئەو ئاوازانە کە بە دەنگەوە دەوترێنەوە کار لەم چاکرایە دەکەن و وادەکەن بجووڵێت. لە عیرفانی تبتیدا دەوترێت کە نابێت مرۆڤ هەروا وشەو کەلیمات بڵێ، چونکە وشە کاریگەریی هەیە لەسەر ڤیشودهی و ڤیشودهیش ئەو کاریگەریە دەداتە ئاجناچاکراو ئەویش کاری لەسەر دەکات. ئەمەش لەوەوە هاتووە کە فەلسەفەی عیرفانی تبتی کە فەلسەفەیەکی بوودایيە لە فەلسەفەی تانتراوە هاتووەو تانتراش پێی وایە کە دەبێت هەر هیچ نەبێت مرۆڤ بێدەنگی تەواوی هەبێت لە ماوەیەک لە ڕۆژدا یان لە هەفتەیەکداو ئەمەش لە ڕێگەی ڕۆژی قسەکردنەوەیەکە بە مۆنا (Mouna) ناسراوە و چینییەکان و لە پەیڕەوەکەی (بودهی دارما)دا (مۆچاو)ی پێدەڵێن کە مانای بێدەنگی زهنی دەگەیەنێت.

لۆکای ڤیشۆدهی جامپهالۆکایە، ئەم لەشە سەرەتای لەشی ئەختەریە کە یۆگییەکان کارێکی زۆری لەسەر دەکەن.

(ساداشیڤا - SadhaShiva) خوداوەندی کۆنترۆڵکاری ڤیشۆدهیەو ڕەنگی سپیەو سێ چاوو سێ ڕووی هەیە. جلەکانی لە وێنەی پێستی بەبرە. هەروەها خوداوەندیی مێینەش (ساکینی) کە تایبەتە بە پاڵاوتەو پاککردنەوەی نیکتارەوە. ئەم خوداوەندە لە مانگدا نیشتەجێیەو جلەکانی زەردن و بە دەستێکی کەوان و بە دەستێکی دیکەی تیرو بە دەستێکی تری سیخ و دەستەکەی تری کەمەندی هەڵگرتووە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ڤیشۆدهی چاکرا پەیوەندییەکی زۆری

لەگەڵ بیندۆ چاکرادا هەیە کە لە مانگەوە وزەی خۆی وەردەگرێت.

ئۆرگانی هەستەکی گوێیە (Shbda) و ئۆرگانی کاری ڤیشۆدهی دەنگەژێکانە. ڤیشۆدهی کۆنترۆڵکاری سیستمی دەمارە لە لەشدا و هەروەها دەزگای زاوزێ و ژێکان و گوێچکەکان کۆنترۆڵ دەکات. گلاندی پەیوەنددار پێوەی سایرۆید و پاراسایرۆیدن. سایرۆید سەلامەتی پێست دەپارێزێت و ڤیشۆدهی هەمان کار دەکات، هەروەها ئەم گلاندە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر سیستمی نێرڤ (دەمار- عصب) لە لەشدا. هەر هەمان گلاند هاوسەنگیی هۆرمۆنەکانی لەش دەکات و گەشەی لەشیش پەیوەندی بەم گلاندەوە هەیەو کۆتا کاری ئەوەیە کە یۆدی لەش دەگۆڕێت بۆ هۆرمۆنات و سەرفکردنی.



وێنەی چاکرای ڤیشۆدهی

# باسی دەیەم
# تێکچوونی ڤیشودهی

١. پەیدابوونی نەخۆشی زۆر لە لەشدا بەهۆی سەرفبوونی نیکتارەوە.
٢. تێکچوونی سایرۆیدو پاراسایرۆید.
٣. زوو پیربوونی مرۆڤ و لاوازی لەشولار بەهۆی سەرفبوونی وزەی ناو ڤیشۆدهیەوە کە لە بیندۆوە دێت (واتە نیکتار) لە ڕێگەی قسەی زۆرو سەرمای زۆرو چەند هۆکارێکی دیکەوە. ئەمانە دەبێت ڕۆژووی قسەکردن پەیڕەو بکەن و ڤیشۆدهی چاکرا ببەستن و ڕاهێنانی ویباریتاکارانی بکەن تا کێشی تەواوی لەشیان بەدەست بهێننەوە.
٤. ئەگەر لە منداڵیدا ڤیشۆدهی تێکچوو یان منداڵەکە بەزۆر بێدەنگ کراو شتێکی پێ شاردرایەوە، ئەوکات ئەم منداڵە دووچاری لاوازیی جەستەیی و تێکچوونی دەروونی دەبێت.
نیشانەکانی گەشانەوەی ڤیشودهی:
١. لەشساغی، بەڵام بە ڕەهایی نا، چونکە هەندێک نەخۆشی پەیوەندی بەو جۆرە لە کارماکانی مرۆڤەوە هەیە کە بە پاکبوونەوەو گەشانەوەی ئاجنا چاکرا لەناو دەچن.
٢. تەمەنی درێژ.
٣. بوونی ئاگاییەکی باش لەبەرامبەر شتەکاندا، هەڵبەت نەک وەک ئەو ئاگایی و مەعریفەیەی لە جووڵاندنی ئاجناوە دەستمان دەکەوێت.
٤. باش کارکردن و کەموتن.
٥. کەمێک دوورکەوتنەوە لە جێگەی ئاڵۆزو پڕ دەنگەدەنگ و چوونە ئەو جێگایانەی کە حەزی پێ دەکەین، بەڵام هەندێک لەو کەسانەی کە ڤیشۆدهیان دەجووڵێت هەر لەناو خەڵکیدا درێژە بە بوونی خۆیان دەدەن و کەمتر کەنار دەگرن.

٦. کەسەکە توانای بیرگۆڕکێی (تناقل الفکار)ی دەبێت.
٧. نەمانی حەزو ڕق لەم چاکرایەدایەو کەسەکە چاکوخراپ ناخوێنێتەوە بەشێوەی خەڵکی گشتی.
٨. چالاکبوونی دهانانجایا کە فرمانی ڕێکوپێککردنی تەغزیەی لەشە.
٩. چالاکبوونی کرێکار کە بەرپرسە لە برسیبوون و تیونی بوون.
١٠. چالاکبوونی ئودانا کە یەکێکە لە پڕانا گەورەکان و بەرپرسی دەرکردنی ڕۆحە لە لەشدا.
١١. کارکردنە سەر ژەهری دەرەوەو و ناوەوەی لەش.
١٢. توانینی سوودوەرگرتن لە مۆسیک، چونکە ئەندامی هەستەکەی گوێیە. ئەم چاکرایە لە نادایۆگاو تانترادا گرنگی تایبەتی هەیە.

# باسی یانزەیەم
# ئاجنا چاکرا

ئاجنا چاکرا شەشەم چاکرایەو بە چاکرای مەعریفە بەناوبانگە. ئاجنا چاکرا پێکدێت لە دوو پەڕ کە هەریەکیان بەرخوردارن بە بیجامانترایەک بە ناوەکانی هام و کاشام. ئەم دوو پەڕە بە دەوری بازنەیەکدان کە بیجامانترای ئۆمی تیا نەخشێنراوە، واتە ئۆم کە مانترای هەرەگەورەیە لە ڤیداکاندا بیجامانترای ئەم چاکرایەیە.

خوداوەندی زاڵی نێو ئەم چاکرایە ساداشیڤا (Sada Shiva)یە. شوێنی ئاجنا دەکەوێتە نێوان برۆکان کەمێک سەرووتر بە دوو سانتیم و نیو بۆ ناوەوەی سەر، واتە دەکەوێتە سەر گلاندی نوخامەڕژێن (پیتیوتەری) کە گرنگترین گلاندە لە لەشی ماددیداو کۆنترۆڵی گلاندەکانی دیکەی بەدەستە. ئاجنا چاکراش کە ڕەنگی خۆڵەمێشیە بەهەمان شێوە کۆنترۆڵی چاکراکانی دیکەی بەدەستە.

کاتێک ئاجنا بکەوێتە کار کەسەکە بەرخورداد دەبێت لە مەعریفەی ئیلاهی و چاک و خراپ واڵا دەبێت لەبەردەمیدا. ئەمە بەدەرلەوەی کەسەکە دەچێتە باری سامادهیەوە، چونکە لە ئاجنادا تەرکیزێکی زۆر قووڵ پەیدا دەبێت. بەهۆی ئەم تەرکیزەوە مرۆڤ ڕوانینی دەگۆڕێت بۆ دەوروبەرو هەموو جیهان.

تانماترای ئاجنا چاکرا ماناس (زهن)ە. لە یەکێک لە وانەکانی سەنکەلپادا (سوامی ئاناندا سیدارتا گیری)[٤٦٨] پێی وتم:

"دەبێت ماناس لە ئاجنادا بێدەنگ و پاک بکەیتەوە تا بتوانی نوری مەعریفەت وەک ئەوەی کە هەیە لە تۆدا ڕەنگ بداتەوە"[٤٦٩].

هەرکات ئاجنا چاکرا کەوتە کار، ئەوا وزەیەکی زۆر لە مرۆڤدا کار دەکات و هەموو چاکراکانی دیکە دەکەونە هاوسەنگیەوەو وزەکەیان زیاد دەکات، چونکە ئاجنا وەکو مەخزەنی وزەی چاکراکانە.

---

٤٦٨- Swami Ananda Siddharta Giri.

٤٦٩- ماناس هێمای مەڵبەندی کۆبوونەوەی هەموو ئەو ناوو دەنگ و هێماو ڕەنگ و فۆڕمانەیە کە لەلایەن پێنج هەستەکەوە کۆدەکرێنەوەو وێنەی تایبەت لە نائاگایی ئێمەدا دروست دەکەن. ئەم وێنانە وەک هەور بەری خۆری ڕاستی و ڕوونی لە ئێمە دەگرن. هەربۆیە دەبێت ئەم وێنانە پاک بکرێنەوە. بێگومان ئەمە کارێکی زۆر قورس و ترسناکیشە، بەڵام بەبێ ئەم موجازەفەیە سەمادهی نایەتە دەست.




**وێنەی ئاجناچاکرا**

# باسی دوانزەیەم
# ساهسرارا چاکرا

تەنها چاکرایەک کە زۆر کەم لەبارەیەوە شت بزانرێت چاکرای ساهسرارایە. ساهسرارا[٤٧٠] چاکرای حەوتەمە و خاوەنی هەزار پەڕە. شوێنی ساهسرارا دەکەوێتە سەر شوێنی تاج لەسەردا، هەربۆیە بە چاکرای تاج بەناوبانگە. ساهسرارا شوێنی جێگیربوونی شیڤایە و هەرکات ئەم چاکرایە گەشایەوە، ئیدی شیڤاو شاکتی کەوتوونەتە یەکبوونی تەواوەوەو مرۆڤ دەگاتە حەقیقەت و لە سامپراجناتاسامادهیدا ئۆقرە دەگرێت. یۆگی بە چالاکبوونی ساهسرارا دەگاتە گەلێک کەمالات و تێدەپەڕێت لە گەلێک لە کەمالاتەکان و دەگاتە تەکامولی تەواو. ئەو ڕزگاری دەبێت لە حەزو ڕق و سنورە ماددیەکان و هەست و کۆتە دەروونییەکان. کاریگەریی گۆناکان لەسەر ئەو کاریگەریان نامێنێت و دەکەوێتە ئەودیو کاری گۆناکانەوە. بە گەشانەوەی ساهسرارا مرۆڤ لە سەرجەم کارماکانی پاک بووەتەوە، چ کارمای ئەم ژیانەی و چ کارمای ژیانەکانی پێشووی. ئەمە مانای وایە ئیدی چاک و خراپ کاریگەرییان نامێنێت لەسەر مرۆڤ. بە کرانەوەی تەواوی ساهسرارا نەک هەر یەکبوون لەگەڵ پوروشا ڕوودەدات، بەڵکو مرۆڤ ئەزموونی حەقیقەتی هەتاهەتایی دەکات لە دەرەوەو ناوەوەی خۆی و ئەمەش هۆکاری نەمانی کاریگەری کارماو تری گۆنایە لەسەر مرۆڤ و دواجار مرۆڤ دەبێتە (دێڤادهێ)، واتە نموونەیەکی باڵاو نموونەیەکی ئیلاهی.

ئێستا ماوەتەوە خشتەیەکی کورت لەسەر کاری چاکراکان و پەیوەندیی ئەوان بە حاڵاتی ئاگایی مرۆڤەوە بنووسم بەم شێوەیەی خوارەوە:

---

٤٧٠- ساهسرا واتە هەزار.

| چاکرا | باری ڕۆحی و دەروونی |
|---|---|
| مۆلادهارا | دڵنیایی و بەهێزی جەستەیی و جێگیری بیر. |
| سوادهیستانا | کاری زایندەیی و ئیشتیهای خواردن. |
| مانی پورا | ئازایەتی و هێزی کار. ئیرادە. |
| ئاناهاتا | خۆشەویستی و پەیوەستبوون. ئیلهام. |
| ڤیشۆدهی | ئاگایی و هەبوون. شهود |
| ئاجنا | مەعریفە و زانینی ناوەکی. پراجناتاساماهی. |
| ساهسرارا | یەکبوون و توانەوە لە خوادا. ئاسامپراناتاسامادهی. |



**وێنەی ساهسرارا چاکرا**

# بابەتی حەوتەم
# چەند ڕاهێنانێک بۆ
# بەهێزکردن و پاککردنەوەی چاکراکان

هەریەک لە چاکراکان پەیوەندیان بە یەکێک لە ڕەگەزەکان و یەکێک لە تانماتراکان و جنانەندریاکان و کارمەندریاکانەوە هەیەو لە ڕێگەی چەند ڕاهێنانێکی تایبەتی یۆگاوە کاریان لەسەر دەکرێت و بەهێز دەکرێن و پاک دەکرێنەوە، سەرەتا دەبێت پەیوەندیی تەواوی ڕەگەزەکان و چاکراکان بزانین و پاشان کار بکەین، بۆئەوەی ئەو ڕەگەزانە لە خۆماندا هاوسەنگ بکەین تا چاکراکانمان هاوسەنگ بن، بەمەش کارو کردەوەی هاوسەنگی چاکراکان یارمەتیمان دەدەن کە ئاگاییمان بەرز بێتەوەو وردەوردە بگەینە ئاگاییەکی وا کە دەرکی حەقیقەت بکەین و بگەینە ئاسامپراجناتاسامادهی کە لەودا زانینی ڕاستەقینە دەردەکەوێت و مرۆڤ لە نەزانی تەواو ڕزگاری دەبێت.

یۆگی و ئایورڤیدیک زۆر پێویستە ئەم خشتەیەی خوارەوە بزانن و زانینی ئەم خشتەیە وا دەکات مرۆڤ پەی بەرێت بەو زانستەی کە ڤیداکان دەربارەی مرۆڤ باسی دەکەن کە زانستێکی وردو گرنگەو مرۆڤ لە خودی خۆی بەئاگا دێنێتەوەو وای لێ دەکات بتوانێت لەشی پڕاکریتی خۆی بناسێت و بتوانێت بەئاسانی هەست و ڕەمەک و هەڵچوون و داچوونەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکات. هەرکات ئەم هەست و ڕەمەک و غەریزەو هەڵچوونانە کۆنترۆڵ کران، ئیدی هەنگاونان لەسەر ڕێگەی سلوک ئاسان دەبێت.

بەهەرحاڵ پەیوەندیی چاکراکان و تاتڤاکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| چاکرا | تاتڤا | تانماترا | جنانەندریانی | کارمەندریانی |
|---|---|---|---|---|
| مۆلادهارا | خاک | هێزی بۆن | لوت | کۆم |
| سڤادیستانا | ئاو | هێزی تام | زمان | زاووزێ |
| مانی پورا | ئاگر | هێزی بینین | چاو | قاچ |
| ئاناهاتا | هەوا | هێزی بەرکەوتن | پێست | دەست |
| ڤیشۆدهی | فەزا | هێزی بیستن | گوێ | دەنگەژێ |
| ئاجنا | زهن | | | |
| ساهسرارا | ڕۆح | | | |

# باسی یەکەم
# چاکرای یەکەم و دووەم و سێهەم

ئەم سێ چاکرایەی یەکەم واتە مۆلادهاراو سوادهیستاناو مانی پورا کە دەکەونە سەر کانالی سۆشۆمنا زیاتر لە چاکراکانی دیکە پەیوەندیان بە ژیانی ماددیەوە هەیە.

لەبەرئەوەی ڕەگەزی چاکرای یەکەم خاکە پەیوەندی بە جەستەی ماددیەوە هەیە. کاتێک ڕەگەزی خاک لە جەستەدا کەم بوو یان لاواز بوو، ئەوکات لەشی ماددی دووچاری نەخۆشی دەبێت و لاواز دەبێت[٤٧١]. بە لاوازبوونی لەش هەستی بۆنکردن لە مرۆڤدا لاواز دەبێت[٤٧٢]. ئەگەر ئەم بارە بەردەوام بێت، ئەوا وردەوردە چاکرای دووەم لاواز دەبێت و بەمەش هەستی تام تێکدەچێت و مرۆڤ حەزی سێکسی نامێنێت و دووچاری لاوازیی سێکسی دەبێتەوەو لەوانەشە حەزی بۆ خواردن نەمێنێت[٤٧٣].

دیسان ئەگەر بێ هێزی جەستەیی و سێکسی و نەمانی ئیشتیهای خواردن بەردەوام بوو هێواش هێواش مانی پورا چاکرا لاواز دەبێت و ترس مرۆڤ دادەگرێت و گرفت بۆ میتابۆلیزمی لەش دروست دەبێت و کەسەکە لەڕووی جەستەییەوە زۆر لاواز دەنوێنێت یان هەندێکجار بەپێچەوانەوە زۆر قەڵەو دەنوێنێت.

کەواتە کاتێک کەسێک دووچاری خەمۆکی دەبێت و حەزی بۆ خواردن نامێنێت و ڕەنگی زهرد دەبێت و ترس دایدەگرێت و بێ هێزو لاواز دەبێت و هەستەکانی بەتایبەت هەستی بۆن و تام و دواجار بینینی دووچاری کێشە دەبن لەڕووی زانستی چاکراکانەوە بەم شێوەیە چارەسەر دەکرێت:

سەرەتا ڕەگەزی خاک بەهێز دەکرێت تیایداو پاشان ڕەگەزی ئاوو دوواتر ڕەگەزی ئاگر. ڕەگەزی خاک لە ڕێگەی پێدانی ئارامی و دڵنیایی و گەڕان

---

٤٧١- چونکە لەش توانای کردنەدەرەوەی ژەهرو ماددە زیانبەخشەکانی کەم دەبێتەوە بۆ دەرەوە.

٤٧٢- چونکە بۆن پەیوەندی بە ڕەگەزی خاکەوە هەیە.

٤٧٣- بگەڕێرەوە خشتەکەی پێشووتر.

لە شوێنی سەیرانگاو سروشتدا تیایدا بەهێز دەکرێت. هەروەها ئەنجامدانی هەندێک راهێنانی یۆگا و مییدیتەیشن لەسەر ڕەگەزی خاک.

ڕەگەزی ئاو بە هەڵبژاردنی خواردنی ڕووەکی و تازەو ئاودارو شیرو خواردنی ڕاجاسیک تیایدا بەهێز دەکرێت[٤٧٤]. هەروەها ئەنجامدانی هەندێک ڕاهێنانی یۆگانیدراو هەندێک رشاهێنانی حەوانەوەی تایبەت، ئەو کەسانە دەبێت شەوانە کەمێک ئاو بخۆنەوە پێش خەوتن. ڕەگەزی ئاگریش لە ڕێگەی بەکارهێنانی زۆری چاوەوە لە بینینی سەیرانگا و شوێنە ڕووناکەکان بەهێز دەکرێت، هەربۆیە پێویستە ئەو کەسانە ببرێنە شوێنی ڕووناکی و سەیری ئاسمان و سروشت بکەن. هەروەها دەبێت وردگەری و تەرکیزی چاو ئەنجام بدەن.

ئەنجامدانی ڕاهێنانی جەستەیی و وەرزشی بەتایبەت ڕاهێنانەکانی هاتایۆگا یارمەتیی بەهێزبوونی چاکرای یەکەم دەدات و لەشی مرۆڤ بەهێز دەکات و پەیوەندیی مرۆڤ بە دونیای ماددیەوە بەهێز دەکات، هەربۆیە ئەوانەی کە پەیوەندیان زۆرە لەگەڵ دونیای ماددی و کێشەی لاوازبوونی ڕەگەزی خاکیان نییە، هاوکات لەگەڵ ئەنجامدانی ڕاهێنانەکانی هاتایۆگا دەبێت چاودێری و تێڕامانێکی زۆریش بکەن بۆئەوەی ڕەگەزی خاک تیایاندا زۆر نەبێت. ئەگەر زۆر بوو، ئەوا دەبنە کەسانی زۆر دونیایی بە پلەی یەکەم و بە پلەی دووەمیش وردەوردە هێزی ئاو (ئاپاس) و ئاگر (ئاگنی) تیایاندا زۆر دەبێت و دەبنە کەسێکی زۆر سێکسیی ڕاجاسی.

هەندێک لە ڕاهێنانەکانی یۆگا بۆ بەهێزکردنی ڕەگەزی خاک:

١. سڵاو بۆ خۆر (سوریاناماسکار)[٤٧٥].

٢. ئوجایی پرانایاما.

٣. ڕاهێنانەکانی ئارامبوونەوەی وەکو یۆگانیدراو شاڤاسانا و ماتسیاکاریداسانا و ئادڤاسانا[٤٧٦].

٤. بەیانیان زوو هەستان لە خەوو وتنی مانترای گایاتری کە یەکێک لە

٤٧٤- بۆ نموونە وەکو بیبەری تون و ئەو خواردنانەی کە شەهوەت و جنسی دەجووڵێنن.

٤٧٥- بڕوانە (س ١٠، ل ١١٢بۆ ١٢٥).

٤٧٦- هەمان سەرچاوە ل ٨٥-٨٧.

گرنگترین مانتراکانی ناو ڕیگ ڤیدایەو ئەمە دەقەکەیەتی:
ئوم بهور بوڤەسڤە، تات سەقیتۆر ڤەرینییەم، بەرگۆ دیڤەسا دیمەهی، دیۆیۆنا پراچۆدەیات.

ئەگەر ڕەگەزی خاک دووچاری کەمبوونەوە بوو، بۆ نموونە کەسەکە خەواڵو بوو، بەرگریی لەشی دابەزیبوو، ئەوا ڕاهێنانەکانی یۆگا دەبێت زۆر بە ئارامی بکات.

هەندێک لە ڕاهێنانەکانی یۆگا بۆ بەهێزکردنی ڕەگەزی ئاو:
١. پرۆگرامی گیاخۆری و وازهێنان لە مەی و جگەرە.
٢. پرۆگرامی وەرزشی، بەتایبەت ئەنجامدانی هالەساناو شیرشەسانا و شاڤاسانا و بهوجانگاسانا[٤٧٧].
٣. خواردنی ژەمێکی نانخواردن زۆر بەتەرکیزەوە، واتە دەبێت هەست بە یەکەیەکەی تیکەی خواردنەکەت بکەیت و بزانیت چۆنی دەجویت.
٤. کەمکردنەوەی ئەنجامدانی سێکس، واتە نەشکاندنی بڕەهمەچاری.

هەندێک لە ڕاهێنانەکانی یۆگا بۆ بەهێزکردنی ڕەگەزی ئاگر:
١. خواردنی خۆراکی تیژ وەکو بیبەری ڕەش و زەنجەفیل.
٢. ئەنجامدانی ئاگنی سارە و ئودیانابانداها و ناولی.
٣. ڕاگرتنی برەهمەچاریە، واتە کەمکردنەوەی کاری سێکس.
٤. ئەنجامدانی تاپاس بەتایبەتی تەپەسی بێدەنگی (مۆونا) کە گرنگترین ڕیازەتە بۆ بەهێزکردنی هەرسێ ڕەگەزی خاک و ئاوو ئاگر[٤٧٨].
٥. ئەگەر ڕەگەزی ئاگر زۆر کەم ببویەوە دەبێت ڕاهێنانەکانی یۆگا بەخێرایی بکرێت بۆئەوەی گەرمای پێویست دروست بکەن.

---

٤٧٧- بۆ ناسینەوەی ئەم ڕاهێنانانە بڕوانە کتێبی: یۆگادارشان لە نووسینی هاوبیر کامەران، چاپی یەکەم.
٤٧٨- مۆونا واتە بێدەنگی یان ڕۆژووی قسەکردن. بڕوانە بەشی هاتایۆگا.

# باسی دووەم

## چاکرای چوارەم و پێنجەم و شەشەم

چاکرای چوارەم و پێنجەم و شەشەم واتە ئاناهاتاو ڤیشۆدهی و ئاجنا زۆر گرنگن بۆ ژیانی ڕۆحانی مرۆڤ و هاوسەنگی ئەوان هەست ناسک و ئاگایی بەرەو چینە بەرزە ڕۆحانییەکان دەبەن.

سەرەتا باسی چاکرای چوار دەکەم:

چاکرای چوارەم بە چاکرای خۆشەویستی بەناوبانگەو کاشترامەکەی دەکەوێتە سەر قەفەسەی سنگ. کاتێک ئەم چاکرایە بێ هێز دەبێت مرۆڤ دڵی ڕەق دەبێت و هەست بە ئازاری شتەکانی دەوروبەری ناکات و بەتەواوی ناتوانێت سوود لە جوانیی سروشت وەربگرێت، چونکە ئەو جوانییە کارناکاتە سەری. چاکرای ئاناهاتا کە چاکرای چوارە وەکو دەمی ڕەحەتیەک کراوەیەو وزەی دەوروبەر وەردەگرێت، ئەگەر دەمی ڕەحەتیەکە بچووک بویەوە، وزە کەمتر وەردەگرین و بەمەش پەیوەندیمان بە دەرەوە کەم دەبێتەوە، ئەمەیە هۆکاری کەمبوونەوەی هەستکردن بە ئازار تیایاندا. چاکرای چوار بەم ڕاهێنانانە بەهێزو پاک دەکرێتەوە:

١. وتنەوەی ناوەکانی خودا بە بەردەوامی.

٢. ئەنجامدانی وردەگەری لەسەر دڵ و لێدانی دڵ.

٣. پەیڕەوکردنی پرۆگرامی سەوزەو میوەخۆری.

٤. تەرکیزکردنە سەر لە پی دەستەکان لەبەرئەوەی دەستەکان پەیوەندیان بە ڕەگەزی ڤایووەوە هەیە کە ڕەگەزی چاکرای چوارەمە.

٥. ئەنجامدانی ڕاهێنانی هەناسە بەتایبەت سیتکاری.

٦. ئەنجامدانی هەموو ئەو ڕاهێنانانەی کە کار دەکەنە سەر سنگ، بەڵام بەئاگاییەوە.

بەڵام ئاگادار بن لەوەی کە کاتێک مرۆڤ ئاناهاتای بەهێز دەبێت لە سەرەتادا حاڵەتێک لەودا دروست دەبێت ئەویش ئەوەیە کە خۆی بە پاک دەزانێت و دڵی ناسک دەبێتەوەو زیاتر لە پێویست هەست بە ئازاری خەڵک دەکات و تێکەڵ بە خەڵک دەبێت تا یارمەتیان بدات، ئەمە کێشەیەک دروست دەکات کە بەدرێژایی مێژوو کەسە ئایینیەکان هەیانبووە ئەویش ئەوەیە کەسەکە وردەوردە خەڵکی

لا خراپ دەبێت، چونکە خۆی زۆر بە پاک و باش دەبینێت. هەروەها کاتێک ئازاری دەبینێت دەکەوێتە گلەییکردن بەوەی بۆ فلانە کەس ئازار دەچێژێت و بۆ فلانە منداڵ نەخۆشەو فلانە پیر خزمەتی تەواو ناکرێت، لێرەوە حوکم دەدات بەسەر خەڵکدا بەوەی ئەوان ستەمیان کردووە لە ئازارچەشتووەکان. هەندێکجاریش دەکەوێتە خەفەتخواردن لەبەرئەوەی ناتوانێت یارمەتیی هەموو کەسێک بدات، بەکورتی پەیوەست دەبێت بە چاک و خراپ و حەزو ڕق و خواو شەیتانەوە. لەم کاتەدا دەبێت کەمێک ئاجنا بەهێز بکرێت بۆئەوەی هاوسەنگی وزە ڕابگرێت لە لەشی پڕانیکدا.

## هەندێک ڕاهێنان بۆ چاکرای پێنج و شەش:

١. گریڤاسانچلانا (واتە ڕاهێنانی مل) کاریگەری هەیە بۆ بەئاگاهێنانەوەی وزەی چاکرای پێنج کە دەکەوێتە سەر قوڕگ.

٢. ئەنجامدانی مۆونا، واتە ڕۆژووی قسە وزەی ڤیشۆدهی زۆر بەهێز دەکات.

٣. ئەنجامدانی سارڤانگاسانا (لەسەر شان وەستان)و هالەسانا (تەکنیکی گاسن) و شیرشەسانا (لەسەر سەر وەستان) ڤیشۆدهی چاکرا بەهێز دەکات[٤٧٩].

٤. تەرکیزکردنە سەر (چید ئاکاشا) واتە ئەو تاریکیەی کە لەبەرامبەر چاوەکاندا بە داخراوی دروست دەبێت. ئەمەش ڤیشۆدهی و لەهەمانکاتدا ئاجنا بەهێز دەکات.

٥. ڕۆژانە ئەنجامدانی دوعاو نزا نوێژ ڤیشۆدهی و ئاجنا بەهێز دەکات.

٦. ئەنجامدانی شامبهاڤی مودرا واتە سەیرکردنی نێوان برۆکان ئاجنا بەهێز دەکات.

٧. هەر جۆرە ڕاهێنانێکی تەوازنی وەکو ئانگوشتاسانا و مایوراسانا و ئیکاپاداپڕاناماسانا، ئاجنا بەهێز دەکات.

٨. هەموو جۆرە مانتراو بیجا مانترایەک کە تیایدا تەرکیز کۆببێتەوە ئاجنا بەهێز دەکات، چونکە زهن (ماناس) کۆدەکاتەوەو لە دەرەوە دەیکێشێتەوە بۆ ناوەوە، پاتانجالی بەم حاڵەتە دەڵێت پڕاتیاهارا[٤٨٠].

٩. ڕاهێنانی کاپالابهاتی[٤٨١] و تراتاکا[٤٨٢] و شانموکی مودرا ئاجنا بەهێز دەکەن.

٤٧٩- ڕوانە (س ١٠، ل ١٣٨-١٥٨).

٤٨٠- پڕاتیاهارا ئەوەیە مرۆڤ بۆ ماوەیەک هەموو هەستەکانی بە ڕووی شتە هەستپێکراوەکاندا دابخات و تەرکیز بکاتە سەر یەکێک لە ناوەکان یان هەر هێمایەکی دیکە بۆ ئەوەی تەرکیزی لە ناوەوە کۆببێتەوە.

٤٨١- بۆ کاپالابهاتی بڕوانە (س ١٠، ل ٧٠).

٤٨٢-هەمان سەرچاوە، ل ٧٥.

# باسی سێهەم
# چاکرای حەوتەم

بە ڕووکەش ڕاهێنان زۆرن بۆ کردنەوەو بەهێزکردنی ساهسارا چاکرا، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ کام لەو ڕاهێنانانە ناتوانن ئەو کارە بکەن. لەبەرئەوەی مرۆڤ هەروا بەئاسانی ناتوانێت چاکرای ساهسرارا بکاتەوەو شیڤا ناچار بکات لەگەڵ شاکتی یەک بگرێت و یەکبوونی کۆتایی ڕووبدات و مرۆڤ بچێتە کۆتا باری یەکبوون لەگەڵ خودا، واتە ئاسامپراجناتاسامادهی و ببێتە یۆکتا واتە یەکبوو. گەشانەوەی ساهسرارا واتە گەیشتنی مرۆڤ بە حەقیقەت، چونکە ئیدی هیچ ڕێگرێک نامێنێت لەبەردەم یۆگیدا بۆ گەیشتن بە (ئەو). بڕینی حەوتەم چاکرا بە مانای بڕین و شکاندن و لادانی هەموو پەردەکانی سەر ڕووی ئاگایی مرۆییە، کەواتە هەرکات مرۆڤ توانای ئەوەی هەبوو بەتەواوی چاکراکانی پێشتر پاک بکاتەوەو بگەشێنێتەوە، ئەوا توانای ئەوەشی هەیە چاکرای حەوت بکاتەوە.

بە زمانێکی دیکە دەکرێت بڵێم چاکرای یەکەم چاکرای پەیوەندیە بە ماددەو جیهانی ماددییەوەو دڵنیایی دەداتە مرۆڤ، دەبێت یۆگی پەیوەست نەمێنێت بە دونیاوەو تەواو دڵنیاش بێت و هیچ جۆرە قەلەقیەکی نەمێنێت. چاکرای دووەم چاکرای جنسەو دەبێت یۆگی تەواو کۆنترۆڵی ڕەگەزی ئاوی کردبێت و گەشتبێتە ڕادەیەک ژن و پیاو لەبەرچاوی ئەودا نەمابن. چاکرای سێ چاکرای هەستە دەروونییەکانەو هەستکردن بە ئازایەتی و نەمانی ترسە تەنانەت لە مردن (ئەبهی نڤیشه). دەبێت یۆگی ترسی لە مردنی نەمێنێت. چاکرای چوارەم خۆشەویستی لەخۆ دەگرێت و مانای وایە یۆگی گەیشتۆتە خۆشەویستیی ئیلاهی و ئیدی دڵی ئەو بێجگە لە خودا کەسێکی تری تیا جێنابێتەوە.

چاکرای پێنجەم ڤیشۆدهیە کە دەربارەی ئیخلاس و پاکیە. لە ڤیشۆدهیدا وردەوردە یۆگی لە کارما دادەماڵرێت و هەندێک کارمای وردی پێوە دەمێنێت. پاشان یۆگی ئاجنا چاکرای دەجووڵێت و دەگاتە مەعریفەی ئیلاهی و هەموو کارماکانی وەک پووشی سەر ئاگر دەسوتێن و کەسەکە لە خۆی و هەموو شوێنێک خودا دەبینێت. هەرکات ئەمانە هەموو ڕوویاندا ئەوا چاکرای حەوتەم دەکرێتەوەو یۆگی ئەزموونی حەقیقەتی گشتی و تەواو دەکات.

# بەشی سێهەم

# بابەتی یەکەم
# باسی یەکەم
# یۆگا و چەندپێناسیەک

لە (٥٠٠٠) ساڵ لەمەوبەرەوە هیندی و ئاریەکان پراکتیزەی ڕێگەیەکیان کردووە کە بە یۆگا بەناوبانگ بووەو مەبەستیشیان لێی ئەوە بووە بتوانن بگەنە ڕاستەقینەو حەقیقەت و دەرکی ئەوە بکەن کە لە دەوروبەریان دەگوزەرێت، هەمیشە یۆگا هەوڵی داوە یەک بگرێت لەگەڵ خۆی و سروشتی خۆی تا بگاتە حەقیقەتی هەردووکیان کە لە یەکێک زیاتر نین.

شری سوامی مادهاڤاناندا لە یەکێک لەو سات سەنگانەدا[٤٨٣] کە لە تارانی پایتەختی ئێران ڕێکی خست فەرمووی[٤٨٤]: یۆگا یەکپارچەییە لەگەڵ هێزەکانی سروشت هەڵبەت سروشت لە ئاگایی و وزەو ماددە پێکدێت، هەربۆیە کارل گۆستاڤ یۆنگی گەورە دەروونناس دەڵێت: «هیندیەکان[٤٨٥] نەک هەر سروشتەکەیان دەناسن، بەڵکو دەشزانن کە تا چ ئەندازەیەک لەگەڵ ئەو سروشتەدا کە تێکەڵن پێی یەکن»[٤٨٦].

ڕێگەی یۆگا یەکێکە لەو ڕێگە تایبەتیانەی وا دەکات مرۆڤەکان بگەنە ئەو مەقامە باڵایە کە مەقامی ناسینی حەقیقەتە. لەم کۆمەڵە هونەرو سلوکە تایبەتیەی کە بە یۆگا ناوزەد کراوە هەمیشە دوو خاڵ زۆر جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئەوانیش یەکەم ئارامی (شانتی) و دووەم وردگەری (دهارەنا) بووە.

کاتێک مرۆڤ لە حەقیقەت دابڕاو دوور کەوتەوە، یان باشترە بڵێم کاتێک مرۆڤ (وایزانی) کە لە حەقیقەت دابڕاوە و دوورکەوتۆتەوە، دووچاری

---

٤٨٣- سات سەنگ واتە کۆڕی پرسیارو وەڵام کە لەنێوان مورشید و موریدی یۆگادا ساز دەکرێت و تیایدا موریدەکان پرسیار و گرفتەکانیان بێ پەردە لای مورشیدەکەیان باس دەکەن.

٤٨٤- ڕێکەوتی سازدانی ئەم سات سەنگە ڕۆژی شەممەی (١٢/٢٨/ ٢٠٠٢)ی میلادی بوو.

٤٨٥- مەبەستی لە هیندییەکان یۆگییەکانی هیندە.

٤٨٦- (س ١٩. ل ٥٩)

ڕووبەڕووبوونەوە بوو لەگەڵ ژیانی ماددی. ژیانی ڕۆژانە و بە هەڵە بەکارهێنانی هێز و لەشی مرۆڤ و خراپ بیرکردنەوەو خواردنی خراپ و چەندەها هۆکاری دیکە وایان کردووە ئارامی لەدەست بدات. کاتێکیش ئارامی لەدەست چوو، ئەوا بەتەواوی وردگەری و تەرکیز لەدەست دەچێت، واتە ئاگایی مرۆڤ دەبێتە ئاگاییەکی پارچەپارچەو پچڕپچڕ و ئیدی سەرگەردان دەبێت و ناتوانێت چاک لە خراپ و خراپ لە چاک جیا بکاتەوە. بە مانا سادەکەی مرۆڤ دادەماڵرێت لە زانین (جنانا) و مەعریفەی قووڵی ناوەکی، چونکە ناتوانێت ئەزموونی شێوازەکانی دیکەی ئاگایی بکات بێجگە لە ئاگایی بێداری و خەوو خەوی قووڵ[٤٨٧]. یۆگا ڕێگەیەکە بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێت دیسان بچێتە ناو ئاگایی گشتی (زانینی ڕەها)[٤٨٨] لە ڕێگەی ئارامی و وردگەرییەوە. ئاگایی ئەوەیە مرۆڤ بتوانێت بەلایەنی کەمەوە ڕێگە بدات بە لەش و دەروون و ئاگایی وەک خۆیان بن و دەستکاریی یاساکانیان نەکات و نەیچەپێنێت، چونکە دەستکاریکردنی یاساکانی لەش و دەروون و بەپێچەوانەی ئەوانەوە هەنگاو هەڵهێنان وا دەکات دووچاری گرفت و نەخۆشی ببنەوە. هەرچەند هەندێک لە زانایان و بیریاران ویستویانە ئەو کارە بکەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، لەبەرئەوەی وەک دکتۆر (جۆن ئەدۆڵف بوهلر) دەڵێت: «مرۆڤ دەتوانێت نهێنییەکانی سروشت ئاشکرا بکات و بدۆزێتەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت یاسای سروشتی دروست بکات و بهێنێتە بوون».

ئاشکراکردن و دۆزینەوەی ئەم یاسایانە وا دەکات مرۆڤایەتی بتوانێت کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات و زووتر پێبگات. بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤێک بزانێت ڕق یەکێکە لەو کێشە گەورانەی کە تەنها بە خۆشەویستی چارەسەر دەکرێت و بە چارەسەرکردنیشی دونیایەک کێشەی لە کۆڵ دەبێتەوەو دڵ دەبێتە پارچەیەک نور، بێگومان ئەو کەسە ئەگەر بە شوێن چارەسەری کێشەکانەوە بێت ڕق لە دڵی دەکاتە دەرەوە. کاتێکیش ئەو کارەی کرد هەڵبەت سەرکەوتوو دەبێت لەسەر ڕێی سلوک. مرۆڤی سەرکەوتووش زیاتر شادە تا

---

٤٨٧-گەیشتن بە چوارەم جۆری ئاگایی کە بنەمای ئاگاییەکانی دیکەیە و بە (توریا) بەناوبانگە مەبەستی ساداناکانی یۆگایە.

٤٨٨-ئاگایی گشتی هەمان ئەو شتەیە کە یۆنگ ناخودئاگایی گشتی پێ دەڵێت.

مرۆڤی دۆڕاو. یۆگا بە ئەزموونەکانی سەلماندوویەتی کە مرۆڤە سەرکەوتووەکان بەئاسانی حەقیقەت و خوداوەند دەدۆزنەوە تا ئەوانەی کە ناتوانن ڕێساکانی ژیان بدۆزنەوە و کاری لەسەر بکەن. دکتۆر جۆن ئەدۆڵف بوهلر دەڵێت: «هەر یاسایەک مرۆڤ ئاشکرای دەکات ئەو لە خوداوەند نزیک دەکاتەوەو باشتر خوا بەو دەناسێنێت». (پایلۆت بابا-Pailot baba) کە یەکێک لە پیاوانی ڕۆحی ئەم سەردەمەیەو هەندێک بە گەورەترین یۆگی هیند لەقەڵەمی دەدەن دەڵێت: "یۆگا پردی نێوان دین و زانستە"، یۆنگی گەورە دەروونناسیش هەمان ڕاستی دووبارە دەکاتەوە کاتێک دەڵێت: "نە زاست بە تەنها بەسەو نە باوەڕ، هەر لەم ڕووەوە یۆگا ئەو کەموکوڕیە بەردەوامەمان پڕ دەکاتەوە"[٤٨٩]. واتە تاوەکو زیاتر یۆگا کەشفی یاساو زانستە نهێنییەکانمان بۆ بکات، حەقیقەت زیاتر تەجەللی دەکات و دەردەکەوێت. کەواتە بەئاگابوون بە یاساکانی ناو لەش و دەروونی مرۆڤ و ئەزموونکردنی ڕۆح و لەش و بەشەکانی دیکەی ئاگایی ڕێگەیەکە بۆ نزیکبوونەوە لە خوداوەند. یۆگا ئەم ئاگایی و زانینەیە. یۆگا کەشفکردنی نهێنییەکان و ئەو زانستەیە کە زانستی هاوچەرخ بێ ئاگایە بە کارکردنی[٤٩٠]. سوامی مادهاڤاناندا دەڵێت: "ڕۆشنبینان و زانایانی زۆر بەتایبەت لە هیندستان لەدوای ساڵەها بەردەوامی لە پاککردنەوەی نەفس و چاودێریی قووڵ، توانیان حاڵەتێکی جیاواز لە ئاگایی بەدەست بێنن. کۆمەڵەی ئەو حاڵەت و تەکنیک و ئامۆژگاریانەی کە بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئاگاییە قووڵە لەلایەن ئەو زانایانەوە دراوەتە دەست، پێی دەوترێت یۆگا". کەم کەم کەشفی زانستەکان ڕێگە بە مرۆڤ دەدات خۆی و ژیان تەنها وەک جەستەو وجودێکی ماددی سەیر نەکات، بەڵکو دەگاتە ئەو ڕاستیەی کە مرۆڤ ڕۆح (ئاتمان)ە نەک لەش، ئەو ڕۆحەش لە ڕێگەی وزە (پڕانا شاکتی)یەوە کار دەکات و جەستەش بەو وزەیە دەژی.

ئەو ڕۆحە ڕۆحی خوداوەند (پاراماتمان)ەو تەنانەت خودی خوداوەندیشە،

---

٤٨٩- (س ١٩. ل ٥٧).

٤٩٠- سوامی کریشناناندا لە کتێبی (یۆگای میدیتەیشن) لاپەرە ٣ دا دەڵێت: «کاتێک بەتوندی بە تێڕامانەوە گرێ دەدرێین و وەکو ڕاهێنانێکی ڕۆحی ئەنجامی دەدەین، لەگەڵ کۆمەڵێک ڕاستی گەورەی سروشت و هەموو ژیان بەگشتی ڕووبەڕوو دەبینەوە». واتە ڕاهێنانی میدیتەشن یان دهیانا یان تامل ئێمە بە حەقیقەتی ژیان و سروشت ئاشنا دەکات.

هەربۆیە یۆگیەکان (بەتایبەت پاش هاتنی ئوپانیشادەکان) باس لە دوو ڕۆح دەکەن کە لە بنچینەدا یەکێکن، ئەوانیش ئاتمان و پاڕاماتمانن، ڕۆحی تاکە کەسی و ڕۆحی گشتی. لێرەوەیە کە مرۆڤ تا زیاتر بزانێت زیاتر لە خوداوەند نزیک دەبێتەوە بەمەرجێک ئەگەر ئەو ناسینە بە ئەزموون و تەجروبە بێت. سروشتناسی گەورەی ئەمریکی (ئۆلیڤەر ویندڵ هولمز) دەڵێت: "هەرچەندە زانینی مرۆڤایەتی زیاتر بکات، دووری نێوان زانست و ئایین کەمتر دەبێتەوەو زانستی دروست بڕواهێنان بە خوداوەند زیاتر دەکات".

لە ماناکانی وشەی یۆگا دەتوانین ئەمانە بنووسین: پێکەوەبوون، یەکبوون، یەکگرتن، ئاوێزانبوون، تێکئالآن، پەیوەستبوون، پەیوەندی، ژووان، شێواز، ڕێگە، ڕامکردن، سەروەت، کۆشش، ڕێکوپێک و بەتەرتیب، تەرکیز، چارەسەر، غەرقبوون، توانەوە، بەدەستهێنان، خاوەندارێتیکردن.

(سوامی ڤیشۆدهاناندا گیری) کە یەکێکە لە موریدەکانی شری گۆسوامی و لە پاش کۆچی گۆسوامی بۆتە بڵاوکەرەوەی پەیامەکەی، دەربارەی پێناسەی یۆگا دەڵێت:

یۆگا بە مانای جیاواز دێت لەوانە..

زانستی تایبەتیی مرۆڤ.

یەکبوونی ڕۆحی تاک لەگەڵ ڕۆحی گشتی لە هاوسەنگیەکی کەونیدا.

گەیاندنی مرۆڤ بە ئلوهیەتی خۆی.

تەحقیقی زات.

ڕێگەیەک بۆ پەرەپێدانی تواناکانی مرۆڤ لەپێناو یەکبووندا.

ڕێگەی ژیانە.

هونەری کارکردنە.

مەعریفەی نەفسە.

ڕێگەی خۆکۆنترۆڵکردنە.

دەمەوێت لێرەدا بەکورتی باسێکی ئەم پێناسە جیاوازانەی یۆگا بکەم.

بەدرێژایی مێژوو کەسانێکی جیاواز لە کلتوورو ئایین و نەتەوەو زمانی جیاواز یۆگایان ئەنجام داوەو ڕووناکبوونەتەوە بە نوری حەقیقەت و گەشتوونەتە

کەماڵ. لە پاش ئەم کەماڵەو ئەم ئەزموونە دەگمەنە یۆگییە باڵاکان هاتوون و دیسان یۆگایان گەیاندووە بە خەڵکی. هەر کەسێک بەجۆرێک و بەپێی کلتوورو زەمەن و پێویستی ئەودەمی بڵاوکردنەوەکە یۆگای گەیاندوە، هەربۆیە پێناسەکان جیاوازن و لەوانەشە وابێنە بەرچاو دژ بە یەکن.

یەکێک لە پێناسەکان ئەوەیە یۆگا زانستی تایبەتی مرۆڤە (پێناسەی یەکەم)، واتە زانستێکە کە لەسەر بنچینەی واقیع دامەزراوە و مرۆڤ دەتوانێت لە ژیانی خۆیدا ئەزموونی بکات، هەربۆیە پێی دەوترێت زانست. ئەم زانستە لەپێناو یەکبوونی ڕۆحی تاک لەگەڵ ڕۆحی گشتیدایە کە مرۆڤ دەگەیەنێتە هاوسەنگی (پێناسەی دووەم). گەیاندنی مرۆڤیش بە هاوسەنگی، واتە گەیاندنی مرۆڤ بە ئلوهیەتی خۆی (پێناسەی سێهەم)، چونکە ئێمە کاتێک لەگەڵ خودا یەک دەگرین و لەودا دەتوێینەوە، ئەوا حەقیقەتی خۆمان دەناسین کە حەقیقەتێکی ئیلاهیە.

کاتێک مرۆڤ دەگاتە ئلوهیەتی خۆی ئەوا مانای وایە تەحقیقی زات (پێناسەی چوارەم)ی خۆی کردووە کە ئەو لەشی ماددی نییە، بەڵکو ئیلاهێکی بێ سنورە. ئەم تەحقیقزاتە بەبێ پەرەپێدانی توانا بێ سنورەکانی مرۆڤ (پێناسەی پێنجەم) مەحاڵە بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە مرۆڤ لەڕووی ڕۆحیەوە تەواو بێ هێزو لاواز بووە. پەرەپێدان و تەحقیقزات و گەیشتن بە یەکبوون بەبێ هەڵبژاردنی ڕێگەیەک کە بە سلوکی تایبەت بڕوات بەڕێوە کارێکی ئەستەمە[٤٩١]، هەربۆیە بە یۆگا دەوترێت ڕێگەی ژیان (پێناسەی شەشەم). ژیانیش پێویستی بە هەوڵدانەو بەبێ هەوڵدان لە دونیای مادديدا ناتوانین هیچ بەدەست بێنێت. هەندێکجار ئەم هەوڵدان و (بەدەستهێنان)ە وامان لێدەکات لە هەقی خەڵکی دیکە بخۆین و ئازاری کەسانی دیکە بدەین. یۆگاو بەتاییەت یۆگای گیتایی (مەبەست لەو یۆگایەیە کە لە بهاگاڤادگیتادا باس کراوە) ڕێگەیەک نیشانی ئێمە دەدەن بتوانین کار بکەین و نەکەوینە ژێر کاریگەریی کارەکە و کەس ئازار نەدەین، هەربۆیە لە بهاگاڤادگیتادا کریشنا بە ئەرجونای موریدی دەڵێت: "یۆگا

---

٤٩١- یۆنگ دەڵێت لە ئەوروپادا بەهۆی نەبووی تەریقەتێکی ڕێکوپێکەوە دین جۆرێک لەهەرەج مەرجی دروستکردوە. بڕوانە (س١٩).

هونەری کارکردنە، کەواتە یۆگا بکە" (پێناسەی حەوتەم).
کاتێک ئێمە بە یۆگا کار بکەین و نەکەوینە ژێر کۆنترۆڵی کارەکەمانەوە و ڕێگەیەکی تایبەتیمان دەبێت لە ژیاندا کە کۆتاییەکەی بە وەحدەت لەگەڵ خوداوەند کۆتایی پێ بێت، ئەوا بێگومان وەک هەموو ڕێگە عیرفانییەکانی دیکەش دەڵێن: "دەگەینە مەعریفەی نەفس" واتە خۆناسی. ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە لە ئوپانیشادەکاندا یۆگا وەک ڕێگەیەک بۆ خۆناسی باسی کراوە (پێناسەی هەشتەم). ئەوانەی ئەم ڕێگەیەیان دۆزیوەتەوە (مەبەست ڕێگەی یۆگایە) لەو کەسانە بوون کە توانیویانە پەی بە زانستی دروست بەرن، نەک تەنها ئەو زانستەی کە بۆ زانینەو بەس. ئەوانەی ئەم ڕێگەیەیان دۆزیوەتەوە لەو کەسانە بوون کە بەڕاستی توانیویانە مرۆڤ بناسن و ئەم ناسینەشیان لە ناوەوە دەست کەوتووە نەک لە دەرەوە، واتە زانینەکەیان تەنها لە ڕێگەی هەستەکانەوە نەبووە، بەڵکو لە ڕێگەی دەرکی ناوەکی و زانینی ڕۆحیەوە بووە. (شری شیام سوندار گۆسوامی) لە یەکێک لە وتارەکانیدا دەڵێت: "یۆگا تەنها زانستێکی هەستەکی نییە[٤٩٢]، بەڵکو دارشانایەکی تایبەتە کە بە ناسینی حەقیقەت کۆتایی دێت، دارشان واتە دیدگای ڕوانین و زانین، ئەم زانینە تەنها لە ڕێگەی فکرەوە نییە، چونکە فکرو زهنی ئێمە ناتوانن لە هەستەکان زیاتر بترازێت".

٤٩٢- کارل گوستاف یۆنگ دەڵێت: «جودایی بێ گفتوگۆی دین و زانست کە لە سێ سەدساڵ لەمەوبەرەوە لە ڕۆژئاوا دەستی پێ کرد درێژەی کێشا تا ناسینی سیستمی یۆگا». هەروەها دەڵێت: «هیندییەکان ناتوانن نە لەش لەبیر بکەن و نە ڕۆح، بەڵام ئەوروپییەکان هەمیشە یەکیان پشتگوێ دەخەن».



وێنەی پاشماوەیەکی بەردینی دۆڵی سند کە وێنەی شیڤای تیا نەخشاوە لە یەکێک لە تەکنیکەکانی یۆگادا دانیشتووەو گیانداران دەوریان داوە

# باسی دووەم

(ئامۆژگاریەکانی هاتایۆگا وەکو قادرمەیەکە، هەر کەس بیەوێت بچێتە
پلە بەرزترەکانی ڕاجایۆگاوە بەسەریدا سەردەکەوێت)

(گوراکشا سامهیتا)

## یۆگای پاتانجالی

یەکێکی دیکە لە پێناسەکانی یۆگا ئەو پێناسەیەیە کە پاتانجالی[٤٩٣] باسی دەکات[٤٩٤]. ماهاریشی پاتانجالی (٢٠٠-٣٠٠ پ.ز) لە کتێبی یۆگا سوترادا بە دووررودرێژی لە (١٩٦) ڕستەی کورتدا باسی یۆگاو ڕێگەو مەقام و گرفت و بنچینەو بەرهەمەکەی دەکات، بەشێوەیەک کاتێک نووسراوەکە دەخوێنیتەوە سەرسوڕماو دەبیت لەوەی کە مرۆڤێک لە دوو سەدە پێش لەدایکبوونی مەسیح توانیبێتی بەو شێوەیە مرۆڤ و کێشەکانی بناسێت و بتوانێت چارەسەریان بۆ دابنێت و سەرەنجام کۆتاییشی پێبێنێت، هەربۆیە ئەمڕۆ زانکۆیەکی جیهانی نادۆزیتەوە کە نووسینەکەی پاتانجالیان تیادا نەبێت بە چەند وەرگێڕانێکی ئینگلیزی.

پاتانجالی دەڵێت: «یۆگا وەستاندنی شەپۆلە زهنییەکانە[٤٩٥] Yogas– chittavriti nirodhah)". پاتانجالی پێی وایە یۆگا ڕێگەیەکە تیایدا بەرزی و نزمییە زهنییەکانی ناو زهنی مرۆڤ چارەسەر دەکرێت. ئەم بەرزونزمیانە لە ئایینی شیڤای کشمیریشدا بە ڕوونی باسیان کراوە، یۆگییە کشمیریەکان پێیان وایە جیاوازیی نێوان ئاگایی گشتی (شیڤا)و وزەی گشتی (شاکتی) سەرەنجامی بوونی ئەو بەرزونزمیانەیە کە وا دەکەن مرۆڤ نەتوانێت وەک خۆی

٤٩٣-پاتانجالی لەهەمان شوێنی لەدایکبوونی بودا لەدایک بووەو هەندێک دەڵێن هاوزەمانی هاتنی بودا پەیدا بووەو بیروڕاکانی لەژێر کاریگەریی بودیزمدا بوون، بەڵام هەندێکی دیکە کە ئەمانە زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکن پێیان وایە بودا یان بەلایەنی کەمەوە بوداییەکان بیروڕاکانی پاتانجالیان بەلاوە پەسەند بووەو بەتەواوی وەریان گرتووە. یۆنگ دەڵێت: «ئایینی بودا بەرهەمی ڕۆح و زهنی ئەو یۆگایەیە کە لە چاککارییە مێژووییەکانی بودا کۆنترو جیهانیترە» (س ١٩. ل ٣٩).

٤٩٤- واتە یەکێکی دیکە لە ڕێگەکان ئەو ڕێگەیەیە کە پاتانجالی ناوی دەبات بە ڕاجایۆگا.

٤٩٥- یۆگا سوترا، ئایەتی دووەم. بروانە (س ١٤).

حەقیقەتی شتەکان ببینێت.

یۆگا یەکبوونە لەگەڵ خوداوەند، یان لەگەڵ ئاگایی و وزەی ڕەها. ئەم یەکبوونە بە مانای نەمانی ئەو بەزونزمییە زهنیانەیە کە پاتانجالی باسی کردوون. یۆنگ دەڵێت: "واژەی یۆگا واتە (فەرمان بەردارکردن)، یان کۆنترۆڵکردن کە مەبەست لێی هێنانەژێر کۆنترۆڵی جوڵێنەری نەفس (کلیشتا)ە. و مەبەستیش لەمە باڵادەستبوونە بەسەر ئەو هێزەدا کە مرۆڤ گرێدەدات بە جیهانەوە"[٤٩٦].

لە سوتراکەدا ئەو شەپۆل و بەرزونزمیانە بە (چیتە ڤریتی) ناویان هاتووە. کەواتە یۆگا کۆنترۆڵکردنی چیتەڤریتیەکانە، چیتەڤریتی (Chitta vriti) لە دوو وشە پێکهاتووە، یەکەمیان (چیتە) و دووەمیان (ڤریتی)ە. چیتە (Chitta) واتە ئاگایی. ڤریتی یەکێکە لە وشە سانسکرێتییە ئاڵۆزەکانی ناو یۆگاسوتراو مانای هەڵچوون و داچوون دەگرێتەوە بۆ نموونە وەک هەڵچوون و داچوونی ئاوی ناو حەوزێک کاتێک بەردێکی تێدەهاویت. (شری پاتانجالی) دەربارەی ڤریتیەکان دەڵێت[٤٩٧]: "ڤریتیەکان پێنج دانەن کە بە ئازار یان لەزەت کۆتاییان پێدێت"[٤٩٨]. ئەم سوترایە پێکهاتووە لە وشەی ڤریتی (شەپۆل)و پانچا (پێنج) و کلیشتا[٤٩٩] (ئازاربەخش)و ئاکلیشتا (لەزەتبەخش). ئەم ڤریتیانە سەرچاوەی هەموو چالاکییە زهنییەکانی ژیانی ماددین.

لە سوترای دواتردا پاتانجالی دەڵێت[٥٠٠]: "شەپۆلەکانی ئاگایی فەهم و نافەهمی و خەیاڵ و خەوو یادن". کەواتە چیتە ڤریتیەکان (شەپۆلەکانی ئاگایی) ئەم پێنجەن:

١. فەهم یان تێگەیشتنی تەواو (پڕەمانە -Pramana). تێگەیشتنی تەواو کاتێک دروست دەبێت کە زهنی مرۆڤ کەوتبێتە ئاستی ناو (ناما) و شکڵ (ڕوپا)[٥٠١]وە. ناما و ڕوپا دوو خەسڵەتی دیاری ئاگایی فەردین کە مرۆڤ لە

---

٤٩٦- بڕوانە (س ١٩. ل ٢٥).

٤٩٧- یۆگاسوترای پاتانجالی بەشی یەکەم سوترای ٦. بڕوانە (س ١٤).

٤٩٨-vrittaya Panchatayyah klistaklistah

٤٩٩- قەشە ئۆگستین بە کلیشتاکانی وتووە (Superbia)و (Concupiscentia). سوپێربیا خۆبەزلزانی و خۆبەباشزانین و غروری نەفسەو دووەمیشیان تەماع و ڕق و شەهوەتە.

٥٠٠-pramana Viparyaya vikalpa nidra smritayah

٥٠١-ناما و ڕوپا نێنەرەوەکانی ماددەن و بە دروستبوونی (جیڤاتمان) سەرەتای دەرکەوتنی ئەم

ئاگایی جیهانی جیادەکەنەوە.
٢. (نافەهمی) یان (تێنەگەیشتن) یان زانینی نادروست (ڤیپەریەیە –Viparyaya). لە سەرەنجامی ئەو کاریگەریەی کە ڤیپەریەیە دروستی دەکات لەسەر زهن و ئاگایی مرۆڤ زانستێکی نادروست دروست دەبێت کە وامان لێ دەکات زیاتر پەیوەست بین بە شتە سنوردارەکانەوە، لەبەرئەوەی پێمان وایە شتە سنوردارەکان حەقیقەتن نەک بێ سنورەکان.
٣. وەهم یان خەیاڵ (ڤیکەڵپە –Vikalpa). کاتێک پرسیارم لە سوامی مادهاڤاناندا کرد دەربارەی پێناسەی وەهم، وتی: "وەهم شەرعیەت دانە بە شتێک کە شەرعیەتی نییە". دروستکردنی فەلسەفەیەک لەسەر بڕوایەکی هەڵە لە سەرەنجامدا وەهم پێک دەهێنێت. گیرۆدەبوون بە وەهمەوە سێ جار ژیانی ئێمە پڕ ئازار دەکات، نەک هەر گیرۆدەبوونە بە ئەشکەوتەکەوە و پاشانیش بە سێبەری سەر دیواری ئەشکەوتەکەوە، بەڵکو گیرۆدەبوونە بەو وەهمەوە کە سێبەری سەر دیوارەکە سێبەری جنۆکەیەک یان دێوێکی زۆر گەورەیە کە لە ڕاستیدا وانییە.
٤. خەو (نیدرا –Nidra). خەو یەکێکی دیکەیە لە شکلەکانی ئاگایی ئێمە کە تیایدا هێشتا دیلی وێنە (روپا) و ناو (ناما)کانین. ئەوەتا لە کاتی خەودا هەندێک گۆڕانکاری بەسەر مرۆڤدا دێت لە ڕێگەی خەوبینییەنەوە کە کاریگەری دەخەنە سەر ژیانی کەسەکە. کاتێکیش زهن خامۆش دەبێت و مرۆڤ دەتوانێت دەرکی حەقیقەت بکات کە ئاگایی ئەو لەسەر وێنەو ناو نەبێت، واتە وشەو لەرینەوە کاریگەری نەخەنە سەری.
٥. یادەوەری (سمریتایە –Smritaya). ئێمە چوار سەتحی ئاگاییمان هەیە، یەکەم بێداری (واتە ئەو سەتحەی کە تیایدا پرامانا و ڤیپەریەیە و ڤیکەلپە لەکاردان)، دووەم (سوپیتا)یان خەو (کە تیایدا نیدرا لەکاردایە)، سێهەم (سوشوپتی) یان خەوی بێ خەو(نیوەئاگایی) لە باری نیوەئاگاییدا تەنها یادەوەری دەکەوێتە کارو کاریگەرییەکی زۆر کەم لەسەر مرۆڤ بەجێدەهێڵن. ئەم حاڵەتە بە چاودێریی (تامل) بەناوبانگە. سەتحی ئاگایی چوارەم کە سەتحی خەسڵەتەیە.

باڵایە پێی دەوترێت (سوپەر ئاگایی) کە یۆگیەکان (سامادهی) پێ دەڵێن و ناوو وێنە بەتەواوی نامێنن و مرۆڤ دەچێتەوە نێو ئاگایی گشتی کە هەمان خوداوەندە. سۆفیەکان بەم حالەتە دەڵێن (توانەوە لە خوداوەندا)[٥٠٢].

با بزانین مەبەستمان لە ئاگایی یان زهن چیە؟[٥٠٣] ئاگایی مەبەست لەو دەرکەوتەیەیە کە ئێمە تیایدا هەین. یۆگیەکان دەڵێن ئێمە لەش نین، ئێمە بیر نین، ئێمە ئیگۆ (نەفس) نین، ئێمە ڕۆحین (واتە ئاگایین). ئاگایی دوو جۆری هەیە، ئاگایی گشتی (پوروشا – خوا)و ئاگایی فەردی (پڕاکریتی– ئێمە)کەلەماهاتدا خۆی دەردەخات. ئاگایی فەردی کاتێک دروست دەبێت کە چیتەڤریتیەکان دەکەونە کارو ئاهەنکارە (هەستی منێتی) لەگەڵیدا دێتە گۆڕێ. یۆگا وەستاندنی کارەکانی ئەم ئاگاییە بچووکەیە کە وا دەکات تۆ دەنگەکان و ئیلهامەکانی خوداوەند نەبیستی. ئاگایی فەردی کارێک دەکات کە تۆ ناتوانی دەرکی ئەوە بکەیت هەمووان لە ڕۆحی جیهانیدا (واتە لە پڕاکریتیدا) هاوبەشین و خاوەنی یەک ڕۆحین. یۆگا یەکبوونی (ئاتمان) واتە ڕۆحی مرۆیی و پاراماتمان (ڕۆحی ئیلاهی)ە و دواجاریش یەکبوونی ئەم ڕۆحە جیهانییەیە لەگەڵ خودی خوداوەند خۆی، چونکە کاتێک زهنی فەردی یاخود ئاگایی فەردی لە کار وەستاو ئەنانییەت و خۆپەرستی کە لەم ئاگاییی و زهنەوە سەرچاوە دەگرێت نەماو کۆنترۆڵ کرا، ئەوکات یۆگی بەرەو حەقیقەت یان ئیشڤارا هەنگاو دەنێت و بەتەواوی لەگەڵ وجودی هەتاهەتاییدا دەبێتە یەک و دەگاتە (سامادهی).

ئەم هەموو هەوڵدانە زیاتر لە جەنگێک دەچێت، هەربۆیە سوامی کریشناناندا لە کتێبی (یۆگاو میدیتەیشن)دا دەڵێت: ”ئەنجامدانی یۆگا هیچ شتێک نییە تەنها جەنگ نەبێت، بە مانایەکی دیکە ماهابهاراتا و رامایانایە). سامادهی هەشتەم پلەی یۆگایە لە کۆی ئەو هەشت پلەیەی کە عارفی گەورە (پاتانجالی) باسی کردوون و یۆگای بەسەردا دابەش کردوون. پاتانجالی پێی وایە کە یۆگا پێکدێت لە یاما (ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان)و نیاما (ئەرکە زاتیەکان)و

---

٥٠٢ -لە کتێبی یۆگادارشان کە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ئەرکی چاپیان گرتە ئەستۆ زیاتر باسی یۆگای پاتانجالی یان ئاشتانگا یۆگام کردووە دەتوانن بگەڕێنەوە سەری گەر پێویست بوو.

٥٠٣- یۆنگ کە لەم بابەتەدا دەستی باڵای هەبووە دەڵێت: «یۆگا زۆر باش و بەتەواوی جیهانی چیتەڤریتیەکانی ناسیوە». (س ١٩. ل ٤٦).

ئاسانا (بارودۆخی جەستەیی)و پڕانایاما (درێژکردنەوەو وەستاندن و کۆنترۆڵی هەناسە)و پڕاتیاهارا (چوونەوە ناو دەروون)و دهارەنا (وردگەریی دەروونی)و دهیانا (خەوی بێ خەو)و (سامادهی) فەنابوون لە خوادا.

ئەم بەشانەی یۆگا یەک بەدوای یەکتردا دێن و هەندێک ڕاهێنانی تایبەتیش هەن ئەم هاتنە خێراتر دەکەن و یۆگیەکان ئەنجامیان دەدەن. لێرەدا دەمەوێت کەمێک لەبارەی سامادهیەوە قسە بکەم. لە نزیکترین پێناسەدا لەوانەیە سامادهی زیاتر لە شەراب بچێت، هەربۆیە یۆگیەکان یان هەندێک لە سۆفیەکان بە شەرابی دەچوێنن.

شەراب شتێکە دژی عورف و عادەتی کۆمەڵگەیەو سامادهیش بارێکە یان حاڵەتێکە کاتێک دێت کۆمەڵگە پێی قەبووڵ ناکرێت و هەمووان دژی دەوەستن، چونکە لەو بارودۆخە ڕۆحیەدا مرۆڤەکە پەیوەست نابێت بە هیچ یاساو ڕێسایەکەوەو لەگەڵ ئەوەشدا سامادهی حاڵەتێکی باوی ناو خەڵک نییەو خەڵک ناتوانن تێیبگەن. شەراب بەئاسانی دروست ناکرێت و کاتێکی دەوێت تا پێدەگات و ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی سامادهی کە بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر بەدەست دێت و ئەنجامدانی سادانایەکی زۆرو زەوەندی دەوێت و دەبێت خوێنت ببێت بە ئاو لەگەڵیدا. شەراب تاڵەو هەر ئەو تاڵیەیە کە مەستی دێنێت و سامادهیش شەرابێکی وایە کە نەفس و ئیگۆی مرۆڤ دەکوژێت، بەڵام ئارامی و شادی دێنێت.

حەزرەتی مەحوی دەڵێت:

تۆ کە دەرکەوتی مەپرسە چی بەسەر دێت جان و دڵ
حاڵەتی شەونم تەماشاکە بە وەختی ڕۆژهەڵات[٥٠٤]

واتە کاتێک ئاگایی و ڕۆحی کەونی (خودا) دەرکەوت ئیدی ئاگایی و ڕۆحی فەردی مرۆڤ وەک شەونم لە کاتی خۆرهەڵاتندا دەبێتە هەڵم و نامێنێت و ئەوەی دەمێنێتەوە خودایە نەک مرۆڤ. بەکورتی سامادهی حاڵەتی توانەوەی عاشقە لە مەعشوقدا بەشێوەیەک کە نە عاشق بمێنێت و نە عەشق و نە

٥٠٤- واتە کاتێک خودا دەرکەوت گیان و دڵ دەمرێت و دەتوێتەوە وەک چۆن شەونم کە خۆر دەرکەوت یەکسەر دەتوێتەوە.

مەعشوق، (مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی) دەڵێت:

گم شدن در گم شدن دین من است
نیستی در هستی ایین من است[505]

واتە ونبوون لە ونبووندا دینی منە، نەبوون لە بووندا ئاییینی منە.

ئەم توانەوەیە دەرککردنی مەحبوبە لە ناوەوەی مرۆڤ خۆیدا، بەڵام نەک لە مرۆڤێکی بچووکی ئیگۆپەرستدا، بەڵکو لە مرۆڤێکی خودایانەی وەک مەنسورو بایەزیدی بەستامی و مەولاناو ڕاماناماهاریشی و یۆگاناندادا،

مەولانا دەڵێت:

من چرا گرد جهان گردم چو دوست
در میان جان شیرین من است [506]

واتە بۆچی بگەڕێم بەجیهاندا لە کاتێکدا دۆست لەناو گیانی شیرینی مندایە. هەرچەند لەڕووی شەرعەوەو لای کەسانی سنورپەرست ئەمە کارێکە لە کوفرەوە نزیکترە تا لە ئیمانەوە، بەڵام مرۆڤ تا کافر نەبێت ناتوانێت ئیمان بێنێت، هەر ئەمەشە جیاوازیی نێوان دڵ و ئیمان و دەرکی خەڵکانی ئاسایی و دڵ و ئیمان و دەرکی عارف و یۆگی و کەسانی گەیشتوو بە سامادهی.

سالها رفت و نبود ان یار بی نام و نشان
گر چه با جان سالهاست یار در دل خود داشتی
پیر ما امد اشارت داد بی جاه و زمان
تو خدایی، نور او را از ازل تو داشتی[507]

واتە ساڵانێک ڕۆشتوو یاری بێ ناونیشان دیار نەبوو، گەرچی ساڵانێک بە گیان ئەوت لە دڵی خۆتدا هەبوو، پیری ئێمە هات و بەبێ جێ و زەمان ئاماژەی دا، تۆ خودایت و نوری ئەوت لە ئەزەلەوە هەبووە.

---

٥٠٥- کلیات شمس تبریزی. مولانا جلال الدین محمد بلخی. بر اساس و تصحیح و طبع شادروان بدیع الزمان فروزانفر . تشخیص غزلهای
الحاقی و مقدمة از دکتر اردوان بیاتی. چاپ دوم١٣٨٢ . غزل ٤٣٠ . ل ١٣١.

٥٠٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥٠٧- ئەم هۆنراوەیەم لە (٢٠٠٨/٨/١٢) لە سلێمانی نووسیوە.

لێرەدا دەمەوێت لە زمانی کارل یۆنگەوە باسێک لە ئەوجی یۆگا بکەم کە سامادهیە. کارل گوستاڤ یۆنگ پێی وایە (سامادهی کەنارگرتن و دوورکەوتنەوەیە)[508]. ئەم دوورکەوتنەوەیە کە مەبەستی دوورکەوتنەوەیە لە نموونەو بابەتەکان لە ناخودئاگاییدا بەرهەمی یۆگایەکە کە یۆنگ بەم شێوەیە باسی دەکات و دەڵێت: «تا ئەو شوێنەی کە یۆگا بەجۆرێک چارەسەری پزیشکی حسابی بۆ دەکرێت دەتوانرێت وەکو هەر سیستمێکی تری ڕۆژئاوایی سوودبەخش بێت، بەڵام مانای قووڵی یۆگا ئەوە نییە و ئەگەر ڕاست تێگەشتبم داوای یۆگا بەپێچەوانەوە زۆر زیاترە لەمە. لە ڕاستیدا یۆگا دەیەوێت خودئاگایی ئازاد بکرێت و بەتەواوی ئازاد بێت لە هەموو ئەو کۆتانەی کە ئەویان بە دەرەوەی زات و ناوەوەی زاتەوە بەستۆتەوە)[509]. بەدڵنیاییشەوە ئازادکردنی ناخودئاگا و خودئاگای مرۆڤ بەپێی ڕازو ڕەمزەکانی فەلسەفەیەکی گەورەی وەکو فەلسەفەی یۆگا بەتایبەت بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی کارێکی زۆر گران نییەو بێبەریش نییە لە بەرهەمی گرانبەها، چونکە یۆگا هێندە باش مرۆڤ و ناخودئاگاو ئاگایی مرۆڤ دەناسێت کە وەک چاوساغێک دەکرێت خۆمان بدەینە دەست تیۆریەکانی دەربارەی ئازادبوون و گەیشتن بە بێدەنگی و تەواوی ڕەها. یۆنگ دەڵێ: «شێوە جیاوازەکانی یۆگا بەو هەموو هێمائامێزە دەوڵەمەندیانەوە گرانبەهاترین ماددەو بەرژەوەندی و قیاسی بۆ پێناسەی ناخودئاگای گشتی خستە بەردەستم)[510].

هەڵبەت ئەو ڕاهێنانانە کە وا دەکەن ئێمە بتوانین ئاسانترو خێراتر بگەینە ئازادبوون و فەنابوون لە خوداوەنددا (لە کاتێکدا ئەمە مەبەستە سەرەکیەکەیە) گەلێک کار بۆ ئێمە دەکەن، یان بە زمانێکی دیکە لە گەلێک ڕووکارەوە پێگەیشتنی ڕۆحی ئێمە خێراتر دەکەن. هەروەها ئەو هەموو فنون و هونەرە تایبەتیەی کە لە یۆگادا هەیە دابەش دەبنە سەر چەند بەشێکی تایبەت کە هەریەکەو بەپێی شێوەی میزاجی و ڕۆحی و کرداری و عیلمی کەسەکە دەگۆڕێن و بەشەکانیش هاتایۆگا، ڕاجایۆگا، کریایۆگا، کوندالینی یۆگا، جنانەیۆگا،

---

٥٠٨- Retraite بڕوانە (س ١٩، ل ٣٠)

٥٠٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٦٢.

٥١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٦٥. هەروەها بڕوانە (س ١١) لە نووسینی یۆنگ.

ئادڤایتایۆگا، سانکهیایۆگا، سیدایۆگا، سوارایۆگا، بهاکتی یۆگا، نادایۆگا، کارمایۆگا، دهیانایۆگا، کالایۆگا، مانترایۆگا، یانترایۆگا، تانترایۆگا، بودهی یۆگا، ڤاشیستایۆگا و سەنکەلپایۆگا و هتد... ئەمانە ئەو بەشانەن کە یۆگیەکان کاریان لەسەر دەکەن و لە ڕێگەیەوە دەگەن بە کەماڵ. گرنگترینی ئەم ڕێگە تایبەتیانەی یۆگا بۆ سەردەمی ئەمڕۆ کە مرۆڤایەتی لەوپەڕی نائارامی و تەنهایی و بێ هێزی و لاوازی و بێکەسی خۆیدایەو هەموو توانا تایبەتیەکانی فەردی لەدەست داوەو وشەی مرۆڤ تەنها وەک کائینێکی بچووکی ماددی بیری لێ دەکرێتەوە، گرنگترینی مارگە (یان بەشەکانی) یۆگا هاتایۆگایە.

سوامی مادهاڤاناندا دەڵێت: «هاتایۆگا کار لەسەر ماددیترین بەشی جەستە دەکات»، ئەو بەشەی کە ئێمەی مرۆڤی سەردەمی تەکنەلۆژی سەروکارمان هەیە لەگەڵیدا. هاتایۆگا دەتوانێت ئێمە لە ئازارەکان بەئاگا بێنێتەوەو بەرەو حەقیقەت ڕێنوێنیمان بکات.



شری گۆسوامی و یەکێک لە قوتابیەکانی یۆگا

# باسی سێهەم

تەنها کریشنا مانای ڕاستەقینەی گیتای
دەزانی، و ئەرجوناش کەمێکی لەوبارەیەوە
دەزانی و ئیدی ئەوانی دیکە تەنها دەیبیستن
(سوامی کریشناناندا) [٥١١]

## یۆگای بهاگاڤاد گیتا

**داستانی ماهابهاراتا سەر بە زەمەنی پوراناکانەو دەوترێت شری ڤیاسادیڤای گەورە ڕۆحانی هیند نووسیویەتیەوەو لە فەوتان پاراستویەتی. ماهابهاراتا لە هەرە کۆنترین داستانە پڕ قارەمانییەتیەکانەو هێندە وردو وێنەییانە باسی کێشەو ڕووداوەکانی ناو داستانەکە کراوە کە زیاتر لە تابلۆیەکی هونەریی دەچێت تا لە نووسینێکی ئەدەبی، بێگومان لەڕووی ئەدەبیەوە شاکارە. ماهابهاراتا نزیکەی سەدهەزار بەیت هۆنراوەیە. وەنەبێت تەنها نووسینێکی ئەدەبی بێت و جوانی وشەو زاراوەکان دەربخات و خەیاڵێکی هونەری نمایش بکات، بەڵکو ئەم داستانە یەکێکە لە کۆباسە فەلسەفیەکان کە هەم لەڕووی فەلسەفیەوە شایەنی ستایشەو هەم لەڕووی مێژووییەوە گرنگیی خۆی هەیەو دەرخەری شێوازی بیرکردنەوەو کلتوورو شارستانیەت و تەنانەت جلوبەرگی سەردەمانێکە کە تێکستەکەی تیادا نووسراوە. مێژووی ئەم تێکستە بەتەواوی نازانرێت، هەندێک بە (٥٠٠٠) ساڵ لەمەوبەری لەقەڵەم دەدەن و هەندێکیش پێیان وایە ئەم بیروڕایە زیاتر لە بیروڕایەکی عیرفانییەوە نزیکترە تا مێژوویی واقیعی، هەربۆیە مێژوونووسە ڕۆژئاواییەکان مێژووی نووسرانەوەی ئەم داستان دەگەڕێننەوە بۆ سەدەی پێنجەمی پێش زایین.**

**بەهەرحاڵ مهاباهاراتا باس لە بنەماڵەیەکی گەورەی بهاراتا (واتە هیندستان)**

---

٥١١ - The Yoga of Meditation، by Swami Krishnananda
The Divine Life Society
Sivananda Ashram، Rishikesh، India

دەكات كە ستەم تیایدا پەرە دەسێنێت و بەشێک لە نەوەکانی ئەم بنەماڵەیە لەدوای مردنی باوکیان دەکەونە داگیرکردنی هەقی بەشی دووەمی بنەماڵەکەو ئەوانیش پەنادەبەنەبەر (کریشنا) کە دەرکەوتەی خوداوەند بووەو یەکێک بووە لە (گورو)ە ناسراوەکان. پاش ئەوەی کریشنا زۆر هەوڵ دەدات تا شەڕ نەکرێت، بەڵام سوودی نابێت. شەڕ دەکەوێتە نێوان ئەندامانی بنەماڵەکەو شەڕەکە لە مەیدانی (کوروکشترا)دا دەبێت و هەژدە ڕۆژ دەخایەنێت و سەرەنجام بە سەرکەوتنی ئەو کەسانە کۆتایی پێ دێت کە کریشنایان بەسەر دەسەڵاتدا هەڵبژارد، واتە لەبری پشتبەستن بە هێزی سیاسەت و ماسولکەی مرۆڤ، پشتیان بە هێزی خوداوەندی نێو مرۆڤ بەست.

ئەرجونا یەکێکە لەو کەسانەی ستەمی لێ کراوەو موریدی دڵسۆزی کریشنایە. ئەرجونا پێش دەستپێکردنی جەنگەکە بە سوار گالیسکەکەی خۆی دەچێتە مەیدانی شەڕەوە تا بزانێت کێ لە مەیداندا وەستاوە بۆ شەڕکردن لەپێناو یان لە دژی ئەو. لەم کاتەدا خزم و کەسوکارەکانی خۆی دەبینێت کە لەبەرامبەر یەکتر وەستاون بۆ شەڕ. ئەرجونا بێ ئومێد دەبێت و دەڵێت من لەگەڵ کەسوکارو براو ئامۆزای خۆم شەڕ ناکەم. ئەرجونا کەوانی گاندێڤای لە دەست دەکەوێتە خوارەوەو ئەژنۆکانی سست دەبن. لەم کاتەدا کە کاتی بێ ئومێدی ئەرجونای پێ دەوترێت کریشنای مامۆستاو گالیسکەچی ئەرجونا دەکەوێت قسەو گفتوگۆ لەگەڵ ئەرجوناو ڕۆدەچێتە ناو ڕێگەی یۆگاو ئەدڤایتاو سانکهیاوەو یارمەتی دەدات تا نائومێدیەکەی برەوێنێتەوەو بگاتە حەقیقەتی ژیان و سەرەنجامیش ئەرجونا دەگاتە حەقیقەت. گفتوگۆکەی کریشناو ئەرجونا بە بهاگاڤادگیتا بەناوبانگەو ئێستا بەشێوەیەکی جیاواز لە ماهابهاراتا چاپ دەکرێت و دەخوێنرێتەوە.

بهاگاڤادگیتا واتە سرودی ئیلاهی و یەکێکە لە نووسینە هەرەگەورەکانی مێژووی مرۆڤایەتی کە چەندان فەیلەسووفی ڕۆژئاوایی ستایشی ئەو تێکستەیان کردووەو شۆبنهاوەر ئاسایی ئاواتیان خواستووە (خۆزگایا هەر مرۆڤێک بۆ تەنها جارێکیش بووایە بیتوانیبا ئەم نووسراوە بخوێنێتەوە).

سوامی مادهاڤاناندا دەڵێت: «زۆرێک لەو بڕوایەدان کە داستانی ماهابهاراتا

داستانێکی ڕاستەقینەی مێژووییە، بەڵام من گرنگیی مەفاهیمە هێمائامێزەکانیم زیاتر بەلاوە گرنگە. جەنگی باسکراو هەمان هەڵچوون و داچوونەکانی زهنی ئێمەو دوشمنکاری و جیاوازیەکانی ناویەتی، کریشنا زات و ڕۆحی ئێمەیە و ئەرجوناش نەفسی ئێمەیە. هەوڵدانی کریشنا بۆ بەرزکردنەوەو پێگەیشتنی نەفس و دەروونی ئێمەیە لە نەفسی ئەممارەوە بۆ نەفسی مگمئنە لەناو ئەم ژیانەدا کە ئێمەی تیادایـن»[٥١٢].

گیتا (کورتکراوەی بهاگاڤادگیتایە)و لە هەژدە بەش پێکهاتووەو هەر بەشەو لە چەند سوترایەک یان مانترایەک پێکهاتووە.

بەگشتی لە بهاگاڤادگیتادا یۆگا دابەش کراوەتە سەر سێ ڕێگە، ئەوانیش یۆگای کار (کارمایۆگا)و یۆگای مەعریفە (جنانایۆگا)و یۆگای خۆشەویستیی (بهاکتی یۆگا)یە، هەرچەند باسی هەندێک شێوازی دیکەش وەکو بودهی یۆگاو یاجنایۆگاو پرانایامایۆگا کراوە. ئەم شێوازانەی یۆگا بەپێی شێوازی میزاجی کەسەکە دیاری دەکرێت.

کریشنا دەڵێت: «من لە سەرەتادا دوو ڕێگەم خستە بەردەمی خەڵکی، ڕێگەی موڕاقەبە بۆ ئەهلی موڕاقەبەو ڕێگەی کار بۆ ئەهلی کار»[٥١٣]. گیانایۆگا یان جنانایۆگا یۆگای مەعریفەیەو کارمایۆگا ڕێگەی کارە.

---

٥١٢- ئەم چەند دێڕە لە یەکێک لە ئیمەیلەکانی سوامی جیدا هاتووە بۆ نووسەر لە (٢٩)ی نۆڤەمبەری (٢٠٠٧).

٥١٣-بهاگاڤادگیتا، بەشی سێهەم، ئایەتی دووەم.



# باسی چوارەم
# کارما یۆگا

کارما (karma) هەم کارە و هەم کاردانەوەی کاریشە. ئەم ڕێگەیە ئەوەیە لەبری دوورکەوتنەوە لە خەڵک و چوونەناو ئەشکەوت و جەنگەڵەکان بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت و خۆناسی، مرۆڤ بتوانێت خوداوەند بدۆزێتەوە هەر لەو شوێنەی کە تیایدا دەژی، واتە لەناو ماڵ و بازاڕ و خێزانەکەیدا.

کارما یۆگا بە پێناسەیەکی تر کارکردنە بەبێ چاوەڕێیی پاداشت. یۆگیەکان دەڵێن کارمایۆگا قوربانیکردنی هێزی کارە بۆ خوداوەند، ئەم قوربانیکردنەش ئەوەیە تۆ کار بکەیت و خزمەتی خەڵک و نیشتمانەکەت بکەیت بەبێئەوەی چاوەڕێی پاداشت بیت، تەنانەت لە خوداوەندیش، بەڵکو تۆ لەبەر خۆشەویستیی خوا ئەو کارە دەکەیت. نابێت کارمایۆگیەکان بۆ لەزەتی بەهەشت یان لەترسی دۆزەخ کار بکەن و خزمەتی خەڵکی بکەن. کریشنا بە ئەرجونا دەڵێت: "کردار ئەگەر لەپێناوی ڕازیکردنی خوادا نەبێت، مایەی گرفتارییە، کەواتە ئەی کوڕی کونتی تەنها لەپێناوی خوادا کار بکە نەک بۆ سەرەنجام و پاداشتەکەی"[٥١٤]. کارمایۆگا سڕینەوەی هەموو کارماکانە لە ناخودئاگایی مرۆڤدا بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، چونکە تاوەکو مرۆڤ خاوەنی کارما بێت ناتوانێت بگاتە حەقیقەت. کارما وەک کۆتێک وایە ئێمە دەبەستێتەوە بە دونیای ماددیەوەو هۆکارێکی زۆر باشە بۆ مانەوەمان لە دونیادا لە ڕێگەی لەدایکبوون و مردنەوە، ژیان هیچ نییە بێجگە لە قوتابخانەیەک بۆ پاکبوونەوەی مرۆڤ[٥١٥].

سێ هۆکار زۆر کاردەکەنە سەر گۆڕینی کارماکانمان، ئەوانیش ئیکها[٥١٦] و جنانە[٥١٧] و کریان[٥١٨]. ئیکها واتە هەستکردن بەوەی چ کارێک دەبێت بکرێت.

---

٥١٤- بهاگاڤادگیتا بەشی سێهەم (کارمایۆگا).

٥١٥- هیندۆسەکانیش وەکو مەسیحی و موسوڵمان و یەهودییەکان پێیان وایە مرۆڤ لە سەرەنجامی هەڵەو تاوان و گوناهەوەیە دێتە سەر زەوی. هەروەها پێیان وایە زەوی شوێنێک نییە بۆ ڕابواردن، بەڵکو شوێنێکە بۆ پاکبوونەوە.

٥١٦- Ekha.

٥١٧- Jnana.

٥١٨- Krya.

جنانه واته زانین به شێوازی کارەکەو هەڵبژاردنی کات و شوێنی گونجاو بۆ ئەو کارە. کریا واته ئارەزووکردنی ئەو کارە و حەزپێکردنی. بۆ نموونه کاتێک دەزانیت دەبێت چی بکەیت، ئەوا به حەزەوە برۆ ئەو کارە بکە، بەڵام سەرەتا بزانه کەی و لەکوێ و چۆن ئەو کارە بکەیت، زۆرترین سوودی هەیه بۆ خەڵک و خۆت، ئەوجا دەست بدەرە کردنی کارەکە بۆئەوەی ئەو کارمایەی کەڵەکە دەبێت لەسەرت کارمایەکی ساتڤیک بێت نەک تاماس. ئەگەر کارماکە ساتڤیک بوو ئەوا سوودی هەیه بۆ گۆڕینی گۆنای کارماکانی پێشووت، هەربۆیه بەو کارمایه دەوترێت (سانچیت کارما)[٥١٩] واته کارمایەک که ئیشه خراپەکانی پێشووتی سڕیوەتەوە. ئەگەریش ئیشکەت بۆ ئێستا باش بوو، ئەوا دەبێته (کریامان کارما)[٥٢٠] یان (ئوجامی فارتامانا)[٥٢١] و له ئێستادا چاکه بەرهەم دێنێت. ئەگەر به باشترین شێوە توانیت ئەو کارە بکەیت و کارەکە بەردەوامی تیادا هەبووە (وەک ڕواندنی درەخت و کردنەوەی قوتابخانەو پەرستگەو ماڵ بۆ نیشتەجێبوونی خەڵک و فێرکردنی کەسێکی نەزان)، ئەوا دەبێته (پراڕابدهاکارما)[٥٢٢] واته کارمایەک که نەک هەر له ئێستادا سوودی هەیه بۆت، بەڵکو له ئاییندەشدا دەتوانێت کارمای ساتڤیک بۆ تۆ بەرهەم بێنێت، لەناو کارماکانیشدا تەنها کارمای ساتڤیکه دەبێته مایەی ڕزگاری مرۆڤ.

باشترین کارما ئەوەیه خۆت تەسلیم بکەیت و گوێ له دەنگی ناوەکی و نەوا کەونییەکان بگریت تا خزمەتی مرۆڤایەتی پێ بکەیت بێئەوەی پەیوەست بیت به سەرەنجامی کارماکەوەو داوای پاداشت له کەس بکەیت. بۆ ئەم کارەش دەبێت ئاگاداری پێنج خاڵی گرنگ بیت. کریشنا له کۆتا بەشی گیتادا به ئەرجونا دەڵێت: "ئەرجونا.. ئەی چەکداری گەورە، لەسەر بنەمای ڤیدانتا پێنج هۆکار دەبنه هۆی ڕوودانی هەموو کارێک، ئەو پێنجه له من فێر ببە. شوێنی کردنی کار (ئادیشتانام)، کەسی کارکەر، هەسته جیاوازەکان، شێوازە

---

٥١٩- Sancitt Karma.

٥٢٠- Kryaman Karma.

٥٢١- Ojami Fartamana.

٥٢٢- Prarabdha Karma.

جیاوازەکانی کارو لە کۆتاییدا ڕۆحی گەورە".[٥٢٣]
لێرەدا کریشنا باس لەو پێنج هۆکارە دەکات کە بە بەئاگابوون پێیان دەتوانین کردارەکانمان ساتڤیک بکەین و بە نائاگاداربوون لێیان کردارەکانمان دەبنە تاماس و خراپە بەرهەم دەهێنن. واتە زانین سەرەتای کارە هەربۆیە کریشنا دەڵێت:

(زانین، بابەتی زانین و زانەر، سێ هۆکاری جولێنەری کارن)[٥٢٤].

---

٥٢٣-- بهاگاوادگیتا همان گونه که هست. ا.چ. بهاکتی و دانتا سوامی پرابهوپادا. مترجمان: فرهاد سیاهپوش، بزرگ مهر گل بیدی، الهه فرمانی. پاییز ١٣٧٩. ف ١٨، ل ٧٤٥-٧٤٦.
٥٢٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤٩.

# باسی پێنجەم

ئازادیی باڵا، ڕزگاربوونی تەواوە لە جیهانی
گۆڕاو کە لە ناسینی خودی ڕەهاوە دێت
(یۆگاسوترا_ف۱، ئایەتی ٦۱)

## جنانایۆگا

مەولانای ڕۆمی دەڵێت: «خۆت پاک بکەرەوە چونکە پاک بەرەو سەر دەڕوات». واتە پاکبوونەوە لە کارما مرۆڤ بەرەو ئاگایی باڵا دەبات و حەقیقەت بەو دەناسێنێت، کاتێک ئەو هەموو هەورەی دەوری خۆری حەقیقەتیان داوە ڕەوینەوە، ئەوا خۆر بەئاسانی دەردەکەوێت. جنانایۆگا واتە بینینی ڕووناکی خۆرو گەیشتن بە حەقیقەت و گەیشتن بە زانینی ڕاستەقینە (جنانا). تەنها جیاوازییەکی نێوان کارمایۆگاو جنانایۆگا کە هەردووکیان یەک سەرەنجامیان هەیە، ئەوەیە لە کارمایۆگادا مرۆڤ نەفی زات ناکات، بەڵکو زات لەپێناو زاتی باڵادا قوربانی دەکات، بەڵام لە جنانایۆگادا زات لەبەرامبەر زاتی باڵادا نەفی دەکرێت تا زاتی باڵا (خوا) دەربکەوێت و ئەوکاتیش زانینی خوا دەرکەوێت. گیانا یۆگیەکان (جنانا یۆگیەکان) هەمیشە بەئاگان بەوەی کە تەنها خودا هەیەو بێجگە لەو هیچ بوونی نییە.

بهاگاڤادگیتا زۆر پێداگری لەسەر ئەو خاڵە دەکات کە خودا لە هەموو شوێنێک هەیەو هەموو شتەکان دەرکەوتەی ئەون و خۆیان لە خۆیانا هیچ حەقیقەتێکیان نییە. شتەکان خودان و لەوەوە هاتوون و بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوەو بەبێ ئەو ناتوانن هەبن و پشت و پەنایان هەر ئەوە، بەبێئەوەی (ئەو) هیچ پشت و پەنایەکی هەبێت. نەفیکردنی زات و نەمانی ئیگۆ (ئاهەنکارە) دەبێتە هۆی دەرکەوتنی (زانینی زاتی باڵا) (ماهات) و پاشان دەرکەوتنی ئاگایی خودا (پوروشا) و دواتر دەرکەوتنی زاتی باڵا (ئیشڤارا). کۆتایی گیانایۆگا یەکبوونی زانین و زانراوو زانەرە، بەڵام ئەم ئەنجامە زۆر سەخت و گرانەو دەبێت یۆگی لە

هەموو پەیوەندییە دونیاییەکان ڕزگاری بووبێت و پەیوەست نەبێت بە هیچەوە. شری کریشنا دەڵێت: «ئەوەی کە لە زنجیری پەیوەستبوون ڕزگاری بووەو لە کۆتی چاک و خراپ ئازاد بووەو دڵی داوە بە مەعریفە، ئەوا هەرچی بکات خودا دەیکات، چونکە لە هەر کارێکدا خودا دەبینێ و دەگات بە خودا»[٥٢٥].

گیتا کاتێک باسی شێوازەکانی قوربانیکردن دەکات بۆ خودا دەڵێت: «قوربانی مەعریفە لە هەموو قوربانییەک گەورەترە، کەواتە خۆت بە کەم بگرەو خزمەت بکە تا ئەو مەعریفەتە بەدەست بهێنیت»[٥٢٦].

گیانایۆگا گەلێک ڕاهێنانی تایبەتی هەیە بەکۆ لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو هەموو سوتراو سامهیتایەدا کە نووسراوە لەسەر ئەو ڕێگەیە. پاتانجالی دەڵێت: «کاتێک یۆگی ڕاهێنانی پرانایاما دەکات پەردەی نور لەسەر چاوی ئەقڵی لادەچێت و کەسەکە دەکرێتەوە بەرەو ڕووی حەقیقەت». واتە تەنها نەفیکردنی زات بەس نییە، بەڵکو دەبێت لەو پێناوەشدا سادانای ڤیدایی ئەنجام بدرێت بۆ گەیشتن بەو نەفیکردنە.

من لەم پەڕاوەدا دەمەوێت باشترین نموونە لەسەر بیروباوەڕە ڤیداییەکان بدەمە ئێوەی بەڕێز کە ئەم گفتوگۆیەی خوارەوە باشترین نموونەیە لەو بارەیەوە تا بەڕێزتان بزانن گیانایۆگا چۆن دەڕوانێتە خودو خوداو پەیوەندیی ئەو دووانە، وە میکانیزمی یەکبوونی ئەم دووانە چیە لەو ڕێگەیەی یۆگادا.

---

٥٢٥- -بڕوانە (س٢٠، ل ٩٣-٩٤)

٥٢٦- بڕوانە (س٢٠، ل ٩٥-٩٦)

# باسی شەشەم

## گفتوگۆیەک دەربارەی.....[٥٢٧]

### ١. من کێم؟

من بریتی نیم لە لەشێکی بینراو کە پێکهاتووە لە حەوت تێکەڵە. من پێنج ئەندامەکەی هەستکردن نیم کە بەهۆیانەوە دەزانین، واتە هەستی بیستن، بەرکەوتن، بینین، تامکردن و بۆنکردن، کە ئەم بابەتانە دەرک دەکەن دەنگ، بەرکەوتن، ڕەنگ، تام، بۆن. من بریتی نیم لە پێنج ئەندامی هەستکردن: قسەکردن، جووڵە، گرتن، دەرهاویشتن و وەچەخستنەوە (زاووزێ) کە ئەم ئەرکانەیان هەیە، قسەکردن، جووڵاندن، گرتن، دەرهاویشتن، چێژوەرگرتن. من بریتی نیم لە پێنج هەوا ژیانبەخشەکان واتە پڕانا و هتد، کە پێنج ئەرکی هەناسەدان و هتد ئەنجام دەدەن. من ئەوانە نیم، تەنانەت زهنیش نیم کە بیر دەکاتەوە. من تەنانەت ئەو نەزانییەش نیم کە تەنیا خاوەنی کاریگەرییەکانی پاشماوەی بابەتەکانە و لەودا هیچ بابەتێک و ئەرکێک بوونی نییە، من ئەوانە نیم.

### ٢. ئەگەر من ئەوانە نیم، کەوابوو من کێم؟

دوای نەفیکردنی هەموو ئەو شتانەی کە هێنامەوە بە (ئەوە نا و ئەوە نا)، ئەو ئاگاییەی کە تەنیا دەمێنێتەوە بریتیە لە من.

### ٣. سروشت و ماهیەتی ئاگایی چیە؟

سروشتی ئاگایی بریتیە لە: بوون-هوشیاری- شادومانی ڕەها.

### ٤. دەرککردنی (خود) چ کاتێک دەستەبەر دەبێت؟

کاتێک جیهان بریتیە لەوەی بەلاوەچوو، ئەوا دەرکی خود دەستەبەر دەبێت کە بینەرە.

### ٥. ئایا تا ئەو کاتەی کە جیهان بوونی هەیە دەرکی خود فەراهەم نابێت؟

---

٥٢٧- ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ یۆگی و عارفی گەورە شری ڕاماناماهاریشی ئەنجام دراوە. وەرگێڕانەکە لەلایەن هاوڕێ و دۆستی ئەزیزمەوە (دکتۆر محمد احمد) لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و زۆر سوپاسی دەکەم.

بەڵێ وایە، دەستەبەر نابێت.

## ٦. بۆچی؟

بینەر و ئەو شتەی کە دەبینرێت وەکو گوریس و مار وایە. زانین لەبارەی گوریسەکەوە کە مەبەستەکەیە بەدەست ناهێنرێت مەگەر ئەوەی کە ئەو مەعریفە ناڕاستەی کە وەهمی ماری لا دروست کردوین لانەچێت. بەهەمان شێوە دەرکی (خود) کە مەبەستەکەیە بەدەست نایەت هەتا ئەو کاتەی واز لەو باوەرە نەهێنین کە پێی وایە جیهان ڕاستەقینەیە.

## ٧. چ کاتێک جیهان کە بابەتە بینراوەکەیە لادەچێت؟

کاتێک زهن کە هۆکاری هەموو زانین و کردارەکانە ڕاوەستا، ئەوا جیهانیش لادەچێت.

## ٨. سروشتی زهن چیە؟

ئەوەی پێی دەوترێت زهن ئەو هێزە سەمەرەیەیە کە لە (خود)دا جێگیر بووە. ئەو هۆکاری دەرکەوتنی هەموو فکرەکانە. جگە لە فکر زهن شتێکی تر نییە. کەوابوو فکر سروشتی زهنە. بەدەر لە فکر ئەو قەوارە سەربەخۆیە بوونی نییە کە پێی دەگوترێت جیهان. لە خەوی قووڵدا فکر بوونی نییە، کەواتە جیهانیش بوونی نییە. لە دۆخەکانی بەخەبەری و خەوندا فکر بوونی هەیە و جیهانێکیش بوونی هەیە. هەروەکو چۆن جاڵجاڵۆکە تەونەکەی لە خۆیەوە بۆ دەرەوە بڵاو دەکاتەوە و دووبارە بۆ ناو خۆی ڕایدەکێشێتەوە، بەهەمان شێوەش زهن جیهان بۆ دەرەوە تەشەنە دەدات و دووبارە لە خۆیدا شی دەکاتەوە. کاتێک کە زهن دێتە دەرەوەی خود، جیهان دەردەکەوێت. کەواتە کاتێک جیهان دەردەکەوێت (کاتێک بەڕاست وەربگیرێت)، (خود) دەرناکەوێت، هەروەها کاتێک کە (خود) دەردەکەوێت (ئەدرەوشێتەوە)، ئەوا جیهان دەرناکەوێت. کاتێک کەسێک بە بەردەوامی لە سروشتی زهن دەکۆڵێتەوە، ئەوا زهن کۆتایی دەهێنێت بە تەرککردنی (خود) (وەکو پاشماوە). ئەو شتەی کە بە (خود) ئاماژەی پێ درا ئاتمان (Atman)ە. زهن هەمیشە لە پەیوەست بە شتێکی بەرجەستەدا دەردەکەوێت، ئەو ناتوانێت بە تەنیا بمێنێتەوە. ئەوە زهنە پێی دەگوترێت جەستەی وردو ژێر یاخود ڕەوان (Jiva).

## ٩. ڕێوشوێنی لێکۆڵینەوە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی زهن چیە؟

ئەو شتەی وەک (من) (ا) لەم جەستەیەدا سەرهەڵدەدات بریتیە لە زهن. ئەگەر کەسێک بکۆڵێتەوە لەوەی کە سەرەتا لە کوێی جەستەدا فکری (من) سەرهەڵدەدات، ئەوا ئەو کەسە تێدەگات کە شوێنی سەرهەڵدانی ئەم فکرە دڵە. دڵ شوێنی ئەسڵی زهنە. ئەگەر کەسێک بە بەردەوامی فکرەی (من) (من)ی هەبێت، ئەوا ئەو کەسە بەرەو ئەو شوێنە ئاراستە دەکرێت. لەناو ئەو هەموو فکرەی کە لە زهنەوە سەرچاوە دەگرن، فکری (من) یەکەمینیانە. تەنیا دوای دروستبوونی ئەم فکرەیە کە فکرەکانی تر سەرچاوە دەگرن. دوای دەرکەوتنی یەکەم ڕاناوی کەسێتیە کە دووەم و سێیەم ڕاناوی کەسێتی دەردەکەون. بەبێ یەکەم ڕاناوی کەسێتی، دووەم و سێیەمیان دەرناکەون.

## ١٠. چۆن زهن خامۆش دەبێت؟

بەهۆی لێکۆڵینەوەی (من کێم؟). فکرو بیری (من کێم؟) هەموو فکرەکانی تر لەناودەبات و خۆشی وەکو چیلکەیەک کە بۆ تێکوەردانی ئاگری دامرکاو بەکار دێت لە کۆتاییدا لەناو دەچێت. دوای ئەوە دەرکی خود سەرهەڵدەدات.

## ١١. چیە ئەو هۆکارەی کە بە کەڵکوەرگرتن لەو بتوانین بە بەردەوامی فکری (من کێم؟) لە ناخماندا جێگیر بکەین؟

کاتێک فکرەکانی تر سەرهەڵدەدەن نابێت دوایان بکەوین، بەڵکو دەبێت بکۆڵینەوە: بۆ کێ ئەم فکرانە دەردەکەون؟ ئەوە گرنگ نییە چەند فکر سەرهەڵدەدات. هەر فکرێک سەری هەڵدا دەبێت کەسەکە بەردەوام بێت لەم بەدواکەوتنە کە (ئەم فکرە بۆ کێ سەری هەڵدا؟). ئەو جوابەی دێتەکایەوە ئەوەیە کە: (بۆ من)

بەپێی ئەوە ئەگەر کەسێک بکۆڵێتەوە کە (من کێم؟)، زهن دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی خۆی و ئەو فکرانەی کە سەریان هەڵداوە خامۆش دەبن. بە بەردەوامبوون لەم ڕاهێنانە کارامەیی زهن گەشە دەکات بۆ مانەوە لە سەرچاوەی خۆی. کاتێک زهن کە ورد و زەریفە لە ڕێگەی مێشک و ئەندامە هەستەوەریەکان چووە دەرەوە، ناو و شێوە بەرجەستەکان دەردەکەون، و کاتێکیش لە دڵدا مایەوە ناو و شێوەکان نامێنن. نەهێشتنی زهن بۆ چوونەدەرەوە و هێشتنەوەی

له دڵدا ئەوەیە کە پێی دەگوترێت (ناوەکیکردن) (Antar-Mukha) (Inwardness). ڕێگەپێدانی زهن بۆ چوونەدەرەوە لە دڵ پێی دەگوترێت (دەرەکی کردن) (Bahir-Mukha) (Externalisation).

کەوابوو کاتێک زهن لە دڵدا مایەوە (من) کە سەرچاوەی هەموو فکرەکانە دەڕوات و (خود) کە هەمیشە بوونی هەیە ئەدرەوشێتەوە. پێویستە مرۆڤ کە هەر شتێک دەکات بەبێ خودپەرستی و (من) بیکات. ئەگەر کەسێک بەم شێوازە کاری کرد، ئەوا گشت شتەکان وەکو سروشتی شیڤا (خوداوەند) دەردەکەوێت.

## ١٢. ئایا هۆکارێکی تر نییە بۆ خامۆشکردنی زهن؟

جگە لە لێکۆڵینەوە، ڕێگەیەکی دروست نییە. ئەگەر لە ڕێگەیەکی تریشەوە توانرا زهن کۆنترۆل بکرێت، وا دەردەکەوێت زهن کۆنترۆڵ کراوە، بەڵام دووبارە دەستبەکار دەبێتەوە. لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی هەناسەش زهن کۆنترۆڵ دەکرێت، بەڵام تەنیا بەدرێژایی کۆنترۆڵکردنی هەناسە کە خامۆش دەبێت و کاتێکیش هەناسە ئاسایی بۆوە زهن دووبارە دەست بە چالاکی خۆی دەکاتەوە و کاتێکیش لەلایەن کاریگەرییە پاشماوەکانەوە گوشاری دەخرێتەوە سەر دەست دەکاتەوە بە گەڕان و پەرێشانبوون.

بۆ هەردوو زهن و هەناسە سەرچاوەکە یەکێکە. لە ڕاستیدا فکر سروشتی زهنە. فکری (من) یەکەم فکری زهنە، ئەوەش خۆپەسەندیە. لەمەوەیە کە کاتێک خۆپەسەندی سەرچاوەی گرت، هەناسەش سەرچاوە دەگرێت. کەوابوو کاتێک زهن خامۆش بوو، هەناسە کۆنترۆڵ دەبێت، هەروەها کاتێک هەناسە کۆنترۆڵ کرا، زهن خامۆش دەبێت، بەڵام لە خەوی قووڵدا هەرچەند کە زهن خامۆش بووە، بەڵام هەناسەدان ناوەستێت. ئەمە لەبەر خواستی خوداوەندە، بەم شێوەیە کە جەستە پارێزراو دەبێت و خەڵکی دیکە ئەم هەستەیان لا دروست نابێت کە ئەو مردووە. لە دۆخی ئاگایی و لە باری سامادهیدا، کاتێک زهن خامۆش دەبێت هەناسە دێتە ژێر کۆنترۆڵەوە. هەناسە بریتیە لە شێوە بەرجەستەکەی زهن. تاکو ساتەوەختی مردن زهن پارێزەری هەناسە دەبێت لەناو جەستەدا، کاتێکیش کە جەستە دەمرێت زهن شانبەشانی خۆی هەناسە

دەباتەوە. کەوابوو ڕاهێنانی کۆنترۆڵی هەناسە تەنیا هۆکارێکە بۆ خامۆشکردنی زهن (Manonigraha)، پرانایاما زهن لەناونابات (Manonasa).

بەهەمان شێوەی ڕاهێنانی کۆنترۆڵی هەناسە، چاودێری (Dhyan) لەسەر شێوەکانی خوداوەند، وتنەوەی بەردەوامی مانترا، خۆگرتنەوە لە خۆراک و هتد.. هیچ نین جگە لە هۆکاری یارمەتیدەری خامۆشکردنی زهن.

لە ڕێگەی چاودێری لەسەر شێوەگەلی خوداوەند و دووبارەکردنەوەی مانترا وردگەری زهن لە یەک خاڵدا کۆدەبێتەوە.

زهن هەمیشە سەرەڕۆیە، دروست وەکو ئەوە وایە کاتێک کە زنجیرێک لە قەدی فیلێک توند دەکەین، لەگەڵ ئەوەی کە چنگمان داوەتە زنجیرەکە فیلەکە لە ڕۆشتنی خۆی بەردەوام دەبێت و شتی تر ڕوونادات، هەروەها کاتێک کە زهن سەرقاڵ دەکرێت بە ناوێک یاخود شێوەیەک ئەو تەنیا ئەو ناوو شێوەیە دەگرێتە خۆی. کاتێک کە زهن پەرە دەسێنێت بە شێوەی فکرێکی بێ شومار، هەریەکێک لە فکرەکان لاواز دەبێت، هەتا بیرکردنەوەکان زیاتر لەناوبچن، زهنیش زیاتر بەرەو یەک فاقی هەنگاو دەنێت. بۆ ئەم جۆرە زهنە لێکۆڵینەوەی (خود) ئاسان دەبێت.

لەنێو گشت ڕێساکانی خۆگرتنەوەدا خۆراک ئەو ڕێسایەی کە خواردنی خۆراکی ساتڤیک (Sattvic) بە ڕێژەیەکی مامناوەند دەگرێتەوە، باشترینە، بە پەیڕەوکردنی ئەم ڕێسایە چۆنایەتیی ساتڤیکی زهن گەشە دەکات و ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ (لێکۆڵینەوەی خود - Self-Inquiry)

**١٣. کارتێکەرییە پاشماوەییەکان (فکر و بیرکردنەوە)ی بابەتەکان وا دیارە وەکو شەپۆلەکانی دەریا بەردەوام ڕوومان تێدەکەن. چ کاتێک گشتیان لەناو دەچن؟**

کاتێک چاودێریکردن لەسەر خود باڵاترو باڵاتر پەرەدەسێنێت، فکرو بیرکردنەوەکان لەناودەچن.

**١٤. ئایا مومکینە کە فکر و بیرکردنەوەکان هەر لە کاتی بێ سەرەتای دەرکەوتنیان لەناو ببرێن تاکو تاکە کەس وەکو خودی بێگەرد و بێخەوش بمێنێتەوە؟**

بەبێئەوەی گومانی ئەوەتان هەبێت (ئەمە مومکینە یاخود نا)، تاکە کەس دەبێت بە بەردەوامی چاودێری لەسەر (خود) ئەنجام بدات. تەنانەت ئەگەر کەسێک تاوانبارێکی گەورەش بێت نابێت نیگەران بێت و فرمێسک هەڵڕێژێت کە (ئای! من تاوانبارم، چۆن ڕزگارم دەبێت؟) ئەو کەسە دەبێت بەتەواوەتی فکری (من تاوانبارم لەیاد بکات و بە سووربوونەوە ورد بێتەوە لە چاودێریکردن لەسەر خود. دوایی کەسەکە بێگومان سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.

دوو دانە زهن بوونی نییە، یەکێکیان باش و ئەوی تریان خراپ، زهن تەنیا یەکە. ئەوە کاریگەرییە پاشماوەییەکانن کە دوو جۆرن، خێردارو بێ خێر. کاتێک زهن دەخرێتە ژێر کاریگەری هەست وباوەری خێرداریەوە، پێی دەگوترێت (باش). کاتێکیش دەچێتە ژێر کاریگەریی باوەڕی بێ خێرەوە (خراپ) لەقەڵەم دەدرێت. نابێت ڕێگە بدرێت زهن بە دوا شتە دونیاییەکان و بیروباوەڕی خەڵکیدا وێڵ بێت. خەڵکانی تر هەر چەندێک خراپ بن، ئەوا تاکە کەس نابێت دژایەتی ئەوان لە دڵدا بگرێت. هەردووکیان چ حەز و چ ڕق دەبێت بەلاوە بنرێن.

هەموو ئەو شتانەی کە کەسێک بە خەڵکی دەدات، ئەو کەسە پێشکەشی خۆی دەکات. ئەگەر ئەم ڕاستیە دەرک بکرێت، کێیە کە بە خەڵکی نابەخشێت؟ کاتێک خودی کەسێک سەرهەڵدەدات هەمووی سەرهەڵدەدات، کاتێک خودی کەسێک خامۆش دەبێت هەمووی خامۆش دەبێت. تا هەر ڕێژەو سنورێک ئێمە بە خۆنەویستیەوە ڕەفتار بکەین، تا ئەو ڕێژەیە ئەنجامی باش بەدەست دێت. ئەگەر زهن بۆ خامۆشی هان بدرێت تاکە کەس دەتوانێت لە هەر شوێنێکدا بژی.

## ١٥. بۆ چ ماوەیەک لێکۆڵینەوەی خود دەبێت بەردەوام بێت؟

بۆ هەر ماوەیەک ئاسەواری بابەتەکان لە زهندا مابێت لێکۆڵینەوەی (من کێم؟) دەبێت بەردەوام بێت. هەر فیکرێک سەری هەڵدا، دەبێت هەر لە شوێنی دەرکەوتنی لەناو بچێت، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی خود. ئەگەر کەسێک پەنای بردە قووڵبوونەوە و تێڕامان لە خود بە بەردەوامی و بەبێ دابڕان تا ئەو کاتەی خود دەستەبەر دەبێت، ئەو بە تەنیایی دەتوانێت ئەمە بکات. تا ئەو کاتەی دوژمن مابێت لەناو سەنگەردا، ئەوان بەردەوام دەبن لە هێرشبردنیان، ئەگەر

ئەوان هەرکە دەرکەوتن لەناو بچن، ئەوا سەنگەرەکە دەکەوێتە چنگ ئێمەوە.

## ١٦. سروشتی خود چیە؟

ئەوەی لە حەقیقەتدا بوونی هەیە خودە بە تەنها. جیهان، ڕۆحی فەردی و خوداوەند بریتین لە دەرکەوتن لەودا. وەکو زیو لە سەدەفدا. ئەم سێیە لە یەک کاتدا دەردەکەون و لە یەک کاتیشدا دیارنامێنن. (خود) لە شوێنێک دەردەکەوێت کە بەتەواوەتی فکری (من) بوونی نەبێت، ئەوەی کە پێی دەگوترێت (خامۆشی). (خود) بۆ خۆی جیهانە، خود بۆ خۆی منە، خود بۆ خۆی، هەمووی (شیڤایە).

## ١٧. ئایا هەموو شتێک کاری خوداوەند نییە؟

بەبێ حەز و بڕیاردان و هەوڵێک، خۆر هەڵدێت و ئەو بوونێکی ڕەهای هەیە. بەردی خۆر ئاگر بڵاو دەکاتەوە، لوتوس دەکرێتەوە و ئاو دەبێتە هەڵم، خەڵک کردار و ئەرکە جۆراوجۆرەکانیان ئەنجام دەدەن و دواتر پشوو دەدەن. وەک چۆن بەهۆی بونی موگناتیسەوە تەنیا کاتێک کە موگناتیس بوونی هەبێت دەرزی دەجووڵێت. ئەوا تەنها بەهۆی بوونی ڕەهای خوداوەندەوەیە کە ڕۆحەکان کە بەهۆی سێ ئەرکی کەونی و چالاکیی پێنج بوعدی خوداوەند بەڕێوە دەچن، کردارەکانیان ئەنجام دەدەن و دواتر بەپێی کارمای خۆیان دەحەوێنەوە. خوداوەند بڕیار نادات و هیچ کارمایەک پەیوەست نییە بە خواوە. لەبەرئەوەیە کرداری دونیایی لەسەر خۆر کاریگەر نین، یاخود وەکو چاکە و خراپەی چوار ڕەگەزەکەی دیکە کاریگەری ناخەنە سەر بۆشایی گشتگیر.

## ١٨. لەنێوان موریدەکاندا کێ گەورەترینە؟

کەسێک کە خۆی تەسلیمی (خود) (کە خوداوەندە) دەکات مەزنترین موریدە. خۆتەسلیمکردن بە خوداوەند مانای سەقامگرتنی تەواوە لە (خود) بەبێ پێدانی هیچ مەجالێک بۆ دەرکەوتنی هیچ جۆرە فکرێک جگە لە فکری خود. هەر کاتێک ئێمە ئەرکەکانمان بخەینە سەر شانی خوداوەند ئەو هەڵگریان دەبێت. لە کاتێکدا کە هێزی مەزن و فراوانی خوداوەند هەموو شتێک بە جووڵە دێنێت، بۆچی ئێمە بەبێ خۆدانەدەست ئەو بە بەردەوامی خۆمان نیگەران دەکەین بە ئەفکاری لەم جۆرە کە چی ئەنجام بدەین و چی ئەنجام نەدەین و

چۆن؟ ئێمە خۆ دەزانین کە شەمەندەفەر هەموو بەشەکانی خۆی هەڵدەگرێت، کەوابوو بۆچی دوای چوونە ناو شەمەندەفەرەکە کەلوپەلە کەمەکەی خۆمان لەسەر سەرمان دادەنێین و دەبینە هۆکاری نائارامی خۆمان، لەجیاتی ئەوەی کە لەناو شەمەندەفەرەکە دایانبنێین و خۆمان بە ئاسوودەیی دابنیشین.

## ١٩. ناپەیوەستبوون چیە؟

ناپەیوەستبوون بریتیە لە لەناوبردنی فکر و بیرکردنەوەکان لە کاتی سەرهەڵدانیان، بەتەواوەتی و بێ هیچ ئاسەوارێک، دروست لە شوێنی سەرهەڵدانیان. هەروەکو غەواسی مرواری کە بەردێک بە کەمەری خۆیەوە دەبەستێت و خۆی نوقم دەکات بۆ بنی دەریا و لەوێ مروارییەکان هەڵدەگرێتەوە. کەوابوو هەر کامێک لە ئێمە دەبێت خاوەنی ناپەیوەستبوون بێت، دەبێت نوقمی خۆمان ببین و مرواری (خود) بەدەست بێنین.

## ٢٠. ئایا خوداوەند و گورو ناتوانن کاریگەر بن لەسەر ئازادیی ڕۆحێک؟

خوداوەند و گورو تەنیا ڕێگەی ڕزگاری پێشان دەدەن، ئەوان خۆیان ڕۆحەکە ناگەیێننە باری ڕزگاری. لە ڕاستیدا خوداوەند و گورو جیاوازیان نییە. دروست وەکو نێچیرێک کە کەوتۆتە ناو کەڵبەکانی پڵنگێک و ڕێگەی دەربازبوونی نییە، ئاواش ئەوانەی کەوتوونەتە ناو مەودای بەخشندەیی گوروە، ڕزگاریان دەبێت و بەهۆی گوروەوە ون نابن و نابەزێن، بەو حاڵەش هەرکامێکمان دەبێت بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی ئەو ڕێگەیە بگرێتەبەر کە خوداوەند و گورو پیشانمان دەدەن تا ئازادی دەستەبەر بێت.

هەرکەسێک تەنیا بەهۆی چاوی زانیاریی خۆیەوە دەتوانێت خۆی بناسێت و لە ڕێگەی کەسی ترەوە مومکین نییە. ئایا ئەگەر کەسێک (ڕاما) بێت پێویستی بە یارمەتیی ئاوێنە هەیە تاکو بزانێت کە ڕامایە؟

## ٢١. ئایا بۆ کەسێک کە حەزی زۆری هەیە بۆ ڕزگاری، لێکۆڵینەوە لە ڕەگەزەکان (Tattvas) پێویستە؟

کەسێک کە دەیەوێت زبڵ فڕێ بدات پێویست بە شیکردنەوە و زانینی چۆنیەتیەکەی ناکات، کەوابوو کەسێک کە دەیەوێت (خود) بناسێت پێویست ناکات ژمارەی تاتواکان بژمێرێت و لە تایبەتمەندییەکانیان بکۆڵێتەوە، ئەوەی

پێویسته بیکات بریتیه له ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو ڕەگەزانەی که خودیان داپۆشیوه. دونیا دەبێت وەکو خەونێک سەیر بکرێت.

## ٢٢. ئایا جیاوازییەک هەیە لەنێوان خەون و وشیاری؟

وشیاریی درێژخایەن و خەون کەمخایەنە؛ جگە لەمە جیاوازییەک نییە. هەروەکو چۆن ڕووداوەکانی کاتی خەبەربوون لە کاتی بەخەبەربووندا وەکو ڕاستەقینە دەردەکەون، بەهەمان شێوە ڕووداوەکانی ناو خەوبینینیش لە کاتی خەوبینینەکەدا بە ڕاستەقینە دادەنرێت لەلایەن خەوبینەکەوە. لە خەوندا زهن جەستەیەکی تر بەخۆیەوە دەگرێت. لە هەردوو دۆخی بەخەبەربوون و خەون فکر، ناوەکان و شێوەکان لە یەک کاتدا ڕوودەدەن.

## ٢٣. خوێندنەوەی کتێب بۆ ئەوانەی کە حەزی زۆریان هەیە بۆ ڕزگاری تا چەند کاریگەرە؟

هەموو نووسینەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئازادی، تاکە کەس دەبێت هانی زهن بدات بۆ خامۆشبوون. ئامۆژگاریی دواجاری ئەوان ئەوەیە کە زهن دەبێت خامۆش بکرێت. کاتێک ئەوە دەرک کرا پێویست بە خوێندنەوەی زیاتر و بێ پایان ناکات. بە مەبەستی بێدەنگکردنی زهن تاکە کەس لەسەریەتی تەنیا بکۆڵێتەوە لەناو خۆی بۆ ناسینی (خود). چۆن ئەم گەڕان و لێکۆڵینەوە لەناو کتێبەکاندا ئەنجام دەدرێت. تاکە کەس دەبێت خۆی بناسێت بە چاوی ژیریی و دانایی خۆی.

(خود) لەناو پێنج توێخدایە، بەڵام کتێبەکان لە دەرەوەی ئەوانن. بۆ لێکۆڵینەوە لە خود دەبێت ئەم پێنج توێخە فڕێ بدرێت. بێ سوودە گەڕان بە شوێن خود لەناو کتێبەکاندا. کاتێک دەگات کە تاکە کەس دەبێت هەموو ئەو شتانە لەبیر کات کە فێری بووە.

## ٢٤. شادی چیە؟

شادی دیارترین سروشتی (خود)ە. شادی و (خود) جیاوازییان نییە. هیچ بابەتێکی دونیایی شادی تێدا نییە. ئێمە لە نەزانی خۆمانەوەیە کە وا دەزانین شادی و خۆشی لە بابەتەکان وەردەگرین. کاتێک زهن چووەدەرەوە ئەزموونی ناخۆشی دەکات. لە ڕاستیدا کاتێک حەزەکان تێر بوون، ئەو دەگەڕێتەوە

بۆ شوێنی خۆی و تام و چێژ لە شادی وەردەگرێت کە (خود)ە. بەهەمان شێوە لە دۆخەکانی خەو و سامادهی و بێهۆشیدا، لە کاتێکدا ئەو شتانەی حەزمان لێیەتی بە چنگ دێن و ئەو شتانەی ڕقمان لێیانە بەلاوە دەنرێن، زهن بەرەو ناوەوە دەکشێتەوە و تام و چێژ وەردەگرێت لە شادی بێگەرد و پەتی. کەوابوو زهن بەبێ وەستان و بە بەردەوامی دەڕواتە دەرەوەی خود و دەگەڕێتەوە بۆ ناوەوەی. لەژێر درەختدا سێبەر شادیهێنەرە، لە دەرەوەی سێبەرەکە گەرما سوتێنەرە. کەسێک کە لەژێر تیشکی خۆردا ڕۆیشتووە کاتێک دەگاتە سێبەرەکە هەست بە فێنکی و ئاسوودەیی دەکات. کەسێک کە بە بەردەوامی لە سێبەرەکەوە دەڕواتە ژێر هەتاو و بەپێچەوانەوە، ئەوە کەسێکی گەمژەیە. کەسی ژیر و تێگەیشتوو بە بەردەوامی لە سێبەرەکە دەمێنێتەوە. بەهەمان شێوە زهنی کەسێک کە ڕاستی دەناسێت هەرگیز بڕەهمەن (خودا) تەرک ناکات. لەبەرامبەردا زهنی کەسێکی نەزان لەناو جیهاندا وێڵ دەبێت و دەسوڕێتەوەو هەست بە ناخۆشیەکان دەکات و هەندێکجاریش (بە کەمی) ڕوو لە برەهمەن دەکات بۆ تەجروبەکردنی شادی و خۆشی.

لە ڕاستیدا ئەوەی پێی دەگوترێت جیهان تەنیا فکرە. کاتێک جیهان دیار نەما یان باشترێکە بڵێین کاتێک فکر نەما، زهن ئەزموونی شادی و خۆشی دەکات. کاتێکیش جیهان دەرکەوت زهن ڕوو لە ناخۆشی و نەهامەتی دەکات.

## ٢٥. دەرکی دانایی (Jnana-drishti) چیە؟

مانەوە لە خامۆشیدا ئەوەیە کە پێی دەگوترێت دەرکی دانایی. بۆ جێگیربوون لە خامۆشی دەبێت زهن لە (خود)دا بتوێتەوە. تەلەپاتێ، زانینی ڕووداوەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو و خاوەنبوونی هەستی شەشەم، هیچ کامێکیان دەرکی ناوەکی پێک ناهێنن.

## ٢٦. پەیوەندیی نێوان بێحەزی و دانایی چیە؟

بێحەزی هەمان داناییە. ئەم دووانە جیا لە یەکتر نین، هەردووکیان یەکێکن. بێحەزی ڕێگەگرتنە لە زهن لە ڕووکردنی بەرەو هەر بابەتێک. دانایی و ژیریی واتا دەرنەکەوتنی هیچ بابەتێک و شتێک. بە واتایەکی تر، وێڵنەبوون بەدوای هەر شتێک جگە لە (خود) ناپەیوەستبوون و بێحەزیە. وازنەهێنان لە (خود)

دانایی و ژیرییە.

## ٢٧. جیاوازیی نێوان لێکۆڵینەوە (Inquiry) و چاودێری (meditation) چییە؟

لێکۆڵینەوە پێکدێت لە سەقامگیری زهن لە (خود)دا. چاودێری پێکدێت لە هەبوونی فکری ئەوەی کە (خود) برەهمەنە، وجود-ئاگایی- نەشوەیە.

## ٢٨. ڕزگاری چییە؟

لێکۆڵینەوە لە سروشتی (خود)ی تاکە کەس کە لە کۆت و بەنددایە و ئازادکردنی سروشتی ڕاستەقینەی تاکە کەس ڕزگارییە.

# باسی حەوتەم

(ما جعل الله لرجل من قلبين في جوفه)[٥٢٨]

## بهاكتی یۆگا

وشەی (بهاكتی – Bhakti) كە بە (باكتی – Bakti) دەخوێنرێتەوە بە مانای خۆشەویستی دێت. باكتی لە وشەی (بهاج–Bhaj)ەوە هاتووە. بهاج ئەو شتەیە كە مرۆڤ بە خوداوە گرێ دەدات و پڕە لە دەربڕین و هەست و شعوری ڕۆحانیانە. بهاكتی یۆگا واتە گەیشتن بە خودا لە ڕێگەی عاشقبوون بە خوداو خۆشەویستیی خوداوە بەمەرجێك خۆشەویستیەكە تەنها لەپێناو خۆشەویستیدا بێت نەك لەپێناو بەهەشت یان لێخۆشبوون یان ترسی دۆزەخ بێت.

ڕاماكریشنا و هانس باب و ساتیاسای بابا و شیڤاناندا ماهاراج و سای بابا شیردی نموونەی باكتی یۆگین. ئەمان هەموو ژیانی خۆیان بۆ خودا تەرخان دەكەن و خودا دایكیانە، خودا باوكیانە، خودا گورویانە، خودا هاوڕێیانەو خودا هەموو شتێكی ئەوانە.

بهاكتی یۆگا پڕە لە وتنی (بهاجان) واتە گۆرانی ڕۆحانی و شیعرو هۆنراوە. بڕوانە (شانكاراچاریا و ڕابیندرانات تاگورو مەولانای ڕۆمی و عگاری نەیشابوری و بابا تاهیری هەمەدانی و مەنسوری حەللاج) و سەدانی دیكە كە بە هۆنراوەكانیان دڵی هەزاران دەخەنە گریان و شەیدایی. ئەوان ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودا دەدوێن و ڕازونیازی عاشقانەیان بەیان دەكەن و هەمیشە ئەویان لەبیرە.

بهاكتی یۆگی خودا لە هەموو شوێنێك دەبینێت و خۆشی دەبینێت تا ڕۆژێك خۆی لە خودادا فانی دەكات. ئەوان بەشێوەی مەراسیمی (ئارچانا) گوڵ پێشكەش بە خودا دەكەن.

شێوازەكانی بهاكتی زۆرن، بەڵام بەگشتی نۆ ڕێگەی بهاكتی باس كراوە و پراكتیزەكراوە كە ئەمانەی خوارەوەن:

---

٥٢٨- القران الكريم، (سوره الاحزاب، ايه ٤). واتە خودا دوودڵی نەداوە بە هیچ كەس.

١. Sarvana واتە گوێگرتن لە نموونەو پەندو وشە پیرۆزەکانی خودا لە ڤیداکان و کتێبە پیرۆزەکانی دیکەدا. واتە بیستن لەبارەی خوداوە.
٢. Kirtan گۆرانیوتنەوە بە ناوی خوداوەندەوە. وتنی هۆنراوەو گۆرانی ڕۆحانی و بەردەوام ستایشکردنی خودا بەشێوەیەکی هونەریانە.
٣. Smarana بەردەوام بیرکردنەوە لە خوداو بەخشیشەکانی ئەو، بەشێوەیەک کە هەر شتێک ببینیت خودات بیر بخاتەوە.
٤. Padasevana خزمەتکردنی خوداوەند (قاچی خوداوەند). ئەمە مانای وایە گەر نانت دا بە هەژارێک وا بزانە خودا ئەو نانەی خواردووە و گەر خزمەتی هەر کەسێکت کرد وەکو خزمەتی خودی خوا ئەو کارە بکە.
٥. Archana پێشکەشکردنی گوڵ و عیبادەتی خودا لە ئاشرام و مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکاندا.
٦. Vandana خۆبەختکردن (خۆتەرخانکردن)و خۆوەقفکردن بۆ خودا لەناو کۆمەڵگەدا یان لەناو ئاشرام و مزگەوت و کەنیسەیەکدا.
٧. Dasyam خزمەتکردن لە ڕێگەی خۆشەویستیەوە لەبەرامبە هەموو خەڵکدا.
٨. Sakhya خۆشەویستیی هاوڕێ و کەسوکارو هەموو کەس بەو ناونیشانەی کە ئەوان نموونەی خودان لەسەر زەوی و ئەوان دەرکەوتەو دروستکراوی خودان.
٩. Atmanivedana تەسلیمکردنی خود بە خوداو بە هەموو ویستێکەوە. شیڤاناندا دەڵێت: ”بەردەوام بە خودا بڵێ من موڵکی تۆم، هەموو شتێک موڵکی تۆیە، تۆی هەموو شتێک دەکەیت“.



**وێنەی راماکریشنا**

# باسی هەشتەم

# یۆگا و ئایین

بەوپێیەی کە باسمان کرد یۆگا سیستمێکی عیرفانییە، بەڵام ئایین چی؟ ئایە ئایینیش تەنها سیستمێکی عیرفانییەو لەگەڵ یۆگادا تەبایە؟ من لێرەدا دەمەوێت هەندێک لەسەر ئەم بابەتە بڕۆم لەبەرئەوەی زۆر کەس دەپرسن ئایا یۆگا دین نییە؟ ئەم پرسیارە لە دوو هۆکارەوە دێت، یەکەمیان ترسە لەوەی یۆگا دینێکی تازە بێت و ئێمە لە ئیسلام یان دینەکەی خۆمان وەربگێڕێت و بمانخاتە سەر دینی خۆی، دووەم هۆکاریش ئەوەیە کە یۆگا و دین هەردووک باس لە خوداوەند دەکەن و هەندێک وا گومان دەبەن هەمان ڕێڕەو بن.

پرۆفیسۆر شیام سوندار گۆسوامی لە یەکێک لە وانەکانیدا دەڵێت: "هاتایۆگا ڕێگەیەکی کۆن و پیرۆزی ڕۆحانییە، بەڵام دین نییە" واتە هاتایۆگا ڕێگەیەکی ڕۆحانییەو ئایین نییە، بەڵام چۆن؟

دین وشەیەکی عەرەبیە لە (دین)وە هاتووە، دەین واتە قەرز. مەبەست لە ئایین دانەوەی ئەو قەرزانەیە کە مرۆڤ لەسەر شانیەتی، هەربۆیە من دین بە کارکردن بە (دارما–Dharma) دەدەم لەقەڵەم. دارما وشەیەکی سانسکرێتیەو بە مانای (یاسا) و (نەزم) و (دین) و (پێوستیی) دێت. لە بودیزمیشدا دین بە مانای دهارما هاتووە. هیندیەکان لە کتێبی (مانو–Manu)ەوە باسیان لە دارما کردووەو بەو ئەرکانەیان داناوە کە هەموو مرۆڤێک دەبێت ئەنجامیان بدات تا بتوانێت لە سنوربەندیەکان ڕزگاری بێت و بگاتە حەقیقەت. کەواتە دین لەپێناوی گەیشتن بە حەقیقەتدا کار دەکات بە کۆمەڵێک یاساو ڕێسای تایبەت کە هەموویان یاسای دهارمان. بڕوانە لە ئایینی هیندییەسورەکان و ئایینی مەسیحیەت و ئایینی ئیسلام و ئایینی جوو و دینی ئەفریقیەکان و زۆر ئایینی دیکەش کە تیایاندا شتگەلی لێکچوو دەدۆزیتەوە بەشێوەیەک کە ئەگەر کەسێک دیراسەیان بکات، ئەوا سەرسوڕماو دەبێت لەوەی کە لێکچوونێکی زۆر گەورە هەیە لەنێوان دینەکاندا. تیۆری یەکبوونی ئایینەکان لێرەوە سەری

هەڵداوە. کاتێک دەڕوانیت هەموو ئایینەکان لە یەک بنەماوە هاتوون کە زەمیری (ناخودئاگا)ی مرۆڤە، بەڵام بەردەوام شەڕو ئاژاوە یەخەی ئایینیەکان بەرنادات دەپرسیت بۆچی؟

دین سێ بەشە، یەکەم شەریعەت، دووەم تەریقەت، حەقیقەت. شەریعەتی ئایین ئەوەیە کە دەگۆڕێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەو لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دیکەو هەمیشە لە گۆڕاندایە. بۆ نموونە پێغەمبەرە هیندیەکان زیاتر بە لوغز قسەیان کردووە لە شەریعەتەکەیاندا باس لە فیل و ئەسپ و پڵنگ و گیاخۆری و خۆرو مانگ و کەون کراوە، بەڵام پێغەمبەرە سامیەکان زیاتر باسیان لە گوێدرێژ و حوشترو زەکات و صەدەقەو نەکوشتن و خۆشەویستی کردووە. ئەم جیاوازیانە کە شتگەلی زۆر سەرەتایی ناو دینن پەیوەندیان بە کلتوورەوە هەیەو کلتووریش بەردەوام لە گۆڕاندایە. مەبەستمە بڵێم هەمیشە شەریعەتی ئایینەکان جیاوازن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەو لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دیکە، بەڵام ئەو جیاوازیە لە دووەم بەشی دینەکاندا کە بوعدی (تەریقەتە) زۆر کەم دەبێتەوە. ئەگەر سەرنج بدەیتە (تەسەوفی) ئیسلامی و (عیرفانی) مەسیحی و (قوبالا)ی یەهودی و (یۆگا)ی هیندی، دەبینی کەمێک جیاوازیی هەیە، بۆ نموونە تەزبیحی سۆفیەکان (١٠١) دەنکەو تەزبیحی یۆگیەکان (١٠٨) دەنکە. هۆی ئەم جیاوازییە کەمە ئەوەیە کە هێشتا تەریقەت پەیوەندیەکی کەمی بە کلتوورەوە هەیەو نەیتوانیوە هەموو شتەکانی کلتوور ڕەت بکاتەوە. بوعدی سێهەمی دین کە حەقیقەتە لە هەموو دینەکاندا یەک شتەو ئەمەش گومانی تیادا نییە.

کەواتە یۆگا تەریقەتی عیرفانییە بۆ پاککردنەوەی نەفس و ڕۆح، بەڵام خاوەنی شەریعەت و یاساو ڕێسا نییە.

# باسی نۆیەم
# پێناسەی هاتایۆگا

هاتایۆگا (Hatha Yoga) یەکێکە لە ڕێگە تایبەتیەکانی یۆگا کە میراتی چەند هەزار ساڵەی ڕیشی[٥٢٩] و گوروەکانە[٥٣٠] بۆ مرۆڤایەتی. مێژووی هاتایۆگا دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر، لەبەرئەوەی شوێنی سەرهەڵدانی دەکەوێتە دۆڵی (سند) لە هیندستانی کۆن. نات[٥٣١] (Naths)ەکان لەو دەستە ئەمینانە بوون کە هاتایۆگایان پاراست تا ئەمڕۆ لە ڕێگەی چەند تێکستێکی بەناوبانگی وەک (هاتایۆگا پڕادیپیکا)[٥٣٢]وە. زانستی هاوچەرخیش پاڵپشتی هاتایۆگا دەکات بە هەموو وردەکارییەکانیەوە، هەربۆیە دەکرێت بۆ زۆرینەی سالکانی ڕێگەی یۆگا لەم زەمەنەدا هاتایۆگا وەک کەشتیەک وابێت کە ئەوان لە کێشمەکێش و ئاڵۆزییە جەستەیی و ئەقڵی و دەروونییەکان دەردێنێت. سوامی سڤاتماراما لە هاتایۆگاپرادیپیکادا دەڵێت: «هاتایۆگا بۆ ئەوانەی کە لەلایەن سێ ڕەنجەکەوە ئازاریان چەشتووە وەکو خانەقایەکی پەنادەر وایە. ئەوانەی ڕاهێنانی یۆگا دەکەن، هاتایۆگا وەکو کیسەڵێک وایە بۆیان کە لە جیهان دەیانپارێزێت».

لە ڕاستیدا لە فەلسەفەی سانکهیایۆگادا سەرتاپای ئازارەکانی ژیان دابەش کراونەتە سەر سێ بەش، ئەو سێ بەشەش ئەمانەن:

ئادهی یاتمیکا: ئەم وشەیە بە مانای ئازاری ناوەکی دێت و بە سەرتاپا ئەو ئازارانە دەوترێت کە مرۆڤ لە ناوەوە دروستی دەکات و ئەو بێتاقەت و گیرۆدەی خەم و خەفەت دەکەن و دەبنە هۆی دواکەوتنی ئەو لە ژیان و وا لە

---

٥٢٩- ڕیشی بە مانای پیرۆز دێت. بەو کەسانە دەوترێت کە گەیشتوونەتە حەقیقەت

٥٣٠-گورو واتا کەسێک کە لە تاریکییەوە دەتخاتە ڕووناکی. لە زاراوەی سۆفییەکاندا پێی دەوترێت مورشید یا شێخ.

٥٣١- نات کورتکراوەی (گوڕاخنات)ە. گوڕاخناتەکان لە پەرستکارانی شیڤان و لەسەر ڕێڕەوی تانترای شیڤایین و دامەزرێنەرەکەیان (ئادی نات)ە کە هەمان شیڤایە.

٥٣٢- هاتایۆگا پڕادیپیکا تێکستێکی گرنگی هاتایۆگایەو دەتوانم بڵێم گرنگترین تێکستە لەو بارەیەوە. ئەم نووسراوە سوامی سڤاتماراما نووسیویەتی و بە چەند زمانی زیندووی جیهان وەرگێڕدراوە. بەندە ئەم تێکستەم وەگێڕاوەو بەمزووانە ئەگەر خودا بیەوێت بەچاپی دەگەیەنم.

مرۆڤ دەکەن تەندروستیی خۆی لەدەست بدات و شادیی ڕەها ئەزموون نەکات. ئازارە ناوەکیەکان ئازاری (جەستەیی)و ئازاری (زهنی)ن. یۆگا لە ڕێگەی هاتایۆگاوە چارەسەری ئازارە جەستەییەکان دەکات و لە ڕێگەی ئایورڤیداشەوە چارەسەری ئازارە جەستەییەکان دەکات. لێرەدا دەبێت ئەوە بزانین کە زۆرینەی ئازارەکانی ئێمە جەستەیی و زهنین و تێکچوونە جەستەییەکانیش هۆکاری هەموو نەخۆشی و گرفتەکانی ئێمەن.

**ئادهی یوتیکا:** واتە ئازارە سروشتییە دەرەکیەکان. مەبەست لەو ئازارانەیە کە لەلایەن مرۆڤ و گیاندارو ئاژەڵەکانی دەروبەرەوە پێمان دەگات. یۆگا دێت لە ڕێگەی هونەری خۆشەویستی و یارمەتیدان و چاونەترسیەوە هاوڕێیەتی نێوان ئێمەو سروشت بەهێز دەکات و ئەمەش وا دەکات کەسەکانی چواردەورمان ئێمەیان خۆش بوێت و ئازارمان نەدەن.

**ئادهی دایڤیکا:** ئەمیش ئەو ئازارانەن کە لە لایەنەکانی دیکەوە پێمان دەگات.

هاتایۆگا سوودی بۆ هەموو کەس هەیە، خوێندەوار یان نەخوێندەوار، دیندار یان بێ دین، گەنج یان پیر، ژن یان پیاو، ساغ یان نەخۆش، ئەمەش لە هاتایۆگاپرادیپیکادا باسی کراوە. ئەم ڕێگەیە گەلێک ڕاهێنانی تایبەت و گرنگ بەکاردەهێنێت بۆ ئامادەکردنی یۆگی بۆ ڕاجا یۆگا[533]، چونکە بنچینەی هاتایۆگا ئامادەکردنی تۆیە بۆ ڕاجایۆگا کە یۆگایەکی تەواو ناوەکیە، ئەم ڕاهێنانانەش زۆر تایبەت و وردو هەستەوەرن کە نابێت لە کەسانی نەشیاو وەربگیرێن، بەڵکو دەبێت تەنها لە مامۆستایەکی شیاو وەربگیرێن کە ساڵانێک خۆی هەموو ڕاهێنانەکانی ئەنجام دابێت. ئەمڕۆ لە هەندێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکان و لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتایبەتی هاتایۆگا زیاتر وەک وەرزشێک سەیر دەکرێت کە لە ڕاستیدا ئەمە ڕاست نییەو هاتایۆگا وەرزش نییە، بەڵکو ڕێگەیەکی تایبەتیە کە بەهرەمەندە لە کۆمەڵێک ڕاهێنانی زانستی و بە کرداری کاریان لەسەر دەکرێت و مەبەست لێی تەندروستیی جەستەو دەروونە، هەروەها دەبێتە هۆی هاوسەنگی و بێداری چاکراکان کە ناوچەی کۆبوونەوەی وزەکانی

٥٣٣- ڕاجایۆگا واتە یۆگای شاهانە. ئەم ڕێگەیە پاتانجالی لە تێکستی (یۆگا سوترا)دا بەوردی باسی کردووەو یەکێکە لە ڕێگە سەرەکییەکانی یۆگا کە بە سامادهی کۆتایی پێ دێت.

لەشی مرۆڤن و مەبەستی کۆتاییشی ئەوەیە تۆ پاک و سادە بکات تا بتوانیت تامی خۆشبەختی تەواو بکەیت.

ئەو کتێبە مێژووییەی باسی هاتایۆگاو ڕاهێنانەکانی هاتای تیا کراوە بێجگە لە یۆگاسوترای پاتانجالی کە لە چوارچێوەی ڕاجایۆگادا باسی هاتایۆگای کردووە، کتێبێکی ترمان هەیە بەناوی هاتایۆگا پرادیپیکا. هاتایۆگیەکان زۆر دەگەڕێنەوە سەر ئەم تێکستە کۆنە کە یەکێک لە مامۆستایانی سەر بە ڕێباز هاتایۆگای نات نووسیویەتی. من لە خوارەوە چەند سوترایەکی هاتایۆگا پرادیپیکا دەخەمە ڕوو تا بزانن ئامۆژگاریەکانی سڤاتماراما لەم تێکستەدا چۆنە.

سواتماراما لە بەشی یەکەمی هاتایۆگاپرادیپیکادا دەڵێت:

١. درود لەسەر (شیڤا)ی یەکەمین خوداوەند[٥٣٤] کە هاتاڤیدیای فێری پارڤاتی کرد، کە یەکەم هەنگاوە بۆ گەیشتن بە گەورەترین شێوازی ڕاجایۆگا[٥٣٥].

---

٥٣٤- لە یۆگادا بڕوا وایە کە شیڤا یەکەمین کەسێکە کە هاتایۆگای ئەنجام داوە. شیڤا یەکێکە لە ناوەکانی خودا کە بە واتای خودای ئاگایی و لەناوبردن دێت. یۆگییەکان پێیان وایە ئەوەی دەیزانن لە خوداوەیە، هەربۆیە سڤاتماراما لە یەکەم سوترادا درود دەنێرێت بۆ شیڤا کە هێماو سومبولی ئاگایی ئیلاهییە. شیڤای لای یۆگییەکان یەکەمین مامۆستاو یەکەمین گوروە، لەبەرئەوەی هەموو زانینەکان لە خودادا هەن و ئەو هەموو شتێک دەزانێت. خوداش هەموو بوونەوەری لە خۆی دروست کردووە، بە مانایەکی تر هەموو جیهان لە خوداوە هاتووەو دەرکەوتەی ئەوە. مرۆڤیش وەکو دیارترین دەرکەوتەی خودا خودای لە دڵی خۆیدا حەشار داوە کە مۆڵگەی هەموو زانینێکە. ئەو زانینەی یۆگیەکان هاتاڤیدیا واتە زانستی هاتای پێ دەڵێن زانینێکە لە ناخی مرۆڤدا بوونی هەیە، چونکە خودا لەوێدایە. شیڤا هاتاڤیدیای فێری پارڤاتی کرد، یان بیری خستەوە. دەوترێت لە دوورگەیەکی دوورەدەست شیڤا زانستی هاتای فێری پارڤاتی خێزانی خۆی کرد تا بتوانێت خۆی لە ئازار پێ بپارێزێت و بگاتە یەکبوون و بەوەش پارڤاتی بوو بە یەکەم موریدی هاتایۆگا. پارڤاتی هێمای (پراکریتی-هیۆلای یەکەم)ە کە وەکو دایکی بوونەوەر بەناوبانگە.

لەم سوترایەدا وتراوە هاتایۆگا یەکەمین هەنگاوێکە بۆ گەیشتن بە ڕاجایۆگا. ڕاجایۆگا بەپێی باسەکانی عارفی گەورە پاتانجالی لە یۆگا سوترادا کە بەهێزترین و گەورەترین تێکستی ڕاجایە، پێکدێت لە کۆنترۆڵکردنی شەپۆلە زهنییەکان (یۆگاس چیتە ڤریتی نیرۆدهە). تا ئەو کاتەی لەش و مێشک و هێزەکانی پرانا لە مرۆڤدا ناهاوسەنگ و دوورەپەرێز و کۆت بن، مرۆڤ ناتوانێت شەپۆلەکانی زهنی خامۆش بکات و یەک بگرێت لەگەڵ ئاگایی گەورە (پاراماشیڤا)، هەربۆیە هاتایۆگا یەکەمین هەنگاوی ڕاجایۆگایە.

٥٣٥- ڕاجایۆگا واتە یۆگای شاهانە کە هەشت مەقامی یاما، نیاما، ئاسانا، پرانایاما، پراتیاهارا، دهارانا، دهیاناو سامادهی هەیە. بڕوانە کتێبی یۆگاسوترا لە وەرگێڕانی (ع. پاشایی). هەروەها بڕوانە کتێبی (یۆگادارشان) لە نووسینی هاوبیر کامەران.

٢. یۆگی سڤات மاراما لەگەڵ ڕێزێکی زۆردا کە دایدەنێ بۆ گوروەکەی، بۆ دەستکەوتنی ڕاجایۆگا تەنهاو بەشێوەیەکی تەواو بەهرە لە هاتاڤیدیا وەردەگرێت و ڕاجا دێنێتە کۆتایی.

٣. یۆگی سڤات مارامای میهرەبان، ڕۆشنایی هاتاڤیدیا بۆ ئەوانە دێنێتە بوون کە توانای ڕاجایۆگایان نییە. بۆ ئەو بێ توانایانەی کە لە تاریکی کێشمەکێشمی نێوان گروپەکاندا سەرگەردانن[٥٣٦].

٤. ماتسیندراو گوڕاکشا و ئەوانەی دیکە هاتاڤیدیایان بە باشی ناسی. یۆگی سڤات மாراما هاتا ڤیدیای بە یارمەتیی ئەوان وەرگرتووە[٥٣٧].

٥-٩. شیڤا، ماتسیندرا، سابارا، ئاناندابهایراڤا، چێورانگی، مینا، گوڕاکشا، ڤیروپاکشا، بای لسایا، مانتانا، بهایراڤا، سیدهی، بوودا، کانتادی، کرانتا، سوراناندا، سیدهاپادا، چارپاتی، کاناری، پوجی یاپادا، نیتی یاناتا، نیرانجانا، کاپالی، بیندوناتانا، کاکاچاندیشڤارا، ئالاما، پڕابهودیڤا،گهودا، چدی، تینتینی، بانۆکی، نارادیڤا، خاندا و کاپالیکا و زۆری دیکە لە سیدها[٥٣٨] گەورەکان کە کاتیان بەهۆی هاتایۆگاوە ڕام کردووەو لە هەموو جیهاندا دەگەڕێن.

١٠. هاتایۆگا بۆ ئەوانەی کە لەلایەن سێ ڕەنجەکەوە ئازاریان چەشتووە وەکو خانەقایەکی پەنادەر وایە. ئەوانەی ڕاهێنانی یۆگا دەکەن، هاتایۆگا وەکو کیسەڵێک وایە بۆیان کە لە جیهان دەیانپارێزێت.

١١. ئەو یۆگیانەی کە لە ئارەزووی بەدەستهێنانی سیدهیدان دەبێت هاتایۆگا بە نهێنی بهێڵنەوە، چونکە هاتایۆگا تەنها کاتێک کارتێکەر دەبێت کە بە شێوەی ڕاز هەڵبگیرێت و ئەگەر بێئەقڵانە بڵاو بکرێتەوە بێ ڕێز دەبێت.

١٢. هاتایۆگیەکان دەبێت بە تەنهایی لە (ماتا)یەکی بچووک یان خانەقایەکدا بژین کە لە شوێنێکی پاکدا لە بەردو ئاوو ئاگر دروست کرابێت. بە ئەندازەی

٥٣٦-ئەم سوترایە لە کاتێکدا نووسراوە کە جیاوازیی بیروڕا لەسەر یۆگا و بوونی هاتایۆگا زۆر بووە کە ئایا مرۆڤ بە تەنها دەتوانێت ڕاجایۆگا بکات. سڤاتمارامای میهرەبان هاتووەو ئەم نووسینەی نووسیوە تا موریدەکان بتوانن خۆیان یەکلا بکەنەوەو لە دوودڵی ڕزگاریان ببێت.

٥٣٧- ماتسیندراو گوراکشا دووانن لە مامۆستا زۆر گەوەکانی هاتایۆگاو سەرەتای سیلسیلەی نات پێکدێنن.

٥٣٨- سیدها واتە ئەو کەسانەی بەهۆی هاتایۆگاوە توانیوویانە کەماڵ و کەرامات بەدەست

درێژی تیرێکی تیروکەوان و لەسەر زەویەکی بە پیت و بەرەکەت و لەژێر دەستی پادشایەکی بەتەقوادا بێت، لە شوێنێکدا بێت کە ڕێگر نەهێننە بەردەمی.

١٣. دەبێت (ماتا) دەرگایەکی بچووکی هەبێت و هیچ پەنجەرەیەکی تیادا نەبێت. دەبێت ماتا زەوییەکی ساف و ڕێک بێت و چاڵی تیادا نەبێت. نابێت ماتا هەیوانی درێژی تیادا بێت. یان زیاد لە ڕادە بەرز بێت. ماتا دەبێت زۆر پاک و خاوێن بێت و نابێت بە پیسایی مانگا پیس بکرێت، چونکە دەبێت پاک بێت لە هەر جۆرە حەشەرەیەک. لە دەرەوەی ماتاکە دەبێت دالآنێکی بچووک هەبێت لەگەڵ کورسییەک و حەوزێک و هەموو ئەمانەش دەبێت بە دیوارێک دەورە درابن، ئەمانە تایبەتمەندیی یۆگا ماتایەکن کە شوێن حەوانەوەی سیدها گەلێکن کە هەڵدەستن بە ڕاهێنانی هاتایۆگا.

١٤. بە ژیان لە وەها شوێنێکدا یۆگی دەبێت زهن لە هەموو تەشویشەکان ئازاد بکات و هەستێت بە ئەنجامدانی یۆگا بەو جۆرەی کە مامۆستاکەی فێری کردووە.

١٥. سروشتی یۆگی بەهۆی زۆرخۆری، چالاکیی بەهێزی فیزیکی، زۆربلەیی، بەدواداچوونی نەزری نادروست، تێکەڵبوونی گروپی و سستیەوە دەپوکێتەوە.

١٦. سەرکەوتنی یۆگی لە چالاکی، کۆشش، سووربوون لەسەر کار، ناسینی دروست، باوەڕبوونی تەواو بە قسەکانی مامۆستا، وازهێنان لە قسەی خراپدایە.

١٧. ئازاری هیچ شتێک مەدە، ڕاست بڵێ، لە دەستخستنە ماڵی خەڵک دووری بگرە، هەستە بە ئەنجامدانی ڕاهێنانی سەبرو خۆڕاگری، لەگەڵ هەمووان‌دا میهرەبان بە، سادەو پاک هەنگاو هەڵهێنە، لە خواردندا میانڕەو بەو خۆت بۆ دەرکەوتنی یاما ئامادە بکە.

١٨. تەپاس (سادەیی و پاکی)، چالاکی، بڕوابوون بە خودا (ئاستی کیا)، ڤیداکان، شەرم، زهنی پاک، جاپا، ڤراتاس (دانانی نەزر)، ئەمانە نیاما پێکدێنن.

١٩. ئاساناکان لە پلەی یەکەم دێن لە گرنگیداو یەکەمین پلەی هاتایۆگا پێکدێنن.

٢٠. ئەو لە کاتێکدا کە لە پی پێکانی بە بەهێزی لەنێوان ماسولکەی قاچەکان و ڕانەکاندا بە جووتی دادەنێت. دەبێت لە شوێنێکی ڕێکوپێک و تەواو سافدا دابنیشێت، ئەم دانیشتنە سواستیکاسانایە[٥٣٩].



یۆگی ئەفسانەیی (باباجی) کە تا کۆتایی ئەم کالپایە زیندووە

٥٣٩- بڕوانە (س ٥، ل ٦٣-٥٠).

# باسی دەیەم

# هاتایۆگا لە چی پێکهاتووە؟

هاتایۆگا لە چەند بەشێک پێکهاتووە کە ئەمانەی خوارەوەن و کەم کەم بۆ سالکی ڕاستەقینە ئاشکرا دەکرێن، هەرچەند وا دێتە بەرچاو کە بەهۆی ئینتەرنێت و پەرتووک و تەلەفزیۆنەکانەوە هەموو کەس دەتوانێت لەوە بگات هاتایۆگا چیەو چۆنەو ئەنجامی بدات و زۆرینە وا دەزانن هاتایۆگا بەتەواوی ئاشکرا کراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە هەڵەیە، چونکە زۆرترین بەشی هاتایۆگا تا ئێستاش بە ئاشکرانەکراوی ماوەتەوەو تەنها لە گورو یان مامۆستای تایبەتی ڕۆحی وەردەگیرێن. لە کاتێکدا کە نزیکەی سەدەیەکە ئەو بەشە کەمەش ئاشکرا کراوە[٥٤٠].

هاتایۆگا لە چەند بەشێک پێکدێت ئەوانیش: یاما، نیاما، ئاسانا، پڕانایاما، شاتکریا، باندها، مودراو مۆونا (هەڵبەت مۆونا کەمتر وەک بەشێکی سەربەخۆ باسی کراوەو هەندێک پێیان وایە مۆونا تەنها وەک تەپەس بەکار دەبرێت کە بەشێکە لە نیاما). ئەم هەشت بەشە پەیوەستن بەیەکەوەو هەریەکەیان بەجۆرێک لە جۆرەکان یارمەتیی تەندروستی و هاوسەنگی لەش و دەروون و چاکراکان دەدەن. بەندە هەوڵ دەدات ئەوەندەی بکرێت لێرەدا ئاماژەیان پێ بدەم و پاشانیش بە دووردرێژی باسی سوودەکانیان بکەم و شێوازی سوودبەخشیشیان ڕوون بکەمەوە.

**١. ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان (یاما- Yama)**: یاما یەکەم بەشی هاتایۆگایە. هەر بەشێک یان جۆرێکی یۆگا دەست پێ بکەیت دەبێت بە یاما دەست پێ بکەیت، چونکە پێکدێت لە کۆمەڵێک ڕێنومایی ئەخلاقی و وادەکەن پەیوەندیی نێوان تۆو کۆمەڵگە ڕێک ببێتەوە. یۆگیەکان دەڵێن بەبێ ڕێکبوونەوەی

---

٥٤٠-شیڤاناندا و یۆگاناندا و ڤیڤەکاناندا بۆ یەکەم جار یۆگایان بە جیهان ناساند لە ڕێگەی گواستنەوەی یۆگا بۆ ئەورووپاو ئەمریکا، بەو ئومێدەی بتوانن پەیامی یۆگا بگەیەننە هەمووان و هەمووان بتوانن سوودی لێ ببینن، بەڵام بەداخەوە یۆگا وەک وەرزشێک لە زۆر لە کەلاس و گروپی سەرەتایی ئەنجام دەدرێت لە کاتێکدا یۆگا وەرزش نییە، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت بگاتە کەماڵ و بگاتە یەکبوون لەگەڵ هێزی ڕەهادا.

پەیوەندیی نێوان تۆو کۆمەڵگە ناتوانیت نە بە کەماڵی ڕۆحی و تەنانەت نە بە کەماڵی جەستەیی و دەروونیش بگەیت. ئەوانەی کە هەمیشە دژی کۆمەڵگەن کەسانی نەخۆشن و ناتوانن وەکو خۆی سوود لە هاتایۆگا وەربگرن ئەگەر نەیانەوێت نەخۆشیی دژایەتیکردنی کۆمەڵگەو خەڵک و مرۆڤ بەگشتی و دەوروبەر چارەسەر بکەن، چونکە سەرەتا ئێمە دەبێت هەقی خەڵک بگێڕینەوە بۆ لای خەڵک و واز لەو کارانە بێنین کە وامان لێ دەکەن ئازار بچێژین و دووچاری ناهاوسەنگیی دەروونی ببین و لەویشەوە دووچاری ناهاوسەنگیی جەستەیی ببین. ئەو ئەرکانەی یاما کە لەسەر شانمانە پێکدێن لە:

- (ئاهیمسا–Ahimsa)[541]: واتە ڕقلێنەبوونەوە لە بوونەوەران و خۆشویستنیان بەشێوەیەکی گشتی. یۆگی نابێت ئازارو ئەزیەتی هیچ دروستکراوێکی خوداوەند بدات و دەبێت خەڵکی خۆشبوێت. هەمووانیش دەزانین کە خۆشەویستی دەتوانێت ئێمە ئاسوودە بکات و زۆرێک لە ئازارەکانمان لەسەر شان لاببات. ڕق دەبێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگی گلاندو ئەنزیمەکانی لەش و تەنانەت کاری ماسولکەو ئێسکیش تێکدەدات و هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت بە ڕقەوە ژیانێکی تەندروست بژی. حافز دەڵێت:

مباش در پی آزار و هر چه خواهی کن
که در طریقت ما غیر از این گناهی نیست

واتە بە شوێن ئازاری خەڵکەوە مەبەو هەرچی دەتەوێت بیکە، چونکە لە تەریقەتی ئێمەدا بێجگە لەمە گوناحێکی تر نییە.

هەر ئەم ناتوندوتیژییە کە زۆرێک لە فەیلەسووفان ڕۆژئاوای ڕاکێشاوە بەلای خۆیدا. ناتوندوتیژی بنەمای ڤیداو زانستە ڤیداییەکانە بەتایبەت یۆگاو ئایورڤیدا.

- ڕاستگۆیی (ساتیام– Satyam): درۆکردن نیشانەی ترسە، یۆگیەکان نابێت بترسن و دەبێت هەرگیز لە وتنی ڕاستی سڵ نەکەنەوە. درۆکردن دەبێتە

---

٥٤١-ئاهیمسا ئەو ڕێگە تایبەتییە بوو کە ماهاتما گاندی کاری لەسەر دەکردو پێی وابوو تەنها ڕێگەی ڕزگاربوونە لە نەهامەتییە کۆمەڵایەتی و ڕۆحییەکان.

هۆی دروستکردنی پەشێوی ڕۆحی و دەروونی و جەستەیی بەهۆی ئەوەوە کە ئەدرینالٚ زۆر دەردەدرێت لە لەشی کەسێکدا کە خەریکی درۆکردنە. لە پاشانیشدا دووچاری فشارێکی دەروونی دەبێتەوە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەخاتە سەر دلٚ و مێشک و جگەر. لەلایەکی دیکەشەوە درۆکردن شیرازەی کۆمەلٚگە تێکدەدات.

- دەستپاکی (ئاستیام - Astiyam)[٥٤٢]: دزینەکردن یەکێکە لە هۆکارەکانی ئاسوودەیی کۆمەلٚگەو هەرواش ئاسوودەیی تاک، تاک پێویستی بە فەزیلەتی دەروونییەو ئەو فەزیلەتەش بە دزیکردن دەڕوخێت، هیچ مرۆڤێکی دز خۆی بە مرۆڤێکی شەریف نازانێت و تەنانەت لە کاتی نوێژو پەرستشەکانیشیدا ناتوانێت بڕوا بە خۆی بکات. ئەمە بەدەرلەوەی کە بێ بڕوایی دروست دەبێت لەلای بەرامبەر بە خەلٚک و لەوانەیە بترسێت لەوەی کە هەمووان دزن یان لەوانەیە دز بن.
- داوێنپاکی (بڕەهمەچاریە-Brahmacharya)[٥٤٣]: بەفیڕۆنەدانی هێزی (مەنی) یەکێکە لە هەرەگرنگترین هۆکارەکانی لەش و لاری بەهێزو بیری فراوان و دەروونی پڕ ئیرادەو ویست. یۆگییەکان خێزاندارن، بەلاٚم پێمان دەلێٚن دەبێت وەک کارێکی پیرۆز سێکس بەکار بێت نەک وەک حەزێک و بەس، ئەمەش مانای وایە ئێمە هەولٚ دەدەین ئەو هێزە بەفیڕۆ نەدەین و بەکاری بێنین لەپێناو ڕاگرتنی هاوسەنگیدا.
- بێ تەماعی (ئاپڕی گراهە - Aprigrahah): ئەوەی زۆری بوێت کەمی دەست دەکەوێت و ئەوەشی زۆری نەوێت پێی دەدرێت. تەماع دەتوانێت زانین و هاوسەنگی ئێمە لەناوبەرێت وەک چۆن ئاگر پووش لەناو دەبات.

**٢. ئەرکە زاتیەکان (نیاما- Nyama)**: ئەرکە زاتیەکان کۆمەلێٚک ڕێنماییین یۆگیەکان کاری پێ دەکەن تا بزانن بۆچی دەیانەوێت یۆگا بکەن. هەروەها بە ئەنجامدانی نیاما هێزێکمان دەبێت کە بتوانین هاوسەنگی پێ بەدەست بهێنین.

---

٥٤٢- عیسا دەلێٚت: خوا دەفەرموێت دزن ئەوانەی کە لە نان و ئاوی خوا دەخۆن و سوپاسی ناکەن و بە هی خۆیانی دەزانن.

٥٤٣- بڕەهماچاریا ئەوە نییە کە یۆگی سێکس نەکات، بەپێچەوانەوە یۆگی هێزی سێکسی بەکاردەهێنێت و ناهێلٚێت سێکس ئەو بەکاربێنێت.

نیاماش پێک دێت لە پێنج ئامۆژگاری و ئارامی دەروونی بە تۆ دەبەخشن.

- قەناعەت (سەنتوشە– Santusha): ئەوەی دەوڵەمەندە دەتوانێت بەهەشت بۆ خۆی بکڕێت، دەوڵەمەندیش کەسێکە کە ڕازی بێت بەوەی کە هەیەتی جا خەرمانێکە یان دەنکە گەنمێک.
- پاکوخاوێنی (شەئوچە– Saucha): پاکوخاوێنڕاگرتنی جەستە یەکێکە لە خاڵە زۆر هاوبەشەکانی نێوان یۆگا و ئایورڤیدا کە لە گرنگی زۆر بەرخوردارن و هاتایۆگی بەردەوام ئەنجامیان دەدات.
- ڕامکردنی خود، ڕیازەت (تەپەس– Tapas)[٥٤٤]: تەپەسەکان یانزە ڕاهێنانی یۆگان لەپێناو بەهێزکردنی ئیرادەدا.
- موتالاکردنی خود (سڤادهیایا – Svadhyaya): موتالاکردنی خودو خۆخوێندنەوە دەبێتە هۆی دروستکردنی ئاگاییەکی تایبەت لە یۆگیدا کە دواتر بەرەو ئاگایی گشتی دەڕوات و مرۆڤ لە گەیشتن بە یۆگا (واتە بەیەکبوون لەگەڵ خوا) نزیک دەکاتەوە.
- تەسلیمبوون بە خوداوەند (ئیشڤاراپڕانیدهان – Ishvara pranidhana): یەکێک لە ڕێگە زۆر بەهێزەکانی لەناوبردنی زۆرینەی ئازارەکانی دەروون و یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی ویستبەرزی خۆتەسلیمکردنی یۆگیە بە خوداوەند بەپێی ئەو دین و مەزهەبەی کە یۆگیەکە هەیەتی. هەرچەند ئەم تەسلیمبوونە زۆر ئاستەم و زەحمەتە، هەربۆیە هەندێک لە مامۆستایانی یۆگا دەڵێن ئیشڤاراپڕانیدهانا بە مانای بڕواهێنانە بە خوداوەند نەک تەسلیمبوون پێی.

٣. **شەش پاککردنەوەکە (شاتکریا – Satkriya)**: سێهەم بەشی هاتایۆگا شەش پاککردنەوەکەن کە پێنجیان لە ئایورڤیداوە وەرگیراون و یۆگا تراتاکای چاوی بۆ زیاد دەکات. یۆگی ڕاستەقینە کەسێکە پاککردنەوەکان بەپێی ڕێنمایی مامۆستاکەی ئەنجام دەدات و تەمبەڵی ناکات تیایاندا، چونکە وزەی بلۆک بوی نێو کاناڵەکانی لەش ئازاد دەکەن و لەش پاک دەکەنەوەو لە

---

٥٤٤- تەپەس واتە گەرمی، هێز، ئیرادە، ڕۆشنایی.. تەپەس مرۆڤی یۆگی بەهێز دەکات و وا دەکات مرۆڤ بتوانێت هەستەکانی کۆنترۆڵ بکات. بۆ نموونە وەک ڕۆشتن بە پێ، حەمامی هەتاوی، ڕۆژووی قسەکردن و ڕۆژووی خواردن.

نەخۆشی دەیپارێزن. پاککردنەوەکان شەش دانەن:

- شتنی لوت بە ئاو (جالانیتی– Jalaniti) یان بە پەت (سوترانیتی).
- شتنی گەدە بە ئاو و خوێ (کونجال – Kunjal) یان بە قوماشێک کە درێژییەکەی (١٥) پێ بێت و پێی دەوترێت (دهاتی).
- شتنی ڕیخۆڵە (باستی). لەبەر قورسی ئەم ڕێگەیە بۆ زۆر کەس لەمڕۆدا زەحمەتە، هەربۆیە یۆگیەکان ڕاهێنانی (شانک پڕاکشالانا – Shank Prakshalana) پێشنیار دەکەن کە بە ئاو و خوێ ئەنجام دەدرێت. جۆرێکی دیکەی شتنی ڕیخۆڵە پێی دەوترێت (ئاگنی سارە– Agnisarah) و بە ڕێگەی هەوایی بەناوبانگە.
- پاککردنەوەی ڕیخۆڵە (ناولی– Nauli).
- شتنی سیەکان (کاپالابهاتی– Kapalabhati).
- شتنی زهن و چاو (تراتاکا– Trataka).



٤. تەکنیک (ئاسانا – Asana):

ئاساناکان لە جووڵەو سکونی سروشت و گیاندارەکانیەوە وەرگیراون. پێویستە ڕۆژانە نیو کاتژمێر یان کاتژمێرێک لە ڕاهێنانی ئاساناکاندا بەسەربەرین. ئەنجامدانی ئاساناکانیش بەو هۆیەیە کە یۆگی بتوانێت بەئاسانی دابنیشێت بۆ پڕانایاماو و چاودێریی (دهایانا)[٥٤٥] و هەمیشە لە لەشساغی بەرخوردار بێت و وزەی ناو کاناڵەکانی ئازاد بن. لەشساغی هۆکاری بیرساغی و هاوسەنگیە، تەنانەت لە ژیانی ڕۆحانیشدا. پرۆفیسۆر (شری شیام سوندار گۆسوامی) دەڵێت: "پەرەسەندنی ڕاستەقینەی مرۆڤ نە فیزیکیەو نە عەقڵی، بەڵکو لەڕێی هەردووکیانەوە دێتە دی".

لە یۆگادا لە مەدرەسەیەکەوە بۆ مەدرەسەیەکی ترو لە مارگەیەکەوە بۆ مارگەیەکی تر شێوازی ئەنجامدان و پێش و دواخستنی ئاساناکان و خێراییان دەگۆڕێت. بۆ نموونە لە مەدرەسەی یۆگای (کریشنام ئاچاریام)دا واتە ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت مەدرەسەی یۆگای ئینگار ڕاهێنانەکان زۆر بەوردی و هونەریانە ئەنجام دەدرێن و سوود لە هۆکاری وەکو پەت و ئامێری تایبەت وەردەگیرێت بۆ ئەنجامدانی ئاساناکان. لە مەدرەسەی یۆگای بیهاردا ئاساناکان هێمن ترو بە ژمارە کەمتر ئەنجام دەدرێن بەبێ بەکارهێنانی ئامێر. لە قوتابخانەی گۆسوامیدا کە کەمتر لە ئەوروپا پەیڕەو دەکرێت ئاساناکان بە ڕێژەیەکی زۆر ئەنجام دەدرێن و بە دوو جۆر ئەنجام دەدرێن. یەکەم جۆریان زۆر بەخێرایی دووبارە دەکرێنەوەو جۆری دینامیکیان پێ دەوترێت و کار لەسەر زیادکردنی پڕاناشاکتی دەکەن لە لەشدا، دووەم جۆریان بە هێمنی ئەنجام دەدرێن و تیایدا کەسەکە دەمێنێتەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکرا، ئەم جۆرە بە ستاتیک بەناوبانگن و دەبنە هۆی زیادبوونی ماناس شاکتی و بەرزکردنەوەی ئاگایی.

ژمارەی ئاساناکان زۆرن و هەریەکە بەسوودن بۆ چارەسەری گرفتێک لە لەشی ماددی و ڕۆحیدا. بۆ نموونە شیرشەسانا و پاسچی ماتاناساناو

---

٥٤٥- دهیانا واتا چاودێریی یاخود موراقەبە. ئەمە حاڵەتێکی باڵایە کە یۆگیەکان پێی دەگەن و تیایدا دەگەنە سامادهی، بە زۆری ئەوەی کە لە ئەوروپا بە هەڵە پێی دەوترێت میدیتەیشن هیچ نییە جگە لە خاوبوونەوەو ئارامبوونەوەیەکی تەواو نەک ئەو حاڵەتە باڵایەی یۆگییەکان تیایدا پلەکانی ئاگایی دەبڕن و لەژێر کۆنتڕۆڵی (وعی) و (لاوعی)دا نامێنێت.

هالاساناو تریکوناساناو بهوجانگاساناو ماتسیندراساناو شالابهاساناو مایوراساناو سارڤانگاساناو پاڤاناموکتاساناو ماریجاریاساناو پادانگوشتاساناو شاڤاساناو چاتوکاساناو سوریاناماسکار (سڵاو بۆ خۆر).





٥. درێژکرنەوەی هەناسە (پڕانایاما – Pranayama):

پڕانایاما یەکێکە لە بەشە زۆر سەرەکیەکانی هاتایۆگا و چوارەم بەشی هاتایۆگایە. پاتانجالی لە یۆگاسوترادا وەک چوارەم بەشی ڕاجایۆگا باسی دەکات. پڕانایاما لە یۆگای عەشق (بهاکتی یۆگا) و کریایۆگاشدا گرنگیەکی زۆری پێ دەدرێت. پڕانایاما دەبێتە هۆی هاوسەنگی هێزەکانی ناو لەش. شیڤاناندا ماهاراج لە کتێبی پڕانایامادا دەڵێت: "پڕانا هەمان هێزی ژیانە کە زیاد لە ڕادە ناسک و تیوارە لە کاتێکدا شێوە دەرەکیەکەی ڕەقە". ئەم هێزانە بە (پڕانا) لە تێکستە کۆنە سانسکرێتیەکاندا باسیان کراوەو لە (چاندوگیا ئوپانیشاد)دا وتراوە (پڕانا خوداوەندە. هەروەها وتراوە ئەوەی پڕانا بناسێ ڤیداکان دەناسێت). با بزانین بۆچی؟

پڕانا ئەو هێزەیە کە پێی دەوترێت شری (ئادی شاکتی) یان (ما شاکتی) یاخود (کوندالینی). شری ئادی شاکتی ئەگەر خودی پڕاناش نەبێت، ئەوا لە ڕێگەی پڕاناوە هەموو کارەکانی ئەنجام دەدات، لەو کارانەی شری ئادی شاکتی ئەنجامی دەدات دروستبوونی جیهان و مانەوەو لەناوبردنی جیهانە. شیڤاناندا ماهاراج دەڵێت: "پڕانا (یان ئادی شاکتی) هەموو وزە دەرەکیەکانی جیهانی بوونە، هەروەک چۆن سەرچاوەی هەموو هێزە نادیارو ئاشکراکانی ناو مرۆڤەکان و سروشتی دەوروبەرمانە". ئادی شاکتی ئەو هێزەیە کە بۆتە هۆی پێکهاتنی ژیان و وزەی مرۆڤ. هەندێکجار بەشێوەی کوانتۆم دەردەکەوێت. ئەمڕۆ لە زانستی ئەستێرەناسی و زانستی کیمیای دروستبوون و کیمیای ڕەگەزناسیدا باس لەوە دەکرێت کە هەموو جیهان لە یەک جۆر وزە دروست بووەو ئەم وزەیەش نەناسراوەو نازانرێت لەکوێوە یاساکانی خۆی پەرەپێدەدات و جێگیر دەکات، بەڵام ئەوەی کە بەتەواوی دەزانرێت ئەوەیە کە وزە پڕە لە یاسایەکی ڕێکوپێک و تەواو بەئاگایە بەرامبەر بەوەی چی دەکات، بەڵام کێیە بەئاگایە لە کاتێکدا وزە لە چەند یەکەیەکی کیمیایی تایبەت دروست بووەو خاوەنی شتێکی سەیروسەمەرە نییە. وزە بەشێوەی کوندالینی هەیە لە لەشدا. کوندالینیش بە دوو شێوە کار دەکات:

١. کوندالینی خامۆش.

٢. کوندالینی کارا.

کوندالینی خامۆش ئەو کوندالینیەیە کە ڕێگەی ڕاهێنانەکانی یۆگا و پڕانایاماوە دەجووڵێت و بە جووڵاندن و کەوتنەکاری ئەم کوندالینیە مرۆڤ بەئاگا دێتەوەو دەگاتە سەتحە نەبینراوەکانی ئاگایی و لە کۆتاییشدا دەگاتە باڵاترین بەشی سامادهی. (کوندالینی کارا)ش ئەو کوندالینی و هێزەی شاکتیەیە کە بەردەوام لەش و دەروونمان کاری پێ دەکات. چاوانمان بەم کوندالینیە دەکرێتەو و دادەخرێت و دڵمان بە هێزی ئەو لێدەدات و بەو هێزە دەتوانین یەکترمان خۆش بوێت. واتە کوندالینی هەمیشە لە ئێمەدا لە کاردایە، بەڵام بە شێوازی بینراو یان نەبینراو.

ڕاهێنان هەناسە دەبێتە هۆی کۆنترۆڵکردنی هێزی ژیان، واتە شاکتی کوندالینی. کەواتە هەڵە تیایدا دەبێتە هۆی دروستکردنی گرفتی گەورەی جەستەیی و دەروونی، چونکە شاکتی هەموو کارەکانی جەستەو بیرو دەروونی ئێمەی بەدەستە، بۆیە دەبێت زۆر بەتەواوی پڕانایاما ئەنجام بدرێت. پڕانایاما چوار پلەی هەیە کە ئەمانەن:

- ئارامبا ئاڤاستا (Arambhavastha).
- گاتا ئاڤاستا (Gathavastha).
- پاریچا یائاڤاستا (Parichayaavastha).
- نیشپاتی ئاڤاستا (Nishpattiavastha).

لە ڕاهێنانەکانی پڕانایامادا زۆر گرنگە سەرەتا یۆگی فێری ئەوە ببێت کە چۆن بە ورگ و سنگ و مل ئەم سێ جۆرە هەناسەیەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

- هەناسەهەڵمژین ـ پوڕاکا (Puraka)
- هەناسەدانەوە ـ ڕیچاکا (Rechaka)
- هەناسەگرتن ـ کومباکا (Kumbhaka)



**شری سوامی مادهاڤاناندا**

ئەمانەی خوارەوە لە گرنگترینی ڕاهێنانەکانی پڕانایامان کە خوێن پاک دەکەنەوەو بیر ساف دەکەن و تەرکیز کۆدەکەنەوەو ئەندامەکانی ناوەوەی لەش بەهێز دەکەن و پێست جوان دەکەن و هەرسێ هێزی ئوجاس و تیجاس و پڕانا لە لەشی پڕانیکدا هاوسەنگ و بەهێز و ئازاد دەکەن:

- کاپالابهاتی Kapala bhati.
- ئوجایی Ujjaii.
- شۆدانا پڕانا Sodanaprana. یان سۆهیتاپرانایاما.
- بڕەهما شودهی Brahmashudhi.
- برامارى Phramari.
- باستریکا Bhastrika.

هەروەها چەند ڕاهێنانێکی دیکەی فەرعی هەن کە ئەوانیش بە مەبەستی تایبەتی و لە وەرزی تایبەتیدا ئەنجام دەدرێن وەک:

- شیتکاری Sitkari.
- سوریابدا Suryabdha.
- سیتالی Sitali.
- مورچهاو Murchhau

## ٦. قفڵ (باندها-Bandha):

بانداکان چوار ڕاهێنانن بۆ کردنەوەی گرێکان و ڕووناککردنەوەی سۆشۆمنا کە کانالی سەرەکیە لە لەشی پڕانیکدا:

- قفڵی کۆم (مۆلاباندها - Moolabandha).
- قفڵی وورگ (ئودیاناباندها - Udyanabandha).
- قفڵی چەناگە (جالاندهاراباندها - Jalandharabandha).
- قفڵی تەواو (ماهاباندا - Mahabandha).

ئەم باندایانە هەرسێ گرێی سەر چاکراکان دەکەنەوە کە (برەهما گرانتی) و (ڤیشنۆگرانتی) و (ڕودراگرانتی)ن و بەو هۆیەوە تەمبەڵی و سستی و نیگەرانی و خەفەت و حەزکردن لە دەسەڵات و هێزپەرستی نامێنن.

### ٧. بەستن (مودرا- Mudra):

مودرا یەکێکە لە بەشە گرنگەکانی هاتایۆگاو بە لەشی ماددی ئەنجام دەدرێت، بەڵام کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر وزەی ناو لەشی ماددی و لەشی پرانیک هەیە. گەلێک مودرا هەن کە یۆگیەکان لە کاتی چاودێری و تێڕامان و تەرکیزدا دەرکیان پێ کردووە. من هەندێک لە گرنگترین مودراکان ناودەبەم...

- مودرای چاو (شامبهاڤی مودرا)و (ناساگرامودرا) و هتد...
- مودرای قوڕگ (ویباریتاکارانی).
- مودرای مەعریفە (گیانامودرا).
- مودرای دڵ (هاریدایا مودرا).
- مودرای یۆگا (یۆگا مودرا).
- مودرای زمان (کچاری مودرا).

### ٨. بێدەنگی (مۆونا- Mouna):

زهنی یۆگی بەهۆی ڕاهێنانی هاتایۆگاوە بەرەو بێدەنگی دەچێت، یاخود بەرەو بێدەنگی بردنی زهن یۆگی سەرکەوتوو دەکات لە هاتایۆگادا، چونکە وەک سوامی مادهاڤاناندا دەڵێت: "یۆگا زۆرانبازیە لەگەڵ زهن" ئەگەر تۆ ئەو بێدەنگ نەکەی، ئەو ئاتمان (ڕۆح)ی تۆ بێدەنگ دەکات. دەبێت یۆگی لە کۆتایی هاتایۆگادا بگات بەو بێدەنگیەکە ئونمانی ئاڤاستا (Unmani avastha)ی پێدەوترێت تا بتوانێت بچێتە ڕاجایۆگاوە.

ئونمانی ئاڤاستا بێدەنگی و ئارامیەکە تیایدا هیچ بیرو وتەو وێنەو شکڵێک بوونی نییە. ڕاهێنانی مۆونا یەکێکە لەو ڕاهێنانە گرنگانەی یۆگیە زۆر دێرینەکان بۆ ماوەی دوورودرێژ ئەنجامیان داوەو هەندێک یۆگی هەبوون و ئێستاش هەن کە بڕیاری هیچ نەوتنیان داوەو هەرگیز وشەیەک لە دەمیان نایەتە دەرەوە. ئەم بێدەنگیە لەلای سابیئی و یەهودی و مەسیحیەکانیش وجودی هەیە و پێغەمبەری ئیسلامیش ئەم کارەی لە خەڵوەتەکانیدا ئەنجام داوە.

عیسای یەسوع دەڵێت: "وشەکانت بە نرخی ئاڵتون بفرۆشە". لە ڕاستیدا بێدەنگی جۆرێکە لە چاودێریکردن و چاودێریکردنیش تەنها بوونە لە حاڵەتێکدا

بەبێئەوەی تیایدا هیچ بکەیت. سوامی کریشنا ناندا لە یەکەم دێڕی کتێبی The Meditation (Yoga of)دا دەڵێت: "چاودێریکردن کارکردن نییە تا مرۆڤ هیلاک بکات" کەواتە مۆونا مرۆڤ هیلاک ناکات و ڕێگەیەکیشە بۆ ئارامبوونەوە.

هاتایۆگی لە سەرەتادا بۆ ماوەی کورت (دەتوانرێت چەند کاتژمێرێک بێت) مۆونا ئەنجام دەدات و وردەوردە زیادی دەکات. مۆونا چەند بەشێکی هەیەو شێوازەکانی بەپێی ئامۆژگاریەکانی ئەو گوروە دەگۆڕێت کە تۆ داوای یارمەتی و سادنای لێدەکەیت. من لێرەدا هەندێک لە جۆرەکانی مۆونا باس دەکەم. هەڵبەت لە یۆگاو ئایورڤیدادا مۆونا بەکاردەبرێت بۆ چارەسەری نەخۆشی جەستەیی و دەروونی و ڕۆحی.

## شێوازەکانی مۆونا:

### ١. بێدەنگیی دەرەکی (مۆونا – Mouna):

ئەم جۆرە بێدەنگیە لە سەرەتاوە پراکتیزە دەکرێت و چەند بەشێکە لەوانە:

- پرسیارنەکردن و داوای هیچ نەکردن، نە لە ڕێگەی قسەکردن و نە لە ڕێگەی نووسینەوە.
- تەواو بێدەنگبوون و نەوتنی هیچ وشەو ڕستەیەکی بێ ماناو مانادار بۆ ماوەیەکی کاتی (وەک چەند کاتژمێرێک).
- فرماننەدان بەسەر خەڵکیدا و حوکمنەکردن بەسەر کەسدا.

### ٢. بێدەنگیی تەواو (پۆرنا مۆونا- Poorna mouna):

یۆگی دەتوانێت بەتەواوی بێدەنگ بێت و بەدرێژایی ژیان هیچ نەڵێت، ئەمیش بە دوو شێوە دەکرێت:

- یان تەنها ئەو شتانە دەڵێت کە زۆر پێویستن وەک وتنەوەی مانتراو خوێندنەوەی پەڕاوە پیرۆزەکان.
- یان هەر بەهیچ شێوەیەک قسە ناکات.

### ٣. بێدەنگیی ناوەکی (ئانتەر مۆونا - Antar mouna):

ئەمە دوا پلەی مۆونایە و یۆگی دەبێت تەنانەت لە بیرکردنەوەشدا هیچ قسەیەک یان خەیاڵێک بە بیریدا نەیەت (هەڵبەت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ نموونە بۆ چەند کاتژمێرێک یان چەند ڕۆژێک). ئەم جۆرە لە مۆونا گرنگترین و گرانترین جۆری ڕۆژووی قسەیە کە دەتوانێت یارمەتیەکی زۆر گەورەی یۆگی بدات بۆ گەیشتن بە دوا پلەی کامڵبوونی خۆی. وەنەبێت تەنها یۆگیەکان سوود لە ڕۆژووی قسەکردن وەربگرن، بەڵکو هەرکەسێک بیەوێت دەتوانێت لە ڕێگەی مۆوناوە کەفوکوڵی دەروونی و ئەو هەموو سترێس و فشارە دەروونییەی کە لەناوماندا کۆبووەتەوە بکاتە دەرەوە. مۆونا دەتوانێت مرۆڤ لە کۆتی ناوو شکڵ دەربێنێت.

ناوو شکڵ ئێمە دەبەستنەوە بە دونیای دەرەوەوەو بە نەمانی ئەو پەیوەندییە بێگومان پەیوەندیی لەگەڵ دونیای دەرەوە لەدەست دەدەین. بە لەدەستدانی دونیای دەرەوە مرۆڤ ڕزگاری دەبێت لە شوێن و زەمان. ڕزگاربوونی مرۆڤ لە شوێن و زەمان مژدەی ڕزگاربوونە لە پڕاکریتی، چونکە پڕاکریتی لە ڕێگەی شوێن و زەمانەوە خۆی دەسەپێنێت. بێگومان ڕزگاربوونیش لە پڕاکریتی سەرەنجامەکەی گەیشتنە بە زاتی گەورەی پوروشاو پاشانیش گەیشتن بە زاتی ڕەها و لیقای حەزرەتی هەق کە پاتانجالی ئیشقاڕای پێدەڵێت.

# بەشی چوارەم

# بابەتی یەکەم

(دونیا سەرتاسەر، هەر لە بڕەهماوە
تا لقی کایەک پڕپڕە لە ئەو)

ماهانیرڤاناتانترا [٥٤٦]

## کلیلی ڤیدا

ڤیداکان بە سامهتا و ئوپانیشادو برەهماناکانیشەوە خاوەنی کلیلێک هێمایەک و نیشانەیەکن کە دەبێت مرۆڤ بتوانێت بیانخوێنێتەوە. ئەو تێکستانە پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی وردو تیوار هەیەو چاویلکەی بەدیقەتیان گەرەکە.

مەسەلەی یەکخوایی و دهارما و کارما و هاتنەوەی ڕۆح و ئاڤەتار و چۆنیەتی نزیکبوونەوە لەو کەسەی ڤیداکان بە دوورو نزیک ستایشی دەکەن لەو کلیلانەن کە بەبێ تێگەیشتنیان مەحاڵە تێگەیشتن لە ڤیداکان. من لەم بەشەدا بەرچاوڕوونییەک دەدەمە خوێنەر بۆئەوەی باشتر لە بابەتەکانی پێشتر تێبگات. هەرچەند پێشتر ناوبەناو باسی ئەم بابەتانەم کردووە.

٥٤٦- بڕوانە (س ١٢، ل ٤٢٩).

# باسی یەکەم
# یەکتاپەرستی

بەسەر زارەکی ئەگەر بڕوانییە ئایینەکان پێمان وایە ئایینە سامیەکانی وەکو ئیسلام و مەسیحیەت و یەهودیەت سێ ئایینی یەکتاپەرستن و ئایینە ئاریەکانی وەکو هیندۆیزم و بودیزم و زەردەشتیەتیش ئایینە چەندتاپەرستەکانن لەبەرئەوەی باسی چەندین هێز دەکەن و بە خوداوەند ناویان دەبەن و لە پەرستشەکاندا ناویان دێنن. بۆ نموونە ئایینی هیندۆیزم کە لە ڤیداوە سەرچاوە دەگرێت و لەوەوە خۆی بنیات دەنێت و گەشە دەکات. دەبینی لەم ئایینەدا باسی چەندان جۆر خودا کراوە. ئەگەر بچیتە هیندەوە دەبینی یەکێک بڕەهما دەپەرستێ و یەکێک ڤایوو، یەکێک شیڤاییەو یەکێک خودای کالی پەرستش دەکات. هەریەکیان خاوەنی مەعبەدو پەرستگەی تایبەتی خۆیانن، هەرگیز نابینی لە پەرستگەی شیڤاییەکاندا ڤیشنۆ یان شاکتی بپەرسترێت.

ئەمانەو چەندان بابەتی دیکەش مرۆڤ دەخەنە بەر گومانی ئەوەی کە ئایا ڤیدا باس لە چەندتا پەرستی دەکات یان یەکتاپەرستی. ئێمە پێشتر هەندێک ئاماژەمان بەوە دا کە ڤیداکان باس لە خودا دەکەن لەژێر زۆر ناوی تایبەت و جیاوازداو بە دەیان و بگرە بە سەدان ناوی جیاوازی خودا لە سامهیتاکان و پوڕاناکان و ئوپانیشادەکاندا هاتووەو هەر جارەو بەشێوەیەک ستایش کراون. بۆ نموونە جارێک دەڵێت تەنها بڕەهمەن خودای گەورەیە، جارێک دەڵێت بێجگە لە نارایان هیچ کەسێکی تر بوونی نییەو جارێکیش دەڵێت کرنوش بۆ شیڤا کە هەرچی هەیەو نییە ئەو بەڕێوەی دەبات.

سەرەتا ئێمە دەبێت ئەوە بزانین زمانی ڤیداکان و بەتایبەت هەر چوار سامهیتای ڕیگ ڤیدا و یاجورڤیدا و ساماڤیدا و ئاتەرڤەڤیدا زۆر زمانێکی هێمائامێزن و ناکرێت بەبێ لێکۆڵەرێکی شارەزاو لێهاتوو لە خۆمانەوە قسە لەسەر هەر دێڕێک بکەین کە لە یەکێک لەو کتێبانەدا بەرچاومان دەکەوێت. ڤیداکان لە زەمەنێکی کۆندا نووسراون و لەو کاتەشدا ڕیشیەکان تەنها ڕێگەیەک کە بەدەستیانەوە بووە بۆ تێگەیاندنی خەڵکی لەو هەموو نهێنییە کەونی و ئیلاهیە، زمانی چیرۆک و وێنەو هێما بووە. بۆ نموونە کاتێک ویستبێتیان باس لە بەرکەوتنی

ناوەکی خەم و خۆشی، ئازارو لەزەت، چاک و خراپ بکەن، هاتوون لە ڕێگەی وێناکردنی شەڕێکەوە ئەم مەبەستەیان بۆ ئێمە ڕوونکردۆتەوە، هەروەکو چۆن لە گیتا و تەنانەت ڕیگ ڤیدادا دەیبینی. وەنەبێت تەنها هیند بەم دونیا سومبولیەدا تێپەڕیبێت، بەڵکو عەرەبەکان و زەردەشتیەکان و عیبریەکانیش هەمان ڕێگەیان بڕیوە. ئەوەتا کاتێک قورئان دەخوێنیتەوە دەفەرموێت کە وێنەی خودا وەک چرایەک وایە لە تاقێکداو چراکە زەیتوونێکی تیادایە کە نە شەرقیەو نە غەربیەو خەریکە لە پاکیدا دەسوتێت. هەروەها لە ئینجیلدا دەڵێت خودا باوکی منە. یان دەڵێت خودا پیاوێکی میهرەبانەو بە ئارەزووی خۆی کرێ بە کرێکارەکانی دەدات. نەک هەر لە کتێبە پیرۆزەکاندا، بەڵکو لە وتەی پێغەمبەرانی سامیشدا هەمان شت دووبارە دەبێتە. پێغەمبەری ئیسلام زۆرجار وتویەتی کە خودای لە شێوەی گەنجێکدا بینیوەو باوەشی پیادا کردووە.

کەواتە زمانی وێنەیی ئەو زمانە بووە پێشینەکانمان قسەیان پێکردووە بۆ دەربڕینی ئەو شتانەی مەبەستیان بووە، هەربۆیە ناکرێت ئێمە ناوهێنانی خوداوەندەکانی ناو ڤیدا بە هاوەڵدانان بۆ خودا ناوبەرین.

ڤیداکان پێیان وایە هەموو شتێک بەشێکە لە خوداو ئەمە سەرەکیترین و گرنگترین شێوەی دەرکەوتنی یەکتاپەرستیە لەم تێکستانەدا. ڤیداکان دەڵێن هیچ خودایەکی دیکە نییە بێجگە لە خودایەکی گەورە کە هەموو شتێکی دیکەی دروست کردووە. نەک هەر هیچ خودایەکی دیکە نییە، بەڵکە هیچ شتێکی دیکەش نییە بێجگە لەو خودایە.

یاجورڤیدا دەڵێت:»

ڤیشنۆ ئەم گەردوونەی هەڵگرتووە،<br>
و شوێن پێی یەکەمی زەویە،<br>
شوێنپێی دووەمی بەرگەگازە و<br>
شوێنپێی سێیەمی ئاسمانە،<br>
ڤیشنۆ لە هەموو شوێنێکە و<br>
دەوری گەردوونی داوە،<br>
قوربانییەکان پێشکەش بە خودای گەورە دەکرێت»

لێرەدا بە خودای تاقانە وتراوە ڤیشنۆو هەموو شتەکان لەو پێکهاتوون و ئەو بەرپرسە لە ژیانی هەموو شتەکانی دیکەش و هەموو قوربانییەکان بۆ ئەو دەکرێن.

بۆئەوەی خۆم بپارێزم لە باسکردنی دووبارە پێم باشە بەوردی زاراوە سانسکرێتیەکان و ماناکانیان بخوێنیتەوە تا بزانیت کە مەبەست لە برەهما یان شیڤا یان ڤیشڤاکارما و ناوەکانی دیکەش کە بۆ خودا بەکارهاتوون چیە، بەڵام دەمەوێت ئەوە بزانن کە هەموو ناوەکان بۆ یەک خودا بەکارهاتوون.

ڤیشنۆ- خودایە لە پلەی ڕاگیرکەرو هێڵە ڕەوەی جیهاندا، واتە (الحافظ).

پاڕاماتمان- واتە ئەو خودایەی کە گەورەترین ڕۆحە لە جیهانداو بێ ئەو هیچ بوونی نییە. لە ئیسلامدا پاڕاماتمان بە وشەی (انا) واتە (ئێمە) باس کراوە بۆ نموونە کە دەڵێت ئێمە مرۆڤمان دروست کرد، لێرەدا مەبەستی ناوهێنانی ئەو هێزو دەسەڵاتەیە کە خودا لە هەموو شتەکاندا هەیەتی.

ڤیشڤاکارما مەبەستی خودایە وەک دروستکەری گەورە و هتد....

ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە ئەو خودایەی هیندیەکان باسی دەکەن هۆکاری هەموو هۆکارەکانە، هەروەکو چۆن ئیبن سینا پێی وابوو هەموو شتێک هۆکاری هەیەو هۆکاری هەموو شتەکانیش بۆ دروستبوون خودایە، بەڵام خودا خۆی هۆکاری نییە، بۆیە هیندیەکان ستایشی هەموو شتێک بە ستایشی خودا دەزانن، ستایشی باران دەکەن بۆ بەگەورەڕاگرتنی هێزی خودا، ستایشی هەورەبروسکە دەکەن بۆ بەگەورەڕاگرتنی هێزی خودا....

ڕووی سێهەم کە هیندیەکان خودای لێوەپەرستیش دەکەن بوونی یەکێکە لە سیفەتەکانی خودا لەو شتەدا. بۆ نموونە سیفەتی ڕووناکی خودا لە ئاگردا ستایش دەکەن و سیفەتی میهرەبانی خودا لە گانیشادا ستایش دەکەن و سیفەتی ڕۆزیدەری خودا لە ساراسڤاتی یان دوورگادا ستایش دەکەن. ئەمە مانای وانییە کە ساراسڤاتی خودایە، بەڵکو مانای وایە کە ئەو یەکێکە لە سیفەتەکانی خودا، هەر ڤیداییەک یەکێک لەم سیفەتانە (هەندێکجاریش هەمووی) دەپەرستێت، ئەویش پەیوەندیی بە کاستی ئەو کەسەو تەنانەت شوێنی ژیان و ئیشوکاری ئەو کەسەوەیە. بۆ نموونە زۆرینەی دووکاندارەکان وێنەی دوورگا هەڵدەواسن

وەکو داواکردنێک لە خودا کە لە ڕێگەی ئەم سیفەتەیەوە ڕۆزیان بدات، هەربۆیە ئەم جۆرە خودایانە پێیان دەوترێت (ئیشتادێڤاتا)، واتە خودای تاکە کەسی، بەڵام ڤیداییەکان و هیندیەکان پێیان وایە کە گەورەترین پێشکەوتنی ڕۆحی مرۆڤ کاتێکە کە ئەو دەگاتە مەقامی ناسینی خودای بێ وێنە کە هەمان خودای ئیسلامەکانە. ئەو خودایەی بێکۆتاییە[547]. کاتێکیش دەڵێین بێ کۆتایی مەبەستمان لەوەیە کە ئەو هەم بێ کۆتایە بە هێز[548]، هەم بێ کۆتایە بە وجود[549]، هەرچەند ئەگەر بڵێین بێ کۆتایە بە بوون ئەوا نەفی کۆتایی (واتە ناوو سیفەت و شکڵ) دەکەین لە کاتێکدا خودا خاوەنی هەموو شتێکەو هەموو دژێک لەودا کۆدەبێتەوە[550]. خودا هەموو شتێکی تیا کۆبووەتەوە، واتە هەموو دژەکان لەودا هەن[551]، کەواتە هەم بێ کۆتایەو هەم کۆتا، ئەم گرفتەش ئەو کاتە چارەسەر دەبێت کە بزانین ڤیدا باس لە خودا دەکەن لە هەردوو مەقامی

٥٤٧- فەیلەسووفی ڕۆژئاوایی مالبرانش Nicolas Malebranche لەسەر هەمان بۆچوون بوو کە خودا بێکۆتاییە، هەروەکو چۆن ئەفلاتوون و ئەرستۆ لەسەر ئەو ڕایە بوون. بڕوانە مطارحات في الميتاقيزيقيا، ل٤٣٣.

٥٤٨- ئەرستۆ تالیس پێی وابوو کە خودا بێکۆتاییەو هەرگیز بەجێ ناهێڵرێت واتە تا بێکۆتایی بوونی هەیە. ئەم بوونەش بوونە بە هێز نەک بە وجود لە مەقامی کرداردا، چونکە خودا جەستە نییە

٥٤٩- لێرەدا پێناسەی وجود لە ڤیداکاندا جیاوازە لەو وجودەی ئەرستۆتالیس باسی دەکات. لە ڤیدادا دوو جۆر بوون بوونی هەیە، یەکیان دەرکەوتووەو ئەوی دیکە دەرنەکەوتووە.

٥٥٠- کێشەیەک هەبوو لەنێوان موعتەزیلەو ئەشعەرییەکاندا، هەروەها لەنێوان فەلسەفەی ئەرستۆو فیلۆنی یەهودیدا لەسەر ئەوەی کە خودا دادپەروەر(عادل)ە یان بەخشەر(للطيف)؟ ئەگەر خودا دادپەروەرە ئەوا گەر مرۆڤ گوناحی کرد دەبێت سزا بدرێت. ئەگەریش بەخشەر بێت دەبێت بێ لەبەرچاوگرتنی گوناح ئەو کەسە ببەخشێت و ماڵ و سەروەت و بەرەکەتی بداتێ کە لێرەدا سیفەتی دادپەروەری دەکەوێتە بەر گومان. خودا هەموو ئەم سیفەتانەی هەیە. یەسوع زۆر جوان وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە بە نموونەی خاوەن کارێک کە ڕۆژێکی تەواو کار بە چەند کرێکارێک دەکات و پارەی تەواویان دەداتێ و چەند کاتژمێرێکیش کار بە چەند کرێکاری تر دەکات، بەڵام پارەی تەواویان دەداتێ، بەمە کرێکارەکانی یەکەم کە ڕۆژێک کاریان کردووە ڕەخنە دەگرن، بەڵام خاوەن کار هەقی تەواوی بەوانیش داوە.

٥٥١- ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە پێی دەوترێت یەکێتی بوونی سروشتی واتە (وحده الوجود الطبيعيه) کە دولباک و دیدرۆ و هەندێکی دیکە لە فەیلەسووفەکان باسیان کردووە. لەناو عارفە ئیسلامییەکانیشدا عەتتاری نەیشابوری و مەولاناو شەمس و باباتاهیر بڕوایان پێی بووە

دەرکەوتەو دەرنەکەوتەدا[٥٥٢]، واتە هەم بڕوامان بە لاهوتی سلبی و هەم بڕوامان بە لاهوتی ئیجابی هەبێت وەک چۆن (جان سکۆت) باسی دەکرد[٥٥٣]. لەلایەکی ترەوە وەک (فیلۆنی یەهودی) دەڵێت: «بەڵگەی ڤیداکان بۆ بێ سنوری خودا بوونی مرۆڤی سنوردارە[٥٥٤]. ئەگەر مرۆڤ و هیچ شتێک نەبووایە، ئەوا خودا دەبوو، بەڵام بە نادەرکەوتوویی و ئەوکاتیش پێی نەدەوترا خودا، چونکە خودا ئەو زاتەیە کە خودایی دەکات بەسەر دەرکەوتەدا».

---

٥٥٢- ئەم ڕایە بە یەکێتی بوونی دینامیکی بەناوبانگە کە ڕەواقییەکان بڕوایان پێی هەبووە.

٥٥٣- فەیلەسووفی ڕۆژئاوایی جان سکۆت لەو بڕوایەدا بوو کە دوو جۆر لاهوتی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە خودا، جۆرێکیان سلبیە کە وەسفی خودا ناکات و بڕوای بە سیفەتەکانی خودا نییە. جۆرێکیشیان ئیجابیە کە وەسفی خودا دەکات و پێی وایە خودا خاوەن ناوو سیفەتی جۆراوجۆرە. هەروەها ماستەر ئیکهارتیش لەسەر هەمان ڕاوبۆچوون بوو.

٥٥٤- جۆسیا ڕۆینی فەیلەسووف دەڵێت: مادام وەهم هەیە کەواتە حەقیقەت هەیە، وەک چۆن هیچ کات هەڵە بێ ڕاست بوونی نییە.



**وێنەی ڤیشنۆی خوداوەند کەلە دڵی هەموو شتێکدایە**

# باسی دووەم

(ولە الدین واصبا) ٥٥٥

## دهارما

دهارما (Dharma) کە بە دارما (Darma)[٥٥٦] یان داممما (Damma) دەخوێنرێتەوە مەبەست لەو یاسا کەونیانەیە کە خودا خۆی دایناوە بۆ بەڕێوەبردنی بوونەوەر بەبێئەوەی ئەو بەردەوام لە بەڕێوەبردنی شتەکان و ڕووداوەکاندا بێت[٥٥٧]. لە هەر شوێنێک خودا هەبێت لەوێ نەزم و ڕێکوپێکی و یاسا هەیە و ڕووداوەکان هەروا ڕوونادەن. ئەو یاساو ڕێکوپێکیە پێی دەوترێت دارما. دهارما بەڵگەیە بۆ بوونی ئەقڵی کەونی یان ماهات، ئەو ماهاتەی لە بەشی پێشتردا باسمان کرد[٥٥٨].

لە زمانەوانیدا دارما لە ڕیشەی (دەهری) ەوە هاتووە کە بەمانای پایە دیت. واتە دارما پایەی بەڕێوەچوونی ژیان و بوونەوەرەو بەبێ دارما بوونەوەر بەڕێوەناچێت و هەموو شتەکان دەشێوێن. ڤیشنۆ و هەموو ئاڤاتارەکانی دیکەو هەموو پێغەمبەرەکان هاتوون بۆ پاراستنی دارما لە تێکچوون. کریشنا دەڵێت کاتێک دارما مەترسی لەناوچوون بیگرێتەوە خۆم دادەبەزم و دەیپارێزم.

یەکێک لە ناوەکانی خودا لە ڤیداکاندا دارمایەو یەکێکیشە لە نازناوەکانی کریشنا کە ئاڤاتارەی ڤیشنۆیە.

دارما ئەو یاسانەیە کە خراونەتە نێو پراکریتی وەکو چۆن ئەقڵێکی کۆمپیوتەری بەرنامەڕێژ دەکرێت و ئەویش بە ڕێکوپێکی کار دەکات. هەروا ئەو ئەقڵەی لە (ماهات)دا خۆی وێنا دەکات لە ڕێگەی دارماوە کارەکان بەڕێوە دەبات و هاوسەنگیی بوونەوەر ڕادەگرێت.

کارما یەکێکە لە یاساکانی نێو دارما کە بەهۆیەوە توانراوە ~~بوون خۆی بەڕێوە~~

٥٥٥- (نحل-٥٢)

٥٥٦- زیاتر لە بودیزمدا پێی دەوترێت داممما.

٥٥٧- هرقلیتس پێی وابووە یاسایەکی کەونی هەیەو شتەکان بەڕێوە دەبات کە ناوی لۆگۆسە.

٥٥٨-ڕەواقییەکان پێیان وایە ئەقڵی کەونی (لۆگۆس) یەکەم شتە کە لە پراکریتی (خودا لە مەقامی دروستکردن)دا دەرکەوت. هەربۆیە دەڵێن لۆگۆس تاکە هۆکارە لەنێوان مرۆڤ و خودادا بۆ یەکبوون.

بەرێت. ئەم یاسایانە خودا دایناون و ئەوان کاردەکەن و خودا خۆی نایەت ئەو کارانە بکات، بەڵکو ئەو کارانە لە ڕێگەی زانستی خوداو هێزی خوداو ویستی خوداوە کاردەکەن و بەڕێوە دەچن، هەربۆیە خودا لە زۆر شوێندا دەڵێت من ئەو کارانە دەکەم. خودا دەستی نییە تا کار بکات، بەڵکو کار بە ویست و زانین و بوونی خۆی دەکات لە پڕاکریتیدا.

کەواتە دەبێت ئێمە ئەوە بزانین هەندێک شت هەن دارمای کەونین و هەندێک شتی دیکەش هەن دارمای تاکە کەسین، بۆ نموونە خۆشەویستیی دارمای تاکە کەسیە، ڕاستی دارمای تاکە کەسیە. بوون دارمای کەونییە، شادی دارمای کەونییە، ئاگایی دارمای کەونییە. مرۆڤ ناتوانێت دارما بگۆڕێت و دارماش دانەنراوە تا کەسێک بیگۆڕێت، بەڵکو لە دونیای ماددیداو لەناو پڕاکریتیدا تەنانەت خوداش لەو دارمایانە لانادات و بەپێی ئەو دارمایانە کار دەکات.

لە هەموو ئایینە هیندۆسی و هیندیەکاندا باس لە دارما کراوەو بە ڕێزەوە سەیری کراوە.

بەپێی یاسای دارما هەرچیەک دەبێت و ڕوودەدات، دەبێت ببێت و ڕووبدات. هەرچیەک نەبووەو ڕوونادات، ئەوا نابێت ڕووبدات و هەرگیزیش ڕوونادات. هیچ شتێک ناتوانێت لەم یاسایە لابدات و بڵێ من دەیگۆڕم و ئەو شتە دەکەم کە دەمەوێت، بەڵکو پێش ئەوەی تۆ شتێکت بوێت و بیکەیت، ئەو شتە هەیەو ئەو ڕۆژەی تۆ ئەنجامی دەدەیت ئەو شتە لە تۆوە دێتە ئەنجامدان[٥٥٩]، ئێمە تەنها هۆکارین، هەربۆیە کریشنا بە ئەرجونا دەڵێت دڵ خۆشمەکە بە چاکەکانت و ئومێدیش لەدەست مەدە کاتێک خراپەیەک دەکەیت.

لێرەوە پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کەواتە هەر کاتێک کەسێک خراپەیەک دەکات ئەو کەسە لێی بەرپرس نییە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە لە ڕاستیدا ئەو کەسە کێیە؟ ئێمە لەش نین، بەڵکو زاتێکین کە نە سزا وەردەگرین و نە پاداشت. خراپەو چاکە پەیوەندیان بە دونیای ماددەو پڕاکریتیەوە هەیە. لەم دونیایەدا چاکەکار و خراپەکار لە ئازارو نەهامەتیدان. یاسای دارما پێت دەڵێت ئەو نەهامەتیانە کە تۆ یان کەسێکی خراپەکار دەیکێشن بەهۆی کارەکانی خۆیانەوە، ئەوا دەبێتە هۆی پاکبوونەوەیان لە کارمای خراپ. بەپێی ئەم یاسایەی سەرەوە کەواتە هەموومان ڕۆژێک لە ڕۆژان دەگەینە حەقیقەت بەهۆی ئەوەی کە پاک دەبینەوە بەهۆی ئازاری

---

٥٥٩- مالبرانش دەڵێت خودا هەموو شتەکانی کردووە پێش ئەوەی تۆ بیکەیت.

خراپەکانمانەوە. بەڵێ ڕۆژێک دێت هەمووان پاک دەبینەوە، ئەمە دارمایەکی کەونییە هەموو مرۆڤەکان دەگەنە حەقیقەت و دەگەنەوە سەرەتاو سەرچاوەی خۆیان. کەواتە ڤیدا و یۆگا و ئایورڤیدا و سانکهیا و ئەم هەموو هەوڵە بۆچی؟

ئەم هەموو هەوڵ و تەقەلالایەی مرۆڤ لەپێناو ئەوەدایە کە خێراتر پاک ببێتەوەو ئەو شتە بێنێتە پێش کە دەبێت بێتە پێش.

# باسی سێهەم

(فاصابهم سيئات ما عملوا) ٥٦٠

(ئەو شتە خراپانە گرتنی کە دەیانکرد)

## کارما

کارما وشەیەکی سانسکرێتیە بە مانای کار دێت، کارما تەنیا کار ناگرێتەوە، بەڵکو ئەو کاردانەوەیەش دەگرێتەوە کە کار دروستی دەکات. ژیانی هەموو کەسێک و داهاتووی ئەو کەسە پەیوەستە بە کارماکانییەوە.

مادام دهارمایەکی کەونی هەیەو هەموو شتەکان بەپێی یاسایەک دەڕۆن بەڕێوەو ئەو یاسایەش لێوانلێوە لە دادپەروەری و یەکسانی، چونکە لایەنگریی کەس نییە، ئەوا دەبێت کارما هەبێت بۆئەوەی کەس هەقی نەخورێت و یاساکە کاری دادپەروەرانەی خۆی بکات. یاساکە ئەوەیە (لە چاک چاک و لە خراپ خراپ وەردەگرینەوە). ئەمە یاسای کارمایە، ئەو یاسایە بوو کە شازادە گۆوتامابوودا کەشفی کرد.

هەرکەس بێتە ژیانەوەو بێتە نێو پڕاکریتیەوە، ئەوا دێتە نێو بازنەی کارماوەو بیەوێت و نەیەوێت لەژێر یاسای کارمادا کار دەکات و قەدەری ئەو دەکەوێتە ناو کارماوە.

گەر بڕوانیت لە منداڵێک کە لە وڵاتێکی وەکو سوید یان هۆڵەندە لە دایک و باوکێکی مرۆڤپەروەر و دانا لەدایک دەبێت و هەموو پێداویستیەکی ماددیی ژیانی لەبەردەستدایەو دایک و باوکی ئەو منداڵە یۆگا دەکەن و ڕۆحانیانە ژیانی خۆیان دەژین. گەر بێتو ئەم منداڵە هۆڵەندیە یان سویدیە لەگەڵ منداڵێکی ئەفریقی بەراورد بکەین کە هەر لە منداڵیەوە لە سکی دایکیەوە دووچاری ئایدز بووە، چونکە دایکی بەدڕەوشتی کردووەو کاتێکیش لەدایک دەبێت هەموو ژیانی ئازارو گەرماو برسیەتی و نەهامەتیەو لەلایەن دایکیەوە فێری سواڵ و دزی دەکرێت. کاتێکیش گەورە دەبێت دەگیرێت و لەسێدارە دەدرێت. ئایا

٥٦٠- (نحل- ٣٤)

گوناحی ئەم منداڵە ئەفریقیە و تایبەتمەندیەکانی ئەو منداڵە هۆڵەندیە چیە وا ئەمیان لە ئازارو ئەویان لە نازو نیعمەتدا لەدایک دەبێت و دەژی.

ڤیدا دەڵێت کارمای ژیانەکانی پێشووی ئەفریقیەکە قەدەری ئەوی وا دیاری کردووەو هۆڵەندیەکەش بەهەمان شێوە. واتە هەر کەس لەژێر کاریگەریی کارماکانی خۆیدایە. کارماش تەنیا هی ئەم ژیانە نییە، بەڵکو لەو کاتەوەی مرۆڤ دێتە بوون کارما کۆدەکاتەوە، لەوانەیە ئێمە بەدرێژایی هەزاران ساڵ کارمامان لەسەر خۆمان کۆکردبێتەوە، جا ئەو کارمایانە چاک بن یان خراپ، ئێستەمان لەدایکبوونی سەرەنجامی ئەو کارمایانەمانن کە پێشتر هەمانبووەو داهاتووشمان لەدایکبووی کارمای ئێستاو پێشووترمانە، بەڵام مەبەست چیە لە پێشووتر؟

هەرچەند لە سامهیتای ڕیگ و ساماو یاجورڤیدادا بە ڕاشکاوانە باسی (دۆنایدۆن) نەکراوە، بەڵام بەگشتی ئوپانیشادەکان و پورانا و شاستراکانی ڤیداکان بڕوایان وایە هەمیشە مرۆڤ لە پێگەیشتندایە. نەک هەر مرۆڤ، بەڵکو هەموو شتەکان بەردەوام لە پێگەیشتندان. مرۆڤیش لەو کاتەوەی دیلی بوون (پڕاکریتی) دەبێت هەوڵدەدات بگاتەوە یەکەم شێوازی خۆی کە پوروشایە، هەربۆیە کاتێک لەشێک بەجێدەهێڵێت پاش ماوەیەک دێتەوە لەشێکی تر بۆئەوەی درێژە بە ئەرکەکەی خۆی بدات کە گەیشتنەوەیە بە حەقیقەت. هیندۆسەکان پێیان وایە مرۆڤ سەرەتا لە بێ گیانەکان و دواتر لە گیاندارەکاندایەو پاشان بەهۆی باشتربوونی کارماکانییەوە دێتە ئاژەڵە بێ هێزەکانەوەو بەردەوام دەمرێت و لەدایک دەبێت تا دەگاتەوە ئاژەڵە بەهێزەکان و پاشان مرۆڤەکان. لەنێو مرۆڤەکانیشدا ئەوەی کاری چاک دەکات و خزمەتی خەڵک دەکات و لە ناخی خۆی زیاتر نزیک دەبێتەوە دەچێتە کەسێکی باشتر و باشتر، ئەم مردن و ژیانە بەردەوام دەبێت تا ڕۆژێک مرۆڤ پاک دەبێتەوە لە هەموو کارما خراپەکان و ئیدی نایەتەوە سەر زەوی بۆ ژیانێکی تر، چونکە ژیان هیچ نییە جگە لە شتنی کارماکانی مرۆڤ نەبێت[٥٦١]. ئەم کارمایانە ناهێڵن مرۆڤ بە ڕوونی حەقیقەت وەک خۆی ببینێت، هەرکات نەمان ئەوکات مرۆڤ گەیشتووەتە پوورشا و ئیدی دونیای ماددیی ئەو ئازار نادات.

٥٦١- سوهرابی سوپهەری شاعیری گەورەی ئێرانی دەڵێت: ژیان شتنی قاپێکە.

ئەوەی لە کارما ڕزگاری بووبێت لە مردن و ژیان ڕزگاری دەبێت و دەگاتە موکشا.

کەواتە ژیانی بەردەوام کە بە سامسارا ناوزەد دەکرێت بە نیرڤانا یان موکشا (سامادهی) تەواو دەبێت، سامادهی ئازادبوونە لە هەموو جۆرە بوونێک، واتە لە بوونەوە بۆ نەبوون.

ئەو شتەی پێی دەوترێت شانس هیچ بوونی نییە تەنها کارمای مرۆڤ خۆیەتی دیاری دەکات ئەم کەسە ڕۆحانییە یان نا، لەم ژیانەدا دەبێتە ڕۆحانی یان نا و کەس ناتوانێت بەزۆر هیدایەتی کەس بدات[٥٦٢] گەر پلەی کارماکانی ئەو کەسە ئامادەی ئیمان نەبێت، بڕوانە دوو برا پێکەوە گەورە دەبن و لەدایک دەبن و دەژین و یەک دایکوباوک پەروەردەیان دەکەن لە یەک کۆمەڵگەدا، بەڵام یەکیان دەبێتە ڕۆحانی و ئەوی تریش دەبێتە تیرۆریست، ئەمە هیچ نییە جگە لە جێدەستی کارما. لەوانەیە بپرسیت کەواتە من بەدەست خۆم نییە. تۆ بەدەست خۆتە، چونکە تۆی کە لە ژیانەکانی پێشتردا ئەم کارمایانەت بۆ خۆت پێکهێناوە کە ئێستا ئەم حاڵەتەت بۆ دروست بکات، وەکو چۆن ئێستا کارمای خراپ یان باش بۆ خۆت پێکدێنیت و بەدەست خۆشتە. تۆ دەتوانیت لە ڕێگەی ڕاهێنانی ڕۆحی و نوێژو پەرستشەوە، لە ڕێگەی چاکەکردن و تێرکردنی منداڵ و ئازارنەدانی خەڵکەوە کارماکانی خۆت وردەوردە وا لێ بکەیت کە لەبری کارمای خراپ بگۆڕێن بە کارمای باش.

---

٥٦٢- بڕوانە ئایەتی (ولا تهدی من احببت)

# باسی چوارەم
# دۆنایدۆن

پێشتر کەمێک باسی دۆنایدۆنمان کرد[٥٦٣]، و لێرەشدا کەمێکی تر لەسەر ئەم باسە دەڕۆین.

دۆنایدۆن یان ژیانی دووبارە لە زۆر ئاییندا باسی کراوە وەک ئایینی یەهودی و مەسیحی و ئیسلام و یەزیدی و کاکەیی و بوودایی و هیندۆسی و سیخی و جینی و تاوی و شینتۆیی و زۆر ئایینی دیکەش.

لە ئیسلامدا و لە قورئاندا ئاماژە بە زۆر جۆری ئاژەڵ کراوە کە مرۆڤ بوون و بەهۆی کارمای خراپیانەوە بوونە ئاژەڵ. هەروەها قورئان لە سورەتی (البقرە)دا دەفەرموێت:

(کیف تکفرون باللە وکنتم امواتا فاحیکم ثم یمیتکم ثم یحیکم ثم الیە ترجعون) (البقرە – ٢٨)[٥٦٤]

هەرچەند نە لە سامهیتای ڕیگ ڤیدا و نە لە سامهیتای ساماڤیداو یاجورڤیدادا بەڕوونی و ڕاستەوخۆیی باسی دۆنایدۆن نەکراوە، بەڵام هیندۆیزم و ئایینی برەهمی و یۆگا و تەواوی فەلسەفەو زانستە ڤیداییەکان بڕوایان بە زیندووبوونەوەی دووبارە هەیە لە جەستەی کەسێک یان شتێکی دیکەدا.

یۆگا بڕوای وایە کاتێک کەسێک دەژی دەبێت بگاتە پلەی کەماڵ و خۆی بناسێتەوە کە ئەو حەقیقەتە. ئەگەر مەرگ مەودای نەدات مرۆڤ خۆی بناسێ و بەهۆی هەر هۆکارێکەوە مرد، جا ئەو هۆیە کارەساتێکی سروشتی یان ڕووداوێکی هاتوچۆ یان نەخۆشیەک بێت گرنگ نییە. ئەگەر مرۆڤ نەگەیشتە حەقیقەت لەم ژیانەدا، ئەوا پاش مردنی دەچێتە لەشی منداڵێکەوە کە هێشتا لە سکی دایکیدایەو ڕۆحی نەکراوە بە بەردا. ئەو کەسە لەو منداڵەوە دیسان لەدایک دەبێتەوەو دێت درێژە بە پێگەیشتنی ڕۆحی خۆی دەدات.

٥٦٣- Reincarnation.

٥٦٤- (البقرە-٢٨). واتە چۆن بێ بڕوا دەبن بەرامبەر خودا لە کاتێکدا ئێوە مردبوون زیندوومان کردنەوەو پاشان مراندمانننەوەو دواتر زیندوومان کردنەوەو دواییش دەگەڕێنەوە بۆ لای خۆی.

هەندێک لە هیندۆسەکان دەڵێن کاتێک مرۆڤێک دەمرێت تەنها دەچێتەوە مرۆڤێک، ئەگەر لەم ژیانەیدا کردارەکانی باش بوو لە ژیانی داهاتوودا لە کەسێک و حاڵەتێکی باشدا لەدایک دەبێتەوەو ئەگەریش خراپ بوو، ئەوا بە خراپی و لە کەسێکی خراپدا لەدایک دەبێت.

هەندێکی دیکەش دەڵێن مەرج نییە ژیانی داهاتووی مرۆڤ لە مرۆڤێکدا بێت، بەڵکو لەوانەیە بەهۆی کارمای زۆر باشی کەسەکەوە ژیانی داهاتووی ئەو لە فریشتەیەکدا بێت و بەرز ببێتەوە بۆ جیهانەکانی سەروتر، بەڵام بەنیسبەت ئەوانەوە کە کرداری زۆر خراپیان هەیە دانابەزن بۆ جیهانە زۆر خراپەکان و نابنە ئاژەڵ، بەڵکو ئەوەی پێگەیشتنی هاتبێتە پلەی مرۆڤ ئیدی ناگەڕێتەوە بۆ لەشی ئاژەڵ.

دەستەیەکی دیکە لە هیندۆسەکان پێیان وایە مرۆڤە خراپەکان دەچنەوە لەشی ئاژەڵ و باشەکان بۆ لەشی مرۆڤ و زۆرباشەکان بۆ لەشی فریشتەکان دەڕۆنەوە تا وردەوردە بتوانن سەروتر و سەروتر هەنگاو بنێن، ئەوان دەڵێن خودا هەر خۆیەتی لە شێوەی ڕۆحی تاکە کەسیدا، ئەو لەو شێوەیەدا بە نەجووڵاوی لە بێ گیانەکاندایە و بە خەوتوویی لە گیاکانداو بە جووڵاوی لە گیاندارەکان و بە بێداری لە مرۆڤەکاندایە.

کەواتە کارما جێدەستی دیاری هەیە لەم لەدایکبوونەوەیەدا. خودا ستەم لە کەس ناکات، هەر کەس باش بێت بە باشی دێتەوە ژیان و ئەوەشی کارمای خراپی هەبێت بە خراپی دەگوزەرێنێت. لێرەدا ئاگاداری ئەوە بین کە چاک و خراپ بەو شێوەیە نییە هەمووان بیری لێدەکەینەوە. لەوانەیە پێت وابێت منداڵێک کە لە سوید یان ئەڵمانیا لەدایک بووە زۆر کارمای باشی هەبووە، بۆیە پێش لەدایکبوونی ژمارە حسابی بانک هەیە و هەموو پێداویستیەکی ماددی لەبەردەستدایە. لەوانەیە ئەو پێداویستییە ماددیانە ئەو کەسە لە ڕێگەی پێگەیشتنی ڕۆحی خاو بکەنەوەو ئەمەش مانای وایە ئەو شتەی ئێستا هەیە نیشانەی کارمای خراپی ژیانەکانی پێشوویەتی. هەندێکجار هەژاری و نەداری و نەخوێندەواری و تەنهایی نیشانەی کارمای باشی کەسێکن، بۆ نموونە ئەگەر ئەنیشتاین لە مەکتەب زۆر تەمبەڵ و مێشک لاواز نەبووایە نەدەبوو

بەو ئەنیشتاینەی کە تیۆری ڕێژەیی دۆزیەوە، و ئەگەر (بابا تاهیری عوریان) نەخوێندەوارو هەژارو تەنیا نەبووایە، نەدەبوو بەو بابا تاهیرەی کە تا ئێستا وەک کەڵە هۆنەرێکی ڕۆحانی باسی دەکرێت. ئەگەریش سەددام حسێن و هیتلەر شانسی سەرۆک کۆماریان نەبووایە نەدەبوون بە پەنگ و عیبرەت بۆ هەموو خەڵک و مێژوو بەو شێوە قێزەونە باسی نەدەکردن.

هاتنەوە بۆ ژیان بەردەوامە تا ئەو کاتەی مرۆڤ دەگات بە حەقیقەت. لەوانەیە بە ژیانێک یان دووان یان سەد یان هەزار ژیان ئەوە ڕووبدات، گرنگ ئەوەیە تا ئێمە نەگەینە حەقیقەت ناگەینە ئازادبوون لە سامسارا، واتە ژیان و مردنی بەردەوام و ئەو هەموو ئازارەی کە لەم ژیانەدایە.

هەندێک پێیان وایە سامساراو لەدایکبوونەوەی بەردەوام دژی دینە ئاسمانییەکانی وەکو ئیسلام و مەسیحەت و یەهودیەتە، بەو بەڵگەیەی کە ئەو سێ ئایینە پێیان وایە بەهەشت و دۆزەخ هەیە پاش مردن[٥٦٥]. لە ڕاستیدا ئەو کەسەی بەتەواوی لە دۆنایدۆن و سامسارا تێنەگات ناتوانێت ئەو ڕاستیە بزانێت کە دۆنایدۆن دژی بیروڕای ئایینە سامیەکان نییە.

باشترە ئەوە بڵێم کە لە سامهیتای ریگ ڤیدا و یاجورڤیدا و ساماڤیدادا بە ڕوونی و ڕاستەوخۆ باسی بەهەشت و دۆزەخ کراوە و ئایینی هیندۆسیش کە بڕوایان بە دۆنایدۆن هەیە نکوڵی لە بەهەشت و دۆزەخ ناکەن، بەڵکو ڤیداکان و یۆگا پێیان وایە کە پاش ئەوەی مردن و لەدایکبوونەوەی بەردەوام مرۆڤی گرتەوە، ئەوەی توانی ڕزگاری ببێت ئەوە دەگاتە نیرڤانا و ڕزگاری دەبێت لەو هەموو ئازاو نەهامەتیەی کە لە لەدایکبوون و مردندا هەیە، بەڵام کات ڕێگە نادات هەموو کەسێک بگاتە نیرڤانا یان سامادهی.

کاتێک هەیە کە بوونەوەر لەناودەچێت، بەپێی ڤیداکان ئەم بوونەوەرە ماددیە کاتێکی هەیە و پاشان لەناودەچێت. کات زاڵە بەسەر دونیای ماددیدا. ئەو کەسانەی تا لەناوچوونی دونیا (واتە ئاخر زەمان واتە کۆتایی کالپەیەک) نەگەیشتونەتە سامادهی ئەوا دەمردن. لە ڕۆژی حەشر خودا هەمووان زیندوو دەکاتەوەو ئەوانەی توانیویانە بگەنە حەقیقەت بۆ بەهەشت و ئەوانەشی نەیانتوانیوە، ئەوا بۆ دۆزەخ دەبرێن و لەوێ سزا دەدرێن <u>تا پاک دەبنەوەو</u>

٥٦٥- لە ڤیداشدا باسی دۆزەخ و بەهەشت کراوە.

بەهۆی ئەو سزایەوە دەگەنە سامادهی و ڕزگاریان دەبێت.
دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هیچ کام لە دینەکان بەتەواوی باسیان لە حەقیقەتی ژیان و مردن نەکردووە، ڤیدا باسی ئەم دونیایە دەکات و دینەکانی وەکو ئیسلام و دیان باسی دواڕۆژی حەشر دەکەن. ڤیدا باسی ئەوە دەکات کە مرۆڤ دەبێت هەوڵ بدات بۆ پاکبوونەوە، بەڵام دینە ئاریەکان باسی ئەوە دەکەن کە ئەگەر مرۆڤ نەیتوانی بگات، ئەوا خودا خۆی پاکی دەکاتەوە. ئەوەش بزانین زۆر کەمن ئەو کەسانەی کە دەگەنە حەقیقەت بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە وەک پێشتر باسمان کرد سەردەمی (کالی)ەو مانا ڕۆحیەکان زیاتر دونیایی بوون تا ڕۆحانی.
کەواتە....
دۆنایدۆن دژایەتی ناکات لەگەڵ بەهەشت و دۆزەخ، بەهەشت مانای ڕزگاربوونی مرۆڤە لە ئازار، دۆزەخ مانای بوونی مرۆڤە لەناو ئازاردا. ئەو بەهەشت و دۆزەخەش پەیوەندیی بە کارماوە هەیە و کارماش پەیوەندیی بەو ئیشوکارو بیرکردنەوەو پلان و قسانەوە هەیە کە ئێمە ئەنجامی دەدەین. ئەگەر باش بوو دەچینە بەهەشت و پاک دەبینەوەو خودا دەبینین و دەگەینە نیرڤاناو سامادهی، ئەگەریش خراپ بوون، ئەوا دووردەکەوینەوە لە خوداو نیرڤاناو سامادهی و دەخرێینە دۆزەخەوە تا پاک بینەوە، خودا هەمووانی خۆش دەوێت و ناهێڵێت کەس تا سەر لەو ئازارەدا بمێنێتەوە. ئازارێک کە هەر ساتێکی وەک ئەوە وایە هەرگیز تەواو نەبێت (خالدین فیها). کەواتە... منداڵێک لەدایک دەبێت، هەر لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە مەخزەنی کارماکانی بۆ کارمای تازە دەکرێنەوەو لەگەڵ هەر جووڵەیەک کارمایەکی نوێ بەرهەم دێنێت، گەورە دەبێت و بیر دەکاتەوە کە پێویستە بگۆڕێت و بیری خراپ لەناو بەرێت. دەست دەداتە خوێندنەوەی وشە پیرۆزەکانی ڤیدا کە وەک ئاگر هەموو دڕک و داڵی نێو دەروون دەسوتێنن. پاش چەند ساڵ لە یۆگاو ڕامان لە ناخ و وردگەری و چاودێری، لەناکاو مەرگ یەخەی دەگرێت. کاتێک دەمرێت دەچێتە بەرزەخ و چاوەڕێ دەکات ژن و پیاوێک زەواج بکەن و پارچە گۆشتێک ئامادە بێت کە ئەم دیسان وەکو ڕۆح و کارماکان بێتەوە ناوی تا بەردەوامی بە پەرستش

و عیبادەت و چاودێریکردن بدات. کارماکانی منداڵدانێکی بۆ هەڵدەبژێرن و دەبینێت منداڵدانێک ئامادەیە و دێتەوە ناوی. دیسان لەدایک دەبێت، دەژی و گەورە دەبێت و دەمرێت و دیسان دێتەوە ژیان. هەر جارێک دێتەوە زیاتر تێدەگات و زیاتر گەشە دەکات تا کاتێک کە ئیدی هەر لەو ژیانەدا ڕووناک دەبێتەوەو کارماکانی پاک دەبنەوەو کەسەکە دەگاتە حەقیقەت.

ئیدی کاتێک جەستەی ماددی بەجێهێشت ناگەڕێتەوە ناو دونیاو لە سوڕی سامسارا ڕزگاری دەبێت. کاتێک هەموو شتەکان لەناو دەچن جارێکی تر وەکو سەرەتا دەردەکەونەوە، ئەم هەموو هاتن و ڕۆشتنە لەپێناو ئەوەدا بوو ئێمە پاکب بینەوەو پێبگەین و بچینەوە ناو خودا، لەکوێوە هاتووین بۆ ئەوێ دەگەڕێینەوە، (انالله وانا الیه راجعون).

# باسی پێنجەم

کێ دەزانێ خوایت وەیا بەندە، بەڵام مەعلومە کێیت
تۆ (ئەو)ی دەستم بە دامان ئەو نەبوونم چارەکە [٥٦٦]

## ئاڤەتار

ئاڤەتار (Avathar) واتە دەرکەوتە (تجلی). هەروەکو لە زۆر ئایەتی قورئان و ئینجیلدا باس کراوە هەر جارەو بۆ هەر کەسەو خودا خۆی لە شتێکدا تەجەللی کردووە، بۆ نموونە وەک تەجەللی خودا بۆ موسا لە هەور و دار و ئاگر و ئاسمان و هەورەبروسکەدا. تەجەللی خودا بۆ محەمەد لە گەنجێکی قژ ڕەشی پێست ناسکی موو تەڕدا، تەجەللی خودا بۆ یەسوع لە ڕووناکی و ڕۆحی پیرۆزدا. ئەمانە و سەدان نموونەی دیکە باسی ئەوە دەکەن کە دەشێ خودا خۆی دەربخات لە شتێکدا بە توانایەکی زۆرو هێزێکی زۆرەوە.

لە ڤیداکانیشدا هەرچەند وتراوە کە خودا بێ ڕەنگ و ناو شێوەیە و وەک ئیبن سینای فەیلەسووفی ئیسلامی دەڵێت: "خودا بەش بەش نابێت و ڕەگەزی نییەو بەشی نییەو سنوری نییەو دژی نییەو جۆری نییەو گۆڕانی نییەو هەموو شتێ لەوەوە دێت"، بەهەمان شێوەش ڤیدا پێی وایە هەرچەندە خودا شێوەی نییە، بەڵام کاتێک دارما دووچاری ناتەواوی و تیاچوون دەبێتەوە خودا تەجەللی دەکات لە شتێک یان کەسێکدا تا بتوانێت ئەو یاسا کەونییە بپارێزێت و نەهێڵێت بەتەواوی هەموو شتێک لەناوبچێت[٥٦٧].

ئەگەر بپرسین بۆچی خودا بێ دەرکەوتن ئەو کارە ناکات، واتە دارما ناپارێزێت لە کاتێکدا ئەو توانای هەموو شتێکی هەیە؟ ئەوا لە وەڵامدا دەڵێین خودا لەناو پڕاکریتیدا واتە لەناو عالەمی ماددەدا بەپێی یاساکانی پڕاکریتی کار دەکات[٥٦٨].

---

٥٦٦- ئەم هۆنراوەیەم لە (٢٠٠٥/١٢/١٠)دا بە باڵای حەزرەتی (سوامی مادهاڤاناندا)دا وتووە.

٥٦٧- برگەی هەموو شتێک لەوەوە دێت بەرابەرە بە تیۆری ئاڤەتاری هیندۆسی.

٥٦٨- لە قورئاندا هاتووە: دەڵێن بۆ فریشتەیەک قورئانی نەهێنا، ئەگەر فریشتەش

سۆفیەکان و یۆگیەکان و ڤیداییەکان پێیان وایە مرۆڤ جوانترین و گەورەترین دەکەوتە و تەجەللی و ئاڤەتاری خودایە لەسەر زەوی و هیچ نموونەیەک نییە کە لە مرۆڤ کامڵتر بێت. ئەمە تەنیا ڕای یۆگیەکانی وەکو شیڤاناندا ماهاراج و ڕاماناماهاریشی و سوامی ڤیڤەکاناندا و ڕاماکریشنا و کەبیر نییە، بەڵکو ڕای کەسانی وەکو ئیبن عەرەبی و گەیلانیشە.

لە کاتێکدا لە ڤیداکاندا باسی ئاڤەتارەی خودا دەکرێت، ئەو لەژێر ناوی ڤیشنۆدا باس دەکرێت. ڤیشنۆ (٨) یان (١٠) یان (١٢) یان (٢١) ئاڤەتاری هەیە، واتە بە ئەوەندە شێواز دەرکەوتووە، بەڵام دەبێت سەرەتا بزانین ڤیشنۆ چیە و کێیە.

جارێکی تر وەبیرتان دێنمەوە کە ڤیشنۆ واتە پارێزەر. لە سامهیتای ڕیگ ڤیدا و بەتایبەت یاجورڤیدادا وەکو پارێزەری بوونەوەر ناوی براوە. ڤیشنۆ هێمای ڕاگیری و یاساو پادشایەتیە[٥٦٩]. هەروەها وەکو خوداوەندی تاقانە و بەدەسەڵات باسی کراوە.

ڤیشنۆ چەند جارێک وەکو ئاڤاتار دەرکەوتووە بەم شێوازانەی خوارەوە:

١. ماسی (متسیا)[٥٧٠]، کاتێک جیهان بەهۆی خراپەی خراپەکارانەوە خەریکە لەناوبچێت، ڤیشنۆ لەسەر شێوەی ماسی لە (مانو)ی پادشا نزیک دەبێتەوەو پێی دەڵێت کە جیهان بەرەو کۆتایی دەچێت لە ڕێگەی لافاوێکی گەورەوە. ئەویش کەشتیەکی گەورە دروست دەکات و چەند گیاندارێک و شیڤاو... تێدەکات و لە تۆفانەکە ڕزگاریان دەبێت[٥٧١].

٢. کیسەڵ (کورما)[٥٧٢].

٣. بەراز (ڤەراهە)[٥٧٣].

---

قورئانی هێنابا ئەوا وامان لێ دەکرد شتی بخواردایەو لەناو بازاڕدا بگەڕایەو وەکو ئێوە بووایە. ئەم نموونەیە مانای وایە خودا بەپێی یاسای پڕاکریتی لە پڕاکریتیدا کاردەکات.

٥٦٩- بڕوانە (س ١٨، ل ١٣).

٥٧٠- Matsya

٥٧١- بڕوانە (س ١٨، ل ٢٦). ئەم چیرۆکە زۆر هاوشێوەی چیرۆکی تۆفانەکەی نوحە کە لە پەیمانی کۆن و نوێ و قورئاندا باسی کراوە.

٥٧٢- Kurma.

٥٧٣- varaha.

٤. مرۆڤشێر (نرسنگە)[٥٧٤].
٥. ڤامنا[٥٧٥].
٦. پارتشوڕام[٥٧٦].
٧. ڕامچاندرە[٥٧٧].
٨. ڕامی بەهێز (بالارام)[٥٧٨].
٩. کریشنا[٥٧٩].
١٠. کالکی[٥٨٠]. ئەمەیان وەکو محەمەدی مەهد وایە کە شیعەو سونییە موسوڵمانەکان چاوەڕێی هاتنی دەکەن و کالکیش هەمان ڤیشنۆیە کە هیندیەکان چاوەڕێی دەکەن تا دیسان جیهان لە خراپە ڕزگار بکات.

بەپێی وانە ڤیداییەکان ڤیشنۆ ئەو خودایەیە کە لەناو هەموو شتێکدایەو لە ڕێگەی بوونییەوە لەناو هەموو شتەکاندا شتەکان دەپارێزێت. واتە ڤیشنۆ لە هەموو شوێنێک و هەموو شتێکدا هەیەو هیچ شوێنێک نییە ئەوی لێنەبێ، چونکە ئەو ڕۆحەو هەموو ئەم بوونەش لە ڕۆح پێکهاتووە. ئەمە مانای وایە

٥٧٤- Narsangha ئەو مرۆڤەیە کە نیوەی سەرەوەی لەشی شێرەو نیوەی خوارەوەی مرۆڤە. ئەو دەرکەوتەیەی ڤیشنۆ هێمایە بۆ پێگەیشتنی مرۆڤ لەسەر زەوی بەو شێوەیەی کە داروین باسی دەکات.

٥٧٥- Vamna.

٥٧٦ - Partshu Ram. ڕامی تەور بەدەست.

٥٧٧- Ram chandar مەبەست لەو ڕامایەیە کە لە داستانی بەناوبانگی ڕامایانادا باسی کراوە. ئەو داستانە یەکێکە لە پوڕانا حەماسییەکانی هیند لە (٥٠٠ بۆ ٢٠٠)ی پێش زایین لەسەر شێوەی هۆنراوە نووسراوە.

٥٧٨- Balaram.

٥٧٩- بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر کریشنا و پێگەی ئەو لە تێکستە ڤیداییەکان و ئایینی هیندۆیزمدا بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

Are there references about Lord Krishna in the srutis?
By: Horacio Francisco Arganis Juarez. Graduate in Linguistics and Literature at U A de C and M.A. in Gaudiya Vaisnava philosophy and Theology in IBCH.Reseacher Professor in Saltillo, Coahuila, Northeast of Mexico

٥٨٠- لە هەر ئایینێکدا ڕزگارکەرێک بوونی هەیە و ڕزگارکەری ئەم چەرخەش بەپێی ئایینی ڤیدایی کالکیە.

هەموو ئەرزو ئاسمانەکان دەرکەوتەی ڤیشنۆن و ئێمە هەموومان دەرکەوتەی ئەوین. کەس لە کەس زیاتر نییەو هەمووان لەوەوە هاتووین، بەڵام ئایا بۆچی کەسانی وەکو کریشناو بووداو ڤیاساو شانکاراو حەللاج و ئیبن عەرەبی لە کۆنداو کەسانی وەکو سای باباو پایلۆت بابا و هانس بابا لەم سەردەمەدا پێیان دەوترێت ئاڤەتار لە کاتێکدا بە خەڵکی دیکە ناوترێت. تەنیا جیاوازیەکە لەوەدایە ئەوان خۆیان ناسیوەتەوەو ئێمە هێشتا خۆمان نەناسیوەتەوە. ئەوەی خۆی ناسی دەزانێت کە بێجگە لە خوا لەودا بوونی نییە، کەواتە ئەو کەسە ئاڤاتارە. ئاڤاتار هەرکەسێکە خۆی ناسیبێتەوە و تەحقیقی خودای لە خۆیدا کردبێت. هەر لەبەر ئەمەیە شتێکی سەیر نییە دینەکان لەسەر ئاڤەتار شەڕیان بێت، هەندێک دەڵێن پێغەمبەرەکەی ئێمە ئاڤەتارە، وەکو عیساییەکان و هەندێکیش دەڵێن ئەوەی ئێمە ئاڤەتارە وەکو موساییەکان. هەموو پێغەمبەران دەرکەوتەی خودان وەک چۆن هەموومان دەرکەوتەی ئەوین، لە هەر دینێکدا بەناوێک یان چەند ناوێک ستایشی خودا کراوە، جا یان وەک کەس یان وەک شت. یاجورڤیدا لەم بارەیەوە دەڵێت:

«ئەوە ڤیشنۆیە وای لەم گەردوونە کردووە جێگیر بێت و
کۆنترۆڵی فراوانی کردووە.
بزانیت یان نا،
هەموو تەنەکانی ناو گەردوون لەلایەن پاڕاماتمانەوە دروست کراوە. لەبەرخاتری بەدیهێنەری گەورەیە کە ئێمە قوربانی دەکەین.
ئەمە دڵخۆشکەری خوداوەندی گەورە ساڤیتایە
کە ئەم بەخشینانە دەکەم».

لەم سوترایەدا چەند ناوێک هاتووە کە هەموویان وەکو ناوی خودا بەکارهاتوون، ڤیشنۆ، پاراماتمان، بەدیهێنەری گەورە (ماهاتماگارودا) و ساڤیتا. هەموویان دەرکەوتەی یەک شتن.

لە ڤیدادا وا بڕوا دەکرێت ڕیشی و یۆگی و گورو و برەهمەنیشتەکان دەرکەوتەی خودان وەکو چۆن هەورو ئاسمان و ڕووبارو خاک و ئاگر دەرکەوتەی ئەون. موحەمەد دەرکەوتەی خودایە، کریشنا دەرکەوتەی خودایە، عیسا

دەرکەوتەی خودایە، لە هێزی ماهاسی دەرکەوتەی خودایە، بهاگەڤان ئۆشۆ دەرکەوتەی خودایەو منیش دەکەوتەی خودام. کەس لەمانە خودا نین، بەڵکو هەمووان دەرکەوتەی خوداین، هەربۆیە وتنی ڕستەی (من ئەوم) بە دوو شێوە بەکاردێت[581]:

١. یان کەسێک وا دەڵێت کە گەشتبێتە ئەو ڕاستیە و نەتوانێت شتێکی تر بڵێ وەکو چۆن حەللاج دەیوت (انا الحق).

٢. یان بیەوێت بگاتە ئەو حەقیقەتە لە ڕێگەی سەلماندنی ئەو بیروڕایە لە خۆیدا کە ئەویش بە دووبارەکردنەوەی ئەو دەستەواژەیە دەبێت.

واتە ڕێگەی یەکەم ئەنجامەو ڕێگەی دووەم ئامانج، ئەوەی گەیشتۆتە ئەنجام پێی دەوترێت ئاڤاتار و ئەوەشی نەگەیشتوە پێی ناوترێت..

---

٥٨١- ئاهەم برەهمازمی، واتە من برەهمام یان من ئەوم. ئەم ئایەتە یەکێکە لە ئایەتە ڤیداییەکان.

# باسی شەشەم
# نزا

یەکێک لە ڕێگەکانی پەرستش لە ڤیداکاندا نزایە. زۆرینەی سوتراکانی سامهیتاکانی ڤیداش بەشێوەی نزاو پاڕانەوە نووسراون. نزایەک کە لە قووڵایی هەناوەوە دێتەدەر، لەو شوێنەوە کە لە خۆشەویستی زیاتر هیچ شتێکی لێ هەڵناقوولێت. لە سوامی مادهاڤاناندام پرسی باشترین شتێک کە مرۆڤ لە خودا نزیک بکاتەوە چیە؟ فەرموویان دوعا. هەمان پرسیارم لە سوامی ڤیشودهاناندا گیری کرد، هەمان وەڵامیان دامەوەو ساتیاسای باباش کە یەکێکە لە عارفە گەورە ڤیدایییەکان لە ئامۆژگاریەکانیدا هەمان وتە دووبارە دەکاتەوە: هەمیشە بپاڕێرەوە تا دەگەیتە خودا.

نزا ئەو گفتوگۆیەیە کە بەندە لەگەڵ خودای خۆی دەیکات بە مەبەستی نزیکبوونەوەی زیاتر لەو. شێوەی نزاکان هەندێکجار بە شێوەی بهاجان زەمزەمەی گۆرانی و وتنی مانتراو دوعاکانە لەبەر خۆتەوە، یان بە شێوەی (کرتان) واتە گۆرانی جەماعی دەوترێنەوە. هەموو کەسێکیش بۆی هەیە بە تەنهاو لەناو خۆیدا نزا بکات و هەست بە خودا بکات لە دەوروبەرو ناوخۆی. دوعاکردن ڕێگەیەکە بۆ نزیکبوونەوە لە خودا لە ڕێگەی ئەوەوە بەندە لە کاتی نزادا لەگەڵ یەزدان دەژی...

داوا لە یەزدان دەکات و بەمەش ئەو لە خۆی بە گەورەتر دەزانێت...

تەوەکول بەو دەکات و ئەو بە هێزی ڕەها دەداتە قەڵەم....

نزاکار دادەبڕێت لە دونیای ماددی و پەیوەندیی بەرقەرار دەکات لەگەڵ بێ سنور...

نزاکردن دەبێتە هۆی ئەوەی بیروڕای خوداو پیرۆزی لە دڵدا گەشە بکات....

نزاکردن بیر کۆدەکاتەوەو مرۆڤ لە پەرش و بڵاوی ڕزگار دەکات و ئارامی دەبەخشێتە مرۆڤ....

نزا هێمای پەیوەندیی تەندروستی نێوان خوداو بەندەیە...

هەرچی نزاکە قووڵتر و گەرمتر بێت، هەرچی زیاتر فرمێسک و هەناسەو ئاهی لەگەڵ بێت، هەرچی زیاتر تەنهاو تەنها داوا لەو بکرێت وەک ئەوەی داوا لە تاقانە دۆست بکرێت، بێگومان زیاتر خودا داواکان جێبەجێ دەکات. تەنانەت ئەو کاتانە خودا خۆی ڕاستەوخۆ وەڵام دەداتەوە.

سەرەتای نزا لای کەسێک کە هێشتا نەیتوانیوە بەتەواوی لەڕووی ڕۆحیەوە پێبگات بە داواکاریی شتی ماددی و چارەسەری کێشە ماددیەکان دەست پێ دەکات، بۆ نموونە بەندە هاوار دەکات (خودایە سەروەتم بدەرێ) یان (خودایا لەشم ساغ کە)، (خودایا نەوەی باشم پێ بدە)، ئەمانە کۆمەڵێک نزای سەرەتایین. پاش ئەمە نزا بە داواکاریی ڕۆحانی تر دەست پێ دەکات وەکو ئەوەی کە بەندە دەڵێت: «خودایە بەدوورم بکە لە دۆزەخ، یان خودایا بمخەرە بەهەشتەوە«. لە پلەی سێهەمی نزادا نزا تەنها داواکاریی خودایەو هیچی تر وەکو ئەوەی بەندە دەڵێت: «خودایا خۆتم بدەرێ و لە خۆتم نزیک بکەرەوە»

کۆتا پلەی نزا بێدەنگیە، بەندە نە داوای بەهەشت دەکات و نە داوای هیچی تر، چونکە ئیدی ئەو کاتە بەندە حەزو ئارەزوویەکی نییە و پڕپڕە لە خودا، پڕە لە نەشوەو شادی، پڕە لە ئاناندا، پڕە لە تەکامول.

سەیرە کە نزا بەرەو بێ نزایی دەتبات، بەرەو کوێری و نەبوون و کوژانەوەی مۆمەکان و ئاگرەکانت دەبات، ئەوانەی گەشتوونەتە شێوە نزای سێهەم وردەوردە بێدەنگ دەبن و هیچ ناڵێن و تەنیا بەئاگان بەرامبەر خودا کە لەواندا بوونی هەیە. دەگەنە ڕەوتێکی وا کە ئیدی داوایەک بوونی نامێنێت، چونکە پێیان وایە خودا خۆی باشتر هەموو شتێک و داوایەکی بەندە دەزانێت و نەک هەر ئەمەش، بەڵکو ئەوان چۆن دەتوانن داوا لە خودا بکەن لە کاتێکدا خۆیان و خودا یەکن. ئەوان لەبری داوا لە خودا دەبنە خودا خودا. دڵۆپەی باران دەگەڕێتەوە ناو ئۆقیانووس و بۆ هەتاهەتایە هیجران و دووری کۆتایی دێت و ئەوەی دەمێنێتەوە بێ ناوو بێ وێنە و بێ لەکەیە.

# باسی حەوتەم
# دوو تێکستی گرنگ

دەمەوێت لە کۆتاباسی ئەم کتێبەدا کە باسی حەوتەمی[٥٨٢] فەسڵی چوارەمە[٥٨٣]، دوو تێکستی پیرۆزی هیندی پێشکەش بە خوێنەری خۆشەویست بکەم کە یەکیان کایڤالیائوپانیشادەو ئەوی تر نارایان ئوپانیشادە. ئەم دوو دەقە شایەنی هەڵوێستەن، ئەوەی ئێمە پێشتر باسمان کرد لەم دوو دەقەدا بە چڕی و ڕوونی دەیبینی. دەقی یەکەمیان باس لە مەقامی یەکبوون لەگەڵ خودا دەکات و دەقی دووەمیشیان باس لە خودی خودا دەکات.

## کایڤـالیا ئـوپـانـیـشـاد[٥٨٤]

١. ئاشڤالایانا[٥٨٥] داوای لە برەهما کرد کە (من فێری مەعریفەتی برەهما[٥٨٦] بکات)، ئەو زانستەی کە زانایان و ڕەندانی مەعنەویەت بەردەوام بەدوایدا وێڵن، ئەو زانستە نهێنییەی کە بزانی ئەو بەخێرایی لە خەوش و قورساییەکان ڕزگاری دەبێت و دەگاتە ئەو ڕاستییە واتاییەی کە باڵاترین و گەورەترینە.

٢. برەهمان ئاوا جوابی ئاشڤالایانای دایەوە: بە کەڵکوەرگرتن لە یەکەم: ئیمان و دووەم: خۆدانە دەستی ڕاستەقینە بە پیر و سێهەم: چاودێریی قووڵ، بگەڕێ

٥٨٢- ژمارە حەوت یەکێکە لە ژمارە پیرۆزەکانی هیندستان و ناو ڤیداکان، چونکە حەوت بەرگی لەش هەیە، حەوت چاکرا هەیە، حەوت ئاسمان هەیەو هتد....

٥٨٣- ژمارە چوار یەکێکە لە ژمارە پیرۆزەکانی هیندستان، هەربۆیە زۆرینەی دەقە کلاسیکییە هیندییەکان دابەشکراونەتە سەر چوار بەش، بڕوانە یۆگاسوترا، هاتایۆگاپرادیپیکا، چوار ڤیداکەو یۆگاڤاشیستا.

٥٨٤- ئەم ئوپانیشادە لەلایەن سوامی مادهاڤاناندا (برزۆ قادری) کراوە بە فارسی و دکتۆر محمد احمد کردوویەتی بە کوردی و بەندە پەراوێزم بۆ کردووە. ئەم ئوپانیشادە پێشەکییەکی بەڕێز سوامی مادهاڤاناندای لەگەڵدا بوو کە من بە پێویستم نەزانی لێرەدا بینوسم.

٥٨٥- کایڤالیائوپانیشاد پێکدێت لە (٢٥) دەستەواژەو ئەمانەش کۆمەڵە دەرک و سروشێکن کە ئاشڤالایانا (Ashvalayana)ی زاناو ڕیشی کۆنی هیند لە برەهما (ڕۆحی خواوەند)ی وەرگرتووەو وەکو چرایەک لەسەر ڕێگەی ڕێڕەوان و گەڕۆکانی مەعنەویەتی داناوە.

٥٨٦- Brahma vidya

بە شوێن برەهمەن، چونکە (ئەو) بە یەکەم: کاری باشی زۆر، دووەم: کرداری باشی منداڵەکانتان، و سێهەم: سامان و بەخشینی ئەو هەرگیز بەدەست نایەت.

(ئەو) کاتێک بەدەست دێت کە بەتەواوەتی خۆت ڕزگار کردبێت لە حەزو ئارەزووەکان[٥٨٧].

٣. ئەو حەقیقەتە باڵاو شادییە بێ سنورە[٥٨٨] لە ژووری دڵدا دەدرەوشێتەوە و ڕووناکی دەبەخشێت.

٤. ئەو قەلەندەر و ئازادانەی[٥٨٩] کە بەهۆی چاودێری و ڕیازەتەوە دەرکیان بە واتای ڕاستەقینەی ڤیدانتا کردووەو مسی وجودی خۆیان بە کیمیای ناپەیوەستبوون کردۆتە ئاڵتوون و لە هەرێمی برەهمەندا جێگیر بوون. ئەوان بە تێپەڕکردنی سنوری کات (لە کاتی مردندا) دەگەنە ڕزگاری و ڕەهابوون و هەتاهەتایە لەو مەودا باڵایە (Brahma loka)دا سەقامگیر دەبن[٥٩٠].

٥. (بۆ گەیشتن بەم ئاکامە باڵایە) ڕێڕەو دەبێت خۆی لە پیسی و ناپاکی ڕووکارو ناوەوە پاک بکاتەوە و لە چۆڵی و بێدەنگیدا و بەبێ هیچ جۆرە جموجوڵێک لە باری سوکهاسانا (دانیشتنی چوارمشقی، پشت ڕێک و سەر لە ڕێکی بڕبڕەکانی پشت) دابنیشێت و بە خۆدانە دەست و تەسلیمبوون بە ئامۆژگاریەکانی پیر خەریکی کۆنترۆڵ و ڕێکوپێککردنی هەستەکانی بێت و واز لە هەموو ئەو شتانە بهێنێت کە بەرەو خۆیانی ڕادەکێشن[٥٩١].

٦. وە چاودێری بکات لەسەر گوڵی شین (لوتوس)ی دڵ، ئەو ڕاستیەی

---

٥٨٧- لەبەرئەوەی حەزو ئارەزوو مایەی بەهێزکردنی دیوارەکانی جیڤاتمانن کە لەناوچوونی پێویستە بۆ یەکگرتن لەگەڵ خوداو بەدەستهێنانی زانینی برەهمەن.

Ananda svarupa -٥٨٨

Sannyasin -٥٨٩

٥٩٠-تێپەڕاندنی سنووری کات واتە ڕزگاربوون لە لەدایکبوون و مردن، بە مانایەکی دیکە واتە ڕزگاربوون لە سامسارا کە مەبەستی یەکەمی ئەم ڕێگەیەیە.

٥٩١- پاش ئەنجامدانی پاککردنەوەکان کە لە بەشی یۆگادا باسمان کردو ئەنجامدانی ئاسانا (سوکهاسانا) و خۆتەسلیمکردن بە پیر (نیاما) پێویستە سالک بە تەنها بچێتەوە ناوخۆی و لەناو خۆیدا دەرکی وجودی خودا بکات و هەستەکانی بکێشێتەوە لە بابەتەکان، دەبێت سالک لە سنوورەوە بڕوات بەرەو بێ سنووری.

که خاڵیە لە هەر جۆرە غەم و پەشێوییەک. لەسەرووی قەبارەی ئەقڵ و خەیاڵەوەیە. شاراوەیەو لەهەمانکاتیشدا لە شێوەگەلی ناکۆتادا خۆ دەردەخات. شادی و ئارامی ڕەهایە. ئەو برەهمەنە[٥٩٢].

٧. (ئەو) سەرەتا و نێوان و کۆتایی نییە. ئەو یەکتایە، لە هەموو شوێنێکدا بوونی هەیەو خۆشی و حیکمەتی ڕەهایە. ئەو سەیروسەمەرو بێ شێوەیە.

٨. (ئەو) برەهماو شیڤاو ئیندریایە. ئەو نەگۆڕو لەناونەچووە. گەورەتر لە گەورەیەو زات و بوونی ئەو پەیوەست نییە بە شتی ترەوە[٥٩٣]. ئەو ڤیشنۆیەو هەروەها پڕاناو کات[٥٩٤] و ئاگرو مانگیشە.

٩. هەرچی هەیەو دەبێت هەر ئەوە. ئەو نەمرە. بە ناسینی ئەو ڕێڕەو بەسەر مەرگدا زاڵ دەبێت و دەگاتە ئازادی. بەبێ ناسینی (ئەو) ڕێگەیەک نییە بۆ دەربازبوون.

١٠. بە بینینی خود (Atma) لە هەموو بوونەوەرەکانداو گشت بوونەوەرەکان لە خوددا، کەسەکە دەگاتە (برەهمەن)، نەک لە ڕێگەیەکی ترەوە[٥٩٥].

١١. ئەی خاوەنی دەرک و بینین، جەستەت بکە داری ژێرەوەو پڕاناڤا (Pranava) بکە داری سەرەوەو بە پرشنگی مەعریفە (Jnana) خۆت لە داوی نەزانی ڕزگار بکە[٥٩٦].

١٢. ڕۆح (Atma) کە بە بەرگی (مایا- Maya) (داپۆشرا[٥٩٧]، دۆخی ماددە بە خۆی دەگرێت و بە کەڵکوەرگرتن لە لەش و هێزەکانی (لە دنیای مایا) دەست

٥٩٢- هەمیشە تایبەتمەندیی وجودو زانین یان ئاگایی و شادی پێکەوە باسیان دەکرێت لە ئوپانیشادەکاندا، چونکە بەپێی بیروڕای ئوپانیشادی خودا خاوەن سێ سیفەتی سەرەکییە کە سات چیت ئاناندایە، واتە بوون و زانین و خۆشی.

٥٩٣ - واتە ئەو ڕاگیرە لەسەر زاتی خۆی.

٥٩٤- کات گرنگترین ڕەگەزی ناو جیهانی دەرکەوتەیە.

٥٩٥- کایڤالیا ئوپانیشاد پێی وایە مرۆڤ تەنها لە ڕێگەی ناسینی خۆیەوە دەتوانێت خودا بناسێت. ئەم ڕایە هەمان ڕای ئیبن سینایە کاتێک لەسەر یەکێک لە فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلامەوە دەڵێت: «من عرف نفسه فقد عرف ربه» واتە ئەوەی خۆی ناسی خوا دەناسێت، چونکە ئاتمان هەمان برەهمەنە.

٥٩٦- ئەم دەستەواژەیە ئاماژەیە بۆ قوربانییە ڤیداییەکان کە داریان کۆدەکردەوەو ئاگریان دەکردەوەو قوربانییەکانیان تێدەکرد.

٥٩٧-مایا بە کۆمەڵێک مانا هاتووە لەوانە: سەراب، عەشق، ڕوپۆش، هەڵخەڵەتێنەر.

دەداتە هەر کارێک و لە باری بێداری (Jagrat)دا لەو تام و چێژەی کە لە ژن و خۆراک و شەرابدا هەیە بەرخوردار دەبێت.
١٣. لە بارودۆخی خەو و خەیاڵیشدا ئەزموونی خۆشی و غەم بە شێوەی شەخصی دەرک دەکرێت. ئەم ئەزموونە لەو جیهانگەلە دایە کە لە داوی مایادا گرفتارن. (تاکە کەس لە حیجابە جیاجیاکانی ئاگاییدا و لە سنوری بێداری و خەیاڵدا، غەم و شادی پەیوەست بە (من) و سنوردار دەزانێت)، بەڵام لە بارودۆخی خەوی قووڵی بێ خەیاڵدا[٥٩٨]، مەودایەک کە تێیدا هەموو شتێک شاراوەو تاریکە، تاکە کەس دەتوانێت ئەزموونی شادیی قووڵ بکات.
١٤. تاکە کەس (Jivatma) بەپێی کرداری ڕابردووی خۆی دووبارە و دووبارە لە خەو هەڵدەستێت و دەخەوێتەوەو لە سێ قۆناغی ئاگایی (بێداری، خەیاڵ و خەوی قووڵ) کە لەو سێیەوە جیهانگەلێکی زۆر دروست دەبێت، چێژ وەردەگرێت، وە لەم سێیەدا زاتێک هەیە کە ئەوان پەیوەستن پێوەی.
(ئەو) شادی و زانستێکی ڕەهایە کە ئەم سێ پلەیەی ئاگایی لەودا نەشیاون. (ئەم سێ پلەیەی ئاگایی سەبارەت بە مرۆڤ بە سێ جەستەی درشت (Gross body)، زەریف (Subtle body)، هۆکاری (Causal) دەناسرێنەوە).
١٥. لە ڕۆح (Atma) هێزی ژیان (Prana)، زهن و هەستەکان دروست دەبێت و هەر لەویشەوەیە کە فەزا (Akasha) و با و ئاگر و ئاو و خاک کە پارێزەری گشت بوونەوەرەکانن[٥٩٩]، دەردەکەون.
١٦. (ئەو) بڕەهمەنی مەزنە، (ئەو) نەفس و گیانی هەموانە. (ئەو) ژێربینای هەموو جیهانەکانە.( ئەو) زەریفتر لە هەر زەریفێکە. (ئەو) نەمرە. (ئەو) تۆیت و تۆش (ئەو)یت.
١٧. ئەو کەونەی کە بە سێ دۆخی بێداری و خەیاڵ و خەو دەرکەوتووەو بە ناوی بڕەهمەن دەناسرێت (من)م. (هەر کەس لەو هێمایە تێبگات) لە گشت داو و گوناحەکان سەربەست و ئازادە.
١٨. لەم سێ مەودای ئاگاییەدا هەر شتێک دەربکەوێت، تەنها بابەتێکە بۆ

٥٩٨- واتە لە باری دهیانادا.
٥٩٩- بوونەوەری ماددی لە ڕۆح و پڕانا و زهن (کە لێرەدا مەبەستی ئەقڵە) و بۆشایی و هەواو ئاگر و ئاوو خاک دروست بوون.

لەززەت و تامچێژتن، یان تامدەرە یان تامکەر.(من) بەدەر لەوانم. ئەوەی بەئاگاو بینەری ئەم سێ دۆخەیە، ئاگایی پاک و هەمان شیڤای نەمرە[٦٠٠].

١٩. هەموو شتێک لە منەوە دەرکەوتووە (Brahma)، وە هەموو شتەکان لە مندا بوونیان هەیە (Vishnu) و هەموو شتێکیش بۆ لای من دەگەڕێتەوە (Shiva). ئەو قەلەندەرو ڕێڕەوەی کە دوو خودایی و دووانەیی تێیدا بوونی نییە (من)م.

٢٠. لە هەر تیوارێک تیوارترم، لە هەر گەورەیەک گەورەترم. جیهانە جۆراوجۆرەکان منم. کۆن منم[٦٠١]. خوداوەندی ڕەنگ ئاڵتوونی منم! (ئیشارە دەکات بە هیرانیاگاربها). من شیڤام.

٢١. (لەگەڵ ئەوەدا کە هێزی من بێ سنوورە) خاوەنی دەست و پێ نیم. هێزو توانایی من دەرک ناکرێت. من چاوم نییەو دەبینم، گوێم نییە و دەبیستم و زانای هەموو شتێکم. من یەکپارچەم. کەس توانای دەرککردنی منی نییە[٦٠٢]. من هەمیشە ئاگاییەکی بێ خەوش و ڕەهام.

٢٢. لەڕێی منەوە (ڤیداکان) دەناسرێن. من دروستکەری ڤیدانتا و زانای ڤیداکانم. نە پاداشتم پێدەگات و نە گوناحی شتێک لەسەر من کاریگەر دەبێت. گومان ناکرێت لەناوچوون و کەماڵ لە مندا هەبێت. من جەستەو هەستم نییە و (لەسەرووی عەقڵی ئێوەوەم).

٢٣. هیچ کامێک لە خاک و ئاوو باو ئاگرو فەزا نیم[٦٠٣]. بۆ ناسینی (خود) ی باڵا، جێگیربوون لە ئەشکەوتی دڵدا پێویستە. بینینی هەموو شتێک بەبێ دووانەیی بوون و نەبوون، کەسەکە دەگەیەنێتە سروشتی بێ خەوشی (خودی مەزن).

---

٦٠٠- خودا دەڵێت من تۆم کەواتە ئەو (من)ەی ئێمە کە لەم سێ جیهانی ئاگاییەدا لەززەت دەبینێت و سنووردارە (مایا)و سەرابەو خودی ڕاستەقینەی ئێمە نییە.

٦٠١- لێرەدا وشەی (قدیم) هاتووە، واتە ئەوەی هەر هەیەو هەر دەشبێت.

٦٠٢- مەبەست لەوەیە کەس ناتوانێت لە ڕێگەی بوونیەوە لە سێ جیهانەکەدا دەرکی ئەو بکات. ئەو تەنها بە تێڕامان لەسەر لوتوسی دڵ دەرک دەکرێت نەک بە بیرکردنەوەو خەیاڵات.

٦٠٣- لە ئایەتی (١٥و ١٦)دا دەوترێت کە ڕەگەزە دروستکارەکانی ماددەش هەر ئەوە، بەڵام لێرەدا دەوترێت کە ڕەگەزەکان ئەو نین. ئەوان لە خوداوە هاتوون، بەڵام مادام کە بە بەرگی مایا سنووریان بۆ خۆیان پێکهێناوە کەواتە خودا نین.

٢٤. هەر کەسێک (ساتارودریا (Satarudriya)[٦٠٤] (بخوێنێتەوە پاک و بێ خەوش دەبێت. هەروەک چۆن ئاڵتوونی کەم عەیار لە ئاگردا بێ خەوش و پاک دەبێتەوە، دووبارە خوێندنەوەی ساتارودریاش کەسەکە بێگەرد و بێخەوش دەکات.

٢٥. ئەو کەسەی دەرک بە نهێنییەکانی ئەم ئوپانیشادە بکات و چاودێری لەسەر بکات، زانستێک بە چنگ دەهێنێت کە ئەو لە ئۆقیانووسی لەدایکبوون و مردن دەرباز دەکات. بە بەدەستهێنانی هۆشیاریی و ئاگایی تەواو لەسەر ئەم ئوپانیشادە تاکە کەس دەگاتە باری شکۆداری (کەیڤالیا)[٦٠٥].

## نارایانا ئوپانیشاد[٦٠٦]

١. زاتی یەکتای نارایان[٦٠٧] ویستی کە (من زۆر ببم و خۆم دەربخەم)[٦٠٨]. یەکەمجار

---

٦٠٤- ساتارودریا یەکێکە لە نزاکانی ناو یاجورڤیدا کە وەسفی خودا دەکات وەک کۆی دژەکان، واتە خودا بە بیناکاری کاولکار، ڕووخێنەری دروستکار دەدات لەقەڵەم. گرنگی ئەم نزایە ئەوەیە ئێمە وا لێ دەکات بچینە ئەودیو تێگەیشتنە مادديیەکانی خۆمانەوەو بزانین کۆباسێک بوونی هەیە کە لە پشت پەردەی مایاوەیە. بەوەش ئیگۆو سنووورداری ئێمە کۆتایی پێ دێت.

٦٠٥- کایڤالیا واتە بوون لە خودداو بۆ خود. ئەم بارە پێی دەوترێت سامادهی و یەکێکە لە مەقامەکانی یەکبوونی یۆگی لەگەڵ خودا، تیایدا یۆگی زاڵ دەبێت بەسەر دونیای ماددیداو ئیدی ناکەوێتە ژێر کاریگەریی سێ جیهانەکەوە.

٦٠٦- نارایان ئوپانیشاد یەکێکە لە هەرە گەورەترین ئوپانیشادەکان کە سەر بە ئاتەرڤەڤیدایەو کۆبای تایبەتی لەسەر وەحدەتی ئیلاهی و یەکێتی بوونە. ئەم ئوپانیشادە لەسەر وەرگێڕانەکەی محمد داراشکۆ وەرگێڕاوە و خراوەتە سەر زمانی کوردی.

٦٠٧- یەکەم وشە لەم ئوپانیشادەدا وشەی پوروشایە کە بە مانای زات دێت. زات بە مانای کەسێتییەکی باڵاترە لە کەسێتییەکانی دیکەو بۆ شتێکی پیرۆز بەکار دەهێنرێت. هەمیشە زات سەربەخۆیە. نارایان ئەو زاتەیە کە هەمووان لەودا هەن و ئەویش لە هەمووان‌دا هەیە. هەروەها نارایان بە مانای یەکەم مرۆڤ دێت کە هەمیشە دەمێنێت. نارایان یەکێکە لە ناوەکانی ڤیشنۆی پارێزەرو بڕەهمای خالق.

٦٠٨- خودا لە ڕێگەی ویستەوە بوونەوەری دروست کرد، وە ئەم دروستکردنەش تەنها لە ڕێگەی خۆدەرخستنەوە بووە نەک لە ڕێگەی هێنانە بوونەوە. واتە بوونەوەر هەتاهەتایی و هەمیشەییە نەک تازەو دروست بوو. خودا ویستی دەربکەوێت و دەرکەوت. واتە هەموو بونەوەر هیچ نییە جگە لە دەرکەوتەی خوداوەند. هەروەها واتای ئەوەیە ئەم بوونە لە وەحدەتەوەیە بۆ کەسرەت.

پڕانا لەوەوە دەرکەوت و دڵ دەکەوت[٦٠٩] و هەستە دەرەکی و ناوەکیەکان دەرکەوتن[٦١٠] و (بهوت ئاکاشا) دەرکەوت[٦١١] و (با) و ئاگر دەرکەوتن و ئەو خاکەی هەموومانی لێوە هاتووین دەرکەوت[٦١٢] و لەو زاتە (ناڕایان) هێرانیاگاربها دەرکەوت، و ئیندرا دەرکەوت، و ماهادێڤا دەرکەوت، و پرەجاپاتی دەرکەوت، و ساڵ کە دوانزە مانگە دەرکەوت، و یازدە ڕودراکە دەرکەوتن، و هەشت ڤاسوو دەرکەوتن، و هەموو فریشتەکان و گیاندارەکان، و هەمووان لەوەوە دەرکەوتن و لەودا فەنا دەبن.

٢. ئەو ناڕایانەی کە ئەو هەمووە لەو دەرکەوتوون، یەک و یەکتایە و هەمیشە ڕاگیرە بە زاتی خۆی. هەمان ناڕایان برەهمایە و هەمان ناڕایان ماهادێڤایەو هەمان ناڕایان ئیندرایە و هەمان ناڕایان دوانزە مانگی ساڵ تەواوەو هەمان ناڕایان یانزدە ڕودراو هەشت ڤاسووەکەیەو هەمان ناڕایان ئاشنی کومارەو هەمان ناڕایان هەموو ڕەکیشران و ئەولیاکانەو هەمان ناڕایان زەمانەو هەمان ناڕایان ڕووکارو خوارووی ڕووکارە، سەرەوە ناڕایانەو خوارەوە ناڕایان، پێشەوە ناڕایانەو دواوە ناڕایان، ڕاست ناڕایان، چەپ ناڕایان، لە ناوەوە ناڕایان، دەرەوە ناڕایان، هەرچی بووەو هەرچی دەبێت و هەرچی لە داهاتوودا دەبێت ناڕایانە. ئەو ناڕایانە هەمیشەییەو ئەو ناڕایانە پارچەپارچەنەبووەو ئەو ناڕایانە باس ناکرێت و ئەو ناڕایانە گۆڕانی نییەو ئەو ناڕایانە پاک و بێ خەوش و ڕووناکە، ئەو دووەمی نییە و هەرکەسێکیش ئەو بناسێت دووەمی نییە.

هەرکەس لەشی خۆی بە ڕەتهە (گالیسکە) بزانێت و زانین بە پاککەرەوەی گالیسکەکە بزانێت، دڵی خۆی بە پەتی هێڵەرەوەی ڕەتهە بزانێت و هەستەکان

---

٦٠٩- ماناس لێرەدا بە مانای دڵ وەرگێڕدراوە و بەکاردێت، لە ڕاستیدا ماناس واتە زهن و هەندێکجار بە دڵ دەناسێنرێت.

٦١٠- هەستە دەرەکییەکان بیستن و بینین و تامکردن و بۆنکردن و بەرکەوتنن و هەستە ناوەکییەکانیش پێنج تانماتراکەن واتە هێزی بیستن و هێزی بینین و هێزی بۆنکردن و هێزی تامکردن هێزی تاکردن.

٦١١- بهوت ئاکاشا واتە فەزا.

٦١٢-با (ڤایوو)و ئاگر (ئاگنی)و ئاو (ئاپاس)و خاک (پریتیڤی) لەگەڵ بهوت ئاکاشا ئەو پێنج ڕەگەزەن کە بوونی مادییان لێ پێک هاتووەو پێیان دەوترێت ماهابهوتانی.

بە کوژەری ڕەتهە بزانێت و جیڤاتمانی خۆی سواری ڕەتهە بکات و خۆی بگەیەنێتە کۆتایی داوا، کە زاتی ڤیشنۆیە و لەناونەچووەو بێ کەموکوڕییە، خۆی دەگەیەنێتە ئەو مەقامەی کە خاوەنی هەموو مەقامەکانە. هەرکەس ئەم ئەپەنکەتەی ناڕایان بخوێنێت و تێی بگات، لە هەموو کۆت و بەندەکانی جیهان و هەموو گوناحەکان و گوناحی (داواکردنی پاداشتی کردەوە) ڕزگاری دەبێت. ئازاد دەبێت و خۆی دەبێتە ڤیشنۆ، واتە دەبێتە وێنەی پەروەردگار، دەبێتە پەروەردگار. ئەمە گوشراوی ئاتەرڤەڤیدایە.

٥. هەرکەسێک ئەم ئەپەنکەتە لە بەیانیاندا بخوێنێت هەموو گوناحەکانی شەوی ڕابردووی دەبەخشرێت و ئەگەر کاتی شەو بیخوێنێت هەموو گوناحەکانی ڕۆژی دەبەخشرێت و هەرکەس لە هەردوو کاتەکەدا بیخوێنێت، گوناحی نامێنێت و ئەگەر نائەنقەست گوناحێکی کردبێت ئەویش دەبەخشرێت، و ئەگەر لە کاتی نیوەڕۆدا ئەو ئەپەنکەتە ڕوو بەرەو خۆر بە پێوە بخوێنرێت پێنج گوناحەکە کە لای ئەوان گەورەیە دەبەخشرێت و گوناحی لادان لەو ڕێگەو ئایینەش کە خودا فەرمانی پێ کردووە دەبەخشرێت. هەرکەسێک تینوی خوێندنەوەی هەموو ڤیداکان و دۆزینەوەی بەروبوومی خوێندنەوەیان بێت و بۆی نەکرێت بیانخوێنێت، لە خوێندنەوەی یەکجاریی ئەم ئەپەنکەتە بەروبوومی خوێندنەوەی هەموو ڤیداکانی دەست دەکەوێت. هەروەها هەر کەسێک بیەوێت تەمەنێکی سروشتی هەبێت و لە هەموو تەمەندا کاری چاک بکات، ئەو ئەپەنکەت ناڕایانە بخوێنێت لە دونیادا دەگاتە گەنجینەی بەنرخ و هەموو داواکاریەکانی وەک ئەوەی داوای کردووە بەدی دەهێنێت و دەگاتە شادومانی مەعریفە، واتە ئەو لەناوناچێت.



وێنەی گارودای باڵ ئاڵتونی



وێنەی ئاگنی



وێنەی بڕەهما



وێنەی ماروتەکان



وێنەی سۆما



وێنەی سوریا



**وێنەی ڤارونا**



**وێنەی ئوما**

# فەرهەنگی زاراوە سانسکرێتیەکان

ئۆم: ناوی گەورەو پیرۆزی خودایە، هیچ مانایەکی نییە. یەکەمین لەرینەوەی کەونییە کە هەموو شتێکی لێ دروست بووە.

ئۆم کارا: بڕگەی ئۆم.

ئاتمان: ڕۆحی مرۆیی، ڕۆحی تاکە کەسی. دەرکەوتەی سنورداری خودایە

ئاهیمسا: ناتوندوتیژی، ئازارنەگەیاندن.

ئاپارا: بەرز.

ئاستیا: دزینەکردن.

ئانگا: بەش، ئەندام.

ئاکاشا: فەزا.

ئاشتانگا: هەشت ئەندام، هەشت لق.

ئاتەرڤەڤیدا: چوارەم و کۆتا تێکستی ڤیدایە.

ئاناهاتا: مەڵبەندی دەنگ. چوارەم چاکرایە لە لەشی پڕانیکدا کە بە چاکرای دڵ ناودەبرێت.

ئاهەمکارا: منێتی. پاش پڕاکریتی و ماهات سێهەم دەرکەوتەی پوروشایە. هۆکاری هەبوون مانەوەی شتەکانە.

ئاسمیتا: خۆپەسەندی، خۆپەرستی.

ئادهارما: ناقانوونی. دهارما یاسای کەونییەو ئادهارما واتە ئەو شتانەی دژی یاسای کەونین یان ئەو شتانەی لەگەڵ یاسای کەونی نایەنەوە.

ئاسانا: بار، حاڵەت، تەکنیک. مەبەست لە حاڵەتێکی جەستەییە کە مرۆڤ تیادا بتوانێت بمێنێتەوە بێ جووڵەو ئازار.

ئاگنی: ئاگر، لە ڤیدادا مەبەستی ئاگری دەرەکیەو لە ئایورڤیدادا مەبەستی

هێزی میتابۆلیزمە.
ئادهی یوتیک: ئازارە سروشتیەکان کە دێنەر سەر ڕێی مرۆڤ.
ئاستیکا: بڕوادار، مەبەست لەو دارشانایانەی سەر بە ئایینی هیندۆیزمە کە بڕوایان بە خودا یان لانی کەم بە ڕۆح هەیە.
ئاپڕی گراهە: بێ تەماعی.
ئاپاس: ڕیازەت. چەند ڕاهێنانێکی تایبەتە بۆ کۆنترۆڵی ئیرادەو نەفس.
ئایشڤاڕیام: حوکمڕانی، یەکێکە لە تایبەتمەندیەکان ڕۆحی کەونیی پورڕوشا.
ئادهیاڤاسایە: تصدیقکردن. یەکێکە لە تایبەتمەندیەکان ڕۆحی کەونی.
ئاهەم: من.
ئانوشتوپا: یەکێکە لەو بەحرە شیعریانەی ڤیداکانی لەسەر نووسراوە.
ئاشنیکا: یەکێکە لەو بەحرە شیعریانەی ڤیداکانی لەسەر نووسراوە.
ئاکارشنا: تیر.
ئاکشاپاداگۆوتاما: ناوی یەکێکە لە ڕیشییە دێرینەکانی هیند کە نیایا دارشانای دامەزراندووەو تێکستی نیایاسوترای نووسیوە.
ئایورڤیدا: زانستی ژیان. لقێکە لە زانستە ڤیداییەکان دەکۆڵێتەوە لە تەمەندرێژی و تەندروستیی جەستەیی و چارەسەری نەخۆشیەکان.
ئانتەرمۆونا: بێدەنگیی ناوەکی.
ئارامبا ئاڤاستا: یەکەم پلەو مەقامی پڕانایامای یۆگای پاتانجالیە.
ئانتارانگا شاکتی: وزەی ناوەکی، مەبەست لەو وزە ناوەکیەیە کە خودا لە ڕێگەیەوە دەرکەوتووە.
ئاسات: ناحەقیقی.
ئاما (ئاگادا): ژەهر.
ئاڤاتار: دەرکەوتە. بە مانای دەرکەوتنی خودایە لە کەسێکی تایبەتدا لە ڕێگەی کردارەکانی ئەو کەسەوە.
ئوپاڤیدا: ڤیدای سانەوی.
ئاکلیشتا: ئازاربەخش.
ئاجنا: مۆڵگەی زانین. ناوی شەشەم چاکرایە لە لەشی مرۆڤدا. شوێنی ئەو

زانینە ئیلاهیەیە کە سۆفیەکان (علم من لدن)ی پێدەڵێن.
ئاسورا: شەیتان.
ئاگاداتانترا: ژەهرناسی، لقێکە لە زانستی ئایورڤیدا.
ئوتارا میمانسا: بەشێکە لە دارشانای میمانساو زیاتر باس لە مەعریفەی برەهمەن دەکات.
........
باهیاکاشا: فەزای دەرەکی.
باندها: قفڵ.
باهیرانگاشاکتی: وزەی دەرەکی خودا.
بهاگاڤادگیتا: سرودی خوداوەند. دەفتەری شەشەمی ماهابهاراتایە، یەکێکە لە ئوپانیشادەکان.
برەهمەن: خوداوەندی ڕەهاو بێ سنور لە ئوپانیشادەکاندا.
برەهما: پێکهێنەر، دروستکار، خودایە لە پلەی دروستکاردا واتە (الخالق).
برەهمەچاریی: خۆگرتنەوە لە جنس. کۆنترۆڵی سێکس.
بهاستریکا: یەکێکە لە ڕاهێنانەکانی هەناسە لە پرانایامای هاتایۆگادا.
بودهی: ئەقڵی تاکە کەسی.
بوودا: ڕۆشنبووەوە. ئەقڵێک کە گەیشتۆتە ماهات، واتە ئەقڵی کەونی. بە هەسارەی عەتاردیش دەوترێت.
...........
جنانا: زانین، ئەپستمۆلۆژی.
جنانایۆگا: یەکبوون لە ڕێگەی مەعریفەوە.
جناناڤیدیا: زانینی مەعریفی.
جالانیتی: شتنی لوت بە ئاو. یەکێکە لە ڕاهێنانە سلوکیەکانی هاتایۆگا بۆ پاککردنەوەی ڕێڕەوی هەناو و ڕێڕەوی مەعریفە.
........
دهارما: قانوون، یاسا، دین. مەبەست لەو قانوونە کەونیەیە کە پڕاکریتی بەڕێوە دەبات.

ساناتانادارما: قانوونی کەونی.
دهیانا: چاودێری، تێڕامان، کۆکردنەوەی زهن لەسەر بەتاڵی، بەتاڵییەک کە ناوو فۆڕمی تیا نەبێت.
دهارانا: وردگەری، تەرکیز. کۆبوونەوەی زهن لەسەر شتێک بێ لادان لێی.
دۆشا: حاڵەتی بوونی شتێک لە بارێکی تایبەتدا. مەبەست لەو سێ دۆشایەیە کە مرۆڤی بەسەردا دابەش دەکرێت لە ئایورڤیدادا و پێکدێت لە کافاو ڤاتا و پیتا.
دارشانا: ڕێگە. دیدگا.
دریشتی: ڕوانین، سەیرکردن.
دهانور: کەوان.
دهانور ڤیدا: زانستی جەنگی ڤیدایی.
دیڤیا چیکیتسا: چارەسەری ناخودئاگایی.
...........
هاتا: خۆرو مانگ، بڕگەی (ها) هێمایە بۆ خۆرو بڕگەی (تا) هێمایە بۆ مانگ.
هاتایۆگا: یەکبوون لە ڕێگەی یەکبوونی هەردوو هێزی خۆر و مانگ یان هەردوو لای ڕاست و چەپی مێشک.
هاستا: دەست.
هاریدایا: دڵ
..........
مالا: تەزبیح.
مۆلادهارا: ڕیشە، بنچینە. ناوی چاکرای یەکەمە لە لەشی پڕانیکدا.
مانی پورا: شاری جەواهیرات، سێهەمین چاکرایە و دەکەوێتە سەر ناوک
مانترا: وشەی پیرۆز.
مادهاڤا: بەخت و شانس. یەکێکە لە ناوەکانی کریشنا.
ماکارا: بڕگەی میم.
ماناس: زهن.

ماهات: ئەقڵی گشتی. لۆگۆس.
ماها: گەورە.
ماهیشڤارا: خودای گەورە.
ماهاکالی: کالی گەورە.
ماهاشیڤا: شیڤای گەورە و بەرز.
مایاماتام: نووسینی مایا. ئەم تێکستە لەلایەن ماناوە نووسراوە تایبەتە بە هەندەسەی ڤیدایی.
مایورا: تاوس
ماهاشاکتی: وزەی گەورە. وزەی ڕەها.
مۆکتا: ئازادی.
مۆکتی: ئازادبوو.
مۆکشا: ئازادی.
مۆونا: بێدەنگی.
میترا: خۆر.
مودرا: قفڵ.
مایا: وەهم.
مانگالا: مەریخ.
مانو: باوکی مرۆڤایەتی. لە ئایینە سامیەکاندا بە ئادەم بەناوبانگە.
ماد: شەرابی ئیلاهی. مەبەست لە نیکتارە.
.........
شاکتی: وزەی دایک. ناوی ژنەکەی شیڤایە و هێمایە بۆ وزەی کەونی کە پشتی بە شیڤا واتە ئاگایی کەونی بەستووە.
شانتی: ئارامی.
شانکاراچاریا: کەسێتیی پیرۆز. دامەزرێنەرو شیکەرەوەی ڤێدانتا ئەدڤایتایە. یەکێکە لە کەسایەتییە زۆر گەورەکانی هیند لەڕووی فەلسەفی و ڕۆحیەوە.
شاسترا: دەق.
شەئوچە: پاکوخاوێنی. هەندێک ڕاهێنانە یۆگیەکان بۆ پاککردنەوەی گەدەو

ڕیخۆڵەو بۆشاییەکانی لوت ئەنجامی دەدەن.
شالیا تانترا: نەشتەرگەری.
شیڤا: کاولکار، ڕوخێنەر. ئاگایی ئیلاهی. یەکێکە لە ناوەکانی خودا کە لە ئاتەرڤەڤیدا و یاجورڤیدادا ناوی هاتووە. هەندێکجار وەک لەناوبەرو ڕوخێنەر باسی لێ کراوە (القاهر) و هەندێکجاریش وەک خودای بەسۆزو میهرەبان و ڕزگارکەر باس کراوە (المعز).
شانی: زوحەل.
شوکرا: زوهرە.
شانموکی مودرا: داخستنی حەوت دەرگا. مەبەست لە بەستنی هەردوو کونە لوت و هەردوو چاو و هەردوو گوێ و دەمە و بردنەوەی زهنە بۆ ناوەوەی خود.
شامبهاڤی: یەکێکە لە ناوەکانی پارڤاتی خێزانی شیڤا. یەکێکە لە مودراکانی هاتایۆگا.
شاتکارما: شەش پاککردنەوەکەی هاتایۆگا.
شیڤالینگام: دەزگای زاووزێی شیڤا. کە لە هێما پیرۆزەکانە لە هیندۆیزمدا و جێگەی ڕێزەو مەبەست لێی وێناکردنی تیۆری دروستبوونە لە ڤیدادا.
شیکپا: فۆنەتیک.
شری: بەڕێز.
...........
سوریا: خۆر. یەکێکە لە فریشتەکانی نێو ڤیدا. هەروەها یەکێکە لە ناوەکانی خودا لە ڤیدادا.
سانیاسین: ڕەند، قەلەندەر، گەڕۆک. کەسێک کە هەموو شتێکی بەجێهێشتووە بێجگە لە خوا.
سوکشما: تیوار. ناسک.
سوترا: پەت، دەزوو. بەو ئایەتانەی ڤیداکان و تێکستە پیرۆزەکانی هیند دەوترێن کە لە چەند وشەیەکی کەم پێکهاتوون، بەڵام زۆر پڕ مانان و پێویستیان بە لێکدانەوە هەیە.

سانتوشا: ڕازیبوون.
ساتیا: ڕاستی، حەقیقەت.
ساما: هاوسەنگ.
ساماڤیدا: دووەم تێکستی سامهیتای ڤیدایە لەڕووی گرنگی و مێژووییەوە.
سڤادهیایا: خۆخوێندنەوە. یەکێک لە ئەرکەکانی یۆگای پاتانجالیە کە مرۆڤ ڕادەستی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە دەکات.
ساهسرارا: حەوتەمین چاکاریە لە لەشی پرانیکدا.
ساتڤا: ڕووناک، باش، یەکێکە لەو سێ گۆنایەی کەونی لێوە دەرکەوتووە.
سوادهیستانا: دووەمین چاکرایە پەیوەندیی بە سێکس و ساماسکاراکانی ژیانەکانی پێشووەوە هەیە.
سەمادهی: تەرکیزێکی زۆر قووڵ بەشێوەیەک کە ڕوانەرو ڕوانین و ڕوانراو ببنە یەک. کۆتا مەقامی یۆگای پاتانجالیە.
سارڤام: هەموو.
سڤا: خود.
سۆشۆمنا: ڕێڕەوی سەرەکی کوندالینییە لە لەشی پرانیکدا کە بە یەکبوونی ئایداو پینگالا دەکەوێتە کار.
سمریتایا: یادەوەری.
سارڤانگا: هەموو لەش. هەموو ئەندامەکان، یەکێکە لە ڕاهێنانەکانی هاتایۆگا بۆ گەڕانەوەی نیکتار بۆ ساهسرارا.
سوریاناماسکار: سڵاو بۆ خۆر. کۆرسێک ڕاهێنانی یۆگایە بەیانیان بەرامبەر خۆر ئەنجام دەدرێت لە کاتی خۆرهەڵاتن.
سوامی ئاناندا سیدارتا گیری: ناوی ڕۆحیی یەکێکە لە مامۆستاکانی یۆگا لەم زەمەنەدا.
ساکینی: ناوی خودایە کاتێک وەک فریشتەی پاککەرەوەی نیکتار دەردەکەوێت.
سادا شیڤا: دەرکەوتەی خودایە لە فریشتەیەکدا کە لە ڤیشۆدهی چاکاردا نیشتەجێیەو پەیوەستە بە دڵسۆزی و ئیخلاسەوە.

سۆما: گیایەکە لە هیمالایا. لە ڤیداکاندا هەندێکجار بۆ مانگ بەکارهاتووە. هەروەها ناوی ئەو شەرابەیە کە برەهمیەکان لە کاتی قوربانییەکاندا بۆ خودای ئاگنی دەیخۆنەوە و دابەشی دەکەن.
ستریکاتانی: ناویماندالای چواری ئاتەرڤەڤیدایە کە تایبەتە بە ئافرەتەوە.

..........

تانترا: فراوانبوونی ئاگایی. مەبەست لەو فەلسەفەیەیە کە هیندیەکان پێش هاتنی ڕیگ ڤیدا بۆ هیند کاریان لەسەر کردووەو بڕوایان پێی بووە.
تاتڤا: ڕەگەز.
تات: ئەو، مەبەست لە خوداوەندە.
تاتاستا شاکتی: وزەی ناوەکی خودا.
تاماس: تاریک، تەمبەڵ. یەکێکە لەو سێ گۆنایەی کە بوونەوەریان لێ پێک هاتووە.
تانماترا: ڕەگەزی تیوار.
تایکا: یەکێکە لە مەکتەبە ئایورڤیدیکیەکانی هیندستان.
تری: سێ.
تری گۆنا: سێ گۆنا. مەبەست لەو سێ کەیفیەتەن کە بوونیان لێ دروست بووە، واتە بەرزی و نزمی و ئەو شتەی کە ئەو دووانە بەردەوام دەکات کە ساتڤیک و تاماس و ڕاجاسن. لە کوردیدا زاراوەیەک نییە بەتەواوی بەرامبەر گۆنا.
تری گۆناتیتا: زهنی ئازادبوو لە سێ گۆناکە.
تەپەس: ڕیازەی نەفس، کۆمەڵێک ڕاهێنانن لە ئایینی ڤیدایی و یۆگادا بۆ بەهێزکردنی ئیرادەو کۆنترۆڵی نەفس.

..........

یۆگا: یەکبوون. یەکگرتن. بەم ڕێگەیە دەوترێت کە تیایدا یەکبوونی ئاتمان و پاراماتمان واتە ڕۆحی مرۆڤ و ڕۆحی خودا ڕوودەدات.
یۆگادارشان: ڕێگەی یەکبوون. ڕێگەی یۆگا.
یۆگاسادانا: ڕاهێنانی یۆگا. ڕاهێنان بۆ گەیشتن بە یەکبوون.

یۆگیشڤارا: گەورەی یۆگیەکان. یەکێکە لە ناوەکانی خودا.
یاجنا: قوربانی.
یاجورڤیدا: سێهەم تێکستی ڤیداکانە.
یوگە: زەمەن.
یانترا: وێنەی ئیلاهی، نەخشەی خودایی.
یاما: خوای مەرگ. یەکەم پێنج ئەرکی یۆگی لە یۆگای پاتانجالی.
.........
راجا: پادشا
راجایۆگا: یۆگای خەسرەوانی، یۆگای شاهانە.
راجاس: لێڵ، گۆڕڕاو، بزۆک. یەکێکە لە سێ گۆناکە کە مایەی جوولەو هەڵچوون و داچوونە.
روپا::شکڵ، فۆرم، وێنە.
ریگ ڤیدا: یەکەم و گرنگترین ڤیدایە کە ئاریەکان نووسیویانە.
ریچاکا: هەناسەهەڵمژین.
راگا: میلۆدی. ئاواز.
راسایانا: هێزی گەنجی.
.........
پاتانجالی: کەسایەتیەکی گەورەی ڕۆحانی و فەیلەسووفێکی هیندیە کە یۆگای پلەبەندی کردووە لە تێکستی یۆگاسوترادا. مێژووی بوونی دەگەڕێتەوە بۆ (٢٣٠٠) ساڵ لەمەوبەر.
پاراشارا شاکتی: ناوی یەکێکە لە کوڕەکانی شری ڤاشیستا.
پرانایاما: درێژکردنەوەی هەناسە. چوارەم مەقامی یۆگایە. بەو ڕاهێنانانەی هەناسە دەوترێت کە مرۆڤ دەگەیەننە نور و پەردەکانی نوریشی پێ دەبڕن.
پراناڤا: مەبەست لە وشەی ئۆمە.
پاراماتمان: ئاتمانی گەورە. مەبەست لە خودایە وەک ڕۆحی گەورەی جیهانی کە هەموو شتێک لەو پەیدا بووە.
پاراماشیڤا: شیڤای گەورە.

پایوو: کۆم.

پاده: قاچ.

پارڤاتی: نازناوێکی دیکەی شاکتیە، پارڤاتی لە چیرۆکە ڕۆحانییەکاندا بە هاوسەری شیڤا ناوی هاتووە.

پریتیڤی: خاک.

پیتا: یەکێکە لە دۆشاکان و بە دۆشای ناوەند ناودەبرێت.

پرەماتری: زانەر، یەکێکە لە هۆکارەکانی زانین لە دارشانای نیایادا.

پرامیا: زانراو، یەکێکە لە هۆکارەکانی زانین لە دارشانای نیایادا.

پرامیتی: سەرەنجام. یەکێکە لە هۆکارەکانی زانین لە دارشانای نیایادا.

پرامانا: هۆکاری زانین.

پرایاتا: هەوڵ و ئیرادە.

..........

کارما: کار، مەبەست لە کارو کاردانەوەی کارە.

کارماکاندا: بەشی کارو کردەوە.

کارمایۆگی: ئەو یۆگیەی بۆ پاداشتی کار کار ناکات.

کارمایۆگی: یەکبوون لە ڕێگەی کاری بێ چاوەڕێیی پاداشت.

کالا: هونەر.

کایڤالیا: بەرزترین مەقامی سامادهیە، ناوی یەکێکە لە ئوپانیشادەکان.

کاپالابهاتی: ڕووناکبوونەوەی ناوچەوان، ناوی یەکێکە لە ڕاهێنانەکانی هەناسە.

کشیپتا: زهنێک کە زۆر پەشێوو بڵاو بێت.

کلیشا: لەزەتبەخش.

کچاری: زمان.

کافا: ناوی یەکێکە لە دۆشاکانی لەش.

کریشنا: ڕەش، تاریک. یەکێکە لە دەرکەوتەکانی ڤیشنۆ. خاوەنی میهرەبانییەکی بێ سنورە.

کریا: پاککردنەوە.

کریایۆگا: یەکبوون لە ڕێگەی پاکبوونەوەوە. یەکێکە لە ڕێگە گرنگەکانی یۆگا.
کەنڤە: ناوی یەکێک لەو مەکتەبە ڤیداییانەیە کە یاجورڤیدای سپیان کۆکردەوە.
کایا چیکیستا: پزیشکی گشتی، لقێکە لە ئایورڤیدا.
کۆمارابریتیا: نەخۆشیەکانی ژنان و منداڵبوون. لقێکە لە ئایورڤیدا.
کانداتالا: یەکێکە لەو ئاوازانەی ڤیدای پێ دەخوێنرێتەوە.
کوندالینی: ماری نووستو.
............
ڤاتا: یەکێکە لە دۆشاکان لە زانستی ئایورڤیدادا کە لەشی بەسەردا دابەش دەکرێت.
ڤایوو: هەوا، مەبەست لە ڕەگەزی هەوا یان پلازمایە لە بووندا.
ڤیشنۆ: پارێزەر، یەکێکە لە ناوەکانی خودا کاتێ بوون لە ڕێگەی بوونی خۆیەوە دەپارێزێت.
ڤیاسا: ناوی نووسەرەوەی ڤیداکانە. یەکێکە لە ڕیشییە بەناوبانگەکان کە هەندێک لە تێکستە ڤیداییەکانی لە لەناوچوون پاراست.
ڤیشودهی: ناوی پێنجەمین چاکرای لەشی پرانیکە و دەکەوێتە سەر کانالی سۆشۆمنا نزیک بە قوڕگ.
ڤیکەلپە: وەهم.
ڤیپەریەیە: تێنەگەیشتن، یەکێکە لە چیتە ڤریتیەکان لە یۆگاسوترادا.
ڤیدا: زانین، مەبەست لەو تێکستانەیە کە هیندیەکان و ئاریەکان لە مێژوویەکی دێرینەوە لەلایەن ڕیشیەکانەوە وەریان گرتووە و شەریعەت و ڕێگەو فەلسەفەی خۆیان لەسەر بنیات ناوە.
ڤاجرا: هەورەبروسکە. یەکێکە لە ناوەکانی خودا لە ڤیدادا، یەکێکە لە فریشتەکانی خودا.
ڤیکشیپتە: بڵاو، شێواو، یەکێکە لە حاڵەتەکانی دەرکەوتنی زهن کە کەمتر لە باری کشیپتە ئاڵۆزە، بەڵام هێشتا بەتەواوی ناتوانێت تەرکیز کۆبکاتەوە.

ڤاجی کارانا: سێکسناسی، بەشێکە لە ئایورڤیدا.
ڤیاکارانا: دەستووری زمان، بەشێکە لە زانستەکانی نێو ڤیدا بۆ چۆنیەتیی خوێندنەوەی ڤیداکانە.
ڤالمیکی: نووسەری مەلحەمەی ڕامایانای هیندیە.
ڤارامانترا: مانترای ڕۆژ. ئەو مانترا ڤیداییانەن کە بە ڕۆژ دەخوێنرێن.
.............
نیاما: دوورکەوتنەوە، دووەم مەقامی یۆگای پاتانجالیە و پێنج ئەرکە یۆگی ئەنجامیان دەدات.
نات: فیرقەیەکن لە هیند کە بوودایی بوون و هاتایۆگایان لە تیاچوون پاراست.
ناگائاسترا: چەکی شێوە مار.
نەمەسکار: سڵاو.
نیدرا: خەو.
ناما: ناو.
نیایا: وردو تیوار.
نیرۆکتا: مانا. مەبەست لە مانای سوتراکانی ڤیدایە.
نیراکارا: بێ شکڵ و ناو.
نیرگۆنا: بێ ناونیشان و بەدەر لە گۆناکان.

..............
جیڤا: زات، یان تاکە کەس.
جیڤان موکتی: ئازادبوونی تاک.
جی: بەڕێز.
جیمینی: یەکێکە لەو چوار موریدەی ڤیاسا کە ڤیداکانیان لێ وەرگرت تا بڵاوی بکەنەوە.
..........
لێلا دێڤا: یاری خودایی.

............

چاندا: کێش و سەروا.

چیتەڤریتی: شەپۆلەکانی ئاگایی، یان شەپۆلە زهنییەکان.

..........

گرانا: لوت. یەکێکە لە ئەسڵەکانی سانکهیا.

گاندها: بۆن.

# سەرچاوەکان

خوێنەری بەڕێز... پەراوێزەکانم بە ڕیز یاخود بەپێی ناوەڕۆک و ئەلفابێتای عەرەبی یان ئینگلیزی دانەناوە، لەبەرئەوەی بەپێی نووسینی بابەتەکان و سوودوەرگرتنم لە پەراوێزەکان پۆلێنم کردوون. هەروەها لەبارەی هەندێک بابەتی وەکو چاکراکان و کوندالینی و هەندێک شتی گرنگی وەکو مۆوناوە، لێکۆڵینەوەو نووسینم پێشکەش کردووە بێئەوەی بەشێوەیەکی زۆر ورد یان فراوان سەرچاوە بەکاربێنم، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ماوەی زیاتر لە (١٢) ساڵە من لەسەر ڕێگەی یۆگا و دواتریش ئایورڤیدا کار دەکەم و زۆر زانستم لە زمانی کەسانی وەکو (سوامی مادهاڤاناندا) و (سوامی ڤیشودهاناندا) و (شری ئاتماشاکتی) و (سوامی ئانانداجیوتی) و چەندان کەسی دیکە وەرگرتووە کە مامۆستای گەورەو لێکۆڵەری فەلسەفەو زانستەکانی ڤیدا بوون، هەربۆیە ئەوان سەرچاوەیەکی ڕاستەقینەو باش بوون بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری لەو بارەیەوە.


١. ادیان و مکتبهای فلسفی هیند (٢ جلد).
داریوش شایگان..
موسسه انتشارات امیرکبیر.. تهران (١٣٨٣) چاپ پنجم.

٢. راه یوگا
برزۆ قادری...
نشر اویژه... تهران (١٣٨٠)... چاپ اول.

٣. جیۆتیش (اشنایی با ستاره بینی و دایی)
برزو قادری...

نشر اتروپات... چاپ اول... (۱۳۸۲).

٤. یوگا و آیورودا
سوامی مادهاڤاناندا
کۆرسێکی تایبەت بە یۆگاو ئایورڤیدا.. ئێران- تاران... (۱۳۸٥).
پوختەی ئەم کۆرسە زانستیەم بە دەستنووس لە (سوامی جی) وەرگرتووە.

٥. هاتایوگا پرادیپیکا
نویسنده: سوامی سوات ماراما
مترجمان: رچا رامز، سید عبالحمید موحدی نائینی.
چاپ اول، پاییز (۱۳۸۰)، انتشارات اژدهای طلایی

٦. ادیان زنده جهان
رابرت ا. هیوم
ترجمه: دکتر عبدالحمید گواهی
۱۳۸٦ نشر علم
ناوی ئەم کتێبە بە ئینگلیزی:
The worldss living religions, with special refrence totheir, sacred scriptures

٧. دم گستری در یوگا
تالیف: سوامی شیڤاناندا
برگردان: سنیاسین ئاتماشاکتی
چاپ نخست، (۱۳۸۰)
نشر میترا- تهران

٨. الفیوضات الربانییه فی الماثر والاوراد القادریه.

جمع و ترتيب العبد الفقير الى لطف مولاه الجليل الجيلانى البغدادى السيد الحاج اسماعيل ابن السيد محمد سعيد القادرى.
(چاپێکی ئەم کتێبە بەنرخەی حەزرەتی گەیلانیم دەستکەوت، بەڵام بەداخەوە هیچ مێژوویەکی چاپ و ناوی هیچ چاپخانەیەکی پێوە نەبوو).

٩. ڕیگ ڤیدا.
نووسینی/ بیبیک دێبرۆی و دیپاڤالی دیبرۆی
وەرگێڕانی/ ئاری ئەنوەر، د. نیگا حسێن ڕەحیم، د. سایە حەسەن مستەفا
د. کۆزارا حمە ڕەشید نادر
پێداچوونەوەی/ عبداللە حسن سیوەیلی.
پێشەکی و پەراوێز/ یۆگی: هاوبیر کامەران
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم... ساڵی (٢٠٠٥)

١٠. یۆگادارشان
نووسینی: یۆگی هاوبیر کامەران.
وردبینی پزیشکی: د. نیگا حسێن ڕەحیم.
(٢٠٠٧) سلێمانی— چاپی یەکەم

١١. روانشناسی و شرق
کارل گوستاو یونگ
ترجمەی دکتر لطیف صدقیانی. چاپ اول (١٣٨٣). نتشارات جامی

١٢. رساله در تاريخ اديان
نوشته: ميرچا الياده
ترجمه: جلال ستارى
چاپ اول، ١٣٧٢ سرش — تهران.

١٣. سر اكبر اوپانيشاد (٢ مجلد)
ترجمه/محمد داراشكوه فرزند شاه جهان.
بسعى و اهتمام دكتر تاراچند و دكتر جلال نائينى

١٤. هستى بى كوشش (يوگاسوترەهاى پتنجلى)
اليستر شيرر
برگردان / ع. پاشائى.
چاپ دوم ١٣٨٣ انتشارات فراروان.
١٥. يوگا
دكتر ج. پ. ميشرا
برگردان/ اسماعيل قهرمانى پور. چاپ اول (١٣٨٢).

١٦. رامايانا
تاليف/ ڤالميكى و تولسى داس و...
ترجمان/ امرسنكهه، امر پركاش. چاپ اول (١٣٧٩)
مؤسسه الست فردا

١٧. مهابهاراتا (٤ جلد)
مير غياپالدين على قزوينى
به اهتمام/ دكتر سيد محمد رچا جلالى نائينى
چاپ دوم (١٣٨٠) انتشارات طهورى.

١٨. اسطورەهاى هندى
انا ال. دالاپيكولا. ترجمەى: عباس مخبر
چاپ اول ١٣٨٥، نشر مركز.

١٩. يوگا

کارل گوستاو یونگ
ترجمه/ جلال ستاری.
چاپ دوم ۱۳۸۱، نشر میترا

۲۰. گیتا
ترجمه/ محمد علی موحد
چاپ اول (۱۳۷٤) انتشارات خوارزمی.

۲۱. جهان اسطورەشناسی (مجلد ۲)
ماری دلکور، فرانسوا لاپلانتین، الکساندر کراپ، ژان هربر، فریتیوف شوئون، ارنست دیز.
ترجمه: جلال ستاری
چاپ دوم (۱۳۸۲) نشر مرکز. تهران

۲۲. ایورودای معاصر
هری شارما – کریستوفر کلارک
ترجمه: شهاب الدین صافی – نازنین نوروزی فر
۲۳. جامعەشناسی ادیان
دکتر علی شریعتی
سلسله دروس تحقیقی، علمی، و دینی حسینییه ارشاد تهران.

۲٤. عرفان و فلسفه
نوشته: و. ت. استیس
ترجمه: بهاوالدین خرمشاهی. چاپ سوم (۱۳٦۷)

۲۵. HYMNS OF THE ATHARVA-VEDA

TOGTHER WITH
EXTRACTS FROM THE RITUAL BOOKS AND THE COMMENTARIES

TRANSLATED BY

MAURICE BLOOMFIELD

[Sacred Books of the East, volume 42 [1897

٢٦. ايين هندو

تاليف: سێبل شاتوک.

ترجمه: محمد رضا بديعى. تهران (١٣٨٠). موسسەو انتشارات اميركبير.

The Ayurveda Encyclopedia. ٢٧

NaturaSl ecrettos

.HealingP, r eventio&n L, ongevity

Swami sada Shiva Tirtha

:Technical Editor

Dr. R.C. Uniyal

:Contributing Editors

Dr. S. Sandhu, Dr. J. K. Chandhok

Fifth Printing – 2005

HYMNS OF THE ATHARVA-VEDA .٢٨

TOGTHER WITH
EXTRACTS FROM THE RITUAL BOOKS AND THE COMMENTARIES

TRANSLATED BY

MAURICE BLOOMFIELD

[Sacred Books of the East, volume 42, [1897

٢٩. HYMNS OF THE SAMA-VEDA
TRANSLATED WITH A POPULAR COMMENTARY
RALPH T.H. GRIFFITH
TRANSLATED BY
MAURICE BLOOMFIELD
[١٨٩٥]

بۆ نووسینی فەرهەنگە سانسکرێتیەکە سوودم لە زۆر سەرچاوە بینیوە بەتایبەتی ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

١. بهاگاڤادگیتا همان گونه که هست.
ترجمه و شرح: اچاریا بهاکتی ڤیدانتا سوامی پرابهوپادا.

٢. درختی یوگا – ب، ک، ئیس ئایینگار.

٣. Sanskrit Dictionary
٤. Hinduism>s Online Lexicon.
٥. Online Sanskrit Dictionary.
February 12, 2003
(The transliteration according to ITRANS (older 3.2)

٦. ایین هندو
تالیف: سێبل شاتوک. ترجمه: محمد رضا بدیعی. تهران (١٣٨٠).
مؤسسهء و انتشارات امیر کبیر